سەردەم

گۆڤارێکی تایبەتە بەوەرگێڕان و کەلتووری بیانی

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات

ژمارە (14) نیسانی . 2001 - ساڵی سێیەم

خاوەنی ئیمتیاز : شێرکۆ بێکەس

سەرنووسەر : رەووف بێگەرد

بەڕێوەبەری نووسین : ئازاد بەرزنجی

دەستەی نووسین :

ڕێبین هەردی

شوان ئەحمەد

شاهۆ سەعید

دەرهێنانی هونەری : قادر میرخان

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: یادگار ئەورەحمان

ناونیشان:

سلێمانی – فولکەی یەکگرتن

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

تەلەفۆن : 29839 یان 4347

بۆ پەیوەندی کردن لەدەرەوەی وڵاتەوە

سەنتەری سەرچنار

Tel: 0044 162 84 86008 - Fax: 0044 162 84 77660

ناردنی بابەت لە دەردوەی وڵاتەوە لەڕێی سندوقی پۆستی ژمارە

14665/615 و 14665/616 تاران

سەردەم

ژمارە (14) نیسانی 2001 ساڵی سێیەم

■ فیکرو فەلسەفە 3

پیر بۆردیۆ ✍ هاشم ساڵح و: شوان ئەحمەد 4

چۆن ئەڕوانمە فەلسەفە ✍کارل پۆپەر و: عەبدوڵڵا سیوەیلی 11

ئیسلام لە مێژوودا ✍محەمەد ئەرکۆن و: ئارام جەمال 24

شێخەکان و ئایدیۆلۆژیاکانیان ✍فالح عەبدولجەبار و: دانا سەردار – ئاسۆ جەبار 53

■ دەقی هەڵبژاردە 63

نۆکەر ✍ ئەلیستەر ئەلپاین و: ئیدریس ئیبراهیم گەڵاڵەیی 66

■ گفتوگۆ 83

گفتوگۆ لەگەڵ (محەمەد ئەرکۆن) دا ✍ هاشم ساڵح و: شوان ئەحمەد 84

گفتوگۆ لەگەڵ (نەسر حامید ئەبوزەید)دا و: هەورامان وریا 97

■ فایلی ژمارە 105

مارکس و مارکسیزم

وتەی فایل ✍ سەردەم 106

ژیانی تایبەتی و بەرهەمەکانی کارل مارکس ✍ ئا: ڕەووف بێگەرد 110

کارل مارکس ✍ سەمیر یوسف و: لاوکۆ 121

مارکس ڕێبازێك پێشکەش دەکات و: ئەکرەم قەرەداخی 125

مارکس پاش مارکسیزم ✍ بابەك ئەحمەدی و: ئازاد بەرزنجی 130

خوێندنەوەی دێریدا بۆ مارکس ✍ ئا: شاهۆ سەعید 156

کاری نامۆبوو ✍ کارل مارکس و: ڕێبین هەردی 176

■ وێستگەکانی سەردەم 189

سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستمی کۆمۆنیزم (190)، شەڕو زیندانیو ئەزموونی نووسین (194)، دیالۆگێك لەگەڵ ئەناتۆلی ڕیباکۆف (198)، شانۆی ئینتیم (201)، سێکسوالێتی لەنێوان مەرگ و ژیاندا (207)

فیکرو فەلسەفە

- پیر بۆردیۆ
- چۆن ئەروانمە فەلسەفە
- ئیسلام لە مێژووداـ
- شێخەکان و ئایدیۆلۆژیاکانیان

هاشم ساڵح

کارل پۆپەر

محەمەد ئەرکۆن

فالح عەبدولجەبار

"پییر بۆردیۆ" و
سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ

- هاشم سالح
- و. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

"پییر بۆردیۆ" بە یەکێك لە گرنگترین سۆسیۆلۆژەکانی فەرەنساو تەنانەت خۆرئاواش دادەنرێت. "بۆردیۆ" گەیشتۆتە قۆناغی داڕشتنی تیۆریای تایبەت بەخۆی، ئەمەش ئاستێکە تەنها سۆسیۆلۆژە مەزنەکانی وەك "دۆرکهایم" یاخود زانای مەزنی ئەڵمانی "ماکس ڤیبەر" پێی دەگەن. تا ئێستا چەند کتێبێکی سەرەکی بڵاوکردۆتەوە کە هەریەکەیان لەکاتی بڵاوبوونەوەیدا دەنگدانەوەی خۆی هەبووە، لەوانە: (سۆسیۆلۆژیای جەزائیر- 1961، جیاوازی- 1979، هەستی عەمەلی یان شارەزایی راستەوخۆ- 1980، چەند مەسەلەیەك دەربارەی سۆسیۆلۆژیا- 1980، مرۆڤی ئەکادیمی- 1984، فەلسەفەی ئەنتۆلۆژیای سیاسی لای مارتن هایدگەر- 1988، خانە دانەکانی دەوڵەت- 1989، پاشان ئەم دواین کتێبەی کە ئێمە لە سەرو باسی داین، ئەویش کتێبی وەڵامەکانە - 1992). "بۆردیۆ"

لـەم کتێبـەیدا ئـەو سـەرەتا تیـۆریو پرانسـیپە مەنهەجیانە دەخاتە روو کە لە هەشتاکاندا بەسەر کارەکانیدا بالادەست بووە.

کتێبەکە لە بەرگـەوە بـۆ بـەرگ بریتییـە لـە گفتوگۆیەکی دوورو درێـژ یـان ژمارەیـەك گفتوگـۆ کـە یەکێك لە توێژەرە رۆژنامەنووسەکان، لـە هەریـەك لـە شیکاگۆو پاریس لەگەڵیدا سازی داوە. کاتێك زانکۆی شیکاگۆ داوەتی "بۆردیۆ"ی کرد بـۆ پێشکەشـکردنی چـەند لێکچـەرێك دەربـارەی تیۆریاکـەی، "لویـك ڤاکان"ی رۆژنامـەنووس چـاوی پـێی کـەوت و بـە درێژایـی ماوەی مانـەوەی لـەوێدا جـێی نەهێشـت، ئەویش بە مەبەستی گفتوگۆکردن لـە گـەڵیدا. پاشـان کـە گەڕایـەوە پـاریس بـۆ تـەواوکردنی گفتوگۆکـە "ڤاکـان"یش گەڕایـەوە لەگـەڵیداو، لـە قوتابخانـەی خوێندنی باڵا بۆ سۆسیۆلۆژیا دیدارەکەی تـەواوکردو، کتێبێکی دوورو درێژی (267) لاپەڕە گەورەی لێ هاتە بەرهەم.

بەم دواییانە باڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە لـە فەرەنسادا بۆتە شتێکی بـاو، بـە دەگمـەن بیریـارێکی مەزن دەبینیت کتێبێکی بە شێوەی گفتوگـۆ نـەبێت. ئـەمجۆرە کتێبانـەش ئاسـانترن بـۆ تێگەیشـتن و، خوێنـەریش توشـی بێزاری ناکـەن وەك ئـەوەی لـە خوێندنـەوەی کتێبێکـی زۆر تایبـەت و وشـکدا رووەدات و، تێگەیشـتنی لـە لایـەن خوێنـەرەوە کارێکی ئاسان نییە.

هەرچۆنێك بێت "لویك ڤاکان" چـەندین پرسـیاری جۆراوجـۆرو رووگـیری لـە "بۆردیـۆ" کـردووەو، پێشەکیەکی درێژیشـی بـۆ نووسـیووە، بـە مەبەسـتی رونکردنـەوەی تـەوەرە سـەرەکیەکانی فیکـری ئـەو بیریارە فەرەنسییە.

"ڤاکان" لـە سـەرەتاوە دەڵێـت: ئـەو توێژینـەوە زانستیەی لـە ماوەی سی سـاڵی رابـردوودا "پیـیر بۆردیۆ" بەرهەمی هێنـاوە بـە گرنگـترین دەسـکەوتی توێژەرانی پاش جەنگی دووەمی جیـهانی دادەنرێـت. کاریگەری ئەم سـنوورەکانی سۆسـیۆلۆژیا دەبـەزێنێ بـۆ ئـەوەی بگاتـە ئـەنترۆپۆلۆژیاو سۆسـیۆلۆژیای پـەروەردەو مێـژوو، زمانـەوانی و زانسـتی سیاسـی و فەلسەفەو رەخنەی هونەری و ئەدەبی. هەروەك چۆن کاریگـەری سـنووری فەرەنسـای بڕیـووە بـۆ ئـەوەی بگاتـە وڵاتـانی ئـەورووپاو ئەسـکەندەناڤیاو ئاسـیاو ئەمریکای لاتین و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئـەو شـتەی لـە بەرهەمـەکانی "پیـیر بۆردیـۆ"دا زۆرتـر مایـەی سەرسـوڕمانە ئەوەیـە کـە هـەموو سـنوورەکانی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان دەبـەزێنێت و، ئیعتیراف بەو ئاقارە پسپۆڕخوازیە بەرتەسـکە ناکـات کە زانستەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە، بەڵکو سـوود لـە هـەموویان دەبینێت بـۆ داڕشـتنی تیۆریـاو زاراوە تایبەتیەکانی خـۆی، هاوکـات چارەسەریشـی بـۆ ئـەو کێشـە ئەزەلیـە بەردەوامـەی نێـوان خودگـەرایی و بابەتگەرایی، واتە ئەوەی روحی (یان رەمزیە) لەگـەڵ ئـەوەی مادیـە، لـە نێـوان تیۆریـاو پراکتیـك یـاخود مومارەسەی عەمەلیدا دۆزیەوە. چونکە ئەو ئیعـتراف بەو دابەشکردنەی نێوان دووانە لێکدژەکـان ناکـات و، پـێی وایـە ئەمـە پاشمـاوەی تیۆریـای تەقلیدیـەو ئێسـتاش کـاتی ئـەوە هـاتووە لێی تێبپـەڕێنرێت. هەروەها مەنهەجیەتێکی تازەش پێشنیار دەکـات بـۆ دەربـازبوون لـەو تەڵەزگەیـەی بونیادگـەری پـێی گەیشتووە.

ئەرکی سۆسیۆلۆژ چییە؟ یان بە زمـانی "پیـیر بۆردیۆ" وەزیفەی ئەو چییە؟

ئـەرکی سۆسـیۆلۆژ بـە بڕوای ئـەو ریتمییـە لـە پرۆسـەی ئاشـکرا کـردن و هـەڵمالینی پـەردە لەسـەر رووی بونیادە شـاراوەکان یـان بونیـادە تـوڵەکان کـە کەس ئیعترافی پێ ناکات، یـاخود کـەس نـای بینێت (لەبەر هۆیەکی زۆر سادەو ساکار) ئەریش ئەوەیە کـە

نادیارەو لەبەرچاو نییە. خەڵکی پێیان وایە ئەوان لە هۆکاری رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی خۆیان دەگەن، تەنها لەبەرئەوەی خۆیان بەو کارانە هەستاون و خۆیان جێبەجێیان کردوون. بەڵام لە راستیدا ئەوان نازانن و لەو هۆکارانە بێ ئاگان. ئەمە ئەوەیە کە سۆسیۆلۆژ هەوڵدەدات بۆیانی روون بکاتەوە. سۆسیۆلۆژ پەردە لە رووی ئەو میکانیزمە شاردراوەو یاسا نادیارانە هەڵدەماڵێت کە جڵەوی کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە خۆی درك بەمە بکات.

"پییر بۆردیۆ" بە پێچەوانەی سۆسیۆلۆژیای کلاسیکیەوە کۆمەڵگا بە گشتی و تێکڕا پێکەوە تاوتوێ ناکات، بەڵکو بەسەر چەند یەکەیەکی بچووکدا دابەشی دەکات تا کاری تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی بۆ ئاسان بکەن.. بەمجۆرە دەبینین بەجیا باس لە جیهانی سەندیکا کرێکاربەکان یان سەندیکای خاوەن کارەکان و، یاخود تەنانەت جیهانی وەرزش یان جل و بەرگ یاخود مۆدەو.. هتد، دەکات. هەموو ئەمانەش ناودەنێت کایە یان گۆڕەپان، و سەرجەمی ئەم کایانەش کۆمەڵگە پێکدەهێنن. بەڵام لای "بۆردیۆ" بڕیارێکی سەرتاسەری نادۆزێتەوە بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو ئەمە شتێکی نازانستییەو، لەو رۆشنبیریە گشتگیریەش بە توندی بە ئاگامان دێنێتەوە کە دەڵێت: (هەوو شتێك دەربارەی هیچ شتێك یاخود هیچ شتێك دەربارەی هەموو شتێك).

ئەو پێی وایە پێویستە تەنها حوکم بەسەر حاڵەتێکی دیاریکراو و سنووردار بدەین، واتە حاڵەتێك کە بتوانین بە فیعلی لێیبکۆڵینەوەو تێی بگەین. سەرەڕای ئەوەش جیاوازیەك لە نێوان دیدوبۆچونی ئێمە بۆ جیهانی کۆمەڵایەتی "یان بۆ کۆمەڵگە" و، لە نێوان حەقیقەتی کۆمەڵگە وەکی خۆیدا هەیە. چونکە ئێمە پێمان وایە بۆچوونمان لەسەر واقیع خودی واقیع خۆیەتی، ئەمەش هەڵەیەکی تەواوە، لەبەرئەوەی واقیع بەو ڤاستە شەفاف و ناسك نییە وەك ئێمە مەزندەمان دەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە.

بەر لە هەموو شتێ پێویستە سۆسیۆلۆژ خۆی لە هەموو بیروبۆچوونێکی باو دووربخاتەوە، پێش ئەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کۆمەڵگە بکات. چونکە کۆمەڵگە دیدو بۆچوونی زۆر گەورە دەربارەی خۆی دروست دەکات و وەکی (حەقیقەتێك) بەسەر هەمووانیدا دەسەپێنێت، بۆیە پێویستە ئەم دیدو بۆچوونە زەبەلاحانە وەلا بخرێت بەر لە سەپاندنی حەقیقەتە زانستیەکان. کەراتە سۆسیۆلۆژی رەخنەگر لە حاڵەتێکی ناکۆکی و ململانێی بەردەوامدا دەژی لەگەڵ ئەو واقیعەی چواردەوریدا، بەر لەوەی بتوانێت بگاتە کەشفکردنی راستیەکانی کۆمەڵگە. دابڕانیش لەگەڵ بیروڕای باو یاخود لەگەڵ رای گشتیدا یەکەمین پرانسیپی ئەبستمۆلۆژیە کە پێویستە سۆسیۆلۆژ پابەند بێت پێیەوە.

بەڵام بێگومان سۆسیۆلۆژیش ناتوانێت بەردەوام لەگەڵ حەقیقەتە زانستیەکاندا بژی! لەبەر ئەوەی ئەمە شتێکی مەحاڵەو رەنگە لە سەرەنجامدا ببێتە مایەی شێتی. بۆیە مافی خۆشیەتی کە وەکی هاوڵاتیەك، وەك مرۆڤێکی ئاسایی لە کۆمەڵگەدا بژی. مرۆڤیش تەنها بە راستی نازی و هەندێ جار کەش و هەوای حەقیقەت زۆر ساردو سڕەو تەحەمول ناکرێت (کێ دەتوانێت حەقیقەت هەموو حەقیقەت لە ئەستۆ بگرێت؟). بەڵام پێویستە هەموو ئەمانە لەبیر بکات کاتێك دەچێتە ناو لابوری سۆسیۆلۆژیاوە، ئەوکات لەوە دەکەوێت کە هەر هاوڵاتیەك بێت، بۆ ئەوەی ببێتە زانایەك زاناو هیچی تر.

بەمجۆرە دەبینین کەوا زانست ئاسان نییەو، مەرجی قورسی دەوێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەو بوارەدا شتێك ئەنجام بدات، گەروا نەبوایە ئەوا تەواوی خەڵکی دەبوونە زانا، ئەمەش بۆ خۆی مەحاڵە.

ململانێ لە نێوان "ژان پۆڵ سارتەر- و -کلۆد لیڤی شتراوس" یان لە نێوان "خودگەرایی ریزپەڕ- و - بابەت گەرایی ریزپەڕ"دا

هەرچۆنێك بێت سۆسیۆلۆژی فەرەنسی "پییر بۆردیۆ" پێی وایە دوو میتۆد بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی کۆمەڵگە هەیە: یەکەمیان بابەتگەراییەکی ریزپەڕە (یان بونیادگەرییە)، دووەمیشیان خودگەراییەکی ریزپەڕە (یان فینۆمینۆلۆژییە). یەکەمیان لە فکری هاوچەرخی فەرەنسیدا پێشەنگی بونیادگەری "کلۆد لیڤی شتراوس" نوێنەرایەتی دەکات. دووەمیشیان "ژان پۆڵ سارتەر"ی نەیاری نوێنەرایەتی دەکات.

مەنهەجیەتی یەکەم بە شێوەی زانستی (فیزیای کۆمەڵایەتی) لە کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، واتە لە دەرەوەو بە شێوەیەکی بابەتی ژمێریاری ساردو سڕ دەڕوانێتە کۆمەڵگە. واتە وەها لە بونیادی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە وەك چۆن بونیادی مادەیەك تاوتوێ دەکات، ئەم مەنهەجە کۆمەڵگە پارچە پارچە دەکات و دەست دەکات بە ئەناتۆمی کردنی، بە پێودانگی ماتماتیکی ورد چاودێری دەکات و دەیپێوێت. تایبەتمەندێتی ئەم مەنهەجیەتە ئەوەیە (ئەو وەهمە دەڕەوێنێتەوە کە بڕوای بە شەفافیەتی جیهانی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگە هەیە، بەڵام مەترسی لەوەدایە ئیرادەی فەردی و تاکەکەس دەسڕێتەوە وەك ئەوەی ئەوانە تەنها ئامێری بەشت بووبن).

هەرچی مەنهەجیەتی دووەمە کتێبە بەناوبانگەکەی "ژان پۆڵ سارتەر" (بوون و نەبوون)، بە چاکترین شێوە تەعبیری لێدەکات. ئەم بە پێچەوانەی بونیادگەراکانەوە پێی وایە مرۆڤ (یاخود بکەرە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی زاراوەی سۆسیۆلۆژیا) بەردەوام لە رێگای مومارەسەی عەمەلیەوە، جیهانی کۆمەڵایەتی خۆیان دروست دەکەن و ژیانی رۆژانەیان رێکدەخەن. لە روانگەی فینۆمینۆلۆژیای کۆمەڵایەتیەوە، کۆمەڵگە وەها دێتە بەرچاو وەك ئەوەی بەرەنجامی بڕیارو کارو چالاکیە فەردی و تاکە کەسیەکان بێت و.. کۆمەڵگەش بە شێوەیەکی راستەوخۆو شەفاف خۆی بەرچاوی فەردەکانی دەخات. خەسڵەتی ئەم مەنهەجیەتە لەوەدایە تاکەکان لە ئیرادەی هوشیاری یان لە هێزو توانای خۆیان بۆ گۆڕینی واقیع بێ بەش ناکات، کارێك کە بونیادگەریی "کلۆد لیڤی شتراوس" دەیکات.

بە بۆچوونی "بۆردیۆ" دوو کەموکوڕی گەورە و ترسناك لەم مەنهەجیەتەدا هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە بونیادە کۆمەڵایەتیەکان بە کەم دەگرێت و، وەك بەرەنجامێکی ستراتیژیەت و کارو چالاکی فەردی سەیری دەکات. بەڵام ئەوەی راستی بێت (واقعی بابەتی) بوونی تایبەتی خۆی هەیە کە لە دەرەوەی ئیرادەی فەردی ئێمەدایەو خاوەنی یاسای ناوکۆیی خۆیەتی، گەروا نەبوایە ئەوا دەمانتوانی بەپێی خواست و ویستی خۆمان گۆڕانکاری تێدا بکەین و دەسکاری بکەین.

تاقیکردنەوەش پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێ. چونکە زۆرجار هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگا دەدەین بەڵام سەرکەوتوو نابین و، زۆرجار لە رێی سەرکێشیەکی بێ سەروبەرەوە هەوڵی ئەوە دەدەین باز بەسەر قۆناغەکاندا بدەین، بەڵام کاتێك بە خۆمان دەزانین دەگەڕێینەوە بۆ دواوە لەبری ئەوەی بەرەوپێش

بچین. کەواتە واقیع بە ویست و ئارەزووی ئێمە ناگۆڕێت، بەڵکو واقیع ڕێسای بابەتیانەی خۆی هەیە. ئەمەش یەکەمین ڕەخنەیە کە ئاراستەی تیۆریاکەی "سارتەر" دەکرێت. هەرچی ڕەخنەی دووەمیشە ئەوەیە گەر ڕاستیش بێت تاکە کەسەکان واقعی کۆمەڵایەتی چ لە ڕووی فەردی و چ لە ڕووی دەستەجەمعیەوە پێکدەهێنن، بەڵام ئەوە ئەوان نین ئەو کلیل و ئامرازانە دروست بکەن کە لە پێناو ئەم پرۆسەی پێکهێنانەدا بەکار دەهێنرێت. بە واتایەکی دی ئەوان بە تەنها سەرپشک نین لە هەڵبژاردنەکانیاندا، بەڵکو هاوکات ناچارن بە هەڵبژاردنێك.

ئەلتەرناتیڤی "پییر بۆردیۆ" بۆ مەنهەجیەتی هەریەك لە "سارتەر" و "شتراوس"

"بۆردیۆ" پاش ئەوەی ڕەخنە لە بابەتگەرایی - میکانیکی لەسەر شێوەی "شتراوس" و خودگەرایی - فینۆمینۆلۆژی لەسەر شێوەی "سارتەر" دەگرێت، هەوڵدەدات ئەلتەرناتیڤێك لە جیاتی هەردووکیان بخاتە ڕوو.

"بۆردیۆ" پێی وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تا خۆمان لەو دوانە لێکدژانەی ماوەیەکی دوورو درێژ بالادەست بوو بە سەرمانەوە ڕزگار بکەین. وەك دوانە لێکدژەکانی (خودگەرایی/ بابەتگەرایی، بونیادگەری میکانیکی/ فەردانیەتی سەرکێش، جەبریەت/ ئازادی و.. هتد). چونکە ڕێگایەکی دیکە هەیە بۆ بینینی واقعی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، ئەم ڕێگایە (یاخود تیوریایە)یش "بۆردیۆ" دەیهێنێتە ئارا.

ئەم زانایە پێی وایە نابێت لەمڕۆ بەدواوە دیلی ئەو دوانە لێکدژە هەڵبەستراوانە بین، چونکە لە واقیعدا ناکۆکی و دژایەتی لە نێوان ئەو دوو تیۆریایەی پێشوودا نییە (واتە تیۆریای سارتەر و تیۆریای شتراوس) بەڵکو یەك یەکتری تەواو دەکەن. هۆکەشی ئەوەیە جیهانی کۆمەڵایەتی خەسڵەتێکە دوالیزمی ئەزەلی هەیەو، مرۆڤ بە سروشتی خۆی خودو بابەتە، کۆمەڵگەش بە هەمان شێوە. هەرکاتێك دەکەوێنە تاوتوێکردنی کۆمەڵگە پێویستە لە سەرمان ڕەچاوی هەردوو مەنهەجیەتەکە بکەین. یەکەمجار پێویستە بیروبۆچوونە گشتگیریەکان و بیروباوەڕە باوەکان وەلاوە بخەین، لە پێناوی ئاشکراکردنی بونیادە حەقیقیەکان و ئەو زەبرو زۆرە بابەتیانەی لە واقیعدا هەن. دوای ئەوە دەبێت خودگەرایی بێنینە ناوەوە بە مەبەستی زانینی ئەوەی چۆن چۆنی لە ڕەوتی واقیعدا بەشداری دەکات و، ڕادەی کاریگەرێتی لەسەر واقیع چەندە؟

ئەم دوو چرکەساتە لە چرکەساتەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی پێکەوە پەیوەستن و هەریەك ئەوی دی تەواو دەکات، چونکە وەسفی بابەتی پێش حوکمی فەردی دەکەوێت نەك بە پێچەوانەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەولەویەت دەگەڕێتەوە بۆ چرکەساتی یەکەم یان مەنهەجیەتی یەکەم، کە بواری ئەوەمان دەداتێ بە شێوەیەکی زانستی- بابەتی لە بونیادی واقیع تێبگەین. هەرچی لێکدانەوەی خودگەرایییە ئەوا لە دوایدا دێت، لەبەر ئەوەی بە پێی گۆڕانی مەوقعیەتی خودی کارا لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا گۆڕانی بەسەردا دێت.

چونکە هەر خودێکی بکەر بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەویش بە پێی مەوقعیەت و پلەوپایەکەی. سەرەڕای ئەمەش "بۆردیۆ" پێی وایە چونیەکیەك لە نێوان بونیادە کۆمەڵایەتیەکان (واتە بابەتگەرایی) و، نێوان بونیادە ئەقڵیەکان (واتە خودگەرایی)دا هەیە.

"پیر بۆردیۆ"

(هایدگەرو دێریداو فەیلەسوفانی تەفکیك)

دادگایدەکات.

دوای ئـەوەی بەشـێکمان لـە تیۆریـای "پیـیر بۆردیـۆ" لەمـەڕ سۆسـیۆلۆژیا خسـتە بەردەسـت، هەندێکی تر دەچینە ناو ئەم کتێبـەرە تـا بزانـین رای بەرامبەر بە "هایدگەر"ی مەزنە فەیلەسـوفی ئـەڵمانیا چۆنە. ئێمە لە سەرەتای ئـەم باسـەدا باسمان لـەوە کرد کەوا "بۆردیۆ" کتێبێکـی تـەواوی بـە ناونیشـانی (ئەنتۆلۆژیای سیاسی مارتن هایدگەر) بـۆ "هایدگـەر" تەرخان کردبوو، بیروبۆچوونەکانی هەندێك مشـتومڕی لـە نـاوەندی فەیلەسـوفانی ئـەڵمانیاو فەرەنسـادا دروسـت کـردو، هێرشـەکانی وەك هێرشـێك بـۆ سـەر سەرجەمی فەلسەفە درایە قەڵەم.

وەك دەزانرێت فەلسەفەو سۆسیۆلۆژیا لـە هـەوڵی یەکلایکردنـەوەی کێشـەکانی نێوانیـاندان. فەلسـەفە سۆسیۆلۆژیا بەوە تاوانبار دەکـات کـە لـە وردەکـاری مـادیدا رۆدەچێت و ناگاتـە ئاسـتی ئـەو، هـەروەها سۆسـیۆلۆژیاش فەلسـەفە بـەوە تاوانبـار دەکـات کـە شتێکی ئەبسـتراکت و سـەراپاگیرەو پێویسـت نیـیە. بەردەوام تا ئەمڕۆش ئەم کێشەیە درێـژەی هەیـە. لـە سـەروبەندی ئـەم مەسـەلەیەدا "لویـك ڤاگـان" ئـەم پرسیارەی رووبەڕووی "پیـیر بۆردیـۆ" کـردەوە: ئـەو کتێبەی سەبارەت بە "هایدگـەر" نووسـیتان چـەندین پرسـیاری وروژانـد، لەوانـە مەسـەلەی بـەکارهێنانی سیاسیانەی فەلسەفە لەلایـەن هـەندێك فەیلەسـوفانی هاوچەرخەوە، لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟.

لـە وەڵامـی ئـەو پرسیارەدا وتـی: مـن هـەلی ئـەو گفتوگـۆو مشـتومڕەم قۆسـتەوە کـە بـەم دواییـە لـە فەرەنسـادا سـەبارەت بـە کارەکـانی "هایدگـەر" دروست بوو، تا هەڵوێستی خۆم رونبکەمەوە. بەمەش ویسـتم پـەردە لـە رووی هـەندێك کێشـەی سیاسـی هـەڵبماڵم کـە لـە هـەندێك مومارەسـەی فەلسـەفی دیاریکراودا بـەدی دەکرێت، وەك ئـەوەی لـە سـاڵانی شەست و لە بواری هونەریدا تەشەنەی سەند، ئەویش لـە رێی شکۆبەخشـین و ستایشـکردنی کـارو بەرهەمـەکانی "نیتشـەو هایدگـەر"ەوە. "بۆردیـۆ" لـێرەدا مەبەسـتی ئیشـەکانی "فۆکـۆو دولـۆزو دێریـدا"یـە، بـەڵام بـەبێ ئـەوەی ناویـان بـهێنێت. خەسڵەتی ئـەم ئاقـارە فەلسـەفیە حـەزکردن بـوو بـە بـەزاندنی حـەرامکراوەکان، یـاخود بـەزاندنی هـەموو سنوورەکان. پێموایە ئاقـارێکی لـەمجۆرە زۆر ئـاڵۆزو تەمومژاوییـە لـە رووی فیکـری و سیاسـیەوە، گـەر نەشڵێم کەوا جێگای گومانە.

لەبەرئـەوە "کێشـەی هایدگـەر" دەرفـەتێکی گونجاو بـوو تـا ئـەوە رونبکەمـەوە کـە پـەرگیری فەلسـەفی یـاخود تـەرکیز کردنـە سـەر واقعێکـی ئۆرسـتۆکراتی کۆمەڵایـەتی بـە واتـای تـەرکیز کردنـە سـەر چینێکـی دیـاریکراو دێت، ئـەم ئۆرسـتۆکراتیە کۆمەڵایەتیـەش لای خۆیـەوە تـەرکیز دەکاتـە سـەر هەڵوێسـتێکی دۆنیانـە بەرامبـەر زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان، بـەم پێیـەش ئـەوا نوێنـەرانی ئـەم ئاقـارە فەلسـەفیە نـاتوانن دیدگایـەکی واقعیانـە سەبارەت بە جیهانی کۆمەڵایەتی یاخود دەربارەی کۆمەڵگە دروست بکەن.

ئەمەش بۆ خۆی دەرەنجامی خراپی لەسەر ژیانی رۆشنبیری دەبێت و، بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ هـەمان کاریگـەری لەسـەر ژیـانی سیاسـیش دەبێـت. کـاری رێکـەوتیش نیـیە کـە پـرۆژەی فەلسـەفی فەیلەسوفەکانی سـاڵانی شەسـتی فەرەنسـا لـە دژی زانستە مرۆڤایەتیەکان دروسـت بـوو، لـە ئەمریکاشدا بـووە مایـەی بڵاوبوونـەوەی شـەپۆلێکی نـارەزایی لـە دژی ئـەو زانسـتانە، ئـەم تەوژمـەش لـەژێر نـاوی تـەفکیکو رەخنـەگرتن لـە دەق بـوو. هـەروەها بـووە مایەی بڵاوبوونەوەی نائەقڵانیەت لەژێر ناوی "پۆست

مۆدێرنـە"دا. ئـەم ئامـاژەی دواییـان بـە ئاشـــکرا مەبەست لێی "ژاك دێریـدا"یـە. جـێی باسـە کێشـەو ململانێی نێوان "بۆردیۆ" و ئەو فەیلەسوفانەی سـەر بە نەوەی خۆیین بە ماوەیەکی بەر لەو کاتـە دەسـتی پێکرد. بیرمە کاتێك ئامـادەی لێکچـەرەکانی دەبـووم لە (کۆلیج دیی فرانس)- لەوێدا وانەی سۆسـیۆلۆژیای دەوتەوە- بەردەوام پـلارو رەخنـەی توندی دەگرتـە فەلسـەفەو فەیلەسـوفەکان. ئـەوەی بـە کـەموکوڕی دەزانـی لـەواندا ئـەوەبوو کـە ئـەوان تـا ئێسـتاش بـەردەوام دوورن لـە کێشـەو گرفتـە واقعیـەکان و، مامەڵـە لەگـەڵ رووداوە واقعیـەکاندا ناکـەن. هاوکـات کاری مەیدانی بۆ توێژینەوەی زانستی ئەنجام نادەن.

لە دوایدا بە ئاشکراو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامـەکان شەڕو ململانێیەك لە نێوان ئەو "دێریدا"دا هەڵایسـاو، رۆژنامـەی (لیبراسـیۆن) بەشـێکی ئـەو شـەڕەی بڵاوکردەوە. بەڵام پاشان "بۆردیۆ" یـەك لایەنـە ئـەو شەڕەی راگرت، ئەویش لە رێی نامەیەکی شەخسیەوە کـە ئاراسـتەی (لیبراسـیۆن)ی کـردو، رونیکـردەوە درێژەدان بـە مشـتومڕ لەگـەڵ ئـەو فەیلەسـوفەدا بـێ ئاکامـە و نامانگەیەنێتـە هیـچ. شـایەنی باسـە فەلسەفەی "ژاك دێریدا" لە چەند سـاڵی دوایدا بۆتـە کۆمەڵـە تەلیسـم و ئامـاژەو زاراوەیـەکی وا کـە هیـچ مانایەکی نییـە، بـە کورتیەکـەی فەلسـەفەکەی بۆتـە وشەسـازی و گەمـەکردن بـە زاراوەکـان بـەبێ هیـچ ئامانجێکی دیاریکراو. بەمەش ئەم فەیلەسوفە زۆر لـە راستگۆیی خۆی لەسەر گۆڕەپانی فکری فەڕەنسی لە دەستدا. بەڵام هەر لـەم ئـان و سـاتەدا شـێوازو بـیرو بۆچوونەکانی لەناو رۆشنبیری عەرەبیدا دەستیان بە بڵاوبوونەوە کرد. ترس لەوە هەیە ئەمە ببێتە مایـەی تێکدانی مەسەلەکان و بڵاوبوونەوەی زمـانێکی ئـاڵۆزو بـەگرێ و گـواڵ لـەناو کلتـورو فیکـری عـەرەبیدا، ئەمەش دواین شتە کـە ئێمـە لـە سـاتەوەختی ئێسـتا پێویستمان پێی بێت.

ئێمە پێویستمان بە رێبازی تازە هەیـە لـە بـواری توێژینەوەی زانستیدا تا یارمەتیمان بدات بـۆ ئـەوەی کێشەکانمان بخەینەڕوو، هاوکات یارمەتیدەرمان بێت تـا دەسـت نیشـانی ئـەو کێشـانە بکـەین و چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە.

من ئەمانە بۆ ئەوە ناڵێم تا هـەرچی خەسڵەتێکی ئیجابی هەیە لە فیکری "ژاك دێریـدا"دا نـەفی بکـەم، هەروەها ئـەم قسانەش بـۆ ئـەوە ناکـەم تـا رێگـا لـە وەرگێڕانی کارەکانی بگرم بـۆ سـەر زمـانی عـەرەبی. چونکـە بێگومـان ئـەو یەکێکـە لەوانـەی بـاس و لێکۆڵینەوەی گرنگـی بەرهـەم هێنـاوە، بەتایبـەت لـە قۆنـاغی سـەرەتایدا هاوکـات مەنهەجیـەتی تـەفکیك سوودو گرنگی خـۆی هەیـە گـەر بێـت و بـە راسـتی و دروستی لێی حاڵی بیت، بـەڵام رۆچـوون لـەم ئاقـارە تـەفکیکی و تەجریدیـەدا شـتێکی زەرەرمـەندە، بـە تایبەت گەر هـاتوو هاوشـان بەمـە دوورکەوتنـەوە لـە زانسـتە مرۆڤایـەتی و کۆمەڵایەتیـەکان پـەیڕەو کـرا. چونکـە زانسـتە مرۆڤایـەتی و کۆمەڵایەتیـەکان لـە گرنگـترین ئـەو شـتانەن کـە لـە ئێسـتادا ئێمـە پێویستیمان پێیان بێت.

سەرچاوە:

هاشم صالح: قراءة في الفكر الاوربي الحديث- الطبعة الاولى، 1994.

چۆن ئەڕوانمە فەلسەفە

- نووسینی: کارل پۆپەر
- و. لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سیوەیلی

-1-

چۆن ئەڕوانمە فەلسەفە، ناونیشانی یەکێکە لەو نووسینە بەناوبانگ و پڕپایەخانەی هاوڕێی کۆچ کردووم فریدریك وایزمان. لەو نووسینەدا زۆر لایەن هەیە کە من بە دڵمەو کۆمەڵە خاڵێکی تیایە کە جێگەی رەزامەندی منە ئەمە لە کاتێکدا کە شێوازی من تەواو جیاوازە لە هی ئەو.

فرێز وایزمان و زۆرێك لە هاوڕێکانی ئەیانەوێ بیسەلمێنن کە فەیلەسوفەکان جۆرێکی تایبەتن لە خەڵك، فەلسەفەش ئەتوانرێ وەك چالاکی تایبەتی ئەوان سەیر بکرێ. ئەوەی کە ئەو ئەیەوێت لەو نووسینەدا دەری ببڕێت لە رێگەی، نموونە هێنانەوەوە ئەوەیە کە چ شتێك کاراکتەری جیاکەرەوەی فەیلەسوفێك وە کاراکتەری جیاکەرەوەی فەلسەفەیەك پێك ئەهێنێت، ئەگەر بێت و بەراورد بکرێت لەگەڵ بابەتە ئەکادیمیەکانی تری وەك ماتماتیك و فیزیك؟

بەم جۆرە ئەو هەوڵ دەدات کە بە شێوەیەکی تایبەت پێناسەیەك بدات بە سوودو . الاکی یەکانی فەیلەسوفی ئەکادیمی هاوچەرخ وە کەش و هەوایەك دەربخات کە ئاخۆ فەیلەسوفەکان لە رابردوودا چیان کردووە.

تەنها ئەمانە جێگەی خۆشحاڵی نین و بەس، بەڵکو نووسینەکەی وایزمان رادەیەکی بەرچاوی تێکەڵ بوونی تایبەتی لەم چالاکییە ئەکادیمیانە پیشان دەدات وە تەنانەت بۆ وروژاندنی هەستی خۆشیش. ئاشکرا تر بڵێین ئەو، بە هەڵسەنگاندنی لەم گروپە تایبەتەدا، بە جەستەو رۆحیش فەیلەسوفە وە هیواخوازە کە شتێك لەو وروژاندنی خۆشییەمان بۆ بگوێزێتەوە کە لە نێوان ئەندامەکانی ئەم جڤاتە تایبەتەدا دابەش کراوە.

-2-

ئەو شێوازەی کە من لێوەی ئەڕوانمە فەلسەفە تەواو جیاوازە. من لەو باوەڕەدام هەموو ژنێك یان پیاوێك فەیلەسوفە بەڵام هەندێکیان بە رادەیەکی زیاتر لە هەندەکەی تر. بێگومان من رازیم بەوەی کە شتێك هەیە وەك گروپێکی جیاوازو تایبەتی خەڵك کە بریتیە لە فەیلەسوفە ئەکادیمیەکان، بەڵام من دوورم لە هاوبەشی کردنی وایزمان لەو حەماسەدا کە بۆ چالاکیو رێبازی ئەوانی هەیە.

بە پێچەوانەوە من وا هەست دەکەم کە زۆر هەیە بگوترێت دەربارەی ئەو کەسانەی کە متمانە بە فەلسەفەی ئەکادیمی ناکەن. بەهەر شێوەیەك بێت من بە تەواوی دژی بۆچوونێکم (بۆچوونێکی فەلسەفیانە)، کە کاریگەرییەکەی تاقی نەکراوەتەوەو هەرگیز ناویش نەبراوە، وە دراوەتە پاڵ نووسینە پرشنگدارەکەی وایزمان:

مەبەستم لە ئایدیای نوخبەیەکی رووناکبیرو فەلسەفییە.

بێگومان من دان بەوەدا ئەنێم کە بە راستی چەند فەیلەسوفێکی مەزن هەبوون وە هەروەها ژمارەیەکی کەمی فەیلەسوف هەبوون کە لە زۆر رووەوە پەسەندن بەڵام شکستیان هێناوە لەوەی کە ببنە مەزن. بەڵام هەرچەند ئەوەی کە ئەوان بەرهەمیان هێناوە دەبێت گرنگی و بایەخی گەورەیان هەبێت بۆ هەر فەلسەفەیەکی ئەکادیمی، کەچی فەلسەفە پشتیان پێ نابەستێت بەو رادەیەی کە هونەری شێوەکاری بە شێوەکارە مەزنەکان، مۆسیقا بە کۆمپۆزەرە گەورەکان پشت دەبەستێت. سەرەڕای ئەمانەش، فەلسەفەی مەزن بۆ نموونە وەك فەلسەفەی پێش سوکرات- پێشینەترە لە هەموو فەلسەفە ئەکادیمی و پیشەییەکان.

-3-

بە بۆچوونی من، فەلسەفەی پیشەیی (*Professional Philosophy*) کارێکی زۆر باشی بە ئەنجام نەگەیاندووە وە پێویستییەکی بە پەلەشی بە بەرگری کردن هەیە لە بوونی خۆی. تەنانەت من وا هەست دەکەم کە ئەو راستییەی کە خودی خۆم فەیلەسوفێکی پیشەیم حاڵەتێکی جدی دژی خۆم دروست ئەکات کە وەك تاوانبارکردنێك وایە لەلام. وە پێویستە لە سەرم کە خۆم بە تاوانبار بزانم و وەکو سوکرات داوای لێبوردن بکەم.

من ئاماژە بە ئەپۆلۆژی (*Apology*)یەکەی ئەفلاتۆن ئەکەم چونکە لە کۆی ئەو کارانەی کە دەربارەی فەلسەفە نووسراون من لە هەموویان زیاترم لا پەسەندە. من وایدائەنێم کە ئەو پۆزش خوازییە لە رووی مێژوویییەوە راستە وە ئەوەمان پێ دەڵێت کە سوکرات لە بەردەم دادگای ئەثینادا وتویەتی. من ئەم کارەم خۆش ئەوێت چونکە لێرە پیاوێك قسە ئەکات کە خاکی و بوێرە. وە داوای لێبوردنەکەی سوکرات زۆر ساکارە: ئەو سورە لەسەر بە ئاگابوونی سنورەکانی خۆیو ئەزانێ کە نادانایە، وە ئەو رەخنەگرێکە بە تایبەتی لە هەموو زمانە تایبەتە بەرزو دیارەکان، وە هێشتاش هاوڕێی هاونیشتمانییەکانیەتی، وە هاوولاتییەکی باشە. ئەمە تەنها داوای لێبوردنی سوکرات نیە، بەڵکو بە

تـێڕوانینی مـن، ئەمـە ئیعتـیزار (*apology*)ێکـی کاریگەرە بۆ فەلسەفە.

-4-

بەڵام با ئێمە مەسەلەکە بـەلای تۆمـەت بـارکردنی فەلسـەفەدا بشـکێنینەوە. زۆرێـك لـە فەیلەسـوفە مەزنەکان، لە نێوانیاندا هـەندێك لـە هـەرە مەزنـەکان کـارێکی زۆر باشیان ئـەنجام نـەداوە. مـن لەمـەودوا ئاماژە بە چوار فەیلەسوف لـە فەیلەسوفە مەزنـەکان ئەکەم -ئەفلاتون، هیۆم، سپینۆزا، و کانت.

ئەفلاتون، کە مەزنترین و قوڵترین و بەهرەدارترین فەیلەسوفە، تێڕوانینێکی هەبوو بۆ ژیـانی مـرۆڤ کـە بەلای منەوە قێزەوەندەو بگرە ترسێنەریشـە. ئەمـە لە کاتێکدا کە ئەو نەك تەنـها فەیلەسـوفێکی گـەورەو دامەزرێنەری قوتابخانەی پیشەیی فەلسەفەیە، بەڵکو شاعیرێکی مەزن و بە تواناش بووە. وە ئەو سەرەڕای کارە جوانەکانی تری هەستا بە نووسـینی (پـۆزش)ی سوکرات.

ئـەوەی تەگـەرەی خسـتە بـەردەم ئـەفلاتون و زۆرێك لە فەیلەسوفە پیشەیی‌یەکانی دوای ئەو، بریتی بـوو لـەوەی کـە ئـەو بـە پێچەوانـەی سـوکراتەوە لـە شانشینی فەلسەفەدا بـاوەڕی بـە نوخبـە هـەبوو. لـە کـاتێکدا کـە سـوکرات داوای ئـەکرد کـە بەڕێوەبـەری دەوڵەت ئـەبێت دانـا بێـت واتـە ئـەبێت بـە ئاگـا بێـت لـەوەی کـە چـەندە کـەم ئـەزانێت، ئـەفلاتون داوای ئـەوەی ئـەکرد کـە ئـەبێت فەیلەسـوفە فێرکراوەکـان حـاکمی رەهـا بـن (لـەو سـەردەمەی ئەفلاتونـەوە، مێگالۆمێنیـا بـووە نەخۆشـیەکی بـەربڵاوی فەیلەسوفەکان[1]).

سەرباری ئەمەش لە کتێبی دەیەمی (یاسـاکان)دا ئـەفلاتون دامەزراوەیـەکی داهێنـا کـە بـوە ئیلـهام بەخشی ئینکویسەیشن *Inquisition*[2]، وە ئەو نزیـك بوو لە بەشیاو زانینـی سـەربازگەکانی دەسـتگیرکردن بـۆ چارەسـەرکردنی رۆحـی ئـەو کەسـانەی کـە بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە.

داڤید هیۆم، کە فەیلەسوفێکی پیشەیی نەبوو، لە دوای سوکراتەوە ئەو لەوانەیە لە رووی بایـەخ و بـاش هاوسـەنگی‌یەوە راسـتەو رووترین بێـت لـەناو هـەموو فەیلەسـوفەکانی تـردا. وە ئـەو بـە تـەواوی خـاکی و عەقڵانی بوو وە بە شێوەیەکی گونجاو پیـاوێکی بـێ عاتیفـە بـوو وە لـە ژێـر کاریگـەری ئاراسـتەیەکی سایکۆلۆژی بێ بەخت و هەڵەدا بوو کە بریتی بـوو لـە تیۆری مەعریفە (کە وای فێرکرد کە متمانـە بـە هـێزە سەرنجڕاکێشـەکانی عـەقڵی خـۆی نـەکات) وە بـوە خاوەنی ئەو رێبازە ترسێنەرەی کە بریتی بوو لەوەی "عـەقڵ تەنـها کۆیلـەی هەسـتەکانەو وە هـەرگیز ناتوانێت لە شێوەی تردا دەربکەوێت جگە لە خزمەت کردن و گوێ رایەڵی کردنی هەستەکان نەبێت".

مـن ئامـادەم دان بـەوەدا بنێـم کـە هـەرگیز هیـچ شتێکی مەزن بە بێ سۆز بەدەست نـەهێنراوە، بـەڵام من باوەڕم تەواو پێچەوانەی دەسـتەواژەکەی هێومـە. رام کردنی سۆزەکانمان بە مەعقولیەتێکی سـنورداری ئەوەی کە لە توانامانایە، بە بۆچوونـی مـن بریتی‌یـە لە تەنها هیوایەك بۆ مرۆڤایەتی.

سـپینۆزا کـە باشـترینە لـە نێـوان فەیلەسـوفە مەزنـەکاندا هاوشـێوەی سـوکرات و هیـۆم بـە پیشـە فەیلەسـوف نـەبوو بـەڵکو تـەواو پێچەوانـەی هیـۆم دەدوێ، بەڵام من بە شێوەیەکی ئەبینم کە نەك تەنها هەڵەیـە بـەڵکو لـە رووی ئاکـار *ethic* یشـەوە ناپەسەندە. سپینۆزا دیتێرمنسـت[3] بـوو (بـە هـەمان شێوەی هیۆم). وە بەلای ئەوەوە سەربەسـتی مـرۆڤ تەنها لـە هـەبوونی تێگەیشـتنێکی روون و جیـاوازو تـەواوی ئـەو وروژانـە راسـتەقینەیەی کـە لـە کردارەکانمانەوە سەرچاوە ئـەگرێت دروست دەبێت: "کاریگەرییـەك کـە بریتی‌یـە لـە سـۆزێك وە هـەر ئایدیایـەکی روون و جیاوازمـان لێ دروسـت کـرد لـە

سۆزی ئەکەوێت". سەرباری ئەمەش، ئەو سۆزە کە ئێمە لە چنگیداین و نائازادین، دوای ئەوەش ئێمە بیرۆکەیەکی ئاشکراو جیاوازمان هەیەو لە هەمان کاتیشدا لە لایەن سۆزەوە سنوردار یان دیاری کراوین، بەڵام ئێمە ئەومان گواستۆتەوە بۆ ناو بەشێکی مێشکمان. کە ئەمەش بە تەنها بریتییە لە ئازادی، ئەمە بەپێی قسەکانی سپینۆزا. من ئەم بۆچوونەی سپینۆزا بە فۆرمێکی نەپارێزراوو ترسناکی عەقڵانیەت لە قەڵەم ئەدەم، ئەمە سەرباری ئەو راستییەی کە من خۆم عەقڵانیم.

جارێ بەر لە هەر شتێك من باوەڕم بە دیتێرمینیزم نییە وە هەروەها لەو باوەڕەدا نیم کە سپینۆزا یان هەر کەسێکی تر لە پاڵپشتی قسەو بەڵگەکانی خۆیدا دەمەتەقێی بەهێزی بەرهەم هێنابێت، یان لە پاڵپشتی کرداری سازشکاری نێوان دیتێرمینیزم و سەربەستی مرۆڤدا هیچی وای بەرهەم هێنابێت. بەلای منەوە دیتێرمینیزمی سپینۆزا بریتییە لە هەڵەیەکی نموونەیی ئەم فەیلەسوفە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بێگومان زۆرێك (نەك هەموو) لەو کردارانەی کە ئێمە دەیکەین دیاری کراو یان تەنانەت پێشبینی کراویشە، ئەمە یەکەم، دووەم، جگە لەمانەش رەنگە تا رادەیەك ئەوە راست بێت کە ئەو (سۆزە)ی سپینۆزا مەبەستیەتی ئەبێتە هۆی ناسەربەستی ئێمە. فۆرمەڵەکەی سپینۆزا کە من ئیقتیباسم کردووە وامان لێ ئەکات کە لێپرسراو نەبین لە بەردەم رەفتارەکانماندا لە کاتێکا کە ئێمە ناتوانین ئایدیایەکی عەقڵانی و ئاشکراو جیاوازی پاڵنەری کردارو رەفتارەکانمان پێك بهێنین. بەڵام من جەغت ئەکەمەوە کە ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەمە بکەین، وە چەندێك ئێمە عەقڵ خواز بین لە کردارو هەڵس و کەوتەکانماندا لەگەڵ هاودروستکراوەکانماندا، بە بۆچوونی من، بریتییە لە هەرە گرنگترین مەبەست (بە دڵنیاییەوە سپینۆزاش بەم شێوەیە بیری کردۆتەوە)، وە لەو باوەڕەدا نیم کە ئەوە ئامانجێك بێت کە ئێمە هەرگیز بتوانین بڵێین پێی گەیشتوین.

لە نێوان فەیلەسوفە پیشەگەرەکاندا، کانت یەکێکە لەو فەیلەسوفە پەسەندو بەرز هەڵکەوتوانەی کە هەوڵی دا گرفتەکانی هیۆم سەبارەت بە رەت کردنەوەی عەقڵ و گرفتەکانی سپینۆزا سەبارەت بە دیتێرمینیزم چارەسەر بکات کەچی هێشتا ئەو لەو دوو هەوڵدانەدا شکستی هێنا.

ئەمانە هەندێك بوون لەو فەیلەسوفانەی کە لای من زۆر پەسەندن. تۆش دوایی تێئەگەیت کە بۆچی من هەستێکی پۆزشخوازیانەم هەیە بەرامبەر فەلسەفە.

-5-

من هەرگیز ئەندامێك نەبووم لە بازنەی ڤیەننای پۆزەتیڤیستە لۆژیکیەکانی وەك هاوڕێیانم فریدریش وایزمان، هێربێرت فێیگل و ڤیکتۆر کرافت. لە راستیدا ئۆتۆ نیورانت منی بە "نەیارە رەسمییەکە" ناوەزەند کردبوو. من هەرگیز بانگهێشت نەکرابووم بۆ هیچ یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەو بازنەیە، رەنگە ئەمەش بەهۆی ئەو ناو دەرکردنەی من بێت وەك نەیارێکی پۆزەتیڤیزم. (پێم خۆش ئەبوو بانگێشت بکرامایە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی کە هەندێ لە ئەندامانی بازنەکە هاوڕێی شەخسیم بوون، بەڵکو دەبووە رێخۆشکەر بۆ ناسینی ئەندامانی تر). لەژێر کاریگەری کتێبەکەی فنگشتاین *philosophicus Tractatus Logico*دا، بازنەکە نەك تەنها بووە دژە-میتافیزیك بەڵکو بووە دژە فەلسەفەش. شیلیك، کە رابەری بازنەکەیە ئەمەی لە رێگەی ئەو پێشبینیکردنەوە گەڵاڵە کرد کە فەلسەفە "کە هەرگیز باش نادوێت و تەنها وشەی بێ مانا ئەدرکێنێ" لە داهاتوویەکی نزیکدا لەناو ئەچێت،

لەبەر ئەوەی فەیلەسوفەکان بۆیان دەرئەکەوێت کە (جەماوەرەکەیان) کە ماندووی قسەو باسی بۆشن، وازیان لێهێناون.

وایزمان بۆ ماوەی چەند ساڵێك هاوبۆچوون بوو لەگەڵ فگنشتاین و شیلیکدا. من لەو باوەڕەدام کە ئەتوانم لەو پەرۆشییەیدا بۆ فەلسەفە پەرۆشی لە باوەڕهەڵگەڕاوێك (لادەرێك) بدۆزمەوە.

من هەمیشە بەرگریم لە فەلسەفەو تەنانەت میتافیزیکیش دەکرد لە بەرامبەر بازنەی ڤیەننادا. سەرەڕای ئەم راستییەش پێویست بوو کە من دان بەوەدا بنێم کە فەیلەسوفەکان کارێکی باشیان ئەنجام نەداوە. لەبەرئەوە من لەو باوەڕەدام کە زۆر کەس، لە نێوانیاندا خۆشم، بە پلەی جیاوازی ئاڵۆزیو جدیەت گرفتی فەلسەفی بنەڕەتیان هەبووە ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم گرفتانە هەموویان چارە نەکراو نەبوون.

لە راستیدا بوونی کێشەی جدی و هەنوکەیی وە هەروەها پێویستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم گرفتانە بە شێوەیەکی رەخنەیی بریتییە لە تەنها بیانوویەك بۆ ئەوەی کە پێی ئەووترێت فەلسەفەی پیشەیی بان ئەکادیمی.

فگنشتاین و بازنەی ڤیەننا نکوڵیان کرد لە بوونی گرفتی فەلسەفی جدی.

ئەگەر بە پێی کۆتایی کتێبەکەی فگنشتاین بێت، گرفتە دیارو ئاشکراکانی فەلسەفە (تەنانەت خودی گرفتەکانی کتێبەکەش) گرفتی ناڕاستن و لەو قسەکردنەوە سەر هەڵئەدات بەبێ ئەوەی مانای هەر هەموو وشەکان بدرێت. رەنگە ئەم تیۆرە لە لایەن چارەسەری بێبڕتراند راسلەوە بۆ موفارەقە لۆژیکییەکانی وەك پێشنیارە چەوتەکان کە نە راستن و نە هەڵەشن بەڵکو بێ مانان ئیلهامی وەرگرتبێ. ئەمەش بووە هۆی بردنمان بەرەو تەکنیکی کارتێکەری هەموو جۆرەکانی پێشنیاری کێشە خولقێنەر یان گرفتی وەك (بێمانایی) لە فەلسەفەی مۆدێرندا.

بەڵام فگنشتاین لە سەردەمێکی تردا و دواتر وا راهاتبوو کە قسە لەسەر ئەو (مەتەڵ)انە بکات کە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی فەلسەفیانەی زمانەوە دروست بوو بوون. من تەنها ئەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەگەر من گرفتی فەلسەفی جدیم نەبێت و هیوای چارەسەرکردنیانم نەبێت، ئەوا هیچ بیانوویەکم نیە بۆ ئەوەی کە فەیلەسوف بم: بە مەزەنەی عەقڵی من هیچ بیانوو هێنانەوەیەك نیە بۆ فەلسەفە.

-6-

لەم بەشەدا من تێڕوانینی دیاریکراوی فەلسەفەو ئەو چالاکییە دیاری کراوانەی کە زۆر جار وەك خاسیەتی فەلسەفە سەیر ئەکرێت ریز ئەکەم کە من بۆ خۆم لێیان ناڕازیم. ئەم بەشە ئەتوانرێت ناونیشانی "چۆن من فەلسەفە نابینم"ی بۆ دابنرێت.

1-من فەلسەفە وەك چارەسەرکەری مەتەڵە زمانەوانییەکان نابینم. هەرچەندە نەهێشتنی خراپ لێك گەیشتن زۆر جار ئەرکێکی سەرەتایی و پێویستە.

2-من وا ناڕوانمە فەلسەفە کە بریتی بێت لە زنجیرە کارێکی هونەری، وەك نیگارێکی سەرسوڕهێنەرو بنەڕەتی جیهان یان وەك شێوازێکی زیرەکانەو ناتاسایییانەی وەسف کردنی جیهان بێت. من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە سەیری فەلسەفە بکەین ئەوا غەدرێکی گەورەمان لە فەیلەسوفە مەزنەکان کردووە. فەیلەسوفە مەزنەکان سەرقاڵ نەبوون بە هەوڵدانە جەماڵییەکانەوە و نەیان ویستوە ببنە ئەندازیاری سیستمێکی زیرەکانە بەڵکو ئەوان بەر لە هەر شتێك وەك زانا مەزنەکان وێل بوون بە دوای راستیدا بە دوای چارەسەری راستەقینەی گرفتە بنەڕەتییەکاندا. نەخێر، من بە شێوەیەکی

بنەڕەتی مێژووی فەلسەفە وەك بەشێك لە مێژووی گەڕان بە دوای ڕاستیدا سەیر ئەكەم. وە من تێڕوانینی جەمالیانەی پەتی فەلسەفە ڕەت ئەكەمەوە ئەمە سەرباری ئەو ڕاستییەی كە جوانی ڕەگەزێكی گرنگە لە فەلسەفەو زانستیشدا.

من زۆر كەیفم بە ئازایەتی هۆشمەندانە دێت. ئێمە ناتوانین ڕووناكبیری ترسنۆك بین و لە هەمان كاتیشدا وێڵ بین بە دوای ڕاستیشدا. گەڕۆك و وێل بە دوای ڕاستیدا ئەبێت بوێرێت كە دانا بێت، ئەبێت بوێرێت كە لە بواری فیكردا شۆڕشگێڕ بێت.

3-من مێژووی دوورو درێژی سیستمی فەلسەفی وەك یەكێك لە تەلارە ڕووناكبیرییەكان نابینم كە تیایدا هەموو ئایدیا گونجاوەكان تاقی كرابنەوە، كە تیایدا ڕاستی وەك ڕەگەزێكی چاوەڕوان نەكراو بێتە بەردەممان. من لەو باوەڕەدام ئێمە ناعەدالەتیەك ئەكەین بەرامبەر فەیلەسوفە مەزنەكانی ڕابردوو گەر گومانێكی بچووكمان هەبێت لەوەی كە هەریەكێك لەوان سیستەمەكەی خۆی وەلا ناوە، كاتێك كە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە ئەم وەلانانە هەنگاوێك نیە بەرەو ڕێگەی ڕاستی (هەر لەبەر ئەم هۆیەشە كە من هەریەك لە فیختەو هیگڵ بە فەیلەسوفی ڕاستەقینە دانانێم: من باوەڕم بە پەرۆشی ئەو دوانە نییە بۆ ڕاستی).

4-من فەلسەفە وەك هەوڵدانێك نابینم بۆ ڕوون كردنەوە یان شیكردنەوە یان ئاشكراكردنی مەفهومەكان یان وشەو زمانەكان.

مەفهومەكان یان وشەكان تەنها ئامرازێكن بۆ گەڵاڵەكردنی بابەتی لێكۆڵینەوەو گریمانەو تیۆرەكان. مەفهومەكان یان وشەكان ناتوانن لە خودی خۆیاندا ڕاست بن. ئەوان تەنها خزمەتی زمانی وەصفی و گفتوگۆخوازی مرۆڤ ئەكەن. پێویستە مەبەست و ئامانجی ئێمە شیكاركردنی ماناكان نەبێت، بەڵكو ئەبێت گەڕان بێت بە دوای ڕاستییە گرنگەكاندا، یان ڕوونتر بڵێین گەڕان بێت بە دوای تیۆرە ڕاستییەكاندا.

5-من فەلسەفە وەك ڕێگەیەك نابینم بۆ زیرەك بوون.

6-من فەلسەفە وەك جۆرێك لە چارەسەركەری ڕووناكبیری یان وەك چالاكی یارمەتیدەری خەڵك لە دەرەوەی شڵەژانی فەلسەفی نابینم. بەلای منەوە فگنشتاین (لە دواهەمین كتێبیدا) ئەوەی پیشان نەدا كە مێش چۆن لە بوتڵێك دێتە دەرەوە. وەك ئەوەی كە من لە مێشووڵەكەدا، كە ناتوانێت خۆی لە بوتڵەكە دەرباز بكات، پۆرتریتێكی سەرسوڕهێنەری خودی فگنشتاین ئەبینمەوە (فگنشتاین بریتی بوو لە حاڵەتێكی فگنشتاینیانە هەروەك چۆن فرۆید حاڵەتێكی فرۆیدیانە بوو).

7-من فەلسەفە وەك دیراسەی چۆنێتی دەربڕینی شتەكان بە شێوەیەكی تەواوترو وردتر نابینم. وردیو تەواوێتی لە خودی خۆیاندا بریتی نین لە بەهای فیكری، وە پێویستە ئێمە هەرگیز هەوڵ نەدەین كە وردترو تەواوتر بین زیاتر لەوەی كە گرفتەكەی بەردەستمان داوامان لێ ئەكات.

8-بەم شێوەیە، من فەلسەفە وەك بناغە یان چوارچێوەیەكی مەفهومگەرایانەی چارەسەركردنی ئەو گرفتانەی كە لەوانەیە نزیكتر یان لە داهاتوویەكی دوورتردا سەرهەڵ بدەن نابینم.

جۆن لۆك بەم شێوەیەی كرد؛ ئەو ویستی وتارێك لەسەر ئاكار بنووسێت، ئەو وای بە پێویست زانی كە چەند سەرەتایەكی مەفهومگەرایانە دابین بكات.

وتارەكەی لۆك پێك هاتووە لەم سەرەتایانە، وە فەلسەفەی بەریتانیش (لەگەڵ چەند حاڵەتێكی كەمی جیاواز وەك هەندێك لە وتارە سیاسییەكانی هیۆم) لەو كاتەوە بە چەقیوی لەناو ئەو سەرەتایانەدا مایەوە.

9-هەروەها من فەلسەفە وەك دەربڕینێك بۆ روحی کات نابینم، ئەمە بۆچونێکی هیگلیانەیە کە لە بەردەم رەخنەدا خۆی راناگرێت. لە فەلسەفەدا پەیڕەو یان مۆدیل هەیە هەروەك چۆن لە زانستیشدا هەیە، بەلام (وێل) و گەڕۆکی رەسەن بەدوای راستیدا دوای پەیڕەو ناکەوێت و متمانەشی پێناکاتو تەنانەت دژیشی ئەجەنگێت.

-7-

هەموو ژنێك و هەموو پیاوێك فەیلەسوفن. ئەگەر ئەوان بە ئاگا نەبن لە هەبوونی گرفتە فەلسەفییەکان ئەوا هەرچۆنێك بێت ئەوان لایەنگیریەکیان تیایە بۆ فەلسەفە. زۆرێك لەوانە بریتین لە تیۆر کە بە چاك ئەیانناسن: ئەوان ئەو تیۆرانەیان لە ژینگە فیکریەکانیانەوە یان لە ترادیسیۆنەوە هەلهێنجراوە. لەبەرئەوەی کەمێك لەو تیۆرانە بە شێوەیەکی هۆشمەندانە وەرگیراون، کەواتە رای پێشینەن لەو روانگەیەوە کە بەبێ تاقیکردنەوەی رەخنەیی وەرگیراون، ئەمە سەرباری ئەو راستیەی کە رەنگە ئەو تیۆرانە خاوەنی بایەخی زۆربن لە رەفتاری کردارەکی خەلك و هەموو ژیانیشیاندا.

ئەمە ئیعتیزارێکە بۆ بوونی فەلسەفەی پیشەیی کە پێویستە پیاو رەخنەییانە ئەم تیۆرە کاریگەرو زۆر بلاوەبوانە تاقی بکاتەوە.

تیۆری هاوچەشنی ئەمانە بریتییە لە خالێکی دەستپێکردنی تەنگژاوی بۆ هەموو زانست و هەموو فەلسەفەش. پێویستە هەموو فەلسەفە لە گومانەوە دەست پێ بکات وە هەندێ جار ئەبێت لە تیۆرانینێکی خراپ کەوتووەوەی عەقلیەتی باوی نارەخنەییەوە دەست پێ بکات: بۆ ئەوەی بگاتە تیۆرانینێك نزیکتر بێت لە راستییەوە و کاریگەری خراپی کەمتر بێت لەسەر ژیانی مرۆڤ.

-8-

با لێرەدا من هەندێك نموونە لەسەر رای پێشینەی بەربلاوی فەلسەفی بخەمە ڕوو.

تیۆرانینێکی فەلسەفیانەی زۆر کاریگەر هەیە بۆ ژیان ئەویش ئەوەیە کاتیك کە شتێك روو ئەدات لەم جیهانەدا وە خراپ و بەدە (یان ئێمە زۆر رقمان لێیەتی) ئەوا ئەبێت کەسێك هەبێت کە لێپرسراو بێت لەم کارە، ئەبێت کەسێك هەبێت کە ئەم کارەی بۆ مەبەستێك ئەنجام دابێت.

ئەم تیۆرانینە زۆر کۆنە. لای هۆمیرۆس ئێرەیی و تورەیی خوداکان هۆی سەرەکی بوون بۆ زۆرێك لەو شتە خراپانەی کە لە مەیدانی پێش تەروادەو خودی پاش تەروادەشدا روویان داوە؛ وە ئەوە (پۆسیدۆن) بووە کە بەرپرس بوو لە گەشتە مەترسیدارەکانی ئۆدیسا. دواتر لە فیکری مەسیحیدا شەیتان ئەبێتە بەرپرسیار بۆ خراپییەکان. لە مارکسیزمی هەرزەشدا ئەوە گەلەکۆمەی سەرمایەدارە چاوچنۆکەکانە کە رێگرە لە بەردەم دروست بوونی سۆشیالیزم و دامەزراندنی بەهەشت لەسەر زەوی‌دا.

ئەو تیۆرەی کە پێی وایە کە جەنگ، هەژاری و بێ کاری ئاکامی هەندێ نیازی خراپ و پلانی شوومن بریتییە لە بەشێك لە عەقلیەتی باو (*Common Sense*) بەلام نارەخنەییەیە. من ئەم عەقلیەتە باوە نارەخنەییەم ناو ناوە تیۆری پیلانگێڕی کۆمەلگە. (رەنگە کەسانی تر بە تیۆرەی گەلەکۆمەی جیهان ناوزەندی بکەن). وە ئەمە بە شێوەیەکی بەربلاو لە شێوەی گەڕان بە دوای تاوانبار کراودا پارێزگاری لێ کراوە و ململانێی سیاسی زیاتری خستۆتەوە وە نالاندنی تۆقێنەری زیاتری دروست کردووە.

یەکێك لە رووەکانی تیۆرەی پیلانگێڕی کۆمەلگە بریتییە لەوەی کە پیلانگێڕی راستەقینەکان هان ئەدات. بەلام پشکنینی رەخنەییانە ئەوە ئەخاتە

روو کـه ئەوانـەی پـەیڕەوی لـە گەلەکۆمـەکی ئەکـەن هەمیشـە بـە شـێوەیەکی زەحمـەت مەبەسـتەکانیان ئەهێننە دی. لینین کە باوەشی کردبوو بەم تیـۆرەدا، خـۆی پـەیڕەوی لـە گەلەکۆمـەکی ئـەکرد هـەروەها مۆسۆلۆنیی و هیتلەریش. بەڵام ئامانجەکانی لینین لە رووسـیا نەهاتنـە دی هـەروەها هیـچ یـەکێك لـە ئامانجەکانی هیتلەر و مۆسۆلینیش نە لە ئەڵمانیاو نە لە ئیتالیا نەهاتنە دی.

هـەموو ئەمانـە بوونـە پیلانگـێڕ چونکـە ئـەوان ناڕەخنەیی‌یانـە باوەڕیـان بـە تیـۆری پیلانگـێڕی‌ی کۆمەڵگە هەبوو.

ڕەنگە ئەمە دابـەش کردنێکـی خـاکی بێت بـەڵام نابێتە دابەشکردنێکی تـەواو بێبایەخی فەلسـەفە بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنج بـۆ هەڵـەکانی تیـۆرەی پیلانگێڕی کۆمەڵگە.

سـەرباری ئەمـەش ئەمـە دابەشـکردنی زیـاتری لێ ئەکەوێتـەوە وەك دۆزینـەوەی گرنگـی و بایـەخی ئاکامی بێ نیازی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگـە وە بـۆ ئـەو پێشـنیارەی کـە ئێمـە بـە ئامـانجی زانسـتە کۆمەڵایەتی‌یـە پێوەری‌یـەکانی دادەنێـین بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو پەیوەندی‌یـە کۆمەڵایەتی‌یانـەی کـە ئاکـامی بـێ نیـازی ڕەفتارەکـانی ئێمـە بەرهەم ئەهێنێت.

بـا گرفتـی جـەنگ وەك نموونەیـەك وەربگریـن، تەنانەت فەیلەسوفێکی ڕەخنەیی خاوەن پایـەی وەك بیرتراند راسل لـەو باوەڕەدا بـوو کـە پێویسـتە ئێمـە جـەنگ لـە ڕێگـەی پاڵنـەرە سـایکۆلۆژی‌یەکان و دوژمنخوازی مرۆڤەوە روون بکەینەوە. من نکوڵی لـە بوونی دوژمنخوازی ناکەم بەڵام لام سـەیرە کـە راسـل ئـەوەی نەبینی‌یـەوە کـە زۆربـەی جەنگـەکان لـەم سـەردەمەدا ئیلـهامی خـۆی لـە (تـرس لـە دوژمنخوازی‌یـەوە) وەرگرتـووە. زیـاتر لـەوەی لـە دوژمنخوازی شەخصی‌یەوە وەرگرتبێت. ئەو جەنگانە یان جەنگی ئایدیۆلۆژی بـوون کـە لـە ئـەنجامی تـرس لەو هێزەی کە پلانی بۆ دادەڕێژێ دروست بـووە یـان جەنگی نەویستراو بوون لـە لایـەن هەمووانـەوە بـەڵام وەك ئـەنجامی ئـەو ترسـە ڕووی‌داوە کـە بـە هـۆی هەڵوێستی بابەتی‌یـەوە دروست بـووە. بـۆ نموونـە ترسی دوولایەنـە (متبـادل)ی دوژمنکـاری کـە ئەبێتـە هۆی پێشبڕکێی خۆ پڕچەك کردن و دواتر جـەنگی لێ ئەکەوێتەوەو ڕەنگە بۆ جەنگێکی خۆپارێزی تەنانـەت راسـل، کـە دوژمنێکـی جـەنگ و دوژمنکـاری بـوو، ماوەیەك سەرنجی خەڵکی بۆ لای ئەو ترسە ڕائەکێشا کـە رووسـیا بـەم زوانـە ئەبێتـە خـاوەنی بۆمبـی هایدرۆجینی (هیچ کەسێك بۆمبـی نەئەویسـت، ئـەوە تـرس بـوو کـە هیتلـەری قـۆرغ کـردو بـوە هـۆی لەناوبردنیشی).

یان با نموونەی جیاوازی تر لەمەڕ رای پێشینەی فەلسەفی وەربگریـن. رایـەکی پێشینە هەیـە ئـەویش ئەوەیە کە بیروبۆچونەکانی مرۆڤێك هەمیشە لە لایەن بەرژەوەندی‌یە خودی‌یەکانیەوە دیاری ئـەکرێت. ئـەم ڕێبازە (کە ڕەنگـە وەك فۆرمـی داڕمـاوی ڕێبازەکـەی هیـۆم وەسـف بکرێـت کـە ئـەڵێت عـەقڵ کۆیلـەی هەستەکانە) وەك ڕێسایەك نیـە کـە بەسـەر کەسـێکدا بسەپێنرێت (ئەمە لە لایەن هیۆمـەوە جێبـەجێ کـرا، هیۆمێك کـە فـێری خـاکی بـوون و گومانگـەرایی و ڕێزگرتنـی تواناکـانی عـەقڵی دەکردیـن کـەچی خـۆی داخڵی ئەم دۆخە بوو). بەڵام ئەمە وەك ڕێسایەك وایە کە تەنـها بەسـەر کەسـانی تـردا جێبـەجێ بـووە کـە بیروڕاکانیـان لـە هـی ئێمـە جیـاوازن. ئەمـەش وامـان لێ‌ئەکات کە بە ئارامی‌یەوە گوێ لەو بیروڕایانە بگریـن کـە پێچەوانـەی بیروڕاکـانی خۆمـانن. چونکـە ئێمـە ئـەتوانین ئـەو بیروڕایانـە بـەهۆی بەرژەوەندی‌یـەکانی کەسـانی تـرەوە روون بکەینـەوە بـەڵام ئەمـەش گفتوگـۆی عـەقڵانی مـەحاڵ ئـەکات و ئەبێتـە هـۆی بـەرەو خـراپ بردنـی پـەیجۆری سروشـتیمان لەمـەڕ

ئارەزووکردنمان بۆ دۆزینەوەی راستی شتەکان. لە جیاتی پرسیاری گرنگی "راستی چییە دەربارەی ئەم مەسەلەیە؟" پرسیارێکی تر دائەنێت کە کەم بایەخ ترە "ئارەزووی خودی تۆ چییە؟ پاڵنەرە شاراوەکانت چین؟" ئەمە رێگریمان ئەکات لەوەی کە لە خەڵکانی ترەوە فێر ببین کە بیروڕاکانیان جیاوازن لە بیروڕاکانی خۆمان، وە ئەمەش ئەبێتە هۆی دروست بوونی کەلێن لە یەکێتی مرۆڤایەتیدا، یەکێتییەك کە لە عەقڵانیەتی باوی ئێمەوە سەرچاوەی گرتووە.

رای پێشینەی فەلسەفی هاوشێوە، کە حاڵی حازر تا رادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە بریتیە لەو گریمانەیەی کە گفتوگۆی عەقڵانی تەنها لە نێوان ئەو کەسانەدا بە گونجاو دادەنێت کە لەسەر بنەڕەتەکان کۆکن. ئەم رێبازە زیانبەخشە ئەو مانایە ئەگەیەنێت کە مناقشەی عەقڵانی یان رەخنەیی دەربارەی بنەڕەتەکان کارێکی مەحاڵە وە ئەشبێتە هۆی ئاکامی نەخوازراو وەك ئاکامی ئەو رێبازانەی پێشتر باسکران. ئەم رێبازانە لە لایەن خەڵکانێکی زۆرەوە پەیڕەو ئەکرێت بەڵام سەر بە مەیدانێکی فەلسەفەن کە جێگەی بایەخی زۆرێك لە فەیلەسوفە پیشەگەرەکان بووە: کە ئەو مەیدانەش بریتییە لە تیۆری مەعریفە.

-9-

بە تێروانینی من، گرفتەکانی تیۆری مەعریفە بریتییە لە سەنتەریترین بابەت لە فەلسەفەدا جا فەلسەفەی عەقڵیەتی میللی باو بێت یان فەلسەفەی ئەکادیمی بێت. تەنانەت ئەو گرفتانە یەکلایی کەرەوەی تیۆری ئاکاریشن (هەروەك جاك مۆنۆد لەمەوبەر بیری خستینەوە). با ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی سادە وەربگرین، گرفتی سەرەکی لێرەدا وەك ناوچەکانی *region* تری فەلسەفە، بریتییە لە ململانێ لە نێوان "گەشبینی ئەبستمۆلۆژی" و "رەشبینی ئەبستمولۆژی"دا. ئایا ئەتوانین مەعریفەمان هەبێت؟ ئایا ئەتوانین چەند بزانین؟ ئەمە لە کاتێکایە کە کەسی رەشبینی ئەبستمۆلۆژی باوەڕی بەو ئەگەرە هەیە کە مرۆڤ توانستی مەعریفی تێدایە، بەڵام کەسی رەشبینی ئەبستمۆلۆژی باوەڕی وایە کە مەعریفەی پەتی و سەرەکی لە پشت هێزو توانای مرۆڤەوەیە.

من یەکێکم لەوانەی کەیفم بە عەقڵیەتی باو دێت، بەڵام هەر هەمووشی ناڵێم. من پێم وایە کە عەقڵیەتی باو بریتییە لە تەنها خاڵی دەستپێکردنی گونجاوی ئێمە. بەڵام پێویست ناکات کە هەوڵ بدەین تەلارێکی گومانی لەسەر دروست بکەین، بەڵکو ئەبێت تا رادەیەك رەخنەی لێ بگرین و گەشەی پێ بدەین. بەم شێوەیە من ریالیستێکی عەقڵیەتی باوم، واتە باوەڕم بە ریالیستیەتی مەسەلەکە هەیە (مەسەلەیەك کە لەو باوەڕەدام کە گونجاوترین مانایە کە وشەی "واقع *real*" ئاماژەی بۆ بکات). بۆیە هەر لەبەر ئەم هۆیەش من خۆم ناوئەنێم ماتەریالیست ئەمەش لەبەر ئەو هۆیە نا کە ئەم زاراوەیە مەبەستی ئەو رێبازە بێت کە

أ-ماددە وەك رەگەزێکی بنەڕەتی و لەبن نەهاتوو وەردەگرێت.

ب-نکولی لە راستێتی هێزە نامادییەکان ئەکات کە بێگومان هێزی عەقڵ و هۆشیاری هەر شتێکی تری نامادی ئەگرێتەوە.

من پەیڕەوی لە عەقڵیەتی باو ئەکەم لەوەدا کە تیایدا هەردوو ماددە (جیهان *1*) وە عەقڵ (جیهان *2*) پێکەوە بوونیان هەیە وە من وای بۆ ئەچم کە شتی تریشی تیایە بە تایبەت بەرهەمەکانی عەقڵی مرۆڤ کە گریمانە تیۆری و زانستییەکانیشی لە خۆگرتووە (جیهانی *3*). بە دەربڕینێکی تر من پلورالیستێکی عەقڵیەتی باوم وە من زۆر ئامادەم بۆ ئەوەی کە ئەم

پێگەیەم هەبێت و لە لایەن پێگەیەکی ترەوە رەخنەم لێ بگیرێت و جێگەم بگیرێتەوە. بەڵام هەموو ئەو دەمەتەقێیانەی کە دژی ئەون و لای من زانراون، بە بۆچوونی من بۆشن. (بەم بۆنەیەشەوە من لێرەدا پلورالیزم وەك ئەو پلورالیزمە سەیر ئەکەم کە بۆ زانستی ئاکار پێویستە).

هەموو ئەو جیدالانەی کە لە دژی ریالیزمی پلورالیستی پەیڕەوکراون، لە قبوڵ کردنی ناڕەخنەیی تیۆری مەعریفەی عەقڵیەتی باوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە من بە لاوازترین بەشی عەقڵیەتی باوی دائەنێم.

تیۆری مەعریفەی عەقڵیەتی باو بە شێوەیەکی وا بەرز گەشبینە کە مەعریفە بە مەعریفەیەکی دیاری کراو هاوسەنگ ئەکات؛ وە لەو باوەڕەشدایە کە هەموو شتێکی گریمانەیی لە راستیدا بریتی نییە لە "مەعریفە"، من ئەم جدالە وەك تەنها جدالێکی زارەکی لاتەریك ئەکەم. من بە ئامادەباشییەوە دان ئەنێم بەوەدا کە زاراوەی "مەعریفە" لە هەموو ئەو زمانانەی کە من ئاشنام پێیان هەڵگری زیاد لە مانایەکی دڵنیایین. بەڵام زانست لە گریمانە پێك دێت. وە بەرنامەی عەقڵیەتی باو بۆ دەستپێکردن لەوەوەی کە دەرئەکەوێت کە ببێتە مەعریفەیەکی زیاتر دڵنیاو بنەڕەتی لە بەردەستدایە بۆ ئەوەی کە لەسەر ئەم بناغەو دامەزراندنانەوە تەلارێك لە گومان دروست بکرێت کە لە بەردەم رەخنەدا خۆی راناگرێت.

بەم شێوەیە ئەمەش رێ خۆش ئەکات بۆ سەرهەڵدانی دوو تێڕوانینی جیاواز لە تێڕوانینی عەقڵیەتی باو بۆ راستی یان واقیع کە لە پێچەوانەییەکی راستەوخۆدا رووبەڕووی یەك ئەبنەوە.

1-نا ماتەریالیزم (بارکلی، هیۆم، ماخ).

2-ماتەریالیزمی رەفتاری (وەیستن، سکینەر).

گروپی یەکەم نکوڵی لە راستێتی ماددە ئەکات چونکە تەنها سەرچاوەیەکی راست و دڵنیای مەعریفەی ئێمە پێك هاتووە لە ئەزموونی هەستەوەری خۆمان وە ئەمانەش هەتا هەتایە بە نامادەیی ئەمێننەوە.

گروپی دووەم نکوڵی لە بوونی عەقڵ ئەکات (وە لێرەشەوە لە سەربەستی مرۆڤ). چونکە لە راستیدا هەموو ئەوەی کە ئێمە ئەتوانین لە رەفتاری مرۆڤدا تێبینی بکەین کە لە زۆر شێوازدا وەك رەفتاری ئاژەڵ وایە (جگە لەوەی کە بەشداری ئەکات لە پێك هێنانی کێڵگەیەکی فراوان و گرنگدا کە بریتییە لە رەفتاری زمانەوانی).

هەریەك لەم دوو تیۆرە لە تیۆرەی مەعریفەی ناراستی عەقڵیەتی باوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەبێتە هۆی کەوتنەوەی رەخنەیەکی ترادیسیۆنی و ناراستی تیۆری عەقڵیەتی باو بۆ واقیع. هیچ یەکێك لەم دوو تیۆرە لە رووی ئاکاریەوە بێ لایەن نین بەڵکو کاریگەری خراپیان هەیە: ئەگەر من بمەوێت منداڵێکی گریاو ئاسودە بکەم، ئەوا من ناخوازم کە هەندێ هەستی بێزارکەری خۆم یان تۆ بوەستێنم، هەروەها ناخوازم کە رەفتاری منداڵەکە بگۆڕم، یان هاتنە خوارەوەی دڵۆپی فرمێسك لەسەر رومەتەکانیەوە بوەستێنم. نەخێر، پاڵنەرەکانی من جیاوازن -نادیارن، دانەتاشراون بەڵام مرۆڤانەن.

نامادەگەرایی (کە قەرزاری ئەسڵەکەی خۆیەتی بۆ سووربوونی دیکارت- بێگومان دیکارت ناماتەریالیست بوو- لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئێمە لە سەرچاوە ناگوماناویەکانی وەك هەبوونی مەعریفەی خۆمانەوە دەست پێ بکەین. ئیتر ئەم نامادەگەرایییە لەسەر دەستی ئارنست ماخ لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەیشتە بەرزترین لوتکەی خۆی. بەڵام ئێستا بڕێکی زۆر لە کاریگەری خۆی لە دەست داوەو چیتر ئەو باوەی نەماوە. حاڵی حازر

رەفتارگەرایی -نکولی کردن لە بوونی عەقڵ- زۆر برەوی هەیە. هەرچەندە رەفتارگەرایی تێبینی کردن بەرز دەنرخێنێت، کەچی نەك هەر بە پێچەوانەی هەموو ئەزموون و خیبرەی مرۆڤەوە بەدەردەکەوێت بەڵکو هەوڵیش دەدات کە لە تیۆرەکانی خۆیەوە تیۆرێکی ئاکاریی ترسێنەر دابتاشێت کە بریتییە لە تیۆری (پابەندبوون). ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ تیۆرێکی ئاکاری ناتوانرێت لە سروشتی مرۆڤەوە دابتاشرێت (جاك مۆنۆد بە شێوەیەکی دروست جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە، هەروەها بڕوانە کتێبەکەی خۆم: کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی).

ئەبێت ئەو بە ئاوات بخوازرێت کە ئەم مۆدیلە کە لە قبوڵ کردنی نارەخنەیی تیۆری مەعریفەی عەقڵیەتی باوەوە سەرچاوەی گرتووەو من هەوڵم دا بیناسێنم، رۆژێك دادێت کە کاریگەری خۆی لەدەست ئەدات.

-10-

بە بۆچوونی من هەرگیز نەبوەو ناشبێت فەلسەفە لە زانست جیابکرێتەوە. وە ئەگەر لە رووی مێژوویشەوە سەیری بکەین ئەوا هەموو زانستی رۆژئاوا بریتییە لە زادەی تێڕامانی فەلسەفیانەی گریکەکان لە کەون و رێکخستنی جیهان. باپیرە گەورەی هەموو زاناو فەیلەسوفەکان بریتییە لە هۆمیرۆس و هیزیۆدو ئەوانەی پێش سوکرات. ئەرکی بنەڕەتی بەلای ئەوانەوە بریتییە لە لێکدانەوەی سترەکتوری کەون و شوێنی ئێمە لەم کەونەدا، ئەمە سەرباری گرفتی مەعریفەی ئێمە دەربارەی کەون (گرفتێك کە بە بۆچوونی من بە چارەنووسسازی ئەمێنێتەوە لە رەوتی فەلسەفەدا).

وە ئەوە لێکدانەوەی رەخنەییە بۆ زانستەکان و دۆزینەوەی زانستەکان و شێوازی زانستەکان کە وەك خاسیەتێکی لێکدانەوەی فەلسەفی ئەمێنێتەوە تەنانەت پاش ئەوەی کە زانستەکانیشی لێ دابڕێنرا. پرەنسیپە ماتماتیکییەکانی نیوتن بۆ فەلسەفەی سروشتی، بە بۆچوونی من، ئاماژەیە بە گەورەترین رووداو، گەورەترین شۆڕشی فیکری لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەو شۆڕشە ئاماژەیە بە خەونێك کە ئەگەرێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ وە ئاماژەیە بۆ پێگەیشتنی زانست و دابڕانی لە فەلسەفە.

بەڵام خودی نیوتن، وەك هەموو زانا مەزنەکان، بە فەیلەسوفی مایەوە، وە بە تۆژەرو بە گومان لە تیۆرەکانی خۆی مایەوە. بەم شێوەیە ئەو لە نامەیەکدا *25-2-1963* بۆ بێنتلی، دەربارەی تیۆرەکەی خۆی بەم شێوەیەی نووسیوە (نووسینە لارەکە هی منە):

ئەو هێزی کێش کردنە پێویستە خۆڕسك و بنەڕەتی بێت بۆ ماددە، *لەبەر ئەوە تەنێك کارئەکاتە سەر تەنێکی تر لە مەودایەکەوە*.. بەلای منەوە هێندە بێ عەقڵیەکی گەورەیە کە لەو باوەڕەدام هەر کەسێك کە لە مەسائلە فەلسەفییەکاندا توانای بەشداربوونی هەبێت هەرگیز ناتوانێت داخلی ئەمە بێت.

ئەوە تیۆرەکەی خۆی بوو دەربارەی کردار لە مەودایەکەوە کە ئەوی بەلای گومانگەرایی و سۆفیگەریدا راکێشا، نیوتن ئەوەی سەلماند کە ئەگەر هەموو هەرێمە دوورەکانی بۆشایی بتوانن دەستبەجێ کار لە یەکتری بکەن، ئەوا ئەم کارە ئەبێت بە پێی ئامادەبوونێکی بەردەوام بێت لە هەمان کاتی یەکەمدا وە لە هەمان بوونی هەموو هەرێمەکاندا- بۆ ئامادەبوونی بەردەوامی خودا. ئا بەم شێوەیە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی چالاکی لە مەودایەکەوە (یان کردار لە مەودایەکەوە -و-) وای لە نیوتن کرد کە تیۆرە سەرەکییەکەی خۆی دابنێت کە بەپێی ئەو تیۆرەیە بۆشایی (فەزا) بریتییە لە دەماغی خودا. وە لەم تیۆرەدا نیوتن

زانستی بەرز نرخاندو فەلسەفەی رەخنەیی و خەملاندنی لەگەڵ ئاینی خەملاندنی (تخمینی) پێکەوە گرێ دا، ئێمە ئەزانین کە ئەنشتاین بە هەمان شێوە کارتێکراو بوو.

-11-

من دانی پیائەنێم کە لە فەلسەفەدا هەندێ گرفتی ئاڵۆزو لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگ هەیە کە خاوەنی جێگەی سروشتی خۆیانن کە لە راستیدا تەنها جێگایەکە لە فەلسەفەی ئەکادیمیدا، بۆ نموونە گرفتەکانی ماتماتیکی لۆژیکی یان گشتی تر بڵێین فەلسەفەی ماتماتیکی. من بە شێوەیەکی زۆر گەورە کارم تێکراوە لە لایەن ئەو گەشەکردنە سەرسوڕهێنەرەی کە لەم بوارانەدا روویان داوە لەم سەدەیەماندا.

بەڵام تا ئەو رادەیەی کە فەلسەفەی گشتی لەبەرچاو بگیرێت، من دوودڵم بەهۆی کاریگەری ئەوەی کە بارکلی بەکاری هێناوەو ناوی لێ ناوە "فەیلەسوفی شتە بچووکەکان". ئەبێت لەوەش دڵنیا بین کە رەخنە بریتییە لە بزوێنەری فەلسەفە. وە هێشتا پێویستە کە خۆمان لە دابەش کردنە بچووکەکان دوربخەینەوە. رەخنەیەکی ورد بۆ خاڵە وردەکان (بچوکەکان) بە بێ تێگەیشتن لە گرفتە گەورەکانی کۆسمۆلۆژیا، مەعریفەی مرۆڤ، گرفتی ئاکار یان فەلسەفەی سیاسی، هەروەها بەبێ هەوڵدانێکی جدی و لێبڕاوانە بۆ چارەسەرکردنیان بەلای منەوە کارێکی کوشندەیە. ئەم مەسەلەیە زۆر جار وەك ئەوە دەرئەکەوێت کە هەر پاسجێکی چاپ کراو کە رەنگە بە هەندێ زەحمەتەوە خراپ تێگەیشتوو یان خراپ لێکدراوە بێت بەس بێت بۆ بەهانەی نووسینی لاپەڕەیەکی رەخنەی فەلسەفی تر. سکۆلاستیسیزم[4]، بە خراپترین مانای ئەم زاراوەیە، پڕیەتی لە هەموو ئەو ئایدیا مەزنانەی کە لە لافاوی وشەکاندا نقوم بوون.

لە هەمان کاتدا خۆ بەزل زانینێکی دیاری کراوداو دواتر دەگمەنی لە ئەدەبی فەلسەفیدا، وا دەرئەکەوێت کە لە لایەن سەرنووسەری زۆرێك لە رۆژنامەکانەوە وەك سەلماندنێك بۆ ئازایەتی فیکرو رەسەنایەتی قبوڵ کرابێت.

من لەوە باوەڕەدام کە ئەرکی هەموو رۆشنبیرێکە کە بە ئاگا بێت لەو پێگە شەرەفمەندانەیەی کە تیایەتی. رۆشنبیر ئەرکێکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەوەندەی لە توانایدایە بە روونی و سادەیی بنووسێت هەروەها بە شێوەیەکی شارستانیانە بنووسێت و ناشبێت هیچ یەکێك لەو گرفتە مەزنانەی کە ئابڵوقەی مرۆڤایەتی ئەدەن وە ئەو گرفتانەی فیکری نوێ کە ئارامی و ئازایەتی ئەخوازێت، لە بیر بکات و ئەبێ بەو روحیەتە خاکییەی سوکرات کاربکات کە ئەڵێ مرۆڤ زۆر کەم ئەزانێت. لە بەرامبەر فەیلەسوفی شتە بچوکەکان و گرفتە بچوکەکانیدا، لەو باوەڕەدام کە ئەرکی سەرەکی فەلسەفە بریتییە لەوەی کە بە شێوەیەکی رەخنەیی دەربارەی کەون و شوێنی ئێمە لە کەونداو هێزو توانستی ئێمە بۆ زانین و توانای ئێمە بۆ چاکەو خراپە بخەملێنێت.

-12-

من لەوانەیە بە کەمێك لە فەلسەفەی نائەکادیمی کۆتایی بەم باسە بهێنم.

یەکێك لەو گەشتیارە ئاسمانیانەی کە بەشداربوو لە یەکەم چوونە سەرمانگدا، بە تێبینییەکی سادەو دانایانەی کاتی گەڕانەوەیان بۆ زەوی لەوانی تر جیاکرایەوە کە وتبووی: "من لە ژیانمدا هەندێك هەسارەم بینی، بەڵام بۆ هەتایە زەوی بە من ببەخشە". من لەو باوەڕەدام کە ئەم وتەیە نەك تەنها

دانایی‌یە بەڵکو دانایی‌یەکی فەلسەفی‌یە. ئێمە نازانین کە بۆچی ئێمە زیندووین لەسەر ئەم ئەستێرە بچووکە سەرسوڕهێنەرە. یان بۆچی ئەبێت شتێکی وەکو ژیان هەبێت کە هەسارەکەمان وەها جوان بکات. بەڵام ئێمە لێرەین و هەموو بیانوویەکمان هەیە کە لە زەوی رابمێنین و هەستی مەزنمان هەبێت بەرامبەری تا ئەو رادەیەی کە نزیك بێت لەوەی کە ببێتە موعجیزەیەك. چونکە هەموو ئەوەی کە زانست ئەتوانێت پێمان بڵێت کە کەون تەقریبەن خاڵی‌یە لە ماددە وە لە هەر شوێنێك ماددە هەبێت ئەوا تەقریبەن لە حاڵەتی شڵەژان و ناجێگیریدایە. لەوانەیە زۆر هەسارەی تر هەبن کە ژیانیان لەسەر بێت، بەڵام هێشتا ئەگەر ئێمە کوێرانە شوێنێك لەم کەونەدا هەڵبژێرین ئەوا دواتر شیمانەی دۆزینەوەی تەنێك کە ژیانی لەسەر بێت یان ژیانی تیابێت یەکسان ئەبێت بە سفر یان نزیك ئەبێت لە سفرەوە. کەواتە ژیان بەهەر شێوەیەك بێت بەهاکەی وەك بەهای شتێکی دەگمەن وایە، ژیان بە نرخە. وە ئێمەش بەو ئاراستەیەدا براوین کە ئەم راستی‌یە لەبیر بکەین و بێ نرخانە مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکەین، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی بێ فیکری یان بەهۆی ئەو زەوی‌یە جوانەی خۆمانەوە بێت کە کەمێك قەرەباڵغ کراوە.

هەموو کەسێك فەیلەسوفە، چونکە بە شێوەیەك یان زیاتر هەر کەسەو رێچکەیەك ئەگرێتە بەر بەرەو ژیان و مردن. وە کەسانێکیش هەن وا بیر ئەکەنەوە کە ژیان بێ نرخە چونکە هەر کۆتایی دێت. ئەوانە شکست ئەهێنن لە بەرامبەر ئەو بۆچوونە پێچەوانەیەی کە ئەڵێ: ئەگەر ژیان کۆتایی نەبوایە، ئەوا ژیان هیچ بەهایەکی نەدەبوو؛ وە ئەوە مەترسی هەمیشە ئامادەی لە دەستدانی ژیانە کە بەهاو نرخی ژیانمان بۆ ئەگەڕێنێتەوە.

تێبینی‌یەکانی وەرگێڕ:

1-ئەو حاڵەتەیە کە کەسێك تێڕوانینێکی زیادەڕەوانەی هەیە دەربارەی نرخ و بایەخ و توانای خۆی.

2-ئینکویسیشن Inquisition: رێکخراوێك بوو کە لە لایەن کەنیسەی رۆمانی کاسولیکەوە دەستنیشان کرابوو بۆ سەرکوت کردنی ئەو کەسانەی کە دژی باوەڕو بۆچوونەکانی کەنیسە ئەوەستانەوە.

3-دیتێرمینیزم Determinism: فەلسەفەیەکە کە پێی وایە کەسێك ئازاد نی‌یە لە هەڵبژاردنی جۆری ئەو کەسەی کە ئەیەوێت خۆی تیا ببینێتەوە یان بەو شێوەیەی کە ئەیەوێت رەفتار بکات چونکە شتەکان لە لایەن زەمینە، ژینگە.. هتد بڕیار دەدرێت. بەعەرەبی پێی ئەڵێن (الجبرية)

4-سکۆلاستیسیزم Scholastisism: سیستمێکی فەلسەفی‌یە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە زانکۆکاندا پەیڕەو کراوە. ئەم سیستمە لەسەر پرەنسیپە ئایینی‌یەکان وەستاوە.

ئیسلام لەمێژوودا*

■ محەمەد ئەرکۆن

● و. لە .عەرەبییەوە: ئارام جەمال سابیر

﴿ وعدالله الذين امنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الارض كما استخلف الذين من قبلهم وليمكنن لهم دينهم الذي ارتضى لهم وليبدلنهم بعد خوفهم أمناً يعبدونني لايشركون بي شيئاً ومن كفر بعد ذلك فأولئك هم الفاسقون ﴾

"القرآن، سورة النور، اية 55"

سەرەتا ئەم ناونیشانە (ئیسلام لەمێژوودا) ئەو نمایشە سەردیە زۆر سادەو ساکارەمان دێنێتەوە یاد کەژمارەیەکی زۆر لەنووسەرە موسوڵمانو رۆژهەڵاتناسەکان هەردەم دووبارەی دەکەنەوە. واتە ئەوان شوێن رێچکەی زەمەنی رووداوەکان دەکەونو لەدابەزینی وەحییەوە بۆ محەممەد لەمەککە ساڵی (610–612ز) تا پێشهاتەکانی ئەو پەشێویو رووداوە توندوتیژئامێزانەی کەجیهانی ئیسلامی هاوچەرخ بەخۆیەوە دەیبینێ. بەمجۆرە دەکەونە وەسفکردنی چواردە سەدەی مێژوو تیایدا تەنها بایەخ لەسەر کەسایەتی ئایینیو رۆشنبیریو سیاسی گەورەکانو هەندێ لەساتەوەختە یەکلاکەرەوەکانی رەوتی قەدەریانەی بەکۆمەڵی ئۆمەتی {ئیسلام} چڕدەکەنەوە. هەروەها پلەبەپلە دەربارەی سەرەتاکانی ئیسلامو دەوڵەتی ئیسلامی (610–632ز)و خەلافەتی مەدینە (632–661ز)و، هەردوو سوڵاڵەی گەورەی ئەمەویو عەباسی (661–750ز) (750–1258ز) قسەوباس دەکەن، پاشان لەڕووی زەمەنییەوە بەردەوامدەبن تا دەگەنە سەر کردەی دابەشبوونو پەرشوبڵاوبوونەوەی سیاسیو دامرکاندنەوەی فەرهەنگیانەی ئیمپراتۆرەکەیان، {بەمانایەکی تر} مەملەکەتە کلاسیکیەکەی نێوان هەردوو سەدەی سیازدەهەمو نۆزدەهەم. ئەمە سەرەڕای ئەو رابوونە رێژەییەی کەعوسمانیەکان لەنێوان سەدەکانی پانزەو حەڤدەدا دابینیانکرد. دوای ئەوە دەگەینە قۆناغی کۆلۆنیالیزم (1800–1950ز)و لەکۆتاییشدا دەگەینە جەنگەکانی رزگاربوون کە لەم دواییانەدا بەرپابوونو هێشتا بەردەوامیشن.

دڵنیام لەوەی کەئەم وەسفە وەستاوو جامبووەی رووداوەکان لەیەك کاتدا سیاسەتمەدارو لێکۆڵەرەوەی زانستیش بێهیوا دەکات. چونکە هەردووکیان حەز بەوە دەکەن زانیارگەلێکی نوێو راڤەگەلێکی زانستیانەی وردیان لەبارەی شتەکانەوە چنگ بکەوێت. لەڕاستیدا بەئاکامگەیشتنی دوو ئامانجی لەمجۆرە پێکەوە کارێکی زەحمەتە. چونکە ئەوەی ئێمە زۆرجار لەبارەی ئیسلامەوە دەیبینین یان ئەوەتا چەند توێژینەوەیەکی ئەکادیمییانەی بەرفرەو باوەڕپێکراوی دوور لەداهێنانو کرانەوەی تێوریە، یان چەند تیۆریزەیەکی بەپەلەو سەرپێیانەی گشییەو زادەی راڤەگەلێکی کاڵوکرچە لەبارەی ئیسلامەوە[1]. بەو پێیەی بە هۆشیارییەکی زۆرەوە ئاگاداری ئەم دوو کەلێنەم، هەوڵی بەئەنجامگەیاندنی دوو کردەی لێکدراو دەدەم، واتە لێکۆڵینەوەکە بەرەو تێڕامان لە پێگەی ئیسلام لەمێژووداو دیاریکردنی ئەو شوێنەوارانەی کەمێژوو بەسەر ئیسلامەوە جێیهێشتووە ئاراستەدەکەم. لەهەمان کاتدا دەخوازم تێڕوانیی خۆبەگەورەزانینو نەرسیسی موسوڵمانەکان ببەزێنم کەکۆی مێژوو دەخاتە ژێر رکێفی وەحیو دەستێوەردانی یەزدان لە مێژوودا: واتە مێژوو ملکەچی ئەو یاسا ئایینیو شەریعەتە دەکات کەهەر لەخودی قورئان خۆیەوە هەڵچنراوەو سەرچاوەی گرتووە. ئەمەیە مانای ئەو ئایەتەی کەلەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەمدا دامناوە. هەروەها لەلایەکی ترەوە دەخوازم تێڕوانینی پەرتو دەرەکی ئەو رۆژهەڵاتناسانەش ببەزێنم کەئەوانیش بەچەشنی موسوڵمانەکان جارێك نغرۆی خۆبەزلزانینو نەرسیسەت بوونو جارێکی تریش ئیسلام تەنها لەچەند رووداوو بەسەرهاتێکی فەرهەنگیو ژیاریدا کورتدەکەنەوە.

بەم شێوەیە لەبری ئەوەی لەدەسپێکی سەرەتا زەمەنییەکانی ئیسلامەوە دەست پێبکەینو شوێنو رەوتی رووداوە بژارکراوەکان بکەوین هەتا رۆژی ئەمڕۆمان، سەرەتا بایەخ دەدەم بەو بابەتانەی کەئامادەییەکی بەردەوامیان لەگوتاری ئیسلامی هاوچەرخدا هەیەو زۆر دووبارە دەبنەوە، لەڕێگایەوە دەبینین کەچۆن ئەو بابەتانە بەشێوەیەکی پێویستو بەپێی شێوازێکی دیاریکراوی مەعریفەی ئەفسانەیی دەمانبات بەرەو ئەو قۆناغانەی کەزۆرترین دەلالەتمان دەداتێ لەمەڕ تێهەڵکێشبوونی ئیسلامو مێژوو بەیەکتری. پاشان پێنج بابەتی مەزن کەیەك بەدوای یەکدا دەیانپشکنین: گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ، قۆناغی کرانەوە یان دامەزراندن، دیاردەی ئیسلامگەریی، ئەزموونی مرۆڤدۆستی (هیومانیزم)، ئایینو کۆمەڵگە لەنێوان سەدەی پێنجەمو پازدەی کۆچیدا (واتە لەنێوان سەدەی یازدەو بیستەمی زاینیدا).

گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ

مێژووی سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەو تەنینەوەی ئەوەی پێی دەڵێم گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ تەنها دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی *1970*. بەمردنی جەمال عەبدولناسر ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی بەخێرایی جێگەی ئایدۆلۆژیای ناسیونالیستی عەرەبی گرتەوە وەك بابەتێکی بزوێنەر بۆ هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کەزۆر ئەکتیڤو چالاك بوون. ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی عەرەبی ئەگەرچی لەگەڵ ناسریەتدا پەرەیسەندو سەرکەوتنی سیاسیانەی کاریگەری بەدەستهێنا بەڵام تەمەنی کورت خایەن بوو زۆر بەزوویی لەناوچوو.

قۆناغی جۆشسەندنی هۆشیاری ناسیۆنالیستی عەرەبی هاوکات بوو لەگەڵ هەریەك لەقۆناغی رزگاربوونی سیاسیانەی مەغریبی گەورە (مەغریبی بچووك و تونس لەساڵی *1956*و جەزائیر لەساڵی *1962*دا)و خۆماڵیکردنی کەناڵی سویس (*1956*)و

راگـەیاندنی کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو لـەنێوان سـوریاو میسـردا (1958)و دروسـتکردنی بـەنداوی ئەسوان عـالی (1964). شـەڕی حوزەیرانـی سـالی (1967) بووە مایەی داڕمانێکی سـەختی هـەموو ئـەو هیواو ئومێدانەی کە گوتاری شۆڕشی عـەرەبی پـانزە سـاڵ بـوو خـەوی پێوەدەبینـیو خستبوویەڕوو. ئـەو شکستە هـەتا بڵـێی تـاڵو تـووش بـوو بەتایبـەتی لـەوەدا کەڕژێمـەکان وەهمـی نزیکبوونـەوەی سەرکەوتنیان بـەگوێی میللـەتدا دابـوو. ئـەو شکستە لەیەك کاتدا ئاسـتی ئەفسانەبوونی گوتـاری شۆڕشـی عەرەبیو رادەی فشـارو کاریگـەری رەوشـە سیاسـیو ئابوریەکەی دەرخست. جەزائیری سـەردەمی بۆمدیـن لەگەڵ لیبیادا کەوتە کێبەرکێوە لەسەر ئەوەی ببێتـە جێگرەوەی بزاوتی ناسری. بەوجۆرە جەزائیر تاساڵی (1975) سـەرکەوتنی لەبەخشـینی راسـتگۆیی بەشۆڕشـی سۆشیالیسـتی عـەرەبیو ئیسـلامی بەدەستهێنا، بەڵام هاوکات زەمینەشـی رەخساند بۆ گەشەکردنو بـەهێزبوونی ئیسلامی ئسـوڵی، ئـەویش لـەپێناو گەڕاندنـەوەی بـەها ئیسـلامیەکان بـۆ گـەلی جـەزائیر[2]. هـەرچی بەعسـە بـەردەوامبوو لەسـەر مۆرکـی عەرەبیانـەی گـەلو جۆشـدانی هەسـتو سـۆزیان، بـەڵام ئـەویش دووبـارە خـۆی لەبـەردەم فشـاری رووڵـەزیادی بزاڤـە ئیسـلامییەکانو دروشـمو داخوازییەکانیاندا بینیەوە.

لەپشت جیهانی عەرەبییـەوە، ئـەوە دەبینـین کەبڵاوبوونـەوەی گوتـاری ئیسـلامی هاوشـانە لەگـەڵ فراوانبوونو گوشاری قەوارەی دیموگرافـیو سیاسـیو پێداویستیە ئابوریـە قەبـەکان لـە هـەر وڵاتێکـدا[3]. بەملیۆنان موسوڵمان لەهەریەك لەئەندەنوسیاو هیندو بـەنگلادیشو پاکسـتانو تورکیـادا ئیسـلام وەك پەناگەو چاوگێکی خۆیـان دەبیننـەوە. بـەڵام ئـەوەی گومانی نەهێشتووە؛ سەرکەوتنی خومەینی لـەئێراندا بـووە مایـەی بڵاوبوونـەوەی بابەتـە ئایینییـەکانو بنجکوتانیـان بـەجۆرێك وایلێکـردن جێگـە بەباڵـە عەلمانیـەکانی نـاو شۆڕشـی عـەرەبیو سوشیالیسـتی چۆڵ بکەن.

لێرەدا ناگەڕێمەوە سەر هۆکارە نزیكو دوورەکانی ئەو پەرەسەندنە مێژوویـە گرنگـە (یـان ئـەو رووداوە مێژوویـە گرنگـە)[4]. بـەڵکو تەنـها قسـە لەسـەر سیاسـەتیان فارسـییە عەلمانیەکـەی شـای ئـێران دەکـەم، لەگـەڵ ئـەو هاوپشـتییە روونو ئاشـکرایەی کەئـەم سیاسـەتە هـەیبوو لەگـەڵ سـتراتیژیاتی هەیمەنـەی رۆژئـاواییدا کەبوونـە هـۆی لێکـترازانێکی تـەواوی نێـوان دەوڵـەتو بۆرژوازیـەتی بازرگـانی لەلایـەکو میللـەتو چینـەکانی ناوەڕاسـت لەلایـەکی ترەوە.

ئـەو تـەوەرو گریمانـەو بابەتانـە چـین کـەگوتاری ئیسلامی هاوچەرخ پێکدێنـن؟ پێش ئـەوەی بـەوردی دیارییان بکەین پێویستە ئامـاژە بـەوە بدەیـن کەئـەو گوتارە لەناو هـەموو زمانـە ئیسـلامیەکاندا ئامادەیـەو بوونـی هەیـە. هـەر لەفیلیپینـەوە بیگـرە تـا دەگاتـە مەغریب، هەر لەکرێکارە کۆچکردووەکانی ئـەورووپاوە تا موسوڵمانە رەشپێستەکانی ئـەمریکا، لـەهاوڵاتیانی سۆڤێتو یۆگۆسلاڤیاوە تادەگاتـە گـەلانی ئـەفریقیای رەش پێست، هەرهـەموویان هـەمان هیـواو ئاواتیـان هەیـە لەگـەڵ هـەمان ناڕەوایـەتی جۆراوجـۆرو هـەمان یەقینو داخـوازی. ئـەم گوتـارە کـە لـەڕووی رووبـەرو پانتاییـەوە فراوانـە، بەهـەمان شـێوە لـەڕووی زەمەنیشـەوە فـراوانو دوورودرێژە. دەتوانـین هێـدی هێـدی بگەڕێینـەوە دواوە بـەرەو سـاتەوەختی خومـەینیو ئیخوانـی موسـلمینو ریفۆرمیسـتە سەلەفیەکانی سەدەی نۆزدەو پاشـان بـەرەو بزاوتـی وەهابیو دواتر بیریارە مەزنـە ریفۆرمخوازەکـانی وەك ئیبن تەیمیە (سـاڵی 728ك–1328ز مـردووە)و غـەزالی (505ك–1111ز)و شـافیعی (204ك–820ز)و

جەعفەری سادقی (148ك–765ز) لەگەڵ حەسەنولبەسری (110ك–728ز).

زیاتر رووی توێژینەوەکەمان دەکەینە سەر ئەوەی کە گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ[5] گوتارێکی کۆییە (جماعی). ئەوەش لەوەوە هاتووە کە کۆمەڵگە بەسەرجەم توێژ چالاکەکانیەوە لەڕێی ئەم گوتارەوە گوزارشت لەخۆی دەکات و خۆی تێدا دەبینێتەوەو هەر لەڕێی ئەویشەوە (واتە ئەو گوتارەوە) خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

راستە پیاوانێکی ئایینی زۆر هەن چاکتر لەخەڵکانی دی ئەوەدەزانن کەچۆن هیواو خولیای لاوانی ئێستا ببەستنەوە بەو دارشتەو ئامۆژگاریو بنەمایانەی کە لەکەلەپوردا بنجیان داکوتیوە، بەڵام تەوەرەکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ بەگریمانەو بابەتەکانیەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەلایەن هەموانەوە بەکار دەهێنرێن.

ئەم تەوەرانە هەریەك لە هەستیاریی کۆییو شێوازەکانی وێناو پەیبردنو زمانو ئەدگارەکان ئاراستە دەکات. لەبەرئەوە، دەتوانین گشت ئەو تەوەرو گریمانانە دیاری بکەین بێئەوەی بگەڕێینەوە بۆ هیچ نووسەرو نووسراوێکی دیاریکراو، چونکە رۆژانە لەرۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو کۆنگرەو موحازەرەو ئامۆژگاریو وتارو وانەکانی دواناوەندیو زانکۆکاندا دەیانبینینو بەرگوێمان دەکەون... ئەوەی شایانی وتنە تەنانەت ئەو روونا‌کبیرانەشی کە پێویستە لەم گوتارە ناوەڕۆك ئایدیۆلۆژییە دووربکەونەوەو وریای بن، کەچی بەهەموو قەناعەتیانەوە پشتگیری لەچوارچێوەو ئاقارەکانی دەکەن. زۆرن ئەو تێزانەی دکتۆرا کە بەپێی گریمانە بەربڵاوەکانی گوتاری قەومیو گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ داڕێژراونو نووسراون. جالەبەرئەوە رەوشێکی لەوجۆرە باشتر هانمان دەدات بۆ دروستکردنی مەودایەکی رەخنەیی بەرامبەر ئەو گوتارە. لەبەرئەوە پێمانوایە گواستنەوەی ئەو گوتارە بۆ زمانە ئەورووپیەکان (رۆژئاواییەکان)[6] بەهەمان ئەو دارشتنو دەربڕینانەی کەموسوڵمانەکان بەکاری دێنن بەس نییە بۆئەوەی چاوگە مێژوویی‌و کاریگەرییە دەروونی– زمانەوانیەکەیو پێگە ئەبستمۆلۆژییەکەی پیشان بدرێتو دەربخرێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە دەستدەکەین بەشیتەڵکردنی میکانیزمە شاردراوەکانی[7].

تەوەرەکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ

مەبەستمان لەوشەی (تەوەرەکان– محاور) ئەو کۆمەڵە بۆچوونە هەمیشەییو دووبارە کراوانەیە کە موسوڵمانان بۆ فیکرو ئیرادەی مێژوویان دایدەنێن بەمەبەستی چالاککردنەوەو پیادەکردنی رێنوماییەکانی ئیسلام. کۆی ئەو تەوەرو گریمانانەی هەڵیاندەهێنجین بونیادی تێگەیشتنێکی باو لای هەریەك لەکەسانی خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرزو کەسانی ئیمانداری سادەو ساویلکە پێکدێنێت. ئەم شتانە لەنێو هەموواندا هاوبەشن. زیاتر سەرنجمان دەخەینە سەر ئەم تەوەرانە:

1– خوا یەکەو بەرزو باڵایەو زیندووەو دادپەروەرە... چەندین دەسپێشخەری ئاراستەی مرۆڤ کردووەو نێردراوی خۆی لەسەر ئەم زەوییە لێ هەڵبژاردوون.

2– هەموو جارێك هەموو دەسپێشخەرییەکانی (=وەحی) بەهەمان شێوازی گەیاندن ئەنجامداوە.. خوا پێغەمبەرێك یان نێرەرێك هەڵدەبژێرێت تاوەکو لەوێوە ئیرادەو ئارەزوو فەرمانەکانی بۆ مرۆڤ دەربخات. ئیدی لەوکاتەوە مرۆڤەکان دابەش دەبن بەسەر دووبەشی جیاوازدا: بەشی ئەو باوەڕدارانەی کەئیمانو باوەڕیان پێگەیشتووە یان چۆتە دڵیانەوە/ بەشی ئەو کافرانەی کە لەناو رەتکردنەوەو گومڕاییاندا نغرۆبوون.

3- لەمەوە زەمەنی سەرزەمین دابەش دەبێت بۆ (پێش) وەحی/ (دوای) وەحی. تەقویمەکانی جوولەکەو مەسیحیو ئیسلامی لەمەوە دروستدەبن. تەنانەت شوێنیش دابەشدەبێت بۆ ناوچەیەك کە یاسای خواو شەریعەتەکەی تێدا پیادەکراوە، لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کە بۆی ملکەچ نابن (أرض العصیان) یان دار الاسلام/ دار الحرب.

4- قورئان دواهەمین وەحیو کامڵترینیانی لەخۆگرتووە. دوای ئەو هیچ وەحییەکی تر نایەت تاکاتی قیامەتو حەقو حیسابی ئەو دونیا. هەموو ئایەتێکی قورئانی تەوەرێکی ئاراستەکەرە لەپێناو بیرکردنەوەو کارکردندا.

5- ژیانی محەممەدو شاری مەدینە- ئەو دەوڵەتەی لەنێوان ساڵانی (622-633ز) لە (مەدینە- یثرب) دروستکرد، نموونەیەکی باڵایەو پێویستە لەهەردوو ئاستی ژیانی تاکەکەسیو بەکۆمەڵدا لاسایی بکرێتەوە. هاوەڵانی محەممەد نەوەیەکی جیاهەڵکەوتووی سەربەرز پێکدێنەو دەبێت چاویان لێبکرێت، چونکە بەدڵسۆزیو ئەمانەتەوە وەحییە قورئانیو رێنوماییەکانی پێغەمبەریان وەرگرتووە.

6- هەر کام لەئایینو دەوڵەتو دونیا سێ ترۆپکی یەکانگیر پێکدێنو {ناکرێت} مرۆڤ لێکیان بترازێنێت. بەڵام ئەوە ئایینە کە سیاسەتو ژیانی دونیایی بەمانا بەهێزەکەی ئەم وشەیەو بەپێی ئەم هاوکێشە تیۆلۆجییە (لاهوتی) پێکدێنێتو (دادەڕێژێت): وەحی= حەقیقەتی رەهاو هەر ئەم حەقیقەتەشە ئەو مێژووە زەمینییە ئاراستە دەکاتو دەیگەیەنێتە مێژووی رزگاریو بردنەوەی ئەو دونیا[8].

7- لەبەرئەوەی هەموو حەقیقەت لەوەحیو ئەزموونی مەدینەدایە[9]، کەواتە دەبێت ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیو مێژوییەی لەئێستادا پەسەندو شەرعییە بگونجێت لەگەڵ ئەو سیستمەی کە ئوممەی موسوڵمانان لەسەرەتاداو لەزەمنێکی پیرۆزدا ناسییانو دەکەوێتە سەروو هەموو زەمەنەکانی ترەوە. ئەمەیە پێناسەی هەڵوێستی ریفۆرمیستی (یان هەواداریە ریفۆرمیستیەکە) کەهەر لەسەدەی یەکەمی کۆچییەوە {لایەنگرەکانی} پێگۆشکراوەو لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن رەوتی سەلەفییەوە بەگوڕوتینێکی بەهێزەوە سەریهەڵدایەوە. ئەمڕۆ ئەم تێڕوانینە ئەفسانەییە بۆ مێژوو لەهەموو کاتێکی تر زیاتر دەستی بەسەر گوتاری ئیسلامی هاوچەرخدا گرتووە. دواتر دەبینین کردە مێژوویە رۆژانەییەکانی سەر ئەرزی واقیع هەتا دێت زیاتر لەم تێڕوانینە راستدەکاتەوە.

هەموو ئەو تەوەرانەی (یان بەڵگەنەویستانەی) کە لەژماردنیان بووینەوە باوەڕو یەقینی ئیسلامی پێکدێنن ئەم باوەڕەش پێویستی بەم گریمانانەی خوارەوە دەبێت لەهەموو دەرکەوتنەکانیدا:

گریمانەکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ

مەبەستمان لەم گریمانانە ئەو بنەماو پرەنسیپانەن کەبەردەوامن لەبەرهەمهێنانی سەرجەم مەعریفەی ئیسلامیدا، کە کەوتوونەتە دەرەوەی هەموو جۆرە رەخنەیەکی ئەبستمۆلۆژی (مەعریفی)یەوە. ئەم مەعریفەیە (واتە مەعریفەی ئیسلامی) پێی وایە کە هەمەکی مێژوویی لەو هاوکێشەیەوە پەیدا دەبێت کەپێشتر باسمانکرد، واتە: وەحی= حەقیقەتی گشتگیر. ئەم حەقیقەتە مێژووی زەمینیو دونیایی ئاراستە دەکاتو دەبێتە مایەی بردنەوەو رزگاربوون لەو دنیا. هەروەها پێشیوایە کەهەموو وەحی لەو قورئانەدایە کە لەسەرەتاوە بریتی بوو لە کۆمەڵێك دەستەواژەی زارەکی (شفهي)وپاشان بەپەڕاوکراو بووە پەرتووك (واتە نووسراوەتەوە). کەواتە خوێندنەوەی

(=راڤەکردن) ئەودەقە {واتە قورئان}پێویستە تاوەکو مەعریفەیەکی راستو باوەڕپێکراوی لێدەربهێنرێت، بەتایبەتی لەپێناو بەرهەمهێنانی ئەو یاسا ئایینیەی کە سرووتەکانی پەرستنو مامەڵەکاریی جڵەو دەکات[10]. فیکری ئیسلامی کلاسیکی زانستێکی تایبەتی بۆ پرسیارکردن لەبارەی ئەو هەلومەرجە زمانەوانیو مێژوویی دامەزراندووە کە راڤەیەکی راستو دروست بۆ دەقە پیرۆزەکان (قورئان+ فەرموودە) دەکات. مەبەستمان لەزانستی ئسوڵی فیقهیو شەریعەیە. ئەگەرچی ئەم زانستە بەکردەوە لەدوای سەدەی شەشەمی کۆچییەوە (سەدەی دوانزەهەمی زایینی) راوەستاوەو فەرامۆشکراوە (هەرچەندە ئەم حاڵەتە لای شیعەکان کەمترە) بەڵام پشتگیریی لەم گریمانانەی خوارەوە دەکاتو برەویان پێدەدات لەبری ئەوەی رەخنەیان بکات.

1- راستی مێژوویی قورئان[11] {وەك کتێبێکی نووسراو} لەگەڵ کۆکردنەوەی لەسەردەمی خەلافەتی عوسماندا (23-35ك/644-656ز) بەتەواویی سەلمێنرا، لەبەرئەوە هەر جۆرە بەدگومانییەك بەرامبەر ئەو بارودۆخەی ئەمەی تیادا ئەنجامدراوە بە زەندەقەیەکی گەورە دادەنرێتو دەبێتە مایەی سزادانو تۆڵەسەندنەوەیەکی تووشو سەخت.

2- رێنوماییەکانی محەممەد بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو گواستراونەتەوە ئەویش بەهۆی یادەوەری سەحابەکانو ئەمانەتی زانستییانەوە کە گومان هەڵناگرن، هەروەها بەهۆی تابعەکانەوە تائەو کاتەی رێنومایی‌و دەقەکان لەرێگەی نووسینەوەوە چەسپان. لەو نێوەدا لەنێو سوننەدا سەحیحول بوخاری (ساڵی 256ك/870ز مردووە) یان موسلیم (261ك/875ز) لەنێو شیعەشدا کلینی (322ك/940ز مردووە)و ئیبن بابەوەییە (381ك/991ز) دەرکەوتن.

3- یاسای ئایینی بەتەواوەتی لەلایەن سەروەری پیرۆزەوە {خواوەند} دانراوەو بەهیچ شێوەیەك نابێ قسە لەسەر دەقە کۆکراوەکانی هەردوو ئەو کەلەپورە بکرێ کەپێشتر باسمانکرد (کەلەپوری سوننی+ کەلەپوری شیعی). ئەم یاسایە باوەڕپێکراوەو چەسپاوە، جا چ لەلایەن چەند دەقێکی رەوانو براوەوە بێت، یان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەرێگەی دەنگی زۆرینەی موسوڵمانانەوە یان لەرێگەی قیاسەوە[12] بێت.

4- ئەو ئیمامە موجتەهیدانەی لێپرسراون بەرامبەر بەگەڵاڵەکردنی شەریعەت، شارەزاییان لەهەموو زانستە تەکنیکییەکانی ناو رێزمانی عەرەبیو موفرەداتەکانو فەرهەنگ (معجم)و زماننناسیو رەوانبێژیو ئسلوبو زانستی واتاو مەنتقو مێژوودا هەیە، ئەمانەش لەو زانستانەن کەدەبێت بزانرێنو دەسەڵاتیان بەسەریدا بشکێت تاوەکو تاقە مانایەکی راستو دروست بۆ هەموو دەقێکی پیرۆز دیاریبکەن. بەمجۆرە پووختەگەلێکی تیۆلۆجیو فیقهی- یاسایی یان بەدەستهێناوەو راڤەی شەریعەتە ئیلاهییەکەی پێ راڤە دەکەن بۆخزمەتی کۆمەڵگەی مرۆیی. بەمەش پیادەکردنی ئەو پرەنسیپەیان بۆ هەموو سەردەمەکان فەراهەمو مسۆگەرکردووە کەدەڵێت: (ألا حكم إلا لله). لەم حاڵەتەدا ئەرکی سەرشانی سەرۆکی دەوڵەت، جا چ خەلیفە بێت یان سوڵتان یان ئەمیر یان سەرۆکێك بێت، تەنها ئەوەیە بەوردی خاڵ بەخاڵی هەموو کەرەسەو بابەتەکانی شەریعەت پراکتیزە بکات.

5- ئەو زانستە تەکنیکییەی تایبەتە بە راڤە کلاسیکیەکان هەرگیز ئەو دابڕانە ئەبستمولۆژییە نابینێت کەهەموو کەرەسەو فاکتەرو ئەنجامەکانی {ئەو زانستە} تووڕ هەڵدەدات[13]. بەمجۆرە عەقڵی ئیسلامی خۆی لەمێژووگەریی (التأريخية) یاخی دەکات (واتە زەمەن دەگۆڕێت بەڵام عەقڵەکە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە).

شـێوەی ئامـادەگی ئیسـلام لـەمێژوودا بـەندە بەهێشـتنەوەی خـودی ئـەم گریمانانـەوە، ئەمـە سەرەڕای ئەو بەدرۆخستنەوەیەی کە لەلایەن واقیـعو ڕەخنەی زانستیانەی نوێوە دووچاری هـاتوون. دواتـر دەبینـین کـەچۆن ئـەو بابەتـە بەربڵاوانـەی گوتـاری ئیسـلامی هاوچـەرخ سـەرلەنوێ ئـەو گریمانانـە دەژێننەوەو هێزیان پێدەبەخشنەوە.

بابەتەکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ

مەبەسـتمان لەوشـەی *بابەتـەکان* هـەموو ئـەو داخوازیو دروشمو ناڕەزایەتیو هیواو باوەڕیانەیە کـە لەسـەدەی نـۆزدەوە هۆشـیاری ئیسـلامی پێجۆشدەدەرێت. بالێرەدا گرنگترینو چەسـپاوترینو بەردەوامترینیان بژمێرین:

1– یـەکبوونی ئیسـلام لـەتوانایدا هەیـە ببێتـە بنکەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی چالاکو سیسـتمێك بۆ ئەو بەهایانەی کەدەتوانێت بـەرەنگاری هـەژموونی سیاسیو ئابوریو ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا ببێتەوە.

2– نابێت ئەو کۆنترۆڵەی ڕۆژئاوا هەیـەتی بەسـەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا وا لێکبدرێتـەوە کەئەمـە بـۆ لاوازی ئیسـلام دەگەڕێتـەوە لـەڕووە بیروباوەڕییەکەیەوە، یـان بـۆ دژایـەتیکردنی ئیسـلام بگەڕێنرێتەوە بەرامبـەر بەپێشکەوتنو عـەقڵی نـوێو زانست وەك ئـەوەی ئەرنست رینـان ئیدعـای دەکـا. بەپێچەوانەوە، ئیسـلام ئـایینێکی کراوەیـە لەبـەردەم هـەموو دۆزینـەوەکانی ژیـارو شارسـتانێتی نوێـدا[14]. بەڵام بەو پێیەی موسـوڵمانەکان ڕوویـان لەڕێنوماییـە پـاکو بەپیتـەکانی ئیسـلامی یەکـەمین وەرگـێڕاوە. کەواتـە چارەسـەرێکی مێژوویی بـۆ ئـەو داوەشـانو کەوتنـە، ژیاندنـەوەی ئیسـلامە لەشـێوە شکۆییەکەی یەکەمیدا.

3– لەدادپـەروەری برایەتیودیموکراتیـەتو مافـەکانی مـرۆڤو ڕزگـارکردنی ئـافرەتو گیـانی لێبـوردنو بـەکارهێنانێکی دادپەروەرانـەی خاوەندارێتیو بڵاوبوونەوەی ڕۆشـنبیری.... بەهـەموو داهێنانەکانی تری شۆڕشی مۆدێرنـەوە هەرهـەموویان لەسـەردەمی ئیسـلامی یەکەمـەوە (= سـەردەمی دامەزراندن) هەنو *(شتێکی تازە نین)*. ئیسـلام داوای هەموو ئەمانەی کردووەو دەقاندوونی. ئەوە ئیسـلامە مامۆستای ڕۆژئاواو جیهانە.

4– ئەو ئایدیۆلۆژیا ماددییەی کەڕۆژئاوا خـەریکی بڵاوکردنەوەیـەتی هـەموو بـەها ڕۆحییـەکانی ئیسـلام دادەڕمێنـێ، کەواتـە دەبێـت لەیـەك کـاتدا دژایـەتی ئەویشو هـەموو ئەوانـەش بکرێـت کـەدوای کـەوتوون وەك ڕۆژهەڵاتناسەکانو ئەو توێژەرەوە موسـڵمانانەی کە هەڵگری بیرو هزری ڕۆژئاواین.

5–ئـەو زانسـتەی لـەڕۆژئاوادا هەیـە نـاتوانێت خوێندنەوەیـەکی بابەتیانـەی هـەبێت بـۆ مێـژووی ئیسـلامو ڕێنوماییـەکانی ئیسـلام. لەبەرئـەوە دەبێـت پابەندییەکی تەواو هەبێت بەمیتۆدیەتی ئسوڵەکانەوە (ئسـوڵی فیقهیو ئسـوڵی ئـایین). تەنانـەت دەبێـت بـەگومان بـین لـەو فەلسـەفە یۆنانییـە کۆنەشـی کەموسـوڵمان لـەقۆناغی کلاسـیکیدا پشـتیان پێبەستووەو بەباشیان زانیووە.

6– جیاکردنـەوەی ئـایین لەدەوڵـەت بیرۆکەیـەکی ڕوخێنـەرەو داهێنـانێکی ڕۆژئاواییـە. بـەڵام ئیسـلام هـەوڵی هێشـتنەوەو پاراسـتنی ئـەو پلەبـەندییو هەرەمییـە دەدات کـە لـەنێوان سـەروەری بـاڵای یاسـادانەر (کەقسـەی خوایـە بـە تەفسـیرە ڕێگەپێدراوەکانیـەوە)و هـەموو شـێوەو فۆرمـەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە.

7– هـەموو داهێنانـە گـەورەکانی زانسـتی نـوێ پێشـتر لـەقورئاندا باسـکراونو هـەن. زانـا موسـوڵمانەکانیش لـەپێش هـەموو ئەورووپیـەکانو

زانستەکانیانەوەن بەتایبەتی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا.

8- پرۆسەی بیناکردنەوەی نیشتمانی لەئێستای دوای سەربەخۆییدا بەبێ ئیسلامو بەدژایەتیکردنی ئیسلام سەرناگرێ.

بەتەنها خوێندنەوەیەکی رووکەشیانەی سادەی ئەم پرەنسیپانەی سەرەوە ئەوەمان لاڕوونەدەبێتەوە کە گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ تاچ ئاستێك تێکەڵی لەنێوان هەریەك بە تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆژیای نوێو هەندێك توخمی پێکهێنەری ئەفسانەدا دروستکردووە. دەبێت چی لەو یەقینە زۆرو زەبەندە بکرێت کەلاوانی خرۆشاوو بەگوڕوتین لەهەموو لایەکەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەستی هانای بۆ درێژدەکەن؟ ئایا دەبێت لەو حەقیقەتە سۆسیۆلۆژیەدا بوەستین کە زادەی داڕشتنێکی وەسفیانەی ئەبستراکتی ئێمەیە بۆ ئەو پرەنسیپانەی کەموسوڵمانە هاوچەرخەکان زۆر بەئاسانی خۆیانی تێدا دەبیننەوە؟ یاخود پێویستە هەستین بە لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەو شیتەڵکردنی ئەو سیستمی وێنایانەی کەتایبەتن بە گوتاری ئیسلامییەوە تاوەکو بتوانین پێگە مەعریفیەکەیو ئاستەکانی بەرهەمهێنانیو دەسکەوتەکانیو توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ واقیعو رادەی جۆشدانی هۆشیاریو ئاستی پێکهێنانی خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکەی تاووتوێ بکەین؟من پێموایە یەکێك لە ئەرکەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی نوێ کردەی تێگەیشتنو خستنەڕووی ئەو بەکارهێنانە جۆراوجۆرەیە کەهەموو کۆمەڵگەیەك لەمیانەی باگراوندە سیمانتیکی- مەعنەویو رەمزییەوە ئەنجامیدەدا. ئێستا کاتی ئەوەیە وا لەکۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامیەکان بکەین سوود لەو مۆدێلە تازەیەی تێگەیشتنی نوێ وەربگرن کە فیکری هاوچەرخ بۆی رەخساندووین.

سەردەمی کردنەوە (سەردەمی دامەزراندن)

هیچ کات هەوڵی ئەوەمان نەداوە بەناوی زانستی نوێوە ئەو زانستەی کە دڵنیایە لە گشت ڕێساو پرەنسیپو میتۆدو ئەنجامەکانی خۆی، سووکایەتی بە کۆنو رابوردوو ئایینو بیروباوەڕو کەلەپور بکەین، چونکە دژبوونی سەختو یەکلاکەرەوەی نێوان کەلەپورو مۆدێرنێتی جگە لەچرکەیەکی مێژوویی دیاریکراو کەچرکەی ئەقڵانیەتی زانستگەرییەو ڕێگەچارەو تێزە بەرتەسکەکانی خۆی سەپاند هیچی تر نەبوو[15]. ئێستا ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندووە. کۆمەڵگەکان لەسەر چەند ئاستێك قسە دەکەنو پێویستە هەر گوتارێك لەسەر ئاستە مەعریفییە تایبەتیەکەی خۆی وەربگرین، لەڕێگەی ئەو وتەزایانەی کە یارمەتییاندراوە لەپێکهاتنو گەڵاڵەبوونیدا. بەمجۆرە دەبینین هەتا ئێستا گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی جیاکاریی بکات لەنێوان ئەفسانەو مێژوودا. ئەم گوتارە، تێکەڵیی لەنێوان ئەم دوو جۆرە لەمەعریفە دەکاتو لەمیانەوە دەچێت بۆ ئەوی تریان، بەبێ ئەوەی بێزار بێت یان پرسیارێکی ئەبستمۆلۆژیی لا دروست ببێت یان هەست بەهیچ چەشنە گیروگرفتێك بکات. لەواقیعدا، هیچ رەوای هەق نییە بگوترێت ئەم گوتارە مێژوو ناناسێ. بەڵام هێشتا هەر زۆر دوورە لە مێژووی سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپی کە کار تیایدا گەیشتە رادەی بەپەراوێزکردنی فاکتەرە ئایینیو رۆحییە باڵاکانو تەنانەت بەیەکجاریی لەگۆڕەپانی کۆمەڵگەشدا کرایە دەرێ، بەو پێیەی یەکێکە لەسیماکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی. بەڵام هەرچی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخە بەپێچەوانەی ئەمەوە دەبینین هەموو نموونەو مۆدێلەکانی مێژووی دونیاییو زەمینییە ئاخنیویەتیە نێو ئەو ماوە کورتەی وەحییەوە(ماوەی ئەزمونی دامەزراندن)،

بەمەش خۆی لە چەمکێکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بێبەشکردووە کە تایبەتە بەهەریەك لە مەعریفەی ئەفسانەیی‌و مەعریفەی ئەقڵانی. مەبەستم لەچەمکی مێژووگەریی (التأریخیة) یان ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ڕۆشنبیرییەیە کەئەفسانەو بەپیرۆزکردن‌و بالاخوازیی‌و ئەقڵو،... هتدی تیا بەکاردێت.

ئەوەی ئەم گوتارە {گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ} دەیەوێت زیندووی بکاتەوەو بیژێنێتەوە دەوڵەتە مەدینەیەکەی سەردەمی پێغەمبەر نییە، بەڵکو ئەو دۆخە ئایینییە ئایدیالیانەیە کە ئەو دەوڵەتە بەرهەمیهێناوە. بەم شێوەیە ناڕاگایانە چەندین کاری وەك نکۆڵیکردن‌و بەلاڕێدابردنی واقیع پەیڕەو دەکات. ئەمەش تایبەتمەندێتی گوتاری ئەفسانەیی‌و ئایدیۆلۆژی‌و، بەمجۆرەیە. گوتاری ئەفسانەیی هەڵدەستێت بەگۆڕینی ئەو کارە ماتریالیە هەستپێکراوانەی کە محەممەد ئەنجامیداون بۆ جۆرێك لەوێناکردنی ئەفسانەییانەی ساتەوەختێکی ناوازەی بەهرەبەخش، ئەویش لەڕێگەی تەرمیزکردنی[16] ئەو فەزا کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی‌ی کە تایبەتن بەکۆمەڵگەی حیجازەوە. ئەم جۆرە گوتارە دەیەوێت رازیمان بکات بەوەی کە ئێمە بەتەواوی هەموو هەلومەرجە ئایدیالییەکانی ئەو سەردەمە دەناسین یان هەر هیچ نەبێت زانینی ئەو هەلومەرجانە لەڕووی مێژوویی‌وە کارێکی شیاون، بەڵام ئەو شتە زۆر لەوە گرانترە کە لەئێستادا بەدیبێت. هەروەها ئەم گوتارە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە مێژوویی‌انەش پشتگوێ دەخات کە هەر لەسەرەتای ساڵی (632ز)ەوە ڕوویانداوەو لەئەزموونی مەدینە دووریخستوینەتەوە، ئەو ئەزموونە بەجۆرێك وێنا دەکرێت کە زۆر دەگمەن‌و دانسقەیەو شتێکی بان - مێژوویی‌و دەلوێت لەئێستادا دوبارە بکرێتەوە!...

ئەگەر شتێکی گران بێت قۆناغی دامەزراندن لەفەزایەکی کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی دیاریکراودا گەمارۆ بدرێت‌و نەتوانرێت بەتەواوی بناسرێت، ئەوا دەکرێت وەك کردەیەکی ئەفراندنی بەکۆمەڵی چەند نەوەیەکی خاوەن ئیمان سەیری بکرێت کە لانی کەم تا سەدەی دەیەم چەندین داخوازی‌و ئاواتیان خستۆتە گەڕ لەپێناو کاملیی مرۆیی‌و سیستمە سیاسییە ئایدیالییەکەو دادپەروەری موتڵەق‌و برایەتیدا. هەموو ئەمانەش لەڕێگەی داسەپاندنی (اسقاط) سەرجەم بەها ئایدیالییەکانەوەیە بەسەر وێنە ڕەمزییەکەی محەممەدو فەزای ئەو دەلالات‌و واتایانەی کە تایبەتن بە وتەی خواوە. ئەو بەڵگەنامە ڕاڤەیی‌و ریوایەتیانەی کە ئومەتی موسوڵمان نەوە دوای نەوە گواستونیەتیەوە بۆتە هۆی قەبەکردنێکی بێ ئەندازەی ناوەڕۆکە مەعنەوی‌و سیمانتیەکانی کارەکانی محەممەدو پەیامەکەی‌و هاوڕێکانی بەلای سونییەوەو، ئیمامەکانی بەلای شیعەوە.بەمجۆرە دوو چەشنە کەلتوری زیندوو لەئیسلامدا دروستبووە (کەلتوری سوننی+ کەلتوری شیعی). بەڵام هەرچی کەلتورە دەرەکییەکەیە بەدرێژایی مێژوو ناڵاندوویەتی بەدەست نەبوونی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی‌و تەنگەبەریی ئەو بنکەیە خۆیەوە. ئەم دوو کەلتورە هەردووکیان بەهانەو بانگەشەیەکی زۆر دەکەن بۆ گەڕانەوە بۆ بنچ‌و بنەماکان (الأصول) و بەشتێکی پێویستیشی دەزانن. کەواتە ئەو شتەی کە لەم بانگهێشتەدا دەیخوێنینەوەو تێیدەگەین ئەو پرۆسە مێژوویییە کە لەهەوڵی پێکهێنانی ئەوەدایە پێی دەگوترێت کەلتوری ئایینی. ئەم کەلتورەش زیاتر ئیرادەی شوناس‌و بوونی ئەو گەلەیە کە بانگەوازی پەیامە ئیلاهییەکەی پێگەیشتووە لەوەی کردەیەکی سیاسی‌و ئابوری‌و فەرهەنگی دیاریکراوبێت[17]. کاتێك بەقووڵی سەرنج لەژیانی ڕۆژانەی ئەو گروپە جۆراوجۆرانە دەدەین کە ئومەتی ئیسلامیان

پێکهێناوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەمانە هەموویان لە (هەستێکی پراکتیکی یان هەستێکی عەفەویانەی راستەوخۆ)[18] دا نقومبوون کە زۆر دوورە لەو پەیامە ئایدیالییە ئایینییەی کە هەمیشە پەیوەستبوونی خۆیانی بۆ دوپاتدەکەنەوە لەڕوانگەی رزگاربوونی ئەودونیاییەوە. لێرەدا پەیوەندییەکی ترسناك و پڕ کەندو لەند لەلایەن گوتاری ئیسلامی هاوچەرخەوە بەدەردەکەوێت لەنێوان ئەو پەیامەی کە بۆ سەردەمی دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە لەگەڵ ئەو سەرمایە رەمزییەی کە تایبەتە بەهەموو توێژو کۆمەڵەیەکی ئەتنی- جوگرافیاییەوە کە ئەویش پابەندە بەئاڵووێری ئابوری و هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو کارو کردەوانەی پڕن لە توندو تیژی و سوکایەتیپێکردن.

بۆ ئەوەی خوێنەر لەدوالیزمە دژەکان و ئەو بەرامبەرانە تێبگات کە لێرەدا هەوڵدەدەم بیانخەمە ڕوو نموونەیەکی تاڕادەیەك درێژی بۆ دێنمەوە بەخاتری ئەوەی شتەکان چاکتر روونببنەوە. لەسەرتاسەری مەغریبی گەورەداو هەتا ساڵەکانی پەنجاو شەستەکانیش[19] بەتایبەتیش لەزۆنگاوی باشووردا دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی ئابوری بەدیدەکرا پێی دەوترا (پێنج یەك 5/1، الخمّاسە). ئەم دامەزراوە - نەریتە جۆرێکە لەبەگەڕخستنی کشتوکاڵی بۆ ئەو خاوەن زەوییەی کە جوتیار بەرانبەر بە کرێ ملکەچدەبێ. هەردوولایان لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە پێنج یەکی ئەوەی بەرهەمهاتووە لەخورما بۆ جوتیار بێت. ئەو کەسەی کە ئەم پێنج یەکە وەردەگرێت وەنەبێت تەنها بەکاری کشتوکاڵییەوە وازی لێبهێنرێت، بەڵکو دەبێت کاری خزمەتکارییش بکات لای گەورەکەی تا لەبەرامبەردا هەندێ دیاری بداتێ و پارێزگاری بکات.

ئەم رەوشە پڕ لە کۆیلەیی و چەوساندنەوەیە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێکەوتنەمان بۆ ڕاڤە دەکات کە هەندێك جار کەسی خاوەن پێنج یەکەکە لەڕێگەی راکردنەوە ئەنجامیدەدا. لەو ئامرازە سەختانەی خاوەن زەوییەکە دەیگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتی راکردنە رونەدات ئەو ئامرازەیە کە گوتاری کۆمەڵایەتی باو پێی دەڵێت "الحنّانة": واتە بەخشیشێکی پڕ لە سۆزو بەزەیی. لەڕاستیدا ئەم ناوە زیاد لە کینایەو مانایەك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەم ناوە پەردەپۆشی هەموو کارە پڕ لە توندوتیژیی و زۆرداریەکە دەکات بەدەمامکی ئەو کارە پڕ لە خێرو چاکانەی کە لەرێگەی بەها رەمزییە باوەکانی ئەو کۆمەڵەیەوە خۆی سەپاندووەو جێگەی رێزن. پوختەی بیرۆکەی "الحنّانة" لەوەدایە کە هەر پێنج یەکەکە بەیەکجار نەدرێتە ئەو کەسە. بەڵکو خاوەنەکەی هەمیشە بەشێك لەو پێنج بەشە لای خۆی گلبداتەوە بۆ ئەوەی رانەکات و ئەو کەسەشی دواتر جێگەی کەسە راکردووەکە دەگرێتەوە دیارییەکی بێ نەزاکەتی بداتێ. ئەو بەشەی کە بەم شێوەیە بەکاردێت پێی دەوترێت "الحنّانة". ئەگەر لەدیدگایەکی شیکارییانەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و چەوساندنەوەوە سەیر بکەین دەبینین کە "الحنّانة" بریتییە لەزەوتکردن و بەتاڵانبردنێکی دوو لایەنە (بەتاڵانبردنی هەریەك لەکرێکارەکە خۆی و ئەوەشی دێتە جێگەی). بەڵام ئەوەی بەلای شێوازی بەرهەمهێنانی خێزانیی باوی لای کۆمەڵە بیابانشینەکانەوە گرنگە خستنەگەڕی بێ پسان و یەکبینەی زەوییە چونکە ئەمە تاکە ئامرازێکی دەسەڵاتدارانەو تەنانەت بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتیان بەسەر کۆمەڵگادا دەبێت ئەو مانا کۆمەڵایەتیانەش بسەپێنرێ بەسەر کۆمەڵگەدا کە شەرعییەتێکی ئەبەدیی و هەتاهەتایی دەدەنە سیستمێکی پڕ لەچەوساندنەوەو نابەرابەریی.

ئەم سیستمە بەهەموو ئەو یاسا ئەخلاقی و ئایینیانەشی کەبەردەوامی پێدەدەن و دەیهێڵنەوە

دەکەونە ناو ئەو زاراوەیەی کە بیر بۆردیۆ پێی دەڵێ "هەستی پراکتیکی". ئەم وشەیە سەرلەبەری پەیوەندییە راستەقینەکانی بەرهەمهێنانو ئاڵووێرە بازرگانییەکان دەگرێتەوە، کەبەهۆی بەکارهێنانی زۆریان لەلایەن "سەرمایە رەمزییەکەی" کۆمەڵەوە[20] هەمیشە وەك چەند کردەیەکی ئەخلاقییانەی بەرزو بڵند وێنا دەکرێن. دیارە ئەمانە زۆر لەپێش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامەوە هەن، بەڵام سەرباری بڵاوبوونەوەی یاسا ئیسلامییەکەش (الشریعة) ئەمانە هەتا رۆژی ئەمرۆمان هەر بەردەوامن لەنێو ئەو کەرتە کۆمەڵایەتییانەی لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندیدان (واتە لەژێر رکێفی خەلافەت یان سەڵتەنەت یان میرنشین یان دەوڵەتی نوێدان). کەواتە پێویستە سۆسیۆلۆجیایەك بۆ دەسەڵاتی ناوەندی دابهێنێن لەپێناو دیاریکردنی رادەی بڵاوبوونەوەی یاسا ئایینییەکە بەبەراورد لەگەڵ فراوانیی ئەو ناوچانەی کە "هەستی پراکتیکی" رێساو یاسای خۆی تێدا سەپاندووە.

هەموو ئەو فەزا سیاسیو کۆمەڵایەتی - ئابورییەی کە تەنانەت لای "هەندێك لە رۆژهەڵاتناس"انیش پێی دەوترێ ئیسلامی، دوو ئاستی زۆر جیاوازو تێکچڕژاوی لەرووی رێکخستنو گوزارشتەوە هەیە کە تایبەتن بەهەموو توێژێکی کۆمەڵایەتییەوە. هەرچی ئاستی یەکەمە یان ژێرخانە رۆشنبیرییە زۆر کۆنەکەیە خاوەن بنچێکی "ژینگەیی"یەو بەهۆی بەکارهێنانی بەردەوامی یاسایەکی رەمزیی دیاریکراوەوە گۆڕدراوە. ئەوی تریشیان ئاستێکی دەرکەوتووترە چونکە لەرووی مێژووییەوە تازەترە، ئەمەیان ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی ناوەندیی هەر لەسەردەمی دامەزراندنەوە سەپاندی بەسەر سیستمی یەکەمدا. ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەهەموو جێگەیەکی کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا دوو جۆر کەلتوری جیاواز لەرووی پێگە ئەنسرۆپۆلۆجییەکەیانەوە دەبینرێت[21]. لەلایەکەوە ئەو کەلتورە بەرابیەی کە ئیسلام زۆر بەتوندی سوکایەتی پێکردو ناوینا "الجاهلية": کەبەپێی وشەکە واتە زەمەنی جەهلو نەزانی. لەڕاستیدا ئەم کەلتورە بریتیە لە "فیکری وەحشی"(بەمانا شتراوسییەکەی)و رۆشنبیرییەکی هۆڤیانەو مومارەسەیەکی هۆڤیانەی کۆمەڵگەی عەرەبی، بەتایبەتیش ئەو کۆمەڵگە خەڵوەتنشینییەی کە هیچ کام لەنووسینو دەسەڵاتی ناوەندییو یاسای هاوبەشو زمانێکی یەکگرتووی نەناسیوە. بەڵام ئەو کەلتورە ئیسلامییەی کە قورئان ئاوەڵای کردووەو دەوڵەتی مەدینەی محەممەد ئاوایکردووە پشت بەنووسین دەبەستێت بەهەردو مانای وشەکە:- یەکەم/ نووسین بەمانای کتێبە پیرۆزەکانو، دووەم/ نووسین بەمانای چەسپاندنو جێگیرکردنی ئاخاوتنی زارەکیو شەفەویی لەرووی شێوەی نووسینو پیتەکانەوە، ئەو چەسپاندنەی کە دەبێتە مایەی پێکهێنانی ئەرشیفو سەرکەوتنی (ئەقڵی نوسینەوە- العقل الخطي الكتابي)[22]. ئەویش دیسانەوە هەر پشت بەو یاسا گەردونییە دەبەستێت کە لە قورئاندا کۆکراوەتەوە لەگەڵ زمانی عەرەبی رەسمیو ئەو فەرهەنگە شارییەی کە نوخبەی پابەندو گرێدراو بە ستراتیژەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت دەرەقەتی دێتو بەرهەمی دێنێت. لێرەوە لەوە تێدەگەین کە چۆن هەردوو کەلتورەکە { واتە کەلتوری سوننیو شیعی} لەهەموو جێگەیەکو هەتا ئێستاش لەحاڵەتی پێشبڕکێی یەکتردان.

چوونەناویەکو دژایەتیکردنی ئەم دوو کەلتورە بۆ یەکتری ئەو دوو شتەن کە لەلایەکەوە دیالەکتیکی کۆمەڵایەتی - مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیانە دیاریدەکەن کە دیاردەی قورئانیان بەرکەوتووەو لەلایەکی تریشەوە ئەم کۆمەڵگەیانەش دەبەن بەرێوەو حوکمی بەسەردا دەکەن. گوتاری ئیسلامی هاوچەرخیش

لەهەوڵی ئەوەدایە مێژووی هەنوکەیی ئەو کۆمەڵگەیە لەناو سەردەمی دامەزراندندا بڕوێنێت لەپێناو ئەوەی دابڕانێکی مێژوویی دوو جەمسەرە بچەسپێنیت لەگەڵ پێکهێنانی ناوچەیەکی فەلسەفی لەوەی کە بیری لێناکرێتەوە (یان بیرکردنەوە لەبارەیەوە قەدەغەیە). ئەم کەلتورە بانگەشە بۆ دابڕانێکی کۆتا لەگەڵ ئەو کەلتورگەلە بەراییەدا دەکات کە دەیەوێت خۆی لەسەر شێوەی ناسنامەیەکی رۆشنبیری راستەقینە بژێنێتەوە. هەروەها ئەم گوتارە بانگەشەی دابڕان دەکات لەگەڵ ژیاری ئیمپریالیزمو ماددییەتی رۆژئاوادا. لەڕاستیدا ئەم کردەوە نامەنتیقی، ناواقیعییەتە مێژوویی و سۆسیۆلۆژیی و رۆشنبیرییەی لەم رەفزکردنەوە دوو جەمسەرییەدا هەیە شتێکی زۆر ئاشکرایەو پێویستی بەسەلماندن نییە. ئەمە نیشانەی بەرفراوانی ئەو پانتاییەیە کە بیری لێناکرێتەوەو گریمانەکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ لەزەروورەتی خۆیەوە چەسپاندونی. بەمجۆرە سەردەمی دامەزراندن وەك ئەوە دەردەکەوێت کە لەدەرەوەی هەلومەرجی ئالۆگۆڕە ماددی و شێوەکانی چەوساندنەوەو ئەو گوزارشتەوە بێت کە لەهەموو قۆناغە مێژوویە دیاریکراوەکاندا ئەو میکانیزمە راستەقینانە دیاریدەکەن کە دەبنە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی. ئەم سەردەمە خۆی وەك سەردەمێکی ئایدیالی دەردەخات وەك ئەوەی لەسەروو مێژووەوە بێت. ئێمە پێمانوایە ئەو سەردەمەی کە لەدوای مردنی پێغەمبەرەوە خۆی وەك سەردەمی دامەزراندن دەرخست ئەستەمە لەو شیکارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفییە قوتاری بێت بەو سیفەتەی کە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراوی کۆمەڵگەی حیجازە. لەڕاستیدا سەردەمی دامەزراندن کاریگەرییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی بەسەرەوەیە بەجۆرێك کە ئەگەر رێ لەتوێژینەوە زانستییەکەی بگیردرێت ئەوا بەردەوامبوونی دەبێتە هۆی بەئەبەدیکردن و بەشکۆکردنی. زانستەکانی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی ئاسۆو دیدگەلێکی فراوان و دەوڵەمەندیان لەبەردەم هەریەك لەفیکری (هۆڤی یان بەهۆڤیبوو) و هۆشمەندی ئەفسانەیی و گوتاری ئاینییدا کردۆتەوە.

ئەم دیدگایانە لەزانستی پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدە ناچن سوکایەتی بەخونچەی دەلالەت و ماناکان بکەن بەڵکو لەبری ئەوە هەڵدەستن بەکردنەوەی دەرفەت و بوار دەرەخسێنێت بۆ یەکخستنی کایەی مەعریفە و چاوخشاندنەوە بەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو مەعریفە کۆنەی لەسیستەمە تیۆلۆژی و فەلسەفییە کلاسیکی و وتەزاو جموجۆڵەکانی کەوتوونەتەوە. بەم شێوەیە ئەوە بەدیدەکەین کە پێدەچێت خوێندنەوەی سەرلەنوێی قورئان شوێن و جێگەی ئەو زمانە ئاینییەمان بۆ دیاریبکات کە بۆ هیچ شتێکی تر کورتناکرێتەوەو بگرە دەتوانێت توانای خۆی لەچوارچێوەی زانستی نوێشدا تاقیبکاتەوەو بیسەلمێنێت. جا لەو کاتەدا دەکرێت پرسیارگەلێکی نوێی وا پێشنیار بکەین کە بتوانن رۆڵی فرمانە ئەفسانەییەکە بگێڕن بۆ دیاردەکان و مێژوو نەك دژایەتیکردنێکی زۆرەملێیانەی ئەو رووە ئەفسانەییە لەرێگەی عەقلانیەتە کراوەکەوە، بۆ نموونە لەو دەمەدا دەتوانین ئەم پرسیارە بکەین:- بۆچی ئەو زمانە ئایینییەی لەهەریەك لەقورئان و ئنجیل و تەوراتدا هەیە تەنها ئیمکانی بوونی لەکۆمەڵگەیەکدا هەیەو لەیەکێکی تردا نییەتی، یان لەرەوشێکی مێژوویيدا هەیە نەك ئەوانی تردا؟ ئەو هەلومەرجە هەستپێکراوو بەڵگەدارانە چین بۆ بوونی زمانێکی لەمجۆرە؟ رۆڵە کاریگەرەکانی لەکۆمەڵگەتازە پێگەیشتووەکاندا چین[23]؟

بەمجۆرە فیکری عەرەبی - ئیسلامی هەنوکەیی کایەی توێژینەوەیەکی نوێی لەمجۆرە دەکاتەوە، ئەویش بەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەستپێدەکات کە لەو عەقڵیەتە زانستییەی دابڕیوە کە هەموو ژیاری نوێی گرتۆتەوە.

دیاردەی ئیسلامگەریی

وەك چۆن پێشتر هەندێکیان هەوڵیاندا جیاوازی بکەنە نێوان دیاردەی تەوراتیو ئینجیلی لەلایەكو دیاردەی جوولەکەو مەسیح لەلایەکی ترەوە، ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین جیاوازی بکەین لەنێوان دیاردەی قورئانیو دیاردەی ئیسلامگەرییەوە[24]. ئەگەر ئەم مەسەلەی جیاکردنەوەیە پیشتر لەسەر دەستی زانایانی لاهوتی ئەنجامدرابێت کە تەنها بایەخیان بەپاراستنی بنەماکانی ئیمان داوە، ئەوا ئێمە لەڕێگەی چەند ئیعتبارێکی بابەتییەوە بەلگەی تایبەت بەم کارەمان دێنینەوە. بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێکیش ناکاتە ئەوەی کە قورئان لەهەموو مەرجە مێژوویی و سۆسیۆلۆجییەکانی دوور بخەینەوە بۆ خاتری ئەوەی پێیەکی زیاتر لەسەر لایەنە باڵاییەکەی دابگرین. ئێمە وای بۆ دەچین کە دیاردەی قورئانی جیایە لە دیادەی ئیسلامگەریی ئەویش بەهۆی ئەو هۆکارە زمانەوانیو سیمیائیو مێژووییانەی کە دەستیان هەیە لەسەرهەڵدانیدا.

لەڕووی زمانەوانییەوە: زۆر بەئاسانی ئەوە دەبینین کە گوتاری قورئانی جیاوازە لەهەموو گوتارێکی تری زمانی عەرەبی. لێرەدا کە باس لەجیاوازی دەکەین مەبەستمان لەو باڵادەستییە نییە کە تیۆرەی ئیعجاز[25] پێی لەسەر داگرتووە، بەڵکو زیاتر مەبەستمان لەو دەرهاویشتە فۆرمالیو رێزمانیو مەعنەویو رەوانبێژیو ئسلوبیو ئیقاعییەیە کە تایبەتن بەقورئانو دەکرێت لەڕووی عەمەلییەوە دەسنیشان بکرێنو کەشفبکرێن. لەڕاستیدا مەجاز رۆڵێکی بەرچاوو یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لەپێکهێنانی سەرتاپا گوتاری قورئاندا. مەجاز دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی ئەو رووداوە ئەنتۆلۆژییە رۆتینانە بەرەو هەڵکشانو بەرزکردنەوەیان لەپێناو بەئەفسانەکردنو سیمۆلیزەکردنی کەشی ئەو هۆشیاریە ئایینییە نوێیەی کە مەبەستە دابمەزرێنرێتو بسەپێنرێت (= خوڵقاندنی سەرمایە رەمزییەکەی ئیسلام).

لەڕووی سیمائییەوە: گوتاری قورئانی بەگشتی پێکهاتووە لەهێڵکارییەکی دیاریکراو لەگەیاندن (واتە تۆڕێکە لەپەیوەندی بەردەوامو گەیاندنی دیاریکراو). لەم هێڵکارییەدا وەزیفە باڵاکان لەلایەن بکەر خۆیەوە پیادە دەکرێن: واتە لەلایەن خواوەندەوە. خواوەند بەبەردەوامی ئەوانە دەکات بەدوو بەشەوە کە پێغەمبەری بۆ ناردوون؛ باوەڕدارو کافر، ئەم کردەی گەیاندنەش لەڕێگەی ناوەندێکەوە ئەنجامدەدرێت کە لەیەك کاتدا خاوەن پێگەیەکی دیارو سەلبیشە(واتە تەنها وەردەگرێ) کە ئەویش: محەممەدە. ئەم کەسە گەیەنەرێکی وەحییەو هیچی تر.

لەڕووی مێژووییەوە: تێبینی دەکەین ئایەتە قورئانییەکان بۆ ماوەی بیست ساڵ هاوشانی کردە سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانی پێغەمبەر بوون. لەو کاتە کە پێغەمبەر تیایدا بەشێوەیەکی راستەوخۆو هەستپێکراو خەریکی بەجێگەیاندنی کارو ئامانجەکانی پرۆژەکەی بوو لەو کاتەدا قورئان بەرگی بەپیرۆزکردنی دەکردە بەری ئەو کارو بەسەرهاتانە لەڕێگەی بەستنەوەیان بەموتڵەقی باڵاو ئیرادەی غەیبانی یەزدانەوە. بەمجۆرە هەرچی مێژوو و ناوی شوێنو ناوداران و رووداوە تاکەکانە لەئایەتەکاندا سڕدراونەتەوە بۆ ئەوەی سیفەتی مێژووییان لێدامالرێتو داوا لە "هۆش" کراوە، کە پێی دەگوترێت دڵ یان کرۆك یان عەقڵو هەست، کە

هەموو شتێکی ئەم جیهانە بەزۆر ببەستێتەوە بە ئەفرێنەری مەزنەوە[26] . قورئان هۆشیارییەکی تایبەت بەجیهانو مێژوو دەلالەتەوە دەخولقێنێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین دواترو بەدرێژایی سەدەکان تێگەیشتنو گوزارشتەکانی باوەڕداران بەرامبەر بەجیهان مەرجدار دەبێت.

بەلام ئەوەی تایبەتە بەدیاردەی ئیسلامگەرییەوە مەسەلەیەکی جیاوازە. دوابەدوای مردنی پێغەمبەر گوتاری قورئانی لەڕۆڵی خۆی کەوتو ئەو هێزە رێکخەرو دروستکەرە نەمایەوە تا هۆشیارییەك لەدۆخێکی هەڵقوڵاندا لەنێو رووداوەکانەوە لەلایەن کۆمەڵی "باوەڕداران"ەوە بچەسپێنێت. وردە وردە ئەم گوتارە دەبێتە شوێنێك (یان فەزایەك)ی جێگیرو نەگۆڕ بۆ ئەوەی شتی تێفڕێبدرێت(إسقاط) یان دەبێتە چاوگو مەرجەعێكو پشتی پێدەبەسترێت. تەنانەت ئەم گوتارە وایلێهاتووە بۆ دیاریکردنی هەموو پێوەرە سیمانتیو ئەخلاقیو سیاسیو سرووتیو قەزائییەکانیش پێوەی پەیوەست دەبنو بۆی دەگەڕێنەوە، ئەو پێوەرانەی لەئێستا بەدواوە دەبێت ئاڕاستەی فیکرو مومارەسەی هەموو موسوڵمانێك دیاریبکات. بەلام دواترو لەسەردەمێکی جیاواز ترو لەیەك کاتدا هەموو ئەو جۆرە وێناو چەمكو فیکرانەی تێفڕێدراوە کە لەناوەندە کۆسمۆپۆلیتیەکانی سەنتەرە شارییە نوێکاندا (دیمەشق، بەغدا، بەسرە، هتد...)دەرکەوتوون. من پێموایە مەسەلەی گواستنەوە لەدیاردەی قورئانییەوە بۆ دیاردەی ئیسلامگەرییە لەسەر دوو ئاستی جیاوازو پێکەوە بەستراو رووەدات:-

1- لەسەر ئاستی دەوڵەتو دامەزراوەکان یان کردەی تواندنەوەو دەمجکردنی ئایدیۆلۆژیانەی کۆمەڵەو کۆمەڵگەکان (دەمجی ئەمانە لەناو بۆتەی ئوممەی ئیسلام یان ئیمپراتۆریەتی ئیسلامدا).

2- لەسەر ئاستی دەسکەوتە عەقایدیو رۆشنبیرییەکانو ئاستە سایکۆلۆژییە تاکەکەسیو کۆییەکان. لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئیسلام فاکتەرێکە بۆ گۆڕینو ئاڵوگۆڕ، بەلام ئەو وەك خۆی لەڕێگەی چەند فاکتەرو شتگەلێکی دەرەوەی خۆیەوە دێتە گۆڕین. چەندێکیش لەسەرچاوە سەرەتاییەکەی خۆی دوورکەوتبێتەوە ئەوەندە سۆزی گەڕانەوە بۆ بێگەردییە لەدەستچووەکەی زیدەتر بووەو لەگەڵیدا ساتەوەختە مێژووییە سەرەتاییەکەش بەهەمان ئەندازە گۆڕاوە بۆ ساتەوەختێکی ئەفسانەیی سیخناخ بەهەموو ئەو بەها راستەقینەو ئامرازە ئەکتیڤانە بۆ رزگاربوونی لەو دونیا[27]. دیارە دەوڵەتو دامەزراوە رەسمییەکان بەشێوەیەکی زیاتر ناسراون چونکە هەر زۆر زوو سەرنجی مێژووناسە موسوڵمانەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوەو بۆتە بابەتێکی سەرەکی بۆ خوێندنەوەی بڵاوکراوە ساڵانەییەکانو مێژووی رووداوەکان لای رۆژهەڵاتناسەکان. لەم چەشنە نووسینانەدا باس لەحوکمو فەرمانڕەوایی ئەو سولالەو فەرمانڕەوا یەکبەدوایەکانە کراوە کە "ئیسلام"یان کردۆتە بەهانەو پەردەپۆشێك (واتە بەرگێکی شەرعی کردۆتە بەر دەسەڵاتەکە). بەم شێوەیە بیرۆکەی هاوکاریو پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسیو ئایین بڵاوبۆوە. مێژوونووسانیش تەنها لەڕوانگەی ئەم دوو ترۆپکەوە سەیری مێژوویان کردووەو نووسیویانەتەوەو بەمەش دیدگا رەسمییەکەیان بەهێز کردووەو هەموو ئەو پانتاییانەی کە نەچوونەتە ژێر رکێفی دەسەڵاتە رەسمییەکەوە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت فڕێیان داوەتە ناو بازنەی لەبیرچوونەوەو فەرامۆشیانکردووە. لەبەرئەوە ئەمڕۆ ئەوە بەپێویست دەزانین کە ئەو مێژووانەی پەیوەندییان بەدیاردەی ئیسلامگەرییەوە هەیە سەرلەنوێ بنووسرێنەوە ئەویش لەمیانەی دروستکردنی

هاوئاهەنگی‌و پەیوەندی لەنێوان ئەو میتۆدە مێژوویەی کە بایەخ بە لێتوێژینەوەی گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕ بەپێی زەمەن دەدات لەگەڵ ئەو میتۆدە ئەنترۆپۆلۆژییەی گرنگی بە لێتوێژینەوەی بونیاد[28] دەدات لەساتەوەختێکی جێگیرو دیاریکراودا.

ئەوەندەی پەیوەندی بەمەغریبی گەورەوە هەیە، سەیردەکەین ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی لەمەغریب‌و تونسدا جۆرێك لەبەردەوامی بەخۆوە دیبێت، ئەوا مەسەلەکە لەجەزائیر بەجۆرێکی ترە. دەتوانین بڵێین کە ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە لەهەموو شوێن‌و جێگەکاندا هەر بەشلۆقی ماوەتەوەو بەردەوام جێگەی هەڕەشە بووە لەلایەن ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە ناچنە ژێر رکێفی دەسەڵاتە رەسمییەکەوە، لەکاتێکدا ئەم هێزانە هەتاوەکو سەدەی نۆزدەهەمیش بەشێکی گەورەیان لەجەستە هەمەکییەکەی کۆمەڵگە پێکهێناوە. هەروەها دەوڵەت هەرگیز لەپرۆژەی دەمجکردن‌و تواندنەوەی سەرلەبەری دانیشتووان پاشگەز نەبۆتەوەو ئەمەشی لەڕێگەی ئەم سێ هێزەی خوارەوە ئەنجامداوە- نووسین وەك جیاکردنەوەیەکی لەکەلتوورە شەفەوییەکەی کۆمەڵگە خێلەکییە کەرتبووەکان، لەگەڵ ئەو فەرهەنگە شارییەی کە پیاوانی ئایینی بۆ جیاکردنەوە لەفەرهەنگی میللی بەرهەمیانهێنا، لەگەڵ ئەو ئەرسەدۆکسە ئایینییەی کە زاناکان لەدژی بیروباوەڕی هەرتەقی دروستیان کرد. بەڵام هەتا هاتنی سەردەمی سەربەخۆییش سەرجەم رایەڵەو پەیوەندییە خێڵەکی‌و فەرهەنگی‌و نەریتە ناوچەییەکان‌و ئەو بیروباوەڕانەی لەپێش ئیسلامەوە هەبوون بەرهەڵستی ئەو هێزە رەسمیانەیان دەکرد کە دەیانویست قووتیان بدەن‌و بیانتوێننەوەو دەمجیان بکەن بەخۆیانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە بەشداریان کردووە لەپێکهێنانی ئەوەی کە بەگشتی پێی دەڵێن شارستانییەتی ئیسلامی[29].

خۆ وەنەبێت ئاست‌و (لایەنە) عەقائیدی‌و فەرهەنگی‌و سایکۆلۆژییەکانیش کەشف نەکرابن بەڵام بەهۆی گریمانەکانی مێژووی رەسمی‌و فیکری رەسمییەوەیە. زیاتر وابا‌و بووە بایەخ بەو کەسایەتییە بەناوبانگو نووسراوە مەزنانە بدرێت کە وەڵامیان بەپێداویستییەکانی نوخبەی سیاسی‌و ئابووریی داوەتەوە، لەکاتێکدا ئەمانە زۆرجارو لەناو هەموو کتێبەکاندا خۆیان دووبارە دەکەنەوە. بەم شێوەیە دەبینین مێژوویەکی شکۆدارو ئایدیالی‌و تایبەتمەند خولقاو رۆجیە گارودی لەدوای گۆستاف لوبۆنەوە نموونەیەکی پێشکەش بەم مێژووە کردو سەرکەوتنی بەدەستهێناو ئەمەش لەلایەن جەماوەری موسوڵمانەوە مانای خۆی هەیە.

هەریەك لە ڕووە ئایدیۆلۆژییەکەی ئەم سەرکەوتنەو ئەو فشارەی دەیخاتە سەرمان ناچارمان دەکات بەوەی کە ئەمڕۆ لەهەموو کاتەکانی رابوردوو زیاتر جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو حەقیقەتەی کە فیکری زانستی کردوویەتیە ئامانجی خۆی لەگەڵ ئەو حەقیقەتە سایکۆلۆژی- کۆمەڵایەتییەی کە بزاڤە جەماوەرییەکان بەزۆری زۆردارەکی دەیسەپێنن[30] . هەموو کۆمەڵگەیەك دەست لەرابوردووی خۆی پاندەکاتەوەو خوازیاری یارمەتییە لێی بۆ ئەو ململانیە ئایدیۆلۆژییانەی کە لەدەمی ئێستادا هەیەتی‌و تیایدا دەژی. ئەو مەترسیەشی کە هەڕەشە لەکۆمەڵگە عەرەبی‌و ئیسلامییە هاوچەرخەکان دەکات خۆی لەوەدا شاردۆتەوە کەبواریکی زۆر کەم دەدرێتە ئەو رەخنە فەلسەفی‌و زانستییەی کە پێی لەسەر ئەو هێزو کارو میکانیزمە جۆربەجۆرانە داگرتووە کە قەدەرە مێژوویەکەی ئاراستەی دەکات[31]. پێداگریی زۆر لەسەر بوونی عەقڵانیەتێکی خاوەن گەوهەری ئیلاهی بەشێوەیەکی بەردەوام مێژووی ئیسلام ئاراستەو دەوڵەمەند دەکات‌و لەپاڵیدا ئەو خەیاڵە دەستەجەمعییە فراوان دەکات کە وێنا

ئایدیالیە دووبارەبووەکان بەجۆرێك چەشەی دەکەن کە لەگوتارە خرۆشێنەرو جۆشدەرەکان دەربازی نابێت. مەبەستم لەمە ئامۆژگاری مزگەوتەکانو کۆنگرە گشتییەکانو وتارەکانی ناو رۆژنامەو گۆڤارو گوتارە رەسمیو نووسینە دووروەکانی نووسەرە رۆژئاواییەکانە کە چەند مەبەستێکی جۆراوجۆریان هەیە...

مەسەلەی خەیاڵ یان خەیاڵدان هێشتا ئەو شوێنەی نەدۆزیوەتەوە کەشایەنیەتی بۆ وەسفکردنو توێژینەوەی مێژووی فیکری ئیسلامی. ئەو بەکارهێنانە زۆر تایبەتەی ئەم وشەیە (واتە خەیاڵدان) کە هنری کۆربان بەسەر فیکری ئێرانیدا پیادەی کردو بووە خەسڵەتێکو تیایدا سەرنجی خستە سەر رەهەندێکی سەرەکی لەهەموو فەرهەنگو کۆمەڵگەیەکدا[32]. لێرەدا ناخوازین بگەڕێینەوە بۆ ئیشکالیەتێکی فەلسەفیانەی قەبە کە هێشتا لەبەردەم مشتومڕدا کراوەیە. تەنها ئەوەندە دەڵێین کە ئەو خەیاڵەی لێرەدا مەبەستمانە دەچێتە ناو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکەوە بەگشتی[33].

خەیاڵ نە لەجیهانە خەیاڵییەکەی (فەلسەفەی رۆژهەڵاتی)دا قەتیس دەکرێتو نە بەو "خەیاڵدان"ەش کە عەقڵی کلاسیکی چالاك لەکایەی مەسیحیەتو ئیسلامی سوننیدا دووریخستەوە[34]. هەردوو لە جۆرج دۆبیو کاستریادس رۆڵی خەیاڵ، "یان خەیاڵدان"یان دەرخست لەدامەزراندنی سیستەمو دیدگایەکی دیاریکراودا کە وەك چیمەنتۆیەکی کۆنکرێتی دەبێتە هۆی پێکەوە بەستنی گروپێك یان میللەتێك یان گەلێك، یەکەمیان (واتە جۆرج دۆبی) تایبەتە بەچاخەکانی ناوەڕاستو، دووەمیان (کاستریادس) دەربارەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانە. خەیاڵ هەموو ئەو وێناو دەلالەتانەی پێدەگات کە مێشك سەرگەرمدەکەن، لەکاتێکدا ئەمانە شتگەلێکی هەستپێکراوو واقیعیش نینو شێوازێکی عەقڵییانەی رێکخراویشیان نییە، ئەوەندە هەیە خەیاڵ زۆر لە واقیع واقیعیانەتر دەردەکەوێت چونکە بزوێنەری گشت هەڵسوکەوتەکانی تاکو کۆمەڵە[35].

فیکری تیۆلۆجیو فەلسەفی کلاسیکی لەمەسیحیەتدا، هەروەك لەئیسلامدا، کایەیەکی دیاریکراوی بۆ هەموو ئەو شتانە هێنابووە گۆڕێ کە دەشێت بیریان لێبکرێتەوە تاوەکو بتوانن رۆڵی خۆیان بەپێی ئەم دووالیزمە سادەو دژبەیەکانە بگێڕن: خێر/ شەر، راست/ هەڵە، عەقلانی/ ناعەقلانی، جوان/ ناشرین، باوەڕدار/ بێباوەڕ، ئەرسەدۆکس/ بیدعە، هتد... بەمجۆرە چەند وتەزایەکی جەوهەرگەریانە پێکهاتو خەڵکی بۆ ماوەیەکی درێژ وایاندەزانی کە ئەم وتەزایانە دوادەسکەوتی عەقلانیەتن، لەکاتێکدا ئەمانە زۆر بەتوندی پەیوەستن بەخەیاڵەوە. هەربۆیە پێویستە چاو بەهەموو زانستە ئایینییەکانی ناو ئیسلامدا بخشێنرێتەوە لەچوارچێوەی ئەم ئاقارە بۆ ئەوەی کاتی سەرهەڵدانو شوێنیان نیشانبدەین. ئەمەش ئەو پرۆژەیەیە کە من تێیچووم ئەو کاتەی قسەم لەسەر "رەخنەی عەقڵی ئیسلامی" کرد[36].

با لەنموونە فرە دەوڵەمەندەکەی ژیاننامەی پێغەمبەر رابمێنینو وردبینەوە. یەکێك لەو ژیاننامە کۆنانەی بەدەستمان گەیشتووە ئەوەی ئیبن ئیسحاقە (150 ك / 767ز مردووە) کە لەلایەن ئیبن هیشامەوە (218ك / 833ز مردووە) نووسراوەتەوەو راستکراوەتەوە. پرۆسەی دروستکردنی وێنە رەمزییو بەپیرۆزکراوە ئایدیالییەکەی محەممەد بەدرێژایی زیاتر لەسەدەیەکو لەنێو ناوەندی باوەڕداران و لەژێر کاریگەریی چەند فاکتەرێکو بەگوێرەی میتۆدە رۆشنبیرییە دارەکییەکان بەردەوامبوو. ئەم گواستنەوەیە بۆ کەلتورێکی نووسراوە لەسەر دەستی ئیبن ئیسحاق هەموو

شـوێنەوارەکانی کـەلتورە شـەفەوییەکەی لـەو ژیاننامەیەدا نەسرپیوەتەوەو پێـوەی دیـارە. بـەڵام دەبێت ئـەوەش بگوترێـت کـە ئـەم گواسـتنەوەیە قۆنـاغێکی نوێیـە لەپـەیوەندی موسـوڵمانەکان بەسـەردەمی دامەزراندنـەوە. دواتـر دەبینـین ئیـبن هیشام پەیڕەوی جۆرێك لە "ضبط التأريخي" کردووە بۆ حیکایەتو ریوایەتەکان کە ئەوانـەی پێش خۆیـان گوێیـان پێنـەداوە. بـەڵام سـەرجەم چـیرۆکو شـایەتیەکان لـەژێر رکێفـی میکانیزمـەکانی بەرهەمـهێنانی ئـەو مانایـەدان کـە تایبـەتن بـە گێڕانـەوەوە زیـاتر لـەوەی پابـەندبن بـە رێسـاکانی نووسینی مێژووەوە زیادەڕەوی لەخـەیاڵی میللیـدا لەڕووی دەلالەتو حەقیقەتەوە هیچ جیاواز نییـە لـەو رەگەزانەی کە لەدیدگای نوێمانەوە بۆ مەعریفە پێیان دەڵێین "مێژووگـەریی". هۆکارەکەشـی ئەوەیـە کـە خـەڵکی ئـەو سـەردەمە - تەنانـەت زۆر لـە تەقلیدییەکانی هاوچەرخیشمان - پـەییان بـەجیاوازی نێـوان ئەفسـانەو مێـژوو نـەبردووە. مێژوونووسـی پۆزەتیڤیسـت (= رۆژهـەڵاتناس) لەسـەدەی نۆزدەهەمدا ژیاننامەی پێغەمبەری خوێندۆتـەوە دوای ئەوەی هـەرچی ویستووە بەشـێوەیەکی بەرنامەڕێژو لـەچوارچێوەی حوکمـە زۆردارەکیەکـەی لایـبردووە لەژێر بیانووی ئەوەی ئەو پێـی دەڵێـت "خورافـات". بـەمجۆرە ژیاننامەیـەکی "زانسـتی" لـەبارەی پێغەمبـەرەوە نووسـیوە، واتـە ژیاننامەیـەکی دوور لەگومانو پاکژ لەهەموو ئاوەژووکردنەوەیەکی واقیـعو بەدەر لەهەموو جۆرە بەرزکردنەوەو هەڵکشانێك..

بـەڵام ئـەم بەبـەرزڕاگرتنو بەپیرۆزکردنـە هـەتا ئـەمڕۆش لـەکوانووی خـەیاڵی دەسـتەجەمعیانەی ئیسلامیدا دەژیو بەردەوامـە. بـەڵام لەڕاستیدا ئـەم بەشـە "خورافـی"یـە لەژیاننامـەی پێغەمبـەر زۆر بەکەڵکو پڕ بایەخە ئەگەر بمانەوێت توێژینەوە لەمـەڕ سـەرهەڵدانە مێژوویـیو سـایکۆلۆژیەکەی هۆشـیاری ئیسلامی بکەین. لـەجیاتی ئـەوەی خۆمـان سـەرقاڵی ئەو دژایەتییە نەزۆکەی نێوان مێژووی پۆزەتیڤیزمیو ئیخـتزالی لەلایـەکو کۆمەڵـە عـەقائیدێکی میللـیو هاتوهـاوارو موباڵەغـە بکـەین لەلایـەکی تـرەوە کـە لەهـەموو راستییەکی خـۆی بەتاڵکراوەتـەوە، ئـەوا دەکرێت لەمڕۆدا کایەی مەعریفی یەکبخەین لەڕێگـەی سـەرلەنوێ خوێندنـەوەی ژیاننامـەی محەممـەد یـان عـەلی یان مـەهدی یـان پیاوچاکـانو وەلیەکانـەوە، ئەویش لەچوارچێوەی ئەم سێ ئاراستەیەدا:

1- سـەرچاوەی دەروونـیو کۆمەڵایـەتیو فەرهەنگیی خەیاڵی ئیسلامی باو. پاشـان ئەرکـەکانی ئەو خەیاڵەو ئاسـتی بەرهەمـهێنانی[37]. مەبەسـتم لـە "بەرهەمهێنان" ئەو هێزە جۆشدەرو بزوێنەرەی وێنـا کۆییەکانـە لـەناو بزاڤـە مێژوویـیـە مەزنـەکانی وەك شۆڕشی عەباسی یان بزاڤی ئیخوان موسلمینی ئەمڕۆ یان "شۆڕشی ئیسلامی" لەئێران...

2- هونـەری گێڕانـەوە یـان شـێوازی گێرانـەوە کـەوەك پێگەیـەك "یـان ئـامرازێك" وەرگـیراوە بـۆ بەرهەمـهێنانی هـەموو دەلالـەتێك کەخـەیاڵ بەشـێوەیەکی تایبـەتی بـەهێزدەکات(مەبەسـتم لەسـیمیائیەتی گێڕانـەوەو دەرهێنـانی شـانۆیی حیکایەتو چنینی رووداوە واقیعییەکانە بەمەبەسـتی پێکـهێنانی دیدگایـەکی دیـاریکراو یـاخود بـۆ بەهێزکردنی هەندێك باوەڕو، بەرزو پیرۆزکردنی چـەند بەهایـەکی دیـاریکراو یـاخود گۆڕینـی رووخسـاری رابـوردوو لـەپێناو ئـەوەی بەسیسـتمێکی تـازەی باوەڕەکـانو مومارەسـاتە مێژوویـیەکانـەوە گرێـی بدەیـن. ژیاننامـەی پێغەمبـەر دوای قورئـان ئەمـەی بەرامبەر بەجاهیلیەت کرد).

3- ئـەو هەلومەرجـە مێژوویـیو فەرهەنگییـەی دەسـتیان هەیـە لـە ئـاڵوگۆڕپێکردنی خـەیاڵێکی دەستەجەمعی دیاریکراوو گۆڕینـی. لەمـەدا مەبەسـتم لەپرۆسـەی پەرینەوەیـە لـەقۆناغی "خورافـە" یـان

"ئەفسانە" یان ڕێوڕەسمو سرووتەوە بۆ قۆناغی مێژوو لەگەڵ مانای ئەو پەرینەوەیەو شەرعیەتەکەی. مەبەستم لەپەرینەوەیە لەو قۆناغەی کە خورافە وەك مێژووی ڕاستەقینە وابوو بۆ ئەو مێژووە ڕاستەقینەیەی کە هەبووەو زانراوەو وەك ئایدیۆلۆژیایەك دەرکەوتووە. هەوڵدەدەین لەم خاڵەی دواییەوە ئاماژە بۆ ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگە ئیسلامییەکانو فیکری ئیسلامی بکەین[38].

ئەزموونی مرۆڤدۆستی "هیومانیزم"

دوو هۆکار واملێدەکەن قسە لەسەر ئەزموونی هیومانیزم بکەم تاوەکو چاکتر ئیسلام لەناو مێژوودا دابنرێت. هۆکاری یەکەمیان ئەوەیە ئەم ئەزموونە لەلایەن خودی فیکری عەرەبی ئیسلامی خۆیەوە لەبیرکراوەو فەرامۆشکراوە، لەو کاتەوەی کە کاردانەوەیەکی سونی لەسەدەی پێنجەمی زایینییەوە ڕوویدا (مەبەست لەو پەرچەکردارەیە لەدژی موعتەزیلەو فەیلەسووفەکانو هەموو تەوژمە فەلسەفییەکانی سەردەمی متەوەکیلو قادر ڕوویدا). ئەم ئەزموونە نەك هەر بەتەنها لەبیرکراوە بەڵکو لەدوو لاشەوە نکۆڵیلێکراوەو ڕەتکراوەتەوە، یەکێك لەوانە لەلایەن ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کەلەگەڵ ئەوەدا نین بەرگێکی هیومانی لەو جۆرەی ڕۆژئاوا بکرێتە بەر ئیسلام کەلەهەردوو سەدەی شازدەو حەڤدەدا بەخۆیەوە دی بەڵکو وایدادەنێن کەئەم ئەزموونە تەنها تایبەتە بەڕۆژئاواو بەس (جگە لەهیومانیزمی ڕۆژئاوا هیچ جۆرە تەوژمێکی هیومانی تر نییە).ئەوی تریشیان لەلایەن باڵی ئوسوڵگەریی ئیسلامی هاوچەرخەوە ڕەفزکراوەتەوە بەو دەلیلەی ئەم باڵە دەیەوێت قورسایی بخاتە سەر بنەما ئیلاهییە ڕوتەکەی پەیامی ئیسلامەوە. هەرچی هۆکاری دووەمیشیانە سەرچاوەگرتووی مەسەلەیەکی فەلسەفییە. ئەو سەرکەوتنە تەکنەلۆژییەی ڕۆژئاوا گوتاری هیومانیو تەوژمی هیومانیزمی کردە شتێکی پەراوێزییو مایەپووچ. مرۆڤیش وەك خواوەند مردو[39] هیچ پێگەیەك لەگۆڕەپانەکەدا نەمایەوە جگە لەئیرادەگەلی هێزە دەستەجەمعییەکانو ستراتیژەکانی کۆنترۆڵکردن نەبێت ئەویش لەڕێگەی پێشخستنی تەکنیکو ئاستی بەرهەمهێنانی ئابوورییەوە.لەبەرئەوە سەرلەنوێ تێڕامانەوە بە ئەزموونی هیومانیدا بۆ فیکری هاوچەرخ مەسەلەیەکی پێویستە تاوەکو بتوانین خۆمان لەهەردوو ئەو ڕەفزە ڕابپسکێنینو قوتار بکەین.

لەساڵانی نێوان (236– 442ك/ 850– 1050ز)دا ناوچەکانی عێراق - ئێران لەڕۆژهەڵاتو ناوچەی ئەندەلووس لەڕۆژئاوا فەرهەنگو ژیارێکی نوێو کراوەو داهێنەرانەی بەجوانترین مانای وشە بەخۆوە دی. لەو دەمەدا هەموو لقەکانی مەعریفە پەرەیانسەندو چەند بیریارێکی کارامەی هەست بەرز کرانەوە بەسەر چەندین کەلەپوری فیکری جۆراوجۆری هیندیو ئێرانیو سریانیو یەهودیو مەسیحیو نەبتیو یۆنانیدا. زمانی عەرەبی لەوکاتەدا وەك ئامرازێکی هاوبەش بەکار دەهات. ئیسلام کە لەگەڵ یەهودیەتو مەسیحیەتدا کەوتبووە پێشبڕکێوە بەرەوی بەو چوارچێوە میتافیزیکیو دیدگا ڕۆحییە دەدا کەسنووری هەموو فەزا عەقڵییەکەی سەدەکانی ناوەڕاستیان داگیر کرد بوو. میتافیزیکیای تەوراتی کەقورئان بەشێوەیەکی نۆژەن دایڕشتەوە پەرەیەکی فەلسەفیانەی گەورەی بەخۆوە دی ئەویش بەهۆی وەرگێڕانی چەند بڕگەیەك لەکتێبی "تساعیات"ی ئەفلۆتین بۆ عەرەبی لەژێر ناوی (أثولوجیا ارسطوطالیس). هەرچەندە لەڕاستیدا پەیوەندیشی بەئەرستۆوە نییە. بەم شێوەیە پەیوەندییەکی بەرفراوان لەنێوان ڕێنوماییە قورئانییەکانو فەلسەفەی ئەفلاتۆنی– ئەفلۆتینیو

ئەرستۆییدا پێکهات کەتائێستاش بەشێوەیەکی باش نەخوێندراونەتەوە.ئەو وەرگێڕانانەی (لەسەرەتای سەدەی سیازدەهەمەوە) راستەوخۆ لەزمانی یۆنانییەوە یاخود لەسریانییەوە کرانە عەرەبیو بەشێوەیەکی چاکو بەرچاو بڵاوبوونەوەو چەندین کتێبی سەنگینو رێکوپێکی بەشێوەی نووسینو راستەوخۆ بەزمانی عەرەبی لێبەرهەمهات. لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە باسی هەموو ئەو کەڵەناوانە بکەین کەبەشداریان لەپێشخستنی بزاڤی هیومانیزمی عەرەبیدا کردووە، بەڵکو تەنها ناوی (جاحظ) (255ك/ 868ز مردووە) دەهێنین، کەلەیەك کاتدا بەهرەی داهێنانی ئەدەبیو بوێرییەکی عەقڵی لەکەسێتی خۆیدا کۆکردۆتەوەو پرۆسەی رەخنەی خستۆتە خزمەت ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن بەتاڵکردنەوەی کەلتوری عەرەبی ئیسلامی لەئەفسون[40]، دوای ئەو بەسەدەیەك ئەلتەوحیدی (414ك/ 1023ز مردووە) هەمان پرۆژەی ژیاندەوەو قووڵیکردەوەو بەهەمان ئەندازەش دەسەڵاتی شکا بەسەر زمانی عەرەبیو عەقڵانیەتە فەلسەفیو رووداوە سیاسیو رۆحانیەتیە ئیسلامیەکاندا. بەتەنیا ئەو تابلۆ زیندووانە بەسن کە لەڕێیانەوە ژینگەی زاناو رۆشنبیرو پیاوە ئایینیو سیاسییەکانی سەردەمی حوکمڕانی بووەیهییەکانیان لەناوچەکانی ئێران- عێراقدا تیا وێنە کراوە وەك بەڵگەیەك لەبارەی دەرکەوتنی تەوژمێکی هیومانی عەرەبی. ئەلتەوحیدی یەکێکە لەو نووسەرو بیریارە دەگمەنو دانسقانەی کە بەناوی مرۆڤو لەپێناو مرۆڤدا راپەڕیونو یاخیبوون. ئەم رستە نوێیەی بەمانا هاوچەرخیەکەی وشەکە گوتووە "ان الأنسان أشكل علیه الأنسان". بەشێوەیەکی گشتی ئەو نەوەیەی کە بەنەوەی مەسکویەو ئەلتەوحیدی (340-400ك/ 951-1009ز) ناوی دێنم لوتکەی پێشکەوتنو بەرزیی فیکرێکی تاڕادەیەك کراوەو ئازادەو چەندین لێپرسراوی سیاسی مەزنی وەك (إبن العميد الأب والإبن والصاحب بن عباد وعضد الدولة) هانداو لەسەری رۆیشتن... گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بووەیهییەکانەوە لەساڵی (334ك/ 946ز) بووە هۆی داماڵینی بەرگی شەرعیەت لەبەری خەلافەتی عەباسیو دامەزراندنی سیستمی دەرەناوەند (اللامركزیە)و بەدەستهێنانی جۆرێك لەعەلمانیەت لەژیانی سیاسیدا. ئەوەی هاوشانی هەموو ئەمانە رۆیشتە پێشەوە (عەقڵی نەمر) بوو بەو سیفەتەی ئەم عەقڵە تاکە بەهرەیە کەبتوانێت مەعریفەیەکی راستو دروست بەرهەمبهێنێتو شەڕو ململانێی تایەفەگەرییەکان تێبپەڕێنێتو مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ئاشتکاتەوە(= حیکمەت)و لەناو گەردووندا دابینێت (سەیری زانستەکانی گەردووناسیو فەلەکو جوگرافیاو مێژوو رووەکو ئاژەڵناسی بکە).

بەڵام زانستی مێژوو (نووسینی مێژوو) کەلقێکی گرنگو پڕ بایەخە لەمەعریفەی عەرەبی- ئیسلامی، بەهاتنی مەسکویە (421ك/ 1030ز مردووە) قۆناغێکی شیکارییانەی گرنگی بڕیوەو دواتر ئیبن خەلدون (809ك/ 1406ز مردووە) هەستاوە بە بوژاندنەوەیو فراوانیکردووە. مەسکویە لەدژی ئەو شتانە دەجەنگا کەخۆی پێیدەگوت مێژووی ئافرەتە کەنەفتەکانو ئەفسانە هەڵخەڵەتێنەرەکان، پاشان جەختی لەسەر باڵادەستی رەخنەی سیاسیو شیکاریی ئابوری دەکردەوە. لەپاڵ ئەمانەدا هەوڵی ئازادکردنی هەردوو زانستی ئاکارناسیو سیاسەتی دەدا لەچنگ ئامۆژگارییەکانی گوتاری ئایینی پیاوسالار ئەویش لەپێناو سەپاندنی ئیشکالیەتە فەلسەفییەکەدا. ئیبن سینا (428ك/ 1037ز) کە هاوچەرخی ئەو بوو بەڵام لەو بچووکتر بوو پەرەی بەمجۆرە ئاڕاستانە دا ئەویش لەڕێگەی گەڵاڵەکردنو هەڵچنینی پەیکەرێکی فەلسەفیانەی گەورەوە کەتیایدا خەیاڵی بەپیتی ئێرانیو فیکری وردو پڕ

سەلیقەی یۆنانی بەیەکگەیشتن لەگەڵ ئەو دراوانەی لەسەرنچو تێبینی رۆژانەوە بەدەستهاتوون. هەروەها پێویستە جارێکی تریش ئاماژە بەپوختەگەلی تیۆلۆجیای موعتەزیلیانەی عەبدولجەبار (415ك/ 1025ز) و پرۆگرامی لێکۆڵینەوەو مەعریفەو رەفتارەکانی ئیخوانولسەفاو، تیۆرگەلییە زمانەوانییە بەپیتەکانی ئیبن جونەی(393ك/ 1002ز)و ئیبن فارس (395ك/ 1004ز) و سیرافی (368ك/ 995ز)و خوارزمی (391ك/ 1000ز) و ئەو جوگرافیامرۆییە بدەین کە ئەندریە میکیل وەك گەنجینەیەك کەشفی کردووە[41].

لەکاتێکدا من ئەم ناوو نووسراوو داهێنانە مەزنانەی ئەو عەقڵە دێنمەوە یاد کەتێدەکۆشێت لەدژی ئەو کۆیلەیەتیەی دووچاری مرۆڤایەتی هاتووە، لەهەمانکاتدا دەمەوێت ئەوەش دەربخەم کەچۆن کەلتورێکی فەرهەنگی ماڵی خۆی وێران دەکات بەهۆی کۆمەڵێك پرۆسەی قرتاندنو لابردنەوە کەدژ بەخۆیەتی. بۆچی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لەدوای سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە وردە وردە هەموو ئەو تەوژمە هیومانیانەی خەفەو لەبیر کردو کوشتنی کە پێشتر هاتبوونە ئاراوە؟ بۆچی لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا سەردەرهێنانێکی قەبەی ئیسلامێکی داخراوو دۆگماو دەمارگیرو ئەفسانەئامێز دەبینین؟ ئەمە ئەو پرسیارە گەورەو گرانەیە کەپسپۆڕو ئایدیۆلۆجیستە هەلپەرستەکان، ئەوانەی دنیایان قانگداوە بەچەنەبازییەکانیان لەبارەی "ئیسلام"ەوە، گوێی پێنادەن.

جا بۆ ئەوەی روونتر ئەو وێنەیە ببینین، پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان ئایینو کۆمەڵگە لەدوای سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە/ یازدەی زایینییەوە تەیبکەینو بیانپشکنین.

ئایینو کۆمەڵگە

بێگومان پەیوەندییەکانی نێوان ئایینو کۆمەڵگە تەنها تایبەت نییە بە ئیسلامەوە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان پێویستییان بەسیستمێك لەباوەڕو بەهاو زانین هەیە بۆ بەهانەهێنانەوە بۆ "سیستمەکەیان"و مسۆگەرکردنی شەرعیەتو پاراستنی. ئەوە ئایین بوو هەتاوەکو دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا عەلمانییە نوێکان ئەم بەهانە هێنانەوەیەی بۆ سیستمەکە مسۆگەر دەکردو ئەم کارەش هەردەبوو ئەو بیکردایە. تائێستا توانیومانە ئەوە دەربخەین کە چۆن دیاردەی قورئانیو دیاردەی ئیسلامی رۆڵی خۆیان بینیوە وەك مۆدێلێك بۆ کاری مێژوویی‌و چاوگێك بۆ بزاڤە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانو زانایانی ئایینی. گشت قوتابخانە جۆراوجۆرەکان لەدوای سەدەی پێنجەمەوە بەردەوامبوون لەسەر بانگەشەی پابەندبوونیان بەو مۆدێلەوە{مۆدێلی ئیسلامی} بەڵام بەپشتبەستنیان بەدەقە "رێکوڕاستو ئەرسەدۆکسییەکان" دوای ئەوەی چەندین کاری بژێریی‌و لابردنو هەڵوەشاندنەوەیان لەسەر ئەم دەقانە ئەنجامدا. یەکەمینیان قوتابخانە تیۆلۆجی‌و یاساییەکانی هەریەك لەسوننی‌و شیعی‌و خاریجی‌و مالیکی‌و حەنەفی‌و شافیعی‌و حەنبەلییە، کەزادەی ئەو شەڕو زۆرانبازییە سیاسی‌و باوەڕییەیە کە لەقۆناغی کلاسیکیەتدا رووپاندداوە. ئەوە بوو دواتر ئەو گۆشە نیگا ئایینیانەشیان چووە سەر کە جێگەی دەسەڵاتە ناوەندییە رووخاوەکانی گرتەوە. هەر قوتابخانەو هەر گۆشەنیگایەك لەرێگەی بەرهەمهێنا[illegible]ەوەی وتەو رێنوماییەکانی س[illegible]ەرکردەی دامەزرێنەرەوە(=پێغەمبەر) بەشێوەیەك رووکەشی‌و سەرپێییانە پەرەی بەکەلتورە تایبەتەکەی خۆیدا. ئەمەش لەمیانەی ئامۆژگارییەکانی قوتابخانەی

سکولاستیکی ئیتباعیو ڕێوڕەسمە سەختو گرانەکانەوە ئەنجامدرا. هەر ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنی میتۆدیەتی سکولاستیکیو دروستبوونی موزایەدەیەك لەلاسایی‌و چاولێکەریی[42] لەنێوان سەرانی گۆشەنیگا دژەکاندا، لەلایەن ئەوانەی لەپێناو پانوپۆڕکردنی رووبەری کۆنترۆڵی سیاسیاندا پەنادەبەنە بەر خولقاندنی وێنەیەکی بێگەردو رووڕونی ئەرسەدۆکسیەت، واتە وێنەیەکی تا بکرێت نزیکتر لەپەیامی قورئانیو ئەزموونی شاری مەدینە[43].

پێویستە وریابین لەلکاندنی ئەو شتە کتوپڕانە بەجەوهەری ئیسلامەوە بەو سیفەتەی ئایینێکو سیستمێکی عەقائیدییە. هەموو ئەم شتانە ئەو کەسانە دەیکەن کە هەمیشە بەشێوەیەکی پڕ لەتەمبەڵیو تەوەزەلی ئەم وتەیە دووبارە دەکەنەوە "دەرگای ئیجتهاد لەئیسلامدا داخراوە" لەلایەن سەروەرێکی ئایینی باڵاوە کە ناناسینو نازانین کێیە. لەکاتێکدا ئایین تەنها فاکتەرێکە لەو فاکتەرە ئەکتیڤو کاریگەرانەی سەر رەوتی مێژوویی کۆمەڵگە مرۆییەکان. کەواتە پێویستە دابەشبوونی ئەو هێزانە لەبەرچاو بگرین کە لەدەسپێکی سەدەی پێنجەمەوە لەسەر گۆڕەپانەکە هەنو چارەنووسی دنیای ئیسلامیان ئاڕاستەو پێشەوایەتی کردووە. دیمان چۆن حەزو ئارەزووی دەوڵەتی خەلافەت بۆ یەکێتیو یەکبوون لەگەڵ هاتنی بووەیهییەکان بۆ سەر تەختی دەسەڵات نەماو کوژایەوە. هەرچی تورکە سەلجوقیەکانیشە تێکۆشان لەپێناو ئەرسەدۆکسیەتێکی سوننی مەزهەبدا بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ جۆرە پلەوپایەیەك بۆ خەلافەت بگێڕنەوە. هەرچی مەغۆلیشە دامەزراوەی خەلافەتیان بەیەکجاری هەڵوەشاندەوەو لەساڵی (656ك/ 1258ز)دا سنوورێکیان بۆ داناو ئەو هاوسەنگییە شارنشینیە شلۆقەشیان تێکدا کە فەرهەنگی کلاسیکی پشتی پێبەستبوو. ڕۆژئاواش لەو کاتەدا لەهەوڵی دەسبەسەراگرتنی بازرگانی دەریاییدا بوو، پرۆسەی گەڕانەوەی ئیسپانیا لەلایەن مەسیحیەتەوە دەستیپێکرد، هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ داگیرکردنی کۆلۆنیالیزمیانە رەخساندو جیهانی ئیسلامی بەتەواوەتی دابڕیو بێهێزو زەلیلی کرد. هەر لەجەنگی یەکەمی خاچپەرستانەوە تاشەڕی نێوان عەرەب- ئیسرائیل، چەند پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بەدیدەکرێت لەنێوان ئەو هەڵکشانە بەرپێنەگیراوەی ڕۆژئاواو پاشەکشەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانو دواکەوتنیان. شتێکی ویژدانی نییە ئەگەر کاریگەری فاکتەرە ناوەکییەکان بەهەند وەرنەگرین لەم وەرچەرخانەدا، ئیبن خەلدون یەکێك بووە لەو بیریارە عەرەبە دەگمەنانەی چۆتە پاڵ ئەمجۆرە ئاقارانە لەڕەخنەگرتن. زۆر نووسراوی ڕەخنەیی هەمەجۆر لەدوای شکستی (1967)ەوە دەرچوون، بەڵام هیچیان گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە. ئەگەر چاوێك بگێڕین بەشێوەیەکی گشتی دەبینین هەتاوەکو جۆرشو خرۆشی نەتەوەیی زیادی کردبێت ئەوەندە شیکردنەوەی ڕەخنەیی یاساغو قەدەغە بووە. ئەمە سەرباری ئەوەی لەئێستادا چەندین بابەتی گرنگو ئامادە هەنو چاوەڕوانی توێژینەوەو ڕەخنەن. بۆ نموونە ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بەسەردەمەکانی رابوردووەوە لەوانە وەك: مەسەلەی بوونی بڕێکی زۆروزەبەندی کۆیلە لەناو سوپا ئیسلامییەکانداو تەنانەت لەناو خودی پاسەوانانی خەلیفەشدا. یاخود بوونی بونیادێکی خزمخواهیو ئەو ڕەنگدانەوە سلبییەی لەسەر کۆمەڵگە هەیەتی وەك دەمارگیرییە کەلەشەقەکانو شتی تری لەمجۆرە. یان شوێنو پێگەی هەریەك لەئافرەتو منداڵ لەنێو کۆمەڵگەداو سیستمی پەروەردەو مەسەلەی ئایین وەك سیستمێك بۆ دیسپلینێکی کۆمەڵایەتی. ڕژێمی دەرەبەگایەتیو وەقفو ئەو دەسەڵاتە پیرۆزەی کە نابێت دەستی تێوەربدرێت یان پێشبڕکێ

خێڵەکییەکانو ئەو دژایەتییە زیندووەی نێوان شارو لادێنشینو کۆچەرییەکان. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا، تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بەسەردەمی نوێوە هەیە وەك تەنگوچەڵەمەی مۆدێلەکانی گەشەی هاوردوو لەرۆژئاواوە، یان بابەتەکانی وەك ئایدیۆلۆژیا لاساییکەرەوە خەرەکیەکانو ئەو سیستەمەی (یان ئەو دەوڵەتانەی) کە پەیوەندیو رایەڵەکانیان بەگەلو میللەتەوە نەماوەو لەناوچووە. یان ئەو گەلەی لەتافی خۆدروستکردندایە (دیارە بەمانا نوێیەکەی) یان زیادبوونێکی لەئەندازەبەدەری ژمارەی دانیشتوانو ئابوریەکی وابەستە، هتد...

پێموایە دەکرێت لەڕوانگەی ئەم پێدراوە بەرچاوو هەمیشە فەرامۆشکراوانەوە وەزیفە راستەقینەکان بۆ ئیسلامی دوێنێو ئەمڕۆ هەڵبسەنگێنرێتەوە. ئێمە لێرەدا هەوڵ بۆ هەڵگێرانەوەیەکی سەرلەبەری ئەو میتۆدە دەدەین کە دەخوازێت هەموو دەرهاویشتەکانی بوونە کۆمەڵایەتیو مێژوویەکە لەسۆنگەی ئایینەوە "راڤە" بکات. من ناڵێم دەبێت فاکتەری ئایینی لەهەموو کەرتەکانی کۆمەڵگەداو لەسەرجەم رەوشەکاندا بکەوێتە ژێر رکێفی فاکتەرە ئابوریو سیاسیو دیمۆگرافییەکانەوە بۆ ئەوەی هەموو پەرەسەندنو گۆڕانکاریو رووداوەکانی بخوێنینەوە. هەموومان ئەوە باش دەزانین کە چۆن مارکسیستەکان بەهۆی ئەو رۆڵە مەزنەی دیاردەی ئیسلامییەوە لەماوەی دە ساڵی رابوردوودا ناچار بوون چاو بەبیروباوەڕەکەیاندا بخشێننەوە. بەڵام هێشتا شیکاریی سۆسیۆلۆجیانەی گەمەی فاکتەرە هەمەچەشنو ئاڵۆزەکان شتێکی مەبدەئیو راستەو پێویستە پێی هەستین پێش ئەوەی جۆری فاکتەرە سەرەکییەکەی ناو هەر کەرتێکی دیاریکراو یان وەرچەرخانێکی زەمەنی دیاریکراو دیاریبکەین[44].

شێوەی ئامادەییو گرنگی ئیسلام هەمیشە بەگوێرەی گروپە ئەتنیو فەرهەنگییەکانو بەپێی ناوچەکانو رەوشە مێژوویەکە گۆڕاوە. ئەم ئامادەگییەش پشت دەبەستێت بەڕادەی دووریو نزیکی لەپایتەختو دەسەڵاتی ناوەندەوە یان بەبڵاوبوونەوەی تەنها ناوەندێك بۆ فێربوون یان بەهۆی بەناوبانگی مامۆستایەکی رۆحییەوە یاخود پشت بەڕادەو ئاستی بڵاوبوونەوەی ئەو نووسینە عەرەبییە دەبەستێت کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی لەفیکری کلاسیکی تێبگات یان بەڕادەی بەرەنگاربوونەوەو خۆڕاگریی دامەزراوەکانو رادەی ئامادەگی ئەو دابونەریتو فەرهەنگە ناوچەییانەی لەپێش ئیسلامەوە هەن یاخود رۆڵی مۆدێرنەو نوێگەریی و کاریگەرییەکانی لەدوای سەدەی نۆزدەهەمەوە یان فاکتەری دیمۆگرافیاو شێوازی حوکمڕانیو تەنمییە لەدوای ساڵی (*1950*)وە.

پێویستە لەناو ئەو هەڵچوونو حەماسەتە ئایینییە گەورانەی کە نەوەی نوێی دوای ساڵی (*1950*) بەجۆشدێنن، ئەوفاکتەرانە جیابکەینەوە، هەرچەندە ئەمە کارێکی هەروا ئاسان نییە، ئەوانیش بریتین لە:

1) ئەو رەهەندە تەواو رۆحییەی بەندە بە قۆناغە پلەبەندییەکانی زوهدو ئەو پەیڕەوە ناوخۆییەی کە سۆفییەکان دەیڵێنەوە.

2) ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتییەی گوزارشتە لەپێداویستییەك بۆ هاوکاریو دڵنیایی لەدوای داڕمانی سیستمی پارێزگاریکردنەوە، بەتایبەتی دوای لەناوچوونی یاسا بەناوبانگو بەهێزەکەی "ئابرو" و "شەرەف".

3) ئەو رەهەندە سیاسییە خەباتگێڕەی لەهەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵاتدایە.

4) ئەو رەهەندە ئایدیۆلۆژییەی کە خاوەن سروشتێکی فراوانخوازیو پەلکێشانێکی بەگوڕو تینە ئەویش لەبەرئەوەی رووەکاتە ئەو میللەتانەی کە لەزێدو ریشەی خۆیان هەڵکێشراون زۆربەی جار

نـەخوێندەوارن یـان بێبەشـن لەهـەموو چەشـنە دیدگایەکی مێژوویی بەڵام سەرباری ئەمەش لەهـەوڵی جەختکردنـەوەدان لەسـەر ناسـنامەی خۆیـان لـەچوارچێوەی کـەش‌و هەوایـەکی سیاسـی‌و ئـابوری بارگەکراو بەرۆژئاوا.

کەواتـە ئێمـە قـەبارەی ئـەو کـارو فرمـان‌و بـەهاو فاکتەرانە دەپێوین کە لەلایـەن هـەندێك کەسـەوە بـە بـەردەوامی تێکـەڵ بەیـەکتری دەکرێـن‌و تەنـها بەوەندەوە دەوەستن ناوی ئیسلام بهێنن‌و وا دەزانـن بەیەکجار هەموو شتێکیان چارەسەرکردووە ! دیومانە کـە چـۆن گوتـاری ئیسـلامی هاوچـەرخ خۆزگـە بـەو تێکەڵکردنە دەخوازێت‌و بەشێوەیەکی دۆگماییانە ئەو وتەیە دەڵێتەوە کە ئیسلام ئایین‌و دەوڵـەت‌و دنیایـەو لەیـەکتری جیاناکرێنـەوە. ئـەم دروشمـە لـەلای خەباتگێڕە خۆبەحیزبیزانەکان زۆر باوی هەیـە، بـەڵام هیـچ کـاتێك شـیکارییەکی تیۆلۆجیانـەی نوێـی بـۆ نەکراوە. فیکری ئیسـلامی زیـاتر لەگۆشـە ئـەخلاقی‌و یاسـاییەکەوە بایـەخی بـەم بابەتـە داوە نـەك لـەڕووە تیۆلۆجیەکەیەوە[45]. نزیکبوونەوە تیۆلۆجیەکەی ئەم گرفتـە لـەمڕۆدا روبـەڕووی چـەند بەرهەڵسـتییەکی جیـددی بۆتـەوە لەلایـەن مێژوونـووس‌و کۆمـەڵناس‌و فەیلەسـووفەکانەوە. پێمباشـە لـێرەدا هـەندێك لەڕێگـەکان ببڕین بـەهیوای ئـەوەی لەبـەککاتدا هـەم چاکسـازی لـەو دیدگایـەدا بکـەین کـە ملکـەچی رۆژئاوایەو، هەم ئەو رەفزکردنەوەیەی موسوڵمانانیش تێپـەڕێنین‌و بچـین بـەرەو کردنـەوەی دەرگـاو دەروازەیەك بەڕووی ناوچەیەکی نوێی فیکردا.

جیاکردنـەوەی کەنیسـە لەدەوڵـەت بـەو شەڕانەشـەوە کـە لـەنێوان عەلمانیـەکان‌و پیـاوانی ئایینییدا رووياندا بەپلەی یەکـەم گوزارشـتە لەشـەڕی نێوان دوو چەمك بۆ مەعریفەو ئـەو کردە مێژوویـەی کە لەگەڵیدا دێتەوەو دەگونجێت. لەم گۆشـەنیگایەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە ئـەو موسـوڵمانانەی کردنـەوەی ئـەم دایەلۆگـە رەتدەکەنـەوە بـەبیانووی ئەوەی گوایە ئەمـە شتێکی تایبەتـە بـەرۆژئاوا، ئـەوا دەتوانم بڵێم کە ئەمانە بەمە گوزارشت لەبێدەسەڵاتی خۆیان دەکەن لەبەردەم توێژینەوەی مێژووی خودی خۆیان‌و بیرکردنـەوە لێـی بـەمانا پڕاوپڕەکـەی ئـەم وشـەیە(بیرکردنەوەیـە). راسـتە کـە ئـەو ململانـێ سیاسی‌و کۆمەڵایەتیانەی بوونـە هـۆی جیاکردنـەوەی ترۆپکـی ئـایین لـەترۆپکی سیاسـەت، خەسـڵەتێکی تایبـەتییان بەخشـیوە بەکۆمەڵگـە رۆژئاواییـەکان. هـەروەها پێویسـتە جیاوازییـەکی باشـیش بکرێـت لـەنێوان گـرەوە فەلسـەفیەکەی ئـەم مەسـەلەیە (مەبەسـتم لـەو رێگەیانەیـە کـە دەگیرێنەبـەر بـۆ تێگەیشـتن لـەواقیع‌و شـێوازەکانی‌و ئاسـتەکانی لەپاشـان دەرخسـتنی رووە مێژوویـەکـەی هـەموو کردەیـەکی مـەعریفی) لەگـەڵ ئـەو چارەسـەرییە کردەوەییانـەی کـە سـەرکەوتنی بۆرژوازییـەتی سەرمایەداری‌و پیشەسازی بەسەر کڵێسادا سەپاندی. سـەرکەوتنی بـەها عەلمانییـەکان‌و هەڵوێسـتی عەلمانیەت لەئەورووپادا تاڕادەیـەکی زۆر دەگەڕێتـەوە بۆ هەڵکشـانی بـەرەوژووری بـەردەوامی بۆرژوازیـەت‌و هەژموونـە ئـابوری‌و سیاسـییەکەی، بـەڵام ئەمـە لەئیسـلامدا بەپێچەوانـەوە رووییـدا، چونکـە ئـەو بۆرژوازیەتـە بازرگانییـەی پاڵپشـتی تەوژمـە هیومانییەکەی کردووە، لەهەردوو سـەدەی سیازدەو چواردەهـەمدا تەنـها بوونێکـی زۆر سـەرەتایی‌و کـاتی هـەبووە[46]. ئـەو رێسـا سـەربازییەی لـەوەختی بووەیهییەکانـەوە هـەموو بنەماڵـە حوکمڕانـە جۆراوجۆرەکـان پشـتیان پێدەبەسـت لـەڕووی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەوە بیـانی بـوو. هەمیشـە پەنابراوەتـە بـەر ئـەو زانـا ئایینیانـەی کـە بەهانـەو پاساویان بـۆ دەسـەڵاتە دونیاییـەکان هێناوەتـەوە لـەپێناو بەخشـینی شـەرعیەتێکی ئیسـلامی بـەو دەسـەڵاتەی کـە رەنگـە لەڕێگـەی زەبـرو

داپلۆسینیشەوە هاتبێتە سەر حوکم. لێرەدا نموونە لەسەر رۆڵی غەزالی دەهێنینەوە لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا، دواتریش باس لەئیبن تەیمیە دەکەین. هەڕەشە دەرەکیو ناوخۆییەکان رۆڵێکی زیاتریان بەخشییە ئایین بۆ جۆشدانو بەرەنگاربوونەوە. ئەگەر "جیهاد" وەك نموونەیەك بێنینەوە لەهەریەك لەسەردەمەکانی شەڕی خاچپەرستانو ئیسپانیاو کۆلۆنیالیزمی نوێدا... بەمجۆرە ئایین بۆتە چنراوێك بۆ ناسنامە کۆییەکەو فەزایەك (شوێنێك) بۆ ئەوەی هەموو هیواو ئاواتە تەبشیریو ئەودنیاییەکانی فرێبدرێتە ناو و ببێتە سیستمێك بۆ ئەو عەقیدەو زانیاریانەی کە لەگەڵ هەموو ئاستەکانی رۆشنبیریدا دەگونجێت. ئیسلام توانی لەرێگەی ئەم کارو فرمانە جۆربەجۆرانەوە لەسەر شێوازی خۆی هەموو حەساسیاتی کۆیی بەدرێژایی ماوە سکولاستیکییە ئیتباعییەکە تۆمار بکات. شێوەکانی پەیبردنو وێناو چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ئەو شتانەی کە لەم ماوەیەدا لەلایەن تیۆلۆجیای شەعبییەوە بڵاوکراونەتەوە لەمڕۆدا بوونەتە گەلێك کۆسپی گەورەی ئەبستمۆلۆژی کە تێپەڕاندنیان زۆر گرانە.

کەواتە ئێستا لەوە تێدەگەین کە نە ڕەوای حەقەو نە هیچ پاساوێکیش ئەوە قبووڵ دەکات لێپرسراویەتی جیابوونەوەی ئایین لەدەوڵەت بخەینە ئەستۆی قورئان، هەروەك چۆن ناتوانین جیاکاریی نێوان ئەم دووانە (واتە ئایینو دەوڵەت) لەڕۆژئاوادا بگەڕێنینەوە بۆ مەسیح. کارو کردەوە مێژوویەکانی مرۆڤ لەکۆمەڵگەداو ئەو ڕێبازو ڕێگەیەی بەدرێژایی مێژوو گیراوەتە بەر بۆ وەرگێڕانی پەیامە یەکەمینییەکان لێرەو لەوێ چەند چەمكو دامەزراوەیەکی جیاوازیان سەپاندووە. ئەو رۆڵەشی کە بۆرژوازیەتی رۆژئاوایی گێڕاویەتی شتێکی کاتیو راگوزەرە. مێژوو ئەو دەرفەتەی نەداوەتێ کە وەك چینێکی نموونەیی وا دەربکەوێت کە پێویست بکات لەهەموو کاتو شوێنێکدا لاسایی بکرێتەوە تاوەکو هەمان ئەو ئەزموونە دووبارە بکرێتەوە، تەنانەت وەك جەمسەرێکیش نییە بۆ حەقیقەتێکی بەرزکراوە کە دژایەتی حەقیقەتە ئایینییەکە بکات.

ئەو کێبڕکێیەی ساڵی (*1917*) لەنێوان بۆرژوازیەتی براوەو پرۆلیتاری شۆڕشگێڕدا روویدا لەئێستادا مۆرکێکی کاتیو هەنووکەییمان لەگەورەترین فتوحاتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی پیشاندەدات (فتوحاتی بۆرژوازیەت). بەڵام ئایینە یەکتاپەرستەکان پێیانوایە دەتوانن لەم سەروبەندەدا، کەسەروبەندی قەیرانی ئایدیۆلۆژیا "نوێ"کانە دەسپێشخەرییەکەی خۆیان لەمێژوودا چنگ بکەوێتەوە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ریشەییانە چاو بەو سەرچاوەو پرەنسیپانەدا بخشێننەوە کە دەستیان هەیە لەدروستکردنیداو سروشو ئیلهامی بەڕاڤەکاران بەخشیوەو بیروباوەڕەکانی دیاریکردوون. کاتێك بیریارانی موعتەزیلە داکۆکییان لەچەمکی خولقاندنی قورئان کرد لەهەستکردنیانەوە بوو بەپێویستی گرێدانی وتەو قسەی خوا بەڕەوتی مێژووەوە. ئەگەر فیکری ئیسلامی لەمڕۆدا ئەم بیرۆکەیە بگەڕێنێتەوە ئەو کاتە ئەوەندە ئامرازی بەدەستەوە دەبێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر راستگۆیانەو داهێنەرانەتر بەرەنگاری ئەو تەنگوچەڵەمانە بێتەوە کە لەهەموو لایەکەوە بەرۆکیان بەفیکری هاوچەرخ گرتووە.

** ** **

داوای لێبوردن دەکەم لەوەی بەشێوەیەکی خێرا ئاماژەم بەهەندێ لەو ناوو نوسراوو چەمكو رووداوانە داوە کە پێویستیان بەروونکردنەوەی زیاتر هەیە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی بەم مەسەلانە نامۆن.

هەروەها داواکارم لەخوێنەر کە زانیارییەکانی فراوان بکاتو چەندین سەرچاوە بەسەر بکاتەوە بۆ

ئەوەی دواتر بتوانێت ئەو پرۆسەی بیرکردنەوەیەی بگەڕێنێتەوە کە پێویستە هەمانبێت بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی کەشوهەوای ئەو شەڕە ئایدیۆلۆژییەی کە هێزە کوێرەکان لە چوار دیوارەکەیدا بەندمان دەکەن. ئەگەر کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییەکانی ئێستا بیانەوێت بگەنە ئەو ئاستە لەحەقیقەت و مەزنێتییەی ئەخلاق و ئەو جۆرە بوونەی کە قورئان بانگەشەی بۆ دەکات ئەوا پێویستی بەوەیە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بەخۆیدا بچێتەوە تاوەکو خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاستە.

سەرچاوە :

محمد اركون - وتارى الأسلام في التأريخ - لەكتێبى الفكر الإسلامي/ قراءة علمية - مركز الإنماء القومي و المركز الثقافي العربي - ترجمة: هاشم صالح - الطبعة الثانية 1996.

هەموو ئەو نووسینانەی لەنێوان دوو کەوانەی لەمجۆرەدایە { } هی وەرگێڕی کوردی خۆیەتی.

پەراوێزو سەرچاوەکان

* ڕوونکردنەوەیەکی نووسەر: ئەم توێژینەوەیە لەبنەڕەتدا وەك وانەیەك لەشاری سالزبۆرگ لە 3 ی ئابی 1983دا پێشکەشکراوە لەمیانەی ئەو ئەڵقە توێژینەوە نێودەوڵەتییەی بۆ دیبلۆماسییەکان سازدرابوو لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی دەرەوەی نەمساویدا.من وەك خۆم ئەم ناونیشانەم هەڵنەبژاردووە ئەوەندەی ڕێکخەرانی ئەم بەیەکگەیشتنە پێشنیاریان بۆ کردم و منیش پەسەندمکرد. دواتر خوێنەر لەئامانجم تێدەگات کەبریتییە لەبیرکردنەوە بەئاراستەیەکی مێژووییی لەچوارچێوەی فیکری ئیسلامیدا.من دەمەوێت مۆرکی مێژوویی و گرفتامێز لەسەر ئەو شوێنە دۆگماو عەقیدە چەندبارانە دیاری بکەم کەبەزەبری هێز لەلایەن گوتاری ئیسلامی هاوچەرخەوە سەپێنراون وەك ئەوەی ئەمانە دراوگەلێکی ئیمانین و ناکرێت قسەیان لەسەر بکرێت. لەبەرئەوەیە جەختم کردۆتە سەر فرێزی "لەنێو" مێژووداو بەمەش مانایەکی بەمێزترم داوەتێ؛ واتە ئیسلام لەمێژوودا نەك لەدەرەوەی مێژوودا.

(1) دوو نموونە هەیە لەسەر تیۆریزەی خێرای تایبەت بە سەرجەم مێژووی "ئیسلام" ەوە کە لەکێشەی کۆیلەوە دەستپێدەکات و دواتر باسیان دەکەین، سەیری:

1- لەنووسینی دانییل بایب (D.pipes):

"سەربازە کۆیلەکان و ئیسلام، سەرهەڵدانی سیستمی سەربازیی"، چاپکراوەکانی زانکۆی بیل، 1981".

2- لەنووسینی باتریسیا کرون (P.Crone) :

" کۆیلەیەك بەسەر ئەسپەکانەوە: گەشەی سیاسەتی ئیسلامی"، چاپکراوەکانی زانکۆی کامبریدج، 1980- لەپاڵ ئەم دوو کتێبەدا، لەزمانی فەرەنسیدا دوو کتێبی م. لومباریش هەن بەناوەکانی :

- ئیسلام لەشکۆیی یەکەمیدا (ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان سەدەی هەشتەم و یازدەهەمی زاینییەوە). بڵاوکراوەکانی فلاماریۆن، پاریس 1971.

- "ناوچەگەلییە جوگرافییەکان و تۆڕە بازرگانییەکان لەکۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاستدا"، بڵاوکراوەکانی موتون 1972.

(2) سەیری کتێبی بول بالتاو کلود ریلو بکە لەژێر ناوی :

- La Strategie de Boumediene, Sindbad 1978.

(3) ئەمە بەو مانایە دێت کەلەگەڵ هەموو تاوسەندنێکی قەیرانە ئابوری و دیموگرافییەکاندا گوتاری "ئیسلامی" یان ڕاستتر گوتاری ئیسلامەوی پەرەدەسێنێ و گوتاری عەقلانی لاواز دەبێ.

(4) سەیری ئەم سەرچاوە ئینگلیزیانەی خوارەوە بکە:

- Shahrough AKHAVI: Religion and politics in contemporary Iran, clergy- State relations in the Pahlawi period, state university of New York press, Albany 1980.

ئایین و سیاسەتمەداران لەئێرانی هاوچەرخدا، پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و چینی پیاوانی ئایینی

لەسەردەمی ئال پەهلەویدا. چاپکراوەکانی زانکۆی ویلایەتی نیویورك 1980.

- M. E Barine and Nikki keddeie: Modern Iran. The dialectics of Continuity and change,1980.

ئێرانی نوێ: " دیالەکتیکی بەردەوامی و گۆڕان"، 1980.

بەفەرەنسیش:

- D. Shayegan: Qu'est-ce qu'une revolution religieuse? Les presses d'aujourd'hui, 1982.

(5) چیدی ناوی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ کورتدەکەینەوە بۆ (DIC) ئەم سەرنجە تەنها تایبەتە بەدەقە فەرەنسییەکەوە).

(6) ئەمە زۆربەی ئەو رۆژهەڵاتناسانە ئەنجامیدەدەن کەهەڵدەستن بەگواستنەوەی دەقە ئیسلامییە کلاسیکیەکان یان هاوچەرخەکان بۆ زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی بەبێ هیچ جۆرە شیکارییەکی مێژوویی یان رەخنەیی.

(7) یەکالاکردنەوەی ئەم میکانیزمانەو کەشفکردنی ئەو گریمانە ژێربەژێرانەی گوتارێك ئاراستەدەکەن دوو پرۆسەی سەرەکین و پێویستە هەموو توێژینەوەیەکی رەخنەیی ئەم دوو پرۆسەیە ئەنجامبدات.. بەڵام ئەگەر سەیر بکەین دەبینین رۆژهەڵاتناسان بەداخەوە سوورن لەسەر وەرگێڕانی گوتارە ئیسلامییە کلاسیکی و هاوچەرخەکان بۆ زمانە رۆژئاواییەکان (ئینگلیزی، فەرەنسی، ..) بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی. سەیری کتێبەکەمان : " نحو نقد العقل الإسلامی" بکە لەژێر ناوی "تأریخیة الفکر العربي الإسلامي" دا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. لەناویشیدا بەتایبەتی سەیری ئەم وتارەمان بکە:" الدین والمجتمع من خلال النموذج الإسلامي".

(8) بۆ روونکردنەوەی ئەم رستەیە، سەیری : محمد ارکون: "قراءات في القرآن" بکە.

(9) ئەراگۆن زاراوەی "ئەزموونی مەدینە" لەبری وشەی ئیسلام بەکاردێنێت بۆ ئەوەی وەسفی ئەو وەرچەرخانە بکات کەپێغەمبەر محەممەد لەژیانیدا بەشێوازێکی مێژوویی بەرپایکرد.ئەو بۆیە ئەم وشەیە بەکاردێنێت تاکو بەرگی بەڵگەنەویست لەو ساتەوەختەی دامەزراندن دابماڵێت و دیوە مێژووییەکەی ئاشکرا بکا بێ ئەوەی هیچ کام لەرەهەندە رۆحی و رووە رەمزییە مەزنەکەی ونبکات.

(10) سەیری ئەم توێژینەوەیەمان بکە: " مفهوم العقل الإسلامي" لەو کتێبەی کەپێشتر باسمانکرد "تأریخیة الفکر العربي" .

(11) پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان راستی مێژوویی قورئان و راستی ئیلاهیدا. سەیری کتێبی پێشوومان بکە: "قراءات في القرآن" .

(12) سەیری وتارەکەی پێشمان "مفهوم العقل الإسلامي" بکە.

(13) ئەرگۆن مەبەستی لەوەیە عەقڵی ئایینی ئیماندار کەبەمجۆرە بنیاتنراوە مەسەلەی پراکتیزەکردنی پرەنسیپی دابڕانی ئەبستمۆلۆژی یان مەعریفی بەسەر ئەو زانستە تەکنیکیانەدا رەفز دەکاتەوە کەخۆی پشتی پێبەستووە. ئەمە لەکاتێکدا زانستی نوێ بەگشتی ئەو دابڕانە فراوان و ئاشکرایە نیشاندەدەن کەلەنێوان زماننناسی کلاسیکی و زانستی زمانی نوێدا هەیە، یان لەنێوان میتۆدە کۆنەکانی راڤەکردن و ئەو میتۆدانەدا هەیە کەراڤەی دەقەکانی ئێستا دەکەن یان بەشێوەیەکی فراوانتر لەنێوان سیستمگەلی فیکری کلاسیکی و سیستمگەلی فیکری نوێدا هەیە.

(14) هەموو ئەو نووسینانەی ئەمڕۆ ئەم بابەتە قەبەکراوە دەقۆزنەوە لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت. سەیری ئەم کتێبانەی خوارەوە بکە وەك نموونەیەك لەوە:

– التوراة والقرآن والعلم: الکتابات المقدسة ممتحنة علی ضوء المعارف الحدیثة. لەچاپکراوەکانی سیغرز 1976. دانەرەکەی موریس بوکای (M. Bucaille)ەو هەتا بڵێی کتێبێکی بێ پێزە.

رۆجیه گارودی ، وعـود الإسلام/ لـه‌بڵاوکراوه‌کانی سوی، 1981. ئه‌میشیان مه‌ر کتێبێکی بێ پێزه.

له‌م باره‌یه‌وه سه‌یری ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌مان بکه:" مشكلة التأثـيرات في التـأريخ الثقـافي طبقـاً للمثـال العربـي- الإسلامي" له‌کتێبی:

Lumieres arabes sur I'Occident medieval, Anthropos 1978.

(15) ئه‌راگۆن مه‌به‌ستی له‌و ماوه‌یه‌یه که پۆزه‌تیڤیزم مۆرکێکی ساویلکانه‌ی وه‌رگرت‌و له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا تاویسه‌ند.

(16) مه‌به‌ست له "ته‌رمیز" خوڵقاندنی که‌شێکی ره‌مزیی‌و سروتنامێزی نوێیه (= سه‌رمایه‌ی ره‌مزیی) بۆ ئه‌وه‌ی جێگه‌ی ئه‌و هێمایانه بگرێته‌وه که له‌سه‌رده‌می جاهلیه‌تدا باوبوون. له‌پاڵ دروستبونی ده‌وڵه‌تی نوێدا هێمای نوێ په‌یدا بوو.

(17) زانایانی ئایینی موسوڵمان به شه‌خسیی خۆیان له‌فه‌رمانڕه‌وایی دوورە په‌رێز ده‌گرن بۆ ئه‌وه‌ی قورسایی‌و ده‌سه‌ڵاتی ئایینییان چاکتر بپارێزن، سه‌یری :

Jacques Berque: Ulemas, fondateurs, insurges du Magreb, Sindbad, 1982.

(18) ناونیشانی کتێبێکی بیير بۆردیۆیه: الحس العملي یاخود (الخبرة العفوية المباشرة).

(19) ئه‌مانه‌ن ساڵانی خه‌باتکردن له‌پێناو رزگاری‌و سه‌ربه‌خۆییدا.

(20) سه‌بارەت به "الحذّانة" سه‌یری:

Khalil Zamiti : Sociologie de la Folie, Introduction Shamanisme Magrebine.

به‌ڵام سه‌بارەت به‌زاراوه‌ی به‌ناوبانگی (سه‌رمایه‌ی ره‌مزی) سه‌یری ئه‌و کتێبه‌ی بیير بۆردیۆ بکه که پێشتر باسمان کرد.

(21) مه‌به‌ست له‌مه:- 1/ ئه‌و که‌لتوره ناوچه‌یی‌و نه‌ریتیانه‌ی پێش ئیسلامه که تا دوای ده‌رکه‌وتنی ئیسلامیش به‌شێوه‌یه‌ك له‌شێوه‌کان به‌رده‌وامبوون(ئه‌مه‌یه یاسای مه‌ستی پراکتیکی یان یاسای ده‌وارنشینی کۆن، یاسای عه‌رزو ناموس‌و سه‌رتاپای مه‌موو ده‌رهاویشته‌کانی ژیاری شوانکاره‌یی‌و کشتیاریی).2/ ئه‌وکه‌لتوره ئیسلامییه‌ی (یان شه‌ریعه‌تیه‌ی) که به‌شێوه‌یه‌کی تایبه‌ت له‌ناو شارو پایته‌خته‌کاندا پیاده‌کراوه‌و به‌ستراوه‌ته‌وه به‌هه‌ریه‌ك له‌ده‌سه‌ڵاتی ره‌سمی‌و زمانی فوسحه‌و بیرۆکراتیه‌تی ده‌وڵه‌ته‌وه).

(22) ناونیشانی کتێبێکی پرپایه‌خی زانای ئه‌نترۆپۆلۆجی ئینگلیزی جاك گودییه‌یه:

J. Goady: La raison graphique, Minute, 1979.

(23) سه‌یری کتێبی پێشوترمان : "قراءات في القرآن" بکه.

(24) سه‌بارەت به‌و جیاکارییه سه‌یری:

M. Arkoun: La pensee arab, p.u.f.1979.

(25) یه‌کێك له‌و به‌ڵگانه‌ی که فیکری ئیسلامی کلاسیکی به‌کاریدێنێت بۆ ئه‌وه‌ی ئیعجازی قورئان بسه‌لمێنێت پێداگرییه‌تی له‌داڕشتنه زمانه‌وانییه‌که‌یدا که‌گوایه لای عه‌ره‌به‌کان هیچ شتێك له‌به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه‌کاندا به‌په‌رێزی ناگات: سه‌یری "ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام" بکه بابه‌تی ئیعجازو په‌رجوو.

(26) ئه‌راگۆن ئه‌م خاڵه‌ی به‌فراوانی له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا روونکردۆته‌وه به‌ناوی (ده‌روازه‌یه‌ك بۆ لێکۆڵینه‌وه ده‌رباره‌ی ئیسلام‌و سیاسه‌ت).

(27) به‌ڵام شیوه‌نکردن بۆ سه‌رده‌می ئه‌فسانه‌یی له‌سه‌ده‌ی چواره‌می کۆچییه‌وه مه‌بووه‌و ناسراوه. سه‌یری کتێبی "قوت القلوب"ی ئه‌بوتاڵیب بکه، چاپی قاهیره 1932.

28) ئه‌راگۆن له‌مه‌دا مه‌به‌ستی له‌ناوێته‌کردنی توێژینه‌وه به‌ره‌خوازییه مێژووییه‌کانه (diachronie) له‌گه‌ڵ توێژینه‌وه ته‌زامونی‌و هه‌نوکه‌ییه‌که (synchronie)، به‌مه‌ ده‌خوازێت ئه‌و ململانێیه تێپه‌ڕێنێ که له‌شه‌سته‌کاندا هه‌بوو له‌نێوان بونیادگه‌رییه‌کان‌و مێژوونووسه‌کاندا(یان ململانێی نێوان بونیادو مێژوو).

(29) لـێرەدا بـیر لـە کۆمەڵگـەکانی ئاسـیاو ئـەفریقیا دەکەمـەوە کـە چوونەتـە سـەر بـاوەڕی ئیسـلام. بـەڵام تەنانـەت لەرۆژهـەڵاتی ناوەراستیشـدا لەسـەر ئیسـلام پێویسـتبووە لەگـەڵ ئـەو شارسـتانیەتە هەمەچەشـنو دەوڵەمەندانـەدا یەکبگرێت کـە لـەوێدا دەرکـەوتون وەك شارستانیەتی سۆمەرو بابلو ماریو، هتد... ئەفسانەکانی گلگامێشو ئەسکەندەری گەورەو حەوت نوستووەکەی ناو ئەشکەوت رەنگدانەوەی روونیان لەقورئاندا هەیە. یـاخود کاریگەرییەکانی تەوراتو ئەنجیلەکانو سـابئینو چیرۆکـە عەرەبییـە کۆنـەکان. سـەیری کتێبەکـەمان "قـراءات في القرآن" بکە. ل69– 86.

30) ئـەوە روونـە کـە "راسـتی"یـە سـایکۆلۆژی– کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی زانستییەوە چەند راسـتییەك نـین، بەڵام خۆیان وەك راستییەك دەسەپێنن کە قسـە هـەڵناگرێت لەبەرئـەوەی خرۆشـتینەری جـەماوەرە، لەکاتێکدا فیکری زانستی لەو نێوەدا وەك "هەڵەیەك" یان پەشۆکاوییەكو خۆتێخزاندنێك دەردەکەوێت.

(31) بەمجۆرە سـەرنج دەدەیـن وەك نموونەیەك چەمکی ئەرسەدۆکسیەت هـەتا ئێسـتا بەشـێوەیەکی تیۆلۆجـی بەکاردەهێنرێت بـێ ئـەوەی لـەڕووی مێژوویـیـەوە بـیری لێبکرێتـەوە یـاخود هیـچ جـۆرە تێڕامـانێکی مێژوویـی رەخنەگرانەی لەسەر هەبێت. هەرچـەندە ئاسانترە ئـەوە دەربخرێت کەئەمە زادەی پرۆسەیەکی مێژوویـی هێواشـی کردەکـانی بـژارو لابـردنو بڵاوکردنـەوەی چـەند نـاوو نووسراوو قوتابخانەو فیکرێکە ئـەویش بەپێی ئـەو نیازو مەبەستانەی لەسەردەمێکی دیاریکراودا لـەلای هەریـەك لـەگروپو گـەلو دەسـەڵاتی فـەرمانڕەواوە هـەبووە. کەلەپوور بەمجۆرە پێکدێت کـە دواتـر رۆڵـی سیسـتمێکی ئەمنی دەگێڕێت بۆ تایەفەیەکی ئایینی یان نەتـەوەیی. سۆسیۆلۆجیای خوێندنـەوە لەکۆمەڵگـە ئیسـلامیەکانی ئێستەدا دەتوانێـت هەڵسـێت بەدەرخسـتنی پرۆسـەی بژێریو لابـردن کـە دەسـەڵاتی رەسمـی یـاخود ئـەو رای گشتییە پێی هەڵدەستێت کە گوتاری باڵادەست دەستی بەسەردا گرتووە.

(32) سەیری کریستیان جامبی بکە :

Chr. Jamber: La Logique des Orientaux, Henri Corbin et la Sciencedes forms, Seuil, 1983.

(33) لـێرەدا میتۆدیـەتی ئـەراگۆن لەمیتۆدیـەتی رۆژهەڵاتناسێکی وەك هنری کۆربان جیادەبێتـەوە لەمەڕ مەسەلەی رەهـەندی خـەیاڵو کاریگەرییەکـەی لەسـەر ئیسلامی شیعە بەتایبەتی. لەکاتێکدا یەکەمیان (ئەراگۆن) وەك مەسـەلەیەکی ئـەنترۆپۆلۆژی دەیبینێـت کـە کاریگەرییەکی ماتەریانەی هەیە، بەڵام دووەمیـان (هنری کۆربان) تەنـها وەك خاسیەتێکی رۆحـانیو سۆفیگەرایی دەیبینێت.

(34) ئەمە خاڵی ئەو هاوئاهـەنگیو بەیەکگەیشتنەیە کـە ناوەڕۆکێکی هەیە لـەنێوان ئـەو دەسـەڵاتگەلە تیۆلۆجـیو عەقایدییە جیاوازانـەی کـە هـەوڵی بەدیـهێنانی جـۆرە گرێدانێکی تیۆریو مەنتیقی دەدات بـۆ بیروباوەڕەکانیان لەژێر کاریگەری ئەرستۆدا بەشێوەیەکی تایبەتی. لەپێناو پێکهێنانی ئەرسەدۆکسیەتێکدا کـە هـەموو جۆرەکـانی "شذوذ" و وێنەو مەجازەکانی بەشێوەیەکی بەربڵاو لـەلای ئەتباعـەکانی مانای ناوەوە لەئیسلامدا هـەن. پێویسـتە بەشـێوەیەکی باش چاو بە سـەرلەبەری ئـەو مەسـەلە بەناوبانگـەی دژایـەتی نێـوان مانـای نـاوەوەو مانـای دەرەوەدا بخشێنرێتەوە، ئـەویش لەبەر تیشکی هەریەك لەدامێنانە نوێکانی زمانەوانی (ئەفسانە، چەمك)و زانستی سـیمیائیات (تایبەتمەندییـەکانی گوتـاری ئـایینی)و ئەنترۆپۆلۆجیا (ئەفسانەو رەمز)دا.

(35) سەیری هەردوو کتێبیجۆرج دۆبیو کاستریادس بکە:

-G. Duboy: Les trois orders ou l'imaginaire du feodalisme. Gallimard, 1980.

-G. Castariadis: L'inistution imaginaire de la Societe, Seuil, 1975.

(36) ئەم کتێبەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لەژێر ناوی "تأريخية الفكر العربي الإسلامي" و لەسەرەتای ساڵی 1986 لەبەیروت دەرچووە- مركز الإنماء القومي.

(37) رەنگە ناونانەکان جیاواز بن، بەڵام ئەو پرەنسیپو فرمانە دەروونی- کۆمەڵایەتیەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆییانەی کەسایەتیە مەزنەکان بەڕێوە دەبات هەرچۆنە وا دەمێنێتەوە. سەیری :

- M. Godelier: La production des grands hommes, Gallimard, 1982.

(38) دواتر لەکتێبێکدا بەتێروتەسەلی قسە لەسەر هەموو ئەو دۆزانە دەکەم کە لە تەواوبووندایەو تایبەتە بەژیاننامەی پێغەمبەر.

(39) ئەراگۆن لێرەدا ئاماژە بەهاوارە بەناوبانگەکەی فۆکۆ دەدات لەدوا کتێبیدا (وشەو شتەکان) کەتیایدا بانگەشە بۆ مردنی مرۆڤ دەکات دوای کەمتر لەسەدەیەك لەڕاگەیاندنی نیچە بۆ مردنی خوا (دیارە لەرۆژئاوادا)...

(40) هەتا ئێستا هیچ چەشنە توێژینەوەیەك لەبارەی ئەو نووسەرە بێ وێنەیەوە نیە لەڕێگەی ئەو تێڕوانینە باسکراوەوە. ئەوەش نموونەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو دواکەوتوییە گەورەیەی لێکۆڵینەوە هەیەتی لەکایەی توێژینەوەگەلی عەرەبی و ئیسلامیدا. بەشێوەیەکی کاتی سەیری توێژینەوەیەکی شارل بیلا بکە" ژیان و کارەکانی جاحیز".

(41) سەیری ئەندریە میلیل بکە: " جوگرافیای مرۆیی لەجیهانی ئیسلامیدا هەتا ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەم"- موتون، لەسێ بەشدایە 1973.

(42) چەمکی موزایەدەی گێڕانەوەو لاساییکردنەوە کلیلێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری باو لەکەش و هەوای ئیسلامیدا. دەبینین پێویستە لەسەر هەموو پێشەوا یاخود هەموو نووسەرێك کە بیەوێت خۆی بەسەر کۆمەڵی باوەڕداراندا بسەپێنێت لاسایی رەفتارەکانی پێغەمبەر یان هەر کەسایەتییەکی گەورەی وا بکاتەوە کە رووبەرێکی فراوانی لەخەیاڵی کۆدا داگیرکردبێت. وەك نموونەیەك سەیری مەهدی کوڕی تومرت بکە کە لەدژی موراتبین هەڵسا لەژێر ناوی داکۆکیکردن لەهەواداریەکی تەوحیدیانەی پاك و بێگەرد. هەروەها سەیری پیشبڕکێی نێوان شەریفەکانی مەغریب و شوێنەکانی تر بکە.

(43) مەبەست لەوەیە کە سەرۆکی هەر ئایینزایەك یان قوتابخانەیەك، موزایەدە بەسەر ئەوانی ترەوە دەکات لەلاساییکردنەوە بەژیاننامەی پێغەمبەر و چاولێکردنی بۆئەوەی پاکژییەکی زیاترو بایەخێکی زیاتری چنگ بکەوێت.

(44) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەراگۆن هەردوو میتۆدەکە رەتدەکاتەوە:- ئایدیالیزمی کلاسیکی و ماتریالیزمی دۆگماتامێزی چەقبەستوو. هەروەها رەفزی بیرۆکەی "فاکتەری یەکلاکەرەوە وەك دوا ئاکام" دەکاتەوەو پێیوایە کەچەند فاکتەرێکی کاریگەر رەوت و بزاوتی مێژوو ئاراستە دەکەن نەك تەنها فاکتەرێك. هەروەها پێویستە هەر حاڵەتێك بۆ خۆی توێژینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت بۆ زانینی گەمەی ئەو فاکتەرانەو کەشفکردنی فاکتەرە یەکلاکەرەوە کاریگەرەکە بەشێوەیەکی زیاتر. هەندێك جار فاکتەری ئابوری دەبێتە یەکلاکەرەوەو هەندێك جاری تر فاکتەرە ئەفسانەییەکە ئەم رۆڵە دەگێڕێت، بەبێ ئەوەی یەکێکیان بایەخی ئەوی تریان رەتبکاتەوە.

(45) بۆ نموونە سەیری : الماوردي : أدب الدنيا والفن. قاهيرة 1955و سەیری "الأحكام السلطانية"، قاهيرة 1966، بکە.

(46) سەیری :

-D. Goitein: The rise of the Middle- Eastern Bourgeoisie in Early islamic Times et he mentality of the middle classe in medieval Islam. بکە.

شێخەکان و ئایدیۆلۆژیاکانیان

هەڵوەشاندنەوەو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی خێڵ لە عێراقدا

■ فالح عەبدولجەبار

● و. لە ئینگلیزییەوە: دانا سەردار

ئاسۆ جەبار

رژێمی عێراق تەنانەت لەکاتی پرۆسەی بە جەماوەریکردنی سوپاو بیروکراسیەتیشەوە بە کەسوکاری خۆی و خێڵەکان هەوڵی ئەدا هێزی ئەو خێڵانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتدان لەنێو بەرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو بۆشاییەی کە بە هۆی پرۆسەی هەڵمژینی ئەو دەزگا شارستانیە تازە دروستبوانەوە لە لایەن دەوڵەتەوە دروستبوو، بووە هۆی سەرلەنوێ چالاکبوونەوەی تۆڕەکانی دۆستایەتی و نزیکایەتی وەك بەربەست و تۆڕەکانی پاراستن. هەتا سەروەت و سامانی دەوڵەت بەهۆی گوشاری شەڕو سزاکانەوە لاواز بوایە پێویستیەکانی تۆڕی خزمایەتی و رەچەڵەکایەتی بەهێزتر دەبوون.

سەرلەنوێ دروستکردنەوەی خێڵەکان و مامەڵەی دەوڵەت لەتەك خێڵەکاندا دوو خەسڵەتی دیارن لە سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا، ئەمەش بە ئاشکرا لە عێراق و ئەردەندا دەبینرێ. لەژێر سایەی بەعسی دیکتاتۆری تاکە حیزبی حاکمدا لە عێراق دوو جۆر لە مامەڵەی دیاریکراو گەشەی کردووە، یەکەمیان ئەتوانین پێی بڵێین خێڵەکایەتی دەوڵەتی کە بریتییە لە پرۆسەی تێکەڵکردن و جێگیرکردنی رەچەڵەکە خێڵەکییەکان و هێما فەرهەنگییەکانی لە دەوڵەتدا، لە پێناو بەهێزکردنی نوخبەیەکی لاوازی دەسەڵاتداردا، ئەم پرۆسەیە سەراپاگیر بووە، کە بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هەندێك لەو تایەفە و خێڵە عەرەبە (سونی)یانەو هەندێك لە کەسوکاری دەستەی دەسەڵاتدار. خێڵەکایەتی دەوڵەتی لە ساڵانی حەفتاوە دەستیپێکردووە تا سەرەتای نەوەدەکان بەردەوام بووە.



نیـــو کەشـــێکی کۆمەڵایـــــەتی شارستانیدا بەشـــە گەلێکی کۆچەر لەو تایەفـە پەرتەوازانـە تێیدا ئەژین.

رەگە مێژووییە گەڕاوەکان

Reslient Historical Roofs

نمونەی دووەم خێڵەکایەتی کۆمەڵایەتییـە کـە ساتی لە دەستدانی دەوڵەت لـە کۆمەڵگـە مەدەنییـە ناجێگیرەکان دەردەخات. دەوڵەتیش لـە ئـەنجامی هەستکردن بە لاوازی بەهۆی شەڕو سزاوە گەشەی بە کـاری وەك باڵادەستی یاسـاو کۆکردنـەوەی بـاج و دەسـەڵاتی یاسـایی داوە و ئاراسـتەکردنیان رووەو هۆزە نێوخۆییە لاوازەکـان و ئـەو تـۆڕە رێژەییانـەی کە هەبوون. ئەم چەشنە مامەڵەکردنە ئەو کۆمەڵگەلە هۆزانـــەی کـــە ســـەرلەنوێ دروســـتکرابوونەوەو بیناکرانـەوە لـە پێنـاو بـەرفراوانبوونی دەوڵـەتدا کاریاندەکرد. خێڵەکایەتی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانـەی خێڵەکایـەتی دەوڵەتییەو لەنێو سـەرجەم تایەفـەو نەوە بە نەوەی عێراقیەکاندا بڵاوبۆوە. ئـەم چەشنە لـە بەکارهێنانی خێڵەکایـەتی وایکـرد کـە دەوڵـەت بتوانـێ کوردەکـان و شیعەکان ئاراسـتە بکـات دژی سەربازە ئێرانیەکان لە ساڵی *1980–1988*، لـە بـاری شـیعەکاندا دەوڵـــەت توانـــی هەماهـــەنگی نێـــوان شـیعەکانی عـێراق و بـرا دینیـەکانیان لـــە ئـــێران دامرکێنێتەوە.

هـەردوو جۆرەکـە واتـە خێڵەکایـەتی دەوڵـــەتی و خێڵەکایـــەتی کۆمەڵایـــەتی رەگوڕیشـــەیان لـــە بەردەوامبوونی فەرهەنگی هۆزایـەتیدا هەیـە. کـە لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خێڵ ئەو بوونـە کۆمەڵایەتییـە بێت کـە درێژترییـن بـەردەوامی هـەبێت و زۆرترییـن ناکۆکی لـە بارەوە هـەبێت کـە هـەر لـــە سـەرەتای بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و نێوەندیبوونی سیاسـەت لە سەردەمی کشتوکاڵیدا هەتا قۆناغی پیشەسازی و دروسـتبوونی دەوڵـەتانی نەتـەوە خێـل دووچـاری گۆڕانێکی بـەردەوام بـووە. کەواتـە خێـڵ چییـەو خێڵەکایـەتی چییـە؟ زانـای کۆمـەڵناس "ئیـبن خـەلدون" تیوریـەکی بەربڵاوی گەشەپێدا، کـە بـە پێی ئـەو دەورە خەلدونیانـە ئـەو هۆزانـەی لـە رووی سەربازییەوە لـە ئاسـتێکی بـاڵادا بـوون لـە نێـو کۆمەڵگەلێکدا یەکیان گرتووە "واتە تێکـەڵبوون" کـە ئەمـەش بـە شـێوەیەکی بەدوایـەکداهاتوو بـــووەو هەروەها پێگەیان لە شارستانیەت چڕیوە. بەڵام لـە کۆتـایی‌دا جێگـیر بـوون واتـە بـە شـوێنێك لـەو شوێنانەوە خۆیان گرێداوە، ئیبن خەلدون پێـی وابـوو کۆچکـردن و کشـتوکاڵ نوێنەرایـەتی دوو جەمسـەری ناکۆك دەکـەن لـەنێو هاوکێشـەیەکی دینـامیکی‌دا و دواجـار هۆزەکـان لـە دۆخـی پـەڕەوازەیی شـاری دەوڵەتدا مانایان دەبوو.

سـاڵانێکی زۆر هـۆزە بـەهێزەکان لـە عـێراق دەوڵـەتی بچوکـی گـەڕۆك بـــوون کـــە هـــێزە

سەربازییەکانیان ئەبرد بەڕێوە، زەویوزاری زۆرو توانستێکی باشیان هەبووە لە دەستبەسەراگرتنی شوێنگەو ئەو ناوچانەی کە تیایدا جێگیر بوون، بەم شێوەیە سیستمی هەرەمی گەشەی کرد، کە وەستابوو لەسەر شێوەی ژیان و بژێوی لە کاتێکدا ئەو هۆزانەی کە بەخێوکەری حوشتر بوون و لە بەشی سەرەوەی هەرەمەکەدا بوون و بەخێوکەرانی مەڕومالاتیش لە خوارترو جوتیارانیش لە خوارترو دوابەدوای ئەوان دانیشتوانی زۆنگاوەکان بنکەی هەرەمەکەیان پێکدەهێنا. هەروەها لە کاتێکدا کە سیستمی جێگیر بوون بالادەست بوو هەرەمێکی دیکە دروست بوو کە جوتیارانی برنج لە لوتکەکەیدا بوون و دوا بەدوای ئەوانیش جوتیارانی سەوزەو دواتر پیشەکاران. لەنێو ئەم هۆزانەدا ژن هێنان و شوکردن قەدەغەو نادروستبووە.

بەلام سیستمی جێگیرو هێزی چەکداری عوسمانییەکان بوونە هۆی رووداني وەستانێك لە خولی خەلدونیدا لە عێراق، پەیوەندی هێزەکانی گۆڕی بە سودی ئەو ناوچانە کە لە سایەی ئاسایش و جێگیربوونێکی زۆردان. عوسمانییەکان ئەو سەرۆك هۆزانەی کە بەخێوکەری حوشتر بوون گۆڕی بۆ کۆکەرەوەی باج و خەراج کە لەو سەروەختەدا لە ژێر سایەی هێزی ناوەندیدا بوون، کە باج و دەرامەتێکی پێویستیان وەك باجی دەولەت کۆکردەوە، ئەمەش بۆ خۆی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ مولکایەتی خێڵەکایەتی زەویوزاردا یەکیگرتەوەو بووە هۆی رووداني دابەشبوونی هۆزو دابەشبوونیان بەسەر ئەوانەی کە خاوەنی زەویوزارن و ئەوانەی کە خاوەنی زەویوزار نین لە سەدەی بیستەمدا.

خاوەن زەوییەکان هێزێکی سەربازیان بنیادنا بەبێ پشتبەستن بە هۆزو ئەمەش لە پێناو بەهێزکردنی دەسەلات و ئیرادەیانا بووە. هەروەها یاسای کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا لادێکانی عێراقی لە سیستمی جەزای نیشتمانی جیاکردەوە، هەتا ساڵی "1958" لەو کاتەشدا دەولەتە کۆلۆنیالیزمییەکان هێدی هێدی وەزیفەی هۆزە دێرینەکانیان لە چەند پرۆسەیەکدا داگیر کرد، وەك پرۆسەی تۆمارکردنی زەویوزار و دابەشکردنی ئاوو ئاودێری و جێگیرکردنی یاساو هەروەها سەراپا هۆیەکانی زەبروزەنگیان بۆ خۆ قۆرخکرد.

هەروەها لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش، هۆز لەبەرچاو ونبوو گۆڕا بە کۆمەڵگە لادێیەکان کە لە خێزانە گەورەکان و تایەفە فەرعییەکان پێکهاتبوون، زۆربەی کات ئەم کۆمەڵانە پارێزگاریان لەناوی هۆزەکانی خۆیان کردووە بەڵام لە بری بەستنەوەیان بە سیستمی ئابووری گوزەرانییەوە بەسترابوونەوە بە بازاڕی کشتوکاڵییەوە.

لەگەڵ کۆچ لە لادێوە بۆ شار هەماهەنگی هاوپەیمانی لادێکان گوازرایەوە بۆ لادێ گەورەکان و شارە گەورەکان کە تیایدا پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی هۆزەکان زۆر لەسەرخۆ بووە. ئەو جوتیارە کۆچەریانەی لە ساڵانی پەنجاکاندا لە کوتو عەمارەوە کۆچیان کرد و لە گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی بەغدادا جێگیر بوون گەڕەکەکەیان بە شاری شۆڕش "مدینة ثورة" ناونراو دابەشکرا بەسەر چەند رێگەیەکی هاوسەنگ و بەشکراو بۆ شەقامە بچوکەکان و گەڕەکەکان و هەروەها سەرجەم رێگەوبان و شەقامەکان وەك شەقامەکانی نیۆرك ژمارەی دیاریکراویان بۆ دانرا. لە ماوەی ساڵێکدا ژمارەکان گۆڕان بەناوی هۆزەکان و کە دەبوو شۆفێری تاکسیو پاسەکان و فەرمانبەرە رەسمییەکان فێریان ببن. ژیانی شار، کە تیایدا دابەشئەکرێ بەسەر پیشەی تایبەتیداو ئابووری و بازرگانی دەکرێت و شێوازی ژیان نامۆیەو دەوروبەر دوژمنە، فەرهەنگی خێڵەکی بەهێزتر دەکات.

لەگەڵ کۆچ لە لادێوە بۆ شار هەماهەنگی هاوپەیمانی لادێکان گوازرایەوە بۆ لادێ گەورەکان و شارە گەورەکان کە تیایدا پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی هۆزەکان زۆر لەسەرخۆ بووە. ئەو جوتیارە کۆچەریانەی لە ساڵانی پەنجاکاندا لە کوتو عەمارەوە کۆچیان کرد و لە گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی بەغدادا جێگیر بوون گەڕەکەکەیان بە شاری شۆڕش "مدینة ثورة" ناونراو دابەشکرا بەسەر چەند رێگەیەکی هاوسەنگ و بەشکراو بۆ شەقامە بچوکەکان و گەڕەکەکان و هەروەها سەرجەم رێگەوبان و شەقامەکان وەك شەقامەکانی نیۆرك ژمارەی دیاریکراویان بۆ دانرا. لە ماوەی ساڵێکدا ژمارەکان گۆڕان بەناوی هۆزەکان و کە دەبوو شۆفێری تاکسیو پاسەکان و فەرمانبەرە رەسمییەکان فێریان ببن. ژیانی شار، کە تیایدا دابەشئەکرێ بەسەر پیشەی تایبەتیداو ئابووری و بازرگانی دەکرێت و شێوازی ژیان نامۆیەو دەوروبەر دوژمنە، فەرهەنگی خێڵەکی بەهێزتر دەکات.

خێڵەکایەتی ژیاریی گەڕاوە بە شێوەیەکی هاوکار ئامێز لەتەك زوربەی ئایدیۆلۆژیاو بزووتنەوەکانی سەردەمدا ئەژی، تێکەڵی ئەو سەندیکایانە دەبێ کە کۆمۆنیستەکان سەرکردایەتیان دەکەن، یان تێکەڵی بزوتنەوە ئیسلامییەکان دەبن.

هۆز لەنێو حیزبدا
Tribe Inside Party

دیارترین سیفەتی دەوڵەتی عێراقی لە قۆناغی کۆڵۆنیالیەوە تاکو ئێستا، پێکهاتووە لە جیابوونەوە لە بنکەی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی "جەماوەر". لە سەرەتادا هێزی سەربازی بەریتانی ودواجار سامانی هەرە گەورەی نەوت کە بە هۆیانەوە دەوڵەت توانی چینە خاوەن موڵکەکان داڕوخێنێ و یان کەمیان بکاتەوە هەروەها دەستی گرت بەسەر بەشی هەرە گەورەی سامانی نەتەوایەتی. کاریشی ئەکرد بۆ دۆزینەوەی هەڵوێستی بەرپرسانە کە لە رێیەوە دابەشبوونی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەی فرە نەژادو فرە ئایندا لەکار دەکەوت. عێراق ئەو دەوڵەتە بوو کە بەردەوام بە دوای نەتەوەیی‌دا دەگەڕا، لە کاتێکدا موڵکایەتی بەهۆی ئالیاتی یارمەتیدەرەوە لە رێی کۆمەڵگەلە باڵادەستەکانەوە هاتە گۆڕێ، بەڵام چینی کرێکارو چینی مامناوەندی بۆرژوای پشتگوێخست. ئەوکاتەی رژێمە رادیکالییەکان لە ساڵی *1958*دا رژێمی پاشایەتی رووخاند، نوێنەرایەتی چینی مامناوەند لە دەسەڵاتدا رووی لە باشی کرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە گرێدانی کۆمەڵە نەژادەکان و ئاینی‌یەکان بە دەوڵەتەوە، ئەمەش بووە هۆی بەرپا بوونی نائارامی. زۆر لەمە خراپتر هەڵوەشاندنی بنەما داموده‌زگایەکان بوو بۆ بونیادە نیشتمانیەکانی وەك پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران.

سوپا بوو بە خاوەنی هۆیەکانی زەبروزەنگ کە ئەمەش بۆ خۆی بوو بە تاکە هەل بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەم رژێمە نوێیانەدا، بەڵام ئەفسەرەکانی سوپا چینە کۆمەڵایەتیەکان و ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکان پارچە پارچەیان دەکردن. لە شەستەکاندا زنجیرەیەك لە کودەتاو حکومەتە سەربازیەکان نەگەشتنە هیچ ئەنجامێك لە دۆزینەوەی بنکەیەکی جەماوەری کە بتوانێت بەرەنگاری بەرهەڵستکارانی ناوخۆ ببێتەوە. ئەندازیارانی بەعسی دووەم واتە ئەوانەی لە ساڵی *1968*دا دەسەڵاتیان گرتە دەست هەوڵیاندا ئەم کەموکوڕییە چارەسەر بکەن. دەستەبژێرە بەعسیە نوێکان بە چوار سیفاتی دیاریکراو ئەناسرانەوە:

1–رەگوریشەیان لە شارۆچکە ناوچەییەکانەوە بوو کە هەماهەنگی خێڵەکایەتیەکان لەوپەڕی توندوتۆڵی‌دا بوو.

2–زۆر ئاگاداری هێزی سوپا بوون.

3–ئەزموونیان هەبوو لە سیاسەتی میللی‌دا.

4–هەستکردن بە لاوازی خۆیان، ئەم نوخبەیە لە ترسێکی بەردەوامی لە دەستدانی هێزدا ئەژیا، وەك سەدام حسێن وتبووی: ناتوانین رێ بە سێ یان چوار ئەفسەر بدەین دەبابەیەك تاو بدەن و جارێکی دیکە دەستبگرنەوە بەسەر دەسەڵاتدا".

حکومەت بەهۆی بەرفراوانکردنی بنکەی حیزبی خۆیەوە بۆ "*1.800.000*" لە ماوەی "*8*" ساڵدا وەڵامی ئەو بەرهەڵستکاری‌یەی دایەوە، هەروەها هێزە سەربازی‌یەکان و هێزەکانی ئاسایشی لە خێزان و تۆڕە خێڵەکایەتی‌یە نزیکەکانی حکومەت پێکهێنا. پرۆسەی بە سەربازیکردن سێ بنەمای سەرەکی گرتە خۆ:

1–نوسینگەی سەربازی حیزب کە بێجییەکان یان خێڵی بێجات و هاوپەیمانە نزیکەکانیان دەیانبرد بەرێوە.

2-نوسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان کە نوسینگەیەکی بەرپرسیار بوو لە سەرجەم هێزەکانی ئاسایش و سەدام حسێن خۆی ئەیبرد بەڕێوە.

3-کۆمیتەی خێڵەکان کە بۆ پاسەوانیکردنی سنوری عێراق - سوریا دروستکرابوون.

بە بوونی ئەم سێ نوسینگەیە لەژێر رکێفی سەدام حسێندا توانی دەستەبەری کڕینی هەر کۆمەڵێك یان هەر خێڵێك بکات لە ناوچە سونی نشینەکانی عێراق. خێڵی بێجات زیاتر پەسەند دەکران لە دەزگا هەستیارەکاندا وەك گاردی کۆماری و وەزارەتی ناوخۆو پارێزگاریکەرانی بەغدادو هێزی ئاسمانی. ئەم تۆڕە سەرەکیانە بوون بە جێگیری ئەو کەشە پیلاناوییەی ئەوکاتە کە لە ئەنجامی کودەتاکاندا لە ئارادا بوو و متمانەو وەفاداری لێدەکەوتەوە. لەگەڵ ئەم خێڵەکایەتییە دەوڵەتییەدا حکومەت ئەو رەگەزە خێڵەکایەتیانەی لە شوێنی نیشتەجێکەیان جیاکردەوەو تێکەڵ بە خۆی کردن. ئەم تۆڕە سەرەکیانە تێکەڵ بە بیرۆکراسیەتی حیزب و کارگێڕی سوپا کران. پاتریاکی گەورەش سەرکردەی حیزب و سەرۆکی حکومەت بوو. بەڵام خێڵەکایەتی دەوڵەتی سەرجەم هەماهەنگییە خێڵەکایەتییەکانی لەناو نەبرد، بەڵکو ئەندامانی خێڵەکان هەتا زیاتر دەوڵەمەند و بەهێزبوونایە لەنێو خێڵەکەیاندا پایەدارتر دەبوون. لە بەرامبەریشدا خێڵ سودی لێوەردەگرێت بۆ ئەوەی نفوزی ئابوری و سیاسی زیاتر بەدەستبهێنێت.

کۆمەڵگەلە خێڵەکایەتییەکان مەرغوبەکان رێکەوتننامە حکومییەکانیان دەستگیر بوو، یەکێك لەو رێکەوتننامانە، بوونە نوێنەری چینی دەوڵەمەندە نوێکان بوو، هەندێك لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەوەیان روونکردەوە کە بێجیەکان و رەچەڵەکەکانیان پەیوەندیان کرد بە بەڵێندەرە دەوڵەمەندەکانەوە کە لە کۆتایی جەنگی ئێران- عێراقدا ژمارەیان گەیشتە "3000" سێ هەزار، بەمەش ئەو دەستەڵاتە ئابوری و سیاسییەی هەڵسوراوان لە رێی پەیوەندییە خێڵەکایەتییەکانەوە دەستیان بەسەردا گرتووە ئەتوانن جەخت لەسەر دەورو کاریگەری خۆیان بکەنەوە لەو ساتانەدا کە دەوڵەت تیایدا لاواز دەبێ.

هۆز دژی دەوڵەت

Tribe Versus State

دوانەی مەنتقی خێڵەکایەتی واتە دەوڵەتی- بیرۆکراسی نوێ و پێبەندی هۆزایەتی پێکەوە لە ئاشتیدا ئەژین، بەڵام لەژێر سایەی رژێمی بەعسیدا هەر دەبێت بەگژ یەکدا بچن. لە ماوەی سەرەتای ئەو چوار ساڵەی حوکمی رژێمی بەعسدا هیچ نیشانەیەکی بەرهەڵستکاری لەمەڕ هێنانە ناوەوەی بنەچەی هۆزەکان بۆ نێو رژێمی بیرۆکراتی حیزب لە ئارادا نەبوو. لە راستیدا حیزب پێشوازی لە هەر هەوڵێك دەکرد کە پشتیوانی و برەو بدات بە بنکەکانی حیزب. بەڵام دوو روودواو رویاندا کە ئاماژەیەك بوون

بۆ دەرخستنی ناڕەزایی حیزب، یەکەمیان هەوڵی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو بوو لە مانگی تەمووزی ساڵی 1973دا کە لە ڕێی بەڕێوەبەری دەزگای ئاسایشەوە "کازم گەزاز" داڕێژرابوو. هەروەها کودەتای حوزەیرانی 1979 دژی سەدام حسێن کە ئەندامانی سەرکردایەتی بەرەی شۆڕش "محمد عایش" و "عدنان حسێن" گەلاڵە بووبوو، یەکێك لە هۆیەکانی یاخیبوونی ئەندامە کۆنەکانی چینی ناوەندیی حیزب ڕقی ئەوان بوو لە دەسەلاتی خێڵی بێجات، کە سەدام حسێن و برا تکریتییەکانی دەگرتەوە. ناڕەزاییەکانی نێو حیزب بەشداریکردنی دەسەلاتیان دەویست. ئاشتبوونەوەیان دەویست لەگەڵ خێڵە دوورخراوەکاندا لەبری لابردنیان و دوورخستنەوەیان، لە ڕووداوەکەی ساڵی 1979دا بەرهەڵستکارانی حیزب هەوڵیاندا یەکێك لە بێجاتەکان، کە سەرۆك بەکر بوو دژی سەدام حسێن و زۆبراکانی بەکاربهێنن. سەرکەوتنی بێجاتەکان و هاوپەیمانەکانی ئەو وتەیەی ئیبن خەلدونی سەلماند کە دەڵێ: "ئەوانەی لەگەڵ هەماهەنگی خێڵدان دەیبەنەوە (سەردەکەون).

وەك شێوەکانی دیکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگەکانی ئیبن خەلدون لە ململانێکانی دەسەلاتدا لە بەردەم هەلاهەلا بوون و پەلاماردان. هەتا خێڵی "حسێن بێجات"یش دابەشبوون بەسەر هۆزو خێزانی گەورەدا کە بە پڕ بایەخترین یەکە سەرەکییە چالاکەکان دائەنرا. دەستەواژەی "چەتە تکریتییەکان" کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەکاریدەهێنن چەمکێکی هەڵەیە چونکە خێڵەکانی تکریت بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش ئەبن کە بریتین لە:

1-ئەل بو ناسر "ال بو ناصر" کە بە تکریتییە دێرینەکان ناوزەد دەکرێ، کە دەڵێن لە "حامیە"ی ڕۆمانییەوە کەوتونەتەوەو لە دۆلیمەوە ترازاون، ئێستاکە "ئەل بو ناسر" هۆزێکی وەهمییەو بێجاتەکان تیایدا دەسەلات دەبەن بەڕێوە. بێجاتەکانیش لە "10" خێزان پێکهاتوون، لەوکاتەوەی کە "ئەحمەد حەسەن بەکر" لە ساڵی 1968دا دەسەلاتی گرتە دەست بەشێکی ئەلبەکر سەرۆکایەتی هۆزییان دەکرد. لە دوای مردنی "ئەلبەکر" دەسەلات چووە ژێر ڕکێفی "3" خێزانەوە کە یەکێکیان "ئەل بو خەتاب" بوو کە ئەویش ئەو بەشە بوو کە سەدام حسێنی لێکەوتەوە.

بەپێی ئیبن خەلدون کۆمەڵگەل لەکاتی دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی دەوڵەتدا تێکئەشکێ. لە دۆخی وڵاتانی خاوەن نەوتدا تێکشکانەکان خێرا دەبن و بازدان تیایدا ڕوودەدات. بازدابەشبوونی یەکەم لەتەك پاکسازیکردنی تکریتییەکاندا ڕوویدا، وەك وەزیری بەرگری پێشوو "هەردان عەبدولغەفار تکریتی" کە لە ساڵی 1971دا لە کوەیت تیرۆر کرا، "ساڵح عومەر عەلی"ش کە ئەندامانی کۆنسێی سەرۆکایەتی شۆڕش بوو لە ساڵی 1970دا گوێزرایەوە بۆ کارێکی بچوکی دبلۆماسی لە ئەمریکا. پڕ بایەخترین ڕووداوی بازدابەشبوونی ببێجیەکان دەست لەکار کشانەوە زۆرە ملێیەکەی "بەکر" بوو لە حوزەیرانی ساڵی 1979دا، لەهەر دوو بارەکەدا خێڵ و حیزب دژی یەکدی بەکارهێنراون، کەلێنی سێیەم لەکاتی گەڕانەوەو تیرۆرکردنی هەردوو زاواکەی سەدام حسێندا بوو لە تشرینی دووەمی ساڵی 1995 "حسێنو سەدام کامل". لەم بارودۆخەدا خێڵ کەلێنی دژ بەخۆی تیادا ڕوودەدات. هەروەها پێکدادان لە نێوان زاواکان و ئەلمەجید و ئەل بو خەتابدا ڕووی دا، خێزانی سەدام هەستان بە دوورخستنەوەی ئەلخەتاب لە ئاسایش و دەزگاکانی ئەمن، هەروەها کوڕەکانی سەدامیش واتە عودەی و

قوسەی هەستان بە دوور خستنەوەی ئەلمەجیدو براکانی سەدام بۆ نێوەندە پلە دووەکان و بەرەو لەبیرچونەوەیان.

ئەم دژە بەرەکایەتییە رەگوریشەی لە رێکەوتن لە رێی ژن و ژن خوازییەوە هەبووە، سەرۆك سێ کچ و دوو کوڕی هەبوو، شوکردنی کچەکانی سەرلەنوێ دابەشبوونی دەسەلاتی سیاسی دەگەیەنێ کە تیایدا سەرجەم خێزانەکان لە پێشبڕکێدان بۆ ئەوەی بگەنە دەسەلات، سەرۆکیش بۆ کچەکانی رەچەڵەکی باوکایەتی بۆ هەڵبژاردوون بە پێشکشەکردنیان بە خێزانی "کامل". ئەم مەسەلەیە ئاماژەیەکی تۆقێنەر بوو بۆ کۆمەڵەکانی دیکەو بە تایبەتی زڕ براکانی کە هەستیان بە هەڕەشە دەکرد. لە کاتێکدا کە برا بچووکی "حسێن کامل" هاتە پێشەوە بۆ داخوازیکردنی کچە بچووکی "سەدام حسێن" خێزانەکانی دیکەی ئەلمەجید دژی ئەم چڕبوونەوە نائاساییەی دەسەلات وەستان. ئەو مەرگە خوێناوییەی حسێن کامل کەلێنێکی تاڵی بۆ خێزانی سەرکردایەتی دروستکرد. کەلێنێکی دیکەش "عودەی" و "قوسەی" جیاکردەوە بەوەی کە نابێت هەردووکیان جێگری باوکیان بن.

هۆز لەبری دەوڵەت

Tribe Instead of state

ئەگەر خێڵەکایەتی دەوڵەتی سیاسەتێکی هۆشیاری دەوڵەت بێت ئەوا دەوڵەت هەوڵی‌داوە لە دەرەوەی خۆی هێزی خێڵ لەنێو بەرێت. رژێمی بەعسی تاکە حیزبی، سەرجەم پەیمانگا کۆمەڵایەتییە شارستانییە تازە دروستبووەکانی هەڵوشی وەك: یەکێتیەکان، رێکخراوە پیشەییەکان، چاپخانە سەربەخۆکان، هۆڵە بازرگانییەکان و ئەنجومەنە پیشەسازیەکان. ئەو بۆشاییە گەورەیەی دەسەلات کە دەوڵەتی دەسەلاتی بالا خولقاندی چالاککردنەوەی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی تۆڕەکانی رەچەڵەکایەتی وەك بەربەستەکان و تۆڕەکانی پاراستن و بنکەکانی سەرچاوەی "دارایی".

پێویستی تۆڕەکانی خزمایەتی پەرە دەسێنێت کاتێك کە خێرو سامانی دەوڵەت لە بەرئەنجامی فشاری جەنگ و سزاکان کەم بۆوە. لە سالانی هەشتادا ئەندامە گەورەکانی حیزب هەستان بە لاوازکردنی هێزە نێوخۆییەکانی خێڵەکان، ئەمەش بەهۆی خەڵکردنی ئەو دەورەی کە تا ئەم سەورەختە پیاوە ناودارەکان پێی هەڵدەستان. لەگەڵ کەندرکردنی خێڵەکان لە لایەن حیزبەوە هەرەمیەتی خێڵ لە زوربەی ناوچەکاندا شێوا. بۆ نمونە کادرێکی حیزبی سەر بە کۆمەڵێکی ئاست نزم "وەك دانیشتوانی زۆنگاوەکان دەیتوانی زاڵبێت بەسەر دەستەیەکی بالای خێڵدا. بەڵام چوونە نێوەوەی حیزب بۆ نێو خێل تەنها کاتی بوو.

لە ماوەی شەڕی عیراق و ئێراندا ئەندامانی حیزب کران بە سەرباز بۆ بەشداری کردنی شەڕ و حیزب هەستا بە بڵاوکردنەوەیان بەنێو پانتایی‌یە خێڵەکایەتی‌یەکاندا، دوابەدوای زیادبوونی بەرتەسکی ئابووری شێوە کۆنەکانی سەرکردایەتی سەرلەنوێ دروستبوونەوە. راگەیاندنی دەوڵەتیش بەم ئاراستەیە بەشداریکرد لە رێی پرۆپاگەندە زۆرەکانی شیعرو هەڵبەستەکانی جەنگی میللی خێڵەکایەتی. بەشی راگەیاندنی وەزارەتی بەرگری سەرنجی خستبووە سەر چەمکە خێڵەکایەتیەکانی ئازایەتی و جوامێری سەربازی و تۆڵەو شەرەف، کە لێرەدا مەبەستی ئەفسەرانی خێڵەکان بووە. لەگەڵ جەنگی دووەمی کەندادا دەوڵەت زوربەی هێزە ئابوری‌ی سەربازییەکانی لە دەستداو لە داهاتی خودی خۆی داماڵرا، دەوڵەت لە خزمەتگوزاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان کشایەوە و چینی مامناوەند و هاوڵاتیانی پێگە نزم و گوندنیشنەکان زەرەرمەند بوون، ئەمەش بەهۆی

هەڵئاوسان و باج و خەراجی زۆرەوە بوو. هەروەها ئەو چالاکیە بازرگانیانە لەگەڵ زیادبوونی فەقیری‌دا رووی لە زیادبوون کردو دەسەڵاتی بەسەردا نەگیرا.

دەوڵەتیش وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردن و حوکم زەرەری زۆری لێکەوت: سوپا ئاستی نزم بۆوە بۆ ئاستی یەك لەسەر سێی پێش شەڕەکە، حزبیش پەکیکەوت و هێزەکانی ئاسایشیش بەدەست زەرەری گەورەوە دەیاننالاند، لە سەروەخت و لە دوای راپەڕینەکانی ئازاری *1991*، بەتایبەتی لە ناوچەی گوندنیشنە شیعەکاندا کە دەسەڵاتی دەوڵەت تیای‌دا لاوازە و، بەڵام هاوکات لە ناوچە سونی نشینەکاندا بە تەواوەتی خێڵەکایەتی سەریهەڵدایەوە بۆ پینەکردنی ئەو کەلەبەرانەی کە رژێمی دیکتاتۆری خستبویەوە.

دەوڵەت خێڵەکایەتی کۆمەڵایەتی دەدۆزێتەوە
The State Detects Social Tribalism

دەوڵەت خێڵەکایەتی کۆمەڵایەتی بەدیکرد بەڵام دروستی نەکردووە، لە ماوەی جەنگە زەرەرمەندەکانی مەیدانی جەنگی بەسرەو عەمارە لە ساڵی *1982–1985*دا خێڵە عەرەبیەکان لە ناوچەکانی "القرنە، و زۆنگاوەکان" بەرەنگاری هێرشەکانی هێزی ئێرانی بوونەوە، ئەم رووداوە لەبەر چاوی دیدەوانەکانی رژێمدا ون نەبوو. بەڵام خێڵەکایەتی میللی سەربازی عەرەبی جیاواز بوو لە رێکەوتنە بازرگانیەکانی رژێمی پێشوو لەگەڵ خێڵە کوردیەکاندا بۆ شەڕکردن لەگەڵ کوردە نیشتمانپەروەرەکاندا کە بە شێوەیەکی هەرەمەکیانەو وڵاتپارێزی عێرقایانە بووە.

رژێم ناوبراو "روغان غفور المجید" کە ئامۆزای سەرۆك بوو کردی بە بەرپرسی رێکخستنی خێڵە شیعەکان وەك هێزی بەرگری لە بەرەکانی بەسرەو کوت و زۆنگاوەکان. رژێم جیاوازی نێوان شیعەکانی عەرەب و شیعەکانی فارسی قۆستەوە، لە کاتێکدا شیعەکانی ئێران بەشێکی جێگیرو دیاربوون لە نەتەوەی ئێران و جیاواز بوون لەو شیعە لادێیانەی لە عێراقدا هەبوون. ئەم کۆمەڵە رەگەزە بە شێوەیەکی تایبەتی لەنێو ژمارەیەك لە خێڵە عەرەبەکانی زۆنگاوەکاندا دۆزرانەوە، لەو سەروەختەدا فەرمانگەکانی حیزب پشتیان بەست بە ئازایەتی و پیاوەتی و جوامێری سەربازی کۆمەڵێك خێل و بانگەشەی ئەوەی پێوە دەکردن کە روحێکی عەرەبی پاکن.

لە دوای بەرپابوونی شەڕو راپەڕینی *1991* و کەوتنی حیزب و هەڵکەوتنی پێکهاتە دەسەڵاتگەرییە نێوخۆییەکان، بەعس کاری کرد بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێزەی لە گەشەکردندا بوو، بۆ جاری یەکەم بوو لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا پێشوازی لە شاندێکی گەورەی سەرۆك خێڵەکان بکرێ لە کۆشکی سەرۆکایەتی‌دا لەبەرواری (*29*ی مارسی *1991*) دوا بە دوای ماوەیەکی کەم لە سەرنەکەوتنی رژێمی عێراق لە جەنگی کەنداوداو دامرکانەوەی راپەڕین، لەو سەروەختەدا سەرجەم شاندی خێڵەکان یەك لە دوای یەك رۆشتن بەرەو کۆشکی کۆماری بۆ ئەوەی دروشمی هۆزەکانیان بەرزبکەنەوە وەك نیشاندانی هێمای وەفاداری و پێبەندی.

لە یەکێك لەو کۆبوونەوانەدا سەرۆك داوای لێبوردنی خۆی نیشاندا لەمەڕ ریفۆرمی زەویوزارە کشتوکاڵییەکانی پێشوو کە پردی پەیوەندی نێوان شێخەکان و خاوەن زەوییەکانی نەهێشتبوو. بڕیاری دا زەویوزار دابەشبکرێتەوە وەك پاداشتێك. رۆژنامەکانی عێراقیش ئابڕوگێڕانەوەی خێڵەکانی بە رێگەی جیاواز گرتبووە ئەستۆ، کە لەبەرنامەکانی‌دا شێخی هۆزەکانی خستبووە بەری پێشەوە لەبری رێکخراوە خوێندکارییەکان و یەکێتی‌یەکان.

سەرلەنوێکردنەوەی خێڵەکایەتی
Retribalization

سەرلەنوێ دەسکەوتنی بونیادی حەقیقی خێڵە بنچینەییەکان لە دەوری شێخەکان کە نێرکی خیڵایەتین زۆر گرانە. کۆچ و جیاوازی بایەخی ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕان لە شێوازی ژیان و ڕێکخەری بەهاکان تایبەتمەندییە ژیاری و کەسایەتیەکانی خێڵی لەنێو بردووە. هەتا ئێستاکە هەندێك لەو خێزانە دێرینانە ناو و هێمای خێڵە کۆنەکانیان هەڵگرتووە کە ئەمەش بەرەنگاری وێنەیەکی شوناس ئامێز نابێتەوە. بەڵام ئەو هەلەی کە ڕژێم پێشکەشی سەرۆك خێڵەکانی کرد وایکرد هاوڵاتیانی خۆیان کۆبکەنەوەو ناوی لێبنێن خێڵە دێرینەکان. بەڵام سەرۆك خێڵە ئەسڵییەکان، پلەوپایەی بەرزیان وەکی خۆی مایەوە. خێڵە تازە دروستکراوەکان جێی گاڵتەجاڕی خەڵك بوون، یەکێك لەو دەستەواژە گاڵتەئامێزانەی خەڵك بەکاریدەهێنن بریتییە لە "شێخ دروستکراوی تایوەنە *Chieftains made in Taiwan*"

ئەگەر ڕەسەن بن یان ساختە خێڵەکان سەرلەنوی دروستکراوە بوون بەبێ بەشداری خێڵە دێرینەکان، بەڵام هەندێك جار بەشداریان تیادا دەکرد. ئەو پێکهاتە نوییە، بناغە سەرەکیەکەی شارە و پشت بە کشتوکاڵ نابەستێت و لقی ئاشکرای نییە. زۆربەی کات سەرۆکەکانیان لە پیشەکارەی چینی مامناوەند بوون یان هاوڵاتی ئاسایی بوون یان ئامالی ئەوان بوون. سەرۆك خێڵە نوێکان لەبری دیوەخانە ئەقلیدییەکان، ئەپارتمانیان بەکرێ دەگرت و ناوەندی کارو مومارەسەی شێوازی ژیانی خێڵەکایەتییەکان بەکاردەهێنا.

خێڵە نوێکان پارێزگاریان لە یاساو ڕژێم دەکردو کاریان دەکرد بۆ چارەسەرکردنی بەربەرەکانێی

نێوان ئەندامەکانی خۆیان و یان نێوان ئەندامانی خۆی و ئەندامانی خێڵەکانی دیکە. ئەو ململانێیانەش یان بازرگانی بوون یان ئیجرامی بوون. کە چارەسەری بابەتەکانی وەك خوێنبایی تیادا دەکرا، لەگەڵ گەندەڵی، ناپاکی یاساو دادگاکاندا رژێم پەنای بردە بەر دەوری دیاری خێڵەکان و بەهەندگرتنی بۆ چارەسەرکردنی بەربەرەکانێی نێو خێڵەکە یان لە پێناو پارێزگاریکردندا. ئەم خزمەتە بە داهاتێکی چاك دەگەڕایەوە بۆ ئەو خێڵانە، ئەم خێڵە تازانە سەرچاوەیەکی سەربەخۆی دارایی بۆ خۆیان کۆدەکەنەوە.

لە نیسانی ساڵی *1996*دا رژێم هەستا بە رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و خێڵەکان کە تیایدا پێشنیاری پلانێك کرا بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێك کە بتوانێت پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە سەرۆکەوە هەبێت، لەگەڵ پێدانی چەکی زەویوزارو پاسپۆرتی دبلۆماسی و جیاکاری سەربازی و لە بەرامبەر ئەمەشدا پێبەندییەکی تەواوەتی. بێجگە لە رێپێدانی یاسایی هەندێك لەو خێڵانە موهیمەی ئاسایشی نەتەوەییان پێسپێردرا، وەك چۆن لە بەرواری تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی *1998*دا لەکاتی ئاشکرا بوونی بەلگەنامەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا رووی‌دا، کە یەکە سەربازییەکان بە جلوبەرگی مەدەنیەوە بەنێو ناوچە گرنگەکانی بەغداد و شارەکانی دیکەدا بڵاوبونەوە بۆ یارمەتیدانی یەکە تایبەتەکانی هێزەکانی ئاسایش لە کاتی بە ئەنجامگەیاندنی پێویستی‌یە ئیستیخباراتیەکانیاندا. لە کاتێکدا ئەم چالاکیانە لە پێشدا ئەرکی سوپای میللی بوو. هەرچەندە سروشتی رێکخستن جیاواز بێت دەوڵەت هەر هێز دەدا بە سەرۆکە نێو خۆییەکان، چونکە ئالیاتەکانی پێشووی لەنێو چوو بوون یان لاواز بوون.

خێڵ دژی دەوڵەت

Tribe Versus State "Redux"

لەوانە بوو هاوپەیمانی لەگەڵ خێڵە نوێکاندا کار بکاتە سەر زیادکردنی هێزی دەوڵەت و بەڵام ئەم پەیوەندی‌یە بەردەوام هەڵگری گێرمەوکیشە بوو. ئەو رەگەزانەی کۆمەڵ کە وازیان لە پەیوەندی خێڵەکایەتی هێنابوو لەوە دەترسان کە ئەو سەرکردانە کە تازە دەسەڵاتیان بەدەستگیربووە، هەمان رێسا ئاساییەکانی خۆیان لەناوچە شارستانیەتەکانیشدا پیادە بکەن. هەروەها ئەو چەتە خێڵەکیانەی کە لەناوچە گوندنیشنەکاندا بوون جێی گومان بوون. بۆ نمونە، هەندێك کەس لە خێڵی "دۆلیم" کە هەستان بە تیرۆرکردنی رێبوارانی سەر رێگەی بەغداد- عومان. ئۆتۆمبیل و پاسەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسی‌یەکانی دۆلیم بە رۆژی روناك و بەکاروان دەڕۆشتن. هەروەها رێژەی تاوانی تیرۆر بەخێراییەکی زۆر زیادی کرد تا رادەیەك بووە هۆی دروستکردنی شەرمەزاری بۆ وەکالەتەکانی چەسپاندنی یاسایی بۆ هۆزە نوێکان. لەبەر ئەم هۆیە هەندێك لەو بەشانەی کە خێڵەکایەتی نین بۆ ئەم مەبەستە هەستان بە داهێنانی هۆز بۆ خۆیان. حزبیش کۆمەڵێك شکاتنامەی لەمەڕ دژی پێکهێنانەوەی خێڵەکان تۆمار کردووە.

هەروەك خێڵە دێرینەکان خێڵە نوێکانیش هەرەمێك پێکدێنێ کە هاوپەیمانیەتیەکان بەردەوام تیایدا لە گۆڕاندایە. لە کاتێکدا هاوسەنگێکی ناپایەدار هەیە، بەڵام ناسکەو لە لایەن دژەکانەوە پەلامار دەدرێت. چارەسەرکردنی دووبەرەکایەتی نێوان هۆزەکان لاوازی دەوڵەت ئاشکرا دەکات.

لە بەغداد هەندێك لە بەشەکانی خێڵەکایەتی بۆ نمونە کۆمپانیایان دامەزراند کە لەسەر سیستمی سزاو پاداشت دامەزرابوو، بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەتداو لە پراتیکیشدا بە شێوەیەکی ئاشکرا

کارەکانی کۆمەڵگە مەدەنییەکانی ناوچەکانی دیکەمان وەبیر دێنێتەوە. ئەم کولتورە لە کارگێڕی زاتیەوە هەڵقوڵاوەو کۆمەڵگەی عێراقی هان دەدات بۆ جۆرێك لە کارگێڕی زاتی *Autonomy* دوور لە دەوڵەت ئەمەش لە بارودۆخی مانەوەی سەروەت و سامانێکی نەتەوایەتی جیا لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەبێ.

نەبوونی ئەو سنورە ئاشکرایانەی نێوان کارمەندانی دەسەڵاتی یاسایی دەوڵەت و سەرۆك خێڵەکان بووە هۆی رووداني پێکدادانی راستەوخۆ لە نێوان وەکالەتەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی خێڵەکان. وەك هەندێك لە سەرۆك خێڵەکان شکاتیان لە کۆمەڵێك بەرپرسانی حکومەت کرد بەوەی کە دەستدرێژیان کردۆتە سەر یاسای عورفی یان بەهۆی ئازادارنی جەستەی ئەندامانی هەندێك لەو هۆزانە لەبەر ئەوەی کە لە حیزب جیابونەتەوە یان بەهۆی کاری تاوانباریەوە. خێڵەکان هەستان بە کۆکردنەوەی شکاتەکانیان دژی دەوڵەت و کارمەندانی حیزب و داوای تەعویزاتی خێڵەکایەتی یان داوای خوێنباییان دەکرد. هەورەها هەڕەشەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەکردار تیرۆرکردنی ئەفسەرە سەربازییەکان و ئەفسەرانی ئاسایش لە لایەن ئەندامانی هۆزەکانەوە لە ئارادا بوو، وەك هەوڵێك بۆ تۆڵە سەندنەوە. لە مانگی مارسی *1997*دا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆرش هەستا بە دەرکردنی مادەی بڕیاری "*24*" وە تیایدا رێ لە خێڵەکان دەگرێ بۆ بەکارهێنانی هەرکارێك دژی کارمەندانی دەوڵەت لەکاتی رووداني هەر زەرەرێك لە خێڵەکان لە لایەن هۆزەکانیانەوە یان لەکاتی بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا.

داڕێژرانی دەوڵەت و حیزب کاری کردە سەر رووداني ململانێی ئاڵوگۆڕ لە نێوان هۆزەکان و دامودەزگاکان. ئەم دەخالەتانەش بەرئەنجامێکی سروشتی بوون لە کارلێکردنی نێوان خێڵەکایەتی دەوڵەتی و خێڵەکایەتی کۆمەڵایەتی. لە قۆناغی یەکەمی خێڵەکایەتی دەوڵەتیدا کۆمەڵگەل و تاکەکان لە نیشتمانە هۆزی خۆیان دەرکران، بەڵام دواجار کە خێڵەکایەتی کۆمەڵایەتی گەشتە ترۆپك جارێکی دی گەڕاندنیانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ئێستاکە پێویستە رژێم وریا بێت لە هەر ململانێیەکی خێڵەکایەتی کە ئەتوانێت ململانێیەکی وێکچوو لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بخولقێنێت، بە پێچەوانەوە راستە، چونکە هەر ململانێیەك لە دامودەزگاکاندا رووبدات دەنگدانەوەی خۆی هەیە لەنێو خێڵەکاندا. بۆ نمونە کێشەی "العمید مظلوم الدلیمی" نمونەیەکی باشە بۆ ئەم حاڵەتە، کە تیرۆرکردنەکەی هانی رووداني کۆمەڵێك ناڕەزایی گەورەی دا لە شاری رومادی. هەندێ کەس لە خێڵەکەی خۆشی هەستان بە چالاکی بەرهەڵستکاریی سەربازی یەکلەدوایەك لە بنکەی ئەبو غرێبی سەربازیدا، ئەمەش وای لە سەدام حسێن کرد داوای یارمەتی لە "عەلی حسێن مەجید" بکات.

بەم پێیە گەڕاندنەوەی خێڵەکایەتی ئەبێتە هۆی کەوتنەوەی دەرئەنجامە جیاوازەکان: وەك پێکدادانی نێوان دەوڵەت و خێڵەکان، پێکدادانی نێوان بەشەکانی ئەو کۆمەڵە خێڵەکایەتییەی کە لەنێوچووەو لە نێوان بەشەکانی ئەو کۆمەڵەی کە سەرلەنوێ خێڵەکانی دروسکراونەتەوە، هەروەها پێکدادان لە نێوان خێڵەکان خۆیان و پێکدادان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا.

سەرچاوە:

Middle East Report
Magazine 215- Sammer 2000

سەرچاوەکانی نووسەر:

1-Ali Wardi, Mantiq Ibn Khaldun (the logic of Ibn Khaldun) (Bagdad 1962); Ibn Khaldun Muqadima, pp. 136, 143- 44.

9-On Iraq shi"ism, see Yitzhak Nakash, the shi"a of Iraq (New Haven, CT, Yale university press 1994) interviews with Ba'th party caders, London Feberuary 1995 and Amman, April- May 1995.

10-Al- Hayat, July. 30. 1991.

11-Interviews and letters from tribal members residing in Europe, Jordan, Suudi Arabia and Iraqi Kurdistan, Iraqi wealthyinport Japanees cars and electroniets The lower classes generally buy cheaper products made in Taiwan.

12-Al- Sharq Al Awasat, May 14. 1996.

13-Amatzia Bahram "New Tribalism in Iraq: Sadam Hussain Tribal Poloitics" International Jurnal of middle east studies 29 -1997.

14-Al. Sharq Al Awasat, march 39- 1997.

15-Iraqi news Agency, March 29- 1997.

16-Al Wasat, June 26- 1995.

"State Socialism"

2-The best treatment of these years remains) Hana Batata, The old Social Classes and Revolutionary Movements in Iraq (Prenceton, NJ: Princeton University Press. 1981).

3-Ba'th Membership in 1968 was only 150, though Same estimates put it between 300- 400. Interview, Salah Omer Ali, London, April 3 and 10, 1994.

4-Samir Khalid, Republic of fear (Berkeley, CA: University of California Press, 1989). PP. 26- 27.

5-Batata, The old social classes and Revolutionary Movements in Iraq. P. 1093.

6-Karen Chaadhry "on the way to market" Midle east Report 170.

7-Ibn Khaldun, Muqaddima, PP. 119-20.

8-Interviews with Hashim Iqabe, folkloric poet, London. January 22. 1996.

دەقی هەڵبژاردە

نۆکەر

ئەلیستەر ئەلپاین

نۆکەر

■ نووسینی: ئەلیستەر ئەلپاین

● و. لە سویدییەوە: ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵی

خوێنەری بەڕێز: ئەمە نۆکەرو ئەوە میر، خۆت سەرپشك بە، کامیان هەڵدەبژێری، یان دەبی بەکامیان، ئەمە شانۆگەرییێکە پێویست بە هیچ ئەکتەرێك ناکات، چونکە جیهان خۆی ئەو شانۆیەیە کە شانۆگەریەکەی تێدا نمایش دەکرێ و هەمووشمان تێیدا ئەکتەرین، لەوانەیە لە خوێندنەوەی ئەم بابەتە، هەندێکمان تەقەی سەری بێ و هەندێکیشمان شاگەشکە ببین، دۆستێك یان هەڤاڵێکی خۆمان لێ بێت بە نۆکەر یان میر، لەوانەشە پڕبێ لە: ئەگەرچی، پێویستە، بەڵام، دەبێ، دەکا، بکا، ئەوانە قسەی نووسەرەکە نین، بەڵکو ئەوە نۆکەرە، میر بەو چەشنە دەدوێن و رستەکانی پێ درێژ دەکەنەوە یان کورتی دەکەنەوە. ئەمانە سیحری نووسینەکەیە کەوا لە نۆکەر بکا بەکاریان بهێنێ. گرنگیش نییە رستەکان هەر جۆرێ بن، گرنگ ئەوەیە لەو وشانە بگەین، کە لە ژێرەوەی دێڕەکاندا نووسراون و بەدی ناکرێن. میکافیلی و ماك ئەلپاین و (میرو نۆکەر) هەڵمەتیان بۆ دەبەن و پێیان ناگیرێن، ئەی ئەگەر بەوان نەگیرێن، چۆن بە ئێمە راودەکرێن.

بیخوێنەوەو میرو نۆکەرەکانیان تێدا بدۆزەرەوەو دووریش نییە ئەو قەناعەتەت لا دروست بکات کە چۆن هەندێ جار میر لەلای ئێمە دەچێتە خانەی نۆکەرو نۆکەریش دەچێتە خانەی میرەوە. گرنگ ئەوە نییە کامەیان لەسەر کورسی دانیشتوون و هزرەکان هی کێن، گرنگ ئەوەیە، دەستەلاتەکان چین و بۆچی بەکاردێن، کێ رۆڵی میر دەبینێ و کێ رۆڵی نۆکەر.

کاتی خۆی ئەم بابەتەم بەش بەش، لە گۆڤاری "Times" بڵاوکراوەتەوە، کە هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی، نزیکەی سەدهەزار دانە زیاتری لێ چاپ کراوەو رەواجی لەسەرتاسەری ئەوروپاو ئەمریکا پەیدا کردووە، ئەو دوایشیدا لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ کراوەو بۆ زۆربەی زمانەکانی ئەوروپا وەرگێڕراوە.

وەرگێڕ

نۆکەر

میکـافیلی، کتێبـی "مـیر"ی نووسـی، چونکـە دەیویست کارێکی دەست بکەوێ. کاری سیاسـی، لـە هەموو کارەکانی تر سەرنج راکێشتر بو. شـەپۆلەکانی دەریـاش هەمیشـە مرۆڤـی وەك میکـافیلی، کـە دەیانـەوێ بـۆ کـاری رامیـاری بگەڕێنـەوە، بـەرەو لێوارەکانی دەماڵی. میکافیلی بـە لێهاتوویی خـۆی و ئـەو زانیاریـە زۆرەی دەربـارەی مێـژوو هـەیبوو، لـەو باوەڕەدا بوو کە دەتوانـێ، ئامۆژگـاری مـیرێك بکـات، چـۆن کارەکـانی خـۆی بـەڕێوە دەبـات و چـۆن ئـەو رێبازانەی، کە لە رووداوەکانی مێژوودا هـەڵیدەهێنجێ بۆ سوودی تایبـەتی خـۆی بـەکاریبێنێ. بـەڵام مێـژوو رێگـا نیشـاندەرێکی بـاوەڕپێکراو نیـیـە. بۆیـە ئـەو کەسەی دەیەوێ یان دەگەڕێ بەدوای خزمـەت کـردن لـەلای مـیرێکدا کـە دوا رۆژی روونـە، کـارێکی بـێ شەرمانەیە، چـاوەڕوانی ئـەوە بکـات، کـە ئامۆژگـاری میرێك بکات، چۆن کـارو فەرمانـەکانی ئـەنجام بـدات، بۆیە پێویست بوو ئەو کەسەی خۆی لە میکـافیلی بـە (میکافیلی) تر دەزانێ، لە بری ئەوەی ئامۆژگاری میر بکـات، کتبێکـی نوسـی بـا، کـە تیـایدا ئامۆژگـاری نۆکەرەکانی میر بکاو میر ژیرترین نۆکەری هـەڵبژاردبا و راسـتەوخۆ، لـەلای خـۆی، دایمەزراندبایـە، بـەو شێوەیە، دەسەڵاتی بدابایە، بە میکافیلی کـار بکـات، بەو شێوەی کە خـۆی دەیـەوێ، ئـەم کتێبـە ئەبوایـە ناوی نۆکەر بـا، ئەوەشـی روون کردباوە، نـەك چـۆن میکافیلی ئامۆژگاری میر دەکـا چـۆن حوکـم بگـێڕێ، بـەڵکو میر فـەرمانی بـە نۆکەرەکـە بکردایـە چـۆن پەیڕەوی رێبازی میر بکـا، چـۆن پرسیارەکانی رێك بخات و ئەو رێگایانە بان رێژ بکات، بۆ ئاسـان کردنـی بەکارهێنانی دەسەڵاتی شازادەو سەرپەرشتی ئالقـەی ئەو کەسانە بکـات کـە لـە نزیك مـیرەوە دەژیـن. لـە کتێبـەدا، ئەبوایـە، ئەوەشـی روون بکردایـەوە، کـە سیاسیەکان لە راستیدا، هەمان بێ هێزو ناتوانـایی، ترس و ترسەنۆکیان تێدا هەیە، کـە هاووڵاتیـیانی تـر هەیانـە. بـەڵام ئـەوان لـە چوارچێوەیـەکی داخـراودا دەژیـن و هەسـت بـە هـێز دەکـەن و ناچـارن، بەشـێوەیەکی نامـەنتیقی گفتوگـۆ بکـەن، سـەرەڕای ئـەوەی کـە سیاسـیەکانیش مرۆڤـن، بـەڵام نـاتوانن خۆیـان وەك مرۆڤێکـی ئاسـایی پیشـان بـدەن، بۆیـە نۆکەر ناوێکـە پـڕ بـە پێسـتیان. بـواری ئـەوە هەیـە، نۆکـەرەکان، خـەڵك هەڵخەڵـەتێنن و بـە ئاقـارێکی تریاندا ببەن. نـەك لەبـەر ئـەوەی حـەز دەکـەن، یـان دەسـکەوت بەدەسـت دێنـن. بـەڵکو بـۆ ئـەوەی، داهـاتووی بـیرو بۆچوونـەکانی مـیر مسـۆگەر و دڵنیـا بکەن.

لەو کتێبەدا، دەمەوێ هەندێ، فرت و فێڵ دەست نیشان بکـەم، کـە لـە رێگایانـەوە مـرۆڤ بتوانـێ بـیر (هـزر)ێـك لـەو زەوییـە ناهـەموارە بدۆزێتـەوەو دەستەڵاتی بەتەواوی مسۆگەر ببێت.

هزر شتێکی پڕ بایەخە بۆ میر ئـەو فەلسـەفەیەیە کـە مـیر چـۆن بنـەمای گفتوگۆکـانی خـۆی دابڕێـژێ، هزری ئامانجەکانی میری تێدایە کە بۆ خەڵکانی خۆی خەبات دەکا. هزر ئـەوە دەسـت نیشـان دەکـات، کـە میر چۆن، قەڵـەمڕەوی خـۆی فـراوان بکـاو پێشـبڕکێ لەگـەڵ دەسـتەڵاتدارەکانی تـردا بکـا، هـزر سـەنگی مەحـەکی مورالـەی خەڵکەکەیـەتی. هـزر لەگـەڵ مـیر دەسـت پـێ دەکـات، ئەگـەر مـەندێکیش بیانـەوێ ئامۆژگاری بکەن، ئەوە لە راستیدا خۆی کەوتۆتە ژێر کاریگەری هزری دەسەڵات. میر دەستەڵاتی خـۆی لـە هزرەوە هـەڵدەهێنجێ. مـیر پێویسـتی بـە هـزرە. بـۆ ئـەوەی بڕیـاری پێویسـت بـدات، کـە بەهۆیـەو دەسەڵاتی بپارێزێ. بەبێ هزر مرۆڤ هیچ نییە.

کاتـێ مـن لـەو کتێبـەدا بـاس لـە مـیر دەکـەم مەبەست هەموو سەرکردەیەك نییە، بەڵکو مەبەستم ئەو میرەیـە کـە تـەواو بـێ هەڵەیـەو بـەرزترین روحـی

هەیە کە پێویستە هەموو مێرێك هەیبێ. مێر دەسەڵاتی خۆی بۆ سوودی خەڵکە، تەنیا بۆ ئەوە دەسەڵاتدارە. هەزر یارمەتی مێر دەدات، کە دەستەڵاتدار بێت. ئەوە مێر نییە. لە ناکاو سەرپەرشتی پێداویستی مرۆڤەکانی تر بکات. ئەگەر مێر هەستی بەوە کرد، کەسانی تر هەن، دەیانەوێ هزرەکانی تێك و پێك بشکێنن، یان پاش ماوەیەکی تر نەیەڵن هزرەکانی ئەنجام بدات. ئەوە پێویستە مێر هزرەکانی خۆی بگۆڕێ و خۆی میرایەتی خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

لەو کاتەدا ئەو تەنیا، خاوەن فەرمانێکە کە رۆڵی ئەوە بەدیار ناخات کە لە راستیدا مێرەو سەرکردەی ئەو نۆکەرانەش نییە کە خزمەتی دەکەن، کەس باوەڕ بە هزرەکانی ناکات. وتوویانە، هیچ شتێك هێندەی هزر دەستەڵاتی نیە. لە کاتێکدا کە خۆشی دێت. رۆڵی نۆکەر ئەوەیە، خزمەتی هزرە راستەکانی مێر بکات. کە ئەوەی کرد ئەوە نیشان دەدات، کە هزرەکان مسۆگەرن و کاتەکانیشیان پێ گەییوە.

نۆکەر ئامرازی مێرو هزرەکانیەتی نەك هی دەوڵەت، دەوڵەت نۆکەری خۆی هەیە، بەرپرسیارەو بۆی دڵسۆزە، بۆیە بە گۆڕانی مێرو هزرەکان، نابێ خۆی لە دەوڵەت بدزێتەوە.

من لەو لاپەڕانە، کە باس لە نۆکەر دەکەم، مەبەستم تەنیا یەك مرۆڤە یان بەشێوەیەکی تر بڵێم، مەبەستم ئەو لێپرسراوەیە کە سەرپەرشتی دەزگایەکی تایبەتی دەکا، من مەبەستم لە تەواوی دەست و پێوەندەکانی مێر یان لێپرسراوێکی سیاسی کابینەکە نییە. ئەگەرچی ئەم خزمەتکارانە بە گشتی پێك هاتوون لە دارو دەستەکانی مێرو ئەندامی کابینەکان. لەم نووسراوەدا دەمەوێ بەتەواوی لە ئاستێکی بەرز باس لە وشەی "نۆکەر" بکەم و روونی بکەمەوە. جیاوازی نێوان مێرو نۆکەر ئەوەیە کە مێر وەك دەسەڵاتدارێك دەسەڵاتی هەیە، نۆکەر ئەو دەسەڵاتە بەکاردێنێ کە لە پەیوەندی خۆی لەگەل مێردا سەرچاوە دەگرێ تا بتوانێت لە رێگای ئەو هەڵبژاردنە، توانای خۆی بەکاربێنێ.

ئەوە کاری نۆکەرە، یارمەتی مێر بدات و بیروبۆچوونەکانی بۆ هەواداران روون بکاتەوەو بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ تا وەك پشتیوانێك رێکیان بخات. نۆکەر دەبێ سوود لە هزرەکانی وەربگرێ، بۆ ئەوەی توانا و لێهاتوویی هەوادارانی مێر بەکاربێنێ و زۆرترین پارە کۆبکاتەوە، هەروەها سوود لە هزرکان وەردەگرێ هەتا بەلانی کەم کەمترین پارە لە خەڵك بەدەست بێنێ. چونکە ئەگەر هەر کەسێك بە پارەیەکی کەمیش پشتیوانی ئەو هزرانەی کرد، ئەوە بە شێوەیەکی قانونی بەدیاری دەخەن کە مێر مافی ئەوەی هەیە دەسەڵاتدار بێت. ئەو پارەیەی نۆکەر کۆی دەکاتەوە، بۆ بانگەشەکانی مێر بەکاردێت و بەو پارەیە ئامۆژگاری مرۆڤی شارەزا دەکاو وەك کارێکی هونەری کاریگەری لەسەر دەنگدانی خەڵك بۆ مێر دەبێ. کارە سەرەکیەکانی مێر ئەوەیە کە هزرەکانی دابڕێژێو رایان بگەیەنێ، نۆکەریش بانگەشەکانی مێر رێك دەخاو بە هیچ شێوەیەکیش نابێ لە یادیان بکات کە تەواوی سەرەداوی بانگەشەکان بۆ مێر بگێڕێتەوە. بۆ مێر گەلێك گرنگە کە بزانێ تەنیا ئەوە باوەڕی خەڵکی بۆ خۆی بردۆتەوە، چونکە دوای سەرکەوتن هەڵبەتە زۆر هەن، سەرکەوتنەکان بۆ خۆیان دەگێڕنەوەو داوای پاداشت دەکەن. ئەو مێرەی بەهەوڵ و تەقەلای کەسانی تر، دەگاتە دەسەڵات دەبێ باش بزانێ و وەك رۆژ لێی روون بێ، کە دەسەڵاتداریەکەی تا سەر مسۆگەر نابێت و بەهەمان شێوە، بە هەوڵ و تەقەلای ئەوان، دەسەڵات لە دەست دەدات.

ئەو مێرەی تەنیا بەهێزو بازوی خۆی دەگاتە دەسەڵات. هەستیش بە مسۆگەربوونی دەسەڵاتەکەی دەکات، نابێت جارێ رێزو پاداشتی کەسانی تر

بداتەوە کە خەباتیان کردوە چونکە تا ئێستا خۆی خاوەنی دەسەڵاتەکەیشە.

خەڵك زۆر بە زەحمەت باوەڕ بەو میرە دەکەن کە بە بەخت یان بە هاوکاری کەسانی تر بە دەسەڵات گەیشتووە. میر ئەبێ هەمیشە وشیار بێت کە لە چاوتروکاندنیشدا نابێت خەڵك هەست بە بێدەسەڵاتی و لاوازی بکەن. میر دەبێ خاوەن دەسەڵات و دوارۆژ بێت. خاوەن هزر بێ ئەگەر دەسەڵاتی دزی بێت، ئەو تەنیا میرێکە وازی بە دەسەڵاتی خۆی دەکاو چاوەڕوانی ئەوە دەکا کە یەکێکی تر دەسەڵاتەکەی لێ بستێنێ و تەخت و تاجەکەی تێك بدات. پێویستە نۆکەر بانگەشەکەی میر بگێڕێت و سەرپەرشتی ئەوە بکات، چۆن ئۆرگانەکەی کار دەکات. میر پێویستە ئەوە روون بکاتەوە کە چۆن نۆکەر سەرپەرشتی ئۆرگانەکە بکات و کاربکات، زۆر بە وردیش ئاگاداری خۆی بێ و ئەو رێچکانە دیاری بکا کە چۆن جارەدەرەکان بیرو هزرەکانی بەکاردێنن. هزر پێویستی بە ئۆرگانێکە بۆ کاتی گەیشتنی هزرەکان، بەڵام ئۆرگان بەتەواوی جیاوازی لەگەڵ هزردا هەیە.

هزر زۆر بەخێرایی گەشە دەکات کاتێ نەگۆڕ بێ، بەڵام ئۆرگان بە گوێرەی گۆڕان یان پێویستی گەشە دەکا. ئەزموون سوودێکی زۆری بۆ ئۆرگان هەیە، بەڵام هیچ سوودی بۆ هزر نییە. هزر تەنیا کاتێ توانای هەیە کە ئەگەر میر لێی هەڵنەگەڕێتەوە. نۆکەر دەزانێ رۆڵ و تایبەتمەندیەکانی چین، چونکە لە دڵی هەر نۆکەرێك میرێك دەژی و حەز دەکا نەجیب زادەو چاپووك و بەناوبانگ و دوارۆژی رونی هەبێ. ئەمە مافی خۆیەتی کەوابێ میر بۆی سیمبولێکە. نۆکەر هەمیشە دەیەوێت لە دڵیا میر هێمن و بێ دەنگ بێ، چونکە ئەگەر ئازایەتی و چابووکی لە دڵیا دۆزرایەوە، ئەوا زیرەکی نۆکەرەکە دەبێتە نەخۆشیەکی بێ دەرەتان، بۆیە دەبێ نۆکەر هێزو چاپوکی و زیرەکی خۆی دەست بەسەردا بگرێ و سوود لە هێزو توانای خۆی تەنیا بۆ خزمەتی میر لێ وەبگرێ، بەڵام بە پێی تێپەڕبوونی کات ئەو نۆکەرە دەبێتە میرێك لەناو نۆکەرەکاندا.

نۆکەر بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی رایی بکات پێویستی بە "سیحرێکە". من مەبەستم لە کۆمەڵەی تایبەتمەندی کەسایەتی هەمەجۆری نۆکەرە، کە هەیەتی. سیحر رووپۆشی دەرەوەی نۆکەرە، کاتێ خۆی تێکەڵاوی جوولانەوەکە دەکا. سحر دیوارێکە لە پەنای خۆی دەشارێتەوە لەوانەی باشی دەناسن. سحر تەنیا ئەو راستیە نییە کە پارێزگاری لە کەسایەتی نۆکەر دەکا. لە مێژوودا هاتووە کە سحر گرێ کوێرەیەکە رۆژانە سوودی لێ وەردەگیرێ لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەی کە هەمیشە سەردانی دەکەن. سحر بێبەزەییە، پێویستە بەگوێرەی بۆچوونەکانی نۆکەرەکە هەڵبژێرێ، نەك لەبەر ئەوەی نۆکەرەکە دەیەوێ بەرامبەر هاوکارەکانی بەکاربێنێ. نۆکەری راستەقینە هەرگیز خۆی بەم شتانە هەڵ ناخەڵەتێنێ. نۆکەر تەنیا بۆ ئەوەیە، وزەو یارمەتی پێ بدات، خزمەتی هزری میری پێ بکا. سحری نۆکەر، سێ مەبەستی سەرەکی هەیە: خۆشەویستی، ترس و قین، دڵسۆزی، هیچ بایەخێکی لەو جیهانە نیە کە لە میرو نۆکەرەکان پێك هاتووە. باوەڕکردن بە دڵسۆزی، تەنیا ئازارو پەشیمان بوونەوەیەکی قوڵی بەدواوەیە. دڵسۆزی تەنیا، کەرەستەیی رۆمان نووسەکان و سەگە بەوەفاکان و تایبەتمەندی ئەسپەکانە. لە بازنەی میرو نۆکەراندا، دڵسۆزی لەگەڵ بارودۆخەکە گەشە دەکا. ئەگەر لەناکاو تووشی دڵسۆزی بووی، سوپاس گوزاری بە، بەڵام هەرگیز چاوەڕانی دڵسۆزی مەکە، با لە بەرنامەکەشتدا نەبێ، ئایا نۆکەرەکە دڵسۆزە؟ نۆکەر تەنیا بەرامبەر هزرو میرەکەی دڵسۆزە کەسی تر نا، چونکە ئەو بەتەنیا باوەڕی بەو دوانە هەیە تەنیا کاتێکیش کە ئەم دوانە یەك بن، باوەڕ

"غەریزەیەکی" زۆر لە دڵسۆزی بەهێز تـرە. دڵسـۆزی ئەو هەستەیە، کە باوەڕ دەمرێ ئەو دەمێنێتەوە.

میکافیلی، دەڵێ: "پێویستە، مێر هـەوڵبدا واز لـە قین بێنێ" بەڵام قین مەبەستێکە لە سحری نۆکەر.

پێویستە سحر بەجوانی خۆی بڕازێنێتەوە، بـەڵام قینێکی کەم، وەك بەردێکی تیژکراوە بـۆ سـحرو هـێز بە سحر دەدات، بەڵام سەرەڕای هـەموو ئەمانـە سـحر پەڵەیەکە بـاوەڕێکی زۆری پـێ دەدا، تـرس بەشـێکی تری یارمەتیە. بۆیـە هەمیشـە باشـە ترسـێکی کـەم هـەبێ. گـەرچی تـرس شـوێنێکی دەبـێ، نـەك لـە پیاوەکـە خـۆی، بـەڵکو لـە دەوروبـەر. بـەڵام خۆشەویستی بـە پێچەوانـەوە پێویسـتە لافـاوێك بـێ یارمەتی ئەوەش بدات کە کەمترین هـێزی فـەرمانێکی جوان، لە دوای خۆی بشارێتەوە. ئارەزوو بەشێکە لـە خۆشەویستی، بابەتێکـە زۆر قسـەی لەسـەر دەکـرێ، بەڵام ئەوە لایەنێکی بـێ هـێزی نۆکـەرە، لـەو هـەل و مەرجەدا دەبێتە هۆی شڵەژانی بیرەکانی نۆکەرو هیـچ سنورێکی تریشی نییە، کە خۆی ئامادە نەکا بۆ ئـەو خۆشەویستییە. ئەوەت لەیاد بێت، کـە مـن بـاس لـە سحری نۆکەر دەکـەم، نـەك لـە خـودی خـۆی کـە لـە راستیدا چۆنە. نۆکەر دەبێ بۆ خۆشەویستی بە توانـا بـێ، ئـەبێ ئاگـاداریش بـێ، هیـچ خۆشەویسـتێکی راسـتەقینە نییـە، کاریگـەری لەسـەر مـەزندەکان دانەنێ. خۆشەویستی بەڵگەیەکی زۆر گرنگـە، ئەگـەر نۆکەرێ بیەوێ باوەڕ بە کەسێکی تر بێنـێ کـە بـاوەڕ بـە هزرەکـانی بکـات، سـەرەتا پێویسـتە نۆکـەر هزرەکـانی خـۆش بـوێ. خۆشەویسـتی بـەهێزترین چەکی دەستی نۆکـەرە، کـە دەیـەوێ بـیری مـرۆڤ بگۆڕێ، زۆر کەس سەیری ئەوە دەکەن نۆکـەر چـەند حەز لە هزرەکان دەکـاو لێی دەکۆڵێتـەوە. هـەندێکی تر سەیری ئەوە دەکەن، نۆکەر چەند خۆشی دەوێـن، بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرن. ئەگەر نۆکەر بیەوێ بـاوەڕ بـە کەسـانی تـر بکـا، بـاوەڕ بـە هزرەکـانی بکـەن، پێویسـتە پێشـەکی مرۆڤـەکانی خـۆش بـوێ، ئەگـەر ئەمـە بـە ئـارەزووی نۆکەرەکـەش نـەبێ، بـەڵام نابـێ هـەرگیز باسـی بکـا. بـەهیچ شـێوەیەکیش بـیری لێ بکاتەوە. بـیر پەیوەندیـەکی ئاسـانە، هـەروەك وشـە. خۆشەویسـتی یـەکێکی تـر، بـەرزترین فۆرمـە بـۆ دوو روو، چونکە دەیـەوێت بیکـا بـە لایـەنگیری بۆچوونـی شتەکان و بەهیچ شێوەیەك نابێ نکوڵیان لێ بکات، بۆ ئـەوەی بۆچوونـەکانی پـێ بگۆڕێـت. مـن وشـەی خۆشەویستی بەکاردێنم، هەر شتێکی دەروونی هەیە. نۆکەر نابـێ، هـەرگیز، پەیوەندیـەکی فـیزیکی لەگـەڵ یەکێکی تر بکـا، کـە دەیـەوێ بۆچوونـەکانی بگـۆڕێ. ناقوس لێ دەرەکان، لە نۆکەر زیاتر حەز لە لەشی تـر دەکەن. بەڵام چاوپۆشی لە ئارەزوەکـە دەکـەن و لـە دەروونی خۆیان پەنگی پێ دەخۆنـەوە. دەڵێـن "مـن ئەو مرۆڤم خۆش ـەوێ، کە بـۆ بـەرژەوەندی کـاری خۆمـی هەڵدەخەڵـەتێنم" ئـەوەش، ئەبێتـە ئاسـان کردنـی کارەکـانی مـن و بـەرژەوەندی مـیر. بـەو خۆشەویسـتییە فیزیکیـە، دەتـوانم بۆچوونـەکانی بگۆڕم. ئەمە تەڵەیەکە وازی لێ بێنە.

لە راسـتیدا نۆکـەر زۆر مەبەسـتی تـری هەیـە کـە سحرەکان بەکاربێنێ، بـەڵام خۆشەویسـتی و تـرس و قین، سێ کوچکەی هەستیارن لە کارەکانی نۆکەردا.

نۆکەر ئەبێ کاریکی وا بکا، هەموو کەسـێك بـاوەڕ بە سحرەکانی بێنێ، بێجگـە لـە خـۆی، نۆکـەر پێـش ئەوەی دەست بەکار بـێ بـۆ دۆزینـەوەی سـحرەکانی پێویستە، هەموو کارو نیشانەکانی خۆی بـەدیار بخـا. لـە کاتـە هـەرە ناخۆشەکانیشـدا نۆکـەر دەتوانـێ جیاوازی لە نێوان خۆی و سحرەکانی نێوان راسـتی و راسـتییەکانی تـر ببینـێ. نۆکـەر ئەگـەرچی بـە شەرمیشەوە، تەماشای سحرەکانی خۆی بکات، بەڵام وەك سێبەرێك بە دوایاندا دەجووڵێتەوە، دەزانـێ کـە ئەمانـە گـرێ کوێرەی فێڵەکانیـەتی ئـەبێ بـەدڵێکی سافەوە، باوەڕی بە هزرەکە هەبێ. نۆکەر نابـێ رێگـا

بـدا، کاتـێ سـوود لـە سـحرەکانی وەردەگـیرێ و مۆسیقایان بۆ لێدەدا، نـابێت هیـچ شـتێك دزە بکاتـە ناو هرزەکانی، تا ئەم کـارە ئـەنجام بـدات، پێویسـتە باش تێی بڕوانـێ و کـاولی نـەکاو بەشـێوەیەکی وەهـم هەڵس و کەوت بکـا، کـە خـۆی ترسـی نـاکۆکی نـەبێ کاتـێ کارەکـە لەگـەڵ سـحرەکە ئـەنجام دەدات. کاتێکیش رووداوێکی پڕ دەردەسەری رووەدەدات، ئەوا نۆکەرەکە خـۆی لەگـەڵ نـاکۆکی سحرەکە رووبـەڕوو بۆتەوە بۆیە رووی داوە، زیرەکی نۆکەرەکە لەوەدایـە کـە حسابێکی ورد بکـا کاتـێ دەیـەوێ بخوڵقێنـێ. هۆکارەکـانی پـەیدابوونی ئـەم جـۆرە ناکۆکییانـە لـە سـحرەکەدا، پێویسـتە زۆر بـە وردی و رووونـی بیـان شارێتەوە، تەنیا لەکاتی پێویسـتیدا ئاشـکرایان بکـا، چونکە ئەمانـە بـۆ خـەڵك بەشـێوەیەکی ناسروشـت و کـەم و کـوڕی لـە ئاکـارو نیشـانەکانی نۆکـەر بـەدیار دەکـەون. کـارو سـحرەکانی نۆکـەر هـەندێ کـات بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن. لەوانەشە بە دوو شـێوەی جیـاواز چارەسـەر بکرێـن بـەڵام هـەرگیز نابـێ نۆکـەر ناچار بکرێ یەکێکیان لەنێوان کاری پێویست و سـحر هـەڵبژێرێ. ئـەم توانایـەکی زۆر بەنۆکـەر دەدا، خەڵکیش لەسەر ئەو زانیاریانەی کە لەسەر سحرەکان هەیانە حوکم لەسەر نۆکەر دەدەن. خەڵك حەز دەکـا ئـارام بـێ و لەهـەمان کـاتدا دان بـە جـل و بـەرگی سـەربازی و مـەدەنیدا دەنێـن و حـەز دەکـەن بزانـن نۆکەر چۆن دەیان پۆشێ چونکە خەڵك هەرگیز بنج و بناوانی نۆکەر ناناسن و نازانن، ئەو چۆن خۆی بەدیار دەخـات. ئەگـەر هـاتو بەگشـتی زانـرا کـە نۆکـەرو سحرەکان یەك نین، ئەوە زیرەکییە بۆ نۆکـەر کـە واز لـە پیشـەکەی بێنـێو بگەڕێتـەوە ناومـاڵی و خـێزانی خۆی، خەریکی کێڵانی زەویەکـەی بـێو دارو درەخـت بڕوێنـێ کـە ئەمـە باشـترین شـێوەی مەدەنیەتـە. باشترین کاریش بـۆ پیـاوە سیاسـیەکان، ئەوەیـە کـە بـاخ دروسـت بکـەن بەتایبـەتی لـە کـاتێك کـە واز لـە سیاسـەت دێنـن. بـەناوبانگترین بـاخی سـی چـو "Suchou"ی چینـی وەزیـری ئـابووری دروسـتی کـردووە کاتـێ بەشـێوەیەکی کـاتی وازی لـەکاری سیاسـی هێنـا. نۆکـەر دەبـێ ئـەوە بـاش بزانـێ کـە شانازییە بۆی کە خەڵك هـەڵ بخەڵـەتێنێ، بـەڵام بـێ ئابڕوویـە، خـۆی هـەڵ خەڵـەتێنێ. پێویسـتە نۆکـەر هەمیشە ئەوەی لەیاد بێ کە سـحرو نۆکـەر بـە پلـەی دووەم لە دوای هزر دێن.

میر، هـزر، نۆکـەر، سـێ قـاچی کورسـیێکن، بـەم پێیە هەر یەکێکیان وەردەگری، هـەر قـاچێکیش وەك ئـەوەی تریـان بەسـوود و گرنگـە، هەریەکـەیان رۆڵ سنورێکی واتادارو دیاری کراویان هەیە. میکـافیلی لـە کتێبی میر دەیەوێ بەو شێوەیە میرێك داوا بکـا "مـیر پێویسـتە، چارەسـەرکردنی کـاری ناشایسـتە بـە نوێنـەرەکانی بسـپێرێ، خۆشـی سـۆزو بەڵێنـەکان جێبەجێ بکات" ئەوە تاکـە وازییـەکی هاوبەشـە لـە کتێبـی "مـیر" لـە پـەیوەندی نێـوان مـیرو نۆکـەردا سەردەمانێك میکافیلی ژیانی خۆی تایبەت کردبوو بە پێشنیاری سیاسی.

بۆچونـەکانی جیـهان بـە شـێوەیەکی گشـتی "میکافیلسـتییەکان لەگـەڵ کـاری چەپـەڵ، هەڵخەڵـەتاندن و دووڕوویی پێکـەوە دەبەسـتنەوە". من ئەمانە بەم شێوەیە بەدیار دەخەم و زیاتریش لەو باوەڕەدام ئەمە هەستێکی بەهێزە لـە خوێنـی مـیردا، کـە نۆکـەرو هـزرە ئەگـەر بـەو شـێوەیە کاربکـەن. سەرکەوتنی باش لـە دەسـەڵاتی دەوڵـەت بـە دەسـت دێنن و نەتەوەکە ئایندەیەکی رووونی دەبێ، باشتریش ئەبێ ئەگەر ئەم سێ هێزە پێکـەوە کاربکـەن و بزانـن چۆن ئەم دوودڵییە یـان سـێ کوچکەییـە بـەکاربێنن. من مەبەستم ئەوە نییە، نەتەوەیەك، لـە نـاو بچێـت، ئەگەر یەکێك لەو هێزانە تێك شکا بەڵکو مەبەستم لەو توانایە ئەوەیە ئەم سێ کوچکەیە پێکەوە ئەتوانن بۆ

دەوڵەت شکۆمەندو مەزن بن. ئەمانە بیرو هــزری نەجیب زادایەتین.

ئامانجی سەرەکیم لەم کتێبــەدا ئەوەیــە، کــە تەواوی فرۆوفێڵەکانی نۆکەر کــە بــەکاریان دێنــێ، دەست نیشان بکەم، بۆ ئەوەی میر وەك خاوەنی دەسەڵاتێك بمێنێتەوەو هزرەکانی بکا بە راستی. کاری نۆکەر، ئەوەیە بزانێ کە هیــچ کۆسپێك بەهۆی هزرەوە نابێ بە راستی، ئەم کتێبە، بۆ ئەوانە نییە، کــە دەیانــەوێ و ئامــادەن ســازش بکــەن. بــە پێچەوانــەوە، ئەوانــە دوور دەخاتــەوە. هــەروەها باسیش لە ئامۆژگاریە سادەو لاوازەکان ناکات، داخوازی ئەو قوربانیانە دەکا کە بەهۆی زانیارییەکان ئەنجام دەدرێن و هێرش و پەلامار، لەوانەیە، ببنە هۆی سەرکەوتن.

بۆچون و تێڕوانینەکان لە رەفتاری نۆکەردا لە چەندین سەرچاوەوە وەرگیراون.

پەیوەندی نێوان میرو نۆکەر، وەك پەیوەندیی نێوان بەرێز پیك ویك "*Mr. Pickwick*" و بەرێز سام ویلر "*Mr. Sam Weller*"ن و لایەنە بەهێزەکانی خزمەت کردنیش لە نێوان بێرت وستێر "*Bertie Wooster*" و جیفیس "*Teeves*" نییە. دیکنس "*Dickens*" و ود هــاوس "*Wodhouse*" ئــەو نووسەرانە نین، کە سیاسەتمەدارانی سەردەم هەوڵدەدەن، ئامۆژگاریەکانیان لێ وەربگــرن، بەڵام پێویست بوو خۆیان بن واتە ئەوان.

بــەکارهێنانی دەســەڵات، روون و ئاشــکرایە، هەموومان دەزانین کە لە هــەندێ ئامانج گەیشتووە. بەکارهێنانی تواناش کاتێ بەدیار دەکەوێ کــە شتێك روودەدات، کەسیشمان نازانین کێ خۆی لە پشت پەردەکــە مــەڵاس داوە، دەســەڵاتی قۆنــاغی سەرەتاییە، بۆ ئەو کەسەی کە لە پێشدا توانای هەبووە. نۆکەر ئەو مرۆڤە بەتوانایەیە. ئەگەر هەر کاتێکیش بەدوای فریودان گەڕاو ویستی دەسەڵات بەکاربێنێ بــا زیــاتر نۆکەرایەتی نــەکاو پێویستە دەربکرێ. چونکە خوازیاری بەکارهێنانی دەسەڵات بەدیاری دەخات، کە هەڵپەو ئــارەزووی میرایەتی دەکا. لە هەمان کاتیشدا نۆکەر گەوجی و گێلایەتی و زۆرزانی خۆی بەدیاردەخا، ئەوە باش بزانێ کە وزەو توانا وەڵامێکی بەهێزە بەرامبەر بە دەسەڵات. تەنیا یەك شێوە دەسەڵاتیش هەیە، کە جارجارە پەنای بۆ دەبا، ئەویش، ئەو دەسەڵاتەیە کە هەڵپەو ئارەزووی ئەوانەی تر تێك دەشکێنێ و لەناوی دەبات، یــان بەشێوەیەکی تر دەسەڵات کە نەگەتیف و لە هەوو شتێك خۆشترە.

هەرکامێك لە هۆکارەکانی مرۆڤ بن، گرنگ نییە، کە هێشتا بە دیــار نەکــەوتبن، چونکــە ئــارەزووە راستەقینەکان رۆڵ دەبینن. پێویست بەوە ناکــات کەنۆکەر کردارەکانی مرۆڤ بنووســێتەوە. ئەمانــە شتی بێ سوودن، تەنیا کردارەکان حســابیان بــۆ دەکــرێ. نــەوەی داهــاتوو، چ بــاوەڕێکی بەســەر هۆکارەکانی میرەوە هەیە. ئەمەش هەر بــێ سوودە. نۆکەر بۆ ئێستا دەژی و پێویستە لە قــازانجی میردا بێت. نۆکەر هیــچ بەرژەوەندییەکی بە رابــردووەوە نییە، پێویستیش ناکا بیری لێ بکاتەوە، چۆن مێــژوو حوکم بەسەر میردا دەدات، یان کاریگەری لەســەر کردارەکانی دادەنێ. ئەمە پێویستە رابردوو وا رێك بخات، کــە لەگــەڵ مــیردا بگونجــێ. بــیرەوەری سەدەکانی رابردوو کە لەلایــەن مێــژوو نووســەکان نووسراوەتەوە بەڵگەی کەمن بۆ ســەلماندن، ئــەو مێژوو نووسانەی کە هەوڵ دەدەن، بەڵگەنامــەکان بۆ ئەو گروپە یان ئەوی تریان بنووسنەوە، هەمیشە بە ئارەزووی خۆیان دەیشێوێنن و بەپێی سیاســەتی سەردەم دەیگــۆڕن. مێــژووی پێــش میکــافیلی بنچینەیەك بوو بۆ ئەو کە بــە کاری بێنــێو بڕیاری لێ بدات. دوکۆمێنت و رۆژنامەکانی سەردەمیش بوونەتــە بەڵگــە بــۆ مێژوونووســەکان. هیتلــەرو ســتالینیش

مێژوویان دووبارە نووسییەوە رۆژنامەکانی ئێستاش ئەم دەنووسنەوە.

میر و نۆکەر و هەوادارەکانیان دەتوانن فەرمان شەنەبا بکەن، کاتێ دانەوێڵەکەش پاك بووەوە، بڕیاری خۆیان بدەن، مرۆڤیش بەم شێوەیە دەزانێ کە بایەکە رووی لەکام لایەو چەندیش بەهێزە، کاتێ نۆکەر بڕیار دەدات ئەبێ پشت لە مێژوو و شاکاری مێژوو نووسەکان بکا مێژووش تەنیا ئەوکاتە بەکەڵکە کە کردارەکان بە تەواوی ئامادە بن و میر بڕیاری خۆی لەسەردابن. لە هەندێ بواری تایبەت، وەك لەدایکبوون و مردن، کۆتایی رووداوەکە بەدیار دەکەوێت و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ مێژووەکەی لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە، ناشێ، رابگەیەندرێ، کە ناپلیۆن "*Napoleon*" لە واترلو "*Waterloo*" شەڕەکەی بردووە، بە پێچەوانەشەوە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ بلوخێر "*Bluchet*" یان ویلین گتون "*Wellington*" شەڕەکەیان بردەوە. گەرچی لە رووداوە گەورەکاندا، تەنیا شوێنی یەك لێکدانەوە هەیە. بەڵام لە رووداوی بچووکدا هەمیشە راستییەکان تارمایی دارن و تەنیا ئەوانە راستیە کە هەستی پێ دەکەن، کە خۆیان لە نزیکیەوەن و تاکە راستێکیشە، کە دەبێتە راستییەکی روون و ئاشکرا، ئەگەر ئەو راستیەش هەڵەبێ، بەڵام لەو راستیەدا هەموو سەرئەنجامەکان بە کردەوە هەن. زۆربە لەو باوەڕەدان، کە راستی نەگۆڕە، راستی ئەوەیە مرۆڤ باوەڕی پێ بێ، کەواتە نۆکەر دەتوانێ راستی بخولقێنێ.

ئەوە گرنگە بزانرێ، کە بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو بەهێزترە لە راستی. وازم لێ بێنن، با ئەو موعجیزەیە بکەمە نموونە، راستی راستەقینە تەنیا بۆ خوایە. ئەوە موعجیزەیەکە کە باوەڕی پێ دەکەن، زۆربەی ئەوانەی نەیان دیوە باوەڕی پێ ناکەن. نۆکەر بەدوای راستییە حەتمیەکەدا ناگەڕێ بەڵکو ئەو بۆچوونە پەیدا دەکا، کە باشتر لەگەڵ میر دەگونجێ، نۆکەر ئەو بۆچوونە بڵاو دەکاتەوەو رایدەگەیەنێت، تا دەبێتە بەڵگەیەکی چەسپاو، بۆ ئەوەی ئەم وتوێژە بەردەوام بێ و راستییەکە ببێتە راستییکی روون و ئاشکرا، نۆکەر پێویستە بەڵگەی نوێ وەدەست بێنێ و وتوێژەکەی لەسەر هەڵبچنێ، ئەگەرچی حەقیقەتەکەش لە راستی زۆر دووربێ، کاتێ بە باشی چەسپا هەموو خەڵك لە دەوری کۆدەبنەوەو جێگیریش دەبێ، بە پێچەوانەوە بەڵگەی ساختە، وەك بەڵگەیەکی راستی بەدیار دەکەوێت و نۆکەر بەزیرەکی و زۆر بە ئاسانی بەڵگەی راستی نیشان بدات، نابێت وتوێژەکانی بە تەمبەڵی و بەشێوەیەکی درۆزنانە هەڵبچنێ.

با باس لە رووداوی فاتیمەندەر "*Fatimaunder*" بکەین، کە لە ساڵی *1936* لە پرتوگال روویدا، خەڵك ئەم رووداوەی بینی یان باوەڕی بەخۆی کرد کە بینیویەتی، کە رۆژ لە دەوری زەوی خولایەوە، هەندێکی تریان ئەوەیان بە یاسایەکی دژی سروشت زانی و باوەڕیان بە موعجیزەکە نەبوو، ئایا ئەم موعجیزەیە چۆن روویدا، ئەمە هیچ گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە خەڵکەکە چۆن باوەڕ دەکا، بۆچی دوودڵی کەوتە نێوان خەڵك و هەندێ باوەڕیان کردو هەندێکی تر ئەو رووداوەیان بە شتێکی حەتمی زانی؟

ئەوە لە توانای مرۆڤ بەدەرە، راستیەك بەهۆی گریمان یان بەهۆی گریمانکاریەکی تر بیسلەمێنن. هەروەك رووداوەکانی تر، چۆن موعجیزەکە لێکبدرێتەوە یان باوەڕ بە خەڵك بکەن، کە ئەمە رووی داوە.

لەوکاتەی کە تیۆرەکانی نۆکەر دەخرێنە بەرباس، ئەبێ ئەوان باس لەوە بکەن کە خەڵك بەگشتی باوەڕیان پێی هەیە، بەڵام پێویستە ئەوان،

خۆ لـەم جۆرە شتانە بـەدوور بگرن، ئەوکاتـەی بـە تـەواوی و چالاکانـە، خۆیـان بـۆ شـێتایەتی ئامـادە دەکەن. ئەمەش هۆی ئەوەیە کە نۆکەر پێویست ناکا باس لە بۆچوونە گشتیەکانی خەڵك بکا، بـەڵکو ئـەو هۆکـارە یاریدەدەرانـە بـەکاربێنێ کـە پشـتیوانی گفتوگۆکـان دەکـەن. لەوانەیـە تێڕوانینـە کۆنـەکان، هێزێکی مـەزنیان هـەبێ و پشـتیوانێکی باش بـن بـۆ هزرەکـان، ئەگـەرچی ئەمـە هـەرگیز نەبۆتـە هـۆی دەرهاویشتنی هزرێك.

میکافیلی باس لە کۆمەڵێ دەسەڵاتدار دەکات کـە ئەوەیان هەڵبژاردووە. نۆکەرەکانیان، بەزووترین کـات بکوژن و کاتێ دەسەڵاتیان پەیدا کرد، هەڵبەتە ئەمـە ئاسـتەمە بـۆ ئـەو کەسـانە وا کـار بکـەن لـەلای دەسـەڵاتدارێك زیرەکـترو بلیمـەترن کـە راهـاتووە بـە کوشـتنی نۆکـەرەکانی. ئەمـە رووداوەکـانی سـەدەی چواردەم و پانزدەمی ئیتاڵیان. ئەوە بێ دوودڵی وا لە نۆکەر دەکات زۆر بە وردی دراسەی ئـەو مـیرە بکـات کە یارمەتی داوە بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات. نۆکـەر، پێویستە لە هـەموو بارودۆخـەکان بکۆڵێتـەوە، پێـش ئەوەی سەرکردەکەی ببێ بە میر یان سـەرکردە، مـیر هەندێ جار دەقیژێنێ بەسەر دەست و پەیوەندەکانی و باسی چۆنیەتی پایە بڵندی خـۆی دەکـات، بەمـەش بۆ نۆکەر بەدیار دەکەوێ، کە هەرگیز یارمـەتی مـیری نەداوە، بۆ بوون بە مـیر، بـەڵام پێویسـتە نۆکـەر، لـە بری ئەوەی بۆ مـیرە نوێیەکـەی روون بکاتـەوە، کـە ئەو هەمیشـە هـەر مـیر بـووە لـە نـاخی خۆیـدا تـەنیا پێویستی بە کات بووە ناوی میرایەتی پێ ببەخشێ.

مـیر دەزانـێ چـۆن، هەڵسـوکەوت لەگـەڵ بارودۆخـەکان و دەسـەڵاتداران دەکـات. نۆکـەر، پێویستە بە تەواوی و بە روونی بە شێوەیەکی زیـرەك و ئـارام و بەخووڕەوشـتی بـەرزو بـەڕێزەوە هـەڵس و کەوتی لەگەڵ نوێنەرانی میر بکات، چونکە بـۆ کێشـە ئاڵۆزەکان و ترسناکەکان، هیچ ئـامرازێك لـە رێزگرتـن باشـتر نییـە. بـەڵام بـە هـەموو شـێوەیەکە ئاخـەوتن لەگەڵ خەڵك دەکرێ، پێویست ناکات، نۆکەر هەمیشە خووڕەوشت بەرزبێ.

پێویستە و هەمیشە هەواداری نـوێ بـۆ هزرەکـان پەیدا بکرێ، هەندێك جاریش نۆکەر ناچار دەبێ، پەنا بـۆ سحرەکان ببـات بـۆ ئـەوەی بتوانـرێ هزرەکـەی لەلای ئەوانەی کە حەزی لێ ناکەن پێشوازی لێ بکرێ.

بـەهۆی ئەفسانە، هزرەکـانی مـیر تارمایـەکیان بەسەردا دێت، بەڵام نابێ هەرگیز هەوڵی ئـەوە بـدات، بیـان گـۆڕی. هزرەکـە، هەمیشـە بـۆ هـەواداره راسـتەقینەکان روون و ئاشـکرایە. بـەڵام پشـتیوانی هەڵپەرستەکانیش پێویستە. ئەگەر ئەوانە نەزانن، بـە تـەواوی چـۆن پشـتیوانی دەکـەن، پێویسـتە نۆکـەر بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوان تێبگەیەنێ.

میکافیلی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا رایگەیاند، پێویسـتە هـەموو نـەیارەکان تێك بشـکێندرێن، دوای ئەوەی میر دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام ئەم رێبازە نـاتوانرێ لـە نـاو خـەڵکی مـەدەنیدا پیـادە بکـرێ. لەوانەیـە لـەبار بێـت بـۆ ژمارەیـەکی کـەمیان کـە خۆویستن. ئەمانە دەتوانرێ بە فێل لەناو بـبرێن نـەك بـە توندوتیـژی. بـەڵام پێویسـت ناکـات، هـەرگیز لـە بواری هزرەکـاندا تـاقی بکرێتـەوە. هـزر وەك نـەمام گەشە دەکـا هـەتا زیـاتر بیبڕییـەوە زیـاتر پـەل و پـۆ داوێ و هێزو توانا پەیدا دەکات.

نۆکـەر نابـێ لـەناو نـەیارەکان گـیر بخـواو هاوپەیمانان لە دەوری هزرێکی تری جیا لە هزری میر کۆبکاتەوە، چونکە میر لـە هزرەکـانی تـر دڵ پیسـە، بەهـەمان شـێوە لـە نۆکـەریش دڵ پیـس دەبـێ. هزرەکـانی تـر دوو جـۆرن یـان چـالاکن یـان ناچـالاك. ئاین هزرێکی ناچالاکە دەتوانێ لەگـەڵ هزرەکـانی تـر بـژی، ئـایین، بەدەرنییـە لـە هزرەکـان. زۆر گرنگـە، نۆکەر بە پارێزەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکات "بۆ مـن لـێرە واژەی ئـایین، بریتییـە لـە رێکخراوەیـەکی

هـزری کۆمەڵایـەتی- مەسیحی کـە تـەنیا ئـەندامی پیـاوی هەیـە: نوسـەر" نۆکـەر پێویست ناکا خـۆی تێکەڵاوی ئـەو بارودۆخـە بکـات، کـە لـەوێوە هەسـتە دڵسۆزەکانی بەرامبەر میر بخرێتە بـەر تاقیکردنـەوە، یان خەڵك ئەو باوەڕەیان لا پەیدا ببێ کە سوودیان لە میر وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی کە نۆکەرەکـە لەگـەڵ هەموو ئـەم رێکخراوانـە بـە خووڕەوشـتێکی بـەرزەوە رەفتـار بکـات، بـەڵام لـەوە زیـاتر قـاچت رامەکێشـە. هزرەکـــانی تـــر؛ کۆمۆنیســـت، سوشـــیالیزم، پارێزگارخواز، فاشیزم و.. هتد، هـزری چـالاکن، چـاو لەوانە بپۆشە یان هەوڵ مەدە، باوەڕ بەمانـە بکـەیت. مـیر دژی ئەوانەیـەو ئـەو هـزری خـۆی هەیـە. نۆکـەر پێویستە، هاندەربێ و دژی ئەوانە بوەستێ، وەسـتان دژی ئەمانە تـەنیا بـە هزرەکـانی مـیر دەبـێ و هـزری میرەکـەش بـەهێزتر دەبـێ ئەگـەر بـەهێزێکی تـەواو بەکاری بێنێ. نۆکەر پێویسـتە بـەگژ هزرەکـانی تـردا بچێتەوە. هەمیشە دۆسـتانەو خووڕەوشت بـەرز بـێ، بەرامبـەر نوێنـەرەکانی ئـەم هزرانـە. ئـەوان هـــەرگیز چـاوەڕوانی ئەمـە ناکـەن و بەهـەمان شـێوە وەڵامـــی نادەنـەوە. ئـەوەش هەناسـەیەك بـە نۆکەرەکـە دەدا هـەواداره چاودێرەکـانی خـۆی دووره پـەرێز رابگـرێ، نۆکەر دەبێ بە تەواوی دابەشبکرێ کە بە توندی دژی هـزری دوژمنـەکان بوەسـتێ. نۆکـەر ئـەبێ هەمیشـە زانیاری پەیدا بکا، پێـش ئـەوەی دەسـت بـە گفتوگـۆ بکـــا بـــە هیـــچ شـــێوەیەك نابـــێ کوێرانـــە بەگژیاندا بچێتەوە.

لەوانەیـە لەبـەر ئـەوەی میکـافیلی مێژوونـووس بووە، ئامۆژگاری میر بکات. کە شوێن هەڵگری مێـژوو بـێ، بـەڵام مێـژوو تـەنیا لـە ئـەنجامی کـەم و کـووڕی مرۆڤەکانـەوە دووبـارە نابێتـەوە. مـیر شـارەزایەو پێویستە هانی نۆکەر بدات. کێشەی نـوێ بخوڵقێنـێ، بەڵام دوژمنانی میریش، کتێب دەخوێنێتـەوە، کاتـێ نۆکـەر پیلانـەکانی مـیر ئـــەنجام دەدا، پێویســـتە رەنگدانـەوەی رەسـەنایەتی بـن. ئـەوە هـزری مـیرە، سەردەکەوێت، یان شکست دێنـێ. ئەگـەر هزرەکـەش تەواو بـەهێزو بـەتین بـوو، ئـەوە بـەو خیراییـە بـڵاو دەبێتـەوە کـە تـەم و مـژی بـەیانیانی پـێ بـــڵاو دەبێتەوەو بەبێ هزر میر نیـە. ئەوکاتەی کە هەست بە هەڵـەکانی هـزر کـرا، پێویسـتە نۆکـەرو سحرەکان لەسەر پێ بن و وازی خۆیان بکەن.

هەندێ کات لەوانەیە مـیر هەسـت بـەوە بکـا، کـە ئارەزووەکانی، ئارەزووی خـەڵکی ئاسـایی بـن، بـەڵام مـیر خـەڵکێکی ئاسـایی نیـیـە. بۆیـە لـە هیـچ بارودۆخێکدا، نابێ باوەڕ بەخۆی بکـا کـە ئـەو جـۆرە کەسەیە. ئەوە ئەرکی نۆکەرە، کە هەل و مەرجـەکان بـۆ مـیر روون بکاتـەوەو بـیری بخاتـەوە خۆڕاگـر بـێ، بەڵی لەوانەیە وا رووبدات مـیر حـەزبکا کـە خـەڵکێکی ئاسایی بێ. ئەوەش لە ئەنجامی ئـەوە رووەدات کـە میر خۆی بەکارو پیشەی خەڵکی ئاسایییەوە خـەریك بکـات. بـەڵام ئـەوە بـە هیـچ شـێوەیەك بـۆ مـیرێکی راستەقینە، شتێکی راست نیـیـە. لەوانەیـە شـیاو بـێ بۆ ئەو کەسەی دەخوازێ میر بـێ، یـان بـە مـیری لـە دایك بووبـێ و کە تەنیا چاوەڕوانی ئەوە بکات ببێ بـە میر، دڵنیاشە لەوەی دەبێتە مـیر، لـە میراتـەوە بـۆی جێماوە. نۆکەر پێویستە لە هەموو حاڵەتێکدا دان بە خۆیدا بگرێ و پەلـە نـەکاو هـەوڵبدا ئـەوەی دەیزانـێ بیپارێزێ و لە میری ئاشکرا نـەکات، دەبـێ جورئـەتی ئەوەش بکـا. کەسـێکی تـر لەسـەر لایـەنی شـاراوەی خۆی زانیاری لەمیرە وەرنەگرێ.

ئەو کەسانەی ئاکارو نیشانەکانی، خۆیـان بـەمیر دەڵێـن، بـەهیچ شـێوەیەك لـە چـاودێری کردنـی کارەکـانی دەوڵـەت رێگـا نـاگرن. ئـەو نۆکـەرەی ئـەو شتانە رێك دەخا هەمیشە بـە ترسـەوە دەژی. ئەگـەر نۆکەر نەتوانێ خۆی دوور بگرێ لەو جـۆرە کردارانـە، ئـەوا پێویسـتە زۆر بـاش ئاگـاداری سـحرەکانی بـێ. چونکە بێ گومان، ئەو پێویسـتی پێیانـەو نابـێ هیـچ

شتێك هزرەكانی لێ دوور بخاتەوە، بەخەیاڵ پـلاوو فڕوفێـڵ نۆكـەر، جارجـار دەتوانـێ، سـوودیانی لێ وەرگبرێ، بەگلەیی ساختە نۆكـەر هـانی دوژمنـەكانی بدا، كە گلەیی لە وتوێژەكانی "گاڵتەبازی" بكەن.

هەڵبەتە نۆكەر هیـچ ئـارەزوییێكی نییـە ئـەنجامی بدات. لە دوایشدا نۆكەر وازی لێ دێنێ و خـەڵكانی تـر باوەڕی پێ دەكەن، كە دوژمنەكـە تاوانبـارە. ئـا لـەو كاتـەدا دوژمنـەكانی نۆكـــەر جـــەژنی ســـەركەوتن دەگێڕن. كـە خۆیـان گلەییـەكانیان كـردووەو هـەموو شتێكی تریش لەیاد دەكەن، كە گلەیی پێ لـە نۆكـەر بكەن، بارودۆخێكی فیزیكی واش دروست دەكەن، كە تاوانبـــارىكردنی نۆكـــەر هیـــچ ئیمكـــانێكی نییـــەو دوژمنـەكانی بـە رووەرەشـی دەمێننـەوە. زۆر كـارێكی سـەخت و ئاستەمیش دەبـێ و نـالوێ جـارێكی تـر ئەگـــەر كـــارێكی خـــەراپیش ئـــەنجام بـــدات تاونباری بكەن.

ئـەم جـۆرە فێلانـە كـە گلەییـەكان، هیـــچ بـــەندو بناوانێكیـان نییـە، باشـترین شـتن، كـە مرۆڤێكـی زیاتریش تاوانبار كردبێ دەربازی بكەن.

لـە دەوروپشـتی مـیر، وەزیـر هـەن، كـە هـەم بـە توانـان، هـەم راوێژكاریشـن، هـەموو ئەمانـە دوژمنـی میرن، چونكە ئەوان دەزانن كە نۆكەر مێشـكی مـیرە. ئەوانیش دەیانەوێ پەیوەندی باشی خۆیان بپـارێزن، تـەنیا بـۆ ئـــەوەش ئـــەو قسـانە دەكـەن، كـە مـیر بیبیستێتەوە. هەموو ئەو مرۆڤانەش نـاتواندرێ تێـك بشـكێندرێن. بـەڵام پێویســـتە یـــەك لەمانـــە بـــۆ ناوچەكەیـەكی نائـارم یـان شـوێنێك، كـە دوارۆژێكـی روونـی نیـە بنـێردرێ بـۆ ئـەوەی ببێتـە نموونـە بـۆ ئەوانـەی تـر كـە بـیر بكەنـەوە، ئەوانـە دوژمنـن و هـەوڵدەدەن كـە قەناعـەت بـە مـیر بكـەن، واز لـە هزرەكـانی بێنـێ، بـۆ ئـەوەی بتوانـن دەسـەڵاتی لێ بسـێننەوەو شـوێنی بگرنـەوە، مـیر نابـێ واز لـــە هزرەكـانی بێنـێ، چونكـــە كـــە رووخـــا خۆیـــی و نۆكەرەكەشی دەڕوخێ. كاری نۆكـەر ئەوەیـە بتوانـێ بـە رەسمی و نـاڕەسمی لـە پشـتیوانی سـتراتیژی و تـاكتیكی كـەڵك وەربگـرێ. هەوڵدانـەكانی ئەوانـەی دەیانەوێ هزرەكان بگۆڕن، رابگرێ. چونكە مانـەوەی نۆكەر بە مانەوەی میرو هزرەكەیەوە ماوەتەوە.

گیروگرفتی مـیر ئەوەیـە چـۆن هزرەكـان بڵـێ و دەسـتی بەسـەر وەزیرەكـاندا رابگـات، لـە هـەمان كاتیشدا خـەڵك رازی بكـات، ئەگـەر هزرێـك نەبێتـە پەڵەیەكی نەگەتیف بۆ هزرە دژەكـانی بـەهێز دەبـێ، وەزیرەكـانیش واز لـە هزرێكـی دروسـت نـاهێنن بـۆ هزرێك كە كاری پێ نـەكرێ. ئـەوان هیواخـوازن ببنـە میر، بەڵام ئەوان سەربازێكن و هیچی تر نا، دەستیش بە هەڵاتن دەكەن. كاتێ زانیان هزرەكـە بـە بایەخـەو نـاكرێ جیـاوازی لـە هزرەكـانی تـری پـێ بكـرێ. ئـا لەوكاتەدا، دەست و پێوەندەكان بیر لەوە دەكەنـەوە كە ئایا هزرەكـان لـە مـەیدانی كـاركردندا لـە سـوودی ئەواندایـــە، هـــەروەها لـــە دژە ئارەزووەكـــانی دژە هزرەكانیش دەگەن، لەو دەرفەتـەدا، مـیر پێویسـتە، ئەوانە بكاتە هەوادارو هەموو ئاماژەكان بەبێ دوودڵـی بسرێتەوەو دەسـت بكـات بـە راگـەیاندنی هزرەكـان و گرەوەكە ببـاتەوە.

نۆكەر پێویستە سحرەكان بچێنێ بـە ئـەنجامدانی زنجیرەیـەك تایبەتمـەندی جیـاواز دەبـێ بەرامبـەر بـە كۆمـەڵێك كەسـی جیـاواز ئـەو كـارە بكـات كـە بـە شێوەیەكی ورد دەست نیشـانی كـردون و كاتیـان بـۆ دابنێ و لەكاتی خۆشیاندا چاوی پێیان بكەوێ، لەبەر ئـەوەی خـەڵك رێو رەسمی یاسـایی دەخـوازن لـە ئەنجامەكـەی سەرسـام دەبـن و هـــەوڵدەدەن زیـاترو تایبەتمەندانـەتر، ئـاڵۆزی بـۆ دروسـت بكـەن. بـەو كەرەستانەی كە نۆكەر بەهەر یـەكێكیانی بەخشـیوە، بەڵام نۆكەر دەتوانێ ئەو تایبەتمەندیانە بگونجێنـێ و گەشـە بـە سـحرەكانی بـدات، پێـش ئـەوەی بڵاویـان بكاتەوە. چ نۆكەر بێ چ هەركەسێكی تری دیوان بـێ.

دەتوانێ ئەمە بکات بۆیە پێویست بەوە ناکا، بڵێین پێویستە نۆکەر بە توانا بێ، با توانای ئەویش هەرچەند بێ، بە بێ ئەفسانە هەموو شتێك لە دەست دەدات. ئەمە پێویست بەوە ناکات ئەو چ پەیوەندییێکی راستەقینەی هەیە. سروشتی نۆکەر، ئەگەر پیاوچاك یان پیاوخراپ بێ، هیچ سوودی نییە. کاتێ پێشبینیەکانی بەدیار دەکەون، کە سحرەکان بەراست ئەنجام بدات. سحرەکانی نۆکەر هەرگیز نابێ، لەگەل هزرەکانی میر بگۆڕدرێنەوە، چونکە تەنیا مولکی خۆیەتی.

نۆکەر زۆر زیرەکانە نیگەرانی و دوودڵی بڵاودەکاتەوەو خەڵك ئازاد دەکات کە باوەڕ بە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن، سەبارەت بە ژیان و رابردووی خۆی "نۆکەر" بە بەکارهێنانی خەڵکی تر، وەك بەدگۆیی کردن، وازیان لێ دێنێ هەیکەلێکی شازادە کە زانیاری دوور لە راستی دروست بکەن. نۆکەر کاتێ یەکێك بە خەراپە باسی دەکات کە یەکێکی تر بدۆزرێتەوە، تەنیا بە چاکە باسی بکات. لەناو ئەم دژانە، نۆکەر، ئەو کەلوپەلانە پەیدا دەکات، کە پێویستن بۆ کۆشکی سحرەکانی کە بە چاوی خۆی دەیانبینێ، زۆر کەس هەن دووبارەی دەکەنەوە کە وەستاون لە بەدگۆیی. بۆ یەکێك بە یەکێکی تر دەڵێ "من دەیناسم، بە رووتی ئەوەیە کە من بۆ تۆی باس دەکەم، چونکە باوەڕم بەتۆیە" ئەویش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ "تۆ بە تەواوی بەهەڵەدا چووی باس لە نۆکەرەکە دەکەیت من ئەمەوێ لەناوەرۆکی راستیەکانی تێ بگەم" ئەویش دووبارەی دەکاتەوە کە بیستوویەتی، مرۆڤ هەمیشە باوەڕ بەوە دەکات کە خەڵکانی تر بە زنجیرە لە یەکتریان بیستووەو باوەڕیان پێ کردوە. بەمە لە ماوەیەکی کورتدا ئەرکەکانی نۆکەر دەنووسرێنەوەو دەبنە راستێکی روشن و روون. کە هەمووشیان دەزانن، ئەمانە زۆر لە راستییەوە دوورن.

زۆربەی بەکرێگیراوەکانی نۆکەر، بەبێ دەنگ بۆی دەجەنگن، چونکە ئەو دەیەوێت هەرچۆنێ بێ کاریگەری لەسەر ئەو شتانە دابنێ کە روو دەدەن بۆ نموونە لەمیانی گۆڕانی رێکسختنی ئەو رووداوانەی کە رووبان داوە بەرهەڵستکارەکان هەست بەوە دەکەن ئەوەی ئەوان دژی خەبات دەکەن، گۆڕاوە، بەڵام زۆر سەختە بزانن، ئەمە چۆن رووبداوە. سحری نۆکەر لە شەڕێکی رووبەڕوودا خوازیاری مێرشێکی دیارەو بانگێشەیەکی کورت و نارەوایانەیە، بەڵام ئەوەی خەڵك لەشەڕ چاوەڕوانی دەکات پێویستە هەمیشە سحری نۆکەر فاڵی بۆ گێڕابێتەوە. لەکاتی ئاشتیدا سحرەکە پەیوەندی بە بەزەیی و هاوڕێیانی نۆکەرەوە هەیە، ئەمەش سروشتی ئاشتیەو لە هەمان کاتیشدا توانای فاڵ گرتنەوەی بۆ هەیە. ئەوەش گرنگە کە رووناکی "فاڵەکە" بەرەو رووی سەرچاوە سەرەکییەکەوە بێ، بەڵام پێویست بەوە ناکات، بەشێوەیەکی وا لێکبدرێتەوە کە نۆکەرەکەش توانای نەبێ لە مەیدانی کار جێبەجێی بکات. ئەوە سحرەکانی نۆکەرن کە بوونەتە "فاڵ". نۆکەریش پێویستی بە هاوکارێك هەیە، لەلای بێت بۆ کاتێکی باش، بەڵام نەك بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆ ئەوەی بزانێ نۆکەر چۆن کار دەکات. هەڵبەتە هاوکارێکی باش پێویستی بە پێنج ساڵ هەیە کە بگاتە ئەو ئاستەی ببێتە مرۆڤێکی چالاك، هاوکارەکە لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا وزەو توانایەکی تێرو تەسەل وەردەگرێ. پێویستە هەموو ئەوانەی هەوڵدەدەن، بگەنە پلەیەکی بەرز، ئەوەیان لە یاد بێ لە ساڵەکانی کۆتایی، زیاتر دەناسرێن و ناویانگ پەیدا دەکەن. چونکە خەڵك ئەو کەسانەی خۆش دەوێ و رێزیان لێ دەگرن کە دوای چەندین ساڵ ئەرك کێشان کاتێکی زۆریان لە دەسەڵاتدا نەماوە. نۆکەر ئەو شتە باش دەزانێ و هەروەها باشیش دەزانێ، کە ئەو دەم و چاوانە لە

پێش چاوی خەڵك ون دەبن، کە خۆیان خەملاندوویانە.

پێویستە نۆکەر ئەوەندە لە تونایدا هەبێ شانازی بەو کەسانەوە بکا کە بە هۆیانەوە، پلەوپایەی دەست کەوتووە، تەواوی کەسایەتی ئەوان باس بکا و هەموو سەرکەوتنەکانی خۆشی، بۆ ئەوان بگێڕێتەوە. ئەوان گەلێك جار بێواتان بۆیە نۆکەر پاڵەوانیەتی خۆی لەسەر ئەوە بنیات دەنێ کە ئابڕوویان بەرز رادەگرێ. نۆکەر پێوستە بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵك زۆر زیرەك بێت هەروەها چۆن ئەوان خۆیان بەدیار دەخەن. ئەمە هونەرێکی سەختە لە کاتێکدا ئێمە هەموومان ئارەزووی ئەوەمان هەیە خەڵکانی تر لەو ئاوێنەیەدا ببینین کە خۆمانی تێدا دەبینین. نۆکەر پێویست ناکا توانای ئەوانەی تر هەلسەنگێنێ بە هەمان شێوە کە دەیەوێ، گۆڕانەکانی ئەوان بدۆزێتەوە. نۆکەر دەبێ گۆڕانکاری فیزیکی کەسەکان لاواز بکات. شێوەی نوێی جل پۆشین. بدۆزێتەوە، چونکە ئەم گۆڕانکارییانە لەلای نۆکەر پێویستە وەلام بدرێتەوە ئەمانە، لەوانەیە بۆ نۆکەر ئاگاداریەك بن، بەلام گۆڕانکاری تر بە گوێرەی پێویستین. ئەوانە: داهێنان، رەشەبای وێران کردن ئارەزووی کارکردن، هەروەها تەمبەڵی کردن لەخۆ دەگرن. ئەمانە بە زۆر هۆ دەست پێ دەکەن، بەلام نۆکەر تەنیا پێویستی بەوە هەیە کە بزانێ لە راستیدا خەڵکەکە گۆڕاوە. ئەی چۆن دەبێ وشیاربێ! چونکە گەلێك جار مرۆڤێك بارودۆخێك دەخولقێنێ و خێرایی بە گۆڕانکارییەکان دەدا یان رووداوێك بەرهەم دێنێ، کەلە دواییدا رەفتارە نوێیەکانی بەتەواوی بەدیار دەکەون.

دەربارەی راستی و راستیە روونەکان بۆ مرۆڤ تەنیا راستیەك نیە بەلام راستی روون، راستیەکی چالاکانەیە ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ چی دەبینێ و بەچی باوەڕ دەکات. ئەوەی دەزانن و باوەڕ بە خۆیان دەکەن، ئیمکانی جێبەجێکردنیان نییە، بەلام ئەمانە زۆر لە راستیەوە دوورن. زۆربەیان باوەڕ دەکەن، کە حەز دەکەن باوەڕ بکەن، نۆکەر هاموشۆی ئەوانە دەکات کە لەو باوەڕەدان کە وان، نەك ئەوانەی خۆیان چۆنن، نۆکەر لە کونجێکەوە زۆر بە وردی و هوشیارانە، سحرێك بۆ خۆی دەخولقێنێ، کە زۆر بە وریایی هەڵچندراوە لەوانەشە نۆکەر جیاوازی لە نێوان راستی و سحرەکەدا بکات. هەروەکو من وتومە. هەندێ جار رووداوی وا لە چالاکییەکانی بیردا پەیدا دەبن ئەمەندە بە گێچەڵن دەبێ نۆکەر بەشێوەیەکی وا خۆی لێ نزیك بخاتەوە کە گوێ بە سحرەکانی خۆی نەدا، بەم شێوەیە خەڵکانی تر سەرسام و نیگەران دەکات، کە هەمیشە بە مل ملانێیەکان دەشڵەژێن. ئەم شێوە گۆڕانە کاریکاتێریە دوژمنەکانیشی سەرسام دەکا، ئەمە شتێکیشە کە هێشتا خۆی باوەڕی پێ نییە. بۆ نموونە خۆ لێ دەرباز کردن، بەهۆی نەخۆشێکی کت و پڕ، ئەبێ ببێتە ئالقەی سحرەکە. ئەمە وازی نۆکەرەکە ئاشکرا ناکات و خەڵك بەزەیی پێدا دێتەوە. کاتێ مرۆڤ، نەخۆشیەك بەکاردێنێ وەك لێبوردنێك بە گژ ناسازیەکی راستەقینەدا دەچێتەوەو پێشبینی ئەوەش دەکا کە شەڕێك بەرپا بکات و لە کۆتاییدا سەر بکەوێت، خەڵکانی تریش باوەڕی پێ دەکەن و فەرامۆشی دەکەن لە باسکردندا، چونکە خەڵك باس لە شتە سادەکانی ناوەوەی یەکتر ناکەن.

نۆکەر پێویستە سحری وا بچنێ دەربارەی هێزو خووە سادەکانی خۆی و بەبێ ئەوەی بچووکترین لاوازیش نیشان بدات، بە ئەسپایی بەکاریان بێنێ. نۆکەر لە راستیدا کە بچێتە ناو بێلانەکان بێ بەزەیی دەبێو جلەوی پاکی و دڵسۆزی بەردەدات، لەو رووبەرەی کە سنووری نێوان مرۆڤ و سحرەکان دەکێشرێت بۆچوونەکانی نۆکەر ناکۆك دەبن. ئەگەرچی دەروازەیەکی واش نەبێ کە دزەی تێدا

بکرێت بە ئاشکرا لە نێوان پیاوەتی و فێڵبازی، چاکەو خراپە، بەخشندەیی و قرچۆکی، بەڵام ئەگەر ئەم سنورە نەکێشرێ، بوونی چەمکی نۆکەر لەناو دەچێ. لەوکاتەدا ئەگەر بە پەلە نۆکەر لە کارەکەیدا دەرنەکرێ، ئەوا میر تیا دەچێت.

لە حاڵەتی ئاسایی‌دا کەسێك شوێنی کەسێکی مردو دەگرێتەوەو زۆربەی خەڵك رێزی بۆ مردوو هەیە، ئەگەرچی مردووەکە لە ژیاندا خۆشەویست نەبێ و ئازاریشی دابن، بەڵام ئەوە زیانێکە بۆ میرو نۆکەرەکانی، نۆکەریش چاوەڕوانی ئەوە دەکات، کە میر رێزی بۆ میری رابردوو هەبێ و بەرەبەرەش هێزو ناوبانگی خۆی لەوەوە وەردەگرێت. لە راستیدا میر لەسەر ورگی میرە مردووەکە دەژی، کە خۆی گرت، واز لە هزرەکانی میری رابردوو دێنێ، ئەگەر ناوبانگی باش نەبوو نۆکەر میر بە هزرەکانی خۆی دەوڵەمەند دەکات و پیشانیشی دەدات کە هزرەکان سەرکەوتنی گەورەتریان لە رەفتارو چارەسەرکردنی لەچاو میری رابردوو بەدەست هێناوە.

سحری نۆکەر لەوەدایە وەك مرۆڤێکی دەسەڵاتدار تۆقێنەر بێ لە هەمان کاتدا پێویستە بۆ خاسیەتە کەسایەتییەکانی خۆشەویستی هەبێ، مەبەستم لە خۆشەویستی، خۆشەویستی مەزنە، نەك ئەو هەستە ترسناکەی مرۆڤ، بۆ بەرامبەرەکەی دەریدەخات. بۆ ئەوەی بە حەزو ئارەزووەکانی‌خۆیانی ببەستێتەوە. مەبەستم رێزە، نۆکەر هەرگیز نابێت باوەڕ بکا، کەسێك هەبێ خۆشی بوێت، یان ئەوپەڕی رێزی بگرێت، تەنانەت میر. تاکە شتێك کە باوەڕی پێ دەکەن سحرەکانیەتی. هەموو مرۆڤێك پێوستی بە دڵسۆزیە، حەزیش دەکات بە ئاشکرا ئەو دڵسۆزیە دەربڕێ ئەم بە هەستێکی جوان دەزانێ.

نۆکەر پێویستە هەموو جۆرە ناوبانگی خۆی رەت بکاتەوە. تاکە ئەرکی ئەوەیە. خزمەتی میرو هزرەکانی بکات. تاکە ناوبانگێك. کە بەدوایدا وێڵە پێویستە لە خزمەت سحرەکانی‌دا بێت. نەك خۆشەویستی خەڵك رابکێشێ. هەمیشە ئەو پێویستە ئەوەی یاد بێ کە تاکە رۆڵی ئەوەیە نۆکەرایەتی بکات و هێزو رێزی خۆشی لەوەدا دەبینێتەوە نەك لە شتی تر. نۆکەر دەبێ، لە کارەکانی‌دا بە باوەڕێکی مەزنەوە خۆی نیشان بدات و دەبێ خۆی لە لووت بەرزی بەدوور بگرێ، چونکە بەمانە خەڵکانی تری لێ دوودڵ دەبن. نابێ خۆی باوەڕی بەخۆی هەبێ. ئەبێ زۆر بە وردی پیلانەکانی بچنێ و نابێ باوەڕ بە بەڵێنی خەڵکانی تر بکات. نابێ بە هیچ شێوەیەك پێشبینی سەرکەوتنی پیلانەکانی لێ بکات. پێویستە چارەسەرێك هەبێ وەڵامی پێ‌بداتەوە سحرەکانی نۆکەر جیاوازی لە نێوان ئەوانەی لە نزیکەوەن و هەڕەشە لە هزرەکانی دەکەن و ئەوانەی لە دوورەوەن و خۆشیان دەوێ و ئەوپەڕی رێزی دەگرن، دەکات. ئەوانەی دوایی باوەڕەکانی خۆیان لەسەر کەمترین زەمینە هەڵچنیوە، ئەوانەی یەکەمیش، زیاتر هەڵبژاردەن، ئەوانەی لە نزیکەوەن، لەوانەیە زۆر بە باشی بناسن و دوودڵیشبن لە سحرەکانی.

نۆکەر پێویستە سوود لە کەسێك وەربگرێت، کە چارەسەری دیسپلینەکانی لەناو کەسانی تر بۆ بکات کاتێکیش ناوبانگی کەم بۆوە، ئەوە دەتوانێ کارەکانی تری لەگەڵدا دابەش بکات. نۆکەر پێویستە ئاگاداری شەرەف بێ چونکە نۆکەر بە پلەیەکی بەرز، یەکێکە لەو جۆرە کەسانە، لە هەموو وازیەکانی تردا، خۆی لەداواکاریەکانی دواڕۆژ تێر دەکات. هەر ئەمەشە بەرەو پێشەوەی رادەکێشێ. هاوڕێکانی دەبێ شانازی پێوە بکەن و ئەگەر شکستیشی هێنا، وای باس بکەن، بەهێزەوە لە پێشکەوتندایە. نۆکەر دەبێ وا بڕوانێتە خۆی، کە هیچ هیوای تری نییە کاتێ گەیشتە ئەو رادەیەی کە خۆی دەیەوێت ئەوەش لەمیانی ئەو هەموو تەقەلایەیە کە بۆ میری

داوه پێی گەیشتووە دەتوانێ پێی بگات. لە ئایندەدا، ناتوانێ زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت و وازیش لە هەموو هیواکانی دێنێ. لەوکاتەشدا میر هەست بە ئاسایشی خۆی دەکات چونکە نۆکەر رەقیبی نییە. ئەمەش کاتێ بە تەواوی بەدیار دەکەوێت کە هزرەکان دەپشکوون و سوودیان بۆ هەردوولا تێدایە. هیواکانی سەختن و خەڵك وەك میر هەڵس و کەوت لەگەڵ میر دەکات وەك نۆکەریش لەگەڵ نۆکەر لەوکاتەشدا نۆکەر ناوی خۆی دەبیستێتەوە زیرەکی خۆی بەکاردێنێ و پیشانی خەڵکیش دەدات کە لە راستیدا لەگەڵ میر یەکسانە.

ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی نۆکەرە، پێویستە بەوەش رازی بێت و ئاگاداری ئەوەش بێت کە خۆی یەکێکە لە سێ کوچکەکە، رێگاش نەدا ئەوان تووشی گێچەڵی بکەن. نۆکەر هەرگیز نابێت بۆ ئەوەی هونەری خۆی پیشان بدات، بکەوێتە داوی شانازی بەخۆوە کردن، پێویستیشی بەهەموو تایبەتمەندێکی هیوا هەیە. هێز بزوێنەرو جەسووری- ناشبێ ئەوەش نیشان بدات، کە گەیشتۆتە ئامانجی خۆی. نۆکەر خۆی ئەوە باش دەزانێ، پێویست ناکات خەڵکانی تر بزانن.

ئەرکی نۆکەر ئەوەیە هەمیشە بە ئاگاوە لە خزمەتی میردا بێت. نۆکەر کاتی بۆ رابواردنیش هەیە، بەڵام بەو چالاکیانەش رازییە کە لە رێگایانەوە بەو کەسانە دەگات کە لەوانەیە، لە کارەکانیدا یارمەتی بدەن، بۆیە پێویستە هەمیشە خۆی بە میرەوە خەریك بکات.

تەنیا لە توانای ئەویشدایە، کە هەمیشە هزرەکانی میری لە خەیاڵدابن و بشتوانێ ئەرکەکان بەتەواوی جێبەجێ بکات. نۆکەر پێویستە کەناڵی تایبەتی خۆی بۆ زانیاری کۆکردنەوە کە یارمەتی دەدەن هەبێت، پێویستیشە بەتەواوی بزانێ چۆن کەناڵەکانی دەوڵەت بەکاردێنێ، لە راستیدا ئەو کەناڵانە دڵسۆزترن، بەرامبەر بە میر، بۆیە پێویستە بە ئاگاداریێکی زۆرەوە سوودیان لێ وەربگرێت و هەرگیز باوەڕیشیان پێ نەکات. نۆکەر پێویستە بەمەبەستی پەیداکردنی شارەزاییەکی باش دەربارەی بوارە جیاجیاکان، زانیاری لەکەسانی خاوەن ئەزموون وەربگرێت. نۆکەر پێویستە هەڵسەنگاندێکی پوختی دەربارەی ئەوەی کە روودەدات هەبێ، نۆکەر گوێ لە زۆربەیان دەگرێ و لە بێژینگیان دەدات، پێش ئەوەی بڕیاری خۆی بدات. هەرگیز نابێ پارەش بەوانە بدات کە زانیاری دەدەنێ بەڵام ئەگەر تووشی بە تووشی کەسێك بوو، کە زانیاری دەفرۆشێ، پێویستە گوێی لێ بگرێ و بە گوێرەی کارەکانی پارەی پێ بدات. بەڵام نابێ هەرگیز خۆی بەدوای ئەم جۆرە کەسانەدا بگەڕێت. مرۆڤ نابێ هەرگیز پشت بەو زانیاریانە ببەستێ کە بە پارە دەفرۆشرێن. یان ئەوانەی بەدوای شەرەف یان تۆڵەوەن. کارەکانی مرۆڤی بەشەرەف پێویستە رێزیان لێ بگرێت. بەڵام نابێ بە راستیان وەرگرێت. چونکە مرۆڤی بە شەرەف زۆربەی جار زیادەڕۆیی دەکات بۆ ئەوەی راستییەکانی باوەڕ پێکراوبن. درۆ هەندێ راستی تیایە باشترین درۆش، گەلێك جار بناغەی لەسەر راست دادەمەزرێ.

پرسیارەکەی نۆکەر، ئەوە نییە، کێ خاوەنی پەیامەکەیە؟ بەڵکو ئەوە کێیە ئەو پەیامەی ناردوە؟ بۆ چیشی ناردووە. کەسانی "ئەحمەق" ترسناکترن، هەوڵی ئەوە دەدەن پەیامێکی وا بڕازێننەوە لەوانی تر سەرنج راکێشتربێ. ئەم هەڵانە شڵەژانیان بەدواوەیە، لە بری ئەوە پێویستە نۆکەر گوێ لە قسەی بۆش بگرێ و وشەیەك لێرەو یەك لەوێ، کۆبکاتەوەو هەمیشەش کۆنترۆڵیان بکات. بەدوای نمونەی تردا بگەڕێ، پێویستە چاویشی لەوە بێت کە میر هەمیشە بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر، ئەمەش زۆر ئاستەمە و هەمووکاتێکیش ئیمکانی نییە، بەڵام

لەبەر ئەوەی میرو هزر یەکن، وازی کردنەکەش لەسەر دوو پەت دەبێ و تەنیا هزرەکان بریندار دەبن. لە راستیدا دوو ئیمکان هەیە، یەکەمیان کە نۆکەر هەوڵبدات نەهێڵێت میر ئەو پەیمانە بدات کە ئاستەنگ بێ لە جێبەجێ کردن، دووەمیان ئەوەیە نۆکەر کەسێکی تر بدۆزێتەوەو تاوانەکانی بخاتە ئەستۆی ئەگەر پەیامەکە جێبە جێ نەکرا. ئەوەش گرنگ نییە، نۆکەر خۆی بەپاریزە یان نا، هەرچۆنێ بێ دەبێ سحرەکان لەسەر بناغەی رێز بنیات بنرێ. نۆکەریش پێویستە بەخێرایی و ئۆرپێت خێراتر لەوەی رووداوەکە رووبدات. لەوکاتەشدا نۆکەر دەکەوێتە ناو ستراتیژی فێل بازی و پێویستە بە ئەسپایی کە کێ ئەمە بکات دەست نیشانی بکات، لە راستیدا خەڵکی بەرێز نۆکەر وەك مرۆڤێکی بەرێز دەبینن، بەڵام خەڵکی بەگومان، فێڵەکان دەدۆزنەوەو لە سروشتی مرۆڤیشدایە، خۆی ببینێو لە ئاریەوە خەڵکانی تریش ببینێ، و بیان خەملێنێ. نۆکەر پێویستە خۆی بە هەڵخەڵەتاندن خەریك بکات، گەورەترین ئاگاییش، ئەوەیە نۆکەر جیاوازی نە نێوان خۆهەڵخەڵەتاندنی گەورەو بچووکدا بکات. واز لە هەڵخەڵەتاندنی بچووك بێنێ، هەڵخەڵەتاندن وەك قەوزەی سەر بەرد وایە بەرەبەرە دەتەقێتەوە. بۆ خەڵك باشترە کە هەڵخەڵەتاندنەکە، مەبن بێ، بەڵام ئەمە گەلێك جار کارەکانی زەحمەت تر دەکات، لەوانەشە هەندێ جار ئیمکانی نەبێ، واز لە هەڵخەڵەتاندن بێنێ، ئەگەر ئیمکان هەبێ، وازیش لە خەڵك بێنێ ئاسایییە لە راستیدا خەڵك باوەڕ بەوە دەکەن، کە دەیانەوێ باوەڕی پێ بکەن، تەنیا رێگایەکی گونجاویان پیشان بدەن کە ئەگەری بەرزکردنەوەی توانای ئابرووی هەیە. خەڵکەکەش زۆربەیان خۆیان لەناو هەڵخەڵەتاندنەکان دەدۆزنەوە، کە کەسە بە شەرەفەکان زەحمەت تر، بەڵام زۆربەیان دەیانەوێ پرسیارەکە واز لێبێنن و بیشارنەوە. تەنیا بۆ ئەوەی پشتی تێ بکەن، پێویستیان بە بێ وەفایی نییە، مرۆڤی بەدەر لەو حاڵەتانە بەدیار دەکەون کە لەناو ئەو خەڵکەدا باوەڕێکی جێگیری هەیە، ئەوە لەوانەیە میر بێ.

نۆکەر و دەست و پێوەندەکانی میر، بە هزری میر بەرێوە دەچن، بەڵام ئەوانەی تر بە پاداشت. پێویستە نۆکەر زیاتر ئاگاداری ئەوانە بێت کە چاویان لە پاداشتە، ئەمانە لەمیر دوورتر دەوەستن و ئامادەشن هزرەکەی لاواز بکەن. ئەرکی نۆکەریشە کە ئەو دوو رەوانە ئاشکرا بکات، چونکە ئەوانە چانسی تالان کردنیان هەیەو بەردەوامیشن بە چوستی کار بۆ میر بکەن.

وەکو زۆربەی خەڵك میریش حەز بە ئامۆژگاری ناکات، تا ئەوکاتەی کە ئامۆژگاریەکان، لەگەڵ بۆچوونەکانی کۆك نەبن، ئەگەر نۆکەریش پێشبینی حەزەکانی میر بکات و ئامۆژگاری بکات، کە یەك بێت لەگەڵ ئەوان، ئەوە نۆکەر تەنیا ستایش وەك خەڵکی تر وەردەگرێت. ئەوەش جوانییەکە دەربارەی میر. حەز دەکەیت، رێزی میر بگری ئامۆژگاری مەکە، لەجیاتی ئەوە چاوی لێ بپۆشەو هەوڵبدە میر لە کێشە بێواتاکان رزگار بکە، یارمەتی بدە واز لە "جدی" تریان بێنێ، هەرگیز ئامۆژگاری میر مەکە. میر زۆر بریاری تەواوی هەیە. ئەگەر پێشتر بریاربدات، هەرگیز بە میر مەڵێ رۆڵی خۆی وازی بکات، ئەو خۆی هەستی پێ دەکات. ئەو میرەی پێویستی بە ئامۆژگاری زۆر هەیە، پێویست ناکات مرۆڤ نۆکەرایەتی بکات، دوارۆژی نۆکەر لە قسەکانی میردایە. نۆکەر پێویستە بە وریایی و بە ئەسپایی میری خۆی هەڵبژێرێ. ئەوەتا کە هەڵبژاردنەکە پێویستە نۆکەر بپێکێ. ئەوەی میر پێویستیەتی بەڵگە بریاردەرەکانیەتی، ئەرکی نۆکەر ئەوەیە ئەمانەی بۆ ئامادە بکات. کاتێك نرخ بۆ خەملاندنی میر دادەنرێ. تەنیا یەك پێوانە هەیە: ئایا میر هەموو بەڵگەکانی هەیە؟ ئایا نۆکەر هەموو ئەو شتانە

دەزانێ، کـە مـیر دەیزانـێ؟ نۆکـەر هـەرگیز دژی ئـەو قسانە نیەو بە بەڵگە هەڵەکانی هـەڵدەبژێرێ هەڵبەتـە پۆلێنکردنی بەڵگەکان ئەرکێکی تری نۆکەرە.

نۆکەر هەرگیز ئەوە نادرکێنێت، کە بۆچوونـەکانی لـە هـی مـیر باشـترن. ئەگـەر مـیر هەڵەیـەك بکـات، رووداوەکـە وا بـەدیار بخـات، کـە هەڵسـەنگاندنەکەی نۆکەر راستە، ئەوا پێویستە هیچ نەدرکێنێ. نۆکـەری گێل کە ئامۆژگاری داوە لە داهاتوودا تووشـی هەڵـەی دەکـات و شـوێن پـێی خـۆی لـەق دەکـات. ئـەو نۆکـەرەی کـە ئامۆژگاریـەکی راسـتی پێشـکەش کردووە، میر گوێی پێ نەداوە، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کە پەیوەندی نێوانـی لەگـەڵ مـیر تێـك بچـێ. ئەگـەر هەڵەکە گەورەتر بێت، ئەوە هـەموو شـتێك لەدەسـت دەدرێت. ئایا میرەکـە ئـەوەندە لاوازە کـە نۆکەرەکـە یارمەتی بدات و بارودۆخەکـە ئـارام بکاتـەوە؟ ئەگـەر میر بە بەردەوامی هەڵە بکـات، ئـەوە مـیرێکی راسـت نیە، کە خزمەتی بکرێت و دیارە هـەر لـە ئەساسدا میرێکی رەسەن نەبووە.

گفتوگۆ

- لەگەڵ محەمەد ئەرکۆن دا
- لەگەڵ نەسر حامید ئەبوزەید دا

هاشم ساڵح

گفتوگۆ لەگەڵ "محەمەد ئەرکۆن"دا

- هاشم ساڵح
- و. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

هاشم ساڵح: سەبارەت بەو هیومانیزمەی لەگەڵ سەردەمی رێنیسانسدا لە ئەوروپا دەستی پێکردو، لە سەردەمی رۆشنگەریو دوای ئەویشدا چەسپی: واتە تا راگەیاندنی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی لەسەر دەستی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی ساڵی 1789، پرسیارێکم هەیە، تۆ یەکەمین کتێبی گەورەی خۆت بۆ لێکۆڵینەوەی (هیومانیزمی عەرەبی لە سەدەی چوارەمیکۆچی/ دەیەمی زایینی) تەرخانکرد. وەك نمونەیەکی ئەم قۆناغەش "مەسکویە"ی مێژوونووس و فەیلەسوفت وەرگرتبوو. پاشان تاوتوێکردنی ئەو بابەتەت لە کتێبی دووەمدا (چەند وتارێك دەربارەی فیکری ئیسلامی) بەرفراوانتر کردو، لێکدانەوەکانت بەشێوەیەکی تایبەت جەختیان لەسەر "تەوحیدی" دەکردەوە.

بەڵام وەکی ئاگادارین فەلسەفەی مرۆگەری لەلایەن بیریارانی فەرەنسیەوە بەتایبەت "میشێل فۆکۆو ژاك دێریداو ژان فرانسوا لیوتاردو ژێل دیلۆزو.. هتد" رووبەڕووی رەخنەیەکی توند بووەوە. رات چییە بەم گفتوگۆو مشتومڕەی کە بە درێژایی چارەکە سەدەی رابردوو، فیکری فەرەنسی داگیرکردبوو؟

تۆ بۆخۆت داوای هیومانیزمێکی نوێ دەکەیت، رەنگ و روخساری ئەو هیومانیزمە نوێیە چۆنە؟

محەمەد ئەرکۆن: ئەڵبەتە من هاوڕام لەگەڵ ئەو بیریارانەی ناوت هێنان (فۆکۆو ئەوانی تر)، لەو رەخنانەی ئاراستەی ئەو هیومانیزمە رووکەشەیان کردووە: واتە هیومانیزمی (گوتارو قسە) کە لە خوێندنگاکانی فەرەنسادا بە خوێندکاران دەوترێت. ئەمە بۆخۆی بریتییە لە قسەی شیرین و هیومانیستیەتێکی ئەبستراکتی تیۆریە کە پەیوەندی بە واقیعەوە نییە. ئەم هیومانیزمە هیچ جۆرە بەراوردکاریەك لە نێوان پێودانگە بەرزو باڵاکانی فەلسەفەی مرۆگەری و ئەو مومارەسە سیاسیانەدا ناکات کە لەسەر زەمینەی واقعدا رووەدەن و، هەریەکەیان لە شوێنێکن. هەر ئەوەندە بەس نیە بڵێین: ئێمە هیومانستین، ئێمە لەگەڵ ئاقاری هیومانستی داین، ئێمە پێمان وایە مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە لە بووندا، پاشان لەسەر زەمینەی واقعدا مومارەسەی شتێکی تر بکەین، مومارەسەی جیاوازی کردن و ئافەرۆزەکردن و تەریك کردنی بیانیەکان، یاخود ئەوانەی لە رووی پلەوپایە یان زمان و پێست و ئایینەوە لە ئێمە ناچن!.. ئەمە هیومانیزمێکی رووکەشەو، (فۆکۆ) و کەسانی تریش مافی خۆیانە کە ئیدانەی بکەن، بەتایبەت پاش هەموو ئەوەی لە ماوەی سەردەمی کۆڵۆنیالیەت و ماوەی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا رووی دا.

ئەوکات ئەم هیومانیزمە رووکەشە لەکوێ بوو، یان چی کرد؟ سەرەڕای ئەوەش ئەمجۆرە لە فەلسەفەی مرۆگەری هەوڵی ئەوە نادات تا تاوتوێی مەرجی پەیوەندی و گفتوگۆ لە نێوان مرۆگەری فەلسەفی تیۆری لەلایەك و، لەگەڵ مومارەسەی سیاسی و ئەخلاقی عەمەلی لەلایەکی ترەوە بکات. مادامەکی ئەم کارەش ناکات ئەوا مرۆگەریەکی نوقسان و راستەقینە نییە. لێرەدا جارێکیتر دەگەڕێمەوە لای (تەوحیدی). (ئەبو حەیانی تەوحیدی) لای خۆیەوە ئەمەی کرد. چونکە ئەو قەناعەتی بەو قسە شیرینانە نەدەکرد کە ئەمیرو وەزیرو فوقەهاکان دەربارەی ئاکار دەیانکرد.. پاشان لە هەڵسوکەوتی رۆژانەیاندا تەواو پێچەوانەی ئەوە رەفتاریان دەکرد. (تەوحیدی) لەو هەلومەرجە باوەی لە سەردەمی خۆیدا لە ئارادا بوو یاخی بوو. ئەمەش سەر ئێشەی زۆری بۆ دروستکرد.. (تەوحیدی) بە چاوانی خۆی دەیبینی چۆن چۆنی هەردوو وەزیری بەناوبانگ (ابا الفضل بن العمید) و (الصاحب بن عباد) هەموو فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمەیان کۆدەکردەوە، ئەویش لە پێناو کەیف و رابواردن و بەرێکردنی شەو بەخۆشی و قسەو باسی نەستەق لە کۆشکەکانی (بەغداد و شیرازو رەی)دا. لەم لاشەوە دەیبینی کە خەڵکی ئەو شوێنانە چۆن بەدەست هەژاری و نەبوونیەوە گیرۆدەن. کاتێك ئەم جیاوازیە بێ ئەندازەیە بینی هەستی بە قەیرانێك کردو وتی: نا ئەمە کارێکی راست نییە. ئەو قسەیەی فەیلەسوف و چینی دەستەبژێری باڵادەستی بەگوێدا نەچوو، سەبارەت بە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ و بەهاو مەزنی مرۆڤ.. لێرەوە دەستی کرد بە سەرکۆنەکردنی ئەو هیومانیزمە ئەبستراکتەی لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە. ئەمە لەسەردەمی (تەوحیدی)دا

رووی داو، لەوکاتەشەوە رووەدات. لە ساتەوەختی ئێستاشدا رووبداو فەیلەسوفە فەرەنسیە راستەقینەکانی لەوێنەی (فۆکۆو دۆلۆزو دێریداو.. هتد) ئیدانەیانکرد.

(تەوحیدی) وتی: هیومانیزم شتێکی زۆرجوانەو، هەرچیەکیش ئێوە دەیڵێن ئەی فەیلەسوف و بیرمەندە مەزنەکان لەجێی خۆیدایەو باوەڕم پێیەتی. بەڵام پراکتیزەکردنی عەمەلی ئەم قسانە، کوا لەکوێیە؟

(تەوحیدی) دەیویست دروشمی: زانست بە کارو کردارو، کردار بە زانست بچەسێنێ. مەسەلەکەش لە سەردەمی ئێمەدا وەکی خۆیەتی وەك چۆن لەسەردەمی (تەوحیدی)یشدا هەمان شت بوو. بە واتایەکی دی مەسەلەی هیومانیزم مەسەلەیەکە زەمەن تێی نەپەڕاندووەو، ئەمێستاو بۆ ئایندەش لە ئارادایەو ئامادەیی هەیە. دەستەواژەیەکی جوانی (تەوحیدی) هەیە دەڵێت: (مرۆڤ لە بەردەم مرۆڤدا دەستەوستانەو ناتوانێت لێی تێبگات). ئەم دەستەواژەیە لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە شتێکی تازەیەو، (محەمەد ئەرکۆن) لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا نەی وتووە، بەڵکو (ئەبو حەیانی تەوحیدی) لە سەدەی چواری کۆچی/ یان دەیەمی زایینیدا، واتە بەر لە دە سەدە وتویەتی. من لە بەهێزی ئەم دەستەواژەیەو لە بەهێزی ئەو پرسیارەی لەخۆی دەگرێت تێدەگەم. ئەو پرسیارەی دەکرێت بخرێتە روو بەمجۆرەیە: چۆن دەکرێت مرۆڤ بە شێوەیەکی عەمەلی و مەلموس لەگەڵ خۆیدا ئاشت کەینەوە. مەبەستم ئاشتکردنەوەیەتی کە بە شێوەیەکی سیاسی بەرجەستە بێت و، لە سستمێکی ئەخلاقی کە لەسەر زەمینەی واقیعدا هەبێت رەنگبداتەوە. هاوکات لە سستمێکی ئابوریشدا کە شتێك لە دادپەروەری و یەکسانی تێدا بێت بەرجەستە بێت.. ئەمە بریتییە لە هیومانیزم و ئاقاری مرۆگەری راستەقینەو فەلسەفەیەك کە لەسەر مرۆڤ و رێزگرتنی مرۆڤ دروست بووبێت و، بەلایەوە مرۆڤ بەنرخترین و دەگمەنترین شتێك بێت لە بووندا..

هاشم ساڵح: کەواتە گەر (تەوحیدی) لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بژیایە ئەوا دەستی بە یاخیبوون دەکرد وەك چۆن لە ساتەوەختی خۆیدا یاخی بوو، رەنگە کتێبەکانیشی بسوتاندایە وەك چۆن لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا لە ساتەوەختی نائومێدی و عەدەمیەتێکی پڕاوپڕدا ئەوەی کرد؟

محەمەد ئەرکۆن: بێگومان. شتێکی ئەوتۆم نییە سەرباری ئەوەی بخەم کە (تەوحیدی) لەم بارەیەوە وتویەتی. بەرهەم و نووسینەکانی (تەوحیدی) تایبەت بەم مەسەلەیە بە نوێگەری لە قەڵەم دەدرێت. نوێگەرییە بۆ سەردەمی خۆی و بۆ سەردەمی ئێمەش. چونکە نوێگەری بەسەردەمکردن یاخود *تەزامونیەت نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی فیعلی و خرۆشانێکی روحی دیاریکراوە کە رەنگە لە کۆنترین سەردەمەکاندا هەبێت و لەنێو ئەوانەدا نەیدۆزیتەوە کە رۆژانە لە گەڵیاندایین.*

ئەو نوێگەریەی ئێستا لێی دەدوێم نوێگەریەکی عەرەبی- ئیسلامیە، نەك ئەوروپی- خۆرئاوایی. ئەڵبەتە بیرمەندانی ئەوروپیش هەن کە هەمان هەڵوێستی (ئەبو حەیانی تەوحیدیان) هەبووە، نوێگەریش تایبەت نییە بە خۆرئاوا یان خۆرهەڵات، هەڵوێستی نوێگەری ئەڵبەتە لە هەموو سەردەمێك و لای هەموو میللەتان هەیە. ئاقاری مرۆگەری (هیومانیزم)یش تایبەت نیە بە ئەوروپاو خۆرئاوا وەکی هەندێك لە خۆرهەڵاتناسان دەیانویست وامان تێبگەیەنن، (ئەبو حەیانی تەوحیدی) کاتێك باسی

لەم کێشانە کرد قسەی لە (مەرگی مرۆڤ) نەکرد وەکی ئەوەی (فۆکۆ) کردی، بەڵکو کتێبێکی بە ناوی (الاشارات الالهیە) و کتێبێکی دی بە ناوی (المقاسبات)ەوە نووسی.

هاشم ساڵح: ***بەڵام لە لایەن فوقەها توندڕەواکانەوە تاوانبارکرا بەوەی لە ئایین و بیروباوەڕی خۆی وەرگەڕاوە. قسەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت: (زەندیقەکانی ئیسلام سیانن: مەعەڕی و ئەبوحەیانی ئەوحیدی و ئیبن ڕەواندی. بەدترینیشیان لەسەر ئیسلام (تەوحیدی)یە، لەبەرئەوەی ئەو دوانەی تر بە ئاشکرا بێ باوەڕی خۆیان ڕاگەیاند بەڵام ئەو بە نهێنی هێشتیەوەو ئاشکرای نەکرد. سەبارەت بەم قسە بریندارکەرانە چی دەڵێیت؟***

محەمەد ئەرگۆن: بەڵێ، بەوە تاوانبارکرا بیروباوەڕی گۆڕیوە. بەڵام ئەمە مانای چییە؟ ئەو کەسەش کێیە کە تاونباری دەکات و: بە چ مافێك ئەو تاوانەی دەداتە پاڵ؟ فوقەهاکان وەکی من و تۆ مرۆڤن و لە هەڵە بەدوور نین. بەهەرحاڵ ئەمە نەغمەیەکی ئاشکرای هەموو توندڕەوەکانە. هەر بیرمەندێکی ئازاد بیەوێت شتێکی تازە بێنێتە ئارا لە مێژووی ئیسلامدا و، شکۆمەندی فکری ئیسلامی زیاتر بکات تاوانباری دەکەن. ئەمە ئەو شتەیە لە رابردوودا رووی داو بەردەوام لە ئێستاشدا رووەدات. لە راستیشدا ئەو بیرمەندانەی مرۆڤ لە هەموو رووەکیەوە بەهێند وەردەگرن و ڕێز لە هەموو لایەنەکانی دەگرن و تاوتوێی هەموو رەهەندەکانی دەکەن، ئەوا ئەمانە دەبنە ئامانجی هاوسەردەمانیخۆیان.

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوسەردەمانیان لێیان ناگەن، یان لەبەرئەوەی هەمان ئەو ئامرازانەی ئەوانیان پێ نییە، یاخود لەبەرئەوەی چانسی ئەرەیان نییە بە ژیانێکی چڕو دەوڵەمەندا گوزەر بکەن کە حەقیەقەتی مرۆڤیان بەهەموو رەهەندەکانیەوە بۆ ئاشکرا بکات. بۆ بەدبەختی (تەوحیدی) ئەم چانسەی هەبوو! منیش بۆ بەدبەختیم هەمان چانسم هەبوو، وەکی ئەو دووچاری سەرئێشە بووم، هەریەکەشمان رووبەڕووی جۆرەها قسەی ناشیرین و ناوونانتۆرەو هێرشی توند بووینەوە.

ئا ئەمە ئاقاری مرۆڤەریەو، من لەگەڵ (تەوحیدی)دا پەیمپێبرد. ئەم چەمکە نە لەداهێنانی خۆمەو نە لە ئەوروپا یان لە خۆرئاواشم خواستووە وەکی هەندێك پێیان وایە. بەڵکو زادەی بزاوتێکە لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی (نۆیەم و دەیەمی زاینی) لە ناوچەی ئێران- عێراق دا سەری هەڵدا. بۆ نمونە (جاحظ) بۆخۆی هیۆمانستێکی مەزن و، رابەرێکی بزوتنەوەی هیومانست بوو.

هاشم ساڵح: ***(تەوحیدی)، (جاحظ)ی بە مامۆستای خۆی دەزانی لە بەیان و شێوازدا..***

محەمەد ئەرگۆن: بێگومان، لەبەرئەوەی هەردووکیان هەواداری ئەم ڕێبازە بوون و، هەردووکیشیان بە پلەی یەکەم پەخشان نووس بوونو زانایەك بوون لەوانەی شارەزاییان لە تەواوی هونەرو زانستەکانی سەردەمی خۆیاندا هەبوو. دەکرێت مرۆڤەری بەمجۆرە دیاریبکەین: مرۆڤەری بریتییە لە تێکەڵ بەیەکتر کردنی کلتور و شارستانیە جیاجیاکانو، کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەیەك و لە ژینگەیەکدا. (جاحظ) عەرەبێکی موسڵمان بوو، بەڵام بەسەر باهۆزی ئەو کلتورو بیرو بۆچونانەیشدا کرابووەوە کە لە دوورەوە دەهاتن. هاوکات (تەوحیدی)یش بۆ خۆی عەرەبی، ئیسلامی، یۆنانی،

فارسی و... هتد بوو. هەموو شتێك بوو. تەواوی سەردەمەکەی لەودا کۆبووبووەوە. بۆیە مایەی گاڵتەجاڕیە کە ئایدیۆلۆژیستەکان و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان ململانێی لەسەر بکەن و، لە بارەیەوە بڵێین ئەو تەنها فارسە یاخود عەرەبە.. (تەوحیدی) فارسیش و عەرەبیش بوو، تەنانەت زیاد لەو دوانەش بوو. چونکە ئەو خاوەنی ئاقارێکی مرۆگەری بەرفروان بوو کە بە سنوورە ئەتنیکی یان ئایینی یاخود مەزهەبیەکانەوە پابەد نەدەبوو.

هاشم ساڵح: ***دەستەواژەکەی "میشێل فۆکۆ" سەبارەت بە (مەرگی مرۆڤ) لانی کەم دوای سەد ساڵ لە بانگەوازە بەناوبانگەکەی "نیتشە" هات لەمەڕ (مەرگی خودا) (ئەڵبەتە ئەمە بەمانا مەجازیەکەی)، رات چییە بەرامبەر دەستەواژەی فەلسەفی رادیکاڵی لەمجۆرەو، چۆن چۆنی تێی دەگەیت؟***

محەمەد ئەرکۆن: ئەمە وام لێدەکات هەمان ئەو شتە دووبارە بکەمەوە کە پێشتر دەربارەی هیومانیزمی (قسە) باسمکرد: هەمیشە شێوەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤ دەمرێت. مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست مرد. ئەو مرۆڤە تەواو بوو، ئەمە بەڵگەنەویستێکە..

هاشم ساڵح: ***مەبەستت ئەوەیە لە ئەورووپاو خۆرئاوا کۆتایی هات؟***

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، بەتایبەت لە خۆرئاوا دەکرێت بڵێین سەدەکانی ناوەڕاست بە فیعلی تەواوبوو، نوێگەریش جێگەی خۆی خۆشکردو مەشروعیەتی خۆی دامەزراند. نمونەیەکی دیکەت بۆ باسدەکەم: ئەو مرۆڤە موسڵمانە جەزائیریەی لە سەرەتای سەدەی بیستدا ژیا تا ساڵی (1930–1940) مردو کۆتایی هات. ئەو جەزائیریەی من ناسیم، مەبەستم باوکم و مامەو هەردووکیان کاریگەریان لەسەرم هەبوو مردن. رەنگە بتوانی چەند نمونەیەکی کەم و دەگمەن لەوانە، لەناو جەرگەی جەزائیر یاخود لە لوتکەی شاخەکاندا ببینیتەوە. بەڵام ئەوانە بە شێوەیەکی عەمەلی وەکی نەوەیەك و وەکی حەساسیەت و وەکی جیهانبینی تەواوبوون. بۆچی تەواو بوون؟ لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری دیمۆگرافی قووڵ بەسەر کۆمەڵگای جەزائیریدا هات، وەك چۆن لە تەواوی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکانی تردا رووی دا. لەم بارەیەوە نمونەیەکت لەسەر فەرەنسا بۆ دێنمەوە. بەم دواییانە کتێبێکی تازە دەربارەی مێژووی ئایینی ئەم وڵاتە دەرچوو، لەم کتێبەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە فەرەنسا نەك جارێك بەڵکو چەندین جار چۆتە ناو ئایینی مەسیحیەوە. ئەمە لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی هەموو جارێك پێویستی بەوە کردووە گەلی فەرەنسی شوێن ئەو گۆڕانکارییە کلتوری و کۆمەڵایەتیانە بکەوێت کە بە شێوەیەکی کتوپڕ و لە ناکاو لەناو کۆمەڵگای فەرەنسیدا رووی داوە، ئەمەش ناچاری کردووە سەرلەنوێ بچێتەوە ناو ئایینی مەسیحیەت و جێگای ئەو هۆکارە تازە کتوپڕانەش بکاتەوە کە لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا دروست بوون. کەواتە بەردەوام شێوەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤ دەمرێت، ئەوانەی پەیوەستن بە شێوە کلتورێکی دیاریکراو مەرجەعیەتێکی کلتوری تایبەتەوە کۆتاییان دێت، پاشان کلتوری دیکەو شێوازی دیکە لە هیومانیزم و مرۆڤ جێگایان دەگرنەوە. بۆ نمونە ئەو مرۆڤەی لە هەناوی شۆڕشی فەرەنسیەوە هاتەدەرێ، ئەو مرۆڤە فەرەنسیە نیە کە سەر بە سەردەمانی کۆن بوو، بەڵکو مرۆڤێکی دیکەیە. کەواتە بەم پێیە دەتوانین بڵێین خەڵکێك دەمرێت، شێوازێکی دیاریکراو لە

مرۆڤ دەمرێت بەڵام ناتوانین بڵێین مرۆڤ یان خوداوەند بە تەواوەتی دەمرن. ئەوە قسەیەکی بێمانایە. ئەمە پوچگەرایی و عەدەمیەتێکی بەتاڵە. نە موسڵمانان و نە عەرەب پێویستیان پێی نییە. جۆرێك لە تەقدیس هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤەدا دەمرێ و کۆتایی دێت کە وایلێکردووە لە قۆناغێکدا باڵادەست بێت و بژی. بەڵام یەزدان وەك مەرجەعیەتێکی سەرمەدی و وەکی دەلالەتێکی رەهایی ئەوا ئەو زیندووەو نامرێت.

هاشم سالح: ***گەیشتن بە رەهاو ئاوێزان بوونی رەها لە بوونـدا پێداویستییەکی بەردەوام و هەمیشیە بۆ مرۆڤ؟***

محەمەد ئەرکۆن: بێگومان، ئەو نیگەرانیە روحیەی ناخی مرۆڤ و ئەو حەزە زۆرەی بۆ نەمری و سەرمەدیەت، بە هەردووکیان رەهەندێکی سەرەکی لە رەهەندەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن. مرۆڤ تەنها بە شتە مادیەکان و بەرخۆری مادی ناژی، گەر وابوایە ئەوا وەکی ئاژەڵی لێدەهات. مرۆڤ ناوبەناو پێویستی بەوە هەیە کە مەرجی مادی بوونی تێپەڕێنێ، بۆ ئەوەی باوەش بە شتێکی دیکەدا بکات کە زۆر تەمەن درێژترو بەرفراوانترە، واتە شتێکی هەنووکەیی و تێپەڕ نەبێت. ناکرێت مرۆڤ لەم رەهەندە سەرەکیەی دابڕین و، مافی ئەوەشمان نییە کە شتێکی وا بکەین. ئەڵبەتە ئێمە لە ئاستی ئەوە کەم ناکەینەوە کە پێی دەڵێن (روحانیەتی خۆرهەڵاتی) یان تەسەوف، لە بەرامبەر (مادیەتی خۆرئاوا) مادیەتێك کە تێر نابێت. ئەم کلێشەو دابەشکردنە نەزۆکانە لە فیکردا بەهێند وەرناگیرێت. مادیەت لە هەموو جێیەکدا هەیەو، بەهەمان شێوەش روحانیەتیش هەیە، هاوکات تێربوونی روحی بە بێ تێربوونی مادی شتێکی بێمانایە.. دێمەوە سەر پرسیارەکەت دەربارەی (نیچە) و دەستەواژە بەناوبانگەکەی لەمەڕ (مەرگی یەزدان)، (داوات لێدەکەم ئەم دەستەواژەیە بخەیتە نێوان چەند کەوانەیەکەوە نەك تەنها دوو کەوانەوە، بۆ ئەوەی بەخراپ لێی تێ نەگەن و بەدحاڵی بوون روونەدات). ئەم دەستەواژە بەناوبانگە دنیای هەژاند هەروەك چۆن ساڵی *1966* دەستەواژەکەی "فۆکۆ" هەمان شتی کرد، بەڵام ئەوەی (نیچە) هەرای زیاتری نایەوە (لەبەر ئەوەی وتەزاکەی -فۆکۆ- درێژکراوەی دەربڕینەکەی -نیچە-یە)، دەڵێم ئەم دەستەواژەیەی لە دەقێکی بەناوبانگدا هاتووە بەناونیشانی (دێوانە) (کتێبی زانستی شاد-ی- نیچە-دا بڕگەی *125*). دەستەواژەکەی (نیچە) مانای ئەوە نیە کە خودا دەمرێت بەمانای مردن یاخود لە رەهادا دەمرێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە شێوازێکی تایبەت و دیاریکراو لە تەقدیس کە لە ئارادا بوو (ئەویش شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست بوو) مردو هەرەسی هێنا. ئەم وێنە پیرۆزە ژیاری پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی (کە لە سەردەمی نیچەدا گەیشتە دوا ئاستی خۆی -کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە- و هەموو ئەوروپای گرتەوە) سڕییەوەو لەناوی برد. کەواتە (نیچە) هیچ شتێکی لەوانەی وتی لە خۆیەوە داینەهێناوە. بەڵکو تەنها سەرنجی ئەوەی داوە کە لە دەوروبەریدا روودەدات وەکی چۆن زانایەك بەوپەڕی ساردی و بابەتیانەوە سەرنجی دیاردەیەك لە دیاردە گەورەکان دەدات. گرفتی (نیچە) ئەوەیە کە ئەو بەر لە بە ئاگابوونی ئەوانی دی بە ئاگادێت و، ئەو شتانە دەبینێت کە ئەوان توانای بینینیان نەبوو. بینینی ئەوانە (نیچە)یان ترساندو، ئەویش لە بەرامبەردا هاوارە بروسکە ئاساکەی خۆی کرد. پرسیاری (نیچە) بەمجۆرە بوو: چۆن دەکرێت ئەم تەقدیسە دێرینەی بەدرێژایی چەندین سەدە بەسەر ئیماندارە مەسیحیەکانی ئەوروپادا باڵادەست بوو، لەبەریەك

هەڵوەشێ و بەلادا بێت بۆ ئەوەی تەقدیسێکی دیکەی تازە شوێنی بگرێتەوە: تەقدیسی زانست و خواکانی زانست و کۆنترۆڵکردنی سروشت و گەردون و شتەکان. کەواتە (نیچە) ئیعلانی مردنی شێوازێکی دیاریکراوی لە شێوەکانی هیومانستی مەسیحی تەقلیدی کرد، شێوازێك کە (کاتی بەسەرچوو بوو) وەکی پەندێکی فەرەنسی دەڵێت، نەوەك ئیعلانی مردنی تەقدیسی لە رەهادا کردبێت. لێرەوە پێویستە بەخراپ لەمجۆرە دەستەواژە قورسانەی گەورە بیریاران تێنەگەین، چونکە رەنگە مەبەستی شتێکی دیکە بێت، پێچەوانەی ئەوەی زۆربەی خەڵکی تێی گەیشتوون. هەمیشە جۆرێکی دیاریکراو لە مرۆڤ و تەقدیس دەمرێت، بەڵام بەردەوام شێوەی تازە جێگای دەگرێتەوە. مرۆڤ بۆ ئەوە دەمرێت تا سەرلەنوێ زیندووبێتەوە. ئەمەیە کە (جولیا کریستیڤا)ی توێژەری فەرەنسی لە دەستەواژەیەکی توکمەدا بە *(بەرهەم مێنانی مانای روخێنەر La genese destructrice du Suens)* ناوی دەبات. مانا بۆ ئەوە دروست دەکرێت و دەهێنرێتە ئاراوە تا بڕوخێنرێت و لەبەریەك هەڵبوەشێنرێت. چونکە مانا لە رێگای وێرانکردنی ماناو، لەسەر دارو پەردووی مانایەکی دی دروست دەکرێت. پێویستە مانا کۆنە بەرتەسکەکان (ئەو مانایانەی بەکەڵك نەماون و لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێن) لەناوببرێن بۆ ئەوەی مانای نوێتر، مانایەك کە زۆر کراوەترو بەرفراوانتر بێت جێگای بگرێتەوە. دەکرێت لێرەدا لاسایی (جولیا کریستیڤا) بکەینەوەو بڵێین: *بەرهەم مێنانی مرۆڤی روخێنەر*: واتە ئەوەی مرۆڤێکی کۆن و پیرۆزیەکی کۆن رەت دەکاتەوە، بۆ ئەوەیە مرۆڤێکی نوێ لە جێگەی دابنێین. بەردەوام مرۆڤی تازە هەیە کە لەسەر دار وپەردووی مرۆڤی کۆن دروست دەبێت. وتەزایەکی لەمجۆرەم پێ پەسەندە، بەڵام بەدەر لەمە ئەوا قبوڵم نییە.

هاشم سالح: ناکرێت ئێمە ئەم مەسەلە گەورانەی پەیوەندی بە هیومانیزمی کلاسیکی ئەوروپی و شێوازی مەعریفەی کلاسیکییەوە هەیە بوروژێنین، هەروەها باس لەو شۆڕشەی بیرمەندانی فەرەنسی بکەین بەسەر ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەدا کە بە درێژایی قۆناغەکانی پێشوو لە ئارادا بووە، بێ ئەوەی (بەتایبەتی) بیر لەو شۆڕشەی تۆ نەکەینەوە بەسەر ئۆریانتالیزمدا کە ئەمەش بۆ خۆی بەشێکە لە هیومانیزمی ئەوروپی کۆن و لێی جیا نابێتەوە. ئەڵبەتە شەڕی تۆ لەگەڵ ئۆریانتالیزمدا شەڕێکی روکەشانەی ئایدیۆلۆژی نییە، بەو شێوەیەی عەرەب و موسڵمانان کە سەردەمانێکی دوورو درێژە شەڕێکی توندی لەگەڵدا دەکەن و هەنووکە بۆتە شتێکی بێتاقەتکەرو دووبارە بووەوە، بەڵکو ئەوەی تۆ ترسناکترو زۆر قوڵترە: لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە جەوهەری سستمی مەعریفەو، ئەو وەرچەرخانە ئەبستمۆلۆژیەوە هەیە کە ئۆریانتالیزم تا ئیستاش نایەوێت میتۆدەو دەرەنجامەکانی لەبەرچاو بگرێت. دەکرێت لەم رووەوە مەسەلەکەمان هەندێك بەدرێژی بۆ باس بکەی؟

محەمەد ئەرکۆن: کێشەی من لەگەڵ ئۆریانتالیزمو میتۆدەکانیدا کۆنترە لەوەی تۆ دەیزانیت. مەسەلەکان لەو کاتەوە دەستیان پێکرد کە لە ساڵی *1950* خوێندکاری کۆلیژی ئاداب بووم لە زانکۆی جەزائیر. ئەوکات مامۆستاکان (هەموویان فەرەنسی بوون) بە هیچ جۆرێك کێشەکانی کۆمەڵگەی جەزائیری یان کێشەکانی کۆمەڵگا عەرەبیەکان یان ئیسلامیەکانیان بەهێند وەرنەدەگرت. واتە مەبەستم ئەوەیە ئەوان بە شێوەیەکی مەعریفی و

ئەبستمۆلۆژی ئەو کێشانەیان نەدەخستەڕوو یان هەوڵی ئەوە بدەن گەر چارەسەریشی نەکەن ئەوا دەست نیشانی بکەن. ئەوان لە دوورەوە، زۆر لە دوورەوە لێیان دەڕوانی. لە دەرەوە سەیری ئەو کێشانەیان دەکرد، وەکی ئەوەی پەیوەندی بەوانەوە نەبێت. پاشان لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە: لە میانەی روانگەیەکی هیومانیزمی بورژوازی فەرەنسیەوە سەیریان دەکرد، ئەو هیومانیزمە رووکەشەی دواتر "فۆکۆ" و کەسانی وەك ئەو بە رووبدا وەستانەوە.

ئەوکات کلتوری خۆرئاوا خۆی بە کلتورێکی یۆنڤیرسالی – جیهانی دەدایە قەڵەم. بۆ ئەوەش هاتبووە جەزائیرەوە تا جەزائیریە دڕندەکان بکاتە کەسانێکی شارستانی (واتە بۆ ئەوەی داخڵ بە شارستانیەتیان بکات)، نەك هاتبێت وەك ئیستعمارێك وڵاتەکەیان داگیربکات. واتە کلتوری فەرەنسی شانازی بەوەوە دەکرد کە باڵادەستی بەسەر هەموو کلتورەکانی تردا هەیەو، نایەوێت دان بەو کلتورانەو تەنانەت بە زمانی نەتەوایەتیشیاندا بنێت.

لەو قۆناغەدا ئیسلام لە لایەن ئایینی مەسیحیەوە پەراوێز خرابوو، موبەشیرەکان بەو مەبەستە هاتنە جەزائیر تا خەڵکانی ئەوێ لەسەر دینی خۆیان لادەن و بیانکەنە مەسیحی. من بۆ خۆم لەگەڵ هاوتەمەنەکانمدا هەموو ئەم شتانەمان ئەزموون کرد. پێویستە ئەمانە بزانیت تا لە بنەمای بیرکردنەوەو بایەخی رۆشنبیری من حاڵی بیت. پێویستە خەڵکی ئەمانە بزانن تا لە هۆکارەکانی یاخی بوونی فکری من تێ بگەن و، بزانن من دەمەوێ چی بونیاد بنێم.

من لای خۆمەوە هەر بەوەندە ناوەستم (وەکی هەندێك باسی دەکەن) کە هەر رەتبکەمەوە یان بڕوخێنم یاخود رەخنە بگرم. سەردەمانی ئیستعمار من لە فەزایەکی سەرکوتکراو و کەڕو لاڵ و بێدەنگ و نائومێددا ژیاوم. وتم (کەڕو لاڵ) و (بێ دەنگ)، لەبەر ئەوەی تەنانەت نەمدەتوانی قسە بکەم و دەم بکەمەوە تا ناڕەزایی دەربڕم. لە جەزائیردا بەر لە سەربەخۆیی، جەزائیریەك مافی ئەوەی نەبوو ناڕەزایی نیشان بدات، یاخود قسە لەسەر مەسەلەکان بکات. چونکە ئەو کاتە ئیستعمار لە دواڕۆژەکانیدا بوو، زۆر لە جاران توندترو دڕەندەتر بوو، لەبەر ئەوەی هەستی بەدوادوایی مانەوەی خۆی دەکرد.

ئیستعمار بەم شێوە لوت بەرزیەی خۆیەوە ئامادەییەکی بەهێزی لەناو زانکۆدا هەبوو. ئێمە تەنها پێنج یان شەش خوێندکاری بە ئەسڵ جەزائیری بووین زمان و ئەدەبی عەرەبیمان دەخوێند، بەڵام فەرەنسیەکان کە لە کۆلیژەکانی تر دەیانخوێند ژمارەیان هەزاران کەس دەبوو. ئەڵبەتە فەرەنسیەکان حەزیان بە خوێندنی زمانی عەرەبی نەدەکردو، کەم تا زۆر هەوڵی ئەوەیان دەدا رێ بە خوێندنی نەدەن و ئاستەنگی لە بەردەمدا دروست بکەن. لێرەوە بیر لە رادەی بارقورسی هەلومەرجێکی وا بکەرەوە، بە نیسبەت گەنجانی جەزائیرەوە.

لەوکاتەوە سەرەتاکانی رەتکردنەوەی ئۆریانتالیزم لە ناخمدا چەکەرەی کرد، بە هەموو میتۆدەو ئاقارەکانیەوە. پاشان یاخی بوونم ئاراستە بوو لە دژی کۆمەڵگەو حاڵەتی کۆمەڵگەو، دژی ئەو زوڵم و ستەمەی دووچاری کۆمەڵگەی جەزائیری بووبوو. ئەوکات سەرنجی ئەوەم دەداو ئەو کەلێنە بەرینەم دەبینی کە لە سەرجەم ئاستەکاندا لە نێوان پێشکەوتن و گەشەسەندنی فەرەنساو، دواکەوتوویی جەزائیردا هەبوو. لەو سەردەمانەدا جەزائیر گیرۆدەی ئاقاری سکولائی قوتابخانەیی دروبارە بووەو نەزۆك بووبوو، ئەمە لە کاتێکدا فەرەنساو شارستانیەتی خۆرئاوا بە شێوەیەکی گشتی شانازیان بەخۆیانەوە دەکردو، پشت ئەستوور بوون بە هێزو تازەگەری خۆیان. لەناو ئەم هەلومەرجەدا یەك شت زەینی منی

داگیرکرد ئەویش: ئیرادەی تێگەیشتن و مەعریفە بووە من دەمویست بزانم بۆچی هەلومەرج وەهایە؟ بۆچی بەمجۆرەیە کە هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارە سەرەتایی و ریشەییە بوو کە لە پشت تەواوی لێکۆڵینەوەو بیروبۆچوونەکانمەوە بووە، بە درێژایی سی ساڵ و تا ئەمڕۆ. بۆ نمونە با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، کە لەو سەردەمانەدا کاتێك خوێندمەوە رایچەڵەکاندم، ئەویش گوتارە بەناوبانگەکەی "ئەمیر شەکیب ئەرسەلان" بوو بە ناوی: (بۆچی موسڵمانان دواکەوتن و ئەوانی تر پێشکەوتن؟). ئەم پرسیارە لێم نەبووەوەو بەردەوام داوای وەڵامی لێ دەکردم. بەمجۆرە داخڵ بە رێگای دۆزینەوەو تێگەیشتن و عیرفان بووم.

رەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووبێت تێکەڵ بە خەباتی سیاسی یان بە حیزبە سیاسیەکان نەبووم، لەبەرئەوەی ئەمانە دروشم و شیکاریی و لێکدانەوەی خێراو بە پەلەیان پێشکەش دەکرد، کارێك کە تیونیەتی نەدەشکان و نەیدەتوانی رازیم بکات.

هاشم ساڵح: تایبەتمەندی و دەگمەنی ئاراستەی فکری تۆش لێرەدایە، بە بەراورد بەو نەوەیە لە رۆشنبیران و ئایدیۆلۆژیستانی عەرەبی کە بە شێوەیەکی گشتی تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و حیزبایەتی بوون، ئەمەش زۆربەی کاتی بردن، بە رادەیەك مەسەلەی کەشفی مەعریفی و توێژینەوەی زانستیان فەرامۆشکرد.

محەمەد ئەرکۆن: رەنگە وابێت. بەهەر حاڵ، زۆربەی لاوانی جەزائیر چونە ریزی بزوتنەوە نیشتمانیەکان لە پێناو بەدەست هێنانی سەربەخۆییدا. ئەم مەسەلەیە گرنگی زۆری هەبوو، لە پێش شتەکانی ترەوە بوو. بەڵام لای خۆمەوە، بە مەبەست رێگای فکریم بۆ رزگاربوون هەڵبژارد. بەڵام یاخی بوونی فکریی من هەمان یاخی بوونی تێکۆشەرێکی سیاسی بوو. بە تەنها ئامرازی کارکردن و بەرنامەمان جیاواز بوو، بەڵام ئەو ئامانجەی مەبەستمان بوو یەك شت بوو: کە بریتی بوو لە ئازادی و بەدەست هێنانی سەربەخۆیی.

لە حاڵەتی یەکەمدا ئامانج ئازاد کردنی سیاسی نیشتمانی بوو، لە حاڵەتی دووەمدا (حاڵەتی من) رزگاری فکری و ئەقڵی و جەزائیریەکان و، تەواوی موسڵمانان و عەرەب بوو. وەك دەبینیت شەڕی دووەم هیچی لە شەڕی یەکەم کەمتر نییە، بگرە زۆر ئاڵۆز ترو دوورو درێژ ترە لە رووی زەمەنیەوە. بەهۆی تەواوی ئەم هۆکارانەوە رەخنەم لەو شێوازی وانە وتنەوەیە گرت کە لە زانکۆی جەزائیردا مێژوویان پێ دەوتینەوە. ئەوە شتێکی ترسناك بوو کە نە لە زانست و نە لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی خوێندن دەوەشایەوە. سەبارەت بە خوێندنی ئەدەب یان زمانی عەرەبی و.. هتد، هەر بەو جۆرە بوو.

لەو کاتەوەو تا ئێستا ئەو یادەوەریە خراپانەم هەر لاماوە، پاشان بەڵێنی ئەوەم بەخۆم دا کە سەرلەبەر ئەوە بگۆڕم. کاتێك لەسەرەتای شەستەکاندا بوومە مامۆستا لە سۆربۆن، دەست بەجێ ئەو ئاقارو میتۆدانەم پەیڕەو کرد کە تەواو لە پەیڕەو و بەرنامەی ئۆریانتالیزمەکان جیاواز بوو. بۆ نموونە ئەوانەی لە سەرەتاوە (واتە لە ساڵی *1960* وە بەدەست نیشانکراوی) ئامادەی وانەکانم بوون دەزانن رادەی جیاوازی لە نێوان مەنهەجیەت و شێوازی من لە توێژینەوەدا، لەگەڵ مەنهەجیەتی ئۆریانتالیزمەکاندا چەندە. لەکاتی وتنەوەی ئەو وانانەدا چەند دەقێکم لە کتێبی مێژوونووسی فەرەنسی (*Robert Mandrou*) دەربارەی بنەمای فەرەنسای تازە بۆ خوێندکارەکان دەخوێندەوە، ئەم دەقانەم بۆ روندەکردنەوەو لە گەڵیاندا دەکەوتمە

باسکردنی، به مەبەستی ئەوەی ئەو جیاوازییەیان بۆ دەربخەم کە لە نێوان مەنهەجیەتی مێژووی تازەو، مەنهەجیەتی ئۆریانتالیزمیدا هەیە. هاوکات باسی ئەوەیان بۆ بکەم کە چۆن دەکرێت مەنهەجیەتی یەکەمیان بەسەر مێژووی کۆمەڵگا عەرەبیو ئیسلامیەکاندا پراکتیزە بکرێت، بۆ ئەوەی دەرەنجامی چاکترو زۆر سوودمەند ترمان دەسگیر بێت.

تۆ ئەوە دەزانیت کە "رۆبێرماندرۆ" سەر بە گروپی (مێژووی تازەیە) لە فەرەنسادا، واتە لە گروپی قوتابخانەی (بڵاوکراوەی سالانە)یە. ئەوەك سەر بە قوتابخانەی (مێژووی کۆن) بێت کە مێژوو بە شێوەیەکی فیلۆلۆگیو وەسفی پەتی لێکدەداتەوە.

پاشان لە دواییدا گرفتێکی تازەی تر هاتە بەردەم رەوتی زانستیم، ئەویش پەیوەندی بە تێکستی قورئانی و چۆنیەتی خوێندنەوەو تێگەیشتن لەو دەقە هەبوو. هەر دوای ئەوەی کارنامەی دکتۆراکەم دەربارەی (مرۆگەری عەرەبی لە سەدەی چوارمی کۆچی)دا تەواو کردو، لە لێکۆڵینەوەی فیکری ئیسلامی کلاسیکی بومەوە، هەستمکرد دەبێت زیاد لەوە بۆ دواوە بگەڕێمەوە. واتە بگەڕێمەوە سەر چرکەساتی قورئان، بۆ ئەوەی مەسەلەکان بە شێوەیەکی راست فەهم بکەم. هەروەها بۆ ئەوەی باس و لێکۆڵینەوەکەم سەبارەت بە مێژووی فیکری ئیسلامی لەسەر بنەمایەکی بەهێزو پتەو دامەزرابێت. ئەم مەسەلەیەش وەك دەزانیت بە درێژایی چەندین ساڵ و تا ئێستا بەخۆیەوە خەریکی کردووم.

خاڵی سەرەتاو دەسپێکی ئەم کارەش ئەوە بوو، بە رێکەوت هەندێ شتی گرنگم دەربارەی ئینجیل بەرچاوکەوت. فزولی مەعریفی خۆم پەلکێشی کردم بەرەو جێو شوێنی دی و ئایینی دیکە، بۆ ئەوەی وێنەکە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا ببینم و، لە رێی بەراورد کردن و تێبینییەوە سەرنجی بدەم. بەراوردکاریش بۆ خۆی بنەمای زانست و تێگەیشتنە. رۆژێك بەسەر کتێبەکانی "دانییل رۆس"دا کەوتم سەبارەت بە ئینجیل. "رۆس" بۆ خۆی نووسەرێکی مەسیحییەو لە چل و پەنجاکاندا ژمارەیەك کتێبی دەربارەی ئینجیلەکان نووسیووە. بەرهەمەکانی زۆر میللی بوون، لەبەر ئەوەی بەشێوازێکی جوان و سەرنج راکێش نوسرابوون. هاوکات ئەم پیاوە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسی بوو. کاتێك بۆ یەکەمجار کتێبەکانی ئەوم بەرچاوکەوت، لەخۆم پرسی ناکرێت ئێمەش سەبارەت بە قورئان شتێکی لەو جۆرەی ئەو بکەین؟ چ دەرەنجامێکمان دەسگیر دەبێت، گەر بەم شێوەیە بەراوردکاریمان لە نێوان ئینجیل و قورئاندا کرد؟

ئەمە دەسپێك بوون هەر ئەمەش دنەی فزولی مەعریفی دام. بەمجۆرەو لە بواری قورئاندا دەستم بەکار کردو، سەرەنجامیش ئەو کتێب و توێژینەوانە بوو کە خۆت دەیزانیت.

هاشم ساڵح: ئەمە مانای وایە تۆ ئەوەت بەرامبەر قورئان کردووە کە بیریارانی رەخنەی مێژووی ئەوروپی لەگەڵ ئینجیل و تەوراتدا کردویانە.. بە واتایەکی تر تۆ دەقی قورئانیت هێناوەتە ناو چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی هاوچەرخەوە، بەمجۆرەش ئیسلامت داخڵ بە (مێژوی ئایینی بەراوردکاری) کردووە؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، بێگومان. هەر ئەمەش بو لە لایەن مەنهەجیەتی ئۆریانتالیزمیەوە رەتدەکرایەوە، مەنهەجیەتێك ئیسلامی لەناو تایبەتمەندیەکی بەرتەسکدا کۆدەکردەوە تا پەیوەندی بە هیچ شتێکی ترەوە نەبێت. ئەوان قسە لەمەڕ بەهای (یەهودیەت- مەسیحیەت) دەکەن و،

ئیسلام دەکەنە دەرەوەی گۆڕەپانی دیینە (ژیاریەکان) یان دەرەوەی ئایینی کۆمەڵگا شارستانیەکان.

یاخود لە باشترین حاڵەتدا گەر دەست بە بەراوردکردنی نێوان قورئان و تەورات و ئینجیل بکەن، تەنها بۆ ئەوەیە بڵێن: قورئان چییە جگە لە لاساییکردنەوەی ئەوان و وتنەوەی شتەکانی ئەوان.. هەرچۆنێك بێت ئەوان بلیمەتی و وزەو واتای زاتی قورئان دەسڕنەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە گۆڕەپانی وەحی یەکتاپەرستیدا دووری دەخەنەوەو، ئەو بوارە تەنها بە مافی یەهودیەت و مەسیحیەت دەزانن.

بەڵام ئێمە دەزانین قورئانیش وەك ئەوان دەچێتە چوارچێوەی هێڵی ئایینی یەکتاپەرستی، تەواو وەك هەریەك لە ئینجیل و تەورات. ناکرێت چارەسەری ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانە بکرێت کە بە درێژایی چەندین سەدەیە لە نێوان هەرسێ ئایینە یەکتاپەرستیەکەدا هەیە، تەنها بەژێرەو ژوورکردنی ئەو مەنهەجیەتە تەقلیدی و حەساسیەتە بەرتەسکە نەبێت. لەبەر ئەم هۆیەیە دەبینیت من کاتێك قسە دەربارەی ئیسلام دەکەم، بەردەوام ئاماژە بۆ یەهودیەت و مەسیحیەت دەکەم. بۆ ئەوەی مەسەلەکان بخەمە ناو دیدگایەکی بەراوردکاری و راست و دروستەوە.

بەڵام ئەو هۆکارە راستەقینانە چین کە هانم دەدەن بۆ ئەوەی مەنهەجیەتێکی بەراوردکاری بەرفراوان بگرمە بەرو، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابم لەو چوارچێوە بەرتەسکانە بێمە دەرێ کە تیایدا هەر ئایینەو ئەوی دی ئافەرۆز دەکات؟ پێم وابێت سەرەکیترین شتێك لێرەدا پێویست بەوە بکات جەختی لەسەر بکەم، بۆ ڕونکردنەوەی فکری خۆم و ئاراستەی مەعریفیم ئەمەیە: هەرچی پەیوەندی بە مەغریب نشینەکانی وەك جیلی منەوە هەیە، ئەوا ئێمە لەناو فەزایەك لە پێکۆڵکردنی فکری و پێکۆڵکردنی کلتوریدا ژیاین و گەورە بووین. ئێمە لەو ئامادەییو زانکۆیانەدا خوێندمان کە شێوازێکی فەرەنسیان هەبوو. لەوێدا هەمان ئەو وانەو بەرنامەی فێرکاریەمان پێ دەوترا کە خوێندکارێکی پاریسی لێرەدا دەیخوێند.

ئەمە شتێکە رەنگە تۆ یاخود ئەوانەی هاوتەمەنی تۆن نەیزانن، بەتایبەتیش تۆ سەر بە وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبیت نەك خۆرئاوای عەرەبی. بەڵام هاوکات کە وەکی هەر فەرەنسیەك لەوێدا کلتوری فەرەنسیمان پێ دەوترایەوە، ئێمە عەرەب و موسڵمان بووین لای کەس و کارو خزمانمان لە کۆمەڵگای جەزائیریدا. لەبەر ئەم هۆیە دووچاری شۆکێکی فکری بووین، شۆکێکی بە زەبرو پڕاوپڕ.

من هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیمەوە دەستم بە فێربوونی زمانی فەرەنسی کرد، ئەویش لە خوێندگایەکی سەرەتایی وەك هەموو ئەو جیلەی وەکی من وابوون، لە جەزائیری و مەغریبی و تونسی. ئەم پرۆسەیەش تەنها دوای سەربەخۆیی کۆتایی هات. کاتێك بەم رادەیە کلتورێکی دیکەو زمانێکی دیکەت دەدرێتێ، پاشان لەناو کلتورو زمانی رەسەنی خۆتدا گەشە دەکەیت و گەورە دەبیت، ئەوا توشی راچڵەکین و شۆکێکی توند دەبیت و، هەست بە هەناسەسواری و دادڕان دەکەیت. بەڵام ئەم ئەزموونە (رووی ناکۆکیەکەشی لێرەدایە) ئەنجامی ئیجابی و گەورەشی لێدەکەوێتەوە. یان راستر بڵێین ئەو شتەی لە مندا دروستکرد، سەرەڕای ئێش و ئازارو ئەو شۆکە تاڵەی یەکەمین جاری.

لەبەر ئەوە من هەست بە نائومێدی دەکەم کاتێك دەبینم ئەو خوێندکارانەی ئەمڕۆ لە وڵاتانی عەرەبیەوە دێنە ئێرە، بۆ ئامادەکردنی بڕوانامەی دکتۆرا، ئاستی رۆشنبیریان بە ئەندازەیەکی زۆر لاواز دەبینم. بە داخەوە بۆ ئەو کەلبوونە رۆشنبیریەی

بەرەنجامی ئەوەیە رۆشنبیریەکی بیانی تازەیان نییە، لە پاڵ رۆشنبیریەکی عەرەبی رەسەندا.

ئەمڕۆ ئێمە ئەوە دەزانین کە ناکرێت رۆشنبیریەکی مەنهەجی و زانستی راستەقینە دامەزرێنین، گەر بێتو خوێندکار خاوەنی زمانێکی بیانی یان تەنانەت دوو زمان (بۆ نمونە ئینگلیزی و فەرەنسی) نەبێت. ئەمەش زیان بە زمانە ئەسڵیەکەیان ناگەیەنێت یاخود لێی کەم بکاتەوە. بۆ نموونە ئەڵمانیەکان جگە لە زمانی خۆیان قسە بە زمانێکی بیانی دیکە دەکەن (کە زۆر جار زمانی ئینگلیزی)یە. مەسەلەکەش لای هۆڵەندییەکان و تەواوی گەلانی باکوری ئەورووپا بەو شێوەیەیە.

بناغەی بڕیاری رەخنەییم و تێکەڵ بوونم بە بواری توێژینەوەی زانستی، ئەوەیە کە من هەرگیز دەست بەرداری رۆشنبیری ئەسڵی خۆم نەبووم و، پەیوەندیم بە کۆمەڵگەو ژینگەی ئەسڵی خۆمەوە نەپچڕاندووە. بە پێچەوانەوە، هەوڵی ئەوەم داوە (ئەگەرچی لە تاراوگەش بووم) بەرپرسیارێتی تەواو سەرشانی خۆم بخەم: مەبەستم لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کەشفکردنی کێشەی ژینگەی ئەسڵی خۆم و دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکانی ناوی بووە، لە پێناو یارمەتیدان لە چارەسەر کردنیاندا. هاوکات بە جدیش (ئەگەرچی بە دیدگایەکی رەخنەییەوە) کەرەستەکانی رۆشنبیری ئەورووپیشم وەرگرت. دوای زمانی فەرەنسی و رۆشنبیری فەرەنسی فێری زمانی ئینگلیزیش بووم، هەنووکە کەم تا زۆر وەکی زمانی فەرەنسی دەستم بەسەر ئەویشدا دەشکێ.

هاشم سالح: ***یانی وەك زمانی فەرەنسی؟!***

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، بەڵێ. ئەو کارەشم بەمەبەست کرد لە پێناو فراوانتر کردنی ئاسۆی مەعریفیمدا. چەندین کتێب و نووسراو هەن دەربارەی ترادسیۆنی ئیسلامی و عەرەبی کە راستەوخۆ بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرێن و، مەرج نییە نەك هەر بۆ عەرەبی بەڵکو وەرگێڕدرێنە سەر زمانی فەرەنسیش. هەروەها مەنهەجیاتی نوێ لای ئەنگلۆ-سەکسۆن هەن کە رەنگە لای فەرەنسیەکان نەبێت. سەرەڕای ئەوەش زمانی توێژینەوەی زانستی هاوچەرخ لە ئێستادا ئینگلیزیە، نەك تەنها تایبەت بە زانستە سروشتیەکان بەڵکو سەبارەت بەوەشی کە پەیوەندی بە زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە هەیە. هەروەها من بۆ خۆم ناچارم بەوەی زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنم بۆ وتنەوەی ئەو لێکچەرانەی ناوبەناو لە هەریەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیاو، وڵاتانی دیکەی وەك ئەواندا پێشکەشی دەکەم.

پەراوێز:

** محەمەد ئەرکۆن لە ناوچەی "تاوریرت میمون" لە وڵاتی جەزائیر لە دایك بووە.*

** خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری "وەهران" تەواو کردووە.*

** پاشان چۆتە جەزائیری پایتەخت و لە زانکۆی ئەوێدا زمانی عەرەبی لەکۆلیژی ئادابدا خوێندووە.*

** لە دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ رووی کردۆتەوە فەرەنساو لە ناوەراستی پەنجاکانەوە (لە پاریس نیشتەجێیە.. ساڵی 1969 لە زانکۆی سۆربۆن" بڕوانامەی دکتۆرای دەوڵەتی وەرگرتووە. کارنامەی دکتۆراکەشی دەربارەی (مەسکویەو ئاقاری مرۆگەری عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچی)دا بووە.*

** ساڵی 1961 بۆتە مامۆستای یاریدەر لە زانکۆی سۆربۆن، پاشان لە ساڵی 1970دا کۆرسی مێژووی فیکری ئیسلامی پێدراوە لەهەمان زانکۆدا.*

** لە 1976 بۆ 1988 بەرێوەبەری "پەیمانگای خوێندنی ئیسلامی" بووە لە سۆربۆن.*

** سەرنووسەری گۆڤاری ARABICA بووە کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی عەرەبی و ئیسلامی.*

*لە زانکۆکانی ئەمریکاو ئەورووپاو ئاسیاو ئەفریقا وانەبێژ بووە.

*ئەندامی لیژنەی نەتەوایەتی ئاکار بووە لە فەرەنسا.

* خاوەنی چەندین کتێبی گرنگە دەربارەی فیکری ئیسلامی کە بە زمانی فەرەنسی نووسیونی و، "هاشم سالح" لەگەڵ پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسیندا زۆربەی زۆری وەرگێڕاونەتە سەرزمانی عەرەبی، لەوانە:

1-مێژووی فیکری عەرەبی- ئیسلامی، 1986.

2-فیکری ئیسلامی/ خوێندنەوەیەکی زانستی، 1987.

3-ئیسلام: ئاکارو سیاسەت، 1988.

4-ئیسلام: رەخنەو ئیجتیهاد، 1990.

5-ئیسلام، ئەورووپا، خۆرئاوا، 1995.

6-ئاقاری مرۆڤەری لە فیکری عەرەبیدا، 1996.

7-چەند مەسەلەیەك دەربارەی رەخنەگرتن لە ئەقڵی ئایینی، 1998.

* * *

**هاشم سالح سالی 1950 لە پارێزگای (لاذقیة) لە سوریا لە دایك بووە.

*سالی 1973 لیسانسی لە ئەدەب و زمانی عەرەبیدا لە زانکۆی دیمەشق وەرگرتووە.

*لە هەمان زانکۆ سالی 1975 بڕوانامەی ماستەری پێدراوە.

*سالی 1981 بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووە، کارنامەی دکتۆراکەشی لەسەر "ڕێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی نوێ" بووە.

*بە درێژایی ئەم بیست ساڵە لە پاڵ وەرگێڕانی زۆربەی زۆری کارەکانی "محەمەد ئەرکۆن"دا بۆ سەر زمانی عەرەبی، چەندین وتارو لێکۆڵینەوەو کتێبی لەسەر فیکری ئەورووپی تازە پێشکەش بە کتێبخانەی عەرەبی کردووە.

سەرچاوە:

محمد ارکون: الفکر الاسلامی (نقد و اجتهاد) ترجمه تعلیق: هاشم صالح- دار الساقی، بیروت- الطبعة الثالثة، 1998.

گوتاری ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری بەدەستەبژێریانە مایەوە

گفتوگۆیەك لەگەڵ (د. نەسر حامد ئەبو زەید)دا

• و. لە عەرەبییەوە: هەورامان وریا قانع

لە ساڵی 1995و لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، دادگای (ئیستئناف) لە قاهیرە پابەندبوونی خۆی لەسەر بڕیاری جیاکردنەوەی نێوان (نەسر حامد ئەبو زەید) و هاوسەرەکەی (ئیبتیهال کەمال یونس) دووپات کردەوە، بەمەش پەردە لەسەر دوابەشی کێشەیەکی دەگمەن دادرایەوە کە ناوەندی ڕۆشنبیری عەرەبی لەم نیو سەدەیەی دواییدا نموونەی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

پێش دوو هەفتە بیرمەندی میسری، بۆ یەکەمین جار دوای دەرچوونی بۆ ئەمستردام، لە پایتەختێکی عەرەبی - عەمماندا- دەرکەوت، تا سەرلەنوێ پابەندبوونی خۆی بە پرنسیپەکانی دین دووبارە بکاتەوە، هەروەها بەرگری لە مافی خۆی بکات سەبارەت بە لێکۆڵینەوەو "إجتهاد" کردن. "الوسط" چاوی کەوت بە خاوەنی "فەلسەفەی هێرمۆنێتیك- فلسفه التأویل-" کە بوونی هۆشیاریەکی ڕەخنەیی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم گوتارە جیاوازەکان و گونجاندن لە نێوانیاندا بە پێویست دەزانێ، لە هەمانکاتدا بیری خستینەوە کە ئێمە "پێویستیمان بە تەنها تێڕوانینێك نییە کە گوایە تاقە چارەسەری ئەفسوناویە".

(نەسر حامد ئەبو زەید) توێژەرەوەیەکی ناسراوە، ناوی ئەو بەندە بە کێشەیەکی کارەسات بارەوە، سەرەتا بە تەکفیرکردنی دەستی پێکردو دواجار بە دەرکردنی بڕیارێکی شەرعی بۆ بە زۆر تەڵاق دانی ژنەکەی کۆتایی پێهات.

لە 8ی ئازار "مارس"ی ساڵی 1993 ئەنجومەنی زانکۆی قاهیرە رازی نەبوونەسر حامد ئەبو زەید لە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەرەوە بەرز بکاتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆر لە بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی (کۆلیژی ئاداب) بە بیانوی ئەوەی کەوا "ناتەواویەك لە عەقیدەیدا هەیە -خللاً فی الاعتقاد-" ڕۆژی 14ی حوزەیران (یونیو)ی ساڵی 1995، دادگای ئیستئنافی قاهیرە بازنەی 14، بە پشت بەستن بەو

سکالای "حەسبە"یەی کە محمد عبدالصمدی پارێزەر بەرزی کردبووەوە، بڕیاری دا بە جیاکردنەوەی نێوان دکتـۆر ئـەبو زەید و هاوسەرەکەی ئیبتهال کمال یونس- لە یەکدی.

دوای دەرچوونـی ئـەو بڕیـارە بـە دوو ڕۆژ بیرمـەندی میسری "پـەیامێکی بـۆ گـەلی عـەرەب" دەرکـردو، تێیـدا هـاتووە کـە ئـەو "توێژەرەوەیـەکی موسـڵمانەو ژیـانی بـۆ بەرگری کردن لە ئیسلام تەرخان کردووەو" پێسـەیربوون و تووڕەبوونی خۆی بەرامبەر ئەو کەسانە دەربڕی کە لـە بـری ئـەوەی قسـەو گفتوگـۆ لەسـەر بیروڕاکـانی بکـەن هـەوڵی کوشتنی دەدەن.

هەروەها هاوسەرەکەشی کە مامۆستایە لە بەشی زمانی فەرەنسی کۆلیـژی ئـادابـ لـە قاهـیرە، ئـەو بڕیـارەی ڕەت کردەوەو دانی پێدا نەناو وتی "بۆ هەمیشە هاوسەری ئەوم و تـا مـردن لەگـەڵیدام". لـە یـادی تێپـەڕبوونی سـێ سـاڵ بەسـەر دەرچوونـی بڕیـاری بـە زۆر تـەڵاق دانەکەدا کە بووە هۆی ئەوەی ئەبو زەید و هاوسـەرەکەی بـە ناچـاری پـەنا بەرنـە بـەر تاراوگـە، ئـەم گفتوگۆیـەمان لەگـەڵ توێـژەری ناسراودا ساز کرد، کە تێیـدا بـاس لە کۆمەڵێ کێشەی بەردەم عـەقڵی عەرەبی دەکـات، لەوانـە ئـەو دوو فاقییەی لە هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی عـەرەبدا هەیـە سـەبارەت بـە کێشـەکانی ژنـان و، دەسـتەبژێربوونی گوتـاری ڕۆشنگەری عەرەبی و، ئەو نێرایەتیە لە ڕادە بەدەرەی کە وای کـردووە بزاوتـە داهێنـەرەکانی ژنـان لـە سێبەردا گیر بخوات. هەروەها ئـەم گفتوگۆیـە کۆمـەڵێ پرسـیار دەخاتـەوە دەربـارەی چـەند بابـەتێکی هەنووکـەیی فکـری عـەرەبی سـاتەوەختی لـە ئێستادا، لەوانە قسە لەسەر تێزەکـانی ببرمـەندی بـەحرێنی (محمد جـابر ئەلئەنسـاری) دەکـات و، ڕایدەگەیـەنێت کـە پێویسـتە بۆچونـی "پێکـەوە گونجـاندن- التوفیقیـە-" تێبپەڕێنین.

هەروەها ئەبو زەید کە ئێستا لە ئەمستردام دادەنیشێت، ئاماژەی بۆ هـەندێ لـەو کێشـانە کـرد کـە پەیوەسـتن بـە تێڕوانینی عەرەب سەبارەت بـە ڕۆژئـاواو، ململانـێ لەگـەل ئیسرائیل. هیواشی خواست جۆرە ڕۆشنبیرێکی تازە لە دایك بێت کـە خـاوەن پـەیام بێت، جگـە لـەوەش بانگهێشـتی خستنەگەڕی ئیشە ڕەخنەیی فکریە سـەربەخۆکانی کـرد تـا بوێرانە ڕووبەڕووی هەموو قەیرانە جۆراوجۆرەکـان ببنـەوەو، "شێوازێکی لێك دراو- صیغـە مرکبـە" پـەیڕەو بکـرێ کـە

خاڵی پێکگەیشتن و کۆکردنەوەی شێوازە فکری و کەرەستە جۆراو جۆرەکـــان بێـت، بـە ئامـانجی بنیـات نـانی کۆمەڵگایـەکی عـەرەبی تـازە. ئەمـەی خـوارەوە دەقـی چاوپێکەوتنەکەیە.

دوای سـەدەیەکی تـەواو لـە خسـتنەڕووی مەسـەلەی "ئازادی ژنـان" بۆچـی کێشـەکانی ژن لـــە گفتوگـــۆو قســـەکردنەکاندا پێگەیـــەکی بنچینەیی تەواویان نادرێتێ؟

-گرفتەکە لەو دووڤاقیەی نێوان وتن و کردارداية.

رۆشـنبیری عـەرەبی قسـە لەسـەر ئازادیـەکان دەکات و، لەگەڵ ژنانیشدا بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکات وەك ئەوەی شتێك بێت. هـەروەها باسکردنی ئـازادی ژنـان لـە لایـەن رۆشـنبیرەوە لـەخۆ بـە زل زانینەوە دێت، ئەو -واتە رۆشنبیر- خـۆی وا نیشـان دەدات کە "ئازادی دەبەخشێت" نەك داوای بکـات لـە روانگەی ئـەو هاوکێشـەیەوە هەریـەك لـەو دوو لایەنـە بەشێك لە ئازادی خۆیان لەدەسـت دەدەن گـەر بێتـو ئەویتریان ئازاد نەبێت.

بـۆ نموونـە ئایـا تەماشـای هەڵوێسـتی مێژووی "قاسم ئەمین" ئەکەیت، بەو پێیـەی کـە رۆڵـی پیـاو کـورت دەکاتـەوە، یـان تەنـها وەك بەشـداری کـەرێك بەشـداری دەکـا لـە شـەڕی ئازادیدا؟

-کەس لاری لەوە نییە کە بەشداری کردنی قاسم ئەمین بەشداری کردنێکی بنچینەییە. بەڵام پێـم وایـە بەشـداریکردنی ژنـــان لـــە پرۆســـەی رزگـــاربوونی کۆمەڵایەتی و رزگاربوونی خودی خۆی لـە سـەردەمی قاسم ئـەمیندا بـە شـێوەیەکی باش پـەردەی لەسـەر لانەدراوەو باس نەکراوە.

بۆچی؟

-ئەوکاتـەی دۆخـی ئـافرەت لـە ئاسـتێکی نزمـدا بێت، ئەمـە یارمـەتی ئـەوە دەدات کـە پلـەو پایـەو ئامادەبوونی بسرێنەوەو، پێدەچێت مێژووی رەسمی لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگی شوێنێکی بنچینەیی بە ئافرەت نەبەخشیبێت تا رۆڵی سەرەکی خۆی ببینێت.

بۆ نموونە زۆرن ئەوانـەی کـە (نظیرة زین الدین) ناناسن، لـە کـاتێکداو لـە کۆتـایی بیسـتەکاندا یەکـەم کتێب کە دەربـارەی رزگـاربوونی ژنـان نووسـراوە بـە پێنووسی ئەم ئافرەتە شامیە بووە، بەڵام لە ئێستادا کتێبەکانی دەست ناکەون. هەروەها لـەو سـەردەمەدا نامەیـەکی دکتـۆرا هەیـە کـە دانەرەکـــەی فـــهمی منصورە، وەرگێڕراو بڵاویش کرایەوە، لـە پاشـان بـە تەواوەتی دیار نەما.

دووڤاقی قەرەبوودانەوە:

بەشداریکردنی پیـاوانی وەك (عبدالعزیـز السعالبی و طاهر حداد).. ناچنە هەمان خانەی ململانێکـەوە؟ خسـتنەڕووی کێشـەی ژنـان لـە بنەڕەتـەوە بەبێ بەشداریکردنی پیاوان بە هیچ شێوەیەك سەرناگرێت، چونکە ئەوانیش لایەکی هاوکێشەکەن..

-ئەمـــە راســـتە، نموونـــەی (طـــاهر حـــداد) نموونەیـەکی گرنگـە. بـەپێی تاقیکردنـەوەی خـۆم کەمـەکێکی زۆر کـەم لـە رۆشـنبیرانی عـەرەبی، چ ئەوانـەی رۆژهـەڵاتی عـەرەبی و چ ئەوانـەی رۆژئـاوای عـەرەبی، ئاگـاداری ژیـانی ئـەم پیـاوەن و ئاگـاداری فکرو هەوڵە رۆشنگەریەکانین هـەروەها کەمـەکێکیان ئاگـاداری ئیش کردنـی ئـەون لەسـەر دەق و، رۆڵـی گرنگی ئەو لەسەر بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا.

ئایا پلەو پایەی ژنان لە سیاقی فکری رزگاریخوازی خۆیدا لاواز نەبووە (لەو کاتەوەی کە ئاقاری بیری ماركسی و نەتەوایەتی سەریان هەڵداوە) بەرپرسیاریەتەکەش ناکەوێتە ئەستۆی رێبەرانی ئەو ئاقارە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانە؟

-ئەو کێشەیەی کە پێی دەوترێت رۆشنگەری، یان گوتاری رێنسانسی عەرەبی لەسەر هەموو ئاستە جوگرافی و مێژوویییەکانی تەنها تایبەت بوو بە دەستەیەکی دیاریکراوی خەڵك و هەرگیز نەگەیشتە قوڵایی، نەگەیشتە ئەو مرۆڤەی کە رۆشنگەری باسی لێوە دەکات. ئەمە جگە لەوەی گوتاری رۆشنگەری بە تەنها لە شارەکاندا مایەوە، کاتێك ئێمە باسی ژن دەکەین ئەوا مەبەستمان ژنانی شارەکانە. بۆ نموونە ژن لە لادێکانی میسردا، ئەو گیروگرفتانەی نییە کە ژنانی شار پێیەوە گیرۆدەن. ژنانی لادێکان لە هەموو بوارەکاندا یارمەتی پیاوان دەدەن، بە تایبەتی لە بواری ئیش کردندا. بۆیە دەتوانین بڵێین گوتاری رێنسانس، بە شێوەیەکی گشتی، دەستەبژێریانە بوو.

ئەمە جگە لەوەی رزگاربوونی ژنان بە شێوەیەکی عەمەلی بەسترابووەوە بە پلانەکانی نوێکردنەوەو پیشەسازی (التحدیث و التصنیع) و پێویست بوونی بەهێزی کار. ئامانجەکانی بە بەردەوام ئامانجێکی پراگماتی بوون، بۆیە هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگادا رووی نەدا، بە دیاریکراوی لەناو چینی ناوەڕاستدا کە هەڵگری ئاڵای رێنسانس بوو، چینی ناوەڕاست چینێکە پێکهاتەیەکی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتی شلۆقی هەیە. ئەم چینە لە دوو جەنگدا بەشداریکرد کە لە هەردووکیاندا سەرکەوتنێکی زۆر کەمی بەدەست هێنا: یەکێکیان دژی دەرەبەگ، ئەویتریان دژی کۆڵۆنیالیزم بوو. ئەمەش وایلێکرد ببێتە چینێکی شەکەت و ماندووبوون و شەکەتیەش رەنگدانەوەی لەسەر بیرمەندەکانی هەبوو. بۆیە گوتاری هەر یەکێك لەو بیرمەندانە لە بوارە مەعریفیە هەمەجۆرەکاندا پەرش و بڵاو بووبوونەوە، ئەمەش وایکرد لە هەموو بوارەکاندا جۆرێك لە دەست تێوەردان و تێکەڵی رەنگ بداتەوە. بۆ نموونە بیرمەندێکی دیاریکراویان قسە لەسەر "ئیسلامیات" دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی بە پرۆسەی رۆشنگەری و، بەرەنگاربوونەوەی رۆژهەڵات ناسان و بەرگری کردن لە ئیسلام.. سەرقاڵ کردووە، بە شێوەیەك کە زۆرجار تووشی تێکەڵی و بەدحاڵێ بوونێکی گەورە دەبێت. بیرمەند هەمیشە لە حاڵەتی بەرگری کردندایە، پەرش و بڵاوە، ئەمەش لە توانای هەوڵە رۆشنگەریە راستەقینەکان کەم دەکاتەوە کە پێویستیان بە خۆ تەرخان کردنێکی تەواو دروست هەیە.

ئێمە تا ئێستاش بە جۆرێك لە جۆرەکان لە حاڵەتی بەرگری کردندایین، کێشەی ئافرەتیش بەشێکە لەم کەش و هەوایە. من لەو بڕوایەدام زۆربەی ئەوانەی لەسەر ئازادی ژنان دەنووسن گرفتەکەیان لە خۆش باوەڕیاندایەو، زۆربەی ئەوانەی بانگهێشتی ئازادی بوونی ژنان دەکەن دەڵێن: حەرامە ژن ئازادی نەدرێتێ. لە کاتێکدا پێویستە ئەم لۆژیکە (المنطق) هەڵگێڕینەوە، حەرام ئەوەیە کە ئێمە هەموومان، ژن و پیاو، ئازاد نەبین. چونکە تۆ چۆن ئازاد دەبیت لە کاتێکدا ئەویتر بچەوسێنیتەوە؟ پیاو ژن دەچەوسێنێتەوە، دەسەڵاتیش پیاو دەچەوسێنێتەوە، لەبەر ئەوە پیاو لەناو دووفاقیەکی گەورەدا دەژی کە ئەویش دووفاقی قەرەبوودانەوەیە. بە داخێکی گرانەوە زۆربەی هەرە زۆری رۆشنبیرانی عەرەب لەناو ئەم دووفاقییە قەرەبوودانەوەیەدا دەژی.

**** محمد جابر ئەلئەنساری لێکۆڵینەوەی لەسەر حاڵەتی " خۆگونجاندن- التوفیقە" کردووە کە فکری عەرەبی لە ناویدا دەژی، حاڵەتی یەکلایی نەکردنەوە لە نێوان ئەگەرە ناکۆکەکاندا..***

-من ئەم "خۆگونجاندنە" ناو دەنێم "ساختەیی- التلفیقیە" چونکە خۆگونجاندن مانای ئەوەیە لە ململانێی نێوان دژەکاندا بە گەڵاڵەکردنی پوختەیەکی تازەوە بێتە دەرەوە. بەڵام ساختەیی- التلفیق- ئەوەیە کە ئێمە لە رێگای ئاشت کردنەوەوە دژەکان هەروەکو خۆیان بهێڵینەوە. ئەم دیاردەیەش لە ژیانی عەرەبیدا بووەتە شتێکی نەگۆڕو، خۆی بەسەر رێڕەوی فکری عەرەبیدا سەپاندووە لە هەموو وەرچەخانەکانیدا.

**** ئایا دەرك کردنی هوشیاریانەی ئەم حاڵەتە دەبێتە یەکەم هەنگاو بۆ دەربازبوون لێی؟***

-لەمێژە تێبینی ئەم رەگەزەم -واتە هۆشیاری- کردووەو، لە زۆر لێکۆڵینەوەدا لە بارەیەوە دواوم و، من زۆر دڵخۆش بووم بەو لێکۆڵینەوەیەی (ئەلئەنساری) چونکە فکرەکەی فراوان تر کردو، لە چوارچێوەی کەلەپورەوە گواستیەوە بۆ پرۆژە تازەگەریەکان. ئەمە جگە لەوەی لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی راستیەکی هێجگار زۆریان تیا بەدی ئەکرێت.

بەڵام ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن بتوانین ئەم شێوازی ساختەییە تێپەڕێنین؟ بۆ نموونە ئایا تێپەڕاندنەکەمان تێڕامانێکی عەقڵیانە بێت، یان تێپەڕاندنەکە دەبێت بە گۆڕینی پێکهاتەی واقع بێت؟

بێگومان سەرکەوتنی تەواوەتی لە ململانێی گۆڕینی کۆمەڵایەتیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەم قەیرانە دەرچین. لێرەدا دەبێت ئەو راستیەش بزانین کە رۆڵی فکر بەشێکی سەرەکیو جەوهەریە لە پرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵایەتی. لانی کەم لە سنوری خوێندنەوەی من بۆ واقعی میسری، لەو بڕوایەدام، کە هاش و هۆشی جەنگ و رژاندنی خوێنەکان، نیشاندەری ئەوەن کە ئێمە ئازاری لە دایك بوونی قۆناغێکی تازە دەچێژین، قۆناغێك کە بە شێوەیەکی تەواو دابڕاوە لەگەڵ ئەو حاڵەتی ساختەییە - التلفیقی- ئەم هاش و هوش و دەنگە دەنگە گوزارشت لەو رووناکیە دەکات کە دەیەوێت لەو حاڵەتی داتەپین و چەق بەستنە بێتەدەرێ. کەواتە هۆشیاری هەنگاوێکی سەرەکی و بنچینەییە، بۆ ئەوەی بجووڵێین، پێش ئەوەی ئەم هەلەشمان لەدەست بچێت و سەرلەنوێ پەنجەرەکان دابخرێنەوەو، دیسانەوە لە رێگای ساختەییەوە جۆرێك لە ئاشت بوونەوە بەدەست بێنینەوە کە چارەکە سەدەیەکی تریش بخایەنێت.

نەیاری دەرەکی

****"نەیاری دەرەکی" کە لە ئیسرائیلو رۆژئاوای کۆڵۆنیالیزمدا خۆی دەنوێنێت، تا چەندی تر وەك رەگەزێکی گوشار لەسەر ژیانی عەرەبی دەمێنێتەوە، بۆ هێشتنەوەی حاڵەتی " خۆگونجاندن" یان "ساختەیی" لە فکرو هەڵسوکەوتی عەرەبیدا؟***

-رۆڵی نەیاری دەرەکی لەم مەسەلەیەدا زۆر ترسناکە. لە ئارادابوونی ئەم رۆڵەش بە شێوەیەکی عەمەلی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە، بگرە لە سەردەمی شەڕی خاچ پەرستەکانەوە دەست پێدەکات. بەڵام با واز لەو جەنگانەو دیمەنەکانی بێنین، چونکە ئەمەیان هەڵسەنگاندێکی جیاوازی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە جیهانی ئیسلامی لەو شەڕانەدا نەدۆڕاوە، بەڵکو لە کۆتایی سەدەی هەژدەو

سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دۆڕاوە. لە ئەنجامی ئەم دۆڕاندنانەش کاردانەوەیەك دروست بووە، کە بە مەزەندەی من تا ئێستاش هۆشیاری عەرەبی لەناو ئەو کاردانەوەیەدا گیری خواردووە.

ئەگەر تەماشای پەیوەندی جیهانی عەرەبی بە رۆژئاواوە بکەین، کە بووە هۆی هاتنەئارای گوتارەکانی "دابڕان–القطیعة"، و "رەسەنایەتی" و "بەرگری کردن لە شوناس" و.. هەروەها هەندێ گوتاری دیکەش کە هەر هەموویان خزمەتی جوودابوونەوەیەکی تەواو دەکەن، وا تێدەگەین کە ئەم رۆژئاوایە تەنها لە سەدەی هەژدەدا ئاشکرا بووە بۆمان. لە بونیادی فکری عەرەبی خۆیدا، لەسەر ئاستی فیقهو، لەسەر ئاستی فەلسەفی و لەسەر ئاستی "عیلمی کەلام".. هتد حاڵەتێك هەیە ئەویش دەرك نەکردنە بە ماهیەتی رۆژئاواو حەقیقەتی رۆژئاوا.

کیشەکە لێرەدا ئاڵۆزو پێکداچووە، چونکە رۆژئاوا لە میانەی دوژمنایەتیەکی سیاسیەوە هەڵدەسەنگێنرێت، ئەوەی جێگای گومان نییە هەر لێپرسینەوەیەکی سیاسیانەی رۆژئاوا، دەبێتە هۆی چەسپاندنی دابڕان، ئەمەش لەلای خۆیەوە رۆڵێکی ترسناك دەگێڕێت لە مانەوەی ئەم هەڵوێست و چەق بەستنەی هۆشیاری عەرەبی.

رۆشنبیری عەرەبی لە زۆر کاتدا دەرك بەوە ناکات کەوا رۆژئاوا، تەنها رۆژئاوای سیاسی نییە.

رۆژئاوا وەك وتەزایەکی هەمەکی "کمقولة کلیة" تەنها وشەیەکی سەرتاپاگیرە. هەروەها شکست هێنانی سیاسی مانای ئەوە نییە کە دوژمنایەتی کردنی "ئەویدی" گوزارشت لە نیشتمانپەروەری بکات.

بۆ نموونە لە زۆر کاتدا، هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ رێکخراوێك یان حیزبێکی ئوسوڵی دەردەبڕین کە ئەندامەکانی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چالاکیەکی سەربازی لە شوێنە داگیرکراوەکاندا. ئەمە جگە لەوەی تێکۆشان لە دژی ئیسرائیل خۆی لە خۆیدا کارێکی گرنگە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەبێ بیخەینە روو ئەوەیە: ئەو ئایدۆلۆجیایە چییە کەلە بنچینەدا لە پشتی ئەم چالاکیانەوە وەستاوە؟ ئەمە وات لێدەکات تۆ دوودڵ بیت، لە لایەکەوە تۆ سیاسییەن لەگەڵیدای، بەڵام لە لایەکی ترەوە تەحەفوزت لەسەر پێشینەی ئایدۆلۆژی ئەو کەسانە هەیە کە بەو چالاکیانە هەڵدەسن. گرفتەکەش سەبارەت بە هەڵوێست وەرگرتن لەسەر رۆژئاوا هەمان شتە.

هەندێ هەن وای لێك دەدەنەوە کە عەرەب لە تراژیدیای نەمانی سەرسامیان بەرامبەر بە خۆرئاوا دەژین، بە تایبەتی لەو چرکەساتەی کە وەك نەیارێك و دوژمنێك بیر لە رۆژئاوا دەکەنەوە. ئەگەر وای دابنێین کە بیری نەتەوایەتی –عەلمانیمان لە رۆژئاواوە بۆ هاتووە، ئەوا ئێمە کاتێ وەك عەلمانیەکان و سەلەفیەکان لەگەڵ یەکتردا بەشەڕدێین، ئەوە رۆژئاوایە کە لە خۆماندا دەیکوژین، کاتێ کە دەمانەوێ رۆژئاوا بکوژین ئەوا لە خۆماندا دەیکوژین..

–بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە ئەمە بەبێ پێزانینێکی هوشیارانە جێبەجێ دەکرێ. تەنانەت ئەوانەی کە خاوەنی تیۆرەیەکی چارەسەری ژیاریانەی بێلایەنن، دێن و تێڕوانینەکانی "پۆست مۆدێرنە" بەکاردەهێنن –کە ئەمە خۆی بەرهەمێکی رۆژئاواییە بۆ تاوتوێکردنی قەیرانی مۆدێرنە– بەکاری دەهێنن بۆ رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ رۆژئاوادا. لێرەوە هەموو چەك و چۆڵ رۆژئاواییە. ئەگەرچی ئەم قسەیەش کەم تا زۆرێك هەڵەی تێدایە، چونکە

هیچ شتێك نییە ناوی "چەك و چۆڵی ڕۆژئاوا" بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی وشەی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر کۆمەڵگای ئیسلامی بەکاردەهێنین و، ئێمە لێرەدا بە ناچاری بەکاریدەهێنین، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی هەڵویست و ئاڵۆزبوونی کێشەکە.

گوتاری "پۆست کۆڵۆنیالیزم"

**** ئایا فکری عەرەبی ئەمڕۆ دەتوانێت گوتاری "پۆست کۆڵۆنیالیزم" بەرهەم بهێنێت، بۆ نموونە لەسەر هەمان ئەو سیاقەی (ئیدوارد سەعید) لەسەری ڕۆیشتووە؟ یان جیهانی عەرەبی هێشتا لە قۆناغی کۆڵۆنیالیزم نەهاتووەتە دەرێ؟***

-لە ئێستادا جیهانی عەرەبی لەژێر کاریگەری هەموو ئاراستە فکریەکاندایەو، لە یەکەیەکی زەمەنی دیاریکراودا هەموو ئەو گوتارانەی کە لە قۆناغە مێژوویی‌یە جیاجیاکاندا بەرهەم هاتوون پێکەوە گرێ دەدا. ئەگەر تەماشای پانتایی ژیانی ڕۆشنبیری عەرەبی ئەمڕۆ بکەین، دەبینین پێشوازی و هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو ئەو گوتارە فکریە جیاوازانە دەکات کە لەسەدەی چواردەوە بەرهەمهاتوون تا دەگاتە سەر ئەوەی کە پێی دەوترێت قوتابخانەی پۆست مۆدێرنە. ڕەنگە ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر تازەترین وێستگەکانی فکر بوەستێت، بەڵام گەر سەیری هەندێ لەو لێکۆڵینەوە فکریانە بکەین دەبینین بەشێوەیەکی عەمەلی گەڕاونەتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی کۆچی.

هەندێ تێزو تاقیکردنەوە لەسەر ئاستی شیعری تازە لە ئارادا هەیە، کە شان لە شانی تێزو تاقیکردنەوە زۆر پێش کەوتەوەکانی ڕۆژئاوا دەدات، ئەمە لە کاتێکدایە هۆشیاری شیعری لای هاوڵاتی عەرەبی تەنانەت نەگەیشتووەتە ئاستی ڕۆمانسییەت. ئیدی چۆن داوای لێدەکەیت لەگەڵ تازەگەری لەناکاو لەگەڵ ئەزموونگەری‌دا یەکانگیر بێت؟ کۆمەڵگای عەرەبی تۆپۆگرافیایەکی فکری جۆراوجۆر هەیە، بە شێوەیەك ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو لەگەڵ ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ پۆست مۆدێرنە کۆدەکاتەوە. گرفتەکەش ئەوە نییە تۆ لەگەڵ ئەمەیاندا بیت یان لەگەڵ ئەوی تریان، بەڵکو لەوەدایە کە پێویستە خاوەنی هۆشیاریەکی ڕەخنەیی بیت بۆ سەرجەم ئەم گوتارانە. ئەم هۆشیاریەش دەبێت لە پێویستییە هەنووکەییەکانی ئێستاوەو ڕووناك کردنەوەی داڕۆژەوە سەرچاوە بگرێ. نیشتمانی عەرەبی لەناو چرکەساتی مێژوویی خۆیدا دەژی، هەندێ گرفتی هەیە کە پەیوەستە بە کەلەپوورەوە، هەندێکی تریان پەیوەستە بە ڕۆژئاواوە، سێیەمیشیان پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە، هەموو ئەمانەش لە دیدگایەکی ڕەخنەییەوە پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە. لەم سیاقەدا، هەموو دەست کەوتە فکریەکان دەکرێ فاکتەری گرنگ بن بەو پێیەی هەموویان کەرەستەی بیرکردنەوەن.

(ئیدوارد سەعید یان محەمەد عابد جابری‌و تەیب تیزینی، یاخود محەمەد جابر ئەلئەنساری)و ئەوانی تریش.. ئاسایی‌یە کە جۆرێك لە ناکۆکی لە نێوان تێڕوانینەکانیاندا هەبێت، چونکە هەموو کاتێ ڕێگایەك هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزە لێك چووەکان و لێك دابڕاوەکان.

ئێمە پێویستیمان بە یەك تێڕوانین نییە، بەو پێودانگەی کە گوایە تاقە چارەسەری ئەفسوناوی پێیە.

**** ئایا گرفتەکەمان لەوەدایە کە ئێمە هەمیشە پێویستیمان بەراچێتەیەکی ئەفسوناوی بووە؟***

یان ئێمە ناتوانین (دەستەوستنین) لە بەردەم ئەوەی کەوا گفتوگۆیەك لە نێوان "راچێتەکان" یان بیروڕاو چارەسەرە جیاوازەکاندا ساز بکەین؟

—هەست دەکەم زۆربەمان ماندووین و، حەز بە چارەسەرێکی خێراو سەخت دەکەین. بەڵام ئەم جۆرە چارەسەرانە دەست ناکەون، چونکە هیچ جۆرە راچێتیەکی ئەفسوناوی لەگۆڕێدا نییە. پێویستە لە سەرمان لە هەموو ئەو "راچێتانە"ی کە لە ئارادایە وردبینەوە، بۆ ئەوەی هەندێکیان دوورخەینەوە، هەندێکی تریان وازلێبێنین و، هەندێکیشیان جێگیر بکەین.. ئا لێرەدا پێویستە هۆشیاریەکی رەخنەیی هەبێت کە لە پلەیەکی یەکجار بەرزدا بێت، جا چ بۆ خوێندنەوەی کەلەپور بێت یان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گیروگرفتە هاوچەرخەکان. لە نیشانەکانی نەخۆشی ئەوەیە کە تەنها بۆ یەك شێوە چارەسەر بگەڕێین، لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە شێوەیەکی ئاوێتەیی "الصیغة المرکبة" هەیە، گرفتەکە لەوەدا نییە کە ئەم شێوەیە هەڵ بژێرین یان ئەویتریان، بەڵکو گرفتەکە لە گەیشتندایە بەوەی بگەینە شێوەیەکی ئاوێتەیی کە کورتەی هەموو ئەگەرەکانی ناو گۆڕەپانی دەوروبەرمانی تێدابێت.

سەرچاوە:

گۆڤاری "الوسط" ژمارە 333 بەرواری 1998/6/15

فایلی ژمارە

مارکس و مارکسیزم

ماركس.. بۆ؟

دواجار ماركس! ئەو فەیلەسوفەی بەرلەوەی کتێبێکی بخوێنینەوە، ناویمان لە ناوی ئەندامەکانی خێزانەکانمان زیاتر بەرگوێ دەکەوت. ئەو فەیلەسوفەی هێشتا لە چەند وتارێکی کەم و چەند قسەیەکی سەرپێی زیاتر نەبێت، کتێبێکی گرنگی لە کتێبخانەی کوردیدا نیە، ئەمەش لە کاتێکدا دەیان ساڵە خاوەن کۆمەڵێ بزوتنەوەین کە رەگوریشەیان دەبەنەوە سەر ماركس. دەیان ساڵە ناوی وێردی زمانی ئەمو ئەوەو کەچی کەسیش جگە لە کۆمەڵێ هێڵی گشتی کە تەنها بەکەڵکی رۆشنبیریە تەسك و تروسکەکەی ناو شانە حیزبیەکان دێت، هیچیدی لەبارەوە نازانن. ئەو تەنها وەك فەیلەسوفێك ناسرا کە دەڵێ دوو چین هەیەو سەرمایەداری شەیتانەو ژێرخان گرنگترە لە سەرخان و رەنگدانەوەی ئەوە. نەیارە دینیەکانی وەك وتەبێژی ئیلحادو کوفر و فەساد ناسیان، ناسیۆنالیزمەکان وەك فەیلەسوفی داگیرکردن کە لە ژێر ناوی جیاوازی چینایەتیدا، نەتەوە لە بەردەم هەڕەشەی دەرەوەدا کەرت دەکات. لایەنگرانی وەك پێغەمبەرێك کە ئەو شتەی لە سەدەی نۆزدەدا گوتی، بۆ هەمیشە کۆتایی بە وتوێژی فکری و فەلسەفی هێناو رێگەچارەی هەمیشەیی بۆ کۆی مرۆڤایەتی دەستنیشان کرد. هەموو شتێك وایکرد بۆ ئەوەی ئێمە ماركس نەناسین لە رێی نێوانکارێکەوە (وسیط) نەبێت. هەندێکجار ئەو نێوانکارە ئەندامگەلێکی دۆگمای و داخراوی ئەو بزوتنەوە بەناو چەپانە بوون کە تاکە زانستێکیان وتنەوەی سرودی ئەنتەرناسیۆنالیزم و چەند وانەیەکی ناو شانە حیزبیەکان بوو، هەندێکجاری دیش ئەو نەیارە نەخوێندەوارانە بوون کە هێشتا کتێبێکی ماركسیان بەرچاو نەکەوتبوو، بەڵام لە دەمی ئەم و ئەوەوە هەندێك شتیان بیستبوو کە وەك زانیاریەکی پڕ گەوهەر بە ئێمەیان دەگوتەوە. یەکێك لە گاڵتەجاریەکانی مێژووش ئەوەیە ئەو فەیلەسوفەی کە ریجس دوبرێ گوتەنی دژی نێوانکارەکان بوو[1]، چارەنوسی خۆی وابوو زۆرتر لە رێی نێوانکارێکەوە، نەك لە رێی خۆیەوە بناسرێ. ئەو فەیلەسوفەی کە دەیگوت لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگادا چەند نێوانکارێك هەیە کە دابەشیکردووەو دەبێ ئەو نێوانکارە لەناو بچێ، لەهەر فەیلەسوفێکی دی زیاتر لە رێی نێوانکارانەوە ناسرا نەك لە رێی خۆیەوە. ئەو هەرگیز وەك خۆی نەناسرا، جارێك ناوی ئەنگلزو جارێك ناوی لینین و جارێك ناوی ماوتیسۆنگی لەگەڵدا دەهات. هەموو وایاندەزانی ماركس دەناسین، غافل لەوەی ئەوە جارێك ئنگلز و جارێك لینین و جارێك ماوتیسۆنگە کە لە زاری ئەوەوە قسە دەکەن. تازە کە ئاوڕ لەناوی ئەوانەش دەدەینەوە هێشتا کتێبخانەی کوردی لە نووسین و وتارەکانیان خاڵیە. کۆمنیستەکانی کوردستان دێرینترین هێزی سیاسین کە بۆ یەکەمجار نەریتی حیزبایەتیان بۆ واقعی ئێمە هێنا، کەچی بێدەنگترین و بێهودەترین هێز بوون بەرامبەر بە وەرگێڕانی کارەکانی ماركس. ئەمڕۆ کە ئاوڕ لە کتێبخانەی کوردی دەدەینەوە، دەبینین لەگەڵ ئەوەشدا کە لە مێژە ناوی ئەم فەیلەسوفە وێردی سەر زمانی ئەم و ئەوە، بەڵام لە نوسین و وتارو کتێبی ئەم فەیلەسوفە دەست کورت و هەژارە. بە راستی ماركسیەکانی کوردستان خەریکی چی بوون؟ بۆ پاش ئەم هەموو ساڵە کتێبێکی ئەم فەیلەسوفەمان

لەناو کتێبخانەکانی کوردستاندا نەبینی، بۆ کەس دەستنوسەکان و گروندریسەو سەرمایەو ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی نەکردە کوردی؟ بۆ هەموو مارکسیەکان بەمانیفێست و هەندێك زانیاری سەرپێی کە نەخوێندەوارەکانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان بیستبوویان، وازیانهێنا و بێدەنگ بوون؟ نهێنی شاردنەوەی دەقەکانی مارکس و کتێبەکانی لە چیدایە؟ ئەم پرسیارە ئەو کاتە رووە تراژیدیەکەی پتر ئاشکرا دەبێت کە ئەو راستیە بزانین کە کەم کتێبخانەی دنیاو بەدیاریکراوی دەوروبەرمان هەیە کەم تا زۆر زوربەی نوسینەکانی مارکسی نەکردبێتە زمانی خۆی ئەگەر هەمووی نەکردبێت و گفتوگۆی لەسەر نەکرابێت و بە هەردوو باری پۆزەتیف و نێگەتیڤدا هەڵنەسەنگێنرابێت. ئایا وەرنەگێڕانی کارەکانی ئەم فەیلەسوفە لەلایەن خەڵکانێکەوە کە تا هەنوکەش زوربەیان لە شان و شەوکەتی خودادا دایدەنێن، رێکەوتێکی بێ هۆیە، یان سیاسەتێکی هوشیارانەیە کە بەرژەوەندی دەسەڵاتی کۆمەڵێ دۆگماو مرۆڤی داخراو پێویستی بە ناسینی راستەقینەی مارکس هەیە؟ ئایا رێکەوتە لە پاش دەیان ساڵ بوونی چەندان باڵی جیاوازی مارکسی، کتێبێکی ئەوتۆ لەم بیریارە ناوداره نەکراوەتە کوردی؟ یان خودی ئەم رێکەوتە بۆ بەرژەوەندی پاراستنی دەسەڵاتی کۆمەڵێ خوێندەواری دەرچووی پەروەردە تەسکبین و فەقیرەکەی ناو شانە حیزبیەکان هاتووە کە بەرژەوەندیان لەوەدایە شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نەزانین..

بۆ ئەوەی دواجار خۆیان دوا قسەکەر و لێزانی فەیلەسوفێك بن کە ئەفسونی ناوی لە کتێبەکانی گەورەترو ناودارترو بەربڵاوترە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەرچۆنێك بن، یەك شت بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە رۆشنبیری و کتێبخانەی ئێمە هێشتا مارکسی باش نەناسیوە نەك هەر راستەوخۆ لە دەمی و دەقی خۆیەوە، بەڵکو تەنانەت لە رێی بیریارگەلێکی دیەوە کە لەسەریان نوسی و تێزو بۆچونەکانیان تاوتوێ کرد. هەموو ئەمانە وای لێکردین وەك لە ژمارەی پێشوودا بەڵێنمان دا پەروەندە (فایل)ی ئەمجارە بۆ فەیلەسوفێك تەرخان بکەین کە نەیارەکانی لە دۆستەکانی زیاتر دان بە گرنگی و زیندویدا دەنێن. ئێمە پێمان وابوو لەگەڵ راگەیاندنی ئەوەدا کە گۆڤاری سەردەم دەیەوێت پەروەندەیەك لەسەر مارکس بکاتەوە لایەنی کەم لە لایەن ئەو بزوتنەوە بەناو چەپانەی خۆیان بە میراتگری مارکس دەزانن هێندە نوسین و وەرگێڕانمان بۆ بێت کە لە توانای پەرەکانی گۆڤارەکەمان تێپەڕ بکات، وەلێ رۆژەکان رۆیشتن و جگە لە کۆمەڵێ رۆشنبیری سەربەخۆ کە زوربەشیان خۆیان بە مارکسی نازانن کەس لەو بەناو مارکسیانە بە دەنگ پەروەندەکەوە نەهاتن و وەك نەریتی هەمیشەییان لە بەردەم وەرگێڕانی وتار یان نوسینێکدا لەسەری، قرۆقەپیان لێکرد. ئایا ئیدی لە بەردەم ئەم دراوە واقعیەدا مافی خۆمان نیە گومان بکەین کە ئەو بزوتنەوە بەناو مارکسیانە هێندەی بزوتنەوە راستەکان لە ناسینی مارکس دەترسن؟ ئایا مافی خۆمان نیە گومان بکەین ئەوان لە هێنانە سەرپەرەی وتوێژ لە بارەی مارکسەوە، لەوە دەترسن نەخوێندەواری و بێئاگایی خۆیان ئاشکرا بێت؟ لەوە دەترسن چیدی ئەو مارکسەی ئەوان لەناو کۆمەڵێ تێزی دۆگمایدا زیندانیان کردووە، وەك خۆی نەمێنێتەوەو بگۆڕێت؟ چونکە گومانی تیا نیە ئەوکاتەی مارکس هاتە ناو نوسین و لێکۆڵینەوەوە چیدی وەك خۆی نامێنێتەوەو رەهەندی جیاواز لە رێی خوێندنەوەی جیاوازەوە وەردەگرێت؟ ئێمە نازانین! بەڵام هیوادارین ئەم پەروەندەیە بە بچوکی خۆیەوە سەرنجی هەموومان بۆ ئەو راستیە تاڵە راکێشێتەوە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە لەناو سەدەی بیست و یەکداین بەڵام هێشتا مارکسمان نەناسیوەو پێویستمان بە وەرگێڕان و زانیاری زیاتر هەیە لەسەری.

رەنگە بگوترێت بەڵام ئەمڕۆ رۆژی مارکس نیە.. رۆژی ئەو فەیلەسوفە نیە کە بە درێژایی سەدەیەك لەمەوپێش هەموو دنیای بەخۆیەوە خەریك کردبوو تا ئێستاش هەر کاریگەرەو جێگای چەندو چوون لەسەرکردن و تێڕامانە. هەندێك تەنانەت باس لە مردنی دەکەن، هەندێك دەڵێن چیرۆکی گەورەترین و

ترسناکترین تۆتالیتارەکانی مێژوی هاوچەرخ لە تێزەکانی ئەو هاتنە دەرێ، هەندێك دەڵێن نەخۆشیەکی گشتگیر بوو کە توشی خەڵکێکی زۆر بوو.. دیکتاتۆرێکی ئەم ناوچەیەو ئەوکاتەی لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو گوتبووی ئەوەی لە لاویدا مارکسی نەبێت واتە دڵی نیە، بەڵام ئەوەی گەورە بێت و بە مارکسی بمێنێتەوە واتە عەقڵی نیە. واتە لە دیدی ئەم دیکتاتۆرە بچوکەوە کە چەند ساڵێك دوای ئەوە بە چەپڵە ڕێزان لە وڵاتی خۆی دەرکرا، مارکس فەیلەسوفی هەرزەکاران و عاشقان و خەیاڵبازی سەردەمی لاوەکان بوو، نەك فەیلەسوفی مرۆڤە عاقڵ و گەورەکان. ئەمڕۆ ڕۆژی مارکس نیە، ڕۆژی ئەو فەیلەسوفە نیە کە تا چەند دەهەیەك پێش ئێستا گرتنی کتێبێکی لەناو کتێبخانەی ماڵەکەتدا بەس بوو بۆ ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا ڕەوانەی زیندان و بگرە پەتی سێدارەت بکات (هەر ئەو دیکتاتۆرە بچوکەی بە فەیلەسوفی هەرزەکارانی دەزانی، خەڵکانێکی زۆری لەسەر کتێب یان وتار یان تەنانەت وێنەیەکی ڕەوانەی زیندانی ترسناکی ئیڤین کرد). ڕەنگە لە مێژووی دورو نزیکدا هیچ فەیلەسوفێك نەدۆزینەوە هێندەی ئەو ناوبانگی دەرکردبێ و ناوی بە گوێی نەخوێندەوارەکان بەر لە خوێندەوارەکان ئاشنا بێت، ناوی ئەو لە هەموو فەیلەسوفێکی دی زیاتر دابەزی بوو بۆ ناو زمانی زوربەی گروپەکانی کۆمەڵگای بەشەری. کتێبەکانی بە دزیەوە دەهاتن و دەچون، ناوی بە دزیەوە و لە ناو کۆبوونەوە تایبەتیەکانی هاوڕێیاندا دەهات، ئەوەی کتێبێکی نەخوێندبۆوە لەوەی هەموو کتێبەکانی خوێندبۆوە زیاتر لافی ناسینی مارکسی لێدەدا، تەنانەت دوژمن و نەیارەکانیشی هەمیشە بەدوایەوە بوون: دینیەکان هەرگیز ئەو قسەیەی مارکسیان نەبەخشی کە لە چەند ڕستەیەکی پێشەکی "هەنگاوێك بەرەو ڕەخنە لە فەلسەفەی هەقی هیگڵ"دا نوسیبووی: "دین ئەفیونی گەلانە"[2].. لیبرالەکان دژایەتی ئەویان بۆ بازاڕی ئازاد هەرگیز نەبەخشی کە لای مارکس بریتی بوو لە بازاڕی چەوساندنەوەی گروپێك بەدەستی گروپێکی دیەوە، ناسیۆنالیزمەکان هەرگیز فەرامۆشکردنی مەسەلەی ناسیۆنالیزمیان لە لایەن ئەوەوە نەبەخشی کە دەیگوت پرۆلیتاریا وڵاتی نیە. بەڵام سەیر ئەوەیە هەموو قسەی نەیارەکانی مارکس لە بری ئەوەی لە لایەن مارکسیەکانەوە وەڵام بدرێتەوە، بە ڕاستی بوو بە شوناسی زۆرێك لە مارکسیەکان. بە ڕاستی زۆرێك لە مارکسیەکان نەك لە مارکسەوە، بەڵکو لە نەیارەکانی مارکسەوە قبوڵیان کرد کە دین ئەفیونی گەلانەو بگرە بەرگریشیان لێکرد بێئەوەی حساب بۆ ئەو سیاقی شیکردنەوانە بکەن کە مارکس ئەو لێکۆڵینەوەیەی تیا پێشکەش کردووە (نوسەرێك بەناوی میشل لووی دەڵێ لە بنەڕەتدا ئەم نووسینە بەر لە مارکسیەتەو ئەو کاتە نووسراوە کە مارکس فویرباخی بووە)[3]، بڕوایانکرد کە لای مارکس هەموو بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی چ لە ڕۆژهەڵات بێت، چ لە ڕۆژئاوا، دژی بزوتنەوەی چینایەتیە، بە ڕاستی بڕوایانکرد بەوەی مارکس دژایەتی بازاڕی ئازاد لەبەر خۆی دەکات و بەدوای بازاڕێکی دیسپلیندا دەگەڕێ، نەك مارکس بیر لە دۆخێکی ئازاد بۆ هەمووان دەکاتەوە کە کەس تیایدا نەچەوسێتەوە. ئەو ئەزمونەشی کە بە ناوی جێبەجێکردنی بەرنامەکەی ئەوەوە لە زیاد لە دەوڵەت و جێگەیەکدا سەریهەڵدا، ریجێس دوبرێ گوتەنی هەموو ئەو شتانەی ئەنجامدا کە تیۆرەکە قەدەغەی کردبوو[4].

درێژیشە چیرۆکی تاوانی جێبەجێکەرانی خەونی مارکس، هێندەی درێژی چیرۆکی ئەو کەسانەی دژایەتیان کرد. کەوابوو ئایا کە دەڵێین ئەمڕۆ ڕۆژی مارکس نیە بە مانای ئەوەیە ڕۆژێك هەبووە لە دوامانەوە کە ڕۆژی ئەو بێت؟ ئایا بە ڕاستی ڕۆژێك هەبووە ڕۆژی مارکس بووبێت و دوای لە دەست چوبێت؟ ئایا هیچ ڕۆژێك، ڕۆژی مارکس بووە؟ تا ئەو دەمەی گوێ بۆ ئەو لایەنگرە دۆگماییانە شل ناکەین کە تەنها لە ڕۆشنبیریە کڵۆڵ و فەقیرەکەی شانە حیزبیەکانەوە مارکسیان ناسیوەو گوێ بۆ ئەو نەیارە نەخوێندەوارانە ناگرین کە ڕستەیەکی مارکسیان نەخوێندۆتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین لە ڕاستیدا هیچکات ڕۆژی مارکس نەبووەو هێشتا ڕۆژی ئەو

نەهاتووە. فەیلەسوفێکی هاوچەرخ کە تا ماوەیەکی زۆریش بە قوتابی هایدگەرو دوژمنی مارکسیەت دەناسرا دەڵێ سەدەی بیست و یەك سەدەی مارکس دەبێت. واتە مارکس لە پێشمانەوەیە، نەك لە دوامانەوە. لە ئاسۆی ئایندەدایە نەك لە رۆژژمێری روداوەکانی رابردودا، لە گەڵماندا دەژی، نەك یادەوەریەکی رابردوو بێت. بێگومان ئەم لەگەڵ بونەش نەك وەك فەیلەسوفێکی خودا ئاسا کە بۆ یەکجار و هەمیشە لە سەدەی نۆزدەدا راستیەکی موتلەقی لە بارەی هەموو شتەکانەوە گوت و هەر ئەوەندەی بۆ هێشتینەوە کە بە حەرفی قسەو تێزو بیرۆکەکانی جێبەجێ بکەین، نەك وەك کەسێك کە لە هەموو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەو پێشبینیەکانیدا راستی پێکا، نەك وەك پێغەمبەرێکی خودا کە لە هەڵەو کەموکوڕی مەعسوم بوو، بەڵکو وەك وەسوەسەو خەونێك کە بۆ هەمیشە خەون و ئاواتەکانی دەبێت رێنوێنی ژیان و رەفتارو ئایندەمان بکات.. خەون بە جیهانێکی دوور لە چەوساندنەوەو هاودەنگ لەگەڵ ستەملێکراواندا و خاڵی لە نامۆبوون. خەون بە ئازادی هەموو بەنی بەشەرێکەوە کە چ لە ئەمەریکا یان ئەفەریقا یان لە کوردستاندا بژین، شایستەی ئەوەن ئازادو بەختەوەرو خۆشبەخت ژیان بەرنە سەر. دەبێ مارکس بناسین، نەك لەبەر ئەوەی توتیوار تێزو شیکردنەوەکانی بڵێینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی شەرەفی ئەو خەونە بپارێزین کە رۆژێکی سەدەی نۆزدە مرۆڤێکی بە راستی ئازادیخواز، بە نەمانی چەوساندنەوەو بەختەوەری و ئازادی مرۆڤەوە بینی. ئەم پەروەندەیە هەوڵێکی بچوکە بۆ ناسین و نزیکبوونەوە لە جیهانی فەیلەسوفێك کە نەیارێکی سەرسەختی کە بە دوژمنی کۆمەڵگای کراوەی دەزانی و لە کتێبێکی قەبارە گەورەدا بەناوی "کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی"دا رەخنەی زوربەی تێزەکانی کردبوو، لە بارەیەوە دەیگوت هەرگیز کۆمەڵناسی ناتوانێ بگەرێتەوە بۆ دوای ئەو[5]. فەیلەسوفێك کە هەرگیز تازە ناتوانین بگەرێینەوە بۆ دوای ئەو بەڵام هەرگیزیش ناتوانین بۆ هەمیشە لە حەرفو رستە بەرستەیدا چەقبگرین و رابوەستین.

پەراوێزەکان:

1)ریجیس دوبریه: نقد العقل السیاسی. ت: د. عفیف دمشقیه. منشورات دار الاداب– بیروت. الطبعة الاولی 1986 ص 342–343.

2)کارل مارکس: گامی در نقد "فلسفه حق" هگل. ت: فریدون فاطمی. له کتێبی: هگلیهای جوان. گزیده اثار. لارنس ئستپلویچ. نشر مرکز. چاپ اول 1373. ص 320.

3)میشل لوی: مقالاتی درباره فلسفه سیاسی از کارل مرکس تا ڤالتر بنیامین/ درباره تغیر جهان. ت: حسن مرتضوی. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان. چاپ اول 1376. ص 51.

4)ریجیس دوبریه: نقد العقل السیاسی.. ص 43.

5)بگەڕێوە بۆ: کارل پوپەر: جامعه باز و دشمنان ان. ت: عزت الله فولادوند. انتشارات خوارزمی. چاپ دوم: شهریور ماه 1377/ تهران. ص 858.

مێژووی ژیان و بەرهەمی کارل مارکس

• ئا.وەرگێڕانی: رەووف بێگەرد

• کارل هینریش مارکس لە پێنجی ئایاری ساڵی 1818 لە شاری "تریر"ی ناوچەی "موسلە" لە پروسیا لە دایك بووە. ژمارەی دانیشتوانی "تریر" نزیکەی دوانزە هەزار کەسێ بووەو لە سەردەمی رۆمانەکاندا دروست کراوە، بە درێژایی چەندان سەدە بارەگای سەرۆکی گەورە قەشەکان بوە و هەر ئەویش سەرۆکی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی هەڵبژاردوە، باوکی مارکس (هینریش مارکس) پارێزەر بووەو لە جوولەکەییەوە بوەتە پروتستانتی، دایکیشی هەروا بووە. ژیانی خێزانی مارکس خۆش و بە شێوازێکی لیبرالی پەروەردە بوە. دایکی مارکس (هنریتا) لە نێوان ساڵانی 1815– 1826دا چوار کوڕو پێنج کچی بوە کە مارکس سێیەم منداڵیانە. دایك و باوکی مارکسیان زۆر خۆش ویستوە. باوکی ویستویەتی مارکس لە ئایندەدا ببێتە یاساناس و بەرگری لە عەقڵ و مرۆڤایەتی بکات .

• ساڵی 1830 کارل خراوەتە دواناوەندی "فردریك فلهیلم" کە بە قۆناغێکی تازە دادەنرێت لە ژیانیدا، هەر لەو ساڵەدا شۆڕشی تەموز لە فەرەنسادا رویدا. هاوڕێکانی ئەم قوتابخانەیەی، منداڵانی خێزانە بورجوازی و کارمەندەکان بوون. هەندێکیش لە منداڵانی جوتیارو پیشەکاریان تیابوو کە دەیانویست ببن بە قەشە. هاوڕێکانی هەندێك جار مارکسیان خۆش دەویست چونکە گیانێکی گەنجانەی قۆشمەی هەبوو، جاری تریش لێی دەترسان چونکە شیعری داشۆرینی پیا دەوتن.

• لە ئەیلولی ساڵی 1835دا دواناوەندی تەواوکردو لیژنەی تاقیکردنەوە بەم شێوەیە توانای بەهرەمەندیەکەی هەڵسەنگاند: (مارکس بەهرەمەندە، توانای زۆری لە زمانەکانی کۆن و ئەڵمانی و مێژودا هەیە، هەروەها لە ماتماتیکیشدا شایانی شانازیە).

• لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1835دا چووە (بۆن) تا لەسەر ئارەزووی بابکی یاسا بخوێنێت. بۆن لە (تریر) گەورەترو سیمای زانکۆو ژمارەی خوێندکارانی نزیکەی حەوت سەد کەس بوون. بۆیە بۆن مەڵبەندێکی روناکبیری بوو لە ناوچەی راینی بروسیادا.

• ساڵی 1836 کە مارکس لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو هەر لە (ترير) حەزی لە "جینی" کرد کە لە خێزانێکی ئۆرۆستوکراتی بوو، جینی زۆر جوان و داواکاری گەلێك زۆر بوون، دەبوو حەوت ساڵیش چاوەڕوانیان بکردایە تا دەبوونە هاوسەری یەکدی.

هەر لە هەمان ساڵدا مارکس بۆ کارو تەواوکردنی خوێندن چوو بۆ (بەرلین) لەو کاتەدا بەرلین لە بۆن گەورەترو ژمارەی دانیشوانی لە سێ سەد هەزار کەس زیاتر بوو.

کە مارکسی لاو گەیشتە بەرلین دەمێك بو "کانت" و "فیختە" مردبوون و "هیگڵ"یش نەمابوو، بەڵام بیروباوەڕەکانیان، بە تایبەتی "هیگڵیەت" دەستی بەسەر عەقڵی رووناکبیرانی ئەڵمانیدا گرتبوو، مەڵبەندی ململانێ فیکریەکانیش زانکۆی بەرلین بوو. چونکە "هیگڵ" لە ساڵی 1818ەوە تا 1831 دەرسی تیا وتبۆوەو گەلێك لە قوتابیەکانی ببوونەوە بە مامۆستای ئەوێ.

• لە 22ی تشرینی یەکی ساڵی 1836دا کارل مارکس لە کۆلیژی حقوق قبوڵ کراو، لە سێ رشتەدا ناونووسی خۆی کرد کە یاسای جینایەت و مێژووی یاسای رۆمانی و ئەنتروپولوجیا بوو. هەروەها سەروساختی لەگەڵ فەلسەفەدا پەیدا کردو پاشان لەم بارەیەوە دەنووسێت: "دەبوو قانوون بخوێنم، بەڵام هەستم کرد ئەنگێزەیەکی لەو زیاتر هانم دەدا بۆ زۆران بازی کردن لەگەڵ فەلسەفەدا" لەگەڵ ئەمانەشدا مارکس دڵەڕاوکیەکی زۆر تاوی بۆ هێنابوو کە دووری بوو لە "موسلە" و لە "جینی" دەزگیران و خۆشەویستی. بۆیە لەو ماوەیەدا هەندێك شیعری پڕ لە سۆزی نووسی کە زۆربەیان تاسەی دیداری "جینی" بوون.

لەم قۆناغەدا کاریگەری "کانت" و "فیختە" و بیروباوەڕی رۆشنگەری فەرەنسی لەسەر بوو. بەتایبەتی بیری "ڤولتێر" و "رۆسۆ". ئەگەرچی مارکس لە سەرەتادا فەلسەفەی هیگڵی بە دڵ نەبوو، بەڵام لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بوو بە شاگردی بیری هیگڵ و گەوهەری فەلسەفەکەی دۆزیەوە کە شێوازی دیالەکتیکە، خۆیشی ئەم گەیشتنەی بە فەلسەفەی هیگڵە بە خاڵی وەرچەرخان دەزانێت لە ژیانیدا. لە بەرلین لەگەڵ هیگڵیە لاوەکاندا کە بیری تازەیان دەربارەی رەخنەگرتن لە مەسیحیەت هەبوو، بوو بە هاوڕێ.

• ساڵی 1838 "هینریش مارکس"ی باوکی لە تەمەنی شەست و یەك ساڵیدا مرد، ئەمە کارێکی زۆری کردە سەر مارکس بە تایبەت لە رووی مادیەوە، چونکە دایکی نەی دەتوانی ئەرکی حەوت منداڵی تر هەڵبگرێت و مارکسیش خووی دابوە فەلسەفە کە چ دەستکەوتێکی نەبوو. بێجگە لەوەی کە مارکس پەیوەندی زۆر توندی لەگەڵ باوکیدا هەبوو کە بەردەوام لە خەم و گرفتەکانی خۆی ئاگاداری دەکردو هەواڵی تایبەتی و دەنگ و باسی زانکۆو بیروباوەڕی خۆی بۆ دەنووسی. تا کۆتایی تەمەنی وێنەیەکی فۆتۆگرافی باوکی هەر لا بوو.

• ساڵی 1839 مارکس دەستی بە تێزی دکتۆراکەی کرد بەناوی "جیاوازیەکانی نێوان فەلسەفەی سروشتیی دیموکریتی و ئەبیقور" کە بە وردی باس لە راوبۆچونی هەردوو فەیلەسوفی یۆنانی "دیموکرتیس" و "ئەبیقور" دەکات کە هەردووکیان نوێنەرایەتی چەمکی مادیان بۆ جیهان کردبوو. بە تایبەتیش بەرگری لە گومڕایی (الحاد)ی ئەبیقور کردبوو کە رۆشنگەرو بیرمەندێکی گەورەی سەدەکانی کۆن و یەکێك بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی بڕوا بوون بە خواکان. مارکس بەم هەڵوێستەی، کە دان نان بوو بە گومڕاییدا، ناڕاستەوخۆ شەڕی لەگەڵ دەوڵەتی بروسی "مەسیحیەت" و سیستمی دەرەبەگایەتیدا ئاشکرا کرد.

لە ساڵی 1841دا مارکس تێزی دکتۆراکەی تەواو کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ئایدیولۆژیستە کۆنەپەرستەکان دەسەڵاتیان لەدەست گرتبوو مارکس بۆ خۆی بە سووکی زانی کە تێزەکەی بداتە زانکۆی بەرلین و دای بە زانکۆی "یینا" مامۆستای سەرپەرشتیکەری دکتۆراکەی گەلێك کارەکەی بە گەورە گرتو وتی: "ئەم کارە ئەوەندەی عەقڵ و هوشیاری دەردەخات ئەوەندەیش لایەنی زانستی پێوە دیارە".

لە پانزەی نیسانی ساڵی 1841دا مارکس بێ دووبارە کردنەوەی تاقی کردنەوەکەی پلەی دکتۆرای وەرگرت.

یەکێك لە هیگلیە لاوەکان کە هاوڕێی مارکس بوو لە ساڵی 1841دا نامەیەك بۆ هاوڕێیەکی خۆی دەنووسی تیایدا دەڵێت: "دەبێت خۆت ئامادە بکەی بۆ ناسینی گەورەترین فەیلەسوفی راستەقینە، رەنگە تاقە فەیلەسوفێکی راستی بێت کە ئێستا لە ژیاندایەو زۆر نابات، لەهەر کوێیەك بێت (بەهۆی چاپەمەنیەوە بێت یان لە رێگای موحازەرەوە) سەرنجی هەموو ئەڵمانیا رادەکێشێت. دکتۆر مارکس- ئەمە ناوی ئەو کەسەیە کە دەیپەرستم- هێشتا منداڵە (تەمەنی لە دەوری بیست و چوار ساڵیدایە) دوا زەبری خۆی لە دین و سیاسەتی سەدەکانی ناوەڕاست دەوەشێنێت، گەلێك زیرەکەو بە قووڵی چۆتە ناو فەلسەفەوە، وای وێنا بکە کە رۆسۆو ڤولتیرو هولباخ و لیسینگ و هاینەو هیگڵت لە کەسێکدا کۆکردبێتەوەو دکتۆر مارکسی لێ پێك هاتبێت"

هەر لەم ساڵەدا مارکس گەڕایەوە زێدی باوانی "تریر" و لای "جینی فون فیستفالن"، کە چەند ساڵێك بوو لە یەکدی دوور بوون و دەبوو ئیدی بە یەکجاری یەك بگرنەوە.

• لە سەرەتای ساڵی 1842 دا شای پروسیا سانسۆری لەسەر چاپەمەنیەکان دانا، مارکس وتارێکی بەناوی "چەند سەرنجێك دەربارەی نوێترین سیستمی پروسی سانسۆری چاپەمەنیەوە" نووسی و زۆر دەستی لەسەر یاسای تازەی چاپەمەنی داگرت و گاڵتەی پێ کرد، فەرمانی شایشی وا دایە قەڵەم کە بڕیارێکی ترسنۆکانەو گەلۆرانەو نەزانانەو دووروییە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت سانسۆری دواکەوتوو بە تەواوی نەمێنێت نەك بگۆڕێت یان سووکتر بکرێت. لە نووسینەکەیدا دەڵێت: "تەنیا چاری راستەقینەی سانسۆر نەهێشتنیەتی".

بەم وتارە مارکس راستەوخۆ کەوتە نێو خەباتی سیاسیەوە، چونکە ئەمە یەکەمجاری بوو هەڵوێستێکی ئاشکرا لە دژی دواکەوتویی وەربگرێت و وەك دیموکراتیەکی شۆڕشگێڕ دەربکەوێت کە مەبەستی گۆڕینی دەوروبەرە کۆنە خوازەکەی بێت.

ئەوەی لەو ساڵانەدا کاریگەریەکی زۆری بەسەر بەرەو پێشەوەچوونی مارکس و بایەخی زیاتری بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و ئەوەوە بوو، ناسینی بەرهەم و بیروڕا فەلسەفیەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی "لودفیگ فویرباخ" بوو. بە تایبەتی کتێبی "جەوهەری مەسیحیەت"ەکەی. فویرباخ لەو کتێبەیدا بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات کە نە دنیاو نە مرۆڤ پێویستیان نە بەخوا هەیە نە بە "بیری رەها"و مرۆڤ دەستکەوتی سروشتەو بەرهەمی گۆڕانەکانیەتی، هیچ شتێکیش لە دەرەوەی سروشتو مرۆڤدا نیە، دین بەرهەمی مرۆڤە و خوایش مرۆڤی دروست نەکردوە.

• نیسانی 1842 مارکس لە رۆژنامەی (Rheinsche Zeitung)دا دەست بەکاربوو.

لە 15ی تشرینی یەکەمدا مارکس بوو بە سەرنووسەری رۆژنامەکە لە شاری کولن.

• لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی 1843دا مارکس و جینی هاوسەری گەیشتنە پاریس. کۆچی مارکس و بەجێهێشتنی ئەڵمانیای لە ئەنجامی ئەو

بەربەست و گوشارەوە بوو کە رژێمی ئەڵمانی لەو کاتەدا بەرانبەر بە ئازادی رۆژنامەنووسی و چینە هەژارەکانی کۆمەڵەوە لە بەری گرتبوو. بە تایبەتی دوای داخستنی رۆژنامەی "ییشە زایتونگ" کە خودی مارکس سەرنووسەری بوو.

فەرەنسا بۆ مارکس دنیایەکی تازە بوو، بە تایبەتی کە سەرمایەداری دەستی بەسەر کەناڵە بەرهەمهێنەکانی ئابوریدا گرتبوو، دەرەبەگایەتی لە باری ئابووریەوە تەواو لە پاشەکشێ و لەناوچووندا بوو، چونکە شۆڕشی بورجوازی ساڵانی *1789–1794* تەرازووی هێزی بە تەواوی گۆڕیبوو، رژێمی دەرەبەگایەتی شکستی سیاسیی خواردبوو، ئەمەش نەك تەنیا لە فەرەنسادا بەڵکو لە سەرانسەری ئەوروپایشدا، شۆڕشی تەموزی ساڵی *1830*یش بە تەواوی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپادا هەرەس پێ هێنا.

ئەو دنیا سەرمایەداریە نوێیە، بە هەموو پێشکەوتویی و دژواریەوە بوە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەند کردنی بیرو بۆچوونەکانیمارکس، بۆ ئەو باس و خواسانەی کە بە شێوازی دیالەکتیکی هیگڵی کەوتە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیان.

• ساڵی *1844* ژمارەی یەکەمی ساڵنامەی ئەڵمانی– فەرەنسی دەرکرد کە دوو وتاری مارکسی تیا بوو: "دەربارەی مەسەلەی جوولەکە" و "سەرەتایەك بۆ رەخنەی فەلسەفەی یاسای هیگڵی".

هەر لەو سەروبەندەدا و لە رێی بڵاوکردنەوەی چەند وتارێکەوە پشتی لە میسالیەتی هیگڵ کردو هەڵوێستی مادیانەی خۆی راگەیاند. بەڵام عەقڵە رەخنەگریەکەی تەنیا بەوەندە قایل نەبوو کە مادیەتی "فویرباخ"یش بە رەهایی وەربگرێت ئەگەرچی زۆر سەرسام بوو بەم فەیلەسوفە گەورەیە. وەلێ ئەو راستیەی دەزانی کە فویرباخ پراکتیزەی مادیەتی کردوە "زیاد لە پێویست بەسەر سروشتاو کەمتر بەسەر سیاسەتدا" واتە بەسەر کۆمەڵگادا. ئەم لای وابوو کە باری ژیانی مادی و ململانێی چینە جیاوازەکان فاکتەری سەرەکی بەرەو پێش بردنی مێژوون.

هەر لە مانگی ئایاری ئەو ساڵەدا، مارکس بوو بە باوك و "جینی" خێزانی کچێکی بوو لەسەر داوای مارکس و هەر بە ناوی جینی هاوسەریەوە ناویان لێ نا "جینی".

هەر لە پاریس بوو بە هاوڕێی شاعیری گەورەی ئەڵمانی "هاینریش هاینە". هاینە لە ساڵی *1831*ەوە لە ئەنجامی گوشارو بەرهەڵست کردنی لەلایەن چاودێرەکانی چاپەمەنی و پۆلیسی ئەڵمانیەوە لەوێ هەڵاتبوو. هاینە بەردەوام دیدەنی کارل و جینی دەکردو شیعرەکانی خۆی بۆ دەخوێندنەوە.

• لە مانگی ئابی ساڵی *1844* دا "فردریك ئنگلز" لە لەندەنەوە هاتە پاریس، پێش ئەوە لە رێی هەندێك لە نووسینەکانیەوە مارکس دەیناسی، ئەوکاتە بوو کە مارکس دەستی کردبو بە نووسینی "خێزانی پیرۆز" کە پاشان بوە کاری هاوبەشیان و ئنگلزیش بەشداری لە نووسینیدا کرد، ئەمە یەکەم کتێبیان بوو پێکەوە بینووسن، کتێبەکە دژی هیگڵیە لاوەکان بوو. ئیتر هەر لەوساوە بوونە هاوڕێی هەموو دەمی یەکدی و تا مردن لە یەکدی جیا نەبوونەوە. ئنگلز ساڵی *1820* لە بارمن لە دایك ببوو کوڕی سەرمایەدارێکی ئینگلیزی بوو.

• مارکس لە مانگی ئابدا لە رۆژنامەی "پێشکەوتن"دا دەستی بەکار کرد کە لە پاریس دەردەچوو.

• لە مانگی شوباتی ساڵی *1845*دا حکومەتی پروسیای کۆنەپەرست و دەست و پێوەندەکەی لە فەرەنسادا مارکسیان بەرەو بروکسل لە پاریس دەرکرد. دوای ماوەیەکی کەم ژنەکەی و کچە تەمەن نۆ مانگەکەیشی گەیشتن. باری ئابووریان زۆر خراپ و

پۆلیسی بروکسلیش ڕێگایان لە مارکس گرت لە بڵاو کردنەوەی هەر شتێکی سیاسیدا. بەم جۆرە مارکس بە بێ کاری مایەوە. تا ئینگلزی هاوڕێی فریای کەوت و لەنێو هاوڕێ و دۆستە سیاسیەکانیاندا پیتاکی بۆ کردو قازانجی کتێبەکەیشی "باری چینی کرێکار لە ئینگلتەرادا"ی دایەو لە نەبوونی و هەژاری ڕزگاری کرد. بەڵام لەوێش حکومەتی پروسی وازی لێ نەهێنا، گوشاری خستە سەر بەلیجکا بۆ ئەوەی مارکس دەربکات، بۆیە بە ناچاری وازی لە ڕەگەزنامەی پروسی خۆی هێنا کە بێجگە لە دەربەدەری وڵاتان چ سودێکی بۆی نەبوو.

• 26 ئەیلول لە دایك بوونی لاورای کچی مارکس.

• ساڵی 1846 مارکس و ئینگلز لە نووسینی کتێبی "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" بوونەوە کە لە دیدی فەلسەفیەوە بە بنەمای جەوهەری شیوعیەتی زانستی دادەنرێت.

هەر لەم ساڵەدا مارکس و ئینگلز بە هاوکاری کۆمەڵێك لە هاوڕێکانیان لە بروکسل لیژنەی پەیوەندی شیوعیان دامەزراند، ئامانجی مارکس ئەوە بوو کە: "پەیوەندی لە نێوان سۆشیالیستەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزیدا دروست بکات".

• کۆتایی مانگی نیسان مارکس و ئینگلز فلهیلم فولفیان ناسی.

• ساڵی 1847 حیزبی کارگەری شۆڕشگێڕی دامەزراندو لە مانگی حوزەیراندا لە لەندەن یەکەم کۆنگرەی بەست. ئەگەرچی مارکس لەبەر نەبوونی دەست کورتی نەیتوانی بچێت بۆ لەندەن بۆ بەشداری کردنی کۆنگرەکە، بەڵام ئینگلز وەك نوێنەری ڕێکخراوی پاریس و فلهیلم فولف وەك نوێنەری لقی بروکسل بەشداریان تێدا کرد.

• لە دوا مانگەکانی ساڵی 1847دا دووەم کۆنگرەی حیزب لە لەندەن بەسترایەوەو، مارکس وەك نوێنەری ئەڵقەی بروکسل بەشداری تیا کرد، لەم کۆنگرەیەدا مارکس و ئینگلز بەرنامەی حیزبیان خستە بەردەم کۆنگرە کە بنەماکانی کۆمۆنیستی زانستی بوو. هەروەها بڕیار لەسەر دەستوور درا. بەم جۆرە یەکەمین حیزبی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار لە دایك بوو. پاشان مارکس گەڕایەوە بروکسل و ئینگلز بۆ پاریس. هەر لەم ساڵەدا مارکس کوڕێکی بوو ناوی لێنا "ئیدگار".

• لە مانگی شوباتی ساڵی 1848دا یەکەمین بەیانی حیزبی شیوعی -مانیفێست- لە نامیلکەیەکی بیست و سێ لاپەڕەییدا دەرچوو کە لە ڕووی مێژوویەوە تا ئێستایش بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە، چونکە لەم نامیلکەیەدا مارکس و ئینگلز بە زمانێکی پاك و ڕەوان هەموو ئەزموون و زانستی خۆیان بە پوختی داڕشت و تیۆرەی مادی دیالەکتیکی و مێژوویی ئابوریان خستە ڕوو. ئەم نامیلکەیە پیاچوونەوەیەکی زانستیانەیە بۆ هەموو ئەو کێشەو ململانێیانەی کە لە ئەنجامی خەباتی چینی کرێکاردا بەدەردەکەون و لە پراکتیزە کردنی سوشیالیستی زانستیدا خۆیان دەنوێنن. هەروەها ئەرکی مێژویی چینی کرێکارو ئەو ئامانج و ڕێبازانەی کە بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی خۆشتر بۆ چینە چەوساوەکان لەبەر دەگیرێن و، دەست نیشان کردنی ئەو قۆناغانەی کە خەباتی چینایەتی خۆی شۆڕش دژی سەرمایەداری دەکات و پرولیتاری دەبێتە بزاوتێکی کاریگەرو دەسەڵاتی سیاسی لەدەست دەگرێت. هەروەها بەیانەکە ئەرکی سەرەکی چینی کرێکاری لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و روناکبیری و بنیات نانی سوشیالیستیدا دیاری کرد.

• هەر لەم ساڵەدا (1848) شۆڕش لە فەرەنسادا هەڵگیرسا.

• لە سێی مارتی هەمان ساڵدا لە پۆلیسی بەلجیکیەوە مارکس ئاگادار کرا کە دەبێت لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا لە وڵات بڕواتە دەرەوە،

پاشان دایان بەسەر ماڵەکەیداو مارکسیان گرت، دوای بەربوونی خۆی، و جینی ژنی هاتن بۆ پاریس کە حکومەتە کۆماریە کاتیەکەی ئەوسای فەرەنسا خۆی داوای هاتنی مارکسی کردبوو بۆ ئەوێ.

• 13 مارت شۆڕش لە ڤیەنا.

• 21–29 مارت مارکس و ئنگلز "داواکاریەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیی"یان نووسی.

• 6ی نیسان مارکس و ئنگلیز پاریسیان بەرەو کولن بەجێهێشت.

• 31 مایس رۆژنامەی "نیو راینشە زایتونگ" یەکەم ژمارەی دەرچوو کە مارکس سەرنووسەری بوو. ئنگلزیش یەکێك بوو لە ئەندامی دەستەی نووسەران.

هەروەها دو شاعیری گەورە و شۆڕشگێڕی ئەلمانیا چوونە دەستەی نووسەرانەوە کە جورج فیرت و فردیناند فرایلیشرات بوون.

ئەگەرچی رۆژنامەکە بەردەوام لە ژێر گوشاری پۆلیس و کزی دارایيدا بوو بەڵام ببوە ئۆرگانی مارکسیەکان و تەژی بوو بە وتاری تیوری و بیری دیموکراتی ویستی و ئازادی خوازی و دنەی راپەڕین و شۆڕش کردن.

• ئایاری 1849 رۆژنامەی "نیو راینشە زایتونگ" لە لایەن دەسەڵاتی بروسیەوە بە بیانووی هاندان بۆ شۆڕشکردن و بەکارهێنانی توندوتیژیو دامەزراندنی حکومەتێکی سوشیالیستی داخرا. ئەمە یەکەم رۆژنامەی ئۆرگانی پرولیتاریای شۆڕشگێڕی ئەڵمانی بوو کە لە دەرچوون خرا، هەر لەم ساڵەدا مارکس چوو بۆ لەندەن.

• لە سەرەتای مارتی ساڵی 1850دا جارێکی تر رۆژمانەی "نیو راینشە زایتونگ"ی دەرکردەوە، بەڵام نەك وەك رۆژنامەیەکی رۆژانە بەڵکو وەك "گۆڤارێکی سیاسی ئابوری"ی کۆمۆنیستی.

• کۆتایی مارتی 1850 مارکس و ئنگلز "گوتاری لیژنەی مەرکەزی بۆ عوسبەی کۆمۆنیستی"یان نووسی.

• 19 تشرینی دووەم مردنی گویدوی کوری مارکس.

• مانگی ئازاری ساڵی 1851 لە دایك بوونی کچێکی مارکس بەناوی: فرنسیسکا

• 4ی تشرینی یەکەم تا 17ی تشرینی دووەمی ساڵی 1851 عوسبەی کۆمۆنیستی کە کەوتبوونە چالاکیەکی زۆر بە تایبەت لە شاری "کولن"ی ئەڵمانیادا کەوتنە بەر هێرشی و راوەدونانی حکومەتی پروسی. دەیان ویست سەرەکانی عوسبە بگرن و لە رەگەوە هەڵیان بکێشن و بیری مارکس و ئنگلز لە ئەڵمانیادا بنەبڕ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە تەنانەت پۆلیسی خۆیان نارد بۆ لەندەن بۆ چاودێری کردنی مارکس و گرتنی بەڵگەنامەو بلاوکراوەکانیان کە بە هۆیانەوە تاوانباری مارکس و هاوڕێکانیان بکەن و لەوێیش نەیان هێڵن. بەڵام گرتن و دادگایی کردنیان چ ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەگەیاند کە تۆمەتی "پیلان گێڕی" یان بەسەردا بسەپێت. بەڵام حکومەت دەیویست بەهەر نرخێك بێت تۆمەتی "پیلان گێڕی کۆمۆنیستەکان" بکاتە بەڵگەیەکی بەردەمی خەڵك و دادگاکان. بۆیە کەوتنە دروست کردنی بەڵگەنامەی ساختەو بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك گیراوەکان دادگایی نەکران تا تشرینی یەکەمی ساڵی 1852 کە بە هۆیەوە توانیان چالاکی کۆمۆنیستەکان پەك بخەن.

• ساڵی 1852 مارکس بەردەوام لە هەڵدانەوەو دەرخستنی نهێنیەکانی دادگایی پروسیداو دەسیسەکانی پۆلیسدا بوو کە دادگایی کردنەکەیان بۆ ئەو ماوە زۆرە دواخستبوو، مارکس دەیزانی کۆنەپەرستە پروسیەکان دەیانەوێت بەو کارە زەبری کوشندە لە بزوتنەوەی دیموکراتیەت بدەن لە ئەڵمانیادا. بۆ ئەو مەبەستە نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە

بـــەناوی "دەرخســـتنی نـــهێنی دادگـــایی کردنـــی شیوعیەکان لـە کولـن" کـە هـــەموو درۆو دەلەســـەو هەڕەشەکانی پۆلیسی تیابوو.

• 14 نیســان 1852 مردنـی فرنسیسـکای کچـی مارکس.

• سەرەتای ئازاری 1853 پۆلیس دەستی بەســەر هـــەموو نوســـخەکانی نامیلکـــەی "دەرخســـتنی نهێنییەکانی دادگایی کردنی شیوعیەکان لە کولـن"دا گرت کە لـە سویسرا چاپ کرابوو. بەڵام نامیلکەکـە هەر لەو کاتەدا لە یـەکێك لـە رۆژنامـەکانی ئـەڵمانی و ئەمریکیدا بڵاوکرابوەوە. ئەم ساڵە یەکێکـە لـە ساڵە هـەرە ناخۆشـی و نەبوونیـەکانی ژیـانی خـێزانی مارکس.

• لـە کۆتـایی ئـەیلولی 1854ەوە تـا تشـرینی یەکـەمی 1855 مـارکس بەشـداری لـــە نووســـینی رۆژنامەی "نیو ئودرزایتونگ" دادەکات.

• 16ی کـانونی دوەم 1855 لـــە دایـــك بوونـــی "یا نور"ی کچی مارکس.

• ساڵی 1856 روسیا بانگەشـەی شـەڕی لەگـەڵ تورکیادا کرد (شەڕی قرم)

• 1857 تەنگژەی باری ئابوری جیهانی.

• لـە مـانگی مایسـەوە تـا ئـابی 1859 مـارکس و ئنگلـز هاوکاریـان کـرد لـە دەرکردنـی رۆژنامـــەی "گـەل"دا کـە لـە لـەندەن دەردەچـو، لـە سـەرەتای مـانگی تـەموزدا مـارکس بـوو بـە سەرنووســـەری رۆژنامەکە.

• تەموزی 1859 مارکس "بەشداریەك لە رەخنەی ئابوری سیاسیدا، ژمارەیـەك"ی نووسـی و لـە بـەرلین دەرچوو.

• یـەکی کـانوونی یەکـەمی 1860 نامیلکەیـەکی مارکس دەرچوو بە ناوی "فوگتی بەڕێز".

• لە مانگی شـوباتەوە تـا نیسـانی 1861 مـارکس سـەفەری هۆڵـەندای کردو بـەناوی خـوازراوەوە چـوە بەرلین و لەوێ فردیناند لاسالی ناسی و بـۆ ماوەیـەکی کـەم لەگـەڵ یـەکتردا کاریـان کـرد، پاشـان گەڕایـەوە لەندەن و کولنو ترير، لە بەرلین چەند شـانۆگەریەکی بینـی "رای مـارکس لـە بـاری سیاسـی ئەوســـای پایتەختی پروسیاوە وا بوو کە: "بەگشتی کاروباری دەوڵـەت لـە نشوستیە، خـەڵکی، بـە جیاوازیانـەوە چـاوەڕێی رووداننـی کارەســاتن. هـەروەها سـەرنجی ئـەوەی دابـوو کـە لـە هـەموو شـوێنێکی پایتـەختدا بـەرگی سـەربازی لەبـەردەکرێت و ئەمـەیش مایـەی "بێز" کردنەوەیە.

• 26 تشرینی یەکـەمی 1862 مـارکس بەشـداری کـرد لـــە نووســـینی رۆژنامـــەی "بریســـە"دا کـــە رۆژنامەیەکی هونەری بوو.

• مارکس چوو بۆ تسالمت بول و بەرێگای کولن و تریردا گەڕایەوە لەندەن.

• لـە 24ی ئـەیلولی سـاڵی 1862ەوە تـا نیسـانی 1864 لـە پۆلۆنیـا دژی دەسـەڵاتی قەیسـەر، خـەڵکی راپەڕی. مـارکس لـە بـەیانێکدا کـە لـە لـەندەن دەری کرد داوای لـە رابیتـەی روناکبـیرانی کۆمۆنیسـت کـرد پشـتی راپەڕینەکـە بگـرن. هـەر لـەم سـاڵەدا بەشـی یەکـەمی یاداشـتە ئابوریـەکانی نووسـی و بـۆ چـاپی ئامادە کرد.

• 30 تشـــرینی 2ی 1864 مردنـــی دایکـــی مارکس لە ترير.

• 1864 پروسیا و نەمسا دژی دانیمـارك بـانگی شەڕیان دا.

• 28 ئـــەیلولی 1864 مـــارکس لـــە لیژنـــەکانی یەکێتیی کرێکارانی جیـهانی هـەڵبژێرا کـە لـە هۆڵـی سینت مارتین لە لەندەن بەسترا.

• لـە 24 تشرینی دووەمـدا بەرنامـەی نـاوخۆی کرێکارانی یـەك گرتـوی جیـهان دەرچـوو کـە مـارکس نوسیبووی.

• کۆتایی 1864 تا شوباتی 1865 مارکس و ئنگلز هاوکاری دەرکردنی رۆژنامەی "سوشیالیستی دیموکراتی"یان کرد.

• نیسان 1865 شەپی ناوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

• 16 حوزەیران تا 26 تەمموزی 1866 هەڵگیرسانی شەپی نێوان بروسیاو نەمسا.

• 3 تا 8ی ئەیلول لە جنیف کۆنگرەی کرێکارانی یەك گرتووی جیهانی بەسترا، مارکس راو بۆچوونی خۆی دایە نوێنەرانی ئەنجومەنی مەرکەزی کاتی.

• 10ی نیسان تا 19ی مایس 1867 مارکس دەڕوات بۆ هامبورگ و بەشی یەکەمی دەست نووسی کتێبی "سەرمایە" دەداتە "مایسنەر"ی بڵاوکەری بەرهەمەکانی. لە هانوفەریش دەبێتە میوانی لودفیج کوجلمان.

• 2 تا 8 ئەیلول کۆنگرەی کرێکارانی جیهان لە لۆزان، بەرگی یەکەمی "سەرمایە"ی مارکس چاپکرا؛ ئەم کتێبە تا ئێستاش بە نرختترین تیوری فەلسەفەی مارکسیەتە.

• پاییزی ساڵی 1867 مارکس بەهۆی کرێکارانی ئینگلیزەوە پاڵپشتی لە بزوتنەوەی ئازادی نیشتمانی ئیرلەندا کرد.

• 12ی نیسانی 1868 لاورتی کچی مارکس شووی بە باول لافارجە کرد.

• 6 تا 13 ئەیلول کۆنگرەی یەکێتیی کرێکارانی جیهان لە بروکسل.

• 6 تا 9 ئاب کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی کرێکارانی سوشیالیستی دیموکراتی لە ئایزناخ.

• 10 ئەیلول تا 11 تشرینی یەکەم مارکس لەگەڵ جینی کچیدا، لە رێگای ئاگن، ماینتس و زیجبرجەوە چوو بۆ هانوفەر بۆ لای لودفیج کوجلمان.

• 2ی تشرینی یەك لە لایبزك ژمارە یەکی رۆژنامەی "حکومەتی گەلی" دەرچوو کە ئۆرگانی حیزبی کرێکارانی سوشیالیستی دیموکراتی بوو، مارکس و ئنگلز بەشداریان لە نوسینیا کرد.

• 19ی تەموزی 1870 بە رەسمی فەرەنسا باڵگەشەی شەپی دژی یەکێتی ئەڵمانیای باکور کرد.

• 19 تا 23 تەموز مارکس "بەیانی یەکەمی ئەنجومەنی گشتی یەکێتیی کرێکارانی دەرکرد لە بارەی شەپی ئەڵمانیاو فەرەنساوە.

• 9ی ئەیلول ئەنجومەنی گشتی یەکێتیی کرێکارانی جیهان بڕیاری لەسەر "بەیانی دوەمی ئەنجومەنی گشتی لە بارەی شەپی ئەڵمانیاو فەرەنساوە" دا کە مارکس نوسیبووی.

• 18ی کانونی دووەم 1871 لە قرسای ئیعلانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی کرا.

• 18 تا 28 مارت کۆمووناەی پاریس ڕوویدا کە مارکس بەرگریەکی سەختی لە ئامانجەکانی کرد.

• 17 تا 23 ئەیلول بە سەرۆکایەتی مارکس و ئنگلز لە لەندەن کۆنگرەی یەکێتیی کرێکارانی جیهان بەسترا.

• ئەیلولی 1872 مارکس و ئنگلز بەشداری کۆنگرەی یەکێتیی کرێکارانی جیهانیان لە لاهای کرد هەر لەم ساڵەدا دەقی "سەرمایە" وەرگێڕرایە سەر زمانی فەرەنسی و لە 1875دا بڵاوبووەوە، مارکس لە بارەی وەرگێڕانەکەوە وتی کە: زیاد لە [illegible] ئەسڵیەکە نرخی زانستیانەی خۆی پاراستوە.

• 10ی تشرینی یەکەم: جینی، کچی مارکس شو[illegible] بە شارلس لونگوی دەکات.

• 19 ئاب تا 3 تشرینی یەکەمی 1874 مارکس و یانوریکچی بۆ چارەی نەخۆشی لە کارلسباد دەمێننەوە. لە گەڕانەوەدا بۆلەدەن دید[illegible] لایبزیك و بەرلین و هامبورگ دەکات.

• 5 مایسی 1875 مارکس "لیکۆلینەوەو راڤەی بەرنامەی حیزبی کرێکارانی ئەڵمانی" دەنێرێت بۆ فلهیلم بەراکە بۆ توێژینەوە، پاشان دەیداتە ئەگناتس

ئـاور و ئوجـوس بیبـل و ئوجوسـتانمایب و فلـهیلم لیبکنیشت.

• *15*ی ئـاب تـا *15*ی ئـەیلوول مـارکس بـۆ چارەسەری نەخۆشی دەڕواتە کالسباد.

• سەرەتای *1877* تا *8* ی ئـابی *1877* مـارکس فەسڵی دەیەمی بەشی دووی کتێبی ئنگلز "بـەرێز ئویجن دورینگ دنیا وەردەگێڕێت" دەنووسێت.

• *8*ی ئاب تا نزیکەی *27*ی ئەیلولی *1878* مـارکس لەگـەڵ ژنەکـەی و یـانوری کچـی دەچنـە نوینـارو شفارتسفالد بۆ چارەسەری نەخۆشی.

• *24* نیسان تا *3*ی مارس *1878* شـەڕی روسـی و تورکی.

• *17–18* ئەیلول *1879* ئـەو بڵاوکراوە وەرزیـەی کە مارکس نوسیویەتی ئەنگلز دەینێرێت بۆ ئوجست بیبل، فلهیلم لیبکنیشت و فلهیلم بەراکە.

• *28*ی ئـەیلول دەرچوونـی یەکـەم ژمـارەی رۆژنامـەی "دیموکراتـی سوشیالیسـت" کـە ئۆرگـانی بزوتنەوەی دیموکراتی سوشیالیسـتی ئـەڵمانی نـهێنی بو لە زوریـخ، مـارکس و ئنگلـز بەشداری نووسـینیان تیا کرد.

• سەرەتای ئایـاری *1880* مـارکس سـەرەتایەکی تیـوری بـۆ بەرنامـەی حـیزبی کرێکـارانی فەرەنسـی دەنووسـێت کـە ئینگلـزو هاوڕێکـانی پێشـنیاریان کردوە.

• *26*ی تەموز تا *16*ی ئابی *1881*: مارکس لەگەڵ ژنەکەی و جینی کچیـدا دەچـن بـۆ ئـارجنتویلی نزیـك پاریس.

• *2*ی ئەیلولی *1881* مردنی جینی ژنی مارکس لـە لەندەن.

• *9*ی شـوبات تـا سـەرەتای تشـرینی یەکـەمی *1882* مـارکس سـەفەری جـەزائیر دەکـات. هـەروەها دەچێتە باشوری فەرەنساو سویسراو سەر لە هـەردوو کچەکەی جینی و لاورا دەدات.

• *11* ی کانونی دوەمی *1883* مردنی جینی کچـی مارکس لە پاریس.

• *14*ی مارتی *1883* مردنی مارکس.

• *17*ی مارتی *1883* مـارکس لـە گۆڕسـتانی هـای گیت دەنێژرێت.

زەمینەی مێژوویی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی مارکس و ئنگلز:

مارکس بە درێژایی چل ساڵ نووسی، بـە بـەراورد لەگەڵ نووسینی زۆریدا ئـەوەی لـە سـەردەمی ژیـانی خۆیـدا بڵاوبـوەوە زۆر کـەم بـوو، زۆربـەی زۆری نوسینەکانی هی خـۆی و کـەمێکیش لەگـەڵ ئینگلـزدا بەهاوبەشی نووسیویانە، دەست نووسی مـارکس، کـە بـە خـەتی وردو نـاڕێك و پێـك نوسـراونەتەوە کـە خوێندنـەوەیان ئاسـان نیـە گـەلێك زۆرە، دەربـارەی خـەتی نووسـینی ئـەو بەرهەمانـەو کەشـف کردنـی رەمزەکانی، ئنگلز قۆشمەچیانە بەراوردی دەکـات بـە کەشـف کردنـی خـەتی هیروگلیفیـەوە. زۆربـەی ئـەو دەسـت نووسـانەو یەکـەمین چـاپی بەرهەمـەکانی مـارکس ئێسـتا یـان لـە ئەنجومـەنی نێودەوڵـەتی دیراساتی کۆمەڵایەتی لە ئەمسـتردام پـارێزراون، یـان لـە ئارشیفێك کـە لـە یـەکێتیی سـۆڤیەتی کـۆن لـە مۆسکۆ هەڵگیرابوو ئێستا لە زانکۆی مۆسـکۆدایە. لـە چەند شوێنێکی تریشـدا ئـەو بەرهەمانـە هـەن لەوانـە کتێبخانەی مارکس لە لەندەن.

تا ئێستایش هـەموو بەرهـەمی مـارکس لـە چـەند بەرگێکدا بە تەواوی بۆ بڵاوکردنەوە کۆ نەکراوەتەوە. فرانتس مرینـگ بـۆ یەکـەمجار هـەوڵیدا بەشـێك لـە بەرهەمەکانی مارکس، ئنگلز و لاسال بەم ناونیشانەی خوارەوە بڵاوبکاتەوە:

Arus dem Literarichen nach Von K. Marx.

F. Engels. F. Lassale, Stuttgart. 1902.

سێ بەرگ لەم کۆمەڵەیە لە شاری شتوتگارت ساڵی 1902 بەم تەرتیبە 504، 490، 497 لاپەڕە بڵاوبووەوە. گەلێك لە بەرهەمەکانی ماركسی نێوان ساڵانی 1841– 1850ی تیا بوو.

دوای ئەمە هەوڵێکی تر لە ساڵی 1927 لە مۆسکۆو فرانکفۆرت درا تا بەشێکی تری بەرهەمی ماركس بڵاوبێتەوە، بەڵام بە ناتەواوی مایەوە.

–دایڤید ریازانف–ی لێکۆڵەرەوەی نووسراوەکانی ماركس، لە سەردەمی ژیانی لینینەوە سەرقاڵی کۆکردنەوەو رەخنەلێگرتنی نووسراوەکانی ماركس و ئنگلز بوو، بۆ ئەم کارەی لە لایەن پارتی کۆمۆنیستەوە چاودێری دەکرا، ریازانف لە سەردەمی کوشتن و تۆقاندنی ستالیندا گیراو ئیعدام کرا ئەو بەشەی ریازانف بە ناونیشانی Marx – Engels Gesamtasgabe چاپ کراو پاشان ناوی لەو بەرهەمە بۆ ئەم پیتانە کورت کرایەوە MEGA سیانزە بەرگی لێ بڵاوببووەوە کە بەرهەمی ماركسی تا کۆتایی ساڵی 1848ی دەگرتەوە ئەم کارە ساڵی 1970 جارێکی تر لە بەرلین بڵاوکرایەوە. ریازانف بێجگە لەمە کۆمەڵێکی تری بە ناونیشانی Marx-Engles Archiv لە پێنج بەرگدا لە نێوان ساڵانی 1925– 1927 دا بە زمانی ئەڵمانی و روسی لە مۆسکۆو لینینگراد و فرانکفۆرت بڵاوکردبووەوە. دوای کوشتنی ریازانف ئادوراتسکی و هاوکارانی توانیان پێنج بەرگی تر لە "ئارشیف" بڵاوبکەنەوەو پاشان کارەکەیان وەستا. لە لایەکی ترەوە، ریازانف لە سیانزە ژمارەی یەك بە دوایەکی بڵاوکراوەی Letopisi Marxizsmaدا هەندێك لە نووسراوە کورتەکانی ماركس لە ساڵانی 1926– 1930دا بە چاپ گەیاندبوو. هەر بە هۆی هەوڵی ئەو و هاوکارەکانیەوە، هەندێك لە بەرهەمەکانی ماركس وەك دەست نووسەکانی ئابوری و فەلسەفی 1844، ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، گروندیسە بۆ چاپ ئامادەکران.

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە، لە بەرلینی خۆرهەڵات و مۆسکۆ، بۆ بڵاوکردنەوەی بەشێکی تری بەرهەمی ماركس و ئنگلز هەوڵدرا، لە نێوان ساڵانی 1956 تا 1970 کۆمەڵێکی تری لەژێر ئەم ناونیشانەدا چاپ کرا K. Marx and. F. Engels, Werke. Berlin 1956- 1968, 39 Vols, 2 vols supplmets, 1967-1969

ئەم کۆمەڵە بەرهەمە کە زیاتر بەناونیشانی MEW ناوی دەرکردووە، لە 39 بەرگ و دوو بەرگی پاشکۆو پێڕستێك پێك هاتوە. ئەم بەرهەمە تەواو نیە، چونکە بەشێك لە دەست نووسە ئابوریەکانی ماركس کە لە دەیەی 1860دا ئامادەکراوە تیا نیە. هەروەها ئەو بەرهەمانەی کە ماركس بە زمانی تر نوسیونی لەم کۆمەڵەیەدا بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراونەتەوە.

لە ساڵانی 1924 تا 1954 لە فەرەنسەو بە زمانی فەرەنسی چەند هەوڵێکی تری سەرنەکەوتو بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو کارەکانی ماركس و ئنگلز درا. وەرگێڕانەکانی ژ. مولیتور کە بەرئەنجامەکەی نۆ بەرگی بەرهەمی فەلسەفی، سیانزە بەرگی بەرهەمی سیاسی، هەشت بەرگی بەرهەمی ئابوری، چوار بەرگی سەرمایە، هەشت بەرگی بەرهەمی ئینگلز، بەرگێکی هەژاری فەلسەفە بەرگێکی رەخنەی ئابوری سیاسی، یانزە بەرگی نامەکانی لێ کەوتەوە، وەرگێڕانێکی سەرنەکەوتو و تەماری دەقەکانیش بێ رەخنە بون. ئەم کۆمەڵەیە، ئێستا، خۆشبەختانە لە یاد کراون. بە پێچەوانەوە ئەوەی لە ئینگلتەرەو وڵاتە یەکگرتوەکان بەناوی "کتێبخانەی ماركس لە بڵاوکراوەی پلیکان"دا نمونە کاری جیدین. وەرگێڕانەکانی وردو ئەمینن و ژمارەکانیش رەخنەیین، ئەم کۆمەڵەیە بریتیە لە هەشت بەرگ، سێ بەرگی سەرمایە، بەرگێکی گروندیسە، سێ

بەرگی هەڵبژاردە نوسراوی سیاسی، بەرگێکی بەرهەمە بەراییەکانی ماركسن. هەر یەكێك لەم بەرهەمانە پێشەكیەكی گرنگی بۆ نوسراوە، بۆ نموونە پێشەكی كارە بەراییەكانی نووسینی *لوچوكولتیە*، پێشەكی بەرگەكانی سەرمایە نووسینی *ئیرنست مەندلە*.

هەوڵەكانی تر لە لایەن *ماكسیمیلین و بلاوكەرەوەی گالیمار* لە فەرەنسادا كراوە، بەرهەمەكانی ماركسیان لە كۆمەڵە كتێبی *پلیاددا* بلاوكردەوە، تا ئێستا چوار بەرگ كە هەریەكەیان زیاد لە هەزار لاپەڕەیە، دەق و یاداشت و شەرحیان لەسەر كراوە بلاوبونەتەوە. لە دوو بەرگدا بەرهەمە ئابووریەكانی مارکس و لە بەرگێكیاندا بەرهەمە فەلسەفیەكانیەتی، بەرگی یەكەمی بەرهەمە سیاسیەكانیشی چاپ كراوە كە لە ساڵانی *1848* تا *1854* نووسیویەتی بریارە دوو بەرگی تریشی لێ بلاوبكرێتەوە.

وەرگێڕانی ئینگلیزی بەرهەمەكانی مارکس و ئنگلز لە ساڵی *1975*دا لە بەرلین، مۆسكۆ، لەندن و نیویورك بلاوبوەوە. لە دەیەی *1990*دا لە پەنجا بەرگدا كۆتایی هات. ئەم كۆمەڵەیە لە چواربەشدایە:

1–هەموو كتێب و وتارەكانی مارکس و ئنگلز بێجگە لە سەرمایەو یاداشتە ئابوریەكانی ماركس.

2–سەرمایەو هەموو یاداشتە ئابوریەكان.

3–هەموو نامەكانیان.

4–یاداشتە پەراگەندەو دەفتەری لێكۆڵینەوەكانیان.

ئەوەی لەم كۆمەڵە بەرهەمەدا مایەی ئازارو ناخۆشیە ئەو یاداشتانەن كە بۆ روون كردنەوە بەهەمان لێكدانەوەی دوگماتیكیو ئایدیۆلۆژێكی واتا لە دیدو بۆچوونی لینین و ستالینەوە ئامادە كراون. پێش ئەم كۆمەڵەیە، هەڵبژاردەیەكی سێ بەرگی لە گرنگترین نووسینی مارکس و ئنگلز لە مۆسكۆ، بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بلاوكرایەوە كە بەشی خۆی رێنماییەكی چاكە، هەڵبەتە بە هەمان ئەو یاداشتە ئازاراویانەوە كە باسمان كرد.

سەرچاوەكان:

1–سيرة حياة كارل ماركس– دار الفارابي.

2–ماركس و سياست مدرن: بابك احمدى.

کارل ماركس

(1818-1883)

- سەمیر یوسف
- و. لە عەرەبییەوە: لاوكۆ

لانی كەم بەهۆی سستی و تەمبەڵیەوە نەك هەستكردن بە هەڵخەڵەتاندن و نائومێدی، تا ئێستا سەردانی گۆڕی "كارل ماركس"م نەكردووە. ئەگەرچی بۆ ماوەی شەش ساڵ دەچێت لە ناوچەیەكی نزیك بە گۆڕستانی "های گیت" نیشتەجێم و، تەرمی ئەویش لەوێدایە.

بەڵام هەر دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم ژیاننامە تازەیەی بوومەوە كە نووسەری ئینگلیزی "فرانسیس وین" نووسیویەتی، بۆم دەركەوت دواجار ئەم پیاوە لە زۆربەی ئێمەومانان بەدترو خراپتر نەبووە. هەنووكە چەند ئارەزووی ئەوە دەكەم چەپكێك گوڵ هەڵگرم و رووەو دیاری بكەومە ڕێ.

وەك هەموو خەڵكی، ژیانی شەخسی "كارل ماركس" دابەشە لە نێوان ساتە خۆش و ناخۆشەكاندا. یەكەمین شتێ لە ژیانی ئەودا جێی سەرنج بێت ئەوەیە لە بنەماڵەیەكی بۆرژوازی یەهودی چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو، باوكی ئومێدەوار بووە منداڵەكانی بە جۆرێك پێ بگەیەنێت، لە بارگرانی ژیان بە دوور بن و وەك هاوڵاتی پلە دوو نەگوزەرێنن. هەر بۆیە دەست بەجێ پەیڕەوی ئایینی رەسمی دەوڵەتی ئەڵمانی دەكات، واتە دەبێتە پرۆتستانتی مەزهەب. شایەنی باسە تەواوی هاوڵاتیانی ئەو شارەی "ماركس"ی تێدا لە دایك بوو كاتۆلیك مەزهەب بوون. گەر بێینە سەر چیرۆكی خۆشەویستی "ماركس"، دەبینین بەو حیكایەتە كلاسیكیانە دەچێت كە تیایدا لاوێكی دەست كورت و هەژار عاشقی كچێكی دەوڵەمەند دەبێت.. قسەی گفتە شیرینەكانی ماركس شازادەی پروسی "جوانا برتا جینی ڤۆن و سیستڤاڵن" لە خشتە دەبەن، ئەو شازادەیەی لە دوای حەوت ساڵ پەیوەندی رۆمانسی

به خاتوو "جینی مارکس" ناو دەردەکات و، دەبێتە یەکەمین و دوایەمین هاوسەری ئەو پیاوە بەناوبانگە.

بێگومان ئەم لاوە بەپێی ئەو وەسفەی "موسا هیس"ی هاوڕێی دەیکات، لە کەسایەتی خۆیدا "ڕۆسۆ" تا "ڤۆلتێر" تا "هولباخ" بۆ "لیسینگ" تا "هیگڵ" و "هاینە" کۆدەکاتەوە. ئەمەو سەرباری ئەو خەونە سادەیەی بۆ گۆڕینی جیهان هەیبوو، توانی سەرنج و ئارەزووی شازادە "جینی" بەلای خۆیدا ڕاکێشێت بۆ ئەوەی لەگەڵیدابێت تەنانەت "جینی" جارێکیان بۆ ئەوەی پێکەوە بمێننەوە ئارەزووی ئەوەی کردبوو: "مارکس" نەخۆشی سەر جێگا بێت، بۆ ئەوەی ئەم بتوانێت چاودێری بکات و شەوانە بەدیاریەوە دابنیشێت. لە ڕاستیشدا "جینی" بە درێژایی ژیانی لەگەڵیدا مایەوەو جێی نەهێشت. هێندەش بەدەست نەهامەتی و بارگرانی ژیانەوە چەشتی، هێندە بە خۆشی نەژیا.. ئەوەی "جینی" کردی تەنها ئەوانە دەیانتوانی هەڵکەن لەگەڵیدا کە زۆر دڵسۆزو لە خۆ بوردەن.

تەنانەت ئەم خانمە خانەدان و خواپێداوە ناچار بوو فێری ژیانی کۆچ و کۆڵ بە کۆڵ بێت و، لە ئەڵمانیاوە بچێت بەرەو فەرەنساو لەوێشەوە بەرەو بەلجیکاو بەریتانیا بکەوێتە ڕێ. لەو ماوەیەشدا دێوەزمەی هەژاری و نەداری و بێ پارەیی زیاتر بەرۆکی پێ گرتن، بە تایبەت کاتێك ناچار بوون بەوەی لەگەڵ منداڵەکانیاندا ژیانی پەناهەندەیی بژین لە گەڕەکی "سوهو"ی شاری لەندەندا.

ئەم شۆڕشگێڕە ڕادیکاڵە وازی لەوە هێنابوو پیشەو کارێکی بەکەڵك بکات تا خۆی و خانەوادەکەی لەو هەژاریە قوتار بکات و، تەواوی کاتی خۆی بۆ نووسینەوەی کتێبە سەرەکیەکەی (سەرمایە) تەرخان کردبوو کە زیاتر لە تەلیسمێك دەچوو. لە پای ئەمەدا "مارکس" جارێکیان ناچار بوو بە زۆر خانوەکەی چۆڵ بکات و، پەنابەرێتە بەر ماڵە دراوسێیەکی نزیکیان. چەند جارێکیش خۆیان لەناو ئەو خاوەن قەرزە توڕانەدا بینیوەتەوە کە چواردەوریان داون. تەنانەت کار گەیشتە ئەو ئاستە نزمەی "جینی" ناچار بوو بچێتە هۆڵەنداو، بەسەر هەردوو قاچی خاڵی "مارکس" "لیۆن فلیبس"ی سەرمایەداردا بکەوێ و داوای یارمەتی لێ بکات.

بەڵام ئاخۆ دەبێت "مارکس" لەو ماوەیەدا کە هاوسەرەکەی لە ماڵ نەبووە چی کردبێ؟

بەڵێ، ئەو کارەی کرد کە زۆربەی پیاوان دەیکەن، کاتێك تەنها دوو بە دوو لەگەڵ خزمەتکارێکی شۆخ و شەنگی وەك "هلن دلموث"دا دەمێنێتەوە. لە کاتێکدا هاوسەرەکەی بەردەوام دادو بێ دادی بوو لە دەست ئێش و ئازاری سك کردن و منداڵ بوون، "هلن دلموث" توانی "مارکس" فریو بدات و سکی لێی پڕ ببێت. ئاکامی ئەو پەیوەندیەش منداڵێکی ناشەرعی لێکەوتەوە کە لە گەڕەکە میللیەکانی شاری لەندەندا ژیاو هەر لەوێشدا مرد.

بێگومان ئەم کارە بووە مایەی توڕەیی "جینی"، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە تەنگ ناوبانگی "مەسەلەی" چینی کرێکارانەوە بوو کە مێردەکەی ڕێبەرایەتی دەکرد گوێ بیستی ئامۆژگاری "مارکس" و هاوەڵەکانی بوو، بەوەی پێویستە بێدەنگی لەو کارە بکات و باسی نەکات.

مادامەکی لە سەروبەندی باسکردنی ئەو خزمەتکارەداین، ئەوەی زۆر جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی "مارکس" بەدەست هەژاریەوە گیرۆدە بوو، بەڵام توانیویەتی وەکی خەڵکانێکی حاڵ و گوزەران باش خزمەتکارێك لە ماڵەکەیدا ڕاگرێت. بەڵام بەو جۆرەی "فرانسیس وین" بۆمانی دەگێڕێتەوە، مەسەلەکە جێی سەرسوڕمان نییە. چونکە هەژاری مارکس ئەو هەژاریە نەبووە کە هەژاران بەدەستیەوە گرفتار بوون بەڵکو هەژاری دەوڵەمەندەکان بووە. جیاوازیەکی

زۆریش لە نێوان ئەم دوانەدا هەیە. بەپێی ئەو ژمارانەی "وین" لەم کتێبەدا باسی دەکات ئەو پارەیەی بە "ماركس" بووە تەنانەت لە ناخۆشترین ساڵدا، ئەوەندە بووە کە ژیانێکی ئاسوودە بۆ خێزانێکی چینی ناوەند مسۆگەر بکات.

کێشەکە لەوەدایە کە "ماركس" زۆر بە تەنگ رواڵەتەوە بووە، بۆیە نەیتوانیوە دەست بەرداری ئەو شێوە ژیانە بێت کە خۆی و هاوسەرەکەی لە سەری راهاتوون و، رێگر بووە لەوەی بتوانن وەك ئەوانەی لە خوار خۆیانەوەن بگوزەرێنن. هەر ئەمەش ناچاری کردن هەرچی شتی بەنرخ و گرانیان هەیە بیخەنە رەهنەوە.

سەرەڕای ژیانی شۆڕشگێڕی و پەناهەندەیی بوەیهمی کە تیایدا ژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "ماركس" بە تەنگ دوارۆژی کچەکانیەوە بوو. بۆیە دەیویست بە شێوەی چینە خانەدانەکان پەروەردەیان بکات، تا شایستەی ئەوەبن بە شێوەیەکی گونجاو و لەبار شوو بکەن و خێزان دروست بکەن. کەچی بۆ بەدبەختی ئەو، ئەوانیش هاوسەرەکانیان لەو شۆڕشگێڕە لێهاتوانە هەڵبژارد کە لە شێوەی "ماركس" بوون.

گەر بێینە سەر هاوڕێیەتی، ئەوا بێگومان "ماركس" لەم رووەوە زۆر خۆش بەخت بوو. لەبەر ئەوەی "فردریك ئینگلز" باشترین هاوڕێیەکە کە مرۆڤ تووشی بێت، ئیتر لەکاتی خۆشیدا بێت یان لەکاتی ناخۆشیدا.

"ئینگلز" لە پاڵ ئەوەی پشت و پەنای "ماركس" بوو لە شۆڕشدا، هاوکات دەست بەرداری کاری رۆژنامەنووسی و ژیانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووی خۆشی بوو لە لەندەنداو رووبکردە مانچستەر، بۆ ئەوەی لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە (واتە لە کۆمپانیاکەی باوکیدا) دەست بەکار بێت و، لەوێوە زانیاری نهێنی دەربارەی بازرگانی لۆکەو راو بۆچوونی شارەزایان لە بازاڕەکانی جیهاندا بگەیەنێتە هاوڕێکەی. لەوەش گرنگتر رەوانە کردنی پارەی پێویست بوو بۆ خۆی و خاو و خێزانەکەی. تەنانەت لە هەموو ئەمانەش گرنگتر بڕی ئەو پارەیەیە کە "ئینگلز" توانیویەتی رەوانەی کات بۆ "ماركس"ی هاوڕێی، بێ ئەوەی بەرپرسانی کۆمپانیاکە پێی بزان. لەیەکێك لە نامەکانیدا "ئینگلز" شانازی بەوەوە دەکات کە ساڵێك توانیویەتی بدات لە نیوەی قازانجی باوکی. بەڵام لە خۆبوردویی "ئینگلز و دەست و دڵفراوانی بەردەوامی ئەو، بەس نەبوون بۆ ئەوەی "ماركس" لەو تەنگانە مادیەی رزگار بکەن کە تێی کەوتبوو. جارێك لە جاران "ماركس" دەیەوێت زیوی خێزانەکەی بخاتە رەهنەوە، کارێك کە بووە مایەی گومان لێکردنی لە لایەن پیاوانی پۆلیسەوە. چونکە بڕوایان نەدەکرد پەناهەندەیەکی دەست کورتی وەك ئەو، خاوەنی شتێکی بەنرخی لەو جۆرە بێت. بۆیە ناچار بوو شەوێك لە زیندانداا بەسەر بەرێت، تا ئەو وەختەی بێ تاوانیی خۆی سەلماند.. جارێکی تر کاتێك قەرزی لەسەر کەڵەکە بوو بوو، داوایەکی پێشکەش بە کۆمپانیایەکی گواستنەوە کرد تاوەك کاتبێك لەوێدا کار بکات. بەڵام بەهۆی خەت ناخۆشیەوە سەرکەوتوو نەبوو. زۆری نەخایاند قەدەر بەدەم ئەم تێکۆشەرەی خەباتی چینایەتی و خێزانەکەیەوە پێکەنی.

ئەو میراتیەی دەمێك بوو چاوەڕێی بوو بێ ئەوەی دەستی بکەوێت، لەبەر ئەوەی دایکی زیاد لە پێویست ژیا، کارێك کە بووە مایەی بێزاری "ماركس" هەر نەگەیشت. بەڵام لە جێگەی کی ئەوە و بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ و شتێکی چاوەڕوان کراوبێت، دەستی کەوت. ئەویش لەلایەن یەکێك لە هاوڕێ دڵسۆزەکانیەوە بوو بە ناوی "فلیهلم ۆڵف"ەوە. "ۆڵف" لە دوای مردنی بڕێك پارەی وای

بۆ "ماركس" بەجێهێشت رۆژێك لـە رۆژان بـە بـیری‌دا نەدەهات كە لە نووسینەكانی چنگی بكەوێت.

"مـاركس"یش لـەلای خۆیـەوە ئـەو هەڵوێسـتە جوامێرانەی هاوڕێ كۆچكردووەكەی لـە یـاد نـەكردو، بەشی یەكەمی كتێبـی (سـەرمایە)ی پێشـكەش كـرد: (پێشكەشە بە هاوڕێی لە یاد نـەچووم فلیـهلم ۆڵـف. پێشـڕەو و دڵسـۆزو سەرپەرشـتیاری خانـەدانی پرۆلیتاریا). چۆن نابێتـە سەرپەرشتیاری پرۆلیتاریـا لـە كاتێكدا ئـەو بڕێك پـارەی وای بـە مـیراتی بـۆ بانگخوازی یەكەمی ئەو ڕێبازە جێهێشتبێ كـە بـەس بێـت بـۆ چـاككردنی ماڵەكـەیی و سـەرلەنوێ ڕێكخستنەوەی بە كەلوپەلی تازەو، سەرەڕای كڕینـی چەند ئاژەڵێكی ماڵی بۆ منداڵەكانی: سێ سەگ و دوو پشـیلەو، دور بـاڵندە؟ بێگومـان ژیاننامەیـەكی لەمجۆرە دەربارەی ژیانی "مـاركس" نـە ئەوانـە رازی دەكات كـە خۆشـیان دەوێـت، نـە ئەوانەشـی رقیـان لێیـەتی. لەبـەر ئـەوەی ئەوانـەی خۆشـیان دەوێـت یـاخود لەسـەر خۆشەویسـتنی ئـەو مـاون، ئـەم ژیاننامەیەی وەها دەخوێننەوە وەك ئەوەی هەوڵێكی (بـورژوازی) بێـت بـە مەبەسـتی بچووككردنـەوەی فەلسـەفەی "مـاركس" و دەسـتكەوتەكانی. هـەرچی ئەوانەشە خۆشیان ناوێت و رقیـان لێیـەتی، ئەوانـەی دەست لـەوە ناكێشـنەوە كـە بەرپرسیاری كـەن لـەو تاوانانـەی بـەناوی فەلسـەفەكەیەوە كـراوە، حـەزیان بـەوە نییـە "مـاركس" وەكـی پیـاوێك لـە گۆشـت و خوێن نیشان بدرێت. راستە نووسەری ئەم كتێبە ئـەو هەلە لە دەسـت خوێنـەران نـادات تـا بـە فەلسـەفەی "مـاركس"و، ئـەو مێـژووە كۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیریە ئاشنا بن كـە تیـایدا لـەدایك بـووە. بـەڵام لـەوەدا كـە تەنها هێڵە گشتیەكانی ئەو مەسەلەیەی باسكردووەو، لـە لایـەكی تـرەوە خـۆی بـە دوور گرتـووە لـەوەی بەڵگەی رەخنەیی دوورو درێژ لە بەرژەوەندی یـان لـە دژی "مـاركس" بهێنێتـەوە، بـەم كـارەی خزمـەتێكی گەورەی كردووین. چونكـە لـەمڕۆدا چـیرۆكی سـەرنج راكێشـی ژیـانی "مـاركس" شـتێكی ئـەوەندە گـەورە ناگەیـەنێت، گـەر بێـت و بـە سـەلماندن و سـاغ كردنەوەی دروسـتی و نادروسـتی تێزەكـانی بارگـاوی بكرێت. جێی خۆیەتی بڵێین گەر لەمڕۆدا پاساوێك بۆ سـەرلەنوێ نووسـینەوەی ژیاننامـەی "مـاركس" هەبێت، ئەوا دەبێت بەو جۆرە بێـت كـە وەك پیـاوێك لـە گۆشـت و خوێـن وێنـەی بكێشـێت. ئـەو بۆچوونـە مێژوو بەجێی هێشـت كـە دەڵێـت: ئـەو خانـەدانترین كەسێك بووە پێی خستۆتە سەرزەمین، وەك هەندێك لە شوێن كەوتواونی دەیانوت. یـاخود ئـەو بۆچونـەی پـێی وایـە ئـاژاوە دروسـتكەری نـاو خـەڵك و بانگەشـەكەری پشـێوی و مـاڵوێرانی بـووە، وەكـی نەیارەكانی باسیان كرد.

هـەرچیش پـەیوەندی بـە فەلسـەفەكەیەوە هەیـە ئەوەندە بەسە كە بەم دوایانە ئەوانەی لەسەر مـیراتی ئـەو ناكۆكن جارێكی تـر هێنایانـەوە بـەر بـاس و لێكۆڵینـەوە. ئیـتر ئەمـە بـەو شـێوەیە بێـت كـە "فۆكۆیامـا"ی خـاوەنی (كۆتـایی مێـژوو) پـێی گەیشت، یان بەو چەشنە بێت كە "ژاك دێریـدا" پـەی پێ برد لە موناجاتكردنی تارمـایی ئـەو فەیلەسـوفەی بـەر لـە سـەدو ئـەوەندە سـاڵ ئـەم جیهانـەی جێهێشتووە.

سەرچاوە:

سمیر الیوسف: سیرة كارل ماركس كرجل من لحم و دم
جریدة (الحیاة)– العدد (13287)– تشرین الاول/ 1999

ماركس ڕێبازێك پێشكەش دەكات

● وەرگێڕانی: ئەكرەم قەرەداخی

ماركس پیاوێك بوو، هەرگیز رەچاوی ئەوەی لێ نەدەكرا شۆڕشێك بەرپا بكات، ریشێكی درێژ، جل و بەرگێكی شڕ، لە گەڕەكێكی هەژاری لەندەندا دەژیا، بە دورخراوەیی لە وڵاتەكەی خۆیەوە (ئەڵمانیا) هاتبوە ئەوێ بە كوێرەوەری لەسەر ئەو وتارانەی بژی كە لە ڕۆژنامە بەریتانیە ئازادەكاندا دەربارەی كاروبارەكانی دەرەوە بڵاوی دەكردنەوە.

ڕۆژانە دەچوو بۆ مۆزەخانەی بەریتانی و لەوێ كتێب و بڵاوكراوەكانی دەپشكنی و بەناویاندا دەگەڕا و زۆر بە وردی و بەردەوامیەوە وردە وردە نهۆمەكانی تیۆریە شۆڕشگێڕیەكانی بینا دەكرد.

كارل ماركس شۆڕشگێڕ بوو. نەك تەنها لەبەر ئەوەی بانگی خەڵكی دەكرد و ریزەكانیانی بۆ شۆڕشێكی توندوتیژ ڕێك دەخستن. یا لەبەر ئەوەی شۆڕشەكان بەناوی ئەوەوە بەرپا دەبوون و سەركەوتنیان بەدەست دەهێنا. بەڵكو لەبەر ئەوەش بوو كە لە پاشتردا نوسینەكانی كاریگەرییەكی قوڵیان كردە سەر هەموو هزرێكی رامیاری و ئابوری.

ماركس بیری بەهێز بوو چونكە بە ژیری و زیرەكی روانینەوە پشتی بە سەرنجدانی ئەو ژیانەی دەوروبەری دەبەست، بیریشی سنور دابوو لەبەر ئەوەی هەر ئەوەندە راستیەكانی دەدی كە كات و شوێن و ئارەزوەكانی ڕێگای بینینیانی دەدا.

ئەو راستیانە بارودۆخە پڕ لە ئازارەكانی ژیان بوو لە ڕۆژە قێزەوەنە هەرە ناخۆشەكانی شۆڕشی پیشەسازی. ماركس دراوسێكانی خۆی لە گەرەكە هەژارەكانی لەندەندا دەدی كە چۆن لە بێ دەرەتانی و كوێرەوەریدا دەژین، و لە كولان و كوخە پیسەكاندا بەسەر یەكدا دەترشێن و تا بێ هۆشیش دەبن كاردەكەن.

ماركس ئاگاداری ترس و بێ چارەیی و دەستەوسانی كرێكاران بوو وەك قوربانیانی ئابورییەك كە بە هەنگاوی توندوتیژ تا دەهات فراوان دەبو، ئابورییەك كە خاوەن كارگەكان بە هۆیەوە بەسەر ئەو حكومەتەی ئەوان لە سایەیدا دەژیان، زاڵ بوون.

لە پاشتردا بە نیو سەدە، بارودۆخ لە روسیادا وەك ئەو بارودۆخە بوو، بەڵكو ئەو بارودۆخە بە پلەیەك زیاتر یا كەمتر لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ماوەی

گواستنەوەیان لە ئابوری کشتوکاڵیەوە بۆ ئابوری پیشەسازی دەبری، وابوو.

مارکس؛ پاش ئەوەی بە لێهاتویی و سۆزەوە ئەو ئازارە مرۆڤیانەی لێکدایەوە، بنچینەیەکی پتەوی بۆ بانگەوازەکەی دانا، و رای گەیاند کە رێبازێکی دۆزیوەتەوە بەهۆیەوە سەردەکەون و کوێرەوەری لەناو دەبەن.

لەگەڵ ئەوەشدا مارکسیزم شتێکی زۆر لەوە گەورەتر بوو کە تەنها بانگەوازێك بێت بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو زۆرداریە توندوتیژەی سیستمی کارگەکان پەیڕەویان دەکرد، تەنانەت لەوەش گەورەتر بوو کە تەنها بانگەوازێك بێت بەرەو سوشیالیزم.

"روبرت ئۆین" و زۆربەی فەیلەسوفە ئینگلیزی و فەرەنسیەکان چارەسەری ئەمەیان کردبوو، بەڵام مارکس ئەوانەی بە خەیاڵی و ئایدیالی دادەنا چونکە ئەوان بانگی خاوەن کارگە بە دەستەڵاتەکانیان دەکرد کە تواناو داراییان لەگەڵ خەڵکیدا بەش بکەن، لەم بارەیەوە مارکس وتی: لەوانەیە هەندێك کەس هەبن تا ئەم رادەیە قوربانی بدەن. بەڵام سەرتاپا چینێك ئامادە نیە ئەم کارە بکات.

هەروەك چۆن "داروین" شێوازی پەرەسەندنی لە رەوتی ژیاندا دەدی، هەر بەو شێوەیە مارکس هێزێکی وەك ئەوەی دەدی کە لە مێژوی ئابوریدا کاردەکات، ئەو وای دەدی کە ئەم هێزە تا رادەیەکی زۆر رووداوەکانی داهاتو دەستەبەر دەکات.

مارکس بڕوای بە راستی تیۆرەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی "هیگڵ" هێنابوو. کە بڕوای وابوو هەموو بیرۆکەیەکی مەزن لە مێژودا بیرۆکەیەکی نەیار بۆ خۆی پەیدا دەکات و لە کاتێکدا هەردوو بیرۆکەکە کێ بەرکێی یەکەمی دەکەن، بیرۆکەیەکی سێیەمی ئاوێتەیان لێ پەیدا دەبێت کە راستیەکانی هەردوکیان لە ئامێز دەگرێت، ئەم بیرۆکە ئاوێتەیەش بە دەوری خۆی دەبێتە بیرۆکەیەکی نوێ، و کردارەکە سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوەو لە هەموو جارێکیشدا بیرۆکەیەکی پاکژتر و تەواتر لەوەی پێشو لە دایك دەبێت. هیگل ئەمەی ناونا "دیالێکتیکی لۆژیکی".

لە پاشتردا مارکس وای راگەیاند کە "هیگڵی لە تەوقە سەرەوە هەڵگەڕانۆتەوە". چونکە ئەو بڕوای وابوو کە هۆکاری زاڵ بەسەر پەرەسەندنی مێژوی کۆمەڵدا گواستنەوەی هێزە ئابورییەکانە نەك کارلێکی بیرۆکەکان. چونکە جۆرێك لە جۆرەکانی رێکخستنی ئابوری چینێکی کۆمەلایەتی بۆ سەرچاوەی دەستەڵات و هێز بەرز دەکاتەوە کە هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی تایبەت بەو هێزەیانەوە بە دەستەوە دەبێت. مارکس وتی ئەم چینە بەهۆی هێزە ئابورییەکەیەوە بەسەر هۆکارە سیاسیەکانی کۆمەڵدا زاڵ دەبێت، ئەم چینە سیاسیەش هیچ عەیبەیەك لەوەدا نابینێت کە هێزە سیاسیەکەی بۆ پتەوکردنی دەستەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت. هەرچی چۆنێك بێت سنوری ئەو دیموکراسیەی دانراوە و هەموو هونەرەکانی کۆمەڵ و رۆشنبیری و رەفتاریشی بە شێوەیەکی گشتی دەبنە ئاوێتەی حەزو ئارەزوو و پێداویستیەکانی چینی دەستەڵاتدار و هەموشیان بەندن بەو رێچکە ئابورییەی کە دەستەڵاتی بەو چینە بەخشیوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، هەموو سیستمێکی ئابوری لەو جۆرە "ناکۆکیە ناوەکیەکان" هەروەك مارکس ناوی ناوە، لە ناوخۆیدا هەڵدەگرێت و بەهۆی گۆڕانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و چاککردنی هۆیە هونەریەکانەوە، بەردەوام گەشە دەدات بە چینێکی ئابوری نوێ، کاتێك ئەم چینە نوێیە لە هێزو ژمارەدا گەشە دەکات، داوای بەشێکی زیاتر لەو قازانجانە دەکات کە لە چاککردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە دەست دەکەون، ئەوکاتە چینە دەستەڵاتدارە کۆنەکە بەرهەڵستی دەکات. لە سەرەتادا سەپاندنی

دەستەڵاتەکانی دەوڵەت بەسەریاندا، لە پاشتردا ئەگەر زانی ئەم ڕێبازە سودی نیە ڕوودەکاتە توندوتیژی و سەرکوتکردن.

مارکس دەڵێت ئەمە کارێکە سوشیالیستە ئایدیالییەکان هەرگیز لەوەپێش درکیان پێ نەکردووە.

لە بەرامبەریشدا توندوتیژیش ڕێبازێکی سەرەکی دەبێت بۆ ئەوەی چینە ئابوریە پەیدابوە نوێیەکە بەرژەوەندییەکانی خۆی پێ بپارێزێت و هەوڵ بدات ئەو پایە بەهێزە بەدەست بهێنێت کە خۆی بۆ ئامادە کردوە، لەمەوە شۆڕش بەرپا دەبێت، ئەوکاتە ئەو شۆڕشە توندوتیژە وەك ئەو مامانە وایە کە لە دایکبوونی هەموو ڕژێمێکی نوێ ئاسان دەکات، بەم شێوەیە سوڕەکە، پاش داکوتاندنی بناغەی ڕژێمە نوێیەکە سەرلەنوێ دووبارەو دووبارە دەبێتەوە..

ماركس لە مێژووی خۆرئاوادا نمونەیەکی تەقلیدی ئەم شێوازەی لە گواستنەوەی کۆمەڵگەی دەرەبەگی بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەدی.

ماركس هەمیشە ڕای وابوو کە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەرەبەگی هەمیشە بە ئاراستەی ئامانجێکی سەرەکیدا هەنگاو دەنێت، ئەویش بەستنەوەی جوتیارە بە زەویەوە بۆ ئەوەی لە پێناوی بەرژەوەندی ئەو کەمایەتیەی خاوەنیەتی بەکاربێت.

لە پاشتردا چینێکی نوێ لە بازرگان و خاوەن پیشە دێنە ئاراوە کە دەست بەسەر هۆیە نوێیەکانی بەرهەمهێناندا دەگرن (سەرمایەو کارگەکان). گومان لەوەشدا نیە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمانیش بەرەنگاری بەرژەوەندی دەستەڵاتە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان دەبێتەوە کە لەسەر خاوەندارییەتی زەوی دامەزراون.

هەمیشە خاوەن زەوی بایەخ بە ڕژێم و سەقامگیری دەدات، ئەو ڕژێمە دەرەبەگیە ئۆرۆستوکراتیەی ئەو بارودۆخەی بۆ دەپارێزێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆیلەکانیەوە بۆ دەستەبەر دەکات، هەرچی بۆرژوازییەکەشە لەسەر ئەوە سور بوو کە مافی خۆیەتی لە هەر کوێیەك بێت کرێکار بە کرێ بگرێت و بازرگانی خۆی گەشە پێ بدات، و بۆ ئەوەی ئەم مەبەستانەی بهێنێتە دی لە پێشدا پشتی پادشای دەگرت بەرامبەر بە نۆبڵەکان، لە پاشتردا داوای دەکرد کە پێویستە دەنگێکی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا هەبێت و لەمەدا دژایەتی پادشای دەکرد، و لەبەر ئەوەی دانیشتوانی شارەکان لە ژمارەدا لە چینی ئۆرستۆکراتی زیاتر بوون بۆیە بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە داواکارییە سیاسیەکانیان ڕێك بخەن، داوای حکومەتێکی دیموکراسی بکەن کە نوێنەری گەل بێت، بەوەش سۆزی چینەکانی دیکەشیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا.

بەرئەنجامی کێشەکە لای ماركس هەمیشە ئەوە بوو کە بۆرژوازییەت بە ڕێبازە توندوتیژەکان ڕژێمی کۆمەڵایەتی ئۆرۆستوکراتی دەخات، دەیوت کە شۆڕشی فەرەنسی باشترین نمونەی ئەمەیە.

بەڵام "بیرۆکە نوێیەکە" بەپێی لێکدانەوە شیکارییەکەی ماركس بە وەستاوی و نەگۆڕی نامێنێتەوە، بەڵکو دەستبەجێ، بیرۆکەی دژ بەخۆی دەهێنێتە کایەوە و ئا بەم شێوەیە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە، هۆکارە ئابوریە چالاکەکان لە شۆڕشی پیشەسازیدا پێویستی بەوە بوو بۆ نمونە: بەردەوام سەرمایە زیاد بێت بۆ دروستکردنی کارگەی فراوانتر و گەورەتر بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی باشتر بێت، لەبەر ئەوە وای لێ دێت ئەو کەسە کەمانەی کە ئەو سەرمایە زۆرەیان هەیە دەبنە چینی فەرمانڕەوای نوێو لەبەردەم ئەم جۆرە ئابورییە نوێیەی

کۆمەڵیشدا هیچیان بۆ ناکرێت، ئەوەندە نەبێت کە "گۆڕ هەڵکەنی" خۆیان دروست بکەن، ئەویش چینی نەیارەکانیانە، کە لە کرێکاری کارگەکان پێکدێت و رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان زیاد دەکات.

مارکس سەیری کرێکارانی دەکرد کە رۆژ بە رۆژ ژمارەیان بە هۆی زۆری منداڵبون و زۆری ئەو گوندنیشنانەی دەچونە پاڵیان زیادی دەکرد، وا سەیری دەکردن کە بە لێشاو هەموو بەرەو "ورگە" برسیەکەی دەستەڵاتە پیشەسازییەکانی خۆرئاوا لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەبرێن. ئەو هەمیشە رای وابوو کە چینە سەرمایەدارە نوێیەکان -خاوەن کارگەکان - هیچ ئامانجێکیان نیە جگە لە قازانجی خۆیان نەبێت، ئەو "مەرانە" واتە کرێکارەکان کە هیچ زەوییەکیان نیە بەکاردەهێنن.

هەروەها رای وابو کە پیشەسازیە گەشەکردوەکان وردە وردە دەگۆڕێن بۆ دەست بەسەراگرتن و قۆرغ کردنی دەستکەوتەکان. موچەش ژیانێکی کولەمەرگی زیاتر بۆ کرێکارەکان دابین ناکات.

مارکس رای وابوو کە پیاوانی کارە بچوکەکان ناچاردەبن کە کارەکانی خۆیان بپێچنەوەو پاڵبدەن بە چینی کرێکارەوە، لەبەر ئەوە ناتوانن بەرەنگاری ئەو هێزە ئابوریە بە توانایە بکەن کە خاوەن سەرمایە هەیەتی. ئیتر وردە وردە کۆمەڵگەش دابەش دەبێت بۆ دوو چینی ناکۆکی نوێ، ئەوانەش چینی کرێکاری قوربانی دەرو چینی خاوەن سەرمایەکانە کە دەیان چەوسێننەوە و ئازاریان دەدەن.

مارکس راشی وابوو کە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە ئابوریانە رووەدەن و لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە ئاشکرا دیاربوون کۆمەڵێك ناکۆکی لەناو چینی سەرمایەداریدا هەیەو دەیوت ئەو رێبازە پیشەسازیە نوێیانە دەتوانن ئەوەندە بەرهەم بهێنن کە لە بەکارهێنانی چینی سەرمایەدار خۆی زیاتر بێت، و زۆر زیاتریش لەوەی توانای کرینیان هەبێت، و دەیوت "دەردی بەرهەمهێنانی زیاتر لە پێویستی" دەبێتە ناڕەواجی لە بازاڕدا، لە پاشدا ئەمەش دەبێتە هۆی بێکارییەکی زۆر و پەیداکردنی زۆرانبازی چینایەتی نوێی نێوان کرێکارو سەرمایەدار بە شێوەیەکی خێراتر و دەبێتە زۆرانبازییەکی تفت و تاڵ.

کاتێك بەرەنگاربوونەوە لەناو ریزەکانی کرێکاراندا بەهێز دەبوو، مارکس پێشبینی ئەوەی دەکرد کە سەرمایەداران دەزگای سیاسی بەکاردەهێنن بۆ لەناوبردنی ئەو بەرەنگاربونەوەیە. کاتێك بۆیان دەردەکەوێت کە ئەم رێبازە ئاشتیانە بەس نین بۆ ئەوەی ئەو کرێکارانە بخەنە ناو سنورەکانی خۆیانەوە ئەوسا سەرمایەداران روو دەکەنە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئەو هێزەی کە لەبەردەستیاندایە.. لەشکر و پۆلیس ئەوکاتە کرێکاران بە توندو تیژی هاواری روخاندنی رژێم دەکەن و داوای دروستکردنی "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا" دەکەن کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەناوی کرێکارانەوە بەدەست دەوڵەتەوە دەبێت.

مارکس بڕوای وابوو کە ئەم شۆڕشە تەنها بەدەست چینێکەوە دەمێنێتەوە، ئەویش چینی کرێکارە، کە هەرگیز لە هیچ شۆڕشێکی لەوە پێشتردا رووی نەداوە، و هەموو چینەکانی دیکەش وردو خاش دەبن. ئەو بڕوای وابوو کە ئیتر پێدوایستی بۆ دەوڵەت خۆشی نامێنێت چونکە دەوڵەت ئامرازێکە بۆ زاڵ بوونی چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا، ئەوەندەی پێناچێت- بەپێی قسەی لینین لەوە پاشتر- کە وردە وردە بچوك دەبێتەوە، شیدەبێتەوە، لە پاش خۆشی -وەك بیرۆکەیەك کە لە دوو بیرۆکەی دژ بەیەك پەیدا بوە- کۆمەڵێکی کۆمۆنیستی دروست دەبێت کە هیچ شوێنەواری چینایەتی تێدا نیەو سەرکەوتنی بەردەوامی رەوتی مێژوو دەنوێنێت.

لـه شـوباتی 1848دا لـه فەرەنسـاو ئـەڵمانیا یەکەمین ئەو شۆڕشانە بەرپا بوو کە لە هـەمان سـاڵدا هەموو ئەورووپای گرتەوە، هەر لـەو مانگـەدا "بـەیانی کۆمۆنیست" بڵاوبۆوە کە کارل مـارکس داینـابوو، لـە راسـتیدا گرنگـترین بڵاوکـراوەی شۆڕشـگێڕیە کـە تـا ئێسـتا لـە جیـهاندا دەرچوبێـت. مـارکس لـەم بڵاوکراوەیـەدا راڤەیـەکی دوورودرێژی بـۆ تیۆرەکـەی خۆی نوسـیوەو بـەم گوزارشـتەش کۆتـایی پـێ هێنـا "کۆمۆنیسـتەکان ئـەوە رادەگەیـەنن بـە ئاشـکرا کـە ئامانجـەکانیان تەنـها بـە هەڵگەڕاندنـەوەی بـارە کۆمەڵایەتیـە دامـەزراوەکان بـە هـێز دێتـە دی، بـۆ ئەوەی سنگی چینە فەرمانڕەواکان بە هەڵگیرسـاندنی شۆڕشی کۆمۆنیسـت بێتـە لـەرزین. لـەم شۆڕشەشـدا کرێکـاران هیـچ نـادۆڕێنن ئـەو زنجیرانـە نـەبێت کـە پێـوەی بەسـتراونەتەوە.. ئـەی کرێکـارانی جیـهان یەکگرن!!"

ئەمـە بانگەشـەیەکی ئاشـکرا و دیـاربوو بـۆ شۆڕشێکی کرێکاری.. هەروەها لە بەیانەکەدا هاتبوو: "بێگومـان لەسـەر کرێکـاران پێویسـتە، لـە هـەموو وڵاتێکدا کـە کاروبارەکانیـان لەگـەڵ بۆرژوازیـەکاندا یـەکالا بکەنـەوە!!" ئـەم قسـانە وا دەردەکـەون هـەروەك بانگەشـەی زۆرانبازییـەکی نیشـتمانی بـن، بەڵام لە راستیدا، بانگەشەی زۆربانبازییـەکی جیـهانی بوون.

لـە پاشـدا بڵاوکراوەکـە دەڵێـت: "کرێکـاران نیشـتمانیان نیـە". ئەمـە مانـای ئەوەیـە مـارکس بانگەشـەی بـۆ ئـەو بیروڕایـە دەکـرد کـە حکومـەتی دەوڵەتەکان لـە سـەدەی نۆزدەهـەمدا تەنـها ئـامرازی سـەرکوتکردن بـوون بەدەسـت سـەرمایەداریەوە.. و بزوتنەوەی کرێکاری نـوێ سـەر بـۆ هیـچ یـەکێك لـەو حکومەتانە دانانەوێنێت.

لەمـەوە (بـە پـێی رای مـارکس) -هاریکـاری لـە نێوان کرێکارانی هەموو وڵاتـەکاندا دروسـت دەبێـت و گەشـە دەکـات، هـەروەها بەشداریشـیان لـە دژایـەتی کردنی حکومەتە نیشتمانیە سەرمایەدارەکانیشدا.

مارکس بڕوای وابو کە سـەرکەوتنی ئـەم شۆڕشـە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هێنانە کایەی کۆمەڵگایەکی جیهانی بێ چین و ئابورییەکی ئاراستەکراو.

چارەسـەرەکانی مارکسیـەت بـۆ ئـەو کێشـانەی نیشـتمانیەت و نەتەوایـەتی دروسـتیان کردبـوو بانگەشەیان بۆ ئەم رێبازە بەهێز دەکەن.

ئەو بڵاوکراوەیە لـە لایـەن کۆمـەڵێکی جیهانیـەوە کـە نوێنـەری فەرەنسـاو بـەلچیکاو ئـەڵمانیاو بەریتانیایان تێدا بو بڕیاریان لەسەردا، لە پاش پـانزە ساڵ دوای ئەوەش مارکس خۆی "کۆمەڵـەی جیـهانی بۆ کرێکاران" -جیهانی دووەم- دروست کرد. بەپێی قسەی یاریدەدەرەکەی ئنگلز مەبەستی لەوە بوو کـە "لەشـکرێکی یـەکگرتووی توندوتـۆڵ لـە چینـی کرێکارانی ئەوروپاو ئەمەریکا" دروست بکات.

واتـە مـارکس نـەك هـەر تیۆرەکـەی بڵاوکـردەوە بـەڵکو پلانێکـی بـۆ شۆڕشـێکی سـپی جیـهانیش راگـەیاند، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: "لێکدانـەوەی کاروبارەکـانی جیـهان، تـا ئێسـتاش، هـەر فەیلەسوفەکان کردویانە ئێستا ئیتر پێویستە رووی جیهان بگۆڕین"

سەرچاوە:

تشستر پولز، "قضية السلام"، ترجمه: جـورج عزيز، دار المعارف بمصر، ص 44-53.

مارکس پاش مارکسیزم

■ بابەك ئەحمەدی

● و. لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

"کاری هەر فەیلەسووفێك چەند گەورەتر بێت (کە بە هیچ جۆرێك بە گوێرەی فراوانی و ژمارەی نووسینەکانی ناپێوری) شتە بیرلێنەکراوەکان لە کاری ئەودا زیاتر دەمێننەوە. مەبەست لە هەموو ئەو شتانەیە کە لە سای کارەکەی ئەوەوە بۆ یەکەمجار هاتوونەتە ئاراوە، بەلام هێشتا شێوەی بیرلێنەکراوەیان بەخۆیانەوە گرتووە".

مارتن هایدیگەر

1-ئایا کارل مارکس زیندووە؟

یۆنسکۆ لە ساڵی *1964*داو لە پاریس کۆنگرەیەکی لەژێر ناوی "کیرکیگاردی زیندوو"دا سازداو، یەکێك لە بەشداربووەکانی ئەم کۆنگرەیە ژان پۆڵ سارتەر بوو. ئەو لە سەرەتای وتارەکەی خۆیدا رایگەیاند کە ناونیشانی کۆنگرەکە نەدەبووایە بۆ فەیلەسووفێکی بە راستی زیندوو بەکار ببرێ. ئەم حوکمە مەجازییە کە کیرکیگارد زیندووە، واتە ئەو بە مانا جەستەییەکە مردووە بەلام بیری زیندووە. بەلام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە حوکمدانی لەمجۆرە خۆی لە خۆیدا ئەوە پیشان دەدات کە کەسانێك سەبارەت زیندوویتی واتە کاریگەری و کارایی بیری ئەو فەیلەسووفە گوماندارن و، جەخت کردنەوە لەسەر وشەی زیندوو لە راستیدا وەلامێکە بۆ ئەو گومانە. خاڵێکی تریش ئەوەیە کە ئەمە سەبارەت بە حوکمدان لەسەر "مارکس زیندووە"ش تەواو راستە.

بە هەرەسی کۆمۆنیزم لە یەکێتیی سۆڤێت و ئەورووپای خۆرهەلات و، لە نێوچوونی ئەو رژێمانەی کە خۆیان بە "حکومەتی زەحمەتکێشان" و "دەسەلاتی شووراکان" و "دیموکراسیی خەڵك"ی تۆتالیتاری دەزانی‌و، لافی ئەوەیان لێدەدا کە توانیویانە سیستمێکی سۆسیالیستیی راستەقینە دابمەزرێنن، رەخنەگرانی ئەم رژێمانە وای بۆچوون کە ئەو تیۆرە کۆمەلایەتی و سیاسیەی ئەم سیستمە بە دەربڕی راستیی بوونی خۆی و هۆی سەرەکیی رەوایەتیی خۆی دەزانی، بۆ هەتا هەتایە لەناوچوو و نەما. سەرچاوەی سەرەکیی ئەم تیۆرەیەش، کارو بیروبۆچوونەکانی بیرمەندێکی ئەلمانی بوو کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەژیاو زۆرترین ساڵانی کاری

فیکریی خۆیشی لە تاراوگەو لە لەندەندا بەسەر بردبوو و، بە پێی دەقی نووسینەکانیشی دەتوانین بڵێین کە تەنانەت تەسەوری پەیدابوون و مانەوەی ئەمجۆرە ڕژێمانەشی نەدەکرد. لە هەشتاکانیشدا کە ئاسۆی هەرەسی کۆمۆنیزمی ڕووسی هاتبووە بەرچاوان و، بەرەنگاریی خەڵك تەنانەت لە شێوەی یەکێتیی سەربەخۆی کرێکاریدا بەرامبەر بە ستەمی ستالینی لە ڕووسیاو ئەوروپای خۆرهەڵاتدا خۆی بینیەوەو تەشەنەی کرد، گەلێ لە نووسەران و ڕۆشنبیران مەرگی فیکری کارل مارکسیان ڕاگەیاند. بە بۆچوونی ئەم نووسەرو ڕۆشنبیرانە شکستی ئەو ئەزموونەی کە لە نۆڤەمبەری *1917*ەوە لە ڕووسیادا دەستی پێکردو لە ڕێی سەرکوتکردنی خوێناویی نەیارانیەوە درێژەی بەخۆی داو، دروستکەری ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێو، سیستمی تاکحیزبی لە حکومەتداو، ڕێکخراوی پۆلیسی و ئەمنی بوو کە لە دەسەڵاتدا بێهاوتا بوون و، هەموو جۆرە ئازادییەکی بیرو پێکهێنانی حیزب و سەندیکایان قەدەغە کردبوو، یەکسان بوو بە مەرگی تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی کارل مارکس. ئەوانەی باوەڕیان بە مەرگی ئەم فیکرە هێناوە ئێستا لە سای دەسەڵاتی ڕژێمێکی سیاسی و ئابووریی نوێی لیبراڵدا دەژین و، دەبینن کە حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا پەیڕەوی لە سیاسەتە لیبراڵیەکان دەکەن و، دڵنیابوون کە گۆڕانکارییە پێویستەکان لەناو ئەم سیستمە ئابووریەو ئەم ژیانە کۆمەڵایەتی و سیاسیە نوێیەدا بە شێوەیەکی ئوتوماتیکیانە لەناو دڵی سیستمەکە خۆیدا ڕوودەدات‌و، بە هیچ جۆرێك پێویستی بە هەزری سەرکوتکەرانەو نادیموکراتیکی وەکو سۆسیالیزمی مارکسی نییە.

ئایا ئەمانە لەسەر هەقن؟ ئایا فیکری مارکس لە هەموو ڕەهەندەکانیدا سەرکوتکەرانەیە؟ ئایا بە ڕاستی ئەو فیکرە هیچ کاریگەرییەکی نەماوەو مردووە؟ واتە هیچ پەیامێکی بۆ ئەم سەدەیە پێ نییە کە تازە پێمان تێناوە؟

ئەوانەی کە مەرگی تیۆرەکانی مارکس ڕادەگەیەنن[1] لە خاڵێکی گرنگدا لەگەڵ دەسەڵاتداران‌و بیرۆکراتە سەرکوتکەرەکان و تیۆرەسازە حیزبیەکاندا هاوبۆچوونن: ئەوەی بە درێژایی دەیەکانی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان ڕووی دا، ئەنجامی مەنتیقی یان دەرکەوتەی مێژوویی فیکری مارکس بوو. ئەو تیۆرەسازەی کە بە ڕای ئەوان کاری خۆی بە ئازادیی بێ سنوور دەست پێکردو بە ستەمی بێ سنوور کۆتایی هات. بەڵێنی بەهەشتی دەداو دۆزەخی دەخولقاند، باسی ئازادیی مرۆڤی دەکردو خولقێنەری دیکتاتۆری بوو. بەناوی یەکسانیی خەڵکەوە بەرگریی لە کۆڵەکەکانی کۆمەڵگایەك دەکرد کە لە لووتکەکەیدا کۆمەڵێك کەسانی هەڵبژاردەو ڕابەرانی حیزب لە هەموو شتێکی تایبەت و خۆشگوزەرانیی ئابووری بەهرەمەند بوون‌و، لە بنکەکەشیدا خەڵکی ڕەش و ڕووتی بێ پەناو داڵدە هەبوون.

ئایا مارکس بە ڕاستی ئەمەی دەویست؟ ئایا پاساوی بۆ ڕژێمی تاکحیزبی دەهێنایەوە؟ ئایا تێگەیشتنی ئەو بۆ سۆسیالیزم ئەم دۆزەخە بوو؟ ئایا ئەو بەرگریی لە پیشەسازیبوونی خێرا دەکرد بەهەر نرخێك بووایە، بەرگریی لە سەرمایەگوزاریی درێژخایەن دەکرد لە کەرتی بەرهەمهێنانی کاڵای سەرمایەیی، یان لە پەرەسەندنی پیشەسازیی عەسکەری و سەرکوتکردنی خواستەکانی خەڵکی عەوام بۆ خەرجی و خۆشگوزەرانی؟ زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە تەنانەت گەر مارکس خۆیشی ئەمانەی نەویستبێت، یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بانگەشەی بۆ نەکردبن، بەڵام ئەنجامی مەنتیقیانەی تۆژینەوەو تیۆرەکانی جگە لەمانە هیچی تریان لێ نەکەوتەوە.

ئەوانە دەڵێن ماركس لە باشترین حاڵەتیدا، ڕێك بە پێچەوانەی مافیستۆوە كە لە سەرەتای شانۆنامەی "فاوست"دا بەمجۆرە خۆی ناساندبوو: "بەشێك لەو هێزەی كە بەردەوام شەیتانی دەوێت و بەردەوام چاكە دەخولقێنێت"، ئەو چاكەی دەویست، بەڵام بەردەوام خراپەی دەخولقاند.

فیكری ماركس لە سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەكی ناكۆكانە هەم ئامرازی ئازادی بوو و هەم ئامرازی ستەم. خەڵكانێكی زۆر هەر لەبەر ئەوەی وەفایان بۆ جۆرە تێگەیشتنێك و لێكدانەوەیەكی بیروباوەڕەكانی ماركس بووە؛ لە زینداندان و شوێنەكانی ئەشكەنجەداندا پێشوازییان لە مەرگ كردووە. زۆر كەس دوورخرانەوە، بۆ هەمیشە لە مافە كۆمەڵایەتیەكان بێبەش كران، بیرو كارەكانیان سانسۆر كرا، تەنها لەبەرئەوەی پێیان لەسەر بیروباوەڕی ماركسیستیانەی خۆیان دادەگرت. بەرامبەر بەمەش لە هەمان سەدەدا چیەها زینداندان و ئۆردوگاو جێی ئەشكەنجەدان دروستكران تا نەیارانی ڕژێمە لینینیو ستالینی و ماوییەكان و هتد.. بەناوی دژایەتیكردنی ماركسیزمەوە تیایاندا لەناو ببرێن. لە سەرێكەوە ڤیتكۆنگەكان بۆ سەربەخۆیی و تێگەیشتنی خۆیان لە ئازادی و لە ڕێی لێكدانەوەی خۆیانەوە بۆ هزری ماركس لەگەڵ گەورەترین هێزی سەربازی و هێرشكەری مێژوودا جەنگان، لە سەرێكی تریشەوە خەمیرە سوورەكان بەناوی هەمان ماركسەوەو لە سای لێكدانەوەی هەندێ بیروبۆچوونی ئەو كە لە لێكدانەوەی ڤیتكۆنگەكانیش زۆر جیاواز نەبوو، ملیۆنەها مرۆڤیان كوشت.

هیگل كاتی خۆی باسی فێڵی ئەقڵ و گاڵتەپێكردنی مێژووی دەكرد، چ فێڵ و گاڵتە پێكردنێك بووە هۆی ئەوەی ئەم بەڵایە بەسەر فیكری ماركسدا بێت؟

بە بڕوای من لە ڕێی لێكۆڵینەوەوە لە بەشداریكردنی ماركس لە فۆرمەلەی چەمكی مۆدێرنی سیاسەتداو، بە تایبەتیش لێكۆڵینەوە لە كەموكورتیەكانی ڕوانگەی تیۆرەیی ئەو سەبارەت بە دیموكراسی و دەوڵەتی دیموكراتیكی بۆرژوایی، دەكرێ تا ڕادەیەك ئاسۆی ئەو مەسەلانە ڕوونبكەینەوە كە لەم پرسیارەوە پەیدا دەبن.

بەهەرحاڵ، هەر ئەم ڕاستیەیە كە هێشتا ئێمە بە شێوەیەكی فراوان سەبارەت بە ڕۆڵی ماركس لە پێكهاتەی سیاسەتی مۆدێرندا بیردەكەینەوەو، هەروەها كاتی خۆمان بۆ خوێندنەوەی كارە دژوارەكانی تەرخاندەكەین و، باس و لێكۆڵینەوە جۆراوجۆرەكانی كەسانی دی لەم بارەیەوە بەهەند وەردەگرین و، لە زمانی كەسانێكی ناوداری دونیای فەلسەفەو زانستە مرۆییەكانەوە كە ئاراستەی فیكریی جیاجیایان هەیە، لە كەسانێكی وەكو: ماكس ڤیبەر، ئێرنست بلۆخ، تیۆدۆر ئادۆرنۆ، ماكس هۆركهایمەر، ڤاڵتەر بنیامین، هێربرت ماركۆز، یۆرگن هابرماس، میخاییل باختین، كۆرنیلۆس كاستۆریادیس، كلۆد لیفۆر، پیر بۆردیۆ، میشیل فۆكۆ، ژاك دێریدا، ژان فرانسوا لیوتار، پیرو سرافا، ئەنتۆنیۆ نگری، هنری لۆفیڤەر، ڕایمۆند ویلیامز، ئەنتۆنی گیدنز و.. دەبیستین كە هەركامیان دەگریت بۆ ماوەیەكی زۆر سەرقاڵی تۆژینەوەو تێفكرین بووە لە كارەكانی ماركس، یان هەندێكیان لە هەندێ لایەنی تیۆرەكانی خۆیاندا سوودیان لە ماركس وەرگرتووە، هەموو ئەمانە ئەوەمان پیشاندەدەن كە فیكری ماركسیش بە هەمان مانای زیندووێتیی بیروباوەڕەكانی ئەفلاتون و ئەرستۆو كانت و هیگل زیندووە.

دەتوانین بە ئاسانی لەوە بگەین كە ماركس لە شیكردنەوەی هەندێ لە مەسەلەكانی سەردەمی خۆیداو، بەتایبەتیش لە ناسینی هەندێ لە ئاراستە

سـەرەکیەکانی بـزاوت و گۆڕانـی کۆمـەڵگای سەرمایەداریدا بە هەڵەداچووە. هەندێ لە خوێنەرانی ئەمڕۆی کارەکانی ئەو، مەسەلەی زانستباوەڕیو، ڕیالیزمی فەلسەفیی ناڕەخنەگرانەو، لایەنە پۆزیتیڤیستیەکان و، تەنانەت ئەو گیانی مرۆڤخوازی (هیومانیستی) یە ڕۆشنگەرانەیەی لەمانەدا هەیە، لە هەمووش گرنگتر، بونیادی میتافیزیکیانەی ڕوانینی فەلسەفیی ئەو بە ناڕاست دەزانن. باوەڕی ئەو بە سروشتی کۆمەڵایەتیانەی ئادەمیزادو، باوەڕ نەبوونی بە ئاشووبی دەروونی و ناوەوەیی مرۆڤ و، وێڕای تەقەللای ئەو بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاشووبەشدا، زۆر کۆنخوازانە دێتە بەرچاو. ئەو ڕوانینە مەسیحیانەیەی ئەو بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ هەیبوو، ئەو وێنایەی ئەو بۆ ڕزگاری و بەختەوەریی ئادەمیزادی دەکرد لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، کۆمەڵگایەك کە هێندەی ئەو یۆتۆپیانەی بیرمەندانێك خەیاڵی و تەنانەت پێکەنینهێنەریش بوو کە ئەو بە بچووك سەیری دەکردن، تەسەورێکی دەخولقاند کە دەیزانی چۆن ڕزگاری و دۆخی سروشتیی داواکراوو دروست و بابەتیانەی خەڵك دەهێنێتە ئاراوەو، ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازەی کە لەسەر ئەم بناغەیەش پێشبینیی دەکرد، هەموو ئەمانە جێی گومانلێکردنن و، قابیلی قبووڵکردن نین.

ڕەخنەیان لە مارکس گرتووە کە بناغەی هزری لەسەر هۆکارێتیی ئابووری دامەزراوەو، هەر گۆڕانێکی سەرخانی گەڕاندۆتەوە بۆ گۆڕانەکانی بونیادی ئابووری.

هەروەها دەڵێن کە ئەو باوەڕی بە حەتمیەت هەبووە، واتە دیتێرمینیست *determinist* بووەو، هەموو شتێکی بۆ یەك هۆکار گەڕاندۆتەوە؛ نەك چەند هۆکارێك و، لەم ڕووەشەوە دەتوانین بە ئاشکرا کەموکورتیی ئەو ڕوانینەی هەست پێ بکەین. ئەو ئادەمیزادی بە دیلی دەست دۆخە مێژووییەکان لە قەڵەمدەداو، نرخی بۆ مرۆڤی لێکدانەوەخواز (تەئویلخواز) دانەدەنا. وتراوە کە ڕوانینی جەبرییانەی ئەو گەیاندییە شوێنێك باوەڕی بەوە هێنا کە وەختێ ڕژێمێك نەما دەبێ ڕژێمێکی دی جێی بگرێتەوە. بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەوەوە پەرەسەندنی هێزە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنان، هۆکارو بەدیهێنەری خۆشبەختی نییە بۆ مرۆڤ. ئەو قەفەسە ئاسنینەی کە ماکس ڤیبەر باسیدەکات، پیشانیداوە کە مەسەلەکە زۆر لەوە زیاترە کە بە تەنها پشتبەستوو بێت بە هۆکاری مادیی پێشکەوتنەوە. دیسانەوە وتوویانە کە مارکس هەرگیز نەیتوانی پەی بەوە بەرێت کە مەرج نییە بە نەهێشتنی موڵکداریتیی تایبەتی چەوساندنەوەش نەمێنێت. لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە سەرمایەداریی دەوڵەتی، بە ڕەچاو کردنی ئەزموونەکانی یەکێتیی سۆڤێت و چین و، تەنانەت بە ڕەچاوکردنی هەندێ لە پەیڕەویکارە یەکلابینەکانی مارکس خۆیشی، ئەو ڕاستیەیان پیشاندا کە گۆڕان لە شێوەی موڵکداریدا، گرنگتر نییە لە زەرورەتی گۆڕان لە پێکهاتە (یان دەزگا) سەرخانی و سیاسیەکاندا. ئەنتۆنیۆ گرامشی کە یەکێکە لە گەورەترین بیرمەندە "مارکسیست"ەکان، پاش ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیا؛ نووسیی کە مەسەلەی سەرەکی گۆڕانە لە دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا و مەسەلەکەش لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە بە زۆر چارەسەر ناکرێ. لە کاتێکا مارکس "دوا ئامانج (*Endzweck*)ی بزاڤی سیاسی"ی بەو زۆرەی دەسەڵاتی سیاسی لە قەڵەم دەدا[2]. هەندێ لەم تۆمەتانە ڕاست دێنە بەرچاوو، دەربار ی هەندێکی تریشیان دەکرێ قسە بکەین و ئەوە بخەینە ڕوو کە لانی کەم ئەم تۆمەتە توندانە بە ڕواڵەت لە جێی خۆیاندا نین. بەهەرحاڵ، بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕەخنانە دەتوانین ئەو ماوە زەمەنیە زۆرەش

لەبەرچاو بگرین کە لە نێوان مارکس و ئەم سەردەمەی ئێمەدایە.

ڕوانینی مارکس بۆ کۆمەڵێك مەسەلەی وەکو بزاڤی سەربەخۆیی ئافرەتان؛ زۆر سنووردارو "ڤیکتۆریایی" دێتە پێشچاو، زمانی ئەو بە بەراورد بە ئەمڕۆ، پڕە لە دەستەواژەو مەجازی دژە ئافرەت، لە کارەکانیدا چاومان بە ڕستەو گاڵتەجاڕیی دژ بە جوولەکە دەکەوێ، بە چاوێکی کەمەوە سەیری هەندێ ڕووداوی وێرانکەرانەی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیی کردووەو، بڕوا نەبوونی بە ئیمکانیەتی پەیدابوون و حوکمکردنی دەوڵەتی دیموکراتیکی بۆرژوایی، بە نادروست دێتە بەرچاو.

ئاشکراشە کاتێ ئەو باسی لە ڕێسای "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا" دەکرد؛ بەرگریی لێ دەکردو، تەنانەت بە دەسکەوتێکی تیۆرەیی کاری خۆی دادەنا، ئێستا دەبینین کە ئەم ڕێسایە لای خوێنەری بیرئازادی ئەمڕۆ دەبێتە مایەی چ پەرچەکردارێکی توند. تەنانەت ئەگەر وەهاش بڕوانینە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کە ئەو مەبەستی بووە، واتە "دیکتاتۆریەتی زۆربەی کەسانی کۆمەڵگا"، دیسانەوە ئەمە لە گوتاری سیاسیی ئەمڕۆدا شتێکی ناپەسەندەو ناتوانین بەرگریی لێ بکەین. ژمارەیەك لە پەیڕەویکارانی مارکس پێیان وا نییە کە تیۆرەی هەژاریی ڕوو لە زیادبوونی چینی کرێکار دروستکراوی مارکس بێت، بەڵام دەتوانین بە گوێرەی ئەزموونی مێژوویی نادروستیی ئەو ئەنجامانە بسەلمێنین کە پشت بە بیرۆکەی دوو جەمسەریی کۆمەڵگای مۆدێرن دەبەستێت. نابێ لە ڕووی کاڵفامی و دەمارگیرییەوە پاساو بۆ هەر هەڵەیەکی تیۆرەیی و، هەر پێشبینییەکی نادروستی ئەو بهێنینەوە. بەڵام چ فەیلەسووف و تیۆرەسازێکیش هەیە کە بە هەڵەداچوونی نەبووبێتو، هەرچییەکی وتبێت لە بواری ئەزموونی کردەیی و مێژووییدا ڕاست دەرچووبێت؟

ئایا ئێمە بە مەرجی ڕاست و دروستیی تەواوەتی بیرو بۆچوونێك؛ لێی ورد دەبینەوە؟ ئاخۆ نابێ ئێمە ئەوەمان قبووڵ بێت کە دەشێ هەڵە بکەین؟ ئایا لەبەرئەوەی کە ئەرستۆ کەسێکی پیاوسالار بووەو لەوە دەچێت کە تەنانەت گومانی لە ئینسانبوونی ئافرەتیش هەبووبێت، یان لەبەر ئەوەی کانت بە چاوێکی نزمەوە سەیری قولەڕەشەکانی کردووە؛ ئیدی پێویستمان بەوە نییە لە کارەکانیان تێبفکرین؟ هەندێ لە بیرمەندە بەناوبانگەکان چ لە تێزە فەلسەفی و زانستیەکانیاندا، یان لە بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و سیاسییانداو، یان لە زەمینەی میتۆدیانداو، تەنانەت لە بواری کردەییشدا، هەڵەی گەورەیان کردووە، بەڵام ئێمە (وا بە ئاسانیش نا) ئەوەمان لا قبووڵە کە ئەمە هەمووی نرخی ڕیسك (خۆخستنە خەتەرەوە)یە لە مەیدانی بیرداو، هەر بۆیەشە ئەوانە لە ئاسۆی مەعریفی و لێکۆڵینەوەی خۆمان دوور ناخەینەوە، پێویستمان پێیانەو، لە هەندێ ڕووی تایبەتیشەوە قەرزاریان دەبین. دەزانین کە ئەو شتەی لە کاری فیکریی ئەواندا ڕاست دێتە بەرچاو و یاریدەمان دەدات، هەمیشە (یان زۆربەی جار) خاڵی نەبووە لە هەڵەی تیۆرەیی و فیکری و تەنانەت ئاکارییش. هەر لەبەر ئەمە، مارکسیش لای ئێمە زیندووە، لەگەڵیدا گفتوگۆ دەکەین، سوود لە کارەکانی وەردەگرین و، لە هەمانکاتدا، بۆ تاوێکیش چییە دەمی تیژی تیغی ڕەخنەی لێ دوور ناخەینەوە.

میشیل فۆکۆ جارێکیان وتوویەتی: "مارکسیزم وەکو ماسییەك وایە کە لە ئاوی سەدەی نۆزدەیەمدا مەلە دەکات، ئەم ماسییە لە ئاوی سەدەی بیستەمدا دەمرێت". ئەم کتێبە هەوڵدەدات ڕاستیی ئەم

حوکمەی فۆکۆ دەربارەی بیرو بۆچوونەکانی مارکس خۆی نەك مارکسیزم؛ تاقیبکاتەوە.

ئەزموونی واقیعی و کردەیی، کە پێودانێك بوو مایەی پەسەندیی مارکس خۆیشی بوو، ڕاستیی ئەم قسەیەی فۆکۆ دەسەلمێنێت مادامەکی مەبەستی لە مارکسیزمە، بەڵام کاتێ ڕووبەڕووی بیرمەندێك، فەیلەسووفێك یان زانایەك دەبینەوە کە دەشێ هەوڵدان بۆ دەرکی بنەما فیکرییەکانی، وروژێنەری پرسیاری تازە بێت، ئەوکات چاوپۆشین لە کاری فیکریی ئەو، بەو لافەی گوایە ئەو فیکرە مردووە، دەبێتە کارێکی ناژیرانە. ئێمە دەبێ بتوانین بیروڕاکانی ئەو بیرمەندە بگوێزینەوە بۆ ڕۆژگاری خۆمان و، بە دابڕانیان لە لێکدانەوەکانی جارانیان؛ بیریان لێبکەینەوە. لە هەمووش گرنگتر، دەبێ لە تۆژینەوەماندا بۆ کارەکانی بایەخ بەم خاڵەش بدەین: شتە بیرلێنەکراوەکان لە کارەکەی ئەودا چین؟

2-"پرسیار تەقوای فیکرە"

بە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕستە بەناوبانگەی هایدیگەر لە کۆتایی ئەو وتارەیدا کە سەبارەت تەکنۆلۆژیا نووسیویەتی، هەوڵدەدەم ئەوە پیشانی خوێنەر بدەم کە بۆچی بناغەی ئەم کتێبەی لە بەردەستیدایە پرسیارکەرانەیە، نەك وەڵامدەرەوانە. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە بواری بیرکردنەوە لە پرسیارەکان فراوانتر بکاتەوە لەوەی کە هەیە. لەم خوێندنەوەیەی نووسینە سیاسیەکانی مارکسدا هەوڵدەدەم پرسیارە گرنگەکان بخەمەڕوو: ئایا ئەو چەمکی ئازادییەی مارکس هێشتا بایەخی هەیە یان نەء؟ ئایا لە سیاسەتی مۆدێرندا شوێنێك هەیە کە بەبێ گرنگیدان بە هەزری کۆمەڵایەتی و سیاسیی مارکس بناسرێ؟ لەبەر ڕۆشنایی ئەم دوو پرسیارە سەرەکیەدا دەتوانین درێژە بە ڕەوتی پرسیارەکان بدەین و، بگەینەوە هەمان ئەو پرسیارەی کە ئەم دەقە لێوەی دەستی پێکردووە: ئایا بە ڕاستی هەزری مارکس کاریگەریی نەماوەو ئیدی هیچ پەیامێکی بۆ ئێمە پێ نییە؟ وەختێ بیر لەو پرسیارەی سەرەوەش دەکەینەوە، ڕستێك پرسیاری دی دێنە پێشێ: لێکدانەوەی کۆمۆنیزمی ڕووسی بۆ تیۆرەکانی مارکس (واتە لینینیزم) تا چ ڕادەیەك لە ڕاستیی هەزری ئەوەوە نزیکە؟ ئایا دەتوانین بڵێین کە "مارکسیزمی خۆرئاوایی" لێکدانەوەیەکی نزیکتر بۆ دەقی بیروڕاکانی مارکس دەخاتەڕوو؟ ئایا مارکسیزمی خۆرئاوایی زاراوەیەکی وردە؟ ئایا ئەمجۆرە ناونیشانانە نابنە هۆی ئەوەی کە لە کاری تیۆرەسازاندا جیاوازییە فیکریەکان فەرامۆش بکرێن؟ لە سەرێکی ترەوە، ئایا دەتوانین هەزری مارکس وەك ئەوەی کە هەبووە؛ لە دەرەوەی لێکدانەوەکانی وەچەکانی دواتردا؛ بناسین؟ ئایا خستنەڕووی لێکدانەوەیەکی گۆڕانکارییانەی تری هەزری ئەو شتێکی شیاوە؟ ئەم پرسیارەیان ناکاو بەرەو ڕووی کۆمەڵێك پرسیاری سەرەکی و دژوارمان دەکاتەوە: ئایا دەتوانین میتۆدەکەی مارکس لە ناوەڕۆکی ئەو قسانە جیابکەینەوە کە کردوونی؟ ئایا نوێکارییەکەی مارکس بە تەنها کورت دەکرێتەوە بۆ "مەسەلەی میتۆد"؟ ئایا دیالەکتیکی مارکسی ڕێ دەدات کە بە ئاسانی میتۆد لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکان جیا بکەینەوە؟ لە ڕێی گرنگیدانمانەوە بە کارە ئابوورییەکانی مارکس چۆن دەتوانین بە شتبوون (تشیۆ)ی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەسەر پەیوەندییە سەرەکیەکانی نێوان مرۆڤەکان لە ژیانی مۆدێرندا بچەسپێنین؟ چۆن دەتوانین ڕەخنەکانی مارکس لە مۆدێرنیتە بگوێزینەوە بۆ بواری هەزری پۆست مۆدێرن؟ ئایا مارکس بیرمەندی تەکنیك بوو؟ ئایا تیۆرەیەکی داهێنراوی لە فەلسەفەی مێژوودا خستۆتە ڕوو؟ لێرەدایە کە دووبارە دەپرسین:

بەشداریکردنی مارکس لە فۆرمەلەی چەمکە سەرەکیەکانی سیاسەتی مۆدێرن و تیۆرەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا؛ چی بوو؟ لێکدانەوەی ئەو بۆ ئەقڵانیەت و دەربڕینی بۆ نائەقڵانیەتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان چی بوو؟ لە ڕوانگەی ئەوەوە واقیعیەت و هەروەها سنووری ڕیالیزمی فەلسەفی چی بوو؟ ئەو بە چیی ئەوت حەقیقەت؟ پاشان ئایا تێگەیشتنی ئەو لە حەقیقەت بۆ ئێمە کە پاش نیچە دەژین و بیردەکەینەوە؛ هیچ سوودێکی هەیە؟ ئایا مارکس هیومانیستێکی سەدەی هەژدەیەم بوو، یان زانستخوازێکی سەدەی نۆزدەیەم؟ ئایا ماتێریالیزمەکەی ئەو کە بڕیار بوو نادۆگماتیك بێت و بەدەربێت لە سروشتخوازیی فۆیرباخی؛ هێشتا کارێکی لێ دەوەشێتەوە؟ ئایا تێگەیشتنە فەلسەفیەکانی ئەو بۆ دیالەکتیك، زانین، هەست، ماددەو.. هێشتا شیاوێتیەکیان هەیە؟ ئایا ڕوانینی ئەو بۆ سروشتی ئادەمیزاد مایەی پەسەندکردنە؟

ئاشکرایە کە ئەم پرسیارانە بە پەلە وەڵام نادرێنەوە، بەڵام هەر یەکێکیان دەرگا لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی تازەو کێشەی فیکری دەکاتەوە. لەم کتێبەدا بە تەنها لایەنێکی تایبەتی لەو مەسەلانەو هەندێ لەو پرسیارانە خراونەتەڕوو. هەوڵ دەدەم هەر لە ڕێی نووسینەکانی مارکس خۆیەوە لە تۆژینەوەی ئەو لەسەر ئەقڵی سیاسی، ئازادیی سیاسی، یەکسانیی مرۆیی و چەمکە سەرەکیەکانی تری وەك ئەمانە بگەم. کتێبەکە لەم ڕوانگەیەوە دەیەوێ لە زەمینەی پرسیارەکان ڕابمێنێت: ئایا هزری ڕەخنەگرانەی مارکس بە کەڵکی تێگەیشتنی گرفتەکانی مۆدێرنیتە دێت؟ ئایا دەتوانێ لانی کەم وەڵامی هەندێ لە مەسەلەکانی ئەمڕۆ؛ واتە ڕۆژگاری نیهیلیزمی تەکنۆلۆژی، بداتەوە؟ ئایا دەتوانێ لە بنیاتنانی ئاڵتەرناتیڤێکدا بەرامبەر سیستمی نوێی جیهان و سیستمی لیبراڵیی نوێ هاریکاری بکات؟ ئایا ئەوەی کە دەیڤید ماك لیلان دەیڵێت، بەوەی کە هزری مارکس کاریگەرترین هزرە لەسەر تەواوی زانستە مرۆییەکانی سەدەی بیستەم؛ لاف و زێدەڕۆیی نییە؟ ئایا تارمایی مارکس هەروەکو ژاك دێریدا وتوویەتی هەرەکو تارماییەکەی باوکی هاملێت لەوە ئاگادارمان ناکاتەوە کە حەقیقەت چییەو، ڕێی کارکردن کامەیە؟

3-گرنگیی مارکس:

جۆرج لۆکاچ کە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بیرمەندانەی کە لە بواری قسەکردن لەسەر "مارکسیزمی خۆرئاوایی" پەیدابوون، لە سەرەتای بەشی "بە شتبوون و هۆشیاریی پرۆلیتاریا"دا لە کتێبی (مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی)دا نووسیویەتی: (شتێکی ڕێکەوت نییە کە مارکس ناچاربوو بە شیکردنەوەی کاڵا کاری خۆی دەستپێبکات، کاتێ ویستی لە دوو کارە گەورەکەی قۆناغی کاملبوونی فیکریدا؛ وێنەیەکی تەواوی کۆمەڵگای سەرمایەداری و سروشتی بنەڕەتیانەی ئاشکرا بکات. لەبەرئەوەی لەم قۆناغەی ئێستای پەرەسەندنی مرۆییدا، هیچ پرسیارێك نییە کە لە دواییدا بۆ ئەم بابەتە نەگەڕێتەوەو، هیچ پرسیارێکیش نییە کە لە ڕێگەچارەی مەتەڵی بونیادی کاڵادا وەڵامی نەدرێتەوە.. نابێ مەسەلەی کاڵا وەکو شتێکی لاوەکی، یان تەنانەت وەکو مەسەلەیەکی سەنتەریی ئابووری تەماشای بکەین، بەڵکو پێویستە وەکو مەسەلەیەکی سەنتەری و بونیادیانەی کۆمەڵگای سەرمایەداریی لە قەڵەم بدەین، لە تەواوی لایەنەکانیدا. بە تەنها لەم حاڵەتەدایە کە دەتوانین بونیادی پەیوەندییە کاڵاییەکان بە نموونەی هەموو شێوە بابەتیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و لە هەمانکاتدا هەموو

شـێوەکانی هۆشـیارییان بزانـین". ئـەم بیرۆکـە سـەنتەرییە کـە بەرهەمـهێنانی کـالا لـە پرۆسـەو گۆڕانـەکانی ئـابووریی بـازاڕی ئـازاددا مەسـەلەیەکی تـەوەرەیی و بونیادییانـەی مۆدێرنیتەیـەو، هـەروەها ئەنجامە تیۆرییەکەی ئەمەش واتە بەرجەستە کردنی بونیـادی پەیوەندییـە کالاییـەکان وەك دەرکەوتـەو نموونەیـەکی گشـتیی تـەواوی شـێوەو پەیوەندییـە بابەتیـەکان و گشـت دەسـکەوتە خودییـەکانی کۆمـەڵگای مۆدێـرن (ئـەوەی کـە پـێی دەڵێـین کەلتووری مۆدێرن) ڕێمان بۆ خۆشدەکات تا پـەی بـە نهێنیـەکانی بەشـتبوونی گەوهـەریی پەیوەندییـەکانی ژیـاری مۆدێـرن، نـامۆبوونی مـرۆڤ بەرامبـەر بـە بەرهەمەکـەی خـۆی و بەرامبـەر مرۆڤـەکانی دیکـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکان و، نـامۆبوونی بەرامبـەر بە خودی خۆی بەرین.

ئـەم دووانـەش هـەردووکیان دەسـکەوتی کـاری فیکریـی مارکسـن و، لـە تۆژینـەوەی قـەیرانی مۆدێرنیتـەدا ڕێنوێنـن. تێگەیشـتنی مـارکس لـە بەشـتبوونی هۆشـیاری لـە سـەردەمێکدا کـە بیر لـە پێشکەوتنی هزری فەلسەفی و زانستی دەکەینەوە لە ڕۆژگاری مۆدێرندا، سەرلەنوێ خـۆی دەخاتـەوە ڕوو. ئـەوەی ئـەو سـەبارەت بـە بەرهەمـهێنانی زانـین لـە کۆمـەڵگای سـەرمایەداریدا خسـتوویەتیە روو، کـە سـەرچاوەکەی بـۆ هـەمان چـەمکی بەشـتبوون و، نـامۆبوون و، لـە خۆنـامۆبوون دەگەڕێتـەوە کـە لـە کارەکـانی قۆنـاغی یەکـەمی فیکریـدا قسـەی لەسـەر کردوون و، هەروەها لـە (گرۆندریسـە) و (سـەرمایە)دا درێـژەی پـێ داون (بـە تایبـەتیش بـا سـەرنج بدەینـە بەشـی چوارەمـی فەسـڵی یەکـەمی "سـەرمایە" واتـە "بـە بتبوونـی کالاکـان") تـا ئێسـتا ئـەو هـێزو شیاوێتییەی خۆیان پاراستووە کـە ئـەو لـە سـەدەی نۆزدەیـەمدا باسـی لێ دەکـردن. مـارکس وا باسـی نائـەڵانێتی و ئاشـووبی بەرهەمـهێنانی ئـابووریی سـەرمایەداری دەکـات، وەك شـتێکی هـاودژی ئەقڵانیـەتی مۆدێرنیتـە. هـەوێنی ئـەم بۆچوونـە لـە نووسینەکانی میشیل فۆکۆو ژیل دۆلۆزو ژان فرانسوا لیوتـار و کـاری فیکریـی هـەندێ لـە ڕەخنـەگرانی مۆدێرنیتەدا دەبینینەوەو، ناشکرێ لەم بوارەدا ڕۆڵـی مـارکس فـەرامۆش بکـرێ. ئـەمڕۆ دەتوانـین لەسـەر بناغەی ئەو بۆچوونەی ئەو پیشانیبدەین کە ئەو لافی ئەقڵانیەتە چ نەبوو جگە لـە هـەمان نائەقڵانیـەت کـە خـۆی لـە پەیوەندییـە بەشـتبووە کۆمەڵایەتیـەکاندا بەرهەمدێنێتەوە. (لێرەدا لێکچوونێکـی سەرسـوڕهێن هەیە لە نێوان تۆژینەوەکانی مارکس و نووسـینەکانی هایدیگەردا کە زۆر بیرمەند بۆی نەچوون).

گرنگیـی مـارکس و، ئـەوەی وایلێدەکـات کـە فـەرامۆش نـەکرێ لـەو وێناکردنـەوە دێ کـە لـە ڕێی شـیکردنەوەیەکی وردەوە بـۆ سـەرمایەداری خسـتوویەتیە ڕوو. ئـەو وێناکردنـەی کـە بـە ڕای ژمارەیەك لە تیۆرەسازان تـا ئێسـتاش جێو بـەهای خۆی هەیە. بـۆ نموونـە ئـەلیکس کالینیکۆس بڕوای وایە کە "شۆڕشـی *1989*" واتـە هەرەسـی سیسـتمی کۆمۆنیستی لە ئەوروپای خۆرهـەڵاتداو پاشـانیش لـە یـەکێتیی سـۆڤێتدا، بێگومـان سـەرکەوتنی سەرمایەداری بووە، بەڵام سەرکەوتنێك کە "ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زیاتر مارکسیزم دەخاتەوە ڕوو". ئـەو لـە کتێبی (تۆڵە سەندنەوەی مێژوو)دا لەسەر دیموکراسی لیبراڵی نووسیوەو وەکـو نۆربرتـۆ بۆبیـۆ هـەوڵیداوە پیشانیبدات کـە لیبراڵـەکان لـە کۆمـەڵێك مەسـەلەی گرنگـی وەکـو بەشداریکردنی خـەڵك لـە دیـاریکردنی چارەنووسیانداو دەسـتێوەردانیان بـۆ نـاو سیسـتم و ژیـانی سیاسـی و، چـ اودێریکردن لـە خـواردەوەو، تەنانەت لـەوەدا کـە خـەڵکی بـۆ دەربڕینـی نـارەزایی ئازادن و هەروەها لە ڕیفۆرمدا شکستیان هێنـاوە. لـە بەشی حەوتەمی ئەم کتێبەدا دەگەڕێمـەوە سـەر ئـەم خاڵە، بەڵام لێرەدا زیاتر مەبەسـتم لـە تۆژینـەوەکانی

ئەم تیۆرەسازەیە لە خستنەڕوو و کارایی بەخشین بە بیروڕاکانی مارکس. ئەو لەو بڕوایەدایە کە لانی کەم دەتوانین لە سێ ڕووەوە پێ لەسەر شیاوێتیی مارکس دابگرینەوە:

1)ئەو شیکردنەوەیەی مارکس کە تەنانەت بەرلەوەی بە شێوەیەکی ورد دەست بداتە لێکۆڵینەوەی ئابووری، لە (مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست)دا لەسەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کردیو، بەجۆرە بەرهەمهێنانێکی شۆڕشگێڕانەی لە قەڵەم دا کە "سروشتی جیهانێکی نیشتمانیی بە بەرهەمهێنان و مەسرەفکردن بەخشیوە" و، "بە گوێرەی وێنەیەکی خۆی جیهانێکی خولقاندووە"، ئەمڕۆ لە ساڵی *1848* ڕاستترە.

لە ڕاستیدا ئەو سەردەمە هەندێ مەیل هەبوون بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی جیهانی، کە ئەمڕۆ ئەو مەیلانە بەدی هاتوون. ئەوەی ئەوسا لە چاوی هاوچەرخانی (مانیفێست)دا شێوەی دەربڕینێکی مەجازیی بەخۆوە گرتبوو، ئێستاکە بووە بە شتێکی واقیعی.

2)مارکس پاش لێکۆڵینەوە ئابوورییەکانی خۆی، لە گرۆندریسەو یادداشتەکانی تریدا باسی لە ناسەقامگیریی ئابووری کردووە. ئێستاش شیکردنەوەکەی ئەو بۆ ئاراستەی ئابووریی سەرمایەداری ڕووەو قەیرانەکانی قۆناغی تێڕبوون لە بەرهەمهێناندا پایەی خۆی هەیە. تیۆرە ئابوورییە نیوکلاسیکەکان کە قەیرانەکان بە ڕووداوی کاتیی پەرەسەندنی ئابووری دەزانن؛ لە ئاست توانای بنجبڕانەی میتۆدەکەی مارکسدا کە باس لە قەیرانە بونیادییەکان دەکات؛ کەچی. کالینیکۆس باسی ئەوە دەکات کە هەر لە دەیەی *1990*دا سەرمایەداری دوچاری سێ قەیرانی ئابووری و دارایی بووە کە هەریەکەیان؛ دڵنیابوون لە کارو کاری خۆڕاستکردنەوەی ئەم سیستمە ئابوورییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

3)ئەنجامگیرییە سەرەکیەکەی مارکس بۆ پەیوەندیی کەڵەکەبوونی سەرمایە لەگەڵ چەوساندنەوەی کرێکارانی کرێگرتەداو بە سەرنجدان لە ڕووداوەکانی سیاسەتەکانی موحافەزەکارە نوێیەکان (وەکو تاچەریزم) دەردەکەوێ. هەروەها ئەو ئەنجامە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە مارکس پێی دەگات، واتە پەیدابوونی چینێکی پێکەوە گرێدراو و "بۆخودی" کرێکار کە دەتوانێ خۆی ڕێکبخات و، ڕزگاربوونی بە دەستی خۆی دەبێت، ڕاست دێتە بەرچاو. بە جیا لەو تیۆرە جۆراو جۆرانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا توانەوەی چینی کرێکاریان ڕاگەیاندووە؛ لەبەر ئەوەی شۆڕشی ئەلیکترۆنی و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی لە ئارادایە؛ مانگرتنەکانی چەند ساڵ لەمەوبەری فەرەنسا نموونەیەکە لە زیندوویتیی بیرۆکەی سەرەکیی بۆچوونەکەی مارکس.

بەر لە لێکۆڵینەوەیەکی وردی بیروبۆچوونەکانی مارکس، ناتوانین بە تەواوەتی لەسەر ئەو سێ خاڵەی سەرەوە پێکبێین. بۆ نموونە، خاڵی دووەم پەلکێشمان دەکات بۆ کۆمەڵێك باس و خواسی ورد کە لە دوو دەیەی پێشوودا لەسەر ڕەتکردنەوەو قبووڵکردنی تیۆرە ئابوورییەکانی مارکس سەبارەت بە قەیرانەکان لە مشتومڕدا بوون. بە تایبەتیش کەوا دێتە پێشچاو مارکس وێنایەکی گشتیتری بۆ "قەیرانی سەرمایەداریی هاوچەرخ" خستبێتەڕوو، کە تۆژینەوە دەربارەی ئەوە خۆی بۆ خۆی پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆو بەرفراوانترەو، لە کۆتایی فەسڵی پێنجەمی ئەم کتێبەدا من ئاماژەیەکم بەمە داوە. لە سەرێکی ترەوە، خاڵی سێیەم کە کالینیکۆس لێی دەدوێت، دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی گرنگ:

گرنگێتیی مارکس بە تەنها لەو وێنایەدا نییە کە ئەو وەکو تیۆرەسازێك یا شیکارێکی وردی سیستمی سەرمایەداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان؛ پیشاندەدات. ئەمانە هەموو بەجێی خۆیان، بەڵام کارایی هزری مارکس لە سروشتی لایەنگیرانەی ڕوانینی ئەو و، لە جەختکردنەوەی لەسەر هۆشیاریی چینایەتی و پاشانیش پێداگرتنی لەسەر گرنگێتیی خەباتی چینایەتیدایە. کۆرنلیۆس کاسترۆیادیس کە ساڵانێکی زۆری ژیانی خۆی لە چالاکی کردەیی حیزبە چەپە توندڕەوەکاندا بردە سەر، لە دوا ساڵانی ژیانیداو، کاتێ بە ئەندازەیەکی پێویست ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان و بیروباوەڕە ستالینیەکان گرت و لەگەڵیاندا جەنگابوو و، لە ڕوانگەیەکی نوێوە دەیڕوانییە سیاسەت؛ سەبارەت بە گرنگێتیی کاری مارکس نووسیی کە ئەو شتەی زۆر تازەو ڕەسەنە لە هزری مارکسداو دانسقەیی فیکری ئەو پیشان دەدا، ئەوەیە کە ئەو لە چالاکیەکانی ئادەمیزادە زیندووەکانداو ئەوانەی لەناو کۆمەڵگادان بەدوای سەرچاوەی حەقیقەتدا (بە تایبەتیش لە بواری سیاسیدا) دەگەڕا؛ نەك لە ئاسماندا، یان لە کتێب و بیروباوەڕەکاندا. تێزی تازەی مارکس ئەوە بوو کە دەکرێ لە ڕێی بایەخدانمانەوە بە ململانێی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران لە حەقیقەت بگەین. لەم قسەیەدا خاڵێکی گرنگ دەبینرێ. مارکس خۆیشی کارەکەی نەك هەر بە ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتی لە هۆشیاریو تیۆرەدا دەزانی، بەڵکو بڕوای وابوو کە تەنها لەو گۆشە نیگایەوە دەتوانرێ لە کارەکەی بگەن. ئەو نەك هەر لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا وازی لە وانە وتنەوەو تۆژینەوە لە زانکۆدا هێناو ژیانی خێزانەکەی خستە هەژاری و دەردی کۆچەوەو، ئەوەی لە خۆشگوزەرانی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی مامۆستایەك لا پەسەندتر بوو، بەڵکو بەردەوام بە جۆرە سووکایەتیەکەوە دەیڕوانییە "جەنابە زانکۆییەکان" و، هەموو دەرفەتێکی دەقۆستەوە تا پەیوەندیی نێوان سیستمی فێرگوزاریی وڵاتە پیشەسازییەکان و چەمکی مۆدێرنی زانست کە لە خزمەتی سەرمایەدارانەدایە، ئاشکرا بکات. لەم ڕووەوە، بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە پێویستە لەبەر ئاسۆی ململانێی چینایەتیدا بڕوانینە کارەکانی و بیانخوێنینەوەو لێکیانبدەینەوە.

لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵناسیی سەدەی بیستەمدا، لە خۆرئاوادا، بایەخێکی ئەوتۆیان بە مارکس نەدا. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، جگە لە هەندێ حاڵەتی ئاوارتەی وەکو نووسینەکانی سی. ڕایت. میلز نەبێت کە بەهای کاری مارکسی زانیبوو، کۆمەڵێك لە نووسەران و ئەکادیمیان کارەکەی ئەویان بە کارێکی ئایدیۆلۆژی لە قەڵەم دەداو بە جیددییان نەدەژمارد. بۆ نموونە تالکۆت پارسۆنز لەو دوو کتێبە بەناوبانگەیدا کە کاریگەرییەکی زۆریان بۆ سەر پەرەسەندنی کۆمەڵناسی لە ئەمریکادا هەبووە، واتە (بونیادی کرداری کۆمەڵایەتی) "1937" و، (سیستمی کۆمەڵایەتی) "1951"، چەند لاپەڕەیەك زیاتری بۆ مارکس تەرخان نەکردووە، ئەوەش هەر بۆ ڕەتکردنەوەی بیروڕاکانی، بەڵام هەر ئەم پارسۆنزە سەدان لاپەڕەی لە بارەی ماکس ڤیبەرو ئەمیل دۆرکهایم و ویلفەردو پارتو (کە بە بەراورد لەگەڵ مارکسدا لە پەراوێزدایە) وە نووسیوە. پاش ساڵانی شەستەکان، لەگەڵ ڕادیکالیزمی سەرچاوەگرتوو لە براڤی دژی جەنگی ڤیەتنام و، پەرەسەندنی براڤی قوتابیان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپادا؛ بایەخدان بە مارکس دەستیپێکرد. لە سەرێکی تریشەوە، ئەو ڕەخنە کۆنەی کە کۆڵەکەی تۆژینەوە تیۆرییەکانی ئەوی بە "ئایدیۆلۆژیك" دادەنا، ڕووی لە لاوازی کرد. پەرەسەندنی کۆمەڵێك تیۆرەی نوێ لە

فەلسەفەی زانستدا (وەکو بیروڕاکانی تۆماس کۆهن و پۆڵ فایرابند) و، تەشەنەکردنی گوتاری هێرمنیۆتیکی لە زانستە مرۆییەکانداو، پتر بایەخدان بە تیۆرەی ڕەخنەیی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەرو مارکۆزو، تەنانەت بڵاوبوونەوەی ئەقڵانیەتی ڕەخنەیی کارل پۆپەرو هاوبیرانی و، سەرەنجام پەیدابوونی گوتاری پۆست مۆدێرن و ئەو ڕێژەخوازییەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنای، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر بیرمەندان و ئەکادیمیان بگەنە ئەو بڕوایەی کۆمەڵناسیی بەدەر لە بەها بوونی نییە. ئەوەش ڕوون بۆوە کە کار و بیروبۆچوونەکانی ڤیبەرو دۆرکهایمیش لە نووسینەکانی مارکس کەمتر ئایدیۆلۆژیك نین. بۆچوونێکی تازەش سەبارەت بە مارکس هاتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو بە ئاشکرا ئایدیۆلۆژیای خۆی دەخستە ڕوو و، لەژێر ڕووپۆشی گوتاری زانستیدا نەیدەشاردەوە.

4-کام مارکس؟

بە بڕوای مارکس زانست لایەنگرە. ئامانجی من لەم کتێبەدا ئەوە نییە کە لەسەر حسابی فەرامۆشکردنی ئەو وەك تیۆرەسازێکی دژە سەرمایەداری و خەباتگێڕێکی ڕێی ڕزگاریی پرۆلیتاریا، ئەو بخەمە ئاستی زاناو بیرمەندێکی ئەکادیمی و زانکۆییەوە، (بە دڵنیاییشەوە دەڵێم کە کارێکی لەمجۆرە لە ڕوانگەی ئەو خۆیەوە وەکو "کەمکردنەوە لە ئاست"ی ئەو بوو). بە پێچەوانەوە، دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە مارکس بۆ ئەوە دەینووسی کە سیستمی باو بگۆڕێ. ئەمە بە ڕواڵەت چاوەڕوانیەکی گەورەیە کە لە کاری فیکری و نووسین دەکرێ. بەڵام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێت کە گوتاری فەلسەفی لە گەوهەردا سەروکاری لەگەڵ گۆڕانکاریدا هەیە. تەواوی فەیلەسووفان بە مەبەستی گۆڕینی هۆشی خوێنەر دەتۆژنەوەو دەنووسن. فەلسەفە، هەروەها وەکو مۆریس بلانشۆ دەڵێت زمانو نووسین، بە گۆڕینەوە بەندن. تەنانەت موحافەزەکارترین بیرمەندانیش کە ئەرکی خۆیان بە بەرگریکردن لە سیستمی سەقامگرتوو و شێوە باوەکانی ژیان و کار دەزانن، دەیانەوێ لە ڕێی تۆژینەوەو نووسینەوە بۆچوونی کەسانی دیکە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

ئەوانە گەمەیەك دەست پێ دەکەن کە بە گوێرەی لۆجیك خۆیان لە ئاکامەکەی بێ ئاگان، ئاسۆی چاوەڕوانیەکانی خوێنەری خۆیان دەگۆڕن و، بەم گۆڕینەش ڕێ بۆ لێکدانەوەی تازەو، دەشێ بۆ تازە بوونەوەی پەیوەندییە مرۆییەکانیش بکەنەوە. بە هەمان شێوە، بیرمەندێکی ڕادیکال کە بە هوشیارییەوە ئەو تازەکارییەی ویستووەو، گۆڕانکاریی کردووە بەسەرلەوحەی کاری فیکریی خۆی، ناتوانێ ئێمە لە ئاسۆی چاوەڕوانیەکانی خۆیدا قەتیسبکات.

مارکس نەك بە تەنها لە ئاستی دەربڕیندا؛ واتە لە دەقی گوتەکانیدا، بەڵکو دەبووایە لە قووڵایی زمانیشدا شتەکانی بگۆڕیبایە. بۆیە ئێمە ناچارین کە لە ناواخنی قسەکانی ئەو زیاتر بڕۆین و، ئەو لە شوێنێکی دیکە، لە وێرانکردن و بینا کردنەوەدا ببینینەوە. ناچارین ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییە، چەندەها جار فراوانتر لەوەی ئەو خۆی پێشنیازی کردووە؛ بیخولقێنینەوە.

هەرچەند بمانەوێ لەو شوێنەدا لە هزری مارکس بکۆڵینەوە کە ئەو خۆی بۆ خۆی دانا (یان دەیویست دایبنێ)؛ واتە لە پلەی خەباتگێڕێکی پرۆلیتاردا، بەڵام ناتوانین ئەوە بشارینەوە کە هەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەوە، ئەو لە پلەیەکی دیکەشدا دەبینینەوە. لە سەروو نیازی دانەرەوەو، تا ئەو جێیەی کە ئێمە وەکو دەق لەگەڵ کارەکانیدا ڕووبەڕوو دەبینەوە، ئەو پێشگریمانەیەی کە ئێمە

پێویستە لە نووسینەکانی وەکو نووسینەکانی خەباتگێڕێکی پرۆلیتار بکۆڵینەوە بە تەنها دەبێتە یەکێك لە ڕووەکانی "ئاسۆکانی چاوەڕوانی"ی کارەکانی، کە دەکرێ لە میانیانەوە بخوێنرێنەوە. بە پێی حوکمی بنەڕەتیی هێرمینیۆتیکی ئەدەبی مۆدێرن و ڕێبازی ئیستاتیکای وەرگرتن، نیازی دانەر لە تێگەیشتنی ماناکانی دەقدا بەهاو بایەخی نییەو، خوێنەر ئازادە لەوەی کە هەر دەقێك بخاتە ئاسۆی چاوەڕوانیی تازەوەو، خوێندنەوەی خۆی بە تێزی تازەوەو لە ئەنجامیشدا بە ئەزموونی خولقاندنی مانا دەستپێبکات. هیچ خوێندنەوەی دەقێك ناتوانێ لە سروشتی لێکدانەوەو دامێنانی مانای تازە ڕزگاری ببێت و، لەناو دۆزینەوەی ئەو مانایانەدا قەتیس بمێنێ کە دانەر مەبەستی بوون، یان لە ئاسۆی تێزەکانی دانەردا گیر بخوات. هەر لەبەر ئەمە تەواوی نووسینەکانی مارکس بەدەر لەو ڕێنوماییانەی کە خۆی پێشنیازی دەکردن (یان کەسانی دی بەناوی ئەوەوە پێشنیازی دەکردن) دەخوێنرێنەوەو، تێگەیشتنیشیان جگە لە بنیاتنانی لێکدانەوەی تازە بە هیچ مانایەکی دی نایەت.

پرسیاری "کام مارکس؟" ئێمە دەخاتە بەردەم تۆژینەوەیەکی ترەوە. ئێمە سەبارەت بە مارکس، هەروەکو هەموو بیرمەندێکی ڕەسەنی تریش ناتوانین لافی ئەوە لێبدەین کە "بە تەنها ڕووبەڕووی یەك کەس بووینەتەوە". لە ڕووی کردەییەوە، هەمیشە لە ڕەوتی خوێندنەوەماندا بۆ کارەکانی مارکس، ڕووبەڕووی چەند مارکسێك دەبینەوە. لە بڕوامانەوە بە نکووڵی کردن لە یەکەیەکی بنەڕەتیی شوناسی خودی مۆدێرن؛ ئەو لافانە ڕەتدەکەینەوە کە یەك مارکس لە ئارادایە. بەلای ئێمەوە کەسێك نییە کە بەردەوام وەکو خۆی بمێنێتەوە. گریمانکردنی ئەوەی کە کۆمەڵێك کار هەن بە درێژایی چەندین دەهە لەسەر بناغەی مەبەست و ئامانج و نەخشەیەکی دیاریکراو نووسرابن و، دواتریش بە گوێرەی ئەوانە بناسرێن و پاساویان بۆ بهێنرێتەوە، شتێك نییە قابیلی سەلماندن بێت. مارکسێك کە لە سەرەتای پێگەیشتنی جەستەیی و فیکرییەوە تا سەرەمەرگ بە ئەمەکداری بۆ پرنسیپێك یان ئامانجێکی پیرۆز مابێتەوە هەر شایانی لینینیستەکانە. ئەوەی کە مارکس "چیی لە مێشکدا بووە" و "ویستوویەتی چی بڵێت" بۆ من گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە تێگەیشتنی گەمەی زمان، شێوەی دەربڕین، ئەپستیمی سەردەمە. لەم ڕووەوە، بڕوا ناکەم ئەو دەقانەی کە ئەو بەرهەمیهێناون ڕێك ڕواڵەتی ئەو بیرۆکانە بن کە ئەو دەیویست بیانخاتە ڕوو. ئەوەم پێ قبووڵ ناکرێ کە بەتەنها ئیمزایەك هەموو ئەو دەقانە پێکەوە دەبەستێتەوەو، یەکەیەکی بابەتی و ناوەکیان پێ دەبەخشێت. هەڵوێستێکی لەمجۆرە زیاتر لەوەی بەڵگە هێنانەوەیەك بێت بە ئاراستەی سەلماندنی چوونیەکی و ڕێکخستنی دەقەکان، سەلماندنی سادەی کاریگەریی ڕوانینێکی میتافیزیکانەیە.

مارکس وەکو هەر ئادەمیزادێکی دی هەزاران جار ژیاوە. ئەو هەموو ڕووداوەی ژیانی تایبەتیی، مێژوویی و سیاسی، ئەو هەموو گۆڕان و، کەوتنە ژێر کاریگەری و کارلێکردنە جیاوازانە، ئەو هەموو کاریگەرییە ئاشکرایە بۆ سەر گوتارە جۆراوجۆرەکان ئەوە پیشاندەدات کە ئێمە ڕووبەڕووی یەك کەس و، یەك خود نین کە بەردەوام بە شێوازێك و بە یەك شێوە ژیابێت و بیری کردبێتەوەو کاری کردبێت. شێوە جۆراوجۆرەکانی دەربڕینی ئەو و، ئەو شێوازە جیاوازانەی بەکاری بردوون و، دەوڵەمەندی و ئەرە جۆریی میتۆدی تەنزئامێزانەی پەخشانەکانی و ئایدیا جیاوازەکانی، هەرگیز ناچنەوە سەر یەك سەرچاوە. تاقە تەوەرەیەکی لە شکست نەهاتوو نەبوو لە کارەکانیدا. تەنانەت گەر بشڵێین کە تەمەنێك لە

گۆشەنیگای چینی ستەملێکراوی کرێکارانەوە سەیری ململانێی چینایەتیی کردووە، دیسانەوە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە دوو ڕوانین لە گۆشەنیگایەکەوە هەرگیز کورت ناکرێنەوە بۆ ڕوانینێك. گەورەیی کاری شۆڕشگێڕێکیش لەوەدایە کە هەرگیز بۆ یەك سەرچاوە کورت نەکرێتەوە.

5-سیاسەتی مۆدێرن و ڕۆڵی مارکس:

مارکس هەرگیز کارێکی سەربەخۆو ڕێکوپێك و کاملی دەربارەی تیۆرەی سیاسی نەنووسیوە. وا دێتە بەرچاو کە لە بەشی زۆری قۆناغی کاری فیکرییدا، بە گوێرەی پێداویستی و هەلومەرجەکانی ململانێکانی ڕۆژانە ڕوانینی سیاسیی خستبێتەڕوو. تەنانەت ئەو یاداشتەی کە دەیویست وەکو بەرگی چوارەمی (سەرمایە) "دەربارەی دەوڵەت" بینووسێت؛ نەماوەتەوە. "کارە سیاسیەکان"ی ئەو بەو سەودایەوە نەنووسراون کە تیۆرەیەکی گونجاو و گشتگیر لە بورای فەلسەفەی سیاسەتدا بخەنە ڕوو. لەو بنەماو پرنسیپانەیان نەتۆژیوەتەوە کە تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەودا پێیان دەوت "زانستی سیاسەت"و، تەنها بەپێی زەرورەتی دەستخستنە ناو ململانێی کرێکاران و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژ نووسراون. ئەو بیرخستنەوەیەی مارکس لە پێشەکیی دووەمین چاپی (هەژدەیەمی برومری لویس بوناپارت)دا کە ئەو کارە "لە ژێر گوشاری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکاندا" نووسراوە (5ب: 3، ب ئا-1: 394) بە ڕاستی بەسەر تەواوی کارەکانیدا دەچەسپێ، لە گەڕانماندا بە دوای بونیادی تیۆرەیی هەندێ لە بیرۆکەو هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەودا هەندێ جار ناچار دەبین کە پەنابەرینە بەر نووسینە ئابوورییەکانی و لێیان وردببینەوە. کارە سیاسیەکانی ئەو سروشتێکی ئەزموونکارییان هەیەو تەنانەت لە هەندێ لە گرنگترین ئەو کارانەدا حوکمی دژبەیەك دەبینینەوە. لەبەر ئەوەی لەکاتی نووسینیاندا تێڕوانینی دەگۆڕا. بۆ نموونە، دەبینین زنجیرە وتارە بەناوبانگەکەی بە (ململانێی چینایەتی لە فەرەنسادا) بەوە دەستپێدەکەن کە ڕووداوی شۆڕشێکی ئەوروپایی لە ئایندەیەکی نزیکدا شتێکی حەتمییە، کەچی بە نکوولی کردنی هەمان ئەو شتە کۆتاییان دێ. لە سەرێکی ترەوە، مارکس لەبەر هەلومەرجی سیاسی و ڕەچاوکردنی پرنسیپی پەنهانکاری هەندێ جار بە زمانێکی ڕەمزی دەینووسی و پەنای دەبردە بەر تەنز، یان باسی سەرچاوەی زانیارییەکانی خۆی نەدەکرد. هەموو ئەم شتانەش توانای ئەنجامگیری لە نووسینە سیاسیەکانی کە زیاتر بریتین لە وتارو نامیلکەو بەیاننامەو پەیام و یادداشت و نامە، دژوار دەکات.

ناتوانین بە مانا وردەکەی، مارکس بە فەیلەسووفێکی سیاسی لە قەڵەم بدەین. ئەو هەرگیز فەلسەفەیەکی سیاسیی وەهای نەخستۆتە ڕوو کە گشتگیرو شێوەدار بێت. فیلیپ لاکۆلابارت و ژان لۆك نانسی لە یەکەمین بەرگی کتێبی (گەمەی سەرلەنوێی سیاسەت)دا نووسیویانە کە "فەزایەکی خاڵی سیاسی" لە فیکری مارکسدا هەیە. بە بۆچوونی ئەوان مارکس بە شێوەیەکی سەرەکی لە تۆژینەوە فەلسەفیەکانی خۆیدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە تیۆرەیەکی کۆمەڵایەتی بینا بکات و، بناغەکەشی لەسەر ئابووریی سیاسی دابمەزرێنێت کە ببێتە مایەی تێگەیشتن لە کۆمەڵگای مەدەنی. لەم ڕووەوە "سیاسەت هەر وەکو شتێکی بیرلێنەکراوە لە کاری ئەودا مایەوە".

زیاتر لەم خاڵەش دەگەین ئەگەر سەرنج لەو گوتەیەی مارکسی لاو بدەین کە ئەقڵی سیاسی ڕێك لەبەرئەوەی کە سیاسیەکی پەتیە، لە تێگەیشتنی دژواریەکان و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکاندا کەموکورت و ناکارایە (م ئا- 3: 199). بۆ خستنەڕووی خاڵێکی

گشتیش کە پیشانیدەدات مارکس لە ئاست کام لایەنی ژیانی سیاسیدا بێ دەربەست بوو و، لەم بوارەشدا شتە بیرلێنەکراوەکانی کامانەن، سوود لە ڕستەیەك وەردەگرم کە لویس ئالتۆسیر دەربارەی ئابووریناسە کلاسیکەکان نووسیویەتی و، بە بڕوای من ڕێك بەسەر مارکسیشدا دەچەسپێ.

ئالتۆسیر لە کتێبی (خوێندنەوەی سەرمایە)دا نووسیویەتی: "ئەو شتەی ئابووریی سیاسی نایبینێت شتێك نییە کە لە پێشدا هەیەو دەتوانرێ ببینرێ، بەڵام نایەتە بەرچاو. ئەوەی نایبینێت، شتێکە کە لە ڕەوتی بەدەستهێنانی مەعریفەدا بەرهەمیدێنێت و، بەر لەو ڕەوتە بوونی نەبووە. هەمان ئەم بەرهەمهێنانی مەعریفەیەشە کە مەسەلەیەکی ڕەچاونەکراوێتی. ئەو شتەی ئابووریی سیاسی نایبینێت شتێکە کە خۆی دەیخولقێنێت، بەرهەمهێنانی وەڵامێکی تازەیە بەبێ ئەوەی کە پرسیارێك لە ئارادا بووبێت و، لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك پرسیاری دواترە کە لەناو هەناوی ئەو وەڵامە تازەیەوە فۆرمەلە دەبن".

مارکس لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی مەعریفەشدا، واتە لە بەرەوپێشبردنی شیکردنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریی هاوچەرخدا، کۆمەڵێك مەسەلەی تیۆرەیی گرنگی دەخستەڕوو کە نەیدەتوانی بە شێوەیەکی تەواو لە ڕەوتی دواتری گۆڕانی سەرمایەداریدا بە دوایاندا بچێت و، پێشبینییەکی وردی ڕەوتی ئەو پەرەسەندنە بەدەستەوە بدات. لە گرنگترین ئەو مەسەلانەش کە لەم کتێبەدا پەنجەم خستۆتە سەر، تێگەیشتنی میکانیزمی چالاکیی دەوڵەتی دیموکراتی مۆدێرن یان بۆرژوواییە.

کۆمەڵێك چەمك و مەسەلە لە سیاسەتی مۆدێرندا هەن کە لە ڕوانگەی پێکهاتەی مێژووییانەوە بە هەندێ لایەنی تیۆرەکانی مارکسیشەوە پەیوەست دەبنەوە، بەڵام مارکس ئەوانەی نەخستبوونە ڕوو، وەکو: دەوڵەتی ڕەفاه، دەوڵەتی لانی کەم (وەکو ڕێگەچارەیەکی تیۆرەیی بۆ بەرامبەربوونەوەی دیموکراسیی سنووردارو پشت ئەستوور بە نوێنەرایەتی لەگەڵ دیموکراسیی ڕاستەوخۆدا)، ڕوونکردنەوەی تیۆرەیی و ڕەخنەگرانەی چەمکەکانی وەکو ڕەوایەتی، وێکهاتن، ڕێکەوتنامە، لێکبوردن، بواری گشتی، تێگەیشتنی سروشتناسی وەکو هێزێکی سیاسی، بزاڤی سەربەخۆی ئافرەتان، بزاڤە ئازادیخوازەکانی کەمینە نەژادییەکان و.. بەرامبەر ئەمانەش کۆمەڵێك چەمك و مەسەلە هەن کە لە سیاسەتی مۆدێرنداو، لەوەدا کە ئەمڕۆ ئێمە بە شتی سیاسیی دەزانین کلیل ئاسان و لە نووسینەکانی مارکسدا بایەخیان پێ دراوەو، هەندێکیان لە ناو چەقی گرنگیپێدانی ئەودا بوون، وەکو: یەکسانی، عەدالەت، دەسەڵات، توانا، پەیوەندیی مولکدارێتی بە مافەکانەوە، مەسەلەی نەتەوایەتی، جێکەوتەی تایبەتیی جەنگ و، بێگومان سروشتی چینایەتیانەی دەوڵەتیش.

بە سەرنجدانی ئەو خاڵانەی سەرەوە ناتوانین لەگەڵ ڕۆجەر تریگدا کە نووسەری کتێبێکی ناوداری وەکو (کۆمەڵێك بیروبۆچوون سەبارەت بە سروشتی مرۆیی) "*1988*"ە؛ هاوڕابین کە نووسیویەتی: "هیچ بیرمەندێك بە ئەندازەی کارل مارکس کاریگەرییەکی وا قووڵی لەسەر بونیادی سیاسیی جیهانی مۆدێرن نەبووە. بیروباوەڕەکانی ئەو تۆوی ئەو هەموو شۆڕشەیان لە سەدەی بیستەمدا چاند. هەرچەند بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوەوە، ئەو شۆڕشانە لە پێشکەوتووترین وڵاتی پیشەسازیدا ڕوویان نەدا". هەڵبەت تریگ لە پێشەکیی چاپی دووەمی کتێبەکەیدا لە ساڵی *1999*دا و، پاش هەرەسی کۆمۆنیزمی سۆڤێتی، تا ڕادەیەك ئەو قسەیەی خۆی ڕاستکردەوە. بەڵام هەروەکو پێشتریش ئەوەم ڕوونکردەوە، مەسەلەکە لەسەر ئەم خاڵە نییە.

بەڵکو مەسەلەی سەرەکی لە چۆنێتیی دەرکی تریگدایە بۆ "بونیادی سیاسیی جیهانی مۆدێرن". ئەم بونیادە چەمکێکی زۆر بەربڵاوە. ڕاستە کە لە سەرێکەوە بە شۆڕشەکانەوە بەستراوەتەوە، بەڵام قەڵەمڕەوی فراوانی بە تەنها لە شۆڕشەکاندا کورت ناکرێتەوە. چۆن دەکرێ ڕۆڵی مەزنی تیۆرەسازانێکی لیبراڵی وەکو جۆن ستیوارت میل و ئەلێکسی دۆتۆکویل لە فۆرمەلەی بونیادی هەنووکەیی سیاسەتی جیهاندا لە یاد بکەین؟ یان چۆن دەتوانین کاریگەریی قووڵی ماکس ڤیبەر بۆ سەر تێگەیشتنمان لە سروشتی ئەقڵانیانەی کرداری سیاسی و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی یان وەکو تریگ خۆی دەڵێ بونیادی سیاسیی جیهانی مۆدێرن، بە کەمبایەخ سەیر بکەین؟ بە گوێرەی کۆمەڵێك بەڵگەی بەهێز دەتوانین بیسەلمێنین کە ئەم بیرمەندانە کاریگەرییەکی قووڵترو درێژخایەنترو خولقێنەرتریان بۆ سەر ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی دەڵێین "سیاسەت" هەبووە وەك لە مارکس.

6-دوو مانای "مارکسیزم"

دەتوانین تەسەوری دوو مانا بکەین بۆ مارکسیزم. مانای یەکەمیان بریتییە لە بیروبۆچوونەکانی کارل مارکس خۆی. هەروەکو چۆن برتل ئۆلمانیش بەم مانایە کتێبەکەی (لەخۆنامۆبوون، چەمکی مارکس بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا) دەستپێدەکات: "مارکسیزم بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە لێکدانەوەی مارکس بۆ سەرمایەداری، ئەنجامە کۆتایی پێنەهاتووەکانی تۆژینەوەی ئەوە دەربارەی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە چۆن کاردەکات، کە چۆن پێشدەکەوێت و، بەرەو کام ئاراستە دەڕوات" ئەم پێناسەیە ناڕاست نییە، بەڵام دەبێ سەرنجی خاڵێکی گرنگ بدەین. جەختکردنەوەی ئۆلمان لەسەر لایەنی "کۆتایی پێ نەهاتوو"ی لێکدانەوەی مارکس ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کە نابێ ئەنجامەکانی تۆژینەوەی ئەو بە دامەزرێنەری سیستمێکی بێ کەموکورتی گوزارشتکەری واقیع بزانین. لە لێکدانەوەی مارکس بۆ سەرمایەداری نەك هەر ناتەواو بوو، بەڵکو خاوەنی تەوەرێکی مانایی جێگیرو هەمیشەییش نەبوو. بە تەنها کاتێ هەزری مارکس گۆڕا بۆ دەستوورێکی دۆگمایی و وەکو مەزهەبێکی لێ کرا، واتە لە یەکێتیی سۆڤێتدا (کە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ لێکۆڵینەوە ناوەکیەکانی ئینتەرناسیونالیزمی دووەمی ساڵانێك بەر لە شۆڕشی ڕووسیا) "مارکسیزم" لایەنێکی ئەفسانەیی بەخۆوە گرت و، مۆری "دەربڕینی تەواوی حەقیقەتی ململانێی چینایەتی" و "ڕێنومای کاری زەحمەتکێشان" و شتی تری لەمجۆرەی پێوەنرا.

مانای دووەمی "مارکسیزم" بە ئاقارێك پێناسەی دەکات کە هەرچەند بە مارکس دەستی پێکرد، بەڵام مێژووەکەی لە سنووری ژیان و چالاکیی فیکریی ئەو تێدەپەڕێت و، هەموو ئەو شیکردنەوانە دەگرێتە خۆی کە کەسانی دی پاش خۆی سەبارەت بە پەرەسەندن و ئاراستە ناوەکیەکانی سەرمایەداری خستوویانەتە ڕوو (دەشیانووت کە سەرچاوەی تیۆرەیی کارەکانیان نووسینەکانی ئەو بووە). هەر لەبەرئەمە ڕووبەڕووی یەك مارکسیزم نەبووینەتەوە. لە ڕاستیدا تێگەیشتنی هەر کەس و گروپێك لە ئایدیاکانی مارکس (ئەوانەی کە هاوبیرو لە زۆربەی جاریشدا هاوڕێگاو هەڤاڵی حیزبێك بوون) سەرباری ئەوەی خۆیشیان لە سای پەرەسەندنی واقیعیەت و مێژوودا زانیویانەو لێکیانداوەتەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکانی "مارکسیزم" دەژمێردرێ. هنری لۆفیڤەر لە وتارێکیدا دەربارەی نیچە لە ڕووی پێداویستیی تۆژینەوەکەیەوە نووسیویەتی: "یەکجۆر مارکسیزم نییە. بە گوێرەی مەیل و ڕێبازو ڕێگەو تێزە کردەییەکان گەلێ مارکسیست هەن" کەمتر ڕوویداوە

بیرمەندێك هەبێت کە خۆی بە "مارکسیست" دەزانێت، ئامادە بووبێت بەرپرسیاریی کارو بیروبۆچوونەکانی بیرمەندانێکی تر قبووڵبکات کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن.

هەموو پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە یەك جۆر مارکسیزم نییە، بەڵکو چەندەها جۆر مارکسیزم هەیە. لەم حاڵەتەدا چ پێویست دەکات و، بگرە چۆن دەشێ باسی ڕێبازێکی گشتی بکەین بەناوی مارکسیزمەوە؟ کارل کۆرش لە ئەپریلی 1935دا لە سەرەتای وتارێکدا بەناوی "من بۆچی مارکسیستم؟"ەوە نووسیویەتی کە بە بۆچوونی ئەو باسکردنی شتێکی گشتی بە ناوی "مارکسیزم" ەوە، هەروەکو باسکردنی مانایەکی گشتیی دیموکراسی و، ستەم و، دەوڵەت، شتێکی ناڕوونە. هەریەك لەمانە دەبێ لە شوێنی مێژوویی دیاریکراو و، بەستراو بە فاکتەرە ئابووری و جوگرافی و نەریتیەکانەوە بناسرێ. جۆرەکانی مارکسیزمیش "بەو جیاوازییە ناسراوەیان و، هەروەکو ئایین و ئاقارەکان" دەناسرێنەوە. هەم لە شێوە نەتەوەییەکەیداو هەم لە شێوەی ئینتەرناسیونالیستیەکەیدا، سیستمی جیاجیای تیۆرەیی و بزاڤی کردەیی جۆراوجۆر هەن کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن. کۆرش دەڵێت لەبری ئەوەی لە مارکسیزم بتۆژینەوە کە بە ناچاری دەبێ سەبارەت هەندێ بنەمای گشتی بدوێین، ڕەنگە چاکتر بێت کە لە هەندێ مەسەلەی دیاریکراو و کردەییەوە لە بزاوتی پرۆلیتاریدا دەسپێبکەین. بەڵام لە درێژەی باسەکەیدا، ئەو خۆی هەندێ مەسەلەی وەك گرنگترین مەسەلەکانی فیکری مارکس دیاری کردووە، کە بریتین لە: 1) تەواوی حوکمە مارکسیەکان، تەنانەت ئەوانەش کە وەك حوکمی گشتی دێنە بەرچاو، حوکمی تایبەتین. (ئەی ئەم حوکمە خۆی چۆن؟).

2)مارکسیزم مەسەلەیەکی پۆزەتیڤانە نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی ڕەخنەگرانەیە.

3)بابەتی مارکسیزم کۆمەڵگای سەرمایەداری نییە لە حاڵەتی پۆزەتیڤی و بەرقەراریدا، بەڵکو کۆمەڵگای سەرمایەدارییە لە حاڵەتی فەوتان و هەڵوەشانەوەدا.

4)مەسەلەی سەرەکیی مارکسیزم تێگەیشتنی ڕامانئامێزانەی جیهان نییە، بەڵکو گۆڕینی چالاکانەیەتی. هەریەك لەم مەسەلانەش دەکرێ ببنە سەرچاوەی تۆژینەوەی جۆراوجۆر. بۆ نموونە دوا مەسەلە کە تێزی یانزدەهەمی "کۆمەڵێك تێزی ڕەخنەیی سەبارەت فۆیرباخ"ی مارکسمان بیردەهێنێتەوە، بە بڕوای من دەکرێ وا بنرخێنرێ کە ناڕاستەو، یان لانی کەم ناکاملەو لە ڕووی فەلسەفیەوە مایەی سەرەگێژە بێت. پێشنیازەکەی کۆرش بۆ ئەوەی کە لەم فەسڵە هاوبەشانەوە دەستپێبکەین، خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی چەندەها تۆژینەوەی بێ کۆتاییە. لە ڕاستیدا کۆرش لە تێگەیشتنێکی تایبەتیەوە بۆ ڕوانگەی مارکس ئەم فەسڵانەی بە هاوبەش داناوەو، نەیدەتوانی زۆر لە "مارکسیست"ەکانی دی سەبارەت بە ڕاستێتی و ڕەسانەیەتیی کارەکەی خۆی قەناعەت پێبکات. وا چاکتر بوو بگەڕێتەوە بۆسەرەتای تۆژینەوەکەی خۆی و ڕایبگەیاندایە کە فەسڵێکی هاوبەش بۆ "مارکسیزمەکان" پەیدا نابێت.

وا دێتە بەرچاو کە بۆ ناسینی هزری مارکس و تەوەرە مانایی جیاوازەکانی واباشتر بێت کە زاراوەی "مارکسی" بەکار بهێنین، خۆمان لە بەرکاهێنانی "مارکسیزم" بە دوور بگرین بەو مانایەی کە پێشتر لە خاڵی دووەمدا باسکراوە.

7-ماركس يا ماركسيزم؟

وتەیەکی بەناوبانگی کە "ماركس" هەیە کە بە "لاسال"ی وتووە: "ئەوە شتێکە براوەتەوە کە من ماركسیست نیم"[4]. زاراوەی "ماركسیزم"لە مشتومڕێکی سیاسی و تیۆرەییەوە پەیدا بوو. لە سەرەتای دەیەی *1850*دا زاراوەی "ماركسی" (*Marxianer*) لە لایەن لایەنگرانی گروپی وایتلینگەوە دژ بە لایەنگرانی ماركس بەکاردەهێنرا. ئەوانە دەیانویست دوژمنایەتیی پەیڕەویکارانی ماركس لەگەڵ لایەنگرانی لاسالدا زەق بکەنەوە. لەناو ئینتەرناسیونالی کرێکاریدا وەك تانەو تەشەر بە گروپێکیان دەوت "ماركسیست" یان "ماركساوی" یا "*Marxides*"، تا دووریی ئەوان لە پەیڕەویکارانی باکۆنینەوە بخەنەڕوو. ساڵێك بەر لە مەرگی ماركس، واتە لە ساڵی *1882*دا کتێبێکی بچووك بەناونیشانی "ماركسیزم و ئینتەرناسیونالیزم" بە زمانی فەرەنسی و بە پێنووسی پۆڵ برۆس بڵاوبۆوە. رەنگە ئەمە یەکەمین نموونەی خستنەڕووی ئەم وشەیە بێت بە مانا پۆزیتیڤیەکەی. چەند ساڵ دوای ئەوە ئینگلز وشەی ماركسیزمی لە نووسینەکانی خۆیدا بەکارهێنا. هەندێ نموونەش هەن ئەوە پیشان دەدەن کە لایەنگرانی ماركس لە نامەکانی خۆیاندا بۆ ماركس ئەو زاراوەیەیان بەکارهێناوە، بۆ نموونە ڤیرا زاسۆلیچ لە نامەیەکدا بۆ ماركس خۆی کە لە *16*ی فێبروەریی *1881*دا نووسیویەتی؛ ئەم وشەیەی بەکارهێناوە. بەڵام ماركس خۆی لە بڵاوبوونەوەی ئەم زاراوەیە ڕازی نەبوو و هەروەکو ئاماژەشمان پێدا خۆی بە ماركسیست نەدەزانی. بەڵکو لە نێوان نیازی هەمیشەیی خۆیدا کە پێویستە سروشتێکی زانستیانە بە سۆسیالیزم ببەخشرێو لە نێوان ئەم وشە خودخوازانەو لە ڕووی سیاسیشەوە تاکخوازانەیەدا ناکۆکیی بەدی دەکردو، لەوە دەترسا کە ئەم وشەیە دەلالەت لە بوونی دەستەو تاقمێك بکات لەناو سەرجەم بزاڤی کرێکاریدا. هەر بۆیە لە کۆنگرەکانی -سن- ئەتین و روانی حیزبی کرێکاریی فەرەنسادا بێزاریی خۆی بەرامبەر "دوو دەستە بوونەوەر" دەردەبڕێ کە یەکێکیان خۆی بە "ماركسیست" دەزانی (لە نامەیەکدا بۆ ئینگلز، *30*ی سپتەمبەری *1882*)، تەنانەت ئینگلزیش لە نامەیەکدا بۆ لافارگ بە سووکیەوە ناوی "ئەم بەناو ماركسیستانە" دەهێنێت. بەڵام دەبێ ئەوە بوترێ کە زۆر بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە لایەن ئینگلزەوە و لە دەیەی کۆتایی ژیانیدا ڕەسمیەت و ڕەوایەتیی پێ بەخشی. وردە وردە وای لێهات وشەی ماركسیزم لە کوفری شەیتان بەناوبانگتر بوو و، ناوەڕۆکی ئایدیاکانی ماركس و، کۆمەڵێك لێکدانەوەو ڕاڤەی پەیڕەویکارە جیاوازەکانی لەخۆ دەگرت و، پاشان وشەی لینینیزم بە دوایدا هات کە نەبووە مایەی شانازییەکی ئەوتۆ بۆ ماركس و، تەنانەت بۆ شکانەوەی زیاترو تەواوکردنیشی، بیروبۆچوونەکانی ماركس لەگەڵ "بیروبۆچوونەکان"ی کەسانێکی وەکو ماو و ئەنوەر خواجەو کیم ئیل سۆنگ و پۆڵ پت ئاوێتە کرا.

"ئەوە شتێکە براوەتەوە کە من ماركسیست نیم". دواتر ماركسیستە جۆراوجۆرەکان هەوڵیاندا ئەم ڕستەیە بێ رەونەق بکەن و، بە کاردانەوەی قۆناغێکی بەرامبەر بە لایەنگرە فەرەنساییەکانی لە قەڵەمبدەن و، وەکو ئینگلز ماركس بکەن بە ئەفسانە. بەڵام لێرەدا نەغمەی توندی ماركس و توندوتیژیی ئەو ڕستەیەی (کە یەکێکە لە ئەدگارە دیارەکانی شێوەی دەربڕینی ئەو) کۆمەکی من دەکات. ماركس بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە لەو ڕستەیەی سەرەوەدا ڕوونیدەکاتەوە کە ئامادە نییە بەرامبەر کردەوەو بیروباوەڕی سیاسیی کەسانی دی خۆی بە بەرپرسیار بزانێت. ئەو بەردەوام خۆی بە سەربەخۆ

و گەورەتر لە کاری کەسانێك دەزانی کە خۆیان بە قوتابی و لایەنگری ئەو لە قەڵەمدەدا. ئەم کتێبەی لە بەردەستتدایە دەربارەی مارکسە نەك مارکسیزم، هەوڵدەدات مارکس پاك بکاتەوە لە ماکیاژی هەموو ئەو راڤانەی پەیڕەویکارە جۆراوجۆرەکانی بۆیانکردووە. لەم کتێبەدا نە نیشانەی لێکدانەوەکانی وەچەی یەکەمی پەیڕەویکارانی ئەو دەبینیتەوە، واتە لافارگ، برنشتاین، ببل، مرینگ، کاوتسکی، پلیخانۆڤ، لابریۆلاو کەسانی دی، نە نیشانەی لێکدانەوەی مارکسیستە ڕووسیایی‌و چینی‌و هتد.. هەوڵم داوە مارکس لە دەرەوەی کاری کەسانێك بناسێنم کە هەریەکەیان ویستوویانە بە جۆرێك لە جۆران درێژە بە ڕێگا فیکری و تیۆرەییەکەی بدەن. مارکسێکی ئازاد لە مارکسیزم و، ئێستا دەتوانم بڵێم مارکسێکی پاش مارکسیزم. مارکسێك بێبەری لە مێژوویەك کە بە ناوی ئەوەوە دەستیان پێ کرد، چ لە هێزو تواناکانیداو، چ لە کەموکورتی و ناشیرینیەکانیدا. ویستوومە ڕێی کارێکی دژوار بگرمەبەر: دەقێك بخەمەڕوو جیا لەو لێکدانەوە زۆرانە کە دەیشارنەوە. هەڵبەتە دەزانم کە ئەمەی منیش هەر یەکێکە لە لێکدانەوەکان و لەم گەمە هێرمنیۆتیکیە دەرباز بوونم نییە. هەروەها دەشزانم کە هەرچەندە کار لەسەر کارەکانی مارکس خۆیشی بکەم، بەڵام دیسانەوە ڕاستیەکی تاڵ خۆی بەسەر من و خوێنەردا دەسەپێنێت: چەندەها وەچە لە مارکسیستەکان بە ڕادەی جیاواز گرفتاری تێگەیشتنێکی میکانیکیانەی "گۆڕانی دیاردە سەروو بونیادیەکانی سەرچاوەگرتوو لە گۆڕانکارییەکانی بونیادی ئابووری" بوون. ئەوانە لەسەر بنچینەی کۆمەڵێك لێکدانەوەی دۆگماییانە کارەکانی مارکسیان دەخوێندەوەو، بانگەشەیان بۆ دەکردو، دەیانبردە مەیدانی ململانێی چینایەتیەوەو، دەیانکردە هێزێکی ماتەری. کارێکی هەروا ئاسان نییە لەم "شێوەی دەرکەوتنە" تێبپەڕین و بگەڕێینەوە سەر کارەکانی مارکس خۆی، بەڵام هەر دەبێ واش بکەین.

ئەو شتەی لای من گرنگە، مارکسیزم تێدەپەڕێنێت. جەختکردنی زیاد لە پێویست لەسەر گرنگیی قوتابخانە فەلسەفیەکان لە گوتاری فەلسەفیدا؛ کارێکی ڕاست نییەو، دەبێتە مایەی هەڵەی تیۆرەیی. زەقکردنەوەی بایەخی فەیلەسووفان بە ڕێبازێکی تایبەتی؛ بەردەوام وامان لێدەکات جەخت لەسەر فەسڵە هاوبەش و وێکچووە ڕواڵەتیەکان بکەین و، گرنگترین شت لە کاری ئەو فەیلەسووفەدا کە دانسقەیی و ڕاستگۆیی هەزرو سروشتی تاکانەی ئەقڵانین؛ فەرامۆش بکەین. وا دێتە بەرچاو کە زەقکردنەوەی فەسڵە هاوبەشەکان زیاتر سەبارەت ئەو "قوتابخانانە" ڕاست بێت کە دوای فیکری فەیلەسووفێکی گەورە هاتوونەتە ئاراوە، هەر بۆ نموونە ئەفلاتوونیە تازەکان و کانتیە تازەکان. لە کاتێکا ئێمە ژمارەیەك لە بیرمەندان دەخەینە خانەیەکەوە کە بیرمەندی سەرەکی تیایدا کە دەسپێشخەر بووە چەندەها جار بەرزترو باڵاتر لە هەر قوتابخانەو ڕێبازێك کاری کردووە. فەیلەسووفی گەورە هەروەکو هایدیگەر دەڵێت نە سەر بە ڕێبازێکەو نە بە مانای وردی وشەکەش خولقێنەری قوتابخانەیەکە. عادەتەن لێکدانەوەکانی پاشترن کە دەبنە مایەی وەهمی چوونیەکی هزرەکان. بەڵام بە وردبوونەوە لە تایبەتمەندییە هێرمنیۆتیکیەکانیش دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە جیاوازییەکان ڕۆڵیان زۆر زیاترە لە چوونیەکیەکان. ئەگەر ئەو خاڵەی سەرەوەمان پێ قبووڵ بێت، ئەوکات حوکمی ئێمە لە بارەی پەیوەندیی مارکس بە مارکسیزمەوە بە شێوەیەکی بنبڕانەتر دەردەکەوێ. دانانی مارکس لە خانەی سۆسیالیستەکان، هیگلییە لاوەکان، ڕیالیستەکان، ماتێریالیستەکان و هتد دا.. تایبەتمەندی و مەزنیی کاری فیکریی ئەو کەمڕەنگ

دەکـات. لـە ڕووی مێژووییشـەوە ئـەم مەسـەلەیە سەلماوە کە خۆدانە دەست مارکسیزم، هەرچـەند ڕۆڵی بژاردە جۆراوجۆرەکانیشی تیا بووبێت بەڵام پتر لەهەر شتێك لە خزمـەتی پێکـهاتنی ئـایدیۆلۆژیی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا بووە. ئیدی بە شکستی ئـەو حیزبانـە، مارکسـی پەیامبـەرو پێشـبین، مارکسـی پێشڕەو، لەنێوچوەو باشـتریش. سەرئەنجام ئـەوەی مایـەوە نووسـین و بیروبۆچوونـەکانی مـارکس بـوو، دوور لـە سـوود وەرگرتنـە کردەیـی و پەلـەکان لێی، وەکو بەشێك لە کەلتووری ئەورووپایی، کە بە ناچـاری شایەتی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتەیە.

8-سەبارەت بە ئینگلز:

ئەو تێگەیشتنە تەقلیدیەی بۆ پەیوەندیی فیکریی نێـوان مـارکس و ئینگلـز لـە ئارادایـە، تاڕادەیـەك دەگەڕێتـەوە بـۆ چـالاکیی لایـەنگرەکانیان لـە ئینتەرناسـیونالیزمی دووەم و حـیزبی سۆسـیال دیموکراتی ئەڵمانیادا لە دواساڵانی ژیانی ئینگلزدا.

جەختکردنەوەی ئینگلز لەسەر دۆستایەتیی نزیك و هاوبیریی لەگەڵ مارکسداو پێکـەوە کارکردنیـان لـە نووسـینی سـێ کتێبـدا. لـە سـەرێکەوەو، پشتیوانیکردنیان لـە یـەکتری بەرامبـەر نـەیارەکانیان لـەنێو بزاڤـی کرێکـاریدا، کەسـانێکی وەکـو لاسـال و باکۆنین و پرۆدۆن لە سەرێکی ترەوە، سـەرەنجامیش ڕۆڵی ئینگلز لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك یادداشتدا کـە بـە بـەرگی دووەم و سێیەمی (سـەرمایە) ناسـراون، هـەموو ئەمانـە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی کـە جیاوازییـە فیکرییەکانی نێـوان ئـەم دووانـە ئەفـەرۆز بکرێ. بـە بڵاوبوونەوەی هەندێ کاری وەکو (مێژوو و هۆشیاریی چینایـەتی)ی لۆکـاچ و، (مارکسـیزم و فەلسـەفە)ی کارل کرۆش لە دەیەی *1920*دا، دەرفەتی ئـەوە هاتـە پێشـەوە کـە تیۆرەسازان بـە شـێوەیەکی جیـددی سەبارەت فیکری فەلسەفیی مـارکس و جیـاوازیی ڕوانینی لەگەڵ ڕوانینـی ئینگلـزدا بتۆژنـەوە. مـارکس ئـەوەندەی ئینگلـز گرفتـاری ڕوانینێکـی میکـانیکی و میتـۆدی "زانسـتی" بـە مانـای تەسـلیمبوون بـە نموونـەی زانسـتی ئـەو سـەردەمە واتـە زانسـتە سروشـتیەکان؛ نـەبوو. هـەرگیز واش نەیدەڕوانیـە دیالەکتیك کە بریتی بێت لە چەند یاسایەکی نەمر کـە لە زانستی سروشـتیی ئـەو سـەردەمەوە وەرگیرابن. ئەو چوونیەکیانەی کە مارکس لە نێوان میتۆدی کاری خۆی و میتۆدی زانستە سروشتیەکاندا دەیبینیـەوە و لە هەندێ ئاماژەی پەرتدا هاتوون، تا ئێسـتاش جگـە لـە ئـەنجامگیریی حەتمیانـەو قەدەریانـە، ڕێ بـۆ لێکدانەوەی دیکەش خۆشدەکەن. لـە کاتێکـا ئینگلـز بە وردی بەرگریی لە یاساکانی دیالەکتیك وەك یاسای حـەتمی و مەحکـەمی پەرەسـەندنی کۆمـەڵگاکان و، بـەکاربردنی هـەندێ لـە ئەنجامـەکانی تۆژینـەوەکانی زانستە سروشتیەکان لـە شـیکردنەوەی مێژوویـی و کۆمەڵایـەتیدا کردبـوو. تەنانـەت زاراوەکـانی ماتێریالیزمی دیالەکتیك و ماتێریـالیزمی مێژوویی کـە لـە گۆڕانـی ئایدیۆلۆژیانـەی لینینـیزمدا ڕۆڵێکـی سەرەکییان هەبوو، دروسـتکراوی ئینگلـزن و مـارکس ئـەو زاراوانـەی بەکارنـەهێناوە. لـە ڕاسـتیدا ئینگلـز ماتێریـالیزمی مێژوویـی گـەیاندبووە ئاسـتی جیهانبینیـیـەك یـان *Weltanschauung*. زانستگەراییەکەی ئینگلز لە هەوڵیدا بۆ دروستکردنی گونجـانێك لـە نێـوان ڕوانینـی مـارکس و تیـۆرەی پەرەسەندنی داروینداو بە باشی ئاشکرا دەبێت. ئـەو هەوڵەی کە لە هیچ شـوێنێکدا هێنـدەی ئاشـکرابوونی لە نووسراوی "ڕۆڵی کار لە پەرەسەندنی مەیموندا بـۆ مـرۆڤ"دا ڕوون نییـە، کـە ئینگلـز لـە *1876*دا واتـە هێشتا مارکس لە ژیاندا بوو ئەوەی نووسی و نزیکـەی بیست سـاڵ دوای ئـەوە بڵاوبـۆوە. (ب-ئـا-3: *66-78*). بەهـەر حـاڵ مـارکس خـۆی لـە هـەموو کەسـێك باشتر بـواری جیاوازییـەکانی کـاری خـۆی و ئینگلـزی

دەزانی و، بۆ نموونە لە نامەیەکدا بۆ ئینگلز (کە لە 1ی ئۆگستی 1856دا نووسیویەتی) دەربارەی یەکێك لە ڕاڤەکارانی هزری خۆی نووسیبووی: "ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە ئەو هەردووکمان وەکو یەك کەس باسدەکات و، دەڵێت کە مارکس و ئینگلز دەڵێن.." (م ئاڤا– 29: 68).

لە سەرێکی ترەوە و بە ڕەچاوکردنی جیاوازیی نێوان ئەم بیرمەندە، بە دڵنیاییەوە دەبێ بگوترێ کە لە نێو سەرکردەکانی بزاڤی کرێکاریی ڕۆژگاری مارکسدا؛ ئینگلز زۆرترین کاریگەریی لەسەر ئەو هەبوو، لە زۆر مەسەلەی سیاسیشدا هاوڕا بوون.

هەرچەند بمانەوێ جیاوازییەکانی نێوانیان لە بواری تۆژینەوەی تیۆرەیی و میتۆدناسیدا بخەینەڕوو، دیسانەوە ناچار دەبین لە بواری بیروباوەڕی سیاسی و چالاکیی حیزبیدا باس لە هاوبۆچوونیی ئەوان بکەین. نموونەیەك بۆ چوونیەکی فیکریشیان لەم بوارەدا زنجیرە وتارێکە دەربارەی شۆڕشی ئەڵمانیا لە 1848دا کە ئینگلز نووسینی بەڵام بەناوی مارکسەوە بڵاوبوونەوەو ئەمڕۆ بە ناوی (شۆڕش و دژە شۆڕش لە ئەڵمانیادا)وە ناسراون. لێرەدا بە خراپی نازانم باس لەوە بکەم کە نووسینە هاوبەشەکانی مارکس و ئینگلز تەنها بەشێکی بچووکی کۆی کارەکانی مارکس پێکدێنن. ئەو سێ کتێبەی پێکەوە نووسیویانن؛ یەکێکیان (خێزانی پیرۆز)ە کە تیایدا دابەشکردنی کارە فیکرییەکە گەڵێ وردەو هەر بەشێك لە کتێبەکە نووسینی یەکێکیانەو هەر کەسەو بەرپرسیارە لە بەشی خۆی. کتێبێکی تریان (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)یە کە لە ژیانی خۆیاندا بڵاونەبۆوەو وا پێدەچێت لەسەر بنچینەی هاوبیری و کاری هاوبەش نووسیبێتیان، بەڵام هەندێ بەشی گرنگی لە نووسینی مارکس خۆیەتی. سێیەمیشیان دەقی (مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست)ە کە بە دڵنیاییەکی زیاترەوە دەتوانین بڵێین بە پشتبەستن بە تۆژینەوەو هاوکاری و هاوبیری نووسراوە، ڕۆڵی ئینگلزیش تیایدا زەقەو، ناشبێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئەم کتێبە نووسینێکی کورتی گرنگی ئینگلزە بەناوی (بنەماکانی کۆمۆنیزم کە لە ئۆکتۆبەری 1847دا نووسراوەو لە ساڵی 1914دا بۆ یەکەمجار بڵاوبۆوە (م–ئا–6: 341–358).

هاوکاریی نێوان مارکس و ئینگلز لە کاری سیاسیدا، دوور لە زێدەگۆیی مارکسیستەکانی دواتر، پشتبەستووە بە هەڵوێستی هاوبەشیان لە زیندووترین ساتەکانی کاری سیاسیدا.

دەربارەی چارەنووسی شۆڕشی 1848 و، پلەوپایەی یەکێتیی کۆمۆنیستەکان و، پێویستیی ئینتەرناسیونالیزمی کرێکاری و، گرنگترین مەسەلە ناوخۆییەکانی ئینتەرناسیونالیزم و، ناکۆکی لەگەڵ لاسال و پرۆدۆن و ئەنارشیستەکان و باکۆنیندا بە تەواوەتی هاوڕا بوون و، لە مەسەلە ناوخۆییەکانی سۆسیال دیموکراسیی ئەڵمانیاشدا چەندەها جار یەك هەڵوێستیان ڕاگەیاندووە. ئینگلز یەکەمجار بەیاننامەی "شۆڕشی بەردەوام"ی لە ساڵی 1847دا خستەڕوو و، لەو گۆڕانکارییانەشدا کە ساڵی دوایی لەو تیۆرەیەدا ڕوویدا، ڕۆڵی لەڕۆڵی مارکس کەمتر نەبوو. دەبێ ئەو خاڵەشمان لەبیر نەچێت کە کتێبە دیارەکەی ئینگلز واتە (بارودۆخی چینی کرێکاری ئینگلستان) (گرنگترین دۆکیۆمنتێکە کە لە بارەی بارودۆخ و ژیانی کرێکارانی ئینگلستانی قۆناغی ڤیکتۆریاوە ماوەتەوە) کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر مارکس و، بە بۆچوونی زۆر لە ڕەخنەگرانیش مارکس لەژێر کاریگەریی تۆژینەوەکانی ئینگلزدا ڕووی لە لێکۆڵینەوەی ئابووریی سیاسی کرد. بەهەر حاڵ، هێندەی پەیوەندیی بەم تۆژینەوەوە هەیە دەبێ دان بەوەدا بنێم کە بەردەوام قەناعەتم بەوە

زۆر بووە کە لە کتێبێکدا کە دەربارەی کارو بیروبۆچوونە سیاسیەکانی مارکسە، تۆژینەوە لە بیروڕاکانی ئینگلز کارێکە ناچارییەو، هۆی ئەو هەموو ئاماژەو گەڕانەوانەش بۆ ئینگلز لەم کتێبەدا لەوەوە هاتووە. بەڵام دەمەوێ ئەوە بیری خوێنەر بهێنمەوە کە بە پێچەوانەی خواست و ویستی ئینگلزی بە ساڵاچووەوە، ئێمە لێرەدا بەرامبەر "ئینگلزێکی مارکسیست نین". من لەم کتێبەدا ئەو وەکو "دۆستیئەمەکدار" و "یەکەم پەیڕەویکاری مارکس" ناناسێنم، بەڵکو هەوڵدەدەم کەسێتیی فیکریی بخەمەڕوو، وەکو بیرمەندێکی سەربەخۆ باسی بکەم کە کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر بەرەو پێشەوەچوونی کاری فیکریی مارکس هەبوو، خۆیشی زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی مارکسەوە. ئەمە بەبێ ئەوەی ناکۆکیی خۆم لەگەڵ "دیالەکتیکی سروشت" (کە ئینگلز لە کتێبێکدا بە هەمان ناوەوەو هەروەها لە "ئەنتی دۆرینگ"یشدا باسیدەکات)دا بشارمەوە.

لەم کتێبەدا چەندین جار لەکاتی ئاماژەکردندا بۆ نووسینە هاوبەشەکانی مارکس و ئینگلز دەخوێنیتەوە کە "مارکس نووسیویەتی کە..". بە دڵنیاییەوە دەبێ بڵێم کە ئەم شێوەی بیرهێنانەوەیە بە مەبەستی بە بچووك پیشاندانی کاری فیکریی ئینگلز و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەو نییە، بەڵکو تەنها ئەوەیە کە بابەتی ئەم کتێبە بیروباوەڕەکانی مارکسەو، ویستوومانە خۆمان لە دووبارە کردنەوە بپارێزین و هیچی دی.

9-بۆ مارکس دەخوێنینەوە؟

تریل کارڤەر لە یەکەمین دێڕی پێشەکیەکەیدا بۆ کۆمەڵێك وتار دەربارەی مارکس پرسیویەتی: "بەڕاستی بۆ دەبێ (کارەکانی) مارکس بخوێنینەوە؟". ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە گەڕان بەدوا مانادا لە دەقە کۆنەکاندا، بە ئاشکرا ئەزموونێکی ناهەمواره. ئەو ڕووداو و باوەڕانەی ڕابردوو، بۆ نموونە هەموو ئەو شتانەی کە بوونەتە مایەی پەیدابوونی بیروبۆچوون و نووسینەکانی مارکس؛ ئێستا لە ئارادا نەماون.

ئێمە ناتوانین لە ڕابردوودا، بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بژین. تەنانەت دواکەوتووترین شێوەی خواستی ژیان لە ڕابردوودا ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، لە ئامانج و خواست و هۆیەکانی ئەمڕۆ ئاگادارمان دەکەنەوەو لەسەر ئەوانە بەندن. بەهەمان مەنتیق، دەتوانین بە شێوەیەکی جیاواز بڵێین کە بیرکردنەوە لە سەردەمێك کە "سەرمایە" و "گرۆندریسە"ی تیا نووسراون، مانای وایە کە سەردەمەکەی ئێمە هێشتا دەستەوئێخەی هەندێ گیروگرفتە کە توانیومانە (لە ڕاستیدا هەندێك لە ئێمە) شتێك دەربارەی ئەو گیروگرفتانە لەو کتێبانەدا ببینینەوە. ڕاستە کە چیدی ناتوانین بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، بەڵام لە سەرێکی تریشەوە ناتوانین نکووڵی لە رابردوو بکەین. زۆربەی جاران سەرنجمان داوە کە بەبێ گرنگیدان بە پێشینەی دیاردەکان ناتوانین بیانناسین. تەنانەت لە زانستی زماننناسیی ئەمڕۆشدا میتۆدە شیکاری و هاوزەمانیەکان کە وەڵامی گەلێ لە مەسەلەکان دەدەنەوە، ناتوانن لافی ئەوە لێبدەن کە چارەسەری تەواوی مەسەلەکانیان لایە. بۆ وەڵامدانەوەی زۆر مەسەلەی گرنگ وا پێویست دەکات ڕوو بکەینە زماننناسیی مێژوویی و میتۆدی ناوزەمانی. وردبوونەوەیەك لە فەلسەفە جۆراوجۆرەکانی زمان کە ئەمڕۆ لە ئارادان بە باشی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مێژووی پەرەسەندنی زمانەکان تیایاندا چەند بە گرنگ ژمێردراوە. بەبێ ڕیشەناسیی وشەکان ناتوانین تەسەوری فەلسەفەکەی هایدیگەر بکەین. بەبێ خستنەڕووی چەمکی نەریت، باسی هێرمنیۆتیکای گادامیر ناکرێ.

تەنانەت لێکدانەوە بەو مانایەی کە دەیڤیدسۆن ئەیخاتەڕوو، لایەنی مێژوویی خۆی هەیە.

مێژوو بە شێوەیەکی دیکەش خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت. "هەنووکە" ساتەوەختێکی مێژووییترو تازە نییە. بەڵکو درێژبوونەوەیەکی مێژووییە. ئێمە بۆ قبووڵکردنی سروشتێکی مێژوویی تایبەتی سەبارەت بە دیاردەیەك جگە لە بەڵگەنامە پەنا بۆ چی‌ی تر دەبەین؟ ئەو بەڵگەنامانە خۆیان زادەی لێکدانەوەی ڕابردوون. هیچ هۆیەك نییە وامان لێ بکات (وا بزانین ئەم بەڵگەنامانە بە شێوەیەکی تەواو و ڕەها لەگەڵ ڕاستیدا یەکدەگرنەوە. ڤالتەر بنیامینیش دەڵێت ڕابردوو وەکو ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین؛ لە ڕێی ئەو بەڵگەنامانەوە دەبێتە کۆڵەکەی تێگەیشتنی ئێمە کە فەتحکار (فاتح)ەکان جێیانهێشتووە. لە تێزی حەوتەمی "چەند تێزێك دەربارەی فەلسەفەی مێژوو"دا دەخوێنینەوە کە: "پەیڕەویکارانی مێژووگەرایی لە ڕاستیدا لەگەڵ کێدا هاوڕازن؟ ئەو وەڵامەی کە ناتوانین لێی هەڵێین ئەمەیە: لەگەڵ فەتحکاراندا. تەواوی حوکمڕانانیش میراتگری ئەوانەن کە پێش ئەوان فەتحکار بوون. بەمجۆرە هاوڕازی لەگەڵ فەتحکاراندا بێ سێ و دوو لە بەرژەوەندیی حوکمڕانانداییە. ماتێریالیستی مێژوویی باش دەزانێت ئەم قسەیە یانی چی. هەر یەکێك لەوانەی فەتحکار بوون تا ئەم ساتە وەختەش بەشدارە لەو کەژاوەی سەرکەوتنەدا کە تیایدا حوکمڕانانی ئەمڕۆ پێ بە پشتی نشوستخواردوواندا دەنێن. بەپێی دەستووری کۆنیش دەسکەوتەکانیش لەم کەژاوەی سەرکەوتنەدا نمایشدەکرێن. ئەمانە ناودەنێن گەنجینەی کەلتووری، ماتێریالیستێکی مێژوویی بەجۆرە بێلایەنیەکی سڵکەرانەوە ئەڕوانێتە هەموو ئەمانە. لەبەرئەوەی ئەو گەنجینە کەلتوورییانەی ئەو لێیان دەتۆژێتەوە کۆمەڵێك سەرچاوەیان هەیە کە ئەو ناتوانێ بەبێ ترس بیریان لێبکاتەوە.

ئەم گەنجینانە بوونی خۆیان تەنها بە قەرزاری هەوڵ و تەقەللای ئەو بیرمەندو دامێنەرە گەورانە دانانێن کە دروستیان کردوون، بەڵکو قەرزاری هەوڵ و تەقەللای لە یادچوو و بێ ناوونیشانی هاوچەرخەکانی خۆشیانن. بەڵگەنامەکان چەند بەڵگەنامەی ژیارن لە هەمانکاتدا هێندەش هی هۆڤێتی (وەحشیەت– بەربەریەت)ن، ڕێك هەرچۆن ئەم بەڵگەنامانە لە هۆڤێتی خاڵی نین، شێوەی گواستنەوەشیان لە حوکمڕانێکەوە بۆ حوکمڕانێکی دی هۆڤیانەیە. لێرەوە، ماتێریالیستی مێژوویی تا ئەو ڕادەیەی پێویست بێت هەوڵدەدات خۆی لەمانە جیابکاتەوە. بە ڕەوتێکی جیاواز لەم ڕەوتەش لە مێژوو دەکۆڵێتەوە".

بەم شێوەیە، ئێمە لەسەر بنچینەی ئەو لێکدانەوانەی لەو بەڵگەنامانەدا بەرجەستە کراون ڕووبەڕووی مێژوو دەبینەوە. پاش ئەوە، خۆمان هەر لەسەر بنچینەی ئەو لێکدانەوانەی ڕابردوو؛ لێکدانەوەی تازە ئەنجامدەدەین. ئەوەمان پێ قبووڵە کە ناتوانین لەم دەورە هێرمنێوتیکیە ڕابکەین. تێگەیشتنە پێشوەختەکانمان لێکدانەوەن و، بەبێ ئەوانە ناتوانین لێکدانەوەی تازەمان هەبێت. هەروەکو کارڤەر دەڵێت کاتێ دەپرسین: "ئەم چرکەساتە چییە؟" یان بە دەربڕینێکی وردتر: "مەسەلەی ئێمە لەم چرکەساتە تایبەتیەدا چییە؟" پرسیارێك دەخەینەڕوو کە لە بنەڕەتدا مێژووییە. ئەم پرسیارە لە گێڕانەوەکانی ڕابردوو و لێکدانەوەکانمان بۆ ڕووداو و بیروبۆچوونەکانی پێشوو جیا ابێتەوە. تۆژینەوەی ڕابردوو بە پێویست ناکاتە تێگەیشتنی ئەمڕۆ. بەڵام بۆ تێگەیشتنی ئەمڕۆ، جگە لە ئرنگیدان بە ڕابردوو و بە ئەزموونی هێرمنێوتیکی ڕییەکی دی شك نابەین. سیستمی مەجازیانەی زمان و، شێوە

بالادەستەکانی ڕۆژگارمان، جیانابنەوە لەو ڕێسا هزریو ئەقڵانیانەی کە سروشتێکی مێژووییان هەیە. نابێ نکووڵی لەم خاڵە بکەین، یان بیشارینەوە. پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان "شێوە ژیان"ێکی مێژووییە. لێرەوە، هەر تۆژینەوەو تاقیکردنەوەیەکی بیروباوەڕەکانی ئەمڕۆ، تۆژینەوەو تاقیکردنەوەی لێکدانەوەن بۆ بیروباوەڕەکانی دوێنێ. ئەمڕۆ پیشاندەری هاتنەدیی هەندێ لە شێمانەکانی دوێنێیەو، دوێنێش ناناسرێ تەنها لە ڕێی لێکدانەوەکانی ئەمڕۆوە نەبێت. لەم گوتەیەوە دوو ئەنجام بەدەستدەهێنین، یەکێکیان ئەوەی کە ناسینی پەتیی ڕووداوەکانی ڕابردوو شتێکی مومکین نییە. ئەزموونی ڕابردوو نە تەواو ڕاستەو نە تەواو هەڵەشە، زانستی مێژووش بوونی نییە. ئەزموونی ڕابردوو لەسەر بنچینەی پێودان و دراوەکانی ئەمڕۆ بە ڕاست یان هەڵە سەیر دەکرێ.

ئەنجامی دووەمیش ئەوەیە کە بایەخدانی ئێمە بە ڕابردوو، بریتییە داهێنانی ڕابردوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆمان. پێودانێکی کارای لێکدانەوەیی بۆ ڕابردوو، لە بارودۆخ و هەلومەرجەکانی ئەمڕۆ بەدەر نییە. تۆژینەوەی ئەمڕۆ لە ڕێی بایەخدان بە سیاق و هەلومەرجەکانەوە پێودان دەخولقێنێت.

خوێندنەوەی نووسینەکانی مارکس، ئەو خوێندنەوەیەی کە ئەمڕۆ دەکرێ، بەرلەوەی هەوڵێك بێت بۆ ناسینی دوێنێ، واتە بۆ تێگەیشتنی سەردەمی مارکس یان ئەوەی بە ڕاستی ویستوویەتی بیڵێت، هەوڵێکە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ، ئەو ئەمڕۆیەی کە لە گێڕانەوەکانەوە پەیدا بووەو، کەڵەکەکردنی کۆمەڵێك گێڕانەوەشە دەربارەی ئەزموونەکان. ئێمە سەروکارمان لەگەڵ ئەم گێڕانەوانەدا هەیەو ناتوانین لێیان هەڵێین.

بە شێوەیەکی تریش خوێندنەوەی کارەکانی مارکس لە شوێنێکی مێژووییدا خۆی دەبینێتەوە. ئێمە ئەو کارانە دەخوێنینەوە لەبەرئەوەی بەبێ لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەو ڕەخنەلێگرتنیان ناتوانین لە بیروبۆچوونی بیرمەندانێك بگەین کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەوەوەو، ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتی و ڕەخنەییانە بناسین کە هەندێ لە ڕەگوڕیشەکانیان دەچێتەوە سەر ئەو. فەیلەسووف دەتوانێ لەبەر گەڵێ هۆو لە گەڵێ ڕێگاوە کاریگەریی خۆی لەسەر بیرمەندانی پاش خۆی جێبهێڵێت. یەکێك لەم ڕێگایانە توانا یان ڕەسەنایەتیو یان ئەو حەقیقەتەیە کە لە ڕوانین و یان لە بەڵگەهێنانەوەکانی ئەو فەیلەسووفەدایە. لەو ناوانەی کە لەم ڕووەوە یەکسەر دێنەوە یادمان ئەفلاتوون و ئەرستۆن. ڕێگای دووەم ئەوەیە کە دەشێ ئەو فەیلەسووفە توانیبێتی مەسەلە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەی فەلسەفیی سەردەمی خۆی بگۆڕێت، لەوانەی لەم ڕووەشەوە ناویانمان دێتەوە یاد، هایدیگەرو کانت و ڤیتگنشتاین. ڕێگای سێیەم دەکرێ بە بیروباوەڕەکانی فەیلەسووفەکەوە وابەستە نەبێت، ئەو بیروباوەڕانەی کە بە وردی نازانین وەچەکانی دوایی چۆن لێکیانداوەتەوەو گۆڕیویانەو پاشانیش قبووڵیانکردووە. لێرەدا دەکرێ فاکتەری سەرەکی شێوەی دەربڕین و ئەو میتۆدە تازەیە بێت کە فەیلەسووفەکە لە بایەخدانیدا بە مەسەلەو بابەتە جۆراوجۆرەکان پەیڕەویی لێ کردووە.

لەم ڕووەشەوە دەتوانین ناوی دیکارت و سپینۆزاو لایبنیتس و هیوم بهێنین. ڕێگای چوارەم کە دەشێ لە هەموویان سەرسوڕهێنتر بێت ئەوەیە کە: لەوانەیە فەیلەسووفێك، نەك لەبەرئەوەی لای زۆر کەس مایەی قبووڵکردنەو دوای خۆی بووەتە مایەی باس و خواس، یان لەبەر بەهاداریی ڕێگەو میتۆدو تۆژینەوە تازەکانی، بەڵکو لەبەرئەوەی دوای خۆی

بووەتە مایەی خوێندنەوەی جیاوازو ڕەخنەی وەها لە فەلسەفەکەی کە ئەوانی تری بۆ جووڵەی فیکریو هزری جەدەلی هانداوە، تا ئێستاش باسی لێدەکرێ و کاریگەریی ماوە. وا پێدەچێت لەبەر هەر هۆیەك لەو هۆیانەی سەرەوە تا ئێستاش فیکری مارکس زیندوو بێت.

مارکسیزم بە مانای پەرەسەندن (یان داچوون)ی مێژوویی فیکری مارکس کە زەمەنی ژیانی خۆی تێدەپەڕێنێت، هەروەکو لیوتار دەڵێت بریتییە لە "گێڕانەوەی -باڵا". تیۆرەی تیۆرەکان، دوا حەقیقەت، دوا قسە. ئێمە بە وەلاوەنانی ئەم جۆرە باسکردنە یەکلایەنەو ئەم گوتارە دەسەڵاتخوازە، بە شێوەیەکی ئازادانە، دەچینەوە سەر کارەکانی ئەو بیرمەندە، واتە مارکس و، لە کارە فیکرییەکانی خۆی ورد دەبینەوە. بەم شێوەیە هەر جۆرە گێڕانەوەیەکی-باڵا و تیۆرەکی- باڵا وەلاوە دەنێین. بە تەنها ئەو گێڕانەوە- باڵایانە وامان لێدەکەن بڵێین مارکس لەناوچووە. لە دەرەوەی ئەمجۆرە گوتارە دەسەڵاتخوازانەش دەتوانین گوێمان لە دەنگی مارکس بێت. کاتێ دوا گێڕانەوەکان دەربارەی مۆدێرنیتە بخەینە لاوەو، بمانەوێ بزانین بیرمەندە جیاجیاکان لە بارەی مەرگەساتەکانی جیهانی مۆدێرن و گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە چی دەڵێن؛ دەنگی مارکس دەبیستین و، سەرنج ئەدەین کە ڕۆڵی ئەویش لە فراوانکردنی گوتاری ڕەخنەگرانەدا شتێك نییە ئەفەرۆز بکرێ. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە هەلومەرجی تازەشداو لە ئاسۆی تێگەیشتنی ئەمڕۆشدا، بەردەوام دەنگی ئەو کارایی خۆی هەیە، واتە دەگۆڕێ و تازە ئەبێتەوە. خوێندنەوە تازەکان لە زۆر ڕووەوە دەبنە مایەی خولقاندنی هزرو مانای تازە. هەر کاتێ گوێی خۆمان لە ئاست ئاخاوتنێکی ڕەخنەگرانەدا نووقاند، مەحکوم دەبین بە ژیان لە نێو هەلومەرجێکدا کە ڕەخنەگر ڕەتیکردوونەتەوە. لەوانەیە مارکس لەسەر حەق بێت و ژیان لەوجۆرە هەلومەرجانەدا ناهەموار و قێزەون بێت. دەنگی ئەو یارمەتیماندەدات تا لە دژایەتی و ناکۆکیەکانی ژیانی واقیعیی خۆمان بگەین. تیۆرە ڕەخنەییەکەی ئەو دەکرێ ببێتە هێزێك بۆ ڕزگاربوون، سەبارەت بە فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش، کە ئەم کتێبە لە بواریاندا پۆلێندەکرێ؛ بایەخدان بە نووسین و تیۆرەکانی مارکس ڕێ بۆ مەسەلەیەکی گرنگ خۆشدەکات: مارکس ڕوونیکردۆتەوە کە نابێ قەیرانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە سادەییەوە بە یەکێك لەو قەیرانانە بژمێرین کە لە لایەنگیریی ڕۆشنبیرانەو فیکرییانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم قەیرانە ڕەگوڕیشەی وا لە سیستمەکانی بەرهەمهێنان و سیستمە ئایدیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. لەم ڕووەوە، ڕێگەچارەی ئەم قەیرانەش ناتوانێ تەواو تیۆرەیی، یان تێڕامانکەرو ناسێنەر بێت، بەڵکو لە ڕیشەی تیۆرە لەناو پراکتیکەوە سەرچاوە دەگرێو، ئەم پراکتیکە ڕزگاریبەخشەش دەبێ لە بواری دەزگا ڕۆشنبیریو ئەکادیمییەکانداو، هەروەها لە قەڵەمڕەوی ڕێکخستن و کردەی بەرهەمهێنانی ماددیدا بەرەوپێش بچێت. ئایا لە هەلومەرجی قەیراناویی ئەمڕۆدا دەتوانین لەم مەسەلەیە هەڵبێین و بیری لێنەکەینەوە؟ ئایا تۆژینەوەی مارکس دەربارەی جیاوازیی کاری فیکری و کاری دەستی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، بە تایبەتیش ئەمڕۆ کە لە بەردەم گۆڕانێکی تازەداین لە ڕەوتی گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکاندا، نرخی ڕامان و لێوردبوونەوەی جیددیی نییە؟

ژاك دێریدا، ئەو فەیلەسووفە سەربەخۆیەی کە ڕەگوڕیشەی نووسینە ڕەخنەییەکانی سەبارەت بە ڕێبازەکان و تەوەرە مانایەکان و مەیلی بۆ ڕوانگەی ڕێژەیی وا لە کارەکانی نیچەدا، ڕۆڵێکی دیاری هەبوو

لەوەدا کە وەچەیەك لە ڕۆشنبیرانی ئەورووپایی لە مارکسیزمی ئەرتۆدۆکس و، کۆپیی شۆڕشگێڕانەکانی بۆ چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان بتۆرێن. دێریدا لە یەکێك لە کتێبەکانیدا کە ناوی "تارماییەکانی مارکس"ە. دەنووسێت: "تەواوی ژنان و پیاوان لە سەرتاسەری جیهاندا، بیانەوێ و نەیانەوێ ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی دیاریکراو میراتگری مارکس و مارکسیزمن. میراتگری پرۆژەیەکی تەواو دانسقە (یان بەڵێنێکی دانسقە)ن کە شێوەیەکی فەلسەفی و زانستیی هەیە.

ئەم شێوەیە لە بنەڕەتدا نا- دینییە، بە مانای دینێکی پۆزەتیڤی، ئەم شێوەیە ئەفسانەیی نییە، نەتەوەییش نییە.. شێوەی ئەم بەڵێنە لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا تەواو دانسقەیە" دێریدا لەسەری دەڕوات و دەڵێت ئەمە یەکەمجارە لە مێژوودا کە ڕووداوێك لە شێوەی گوتارێکی فەلسەفی و زانستیدا بە جارێ لە ئەفسانەو دین و نەتەوایەتی و هەموو شتێکی سۆفیانەو ڕەمزئامێزی نەتەوەیی قوتار دەبێت. دێریدا ڕاستدەکات، ئەم شتانە لە کاری مارکسدا نەبوون، بەڵام بە پەیدابوونی "مارکسیزم" هەموویان گەڕانەوە.

فیکری مارکس گرنگە لەبەرئەوەی لە توانایدایە لە گفتوگۆی کەلتووریی نێوان بیرمەندان و فەیلەسووفاندا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێتە ئەستۆ. لەبەرئەوەی مارکس قسەی تازەی هەبوو بۆ گوتن، ئەم قسانەش ڕێیان بۆ پرسیاری تازە خۆشکرد، پرسیاری وەها کە لە شتە بیرلێنەکراوەکان ئاگادارمان دەکەنەوە، تەنانەت لە کاری خۆیشیدا. ستایشی من بۆ مارکس ستایشکردنێك نییە بۆ مامۆستایەك کە دوا قسەی کردبێت. من باوەڕم بەوە نییە کەسێکی لەمجۆرە هەبێت. حەقیقەت لای مارکسیش نییە، بەڵام خوێندنەوەی کارەکانی (بەبێ ئەوەی کە خۆیشی بیەوێت یان هەوڵبدات) یارمەتیمان دەدات تا لە ڕێی گەڕانماندا بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، لە بری باوەڕهێنان بە حەقیقەتێکی بابەتی و دەرەکی، تێبگەین کە خۆمان لە ڕێی هێزی زمان و، توانای گوتارمانەوە؛ لە حاڵەتی دامێنانی حەقیقەتداین. مارکس دەرمانی ڕزگاربوونمان ناداتێ، بەڵام ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کە نەخۆشین و، وا چاکترە مشوورێکی چارەسەرکردنی خۆمان بخۆین. ئەو هەندێ دەرمانیشمان بۆ دەستنیشاندەکات. بەڵام لەسەر ئێمەیە کە لە ئاستی کاریگەریی ئەو دەرمانانە بتۆژینەوە.

فەلسەفە گفتوگۆیەکە کە لە نێوان فەیلەسووفاندا ڕوودەدات. لەم نێوانەشدا هیچ بیرمەندێك نییە بتوانێ دوا قسە بکات. کەس ناتوانێ بە شێوەیەکی بێ هاوتایانە بۆڕی ئەوانی تر بداتەوە. کەس بە حەقیقەت ناگات. کەس ناتوانێ لە داوی گوتاری هزرئامێزانەی سەردەم، یان وەکو فۆکۆ ناوی لێناوە لە داوی "ئەپستیم" ڕابکات. فەیلەسووفێك نییە کە زۆر پێش سەردەمەکەی خۆی بکەوێت. هەندێ جار مێژوو تاقیگەیەك بۆ تاقیکردنەوەی بیروباوەڕەکان و پێشبینیەکانی فەیلەسووفە بیر قووڵەکان دەسازێنێت. هەروەکو چۆن بە درێژایی سەدەیەك و پاش مەرگی، تاقیگەیەکی لەمجۆرەی لە سەرانسەری زەویدا بۆ مارکس ساز کرد. ئەو دەرسەی کە پێیشیداین سادە بوو: شتێکی بەرزتر لە ناوەڕۆکی کارو، قووڵایی پەیامە فەلسەفیەکەی و میتۆدەکەی هەبوو. ئەو شتەش، ئەو پەیوەندییە بوو کە لە نێوان کارەکانی ئەو و فیکری فەلسەفیی کەسانێکدا دروستبوو کە ماوەیەك دوای ئەو دەستیان بە نووسین کردو، کارەکانی ئەو بە ڕواڵەت لەگەڵ نووسینەکانی ئەوانیتردا جیاوازییەکی زۆریان هەبوو. واتە کەسانێکی وەکو نیچە و ڤیبەرو فرۆید. پەیوەندیی نێوان هزرەکان، نزیکی و دوورییان لە

یەکدی، گرژیو جیاوازییان، هەروەها میتۆدی تۆژینەوەی فەلسەفییان، کۆمەڵێك شتی گرنگن. ئێمە دەبێ لە ڕێی بایەخدانمانەوە بە ناوەرۆکی تۆژینەوەکان و چەند ڕەهەندیی هزرەکانەوە ئەو میتۆدە بناسینەوە. لە ناوماندا زۆر کەس هەن لافی ئەوە لێدەدەن کە ئەم میتۆدەیان ناسیوەتەوە. ئەی کەواتە ئەم بەرگە نەگرتنی بیروبۆچوون و ڕەخنەی یەکترییە لە کوێوە هاتووە؟ ئەو ڕەتکردنەوە جەسوورانەیەی هەندێ فیکری فەلسەفی لە کوێوە هاتووە کە بەری ڕەنجی عومری فەیلەسووفێکن و لەوەش گرنگتر سەر بە نەریتی ئەقڵانیەتی فەلسەفین؟ ئەم ڕەتکردنەوەیەی بونیادی فیکری فەلسەفی لە کوێوە هاتووە؟

فۆکۆ سەروەختێ نووسیبووی: "فەلسەفە چییە جگە لە ڕێگایەك بۆ بیرکردنەوە، نەك بە تەنها بۆ ئەوەی کە چی ڕاستەو چی خراپە، بەڵکو بۆ پەیوەندیی ئێمە بە حەقیقەتەوە.. فەلسەفە هەیەو، ئەو بزاڤەی کە هاوشانێتی- هەڵبەت نەك زۆر بە سەختی بگیرێ، یان بە نادڵنیایی و خەون و خەیاڵاتئامێزانە- دەتوانێ لەو شتەی کە وەکو حەقیقەت قبووڵکراوە جیابێتەوەو، بە دوای بنەمای دیدا بگەڕێین. فەلسەفە هەیەو، جێگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕی شێوەکانی بیرکردنەوەو، گۆڕینی بەها قبووڵکراوەکان و، ئەو کارانەی کە دەبێ ئەنجامبدرێن تا بتوانین بە جۆرێکی دی بیربکەینەوەو، کارێکی تر بکەین و، ببین بە ئادەمیزادێکی تری جیا لەوەی هەین". ئەگەر ئەمە بە پەیامی فەلسەفە بزانین، کەواتە دەبێ بیربکەینەوە، بخوێنینەوە، بتۆژینەوە، زوو باوەڕ بە شت نەکەین، درەنگ لە شت دڵنیابین، یەقینمان کەم بێو، بە گومانەوە لە دەستەواژەو گوتارەکان وردبینەوە. هەر کاتێ بونیادی باوەڕەکانی خۆمان خستە بەر گوتاری فەلسەفی و گفتوگۆ؛ دەگەینە جێیەك. لێگەڕێن با بەر لە هەر شتێك لە ڕێبازە فەلسەفیەکانەوە فێری میتۆدی ڕاستی تۆژینەوە بین، ڕاستی و ناڕاستیی ناوەرۆکەکان دوای ئەوە دێت. ئێمە ئێستا لە سەردەمی گۆڕانکارییە گەورەکان و پەیدابوونی چوونیەکیەکاندا دەژین. لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی دۆگماییانەو دەمارگیرانە دوای ئەم فەیلەسووف و ئەو ڕێبازی فەلسەفی بکەوین، ئایا چاکتر نییە خۆمان بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە بیربکەینەوە؟ ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە هیچ فەیلەسووفێك لە دەرەوەی "دونیای گفتوگۆ"دا نییە.

پەنابردنە بەر بیروڕای ئەم یان ئەو فەیلەسووف بە نیازی وەڵامێکی بنبڕانەو دوا ڕێگەچارەی ئەو پرسیارو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە لە ڕەوتی ململانێماندا دێنە ئاراوە؛ جۆرێکە لە باوەڕهێنان بە پەیامی مەسیحیانەی فەیلەسووف یان ڕۆشنبیر. من بڕوام بەمە نییە. فێربوونی میتۆدی کاری فەیلەسووفان؛ باوەڕهێنانە بە تێفکرین، بە ڕاستی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، ئەم ئەرکەی کە پێدەچێ هەرگیز کۆتایی نەیەت.

پەراوێزو سەرچاوە:

1- یەکێك لە بەناوبانگترین نموونەکان کارەکانی فرانسیس فۆکۆیامایە، کە لەم ڕووەوەو بە تایبەتیش لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆندا ناوبانگێکی زۆری هەیە. بەڕای ئەو پاش هەرەسی کۆمۆنیزم لە یەکێتیی سۆڤێت و ئەوروپای خۆرهەڵات، ئیدی سۆسیالیزم بۆ هەتاهەتایە نەماو، لیبڕالیزم بووە تاقە فەلسەفەی سیاسیی ڕەوا.

2- ماركس بەوپەڕی ڕاشکاوی و ڕوونیەوە ئەم شتەی لە نامەیەکدا باسکردووە کە بۆ فریدریش بلت (لە 23ی نۆڤەمبەری 1871دا)ی نووسیوە.

3- چەند جارێك ئینگلز ئەم قسەیەی ماركسی هێناوەتەوە. بۆ نموونە لەو نامانەی بۆ برنشتاین ی نووسیون (لە 3- 2ی نۆڤەمبەری 1882دا)، هەروەها بۆ شمیت (لە 5ی ئۆگستی 1890دا)و، بۆ ئەنجومەنی نووسینی بڵاوکراوەی "سۆسیال دیموکرات" کە بە ئەڵمانی دەردەچوو (لە 7ی سپتەمبەری 1890دا).

ئەم باسەی بابەك ئەحمەدی وەك دەروازەیەك بۆ ئەو کتێبەی کە لەسەر ماركس نووسیویەتی و لە سەرەتای کتێبەکەدایە کە سالی پار چاپکراوەو ئەمەش کتێبەکەیە (ماركس و سیاست مدرن- بابك احمدی- چاپ اول 1379 (2000)، نشر مركز- تهران).

لەنێوان تارمایی و بەرجەستەبووندا

دیرێدا وەك خوێنەرێکی مارکس

• ئامادەکردنی: شاهۆ سەعید

زەمینە:

خوێندنەوەی جاك دیرێدا سانا نیە؛ چونکە ئەو کاتەی ئێمە بەدوای بیرۆکەو چەمکە بەرجەستەکاندا دەگەڕێین، دیرێدا لە هەموو پرۆسەیەکی چەمکسازی و هەموو کردەیەکی لە قالبدان هەڵدێ، تەنانەت گەر چەمکاندنی خودی شیتالگەریش (التفکیکیة) بێت. فەلسەفەی شیتالگەری لە بنەڕەتدا بۆ رەتکردنەوەی چەمکی نێوەندگیری- سەنترالیزم دامەزراوە، بە سەنترالیزمی وشەو ئایدیاو چەمکەکانیشەوە[1]. رستەو دێڕەکانی دیرێدا لەسەر ریتمی رستەو دێڕە پێشوەختەکان هەڵناقوڵێن، چونکە ئەو مەبەستێتی هەموو پەیوەندییە لۆجیکیە پێشوەختەکانی ناو مێشکمان لە بەریەك هەڵوەشێنێتەوە، هەموو پەیوەندیە دیسپلینکراوەکانی نێوان شتەکان لە بناغەوە هەڵتەکێنێ. ترسناکترین شت -بەبڕوای ئەو- کە هەڕەشە لە کرانەوەی جیهان دەکا ئەو پەیوەندیانەیە کە گریمانە ئینشائیەکان و یاسا

ژاك دیریدا

هەڵبەستراوەکانی خودی مرۆڤ جڵەویان دەکا.. پەیوەندی و بەردەوامبونیش شتێك نین جگە لە دوو

هەڕەشـــەی ترســـناك لـــە تێگەیشـــتنمان بـــۆ بوونـــەوەرەكان و رەســـەنایەتییان لـــەناو خـــودی خۆیاندا[2]. راستیەكان هەمیشە لە دۆخێكی ســەدیمی و نەخەملێودان.. بۆ ئـەوەی لـە راستیەوە نزیك بـین دەبێ رێگـە نـەدەین بچێتـە دۆخێكـی دیسـپلینكراو و لـەقالبدراو.. دەبـێ هەمیشـە چـەمك و ئایدیاكـان لـــە بەریەك هەڵوەشێنین، چونكـە هەڵتـەكاندنی شتەكان لە بناغەوە تاقە ئەگەری راستیەكی نەخەملیوە[3].

لێرەوە ئێمە لـە بـەردەم دوو ئـەركی سـەختداین: یـەكێكیان خوێندنـەوەی دیرێدایـە بـۆ مـاركس، واتـــە بەریەككـەوتنی نێـوان ماركســـیزم و شـــیتالگەری؛ دووەمیـــان خوێندنـــەوەی ئێمـــە بـــۆ دیرێـــدا، واتـــە خوێندنەوەیەكی ئاسایی بـۆ دەقێكـی نائاسـایی، یـان چـەمكاندنی دەقێـك كـە خـۆی لـە هـەموو جـۆرە چەمكسازییەك هەڵدێ.. بۆیـە ئێمـە لـە خوێندنـەوەی كتێبی (تارماییەكانی مـاركس)[4]ی دیرێدادا ناچـارین پێیەكمان لـە نـاو شیتالگەری و پێیەكـەی ترمـان لـە دەرەوەی شـیتالگەریدا بێـت. چونكـە ئەگـــەر لـــە گۆشـــەنیگای فەلســـەفەی شـــیتالگەرییەوە دیرێـــدا بخوێنینەوە، ئـەوا ئێمـە كردەی خوێندنـەوە ئـەنجام نادەین، بەڵكو كردەی لە بەریەكهەڵوەشـاندن ئـەنجام دەدەیـن. بـە دیوەكـەی تـردا ئەگـەر بـە شـێوەیەكی ئاسایی دیرێدا بخوێنینەوە ئەوا مەحاڵە ئەو وێنەیـەی ماركس بە بەرچاوماندا گوزەر بكا كە دیرێـدا دەیـەوێ تارماییەكانیمان نیشان بدا.

ماركسیزم/ شیتالگەری

جاك دیرێدا هاوسەردەمی فەیلەسوفەكانی پۆسـت مۆدێرنەیـە، هەرچـەندە نـاكرێ هـەموویان لـە یـەك ئاراستەبەندیدا كۆبكەینەوە، بەڵام رەخنـە لـە ئـەقڵی مۆدێرنە خاڵی هاوبەشی هەموویانـە، ئـەو رەخنەیـەی بـــەرووی بەهابـــەندیی مۆدێرنـــەو یاســـا ئەقڵانیـــە كۆنكرێتیەكانیدا هاتەگۆڕێ. پرسیاری پۆست مۆدێرنە وەك ژان لیوتار دەڵێ لـە هـەناوی قەیرانێكـەوە دێتـە دەرێ كە قەیرانی حیكایەتە گەورەكانی مێژووە[5].

بـــەڵام پرســـیاری شـــیتالگەری لـــە قـــەیرانی سـەنترالیزمە ترســناكەكانی مێـژووی مرۆڤایەتیـەوە سەرچاوە دەگرێ. بێگومان ماركسیزم یەكێك بوو لەو حیكایەتانـەی كـە تـا كۆتاییـەكانی سـەدەی رابـردوو خـاوەنی سـەنترالیزمێكی هـەژموودار بـوو لـە دنیـای ئـەقڵ و لـە دنیـای سیاسەتیشدا، تـا بـە شـێوەیەكی دراماتیكی شكستێكی گەورەی خوارد. بـەڵام دواجار ماركس وەك تارمایی لـە دنیـای پۆسـت ماركسـیزمدا، لـەنێو وشـــەو دێرەكـــانی كتێبـــی (تارماییـــەكانی ماركس)ی جاك دیرێدا دەردەكەوێتەوە، دەركـەوتنێك كـە لـە دەركەوتنـەكانی پێشـوی ناچـێ، ئـەوەی دەیبینین ماركسێكی دیكەیە، نتم و سركە، تێزەكـانی چەند رەهەندێكی تریان هەیە جیاواز لەو رەهەندانـەی كـە بـە چـەند ئاقـارێكی دیـاریكراودا ئاراسـتە كـراون. دوای تاوانبـــاركردنی زۆری پۆســـت مۆدێرنـــەكان و شـیتالگەرەكان و رەخنـەگرانی مۆدێرنـە بـە گشـتی بـەوەی هـــەموو جـۆرە پابـەندبوونێكی ئـەخلاقی و سیاســـی چەپڕەوانـــەیان لەدەســـت داوە، دیرێـــدا دەكەوێتـە قسـەو ئـەو تۆمەتانـە رەتدەكاتـەوە بـەبێ ئەوەی هیچ پابەندبوونێكی ئاشكرا رابگەیەنێ. دیرێـدا ماركس دەكاتە تەوەری سەرەكی كتێبێك و لە بەرەی هەموو ئەو كەسانە دەچێتە دەرەوە كە ماركس وەك راگوزەرێكی ناو مۆدێرنە تەماشا دەكەن و، ماركسیزم وەك فەلسەفەیەكی بەسەرچووی مێژوو دەبینن. بەڵام لە هەمان كاتدا بە وریاییـەكی زۆرەوە مامەڵـە لەگـەڵ ماركسدا دەكا بەوەی كە ناهێڵێ بەرجەستە ببـێ، لـە دۆخی تارماییبوونی بەردەوامدا دەیهێڵێتەوە، چونكـە چالاكی ماركس لـە مێـژوودا وەك تارمـایی دەسـتی پێكردو وەك جەستە كۆتایی هات.. ئەمەش خـۆی لـە خۆیدا پێكگەیشتنێكی گرنگی ماركسیزمی مۆدێرنـە و

شیتالگەریی پۆست مۆدێرنەیە.. مارکس هەوڵدەدا لە جیهانی تارماییەکانەوە بچێتە جیهانێکی بەرجەستە. بەڵام دیرێدا لە رێگای لە بەریەکهەڵوەشانەوەی جیهانی بەرجەستەکانەوە هەوڵدەدا مارکس بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی تارماییبوون، دۆخێك کە هێشتا مارکس لە چالاکی ناو زماندایە نەك چالاکی ناو مێژوو.

مانیفێستی تارماییەکان:

"تارماییەك بەناو ئەورووپادا هاتوچۆ دەکا، تارمایی کۆمۆنیزمە" ئەمە یەکەمین رستەی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستە کە لە سەدەی نۆزدەدا لە لایەن مارکس و ئنگلزەوە دەرچوو. کاتێ ئەو مانیفێستە دەرچوو چەند ساڵێك بوو ناوی کۆمۆنیزم کەوتبووە ناو ناوانەوە، بەڵام ترسێکی ئەوتۆی لە نێوەندە سەرمایەداریەکاندا دروست نەکردبوو، تا لەو مانیفێستەدا دۆخێکی تری وەرگرت و بوو بە تارمایی، لە فەرهەنگی زانستی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمەدا وتارێك دەربارەی کۆمۆنیزم بڵاوبۆتەوە تیایدا هاتووە: "چەند ساڵێکە لە ئەڵمانیا باس لە کۆمۆنیزم دەکرێ، ئێستا کردوویانە بە تارماییەکی هەڕەشەکەر، هەندێ لێی دەترسن و، هەندێکی تریش خەڵکی پێدەترسێنن". دواتر لە ساڵی *1879*دا مارکس باسی هەمان ئەو تارماییە دەکاو لە نامەیەکدا دەنوسێ: "بۆ ئەوەی بۆرژواکان نەترسن، لەمڕۆوە بۆیان دووپات دەکەینەوە کە لە راستیدا تارمایی سور شتێك نیە جگە لە وەهمی تارماییەك کە لە واقعدا هیچ بوونێکی نیە. بەڵام لای بۆرژواکان ئەو ترسەیە کە لە ئەنجامی ململانێدا لە نێوان ئەوان و پرۆلیتاریادا دروست دەبێ"[6].

لە نێوان ئەم دوو دەقەی مارکسدا دوو وێنە دەبینین کە یەکێکیان تارمایی پیاوێکی گەڕیدەیە بەشوێن ئەو پرسیارانەی کە پرسیاری تازەیان لێدەکەوێتەوە، دووەمیشیان وێنەی پیاوێکی بەرجەستەی داڕێژەری ئایدیۆلۆجیایە. ئەڵبەتە دیرێدا وێنەی یەکەمی مارکسی مەبەستە کە تەواو لەگەڵ وشەی (تارمایی)دا یەك دێتەوە. مارکسێك کە ئامادەیەو ئامادەش نیە، ناتوانرێ بەڵگە بۆ بوون یان نەبوونی بهێنرێتەوە.

بەڵام داخۆ پەیوەندی لە نێوان تارمایی ناو مانیفێستەکەو تارماییەکانی لای دیرێدا چیە؟ رەنگە دیرێدا وشەی (تارمایی) وەك خوازەیەك لە مانیفێستەکە وەرگرتبێ، چونکە ئەو باس لە مارکسێك دەکا کە لە هیچ وێنەیەکدا تەنانەت لە وێنەی تارمایی ناو مانیفێستەکەشدا بەند نابێ. چالاکی مارکس چالاکیەکە لەناو بازنەی زماندا، بەڵام زمانێك کە سەرەتا کودەتای دژی خودی مارکس و دواتریش دژی جیهان بەرپاکرد. مارکس جیهانی بەو شێوەیە نەدەبینی کە لە واقعدا هەیە بەڵکو بەو شێوەیەی کە وەك تارمایی لەناو زماندا ئامادەیی هەیە. نووسین ئەو شتانە دروست دەکا کە پێشتر نەبوون و بیریان لێ نەکراوەتەوە. کەواتە ئەگەر مارکس لە بازنەی زماندا کاری کردبێ، ئەوا زمان لە فەزای تارماییەکاندا جوڵاوەتەوە، ئەوەتا مارکس لە کتێبی (سەرمایە)دا دەڵێ: "وردبوونەوەی زانستیانە بەرامبەر فۆرمەکانی ژیانی مرۆیی و، دواتر شیکردنەوەی زانستی بەرامبەر ئەو فۆرمانە رێگایەك بە گشتی هەڵدەبژێرن کە دواجار پێچەوانەی گەشەکردنی فیعلی خۆیەتی"[7] لەم رستەیەدا دەردەکەوێ کە زمان - نوسین بیرۆکە دەسەپێنێ، چونکە سەرەتا مارکس وردبۆتەوە لەناو بازنەی نوسیندا، نوسینیش ئەو دەرەنجامەی سەپاندووە کە مارکس تێزەکەی لە دەرەوەی یاساکانی واقعی دەرەکی -سەرمایەداری- لەسەر داڕشتووە.. کەواتە مارکس تەسلیمی تارماییەکانی ناو زمان بووەو، زمان

ماركسی نوسیووه... ماركسیش هەوڵی داوە مێژوی جیهان بە جۆرێكی تر وەك رستە زەینیەكانی ناو زمان بنوسێتەوە. چونكە مرۆڤ تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانەدا دەكا كە خۆی دروستی كردوون، بەڵام وەك ئەوەی هەر هەبووین و خۆی دەستی نەبووبێت لە دروستكردنیاندا. بۆیە ماركس لە شوێنێكدا دەڵێ: "ئێمە تەنها گرفتاری دەستی زیندوەكان نین، بەڵكو گیرۆدەی دەستی مردووەكانیشین"[8].

دەرگا:

"كەسێك دێتە پێشەوە دەڵێ: دەمەوێ فێربم، دەمەوێ بژیم.. بەڵام دواجار بۆچی؟..". دیرێدا بەم چەند رستە ئاڵۆزو سەیرە كتێبەكەی دەستپێدەكا، خواستی ژیان "دەمەوێ بژیم" خواستی هەموو مرۆڤێكە، بەڵام خواستێكە نهێنییەكی سەیری لە پشتەوەیە، چونكە هەمیشە لە بەرامبەری مەرگدا ئێمە خوازیاری ژیانین.. كەواتە مەرگ ئەو رووبەرەیە كە هەموو شوێنێكی تەنیوەو تەنها دەرەتانێك بۆ دەربازبوون لێی پەنابردنە بۆ تارماییەكانی ژیان. كەواتە ئەو كەسەی خوازیاری ژیانە بوونەوەرێكی نێوان مەرگ و ژیانە، یان راستتر ئەو تارماییەیە كە پێیەكی لەناو مەرگ و پێیەكەی تری لەناو ژیاندایە.. بۆ ئەوەی كاریگەریمان هەبێ دەبێ هەمیشە سەرقاڵی ئەو گەمەیە بین، چونكە هەروەكو دیرێدا دەڵێ كاتێ دەربارەی دادپەروەریی قسەدەكەین ئەوە دەربارەی شتێك قسە دەكەین كە بوونی نیە، دەبێ لەسەر ئەوەش كۆك بین كە ئامادەی نیە ئەوسا دەتوانین قسەی لێبكەین. قسەكردن لە بوونەوەرێكی دادپەروەر واتە قسەكردن لە بوونەوەرێك كە لە هەنوكەدا ئامادەیی نیە لە رابردووشدا ئامادەیی نەبووە، بەو پێیەی ئایندەش هێشتا نەهاتووە كەواتە ئەو بوونەوەرە هیچ ئامادەییەكی نیە، هەر ئەمەشە "ئەو چركەیەی كە وەك تارمایی سەر بە هیچ زەمەنێك نیە"[9].. "چونكە بەو پێیەی دەركەوتنی تارمایی كارێكی راگوزەرو لەناكاوە، كەواتە لە كاتێكی دیاریكراودا سنوردار ناكرێ.. تارمایی دێت، دەڕوا، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە.."[10].

فەرمانەكان:

بۆچی دیرێدا دەڵێ: "تارماییەكان" و ناڵێ "تارمایی"، واتە بۆچی شێوازی كۆ بەكاردێنێ، لە كاتێكدا لە مانیفێستی كۆمۆنیستدا شێوازی تاك بەكارهاتووە "تارماییەك بە ئەوروپادا هاتوچۆ دەكا". ماركس پێشنیاری وەسوەسەیەك دەكا لە مێژودا، بەڵام ئەو وەسوەسەیە خۆی مێژو هەڵدەبژێرێ و ناخرێتە چوارچێوەی مێژوییەكی تایبەتەوە. وەسوەسە هەمیشە لە سەردەمێكدایە كە سەردەمی خۆی نیە چونكە ئەو كاتەی كە دەگاتە سەردەمی خۆی لە دۆخی وەسوەسەیی دەردەچێ. لێرەوە دیرێدا بڕوای وایە كە ماركس هێندەی پەنای بۆ فەنتازیای شانۆیی بردووە، كە لە رێگای زمانەوە پرۆسەی دەرهێنانەكەی ئەنجام داوە، هێندە پەنای بۆ رەگەزەكانی واقعی ئەو سەردەمەی ئەوروپا نەبردووە، چونكە واقعی ئەو سەردەمە خوازیاری ئەوە بووە كە شتەكان لە دۆخی بەرجەستەبووندا بن نەك دۆخی تارمایی.. بۆیە نزیكبوونەوەیەك لە نێوان تیوریزەكردنی ماركس بۆ كۆمۆنیزم و تەوزیفكردنی شكسپیر بۆ تارمایی هەیە:

"هاملێت: سوێند بخۆن

تارمایی ژێر زەوی: سوێند بخۆن

هاملێت: (..) تكایە بێدەنگ بن

زەمەن لە دەرەوەی جەمسەرەكانی خۆیەتی

ئەی ئەو چارەنوسە نەفرەتییەی

كە دەتەوێ لە دایك بم تا پەیوەندیت پێوە بكەم!

وەرە، با پێكەوە بڕۆین.."[11].

بەڵام لە سەردەمی مارکسدا تارماییەکان لە یەکێك زیاترن، لە هەموو شوێنێکی ئەوروپادا ئامادەییان هەیە، بۆیە ئەگەر هاملێت بزوێنەری خەیاڵانی مارکس بووبێت، ئەوا مارکس بزوێنەری بۆل ڤالیرییە کە دەڵێ:

"ئێستا هاملێتی ئەوروپی تەماشای هەزاران تارمایی دەکا (..) ئەو هاملێتە هاملێتێکی رۆشنبیرە کە بە وردی لە ژیانی پاش مەرگی حەقیقەتەکان رادەمێنێ، ئەو تارماییەی کە دەیبینێ بابەتی هەموو کێشەکانیەتی.."[12].

دیرێدا بڕوای بە ئاستە روون و ئاشکراکانی زمان نیە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە زمان دەبێتە ئامرازێکی بیرکردنەوەو هەموو پاکیزەییەك لە دەست دەدا. تەنها رێگا بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو پاکیزەییە بریتیە لە هەڵگرتنی سنوری نێوان زمانی بیرکردنەوە (فەلسەفە) و زمانی خەیاڵ (ئەدەب). ئەگەر نیچەو هایدگەر هەوڵیان دابێ رەگەزەکانی ئەدەب و فەلسەفە موتوربەکەن بە یەکدی، ئەوا دیرێدا نەك هەر ئەو ئەرکەی ئەنجام داوە بەڵکو سنورەکانی نێوان ئەدەب و فەلسەفەی بە تەواوەتی لەبەین بردووەو گەمەی لە بەریەکهەڵوەشانەوەو جیاوازیی کردۆتە ستراتیژێك کە لە رێگایەوە شوناسێکی تازەی فەلسەفەو ئەدەب لە نێو جوغزی زماندا دێنێتە ئاراوە[13].

(تارماییەکانی مارکس) بە چەند پرسیارێکی ئاڵۆزو تەم و مژاوی دەستپێدەکا دەربارەی غایەتی ژیان و فێربوون. دەسبەجێ لە بەردەم ئەو پرسیارانەدا توشی وەسوەسەیەك دەبین کە هەموو زانیاریە بەڵگەنەویستەکانی پێشومان دەخاتە بەردەم پرسیاری تازەوە، دەریای کاملبونی مەعریفی ئێمە ئالودە دەکا. دیرێدا سەرلەنوێ هەموو حوکم و تیرۆانینە پێشوەختەکانمان سەبارەت بە مارکس لە بەریەك هەڵدەوەشێنێ و پاکیزەییەکی رەسەن دەگەڕێنێتەوە بۆ پرسیارەکانمان. بۆیە هەمان ئەو میتافۆر و گەمە زمانەوانیانە بەکاردێنێ کە شکسپیر لە (هاملێت)دا بەکاری هێناوە، پەنا بۆ ئەو تارماییانە دەبا کە هەموو مانا بەرجەستەکان لەبەریەك هەڵدەوەشێننەوە. هەرچەندە دواجار کەرەستەی ئەویش هەر وشەیەو، هەرچەندە وشەکانیش بەرهەمی دەزگایەکن کە بێبەری نیە لە فەرمانە ئایدیۆلۆجیەکان، بەڵام بۆ ئەوەی وشە ملکەچی ئەو دەزگایە نەبێ پێویستە وەك بەڵگەنەویست لە رەوتی فرێزە دیسپلێنکراوەکاندا خۆی پێشنیار نەکا.. بەڵکو دەبێ هەمیشە بزوێنەری گومان و وەسوەسە بێت.

کەسایەتی هاملێت رەنگدانەوەی دڵەڕاوکێ و گومانێکی هەمیشەییە، پرسیاری ئەو سەبارەت بە کەینونە (هەبم یان نەبم؟!) زادەی وەسوەسەی ئەو تارماییە پەنهانەی پشت قەناعەت و ئایدیا تەقلیدیەکانی ناو ئەقڵی هەموومانە، چونکە پرسیارە ئەنتۆلۆجیە قوڵەکان هەمیشە لەسەر بنەمای گومان (بوون/ نەبوون)، (واقعی/ ناواقعی).. هتد، دامەزراون[14]. ئەگەر مارکس عاشقی شکسپیر بووبێت هەروەکو دیرێدا دەڵێ[15]، ئەوا دیرێدا لەژێر کاریگەری عەشقی هەردووکیاندایە، خوازیاری ئەوەیە ئەو عەشقە لە نێوان مانیفێستی مارکس و هاملێتی شکسپیردا بە گەرمی بمێنێتەوە. دیرێدا گریمانەیەکی بەراوردکاریانە لە شێوازی لێکۆڵینەوە بەراوردکارەکان لە نێوان مارکس و شکسپیردا ئەنجام نادا، بەڵکو تارمایی هاملێت دەخاتە ناو مانیفێستی مارکس و هاوشوناسی لە نێوانیاندا دەدۆزێتەوە[16].

چەمکی رۆح یان دەرون کە هەمیشە لە بەرامبەر جەستەدا قسەی لێدەکرێ لە سێ رەگەزی سەرەکی پێکدێت. پەیوەندییەکی زۆر لە نێوان رۆح و تارماییدا هەیە بە شێوەیەك جیاکردنەوەیان لە یەکتری کارێکی سەختە. بەڵام خاڵی لێکترازان لەو شوێنەوە دەست

پێدەکا کە رۆح جەستە وەك پۆشاكێك دەپۆشێ.. تارمایی هەمیشە شتێكی نەبینراوە، چونكە مەرج نیە ئێمە ئەوانە ببینین كە دەمانبینن. لێرەوە دژبوونێكی مێژویی لە نێوان ئێمەی بینراو و ئێمەی نەبینراودا دروست دەبێ، ئێمە ئەو كاتانە هەست بە بینراوی خۆمان دەكەین كە چالاكین و لە بزاوتاین، بەڵام ئەو كاتانەی كە تەنها فەرمان وەردەگرین ئەوا كەسی بینراو ئێمە نین بەڵكو كەسی فەرمان دەركەرە. هاملێت بە تارماییەكە دەڵێ: "بەرەو كوێ دەمبەی؟!.. قسە بكە چیتر لەوە زیاتر لەگەڵت نایەم".. تارماییەكە وەڵام دەداتەوە: "گوێ بگرە من تارمایی باوكتم!". ئێمە باوەڕ بە تارمایی دێنین بێئەوەی هیچ بەڵگەیەكمان بداتێ، چونكە كاتێ بەڵگەمان دەداتێ لە دۆخی تارمایی بوون دەترازێ. هەموو باوەڕكردنێكی كوێرانەش بەرامبەر تارمایی ملكەچبوونە لە بەرامبەر فەرمانەكانیدا. بەڵام با بزانین ئەو سێ شتە چین كە تارمایی پێكدێنن.؟

1-ماتەم: ئەم رەگەزە هەوڵێكە بۆ دانانی ئەنتۆلۆجیای شتە بەجێماوەكان بە مەبەستی هێشتنەوەیان لە ئێستادا، هەموو گەڕانەوەیەك بۆ رابردو گەڕانەوە نیە بۆ خودی رابردو، بەڵكو گەڕانەوەیە بۆ تارماییەكان، پشكنینی پێناسی تەرمەكانە. هەموو لێكۆڵینەوە ئەنتۆلۆجی، سیمانتیكی، فەلسەفی، هێرمنۆتیكی، سایكۆلۆجی، شیكاریەكان.. دەچنە خزمەتی ئەو جۆرە ماتەمانە.

2-زمان: تەنها مەرجێك بۆ بەرجەستەكردنی تارماییەكان زمانە. هەر ئەو تارماییانەش بوون كە هیگڵ و دواتر ماركسیان ئەفراند.

3-رۆح: لە دوا قۆناغدا خودی بەرهەمی تارماییەكان، واتە ماركس، تارماییەكی تر، واتە ڤالیری، بەرهەم دێنێ. چونكە رۆح تەنها ئاستێكی ئایدیالی بوون نیە، بەڵكو هەروەكو ڤالیری دەڵێ: "رۆح توانای وەرچەرخانە (..) رۆح كرداره.."[17].

ماركسیزم بەرەو كوێ؟

ئەمە ناونیشانی ئەو كۆنگرەیە یە كە دیرێدا بە لێكچەری (تارماییەكانی ماركس) بەشداری تێدا كردووە. رەنگە لێكچوون و نزیكییەك لە نێوان ناونیشانی كۆنگرەكەو ناونیشانی لێكچەرەكەی دیرێدادا هەبێت، چونكە فرێزی (بەرەو كوێ؟) وێنەی تارماییەكی راگوزەر لە زەیندا دروست دەكا كە دێت و لە ناكاو ون دەبێ. پرسیاری (بەرەو كوێ؟) ئەنگێزەیەكی لە پشتە، ئەنگێزەی گەڕان بە دوای جەستەیەكدا كە چۆتە دۆخی تارماییبوونەوە.

ئەو دۆخە دەخوازێ ماركس لە یەك وێنەدا گیرنەخوا، چونكە هەڵەیەكی گەورەیە ئەگەر ماركس بە شێوەیەكی بەردەوام نەخوێندرێتەوەو وتووێژی بەردەوام سەبارەت بە تێزەكانی ئەنجام نەدرێ. ئێستا دوای ئەوەی ماشێنە دۆگما بەرهەمهێنەكان و كەرەستە ئایدیۆلۆجیە ماركسیستەكان (دەوڵەتەكان، حیزبەكان، شانەكان، سەندیكاكان..) بەرەو كاڵبوونەوەو لە ناوچوون دەچن، هیچ بەهانەیەكمان بە دەستەوە نەماوە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەك، كە بەرپرسیارێتی ئایندەیە، چونكە هیچ ئایندەیەك بەبێ ماركس و میراتەكەی وێنا ناكرێ.. ئەمەش هەروەكو دیرێدا دەڵێ: "گریمانەیەكە، یان راستتر لایەنگیرییەكە"[18] كە لە تەنها وێنەیەكدا دەرناكەوێ بەڵكو زیاتر لە رووەیەكی هەیە.

دیرێدا ئیعتراف بەوە دەكا كە یادەوەری رۆڵێكی گرنگ دەبینێ لە هێشتنەوەی وێنەكانی ماركس لە زەیندا، بە تایبەتی یادەوەری دیرێداو هاوڕەوەكانی كە سەردەمانێكی دوورو درێژ سەرقاڵی حیكایەتی ماركسیزم و ئەزموونكردنی ئەو حیكایەتە بوون لە دنیای فیكرو ئایدیۆلۆجیادا.. ماركس لای ئەو نەوەیە لە وێنەی پاتریاركێكدا بوو، كوڕەكان لەسەر

میراتەکەی دەژیان و بە شەڕ دەهاتن.. رەنگە سەرلەنوێ خوێندنەوەی مارکس و سەرلەنوێ ڕاڤەکردنی دەقەکانی درێژبوونەوەی ئەو یادەوەرییە بێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی مارکس بخوێنێتەوە مەرج نیە مارکسی بێت، چونکە هەمیشە کوڕە رەسەنەکان نابنە میراتگری شتە بەجێماوەکان. مارکسیزم مولکی یەکێتی سۆڤێت و دەوڵەتەکانی کامپی خۆرئاواو حیزبە ئەنتەرناسیۆنالیستە کۆمۆنیستەکان نەبوو، دواتر داڕمانی ئەوان لە پەنجاکانەوە چاوەڕواندەکرا، بۆیە ئەو پرسیارەی کە ئامادەبوانی کۆنگرەی (مارکسیزم بەرەو کوێ؟!) کۆدەکاتەوە پرسیار نیە سەبارەت بە چارەنوسی وڵاتە کۆمۆنیستەکان بەڵکو پرسیارە سەبارەت بە چارەنوسی مارکس و وێنەکانی لە ئایندەدا.

پێش داڕمانی کامپی خۆرئاوا زۆرجار ئەو پرسیارە -پرسیاری گەڕانەوەی تارمایی مارکس- لای لاوەکانی هاونەوەی دیرێدا دەوروژێنرا، پرسیارێك بوو زرنگانەوەی هەبوو، بەڵام زرنگانەوەکەی وەك ئەوەی ئێستا نەبوو. چونکە پرسیاری هەنوکەیی لە سەردەمێکدایە کە فۆکۆیاماو خوێنەرە لاوەکانی سەرقاڵی قسەکردنن سەبارەت بە حیکایەتی کۆتاییەکان. بەڵام هەروەك دیرێدا دەڵێ ئەو بابەتانەی سەبارەت بە کۆتاییەکان قسەیان لێدەکرێ وەك "کۆتایی مێژو"، "کۆتایی مارکسیزم"، "کۆتایی فەلسەفە"، "کۆتاییەکانی مرۆڤایەتی" و "دوا مرۆڤ".. بابەت گەلێکی تازە نین، بەڵکو لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە هەمیشە لەسەر زاری هاونەوەکانی ئەودا بوون "دنیا ئاخری شتەکان وەك نان لە دەمی هەموماندا بوو، (ئەو دیاردەیە) هێندە ئاسایی بو لامان تا ئەو ئەندازەیەی.. ساڵی *1980* ناوم لێنا: ستریسی دنیا ئاخری لە فەلسەفەدا.."[19].

گرێدانی داڕمانی مارکسیزم بە گوتاری "کۆتایی مێژو"ەوە، هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی پەشێویە گەورەکانی ئەم سەردەمە، کە بە بڕوای دیرێدا سەردەمی دەرچوونە لە ئاراستەی ئاسایی مێژو، کە تیایدا کەپیتاڵیزمی گەردوونی رووبەڕووی دە قەیرانی ترسناك دەبێتەوە (بێکاری، ئاوارەبوون، کێبڕکێی ئابوری، کێشەکانی بازاڕی ئازاد، قەرزی دەرەکی، چاکسازی، چەکی ئەتۆمی، جەنگە ئەتنیەکان، تارمایی مافیاو مادە بێهۆشکەرەکان، باڵادەستی خۆرئاوا لە جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتیدا..). دیرێدا لەسەر ئەم کێشانە زۆر ناوەستێ، تەنها وەك نمونەی پەشێوی ئەم سەردەمە نیشانی دەدا کە ناکرێ وەك سەردەمێکی ئارام وێنای بکەین[20]. هەروەها بڕوای وایە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی سەردەم وەك سەردەمێکی ئارام هەڵەیەکی گەورەیە چونکە "دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنێکی ئەنتۆلۆجی، یان سەپاندنی جەستە بەسەر رۆحدا یان بەسەر پەیمانێکدا کە لە شێوەی تارماییدایەو، هەر هەوڵێك بۆ بەرجەستەکردنی مادیانەی دەبێتە هۆی پەشێوی و تێکچوونی.."[21].

دیرێدا لە خوێندنەوەی مارکسدا تیشك دەخاتە سەر زۆربەی ئەو دەقانەی مارکس کە پەیوەندیان بە بابەتەکەی ئەوەوە هەیە. لە ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانیدا دیرێدا بایەخێکی تایبەت دەدا بە وەڵامەکانی مارکس بۆ شتێرنەر، ئەو بەشەی کە تا ئێستا زۆر کەس بە بەشێکی کەمبایەخی دەزانن و تەنانەت زۆرجار سەیریان لێهاتووە مارکس ئەو هەموو کاتەی خۆی بە وەڵامدانەوەی شتێرنەرەوە سەرف کردووە. بەڵام دیرێدا بە پێچەوانەوە ڕای وایە ئەو بەشە گرنگی خۆی هەیە، چونکە پەیوەندی بە کێشەی فەردانیەت، یان (خودگەری *Egoism*) ەوە هەیە لە دیدی مارکسدا.. ئەو دەمە مارکس لە ململانێیەکی سەختی ناو خودی خۆیدا بوو.. لە کاتێکدا رۆڵی تاکەکەسی بەکەم دەگرت، لە ناخی خۆیدا هەستی بە تارماییەکانی خودی خۆی دەکرد کە وەك تاك

بەرجەستە دەبوو.. واتە هەستی بە تارماییەکی دووفاقەیی دەکرد، یەکێکیان لایەنگری خودو ئەوی تریان لایەنگری فەلسەفەکەی بوو کە دوور بوو لە خود. بە مانایەکی تر شتێرنەر مارکسی توشی نیگەرانیەکی زۆر کردبوو، چونکە ناچاری کردبوو کە لە یەك کاتدا بەرگری لە دوو شتی پێچەوانە بکا یەکێکیان فەردانیەتی خود بەرامبەر تۆتالیتاریەتی سیستم، دووەمیان گرنگیدان بە کۆمەڵ بەرامبەر هەڵپەی تاکەکەس.

رەنگە هۆکاری گرنگیدانی دیرێدا بە ململانێی مارکس –شتێرنەر بگەڕێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شێوەیەك لە وەسوەسەی شیتالگەری لە خودی مارکسدا، چونکە مارکس لە وەڵامدانەوەی شتێرنەردا وەك ئایدیۆلۆجیستێك قسە ناکا بەڵکو وەك کەسێکی شیتالگەر (تفکیکی) لە یەك کاتدا بەرگری لە تاك دەکا کاتێ کە رووبەڕووی مەترسی توانەوە دەبێ لە بۆتەی کۆمەڵدا، هەروەها بەرگری لە تێزە پێچەوانەکانیش دەکا[22].

هەر سەبارەت بە حیکایەتەکانی کۆتایی مێژو، دیرێدا کتێبێکی بلانشۆ بەیاد دێنێتەوە کە پێش زیاتر لە 30 ساڵ، بە دیاریکراوی لە ساڵی 1959دا، لەژێر ناونیشانی "کۆتایی فەلسەفە"دا نوسیویەتی. لەو کتێبەدا فەلسەفە لە وێنەی تەرمێکدا بەڕێ دەکرێ، بەڵام لە چرکەی بەڕێکردنیەوە وەسوەسەی زیندوبوونەوەی دەست پێدەکا. بلانشو لەو کتێبەدا بڕوای وایە کە مەرگی فەلسەفە لە سەدەی بیستەمەوە دەست پێناکا، بەڵکو لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە مارکس کودەتایەکی دژی رەوتی ئاسایی مێژو بەرپا کردو، تێزەکەی خۆی وەك دەسکەوتێکی مەعریفی رەها راگەیاند، بەڵام هاوکات لەگەڵ بەرجەستەبوونی کردەیی ئەم فەلسەفەیەدا رەهەندە تیۆریەکانی رەتکرایەوە.. لەگەڵ هەموومەرگێکی جەستەییەدا مەیلێك هەیە بۆ دەرکەوتنەوەی رۆح لە وێنەیەکی شەفافدا. دیرێدا دەپرسێ داخۆ ئەو دەرکەوتنە تازەیە دەرکەوتنی تارماییە؟ لە وەڵامدا دەڵێ نازانین. بەڵام ئەو نەزانینە هیچ کەلێنێك دروست ناکا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کرانەوەیەك بەسەر داهاتوودا دروست دەکا.. چونکە ئایندە ناتوانێ خۆی رابگەیەنێ، یان تەعبیر لە بێگەردی خۆی بکا ئەگەر پێشتر رابردوو کۆتایی خۆی رانەگەیاندبێ.

زیاتر لە سەدەو نیوێکە مارکس و ئنگلز مانیفێستیان نوسیوە، ترسناکترین وێنەی مانیفێستەکە تارمایی کۆمۆنیزمە کە ساڵانێکی دوورو درێژ ئەورووپای کەپیتاڵیستی دەترساند، لە راستیدا ئەو تارماییە شتێك نەبوو جگە لە ترسێك لە ئایندە نەك ترسێکی هەنوکەیی.. بەڵام هەموو تارماییەك خۆی لە خۆیدا ئایندەیە، ترسە لە ئەگەری بەرجەستەبوونی تارمایی لەو چرکەو رۆژو مانگ و ساڵانەی کە دێن و بە رێگاوەن.. پرسیاری (مارکسیزم بەرەو کوێ؟!) پرسیارە لە وێنەکانی مارکسیزم لە ئایندەدا، واتە پرسیارە لە چارەنوسی ئەو تارماییەی کە رەنگە رۆژێ لە رۆژان بەرجەستە ببێتەوە.

ئێستا دوای مردنی جەستەیی کۆمۆنیزم لە یەکێتی سۆڤێت و جیهان بە گشتی، مارکسیزم گەڕاوەتەوە دۆخی تارمایی.. بەڵام شەڕکردن لەگەڵ جەستەدا ساناترە لە شەڕکردن لەگەڵ تارمایی‌دا. دیرێدا ئەو دوو دۆخە بە دوو دۆخی تارمایی دەچوینێ: تارمایی هەنوکەیی و تارمایی ئایندەیی.. یەکەمیان هەڕەشەیەکە لە ئێستادا، کە دەکرێ شەڕی لەگەڵدا بکرێ: بەڵام دووەمیان هەڕەشەیەکە لە ئایندەدا، کە شەڕی لەگەڵدا ناکرێ بەڵکو چاوەڕوانی ئەگەری هاتنی دەکرێ. دۆخی دووەمیان ئامادەیی و چالاکی هەنوکەیی نیە، چونکە ئەو سەر بە زەمەنێکی دواخراوە.

هەموو زەمەنێکی دواخراو مـوژدەی فریادرەسـی پێیـە، چونکـە تارماییـەکانی ئـایندە لای هـەندێك ترسناکن و لای هـەندێك مـوژدە بەخشـن.. مەحاڵـە بتوانین وێنـای جۆرێك لـە ئاکـار یـان جۆرێـك لـە سیستمی سیاسـی شـیاو بـۆ مـرۆڤ بکـەین، ئەگـەر ئایندە هەڵگری بەشێك لەو موژدانە نەبێ کە وزەی مانەوەو بەردەوامی دەبەخشن بە ئێمە لـە ئێستادا.. لـێرەوە دیرێـدا بـۆ یەکـەمین جـار فەلسـەفەی شـیتاڵگەری، بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان گـرێ دەداتەوە بە ئاکارناسی و سیاسەتەوە. چونکە تاقە شـتێك کـە شـیتاڵگەری پێـی نـاوێرێ و ناتوانـێ لەبەریەکیهەڵوەشێنێتەوە بنەمای ئەو بەهایانەیـە کـە ئایندەمـان بـۆ رۆشـن دەکەنـەوەو مـوژدەی سـبەینێیەکی باشـترمان پێدەبەخشـن. هـەموو سیاسەتێك لە پێناو ئازادبووندا پێویستی بـە وێنـەی فریادڕەسـێك هەیـە کـە روبـەرەکانی دادپـەروەری فراوانـتر بکـا، تەنانـەت دیرێدا لـە شـوێنێکدا دەڵـێ: "تەنها شتێك کە ناتوانین شیتاڵی بکەین و لەبەریەکی هەڵوەشێنین و خۆی نادا بـە دەسـتەوە، وەك خـودی شـیتاڵگەری قـابلی شـیتاڵکاری نیـە، بریتیـە لـەو ئەزموونـە دیـاریکراوەی کـە مـوژدەی ئـازادبوونی پێیە.."[24].

دیرێدا دەڵێ ئەوەی مارکس و دوژمنانی کۆمۆنیزم پێکەوە کۆدەکاتەوە، ترسی بەردەوامـە لـە تارمـایی، تـرس لـەوەی کۆمۆنـیزم گۆشـت و ئێسـك بپۆشـێ و ئامادەییەکی بەرجەسـتە پـەیدا بکـا، هـەروەها تـرس لـەوەی ئـەو پرۆسـەیە روونـەداو کۆمۆنـیزم هـەروەك تارمـایی بمێنێتـەوە. بـەڵام دیرێـدا پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگرێ کە دەبێ ترسی راستەقینەمان بەرامبەر ئەو کەسانە بێت کە خوازیاری دەرکردنـی تارماییـەکانن، یـان دەیانـەوێ گۆشـت و ئێسـك بـبڕن بـە بـەری تارماییـەکانداو.. ئـەو فریادڕەسـەی کـە ئێمـە چاوەڕوانی دەکەین بکەن بە قەوارەیەکی بەرجەستەو هەستپێکراو. کەواتە دەبێ هەمیشە تارماییمان خۆش بـوێ و لـە ئـامێزی بگریـن، واتـە دەبـێ هەمیشـە بیرکردنـەوەو کردەوەکـانی ئێمـە لـە فـەزای ئایدیـا باڵاکاندا بێت. بـە مانایـەکی تـر لۆجیکـی تـرمـایی داوامان لێدەکا بڕوا بەو بیرۆکەیـە بێنـین کـە پێیوایـە خۆشنودی لە سیاسەتدا تەنها ئەگەرە[25].

ئەفسانەی کۆتـایی مێژو:

ئـەمڕۆ لـە جیـهاندا شـێوازێك لـە شـێوازەکانی باڵادەستی پـەیڕەو دەکرێ کە وێنـەی لـە رابـردوودا نیـە، باڵادەسـتی لـە پێنـاو دامـەزراندنی سیسـتمێکی سەرانسەری ئەوتۆدا کە هەموو خەونـەکانی دەرەوەی بازنەی خۆی وەك خەونی بزڕکاو وێنادەکا. مارکسیزم یەکێکە لەو گریمانانەی کە هەمیشە دەشێ لە رێگای خوازە (اسـتعارة) یەکـەوە بێتـەوە ئـارا.. خـودی مارکسیش هەمیشە حەزی بە وشەی خوازە دەکرد لە دەقەکانیدا، بەڵام لەوە دەچێ چیتر نەوێرین تەنانەت وەك خـوازەش بـاس لـە مارکسـیزم بکـەین. ".. لـەو بڕوایەدام کەس ناتوانـێ نکوڵـی لـەوە بکـا کـە جـۆرە دۆگماتیزمێك دەیەوێ لە رێگای چـەند مـەرجێکی دژو گومانلێکراوەوە باڵادەسـتیەکی گـەردونی پـەیدا بکـا. لە جیهانی ئەمڕۆدا گوتارێکی هـەژموودار هەیـە، یـان لە دۆخی پەیداکردنی هەژموودایە.."[26]. یەکێك لـەو سـەرکەوتنانەی کـە ئـەو دۆگماتیزمـە نوێیـە شـانازی پێوە دەکاو، ئاهەنگی بـۆ دەگێڕێ، داڕمـانی وێنـەی ئـەو شۆڕشـانەیە کـە لـە مارکسـیزمەوە سـەرچاوەی دەگرت و، داڕمـانی خـێرای ئـەو سیسـتمانەی کـە بـە نیـاز بـوون مارکسـیزم تەرجەمـە بکـەن. بـەڵام ئـەم شانازیکردن و ئاهەنگگێڕانە شـێوەیەك لـە هیسـتریای پێـوە دیـارە، کـە فرۆیـد دەیگەڕێنێتـەوە بـۆ دۆخـی تێکەڵاوبوونی شایی سەرکەوتن و شینی ماتەم.. ئـەم دۆخە وردە وردە دەبێتە سروتێکی تایبەت کە تیـایدا هاوارێك دووبارە دەبێتەوە: "مارکس مرد.. کۆمۆنیزم

مـرد.. لـه راسـتیدا مـرد، هـەموو خواسـتەکانی، گوتارەکانی، تیۆرەکانی، کردەوەکانی.. مـردن. بـۆی کـەپیتالیزم، بـۆی بـازاڕ، بـۆی لیـبرالیزمی ئابوری و سیاسی"[27].

کاتێ ئێمە دەڵێین ئەو ئایدیۆلۆجیایەی بانگەشە بـۆ کۆتـایی مارکسـیزم دەکـا بەرجەسـتەبوونی گوتـارێکی باڵادەستە، ئـەوا بـێ ئـەوەی بزانـین بـە هەمان میکانیزم کاردەکەین کـە مارکسیزم بەرهـەمی هێناوە. بۆیە دیرێدا سەرنجمان بـۆ گرفتـەکانی ئـەو میکانیزمـە رادەکێشـێ کـە هەمیشـە لـە مارکسیستەکانەوە بـە مـیرات بـۆ نـەوەکان بـەجێ دەمێنێ. لە هەمان کاتدا سەرنجمان بۆ مەترسیەکانی ئـەو ئایدیۆلۆجیا باڵادەستە رادەکێشـێ کـە لەسـەر بنەمای ململانێ دروست بووە. واتە دەبـێ گومـان لـە هەردوو لایەنی هاوکێشەکە بکەین: لایـەنی باڵادەست و، ئـەو لایەنـەی کـە باڵادەستی بەسـەردا پراکتـیزە دەکرێ "نیچەو بنجامین، هەریەکـەیان بـە شـێوازی خۆیان هانیان داین گومان بکەین. بەتایبەتی بنجامین کـە بەشداری لـە ماتریـالیزمی مێژویـی و مـیراتێکی مەسیحی لاوازدا دەکا"[28]. واتە بۆ ئەوەی تەسلیمی ئەفسانەکانی کۆتایی مێژو نـەبین، کـە هـەموو جارێك لـە نێوان چـەند سـەدەیەکدا بـەرگوێمان دەکـەوێ، دەبـێ چاوەڕوانی ئـەو فریادڕەسـانە بـین کـە بـۆ تێکشکاندنی کۆتاییەکان و بنیاتنانەوەی سـەرەتاکان دێن. ئـەو فریادرەسـانەی هـەندێکیان لای نیچـەو، هـەندێکیان لای مـارکس و، هـەندێکی تریـان لای مەسیحەوە دێن. رەنگـە ئـەو چاوەڕوانکراوە هـەرگیز پەیدا نەبێ، بەڵام مرۆڤ بـە بـێ چاوەڕوانی و بـەبێ خەونی تێکشکانی ئەفسانەی سیستمە کاملەکان، کـە لە پاشیانەوە مێژو دەوەستێ، ناتوانێ بژی.

بەڵام بە شێوەیەکی کاتیش بێت نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە خەریکە گوتاری باڵادەست بەسـەر دیمـەنی تـازەی جوگرافیـای سیاسـیدا سـەردەکەوێ. لـە راگەیاندنە سیاسـی و شاشـە بیـنراو و بریقـەدارەکانی فـەزای ئـەقڵانی و ئـەکادیمیدا، بـە هێمنـی و متمانەیەکی زۆرەوە، نـەك هـەر بـاس لـە کۆتـایی مارکسیزم دەکرێ، بەڵکو باس لە کۆتـایی هـەموو مەرجەعیەتـە پـەیوەندیدارەکان بـە مارکسـیزمەوە دەکرێ.. واتـە بـاس لـە کۆتـایی مێـژو دەکـرێ لـە بەرگێکی دۆگمـایی و ئـاڵۆزدا. لێرەدا دیرێدا ئامـاژە دەدا بـە کتێبەکـەی فرانسـیس فۆکۆیامـا "کۆتـایی مێژو.. دوا مرۆڤ" کـە وەك ئینجیلێکی تـازە خـۆی دەخاتـەڕوو کـە چـەندین هـەڵای ئیعلامـی بـۆ کـراوە، بەتایبەتی سەبارەت بەو بەشـەی کـە پـەیوەندیی بـە مەرگی مارکسیزمەوە هەیە وەك نیشانەیەکی کۆتـایی مێژو. بـەڵام دیرێدا ئامـاژەی بـەوەش دەدا کـە ئـەو کتێبەی فۆکۆیاما بە شـێوەیەکی خـراپ و سـاویلکانە نەنوسـراوە، بـەڵکو جوانـترین رووی ئایدیۆلۆجیـای کەپیتالیزمی براوەیە لە دیموکراسی لیبرالیدا، کە بەم دواییە گەیشتۆتە ئاستی کەماڵێکی ئایدیـالی، یـان بـە دەربڕینێکی تـر گەیشـتۆتە کـەماڵێکی واقعـی[29].. چونکـە فۆکۆیامـا بـڕوای وایـە "دیموکراسـی لیـبرالی تاقـە خواسـتێکی سیاسـییە کـە ژمارەیـەك ناوچـەو کولتـور لـە سەرانسـەری جیـهاندا کۆدەکاتـەوە" و "هاوپـەیمانی دیموکراسـی لیـبرالی لەگـەڵ بـازاڕی ئـازاددا (..) هـەواڵێکی موژدەبەخشـی دواچـارەکی سەدەی بیستەمە.."[30].

ئـەو هەواڵـە موژدەبەخشـەی فۆکۆیامـا وێنـەی موژدەکـانی ئینجیـل دێنێتـەوە یـادی دیرێدا.. بـەڵام پرسیاری (مارکسیزم بەرەو کوێ؟) زرنگانـەوەی ئـەو هەواڵـە کـپ دەکاتـەوە.. هـەرچی لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستیشـە سـێ عـەقیدە چـاوەڕێی گەڕانـەوەی مەسیح دەکەن.. هەموو سوپاکانیشیان بۆ جـەنگێکی گـەورەی ئـایندە سـازداوە، لەگـەڵ هێزەکـانی تەلەفزیۆن و تەکنەلۆجیاو ئامرازە زانستیەکان.. واتـە بە بەشداری تارماییە زانستیە زۆر مۆدێرنـەکان. بۆیـە

ئەو جەنگ و کارە توندوتیژانەی بە رێگاوەن ناکرێ هیچ گرەوێکی پێش وەختیان لەسەر بکرێ.. بە تایبەتی ئێستا دوای بڕانەوەی ململانێی نێوان کامپی خۆرئاواو کامپی خۆرهەڵات شەڕ لەسەر بەرجەستەبوونی سێ وێنەی مەسیح لە سێ خەیاڵدانی ئاینی جیاوازەوە (ئیسلام، مەسیحی، جولەکە) دەکرێ.. کە لە راستیدا ململانێی سێ هێزە لە پێناو (قودس)دا، بۆیە "ئەمڕۆ شەڕ لە پێناو قودسدا شەڕێکی جیهانییە"[31]. بەڵام بە بڕوای دیرێدا تاقە شتێك کە رێگا لە بەرجەستەبوونی تارمایی ئەو جەنگە دەگرێ هاتنەوە مەیدانی تارماییەکی کۆسمۆپۆلیتیستە، بەڵام دەبێ دەرکەوتنەکانی ئەمجارەی جیاواز بێت، زیاتر توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ مەرجە تازەکاندا هەبێ، دەبێ ململانێ لەگەڵ مۆدیلێکی جیهانی کەپیتالیزمدا بکا کە لەسەرو کەپیتالیزمی دەوڵەتەوەیە. بۆیە دیرێدا دەڵێ ئیدی لەمەودوا لەگەڵ ئەوەی کە دەپرسین (مارکسیزم بەرەو کوێ؟) دەشپرسین "مارکسیزم بەرەو کوێ دەبەین کاتێ تەئویلی دەکەین؟ چونکە مارکسیزم نابزوێ ئەگەر گۆڕانکاری تێدا نەکرێ!"[32]. ئەم قسەیەی دیرێدا ئاماژەیە بۆ قسەیەکی خودی مارکس: "تا ئێستا فەیلەسوفەکان هیچیان نەکردووە جگە لە تەئویلی جیهان بە شێوازی جۆراوجۆر.. بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگە گۆڕینی جیهانە"[33].

فۆکۆیاما ئەو هەواڵە موژدەبەخشە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبەستێتەوە بە زانستەوە بە تایبەتی بە فیزیای هاوچەرخەوە وەك تەکنەلۆجیای وڵاتە دیموکراسیە لیبراڵیەکان، بەڵام دیرێدا دەڵێ "ئەو دیارییە فیزیکی و تەکنیکی و سەربازییە نامانگەیەنێتە دەروازەکانی خاکێکی وادەئامێز – الارض الموعودة"[34]، چونکە ئەگەر زانستەکانی فیزیای مۆدێرن بمانگەیەنێتە دەروازەکانی دیموکراسی لیبراڵی، ئەوا لە هەمان کاتدا رێگەمان نادا دەروازەکان تێپەڕێنین و بچینە ژوورەوە، چونکە تاقە فاکتەرێکی ئابوری لە ئارادا نیە کە پێشکەوتنی پیشەسازی ئاراستە بکا بەرەو بەرهەمهێنانی ئازادیی سیاسی.

کاتێ دیرێدا گوتاری کۆتایی مێژو شیتاڵدەکا، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە لە نێوان سێگۆشەی ئەو سێ ئاینە کیتابیەدا فۆکۆیاما نموونەیەك هەڵدەبژێرێ کە نەك هەر نمونەیەکی هیگڵییە لە پێناو رێنیسانسدا، بەڵکو هەمان نمونەیە لە پێناو دیدێکی مەسیحیدا بۆ جیهان "دەوڵەتێك کە لە هاتنی یەزداندا بۆ جیهان بەرجەستە دەبێ" هەروەکو لە فەلسەفەی حەقدا هاتووەو فۆکۆیاماش پشتی پێبەستووە. لێرەوە کۆتایی مێژو لە گەوهەردا عەقیدەیەکی مەسیحییەو لەگەڵ گوتاری پاپا دەربارەی ئوممەتی ئەوروپی یەك دێتەوە کە بڕیارە دەوڵەتێکی مەسیحی مەزن پێکبێنێ –لە ئاماژەیەکدا بۆ ئەوروپای یەکگرتو–، واتە تەنها بەرژەوەندیی ئابوری لە پشتی ئەو هاوپەیمانێتیە ئەوروپییەوە نیە بەڵکو مەرجەعیەتێکی ئاینی پیرۆزیشی هەیە، کە پاپا وەك نوێنەری فاتیکان و، فۆکۆیاماش وەك بیریارێکی لیبراڵیزمی دیموکراسی/ مەسیحی شەرعیەتی ئاینی و ئایدیۆلۆجی پێدەبەخشن. بەڵام ئەم هاوپەیمانیە تەنها دژی دوژمنە دەرەکیەکانی لیبراڵیزمی دیموکراسی/ مەسیحی نیە.. بەڵکو دژی ئەو تارماییانەشە کە خودی ئەوروپا بەرهەمی هێناوە، بۆیە لە مانیفێستدا ئاماژەیەك بۆ جۆرە هاوپەیمانیەك کراوە کە دژی بەرجەستەبوونی تارماییەکان لە ئاراداان و ناوی پاپاش وەك خۆی هاتووە. جگە لەوە فۆکۆیاما جیاوازی لە نێوان مۆدێلی ئەنگلۆ–ساکسۆنی بۆ دەوڵەتی لیبراڵی (هۆبز، لۆك) و لیبراڵیزمی هیگڵیدا دەکا، مۆدێلی دەوڵەتی جیهانی زیاتر پشت ئەستورە بە لۆك و مۆدێلی

ئەنگلۆساکسۆنی کە هیگڵ قبوڵی نەبوو. بەڵام دواجار بۆچونی ئەو سەبارەت بە هارمۆنی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو کۆمەڵەی ئەوروپی لە پێناو دەوڵەتێکی جیهانیدا، واتە دەوڵەتی رێنیسانسێکی گەردوونی، ئەنجامێکی گەوهەری و لۆجیکی دەدا بە دەستەوە کە بریتیە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەسیحی، واتە دامەزراندنی هاوپەیمانیەکی پیرۆز، کە تەنها ئەنگێزەیەکی ئابوری لە پشتەوە نیە وەك ئەوەی زۆرجار ئاماژەی بۆ دەکرێ بەڵکو ئەنگێزەیەکی میتافیزیکیشی لە پشتەوەیە. بۆیە دواجار دیرێدا ئەو (دوا مرۆڤ)ەی کە فۆکۆیاما باسی دەکاو کردویەتیە ناونیشانی کتێبەکەی *The Last Man* بە (مرۆڤێکی مەسیحی) ناودەبا، بەڵام دیسانەوە وەسوەسەیەك ئەو مرۆڤە دەترسێنێ -کە مرۆڤی سەر بە ئاینەکانی تر نیە- بەڵکو تارمایی مرۆڤێکی ئەوروپییە لە جۆرێکی تر کە هاوپەیمانیەکی بان ئاینی دەخوازێ، ناهێڵێ مێژو لە فۆرمە لیبراڵیە مەسیحیەکەیدا کۆتایی بێت، لەوە دڵنیایە ئەو فۆرمە دوا قۆناغی مێژو نیە، بەڵکو قۆناغی پێش دوا قۆناغە کە سەرمایەدارییە و هەڵگری رەگەزەکانی لە ناوچوونی خۆیەتی. بۆیە دیرێدا بەرپای وایە کە کتێبەکەی فۆکۆیاما لە تێزەکانی دوو مامۆستای گەورەی کۆتایی مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە کە یەکێکیان هیگڵ و ئەوی تریان ماركسە، بەڵام دوای بەراورد لە نێوان ئەم دوو مامۆستایەدا مامۆستای یەکەمیان واتە هیگڵ هەڵدەبژێرێ کە بیریاری دەوڵەتی لیبراڵی موتوربەکراو بە ترادیسیونی مەسیحییە[35].

فۆکۆیاما تەنها نیگاری دوا مرۆڤ و دوا مێژو ناکێشێ، بەڵکو وەسوەسەی ئەو تارماییانەش دێنێتەوە ئارا کە هەڕەشە لەو دوا مۆدێلەی مرۆڤ و ئەو دوا مۆدێلەی دەوڵەتی جیهانی دەکەن، چونکە دەوڵەتی لیبراڵی/ جیهانی تا ئەو شوێنە لە گەشەدایە کە خەبات بۆ گەییشتن بە لوتکەیە دوا قۆناغ دەگا.. بەڵام لەگەڵ گەیشتنیدا بە دوا قۆناغ، سەرەتای سەرەتایەکی تر دەستپێدەکاتەوە.. واتە لەگەڵ دەسپێکی هەموو قۆناغێکدا وەسوەسەی سەرەتای قۆناغێکی تر دەستپێدەکا. لێرەوە بایەخی فۆکۆیاما لەوەدا دەردەکەوێ کە باسی ئەو مۆدێلەی دەوڵەتی جیهانی ناکا کە لە قۆناغی بزاوت و جوڵەدایە بەڵکو باسی ئەو قۆناغەی فۆرمی دەوڵەت دەکا کە لە دۆخی وەستاندایە (کۆتایی مێژو).

میوانداریەکی گراوە:

هەموو دۆخێکی وەستاو هەڵگری ئەو رەگەزانەیە کە جوڵە دروست دەکەن و بەدوای بەهای باڵاتر لە بەها وەستاو و جێگیرەکاندا دەگەڕێن. رەنگە ئەو بەها بزۆکانە ئیدیالی بن و قابلی جێبەجێ بوون نەبن، بەڵام ئیدیالی بوونیان بەندە بە بزۆکییانەوە، ئەوکاتەی بەهاکان دەبن بە بەهای واقعی واتە دەبن بە بەهای وەستاو و جێگیر. پێویستە چاوەڕێی هیچ واقعێکی ئالتەرناتیف نەکەین کە موژدەی جێبەجێبوونی بەهاکانمان پێببەخشێ، چونکە -بۆ نموونە- دادپەروەری شتێك نیە بەرقەراربێ بەڵکو شتێکە چاوەڕێ دەکرێ. دیرێدا بە دوای فۆرمێکی دواخراوی دادپەروەریدا دەگەڕێ کە ناوی دەنێ (دادپەروەری بەخشین) و، ئاکارەکانی پشتئەستورن بە پرەنسیپی قبوڵکردنی نەناسیاو بۆ میوانداریەکی رەهای بێ قەیدو مەرج، میوانداریەك دژی هەموو بەرجەستەبوونێکی شوناسی ئاینی و ئەتنی و جوگرافیە، واتە ناپرسێ میوان هەڵگری چ شوناسێکەو، خاوەنی هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی پێشوەخت نیە بۆ حوکمدان بەسەر ئەو میوانە ناوەختەدا کە رەنگە لە هەر ساتەوەختێکدا بێت رووماں تێبکا[36].

قبوڵکردنی نەناسیاو، پێشوازیکردن لەو میوانانەی کە لە دەرگاکانمان دەدەن، تێکشاندنی

کۆتە مەرجدارەکان و، چاوەڕوانی ئەو ئایندەیەی کە شوناسێکی باڵاتر لە شوناسە فەرعیەکان دەبەخشن بە مرۆڤ.. دەچنە خانەی پرۆسەی لەبەریەکهەڵوەشاندنی گوتاری خۆرئاوایی هەنوکەیی، کە لە رواڵەتدا خۆی وەك گوتارێکی هیومانی گەردونی نیشان دەدا، بەڵام لە گەوهەردا گوتارێکی باڵاخوازی ئاینی – خۆرئاواییە نەك یەکسانخوازی. بۆ نمونە کاتێك رێکخراوە خۆرئاواییەکانی مافی مرۆڤ باس لە دۆخی نالەباری مرۆڤ دەکەن لە کیشوەرەکانی تری جیهاندا، ئەوە کار بۆ بەراوردکاری نێوان دوو سیستم دەکەن کە یەکێکیان خۆرئاوایی و ئەوی تریان غەیرە خۆرئاواییە؛ لە یەکێکیاندا مافی مرۆڤ پارێزراوەو لەوی تریاندا پێشێل کراوە. بەڵام لە راستیدا کاتێك ئێمە بە یەکێك دەڵێین تۆ چەوساوەیت و تۆ هەمیشە ئازار دەچێژیت، ئەوە پێش ئەوەی رزگاری بکەین و دەربازی بکەین لەو دۆخە زیاتر بریندارى دەکەین و چەوسانەوە دەکەینە قەدەری شوناسەکەی[37]، "رەنگە باشتر وابێت دەست لەو کاروبارە وەرنەدەین.. جا ئەی رێکخراوی لێبوردنی جیهانی وریابە!"[38].

رەنگە بوترێ ئەوەی کە دیرێدا داوای دەکا کارێکی مەحاڵەو، تەنانەت خۆیشی دان بەوەدا دەنێ کە مەحاڵە. ئەمە بە مانایەك لە ماناکان راستە، چونکە خودی دیرێدا دەربارەی کرانەوە لە پێشوازی فریادرەسدا دەڵێ: "کارێکی ئاسانە، بەڵکو زۆر ئاسانە، ئەوە روونبکەینەوە کە ئەو میواندارێتیە کراوەو بێسنورە کارێکی مەحاڵە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرجی رووداوەکان و مەرجی خودی مێژووە (..)، مەرجی جێبەجێبوونی هەموو روداوێکیش مەرجی ئاستەم بوونیەتی"[39]. بەڵام ئەم دان پێنانەی دیرێدا لە چوارچێوەی بیرۆکەیەکدا هاتووە کە دەڵێ: گەر ئێمە مەحاڵ تاقی نەکەینەوە، ئەوا مرۆڤ دەستبەرداری هەموو خەونێکی دادپەروەری دەبێ و، دەسبەرداری داواکردنی هەموو سیاسەتێك دەبێ کە لەسەر بنەمای ویژدانێکی دروست دامەزراوە.

تابلۆی جیهانێکی بێ تەمەن:

زەمەن لە دەرەوەی جەمسەرەکانی خۆیەتی و، جیهان لە دۆخی بەرخواردن (استهلاك)دایە. کەس نازانێ جیهان لاوە یان پیر، چونکە جیهان بێتەمەنە. دەزگایەکمان نیە بۆ پێوانی تەمەنی مێژو، کە ئایا لە تەمەنی لاوێتیدایە یان لە قەیران و سەرەمەرگدایە؟

دیرێدا لە وەڵامی (تێزی کۆتایی مێژو)دا، باس لە جیهانێك دەکا کە ئێمە لە ناوەوە ناتوانین تەمەنی بپێوین. ئێمە ئەو کەسانەین کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودایین.. نازانین لە چ تەمەنێکی مێژوی مرۆڤایەتیداین، بەڵام لەوە دڵنیاین کە دیاردەکان تا زیاتر بچنە تەمەنەوە زیاتر دەچنە دۆخی بەرخواردنەوە. لێرەدا دیرێدا ئاماژەیەك بۆ پەیڤینی نێوان شاعیرێك و نیگارکێشی یەکێك لە شانۆگەریەکان دەکا "شاعیر: سەردەمانێکی دوورو درێژە ئێوەم نەبینیوە، جیهان لە چ دۆخێکدایە؟.. نیگارکێشەکە: گەورەم جیهان تا زیاتر بە ساڵا بچێ زیاتر دەچێتە دۆخی بەرخواردنەوە"[40].

جیهان لە دۆخێکی خراپدایەو، تابلۆکەش تاریکە، نازانین داخۆ ئەوەی دەبینرێ کامیانە؟! چونکە دەکرێ لەسەر هەموو تابلۆیەکی رەش نیگاری تابلۆیەکی رەشی دیکە بکێشین. بەڵام ئەو تابلۆیانەی کە دەربارەی حیکایەتی کۆتاییەکان دەکێشرێن رەشکردنەوەی رەنگەکانی ترن لە پێناو پیاهەڵدان بە شان و باڵای کەپیتاڵیزمی لیبراڵی، ئابوری، سیاسی و لە پێناو ئەنتەرناسیونالیزمێکی خۆرئاواییدا وەك دوا فۆرمی حکومەتی مرۆڤایەتی کە لە سایەیدا کۆتایی بە کێشەی چینە کۆمەڵایەتیەکان دەهێنرێ. ئەمەش

بە بڕوای دیرێدا بێ نەزاکەتییەکە کە ئەو جۆرە هوشیارییە بەرهەمی دێنێ. هەروەها سەرنجمان بۆ لای وەهمی کۆتایی شەڕ رادەکێشێ کە هاوزەمان لەگەڵ بڕانەوەی شەڕی ساردا باسی لێوە دەکرێ، بەڵام ئەو فۆرمە جیاوازەکانی دیکەی شەڕمان دێنێتەوە یاد، وەك شەڕە ئابوری و نەتەوەییەکان، شەڕی کەمینەکان، هەڵچونی رەگەزپەرستی دژی بیانیەکان، ململانێ ئەتنیەکان، ململانێ کولتوری و ئاینیەکان. چەندین ئامرازی تری دەسەڵاتخوازی لە ئارادان وەك (تەکنیکی راگەیاندنەکان، پاسەوانی گشتگیر لە رێگای مانگە دەستکردەکانەوە، هەڕەشەی ئەتۆمی. هەروەها دیرێدا -وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد- باس لە (دە) برین دەکا کە بە جەستەی سیستمی تازەی جیهانییەوەن و لە بروسکەیەکی (دە) وشەییدا کۆدەبنەوە:

-بێکاری لە دنیای تازەدا کە تا ئاستێکی زۆر پەیوەندیی بە نەریتەکانی بازاڕی ئازادو تەکنیکە مۆدێرنەکان و دەسەڵاتە گەردونیە تازەکانەوە هەیە، پێویستە لەمڕۆوە ناوێکی تازەی لێبنرێ.. چونکە چیتر رێگەچارە کۆنەکان دەستەبەری چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ناکا.

-ئاوارەبوونی بە کۆمەڵی هاوڵاتیان و، بێبەشبوونیان لە پرۆسە دیموکراتیەکان و، دەرکردن و گرتنی کەسانێکی زۆر، دابڕانێکی دەستەجەمعی مرۆڤگەلێك لە سەرانسەری جیهاندا ئەزموونێکی نوێ دێنێتە ئاراوە کە فۆرمێکی نوێ دەبەخشێ بە سنورو شوناسە نەتەوەیی و شارستانیەکان.

-ئەو شەڕە ئابووریە سەختەی کە وڵاتە ئەورووپیەکان لەناو خۆیانداو، لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات لە لایەك و، ئەمریکاو ژاپۆن لە لایەکی ترەوە بەرپایان کردووە.. تەئویلێکی تازەو پراکتیزەکردنێکی دوور لە لۆجیك و یەکسانی بۆ یاسای نێودەوڵەتی دەدۆزێتەوە.

-زۆرجار بازاڕی لیبراڵی بە پێچەوانەی یاساکانی خۆیەوە جوڵە دەکاو، دژی دەسکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی لیبراڵیزمی ئابوریی کاردەکا.. بەتایبەتی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هێزی کاری ئەورووپی کە خاوەنی هەموو زەمانەتێکی کۆمەڵایەتییەو، هێزی کاری غەیرە ئەورووپی کە بە نرخێکی هەرزان کاریان پێدەکرێ و زۆرجار خاوەنی زەمانەتی کۆمەڵایەتیش نین.

-کەڵەکەبوونی قەرزی دەرەکی وڵاتە هەژارەکان و فراوانبونی قەیرانە پەیوەندیدارەکان، کە دەبێتە هۆی برسێتی لە روبەرێکی بەرفراوانی جیهانداو دواتر چەندین گۆڕانکاری جوگرافی لێدەکەوێتەوە کە رەنگە وەك بەرهەمی گوتاری دیموکراسی و مافی مرۆڤ وێنابکرێ.

-پیشەسازی و بازرگانی چەك (بە چەکی تەقلیدی و چەکی زۆر تازەشەوە) گەیشتۆتە ناو سیستمی توێژینەوەی زانستی، ئابوری، کۆمەڵایەتی وڵاتە دیموکراتیەکانی خۆرئاوا.

-بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە باس لە پاراستنی سەروەری خۆیان دەکەن. ئێستا وەك جاران چالاکیەکانی چەکسازی ئەتۆمی کۆنترۆڵ ناکرێ و سانسۆرکردنی کارێکی زەحمەتە.

-بازنەی جەنگە ئەتنیەکان رۆژ بە رۆژ لە فراوانبووندایە. چونکە هەموو رەسەنایەتیەکی نیشتمانی لە یادەوەرییەوە یان لە نیگەرانی میللەتێکەوە دەستپێدەکا کە دەشێ هەمیشە لە گۆڕاندا بێت.

-بڵاوبوونەوەی باندەکانی مافیاو تەکردنیان بۆ ناو هەموو شوێنەکان، کە ئێستا لە خۆرئاوا بە گشتیو، وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات بەتایبەتی بۆتە دیاردەیەك کە نەك هەر هەڕەشە لە سیستمی

کۆمەڵایەتی و ئابوری دەکا، بەڵکو دزەی کردۆتە ناو دەزگا رەسمیەکانی دەوڵەتانیشەوە.

-قەیرانی یاسای نێودەوڵەتی کە لە ژێر دەسەڵاتی چەند زلهێزێکدایەو گرفتاری دەستی کێشەیەکی ریشەییە، پەیوەندیی بە پێوەرەکانی ئەو یاسایەوە هەیە کە لە تەنها مەرجەعیەت و کولتورێکی مێژووییەوە سەرچاوەی گرتووە[41].

بەڵام لەگەڵ ئەم برینانەشدا نابێ کار بە ئاراستەی رەتکردنەوەی دەزگا نێودەوڵەتیەکاندا بکرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ کار بۆ چەسپاندنی یاسایەك بکرێ کە لەسەرو یاسای دەوڵەتەکانەوە بێ. دەکرێ مارکس بکرێتە مەرجەعیەتێکی ئەو پرۆسەیە بۆ رەخنەگرتن لە وەهمی سەربەخۆیی یاسای نێودەوڵەتی کە هەمیشە لە لایەن چەند نێوەندێکی خاوەن هێزی ئابوری، زانستی، تەکنەلۆجی، سەرمایەدارییەوە پێشێل دەکرێ و لە بەرژەوەندیی ئەواندا راڤە دەکرێ. ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بە ئەنتەرناسیۆنالیزمێکی تازە هەیە کە لە هەناوی قەیرانەکانی یاسای نێودەوڵەتیەوە دێتەدەرێ. هەرچی گوتاری مافەکانی مرۆڤیشە تا ئێستا شیاوی پراکتیزە کردن نیەو، زۆر جاریش بە مەبەستی شاردنەوەی هەندێ کێشەی جەوهەری دەهێنرێتە ئاراوە. لە سایەی بازاڕی ئازادو کەڵەکەبوونی قەرزی هەندێ وڵات و ناهاوتایی لە پێشکەوتنی زانستی، تەکنەلۆجی، سەربازی، ئابوریی وڵاتاندا، گوتاری مافەکانی مرۆڤ تەنها لە دروشمەکاندا ئامادەیی هەیە. بۆیە لەبری ئەوەی لە پێشوازی ئایدیالیزمی دیموکراتی لیبراڵیداو، لە بەخێرهاتنی بازاڕی سەرمایەداری و کۆتایی مێژوودا، لە چاوەڕوانی کۆتایی ئایدیۆلۆجیەکان و کۆتایی گوتارە رزگاری خوازە گەورەکاندا شایی بگێڕین.. لەبری ئەوانە دەبێ هەرگیز ئەو بەڵگەنەویستانە پشت گوێ نەخەین کە لەبەرچاوماندان و بە ئاشکراو بێ پەردە دەیانبینین: چەندین پیاو، ئافرەت، منداڵ رۆژانە دەکرێن بە کۆیلەو لەژێر باری برسێتیدان. بۆیە ئێستا سەرلەنوێ وەسوەسەی ئەنتەرناسیۆنالیزمێکی نوێ لە دۆخی دروستبووندایە، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەوەی ساڵی *1848* دەچێ. بەڵام خاوەنی هیچ یاسایەك، هیچ ناوێك، هیچ حیزبێك، هیچ نیشتمانێك، هیچ چینێك نیە. کەسانێکی زۆر لەدەوری ئەم هاوپەیمانێتیە کۆبوونەتەوە بەبێ ئەوەی یەکتر بناسن یان لەژێر سەقفی رێکخراوێکدابن. مەرج نیە تێزەکانی مارکس، بە تایبەتی تێزە تەقلیدیەکانی وەك دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو یەکگرتنی کرێکارانی جیهان، ئەنگێزەکانی پشتەوەی ئەو هاوپەیمانێتیە بن.. بەڵکو زادەی پەرچەکرداری ئەدەبیاتی ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەیە کە درێژبوونەوەیەکی مێژویی هەیە، نەك یاسایی[42].

برینی مێژو:

لەگەڵ هەموو شۆکێکدا مرۆڤ غروری خۆی بریندار دەکا. مێژوی مرۆڤایەتی مێژوی زنجیرە شۆك و برینێکە لە جەستەی نەرجسیەتی ئینساندا، یان هەروەکو فرۆید دەڵێ زنجیرە راچەنینێکە لە دیدی سێنترالی مرۆڤدا بەرامبەر دەرون و بایۆلۆجیاو گەردون[43]. بەڵام دیرێدا باس لە گەورەترین شۆك دەکا کە هەر ئەو سێ شۆکە پێکەوە گرێ دەدا، ئەویش شۆکی مارکسە لە مێژودا، مارکس تەنها لە قۆناغێکی مێژویی دیاریکراودا نەرجسیەتی مرۆڤ بریندار ناکا، بەڵکو وێنەی فریادرەسەکانیش کە موژدەی دنیایەکی ئایدیالی خۆشتریان پێیە، وێنەی ئەوانیش بریندار دەکاو وێنەی فریادڕەسێکی تازەمان نیشان دەدا کە تەواو جیاوازە. "سەدەی مارکسیزم سەدەی داماڵینی سەنترالیزمی تەکنیکی و زانستی و فیعلیە لەسەر زەوی و لە جوگرافیای سیاسیدا"[44]، سەدەی بریندارکردنی "خودی وێنای نەرجسیەتە کە

تیایدا بۆچوونە دژەکان بابەتی دیاری شیتالکارییە.. ئێمە ئەمە دەڵێین بۆ ئەوەی بە خێرایی بڕۆیین و کەمتر لەسەر سەرچاوەکان بوەستین. بەمجۆرە، ئەم شۆکە کۆتاییەك بۆ ئەو رەتکردنەوەیە دەدۆزێتەوە کە لە لایەن بزاوتێکەوە رووبەڕووی دەبێتەوە، بزاوتێك تێدەکۆشێ خامۆشی بکا.."[45]. بەڵام دیرێدا ئاماژەش بۆ ئەوە دەکا کە ئێستا کۆمەڵگا سەرمایەدارەکان دەتوانن هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژن و بەخۆیان بڵێن: هاوزەمان لەگەڵ داڕمانی ئاراستە سەراپاگیرەکانی سەدەی بیستەمدا، کۆمۆنیزم کۆتایی هات. بەڵکو لەوەش زیاتر دەڵێن نەك هەر کۆتایی پێهات بەڵکو لە بنەڕەتدا بوونی نەبوو، ئەوەی هەبوو لە تارماییەك زیاتر هیچی تر نەبوو. واتە ئەو کۆمەڵگانە باس لە مەرگی مارکسیزمێکی بەرجەستە دەکەن بەڵام ناتوانن نکوڵی لەوە بکەن "کە تارمایی هەرگیز نامرێ و، بەردەوام لە مانەوەو گەڕانەوەدایە"[46]، چونکە تارمایی ئەوە نیە کە هەیە بەڵکو ئەوەیە کە بە زەینماندا ختورە دەکاو، وا دادەنێین کە لە دەرەوە بوونی هەیەو، هەمیشە چاودێریمان دەکا. ئێمە تارماییەکان نابینین بەڵام ئەوان هەمیشە دەمانبینن و ناتوانین لە دەستیان هەڵبێین. واتە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی تارمایی لە دەرەوەڕا وێنا دەکرێ لە ناوەشەوە لەناو زەینی مرۆڤەکانیشدا وێنا دەکرێ. بۆیە لە لاپەڕەی یەکەمی مانیفێستدا سێ جار وشەی تارمایی دووبارە بۆتەوە، ئەو تارماییەی سەرەتا مارکس دروستی دەکاو، دواتر لە لایەن سەرمایەداریەوە سەرلەنوێ وەك کەسێك بەرهەم دێتەوە[47].

مانیفێست لە یەك کاتدا دوژمنەکان و داڕێژەرەکانی خۆیشی ترساند. چونکە خودی ئۆنتۆلۆژیای مارکسیزم لە ململانێدایە لەگەڵ تاریماییەکاندا. بەناوی ئامادەییەکی زیندو و چالاکیەکی ماتریالییەوە هەمیشە دژی دۆخی تارماییبوون بوو، لە حاڵەتێکی واشدا تارماییەکان تەنها دژی سەرمایەدارەکان نەبوون بەڵکو دژی مارکسیەکانیش بوون. واتە مارکس و هیگڵ هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەیانویست تارماییەك بۆ تۆقاندنی ئەورووپای پیر دروست بکەن، تارماییان لە ناخی خۆشیاندا دروست کرد، واتە لە کەسێك دەترسان کە لە ناخی هەردوکیاندا بوو. هەر لێرەوە بە بڕوای هەندێك نەدەبوو بەو ئاراستەیەدا کاربکەن، بەڵام ئەوە رویدا کە بینیمان: بۆ نمونە نازیزم و فاشیزم وەك دوو سیستمی تۆتالیتار سەرەڕای ئەوەی دژی دوژمنەکانی کۆمۆنیست بوون، دژی خودی کۆمۆنیستیش بوون، جارێك لەملاو جارێك لەولا بوون بۆ شەڕکردن دژی ئەو تارماییانە.

مرۆڤ خۆی مێژوی خۆی دروست دەکا، بەڵام لە رێگای بزاوتی خۆیەوە ئەو کردەیە ئەنجام نادا، واتە لە چوارچێوەی ئەو مەرجانەدا کار ناکا کە خۆی هەڵیدەبژێرێ، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو مەرجانەی کە ئامادەن و هەن. مرۆڤ هەمیشە لە دۆخێکدا ئیش دەکا کە بە میرات بۆی بەجێماوە، نەك دۆخێك کە هەڵیبژاردووە. لێرەوە ترادیسیۆن و نەریتەکانی نەوە مردووەکان بارێکی قورسی ناو دەماغی زیندووەکانن[48]. ئێستا مارکس کە مردووە داخۆ دەیەوێ چی بڵێ؟ واتە داخۆ دەیەوی وەك مردوویەك قسە بکاو ئێمەی زیندوش گوێڕایەڵی بین؟ یان دەبێ ئێمەی زیندو سەرلەنوێ وێنەی تازە بۆ ئەو بەرهەم بێنینەوە، کاراکتەر بین نەك کارلێکراو، لەبری ئەوەی ملکەچی میرات بین واتە ملکەچی حوکمەکانی رابردوو بین.. دەبێ ملکەچی هەڵبژاردنەکانی ئێستا بین.

سیماکانی تارمایی:

رەنگە زۆر کەس تەماشای تێزەکانی مارکس لە "ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی"ەوە تا "سەرمایە" بکا وەك

چەند تێزێکی یەکانگیر، نەك وەك چەند تێزێکی فیکری جیاواز، یان تێزێك كە هەڵگری دژبوونە لەناو خودی خۆیدا. بەڵام لە راستیدا مارکس لە لایەکەوە سوورە لەسەر ڕێزگرتنی ڕەسانەیەتی و چالاکی تایبەتی ئیدیالێکی سەربەخۆ، کە تەنها لە فەنتازیادا دەرناکەوێ بەڵکو ڕەنگە لە شێوەی جەستەیەکی تەکنیکی و دروستکراویشدا خۆی نمایش بکا، لەگەڵ ستراکتوری دۆخە تازەکانیشدا خۆی بگونجێنێ. کەچی لە لایەکی ترەوە دەیەوێ ڕەخنەکانی خۆی سەبارەت بە وێنەی تارمایی لەسەر بنەمایەکی ئۆنتۆلۆژی دابمەزرێنێ[49]. ئەگەر بە وردی لەسەر چەمکی (تارمایی) بوەستین دەبینین ڕەخنەگرتن لەو چەمکە ڕەخنەگرتنە لە کارەکتەرێکی زاتی و ئەبستراکت کە تەنها ئامادەیی لەزەیندا هەیە نەك لە واقعدا، بەڵام لە راستیدا مارکس ئەم جۆرە کارەکتەرە شەفافەی ناوێ، بەڵکو کارەکتەرێکی مەبەستە کە بە هەموو قورسایی خۆیەوە تارمایی وەهمەکان راوبنێ.. واتە مارکس خۆی بە دەستی خۆی دژ بوونێکی دروست کردووە سەبارەت بە وێنەی تارمایی فریادرەس/ تارمایی دوژمن، تارمایی تاکێکی خاوەن ئیرادەو تارمایی فاکتەرە دەرەکی و بابەتیەکان، تارماییەك بەرهەمی خەیاڵدانی خودەو تارماییەك بەرهەمی ئەو ترسانەیە کە کۆمەڵ لە دەرەوە پێمان دەبەخشن.. واتە "تارماییەك لەناو سەر -زەین- و دەرەوەی سەریشدایە، مارکس خۆی ئەمەی دەزانی، بەڵام وا دەردەکەوت کە نایەوێ ئاگاداری ئەم خاڵە بێت"[50]. هەر ئەم دژبوونەش بوو کە شتێرنەر لە مارکسدا ئاشکرای کردوو، لە بەرامبەریشدا -هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا- مارکسی زۆر نیگەران کرد.

دەکرێ گریمانەیەك پێشکەش بکەین سەبارەت بە تارمایی - لۆجیا لای مارکس، چونکە چەند هەسارەیەکی گرفتئامێز هەن کە کەنارێکی ئارام شك نابەن بەڵام لەژێر چەند ناوێکی تایبەتی وەك مارکس، فرۆید، هایدگەر-دا دەبریسکێنەوە. بەڵام هایدگەر نەیدەویست فرۆید و مارکس بناسێ، ئەوەش ڕێکەوت نەبوو، چونکە مارکس هێشتا پێشوازی نەکراوەو، هێشتا ئاوارەیەکی کۆچکردووە کە لە یەك کاتدا نهێنی و ئاشکرا، پیرۆزکراو و نەفرەت لێکراویشە. ئەو لە زەمەنێکدا هاتووە کە زەمەنی خۆی نیە، ئەو لە دەرەوەی جەمسەرەکانی خۆیەوە هاتۆتە ناو مێژو. ئەگەر مارکس وەك فرۆیدو هایدگەر و کەسانێکی زۆر لە شوێنێکەوە دەستیان پێکردبێ کە نەدەکرا بکرێتە دەسپێك.. ئەوا هەڵەکە هەڵەی ئەوان نیە بەڵکو هەڵەی ئەوانەیە کە دەبنە میراتگریان. "بۆیە وریابوون پێویستە، بە تایبەتی باجێکی زۆر خراوەتە سەر شانی مرۆڤایەتی کە دەبێ بیدا (..) باجی بڕوابوون بەوەی کە دەکرێ لەگەڵ گەوهەری گشتی مرۆڤدا کۆتایی بە مێژو بهێنین، بە بیانوی ئەوەی ئەو گەوهەرە شتێك نیە جگە لە تارمایی (..) یان وەکو ساویلکەو دۆگماییەکان بێ دوودڵی بڕوای تەواو بەو تارماییە بێنین.. بەهەر حاڵ هەمیشە لە نێوان بڕواکاندا دەرگاکان بەرتەسکن"[51].

سێ چرکە:

چرکەی یەکەم: مارکس تارمایی کۆمۆنیزمی دروستکرد، هاوکات لەگەڵ بەرجەستەبوونی ئەو تارماییە لە واقعدا، ئیدی شتێك نەما ناوی تارمایی کۆمۆنیزم بێت.. چونکە تارمایی سروشتێکی سەدیمی و گەوهەرێکی نەخەملێوی هەیە، هەموو بەرجەستە بوونێکیش واتە مەرگ.

چرکەی دووەم: فۆکۆیاما لیبراڵیزمی خۆرئاوایی لە دۆخێکی نەخەملێوەوە، کە لە دەرەوەی تەمەنی مێژوو بوو، گواستەوە بۆ دۆخێکی بەرجەستە.. چونکە ئەو سەرلەنوێ تەمەنی کردەوە بە بەری مێژودا. واتە لە دایکبوونی دوامۆدێلی لیبراڵیزمی

خۆرئـاوایی وەك مـەرگی زەمـەن (کۆتـایی مێـژو) وێناکرد.

چرکەی سێیەم: دیرێدا مارکسی لـە دۆخێکـی بەرجەستەوە گەڕاندەوە بۆ دۆخی تارمایی. ئیدی مارکسێك نـەما قسەمان بۆ بکاو ئاراستەمان بکا.. بەڵکو دەکرێ مارکسێك هەبێت بەزەیندا ختورە بکاو، هەر جارەی بە شێوەیەك خۆی نمایش بکا.

پەراوێزەکان:

1-فەلسـەفەی شـیتاڵگەری لەسـەر بنـەمای لـە بەریەکهەڵوەشانەوەی هەموو ئەو چەمکانە دامەزراوە کە سەنترالیزمی ئەقڵ بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی بەرهەمی هێناوە. ئەرکی شـیتاڵگەری بریتیـە لـە گواسـتنەوەی چەمکە ئەقڵانییە پێکەوە گونجاوەکان بۆ ئەو ئاسـتە رەسەنانەی بـوون کـە هـەموو شـتەکان لـە دۆخێکـی نەخەملیودان. بڕوانە: ندیم نجدي، بیان الأطیاف.. أما وقد مـات مـارکس دیریدا مازال حیاً. (ط 1؛ بیروت: دار الفارابي، 1999)، ص 201- 203.

2-هـ. س. پ، ل 31.

3-هـ. س. پ، ل 31.

4-ناونیشانی ئەم کتێبە بەم جۆرەیە:

جاك دیریدا، أطیاف مارکس. ت: د. منذر عیاشـي. (ط 1؛ حلب: مرکز الانماء الحضاري، 1995).

5-لەمبارەیەوە بڕوانە: جان فرانسـوا لیوتـار، الوضـع ما بعـد الحداثـي. ت: أحمـد حسـان. (ط 1؛ القـاهرة: دار الشرقیات، 1994)، ص 23-26.

6-دەربارەی ئەم دوو دەقە بڕوانە: ندیم نجدی، بیان الأطیاف، ص36-37.

7-أطیاف مارکس. مقدمة: منذر عیاشی، ص 5.

8-هـ. س. پ، ل 8.

9-جاك دیرێدا، سەرچاوەی پێشو، ل 19-20.

10-هـ. س. پ، ل 20.

11-هـ. س. پ، ل 23.

12-هـ. س. پ، ل 26.

13-بڕوانە: ندیم نجدی، بیان الأطیاف، ص 101-102.

14-بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل 109.

15-دیرێدا دەڵێ: "ئاهـ.. مارکس عاشـقی شکسـپیر بـوو، ئەمە ئاشکرایەو (کریس هانی)ش هـەمان سۆزی هـەبوو (..) مانیفێستیش هەرلە سەرەتاوە تارماییەکی بێدەنگ ئامادە دەکاو هەرلە دەسـپێکەوە دەیهێنێتـە ئاراوە..". بڕوانە: أطیاف مارکس، ص 36-36.

16-لەمبارەیەوە بڕوانە: بیان الأطیاف، ص 109.

17-دەربارەی ئـەو سـێ رەگـەزە پێکهێنـەرە بڕوانـە: دیرێدا، تارماییەکانی مارکس، ل 28-35.

18-هـ. س. پ، ل 41.

19-هـ. س. پ، ل 43.

20-دیرێدا بە درێژی سەبارەت بە پەشێوی سەردەمەکان قسە دەکاو ئاماژە بۆ هاملێت -ی شکسپیر دەکا کە لە پەرچەکرداری دەرکەوتنی تارمـایی بـاوکیدا دەکەوێتـە قسە، دەرکەوتنێك کە لە زەمەنی خۆیدا نیە "..ئای چ فێڵێکی نەفرینە من لـە دایکبووم تـا ئاراستەی (زەمـەن) راستبکەمەوە.."، لەمبارەیەوە بڕوانە: پـەراوێزی ل 231: کیـت سـوبر، الماركسـیة و التفکیکیـة، ت: سـعدي عبداللطیف. النهج، شتاء 1996.

21-هـ .س. پ، ل 231.

22-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: س. پ، ل 232.

23-دیرێدا جیـاوازی لـە نێوان دوو زەمـەنی دەرکـەوتنی مارکسدا دەکـا، زەمـەنی یەکـەمیان ناودەنـێ زەمـەنێکی واقعی کە تیایدا مارکسیزم لە دۆخـی پراکتیزەکردندایـە.. دووەمیان ناودەنـێ زەمەنێکی دواخراو کە مارکسیزم تەنها لە زەیندا ئامادەیی هەیە نەك لە دنیـای واقعدا. "ئـەوەی کە ئێستا دژی ئەوە: نائامـادەیی و، نـەبوونی چالاکی و، نەبوونی پەیوەندیی ئـەوە بە زەمـەنی ئێستاوە.." واتـە رۆڵی نێگەتیڤی ئەو پەیوەندیی بە زەمـەنەوە هەیە نەك بە خودی خۆیەوە. بڕوانە: أطیاف مارکس، ص 84.

24-الماركسیة و التفکیکیة..، ص 232-233.

25–س. پ، ل 233.

26–جاك دريدا، أطياف ماركس، ص 105.

27–هـ. س. پ، ل 105.

28–هـ. س. پ، ل 111.

29–بڕوانە هـ. س. پ، ل 113.

30–س. پ، ل 115–116.

31–س. پ، ل 117.

32–س. پ، ل 119.

33–س. پ، ل 104.

34–س. پ، ل 119–120.

35–لەمبارەیەوە بڕوانە لاپەڕەکانی 120 تا 130، هەمان سەرچاوەی پێشو.

36–لەمبارەیەوە بڕوانە: كيت سوبر، الماركسية و التفكيكية. النهج، ص 234.

37–زۆرجار لە دنیای ئێمەدا بەم میکانیزمە بەراورد لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، موسڵمان و مەسیحی، کورد و غەیرە کورد.. هتد، دەکرێ. واتە لەبری ئەوەی بەراورد لە نێوان دۆخە جیاوازەکاندا بکەین، کەچی بەراورد لە نێوان شوناسە جیاوازەکاندا دەکەین وەك ئەوەی دۆخەکان خەسڵەتی ئەزەلی و ئەبەدی شوناسەکان بن. بۆ نمونە زۆرن ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە لەبەر ئەوەی خەڵکی خۆرهەڵاتین و موسڵمانین ئیتر ئەوە قەدەرمانە تا هەتایە یەکتر بکوژین. ئەو کەسانەی کەبەم نەغمە ترسناکە قسە دەکەن دەیانەوێ پێمان بڵێن کە شەڕو کوشتار لە لایەك و ئاشتی و پێکەوە ژیان لە لایەکی ترەوە دوو هەڵبژاردن نین بەڵکو دوو قەدەرن پەیوەندییان بە شوێنی جوگرافی و رەنگی پێست و رەگەزو ئاینەوە هەیە، لێرەوە بە بڕوای ئەو جۆرە کەسانە تەنها دوو هەڵبژاردنمان لە بەردەمدایە: یان دەبێ هەموو خەونەکانمان بە سبەینێیەکی شادترەوە بکوژین، یان دەبێ نکوڵی لە شوناسەکانی خۆمان بکەین و، لە خۆرهەڵاتیەوە ببین بە خۆرئاوایی، لە موسڵمانەوە ببین بە مەسیحی، لە گەنم رەنگەوە ببین بە سوورو سپی تاکو لە رەگەزی ئەو مرۆڤە باڵایە نزیك ببینەوە کە ناوی خۆرئاواییە. بە کورتی بە هەمان ئەو ئەندازەیەی ئەو گوتارە خۆرئاواییەی –کە دیرێدا شیتاڵی دەکاو رەخنەی لێدەگرێ– ئێمەی خۆرهەڵاتی بە پرۆژەیەکی بەردەوامی شەڕو ناشرینی دەبینی. دارێژەرانی ئەو گوتارەی لەمەڕ خۆشمان خۆرئاوا بە پرۆژەیەکی بەردەوامی ئاشتی و جوانی دەبینن. واتە ئەو گوتارەی دنیای خۆمان تەرجەمە کردنێکی سەقەتی رووە ناشرینەکەی کولتوری خۆرئاوایە، نەك رووە هیومانیستەکەی.

38–هـ. س. پ، ل 236.

لێرەدا دیرێدا مەبەستی ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو رەخنانەی لە خۆرئاواوە ئاراستەی خۆرهەڵات دەکرێن سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ بە مەبەستی تۆخکردنەوەی شوناسی هیومانیستی خۆرئاوایی بەکاردێن، نەك بە مەبەستی یارمەتیدانی گەلانی خۆرهەڵات و چاککردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکانیاندا. هەر دوور مەڕۆ تا ئێستا سەدان راپۆرت سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا بەرزکراوەتەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و، لە هەموو بۆنەیەکدا لە کەناڵەکانی میدیاوە باس لە درندەیی سەدام حسین و رژێمەکەی دەکرێ.. تا ئەو ئەندازەیەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە عیراقدا بۆتە دۆخێکی جێگیرو، خەریکە ناشرینی و درندەیی لە عیراقدا دەبێتە شوناسێك کە مەحاڵە کەس بتوانێ لێی هەڵبێ، چونکە شوناسێکە تەنها لە ناوەوە بەرهەم نایەت.. بەڵکو لە دەریشەوە هەمیشە لە لایەن ئەو گوتارە خۆرئاواییەوە بەرهەم دێتەوە. واتە ئەو گوتارە هێندەی مەبەستێتی وێنەیەکی جوانی خۆی لە رێگەی وێنەیەکی ناشرینی بەرامبەرەوە دروست بکا، هێندە مەبەستی نیە وێنە ناشرینەکەی بەرامبەر جوان بکا.. چونکە ناشرینی بەرامبەر مەرجی پێویستی جوانی ئەوە. بۆیە دیرێدا جەخت دەکا لەسەر ئەوەی کە پێویستە چیتر بەو میکانیزمە پراگماتیە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا نەکرێ.

39–کیت سوبر، المارکسیة و التفکیکیة..، ص 236.

4– جاك دیرێدا، سەرچاوەی پێشو، ل 150.

41–دەربارەی ئەم دیاردانەی کە دیرێدا بە (دە) برینی جەستەی سیستمی نێودەوڵەتی تازە ناوی دەبا بڕوانە: س. پ، ل 156–162.

42–بڕوانە: س. پ، ل 162–165.

43–لێرەدا دیرێدا ئاماژە بۆ شۆکی سایکۆلۆجی، شۆکی بایۆلۆجی، شۆکی گەردونی دەکا، کە بە بڕوای فرۆید لە سێ قۆناغی جیاوازدا غرورو سینترالیزمی مرۆڤیان بریندار کردووە. بڕوانە: س. پ، ل 187–188.

44–ھ. س. پ، ل 189.

45–ھ. س. پ، ل 189.

46–ھ. س. پ، ل 191.

47–بڕوانە: س. پ، ل 191–194.

48–بڕوانە: س. پ، ل 208.

49–بڕوانە: س. پ، ل 312–313.

50–ھ. س. پ، ل 316.

51–ھ. س. پ، ل 323.

کاری نامۆبوو[1]

■ کارل مارکس

● و. لەفارسییەوە: ڕێبین هەردی

ئێمە لە پێشگریمانەکانی ئابوری سیاسییەوە دەستمان پێکرد و زمان و یاساکانیمان قبوڵکرد. موڵکیەتی تایبەتی، هەڵوەشاندنی (تفکیک) کار، سەرمایەو زەمین، هەڵوەشاندنەوەی کرێ، سودی سەرمایەو بەکرێدانی بەهای زەوی و هەروەها دابەشکردنی کار، ململانێ و چەمکی نرخی ئاڵوگۆڕ و ئەوانی دیمان بە پێشگریمانەی خۆمان دانا. بەپێی بنەماکانی ئابوری سیاسی و بە وشەکانی ئەو، دەرمانخست کە کرێکار تا سنوری کاڵایەك و لە راستیدا دزێوترین جۆری کاڵا دادەبەزێ، دەرمانخست کە بێچاری و بەدبەختی کرێکار لەگەڵ دەسەڵات و مەزنی ئەو کاڵایانەی بەرهەمی دێنێ، پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە. دەرمانخست کە دەرئەنجامی ناچاری ململانێ، کەڵەکە بوونی سەرمایەیە لە دەست کۆمەڵێکی دیاریکراو و لێرەوە پەیدابوونی مۆنۆپۆلکردن بە درندانەترین شێوە مومکینە، دواجار دەرمانخست کە جیاوازی سەرمایەداران و بە کرێدەرانی زەوی وەك جیاوازی کرێکارانی وەرزێڕی و کرێکارانی پیشەسازی لەناو دەچێ و سەرجەم کۆمەڵگا دابەش دەبێت بۆ دوو چینی خاوەن موڵك و کرێکارانی بێ موڵك.

ئابوری سیاسی کاری خۆی لە واقعیەتی کۆنکرێتی موڵکایەتی تایبەتیەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەو واقعیەتە روون ناکاتەوە. ئابوری سیاسی رەوتی **مادیەتێك** کە موڵکیەتی تایبەتی دەیبڕێ، لە فۆرمولگەلێکی هەمەکی و تەجریدیدا کە دواتر بە شکڵی **یاسا** پێشکەش دەکرێ، ئاشکرا دەکات. ئابوری سیاسی ئەم یاسایانە لە ئێمە **ناگەیەنێت**: واتە دەریناخات کە ئەم یاسایانە چۆن لە خودی موڵکیەتی تایبەتیەوە دروست بوون. ئابوری سیاسی هیچ رونکردنەوەیەك لە بارەی سەرچاوەی دابەشبونی کارو سەرمایەو زەوی، نادات بە دەستەوە. بۆ نمونە کاتێك کە پەیوەندی کرێ بە قازانجەوە پێناسە دەکات، بەرژەوەندی سەرمایەدار بە هۆی ئامانجی

(عله غائیه) دەزانێ، واتە ئەو شتەی کە بڕیارە رونی بکاتەوە، بە شتێکی بەڵگەنەویست دەزانێ. هەر بەم شێوەیە ململانێ (لە بەڵگاندنەکانیدا "استدلال") بە فراوانی بەکار دەبرێت و بەپێی هەلومەرجی دەرەکی روندەکرێتەوە. ئابوری سیاسی لەو بارەیەوە کە ئەم هەلومەرجە دەرەکی و بە روکەش لاوەکیانە تا چ ئەندازەیەك دەرکەوتی رەوتی ناچاری پەرەسەندنە، هیچ بە ئێمە نالێت. ئێمە بینیمان کە چۆن ئاڵوگۆڕ لە روانگەی ئابوری سیاسیەوە وەك واقعیەتێکی لاوەکی دەردەکەوێت. تەنها هێزێکی بزوێنەر کە ئابوری سیاسی پشتی پێدەبەستێ **تەماع و چاوچنۆکی** و شەڕی نێوان **چاوچنۆکان** واتە ململانێیە. بە وردی لەبەر ئەوەی کە (ئابوری سیاسی شێوەی پەیوەندی ئەم جوڵەیە دەرك ناکات). دەتوانێ بۆ نموونە شێوازی ململانێ لە بەرامبەر شێوازی مۆنۆپۆلکردندا، شێوازی ئازادی خاوەنانی پیشە لە بەرامبەر شێوازی پۆلێنەکان، شێوازی دابەشکردنی موڵکیەتی زەوی لە بەرامبەر شێوازی موڵکە گەورەکاندا، دابنێ. چونکە ململانێ، ئازادی خاوەن پیشەکان و دابەشکردنی موڵکیەتی زەوی بە دەرئەنجامی ناچاری و سروشتی، سیستمی پۆلێن و موڵکیەتی دەرەبەگایەتی نازانێ، بەڵکو وەك دەرئەنجامە لاوەکی و لە پێشەوە بیرلێکراوەو توندەکانی ئەو حاڵەتانە، رونیان دەکاتەوە.

کەوابوو هەنوکە دەبێ پەیوەندی زەروری نێوان موڵکیەتی تایبەتی، چاوچنۆکی و تەماع و هەڵوەشاندنەوەی کار، سەرمایەو موڵکیەتی زەوی، ئاڵوگۆڕو ململانێ، بەهادانان یان سوکایەتیپێکردنی مرۆڤ، مۆنۆپۆلکردن و ململانێ و ئەوانی دیو بە دەربڕینێکی دی پەیوەندی سەرجەم ئەم سیستەمە لەخۆ نامۆکەرو سیستمە پارەییە، تاوتوێ بکەین.

نیازمان نیە باسەکەمان وەك (شێوزای باوی) ئابوریزانانی سیاسی لە تاوتوێکردنی هەلومەرجی سەرەتایی خەیاڵیەوە، دەست پێبکەین. هەلومەرجێکی وا سەرەتایی هیچ شتێك روون ناکاتەوە و تەنها مەسەلەکە بۆ خاڵێکی دوردەست و نەزانراو، دەگەڕێنێتەوە. ئەم هەلومەرجە ئەوەی کە بڕیارە ئابوریزان هەڵیهێنجێن واتە پەیوەندی ناچاری نێوان دوو شت، بۆ نمونە نێوان دابەشکردنی کارو ئاڵوگۆڕ، بە واقعێکی بەڵگەنەویست و روداو دەژمێرێ. هەر بەم شێوەیەش یەزداناسی رەگ و ریشەی خراپە بە هاتنە خوارەوەی ئادەم روندەکاتەوە، واتە ئەوەی کە دەبێ روون بکرێتەوە لە شکڵێکی مێژوییدا وەك واقعیەتێکی بەڵگەنەویست، پیشان دەدات.

(بەڵام) ئێمە لە واقعیەتی ئابوری هاوچەرخەوە دەست پێدەکەین. هەرچەند کرێکار سامانێکی زۆرتر بەرهەم بهێنێو بەرهەمەکانی لە روی دەسەڵات و هەندەوە زیاتر بێت، کرێکار فەقیرتر دەبێت. هەرچەند کرێکار کاڵای زیاتر دروست بکات، خۆی زیاتر دەبێ بە کاڵایەکی هەرزانتر. زیادبوونی نرخی جیهانی شتەکان پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە دابەزینی نرخی جیهانی مرۆڤەکانەوە هەیە. کرێکار تەنها کاڵا بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو خۆی و کرێکاریش وەك کاڵایەك بەرهەم دێنێ، ئەمەش بە هەمان ئەو رێژەیەی کە بە شێوەیەکی گشتی کاڵا بەرهەم دێنێ.

ئەو راستیەی سەرەوە بە مانای ئەوەیە شت کە کار بەرهەمی دێنێ واتە بەرهەمی کار، لە بەرامبەر کاردا وەك **شتێکی نامۆو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ**، سەر بەرز دەکاتەوە. بەرهەمی کار، کارێکە کە لە شتێکدا بەرجەستە بووە، واتە بووە بە مادەیەك. ئەم بەرهەمە **بەرجەستە بوونی** کارە[2]. بە واقعیبوونی (*realozation*) کار، بەرجەستەبونی کارە. بە واقعیبوونی کار لە بواری ئابوری سیاسیدا بۆ کرێکاران لە شێوەی **لە دەستدانی واقعیەت**[3]، بەرجەستەبوون لە شێوەی لە دەستدانی شت و

کۆیلەیەتی لە بەرامبەریدا، مولکداری (بەرهەم) بە شێوەی **جیابوونەوە** یان نامۆ بوون (لە بەرهەم)، دەردەکەوێت[4].

بە واقعیبوونی کار وەك لە دەستدانی واقعیەت تا ئەو سنورەیە کە کرێکار واقعیەتی خۆی تا سنوری مردن لە برسانا، لەدەست دەدات. بەرجەستەبوون وەك لە دەستدانی شت تا ئەو سنورەیە کە لە کرێکار شتگەلێك دەرفێنرێ کە نەك هەر بۆ ژیانی بەلکو بۆ کارەکەی پێویستە. لە راستیدا خودی کار دەبێ بەشتێك کە کرێکار تەنها بە هەولێکی بێوچان و بە راوەستانی نارێك و پێك دەتوانێ بە دەستی بهێنێ. مولکداری شت بە شێوەی نامۆبوون لێی تا ئەو سنوورەیە کە کرێکار هەرچەند زیاتر شتەکان بەرهەم بهێنێ، کەمتر دەبێتە خاوەنی و زیاتر دەچێتە ژێر رکێفی بەرهەمەکەی خۆی، واتە سەرمایەوە.

سەرجەم ئەم دەرئەنجامانە لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرن کە پەیوەندیی کرێکار بە **بەرهەمی کارەکەی خۆیەوە**، پەیوەندیە **بە شتێکی نامۆوە**. بە پێی ئەم پێشگریمانەیە گومانی تیا نیە کە هەرچی کرێکار زیاتر خۆی بەکار دەبەخشێ، جیهانی نامۆی شتەکانی کە دروستی دەکات بەسەرخۆی و دژی خۆی بەهێزتر دەبێ و ژیانی دەرونی بەتاڵ دەبێ و شتگەلێکی کەمتر دەبێ بە مولکی ئەو. هەر ئەم شتانەش لە دیندا روودەدات. هەرچی مرۆڤ خۆی زیاتر بەخودا دەبەخشێ، کەمتر گوێ بەخۆی دەدات. کرێکار ژیانی خۆی تەرخان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی شتێك بەلام ژیانی چیدی نەبەستراوە بە خۆیەوە، بەلکو بەستراوە بەو شتەوە (کە بەرهەمی دێنێ). لێرەوە هەرچی ئەم چالاکیە فراوانتر بێت کرێکاران شتگەلێکی کەمتر بەدەست دێنن. بەرهەمی کاری ئەو هەرچی بێت، ئەو چیدی خۆی نیەو لە ئەنجامدا هەرچی ئەم بەرهەمە زیاتر بێت، ئەو کەمتر خۆی دەبێت. **نامۆبوونی** کرێکار لەو بەرهەمانەی بەرهەمی دێنێ، نەك هەر بە مانای ئەوەیە کە کارەکەی دەبێ بە شتێك و بە بوونێکی **دەرەکی** بەلکو بەو مانایەشە کە کارەکەی لە **دەرەوەی** ئەوە، سەربەخۆ لەو و وەك شتێکی نامۆ لەگەلیدا هەیەو دەسەلاتێکە کە لە بەرامبەریدا رادەوەستێ. شتەکان بەو ژیانەی کرێکار پێیاندەبەخشێ، وەك شتێکی نامۆ لە بەرامبەریدا رادەوەستێ.

ئێستا وردتر تەماشای چەمکی بەرجەستەبوون و ئەو بەرهەمەی کرێکار بەرهەمی دێنێ و تیایدا تەماشای **نامۆبوون** و **لە دەستدانی شت** واتە بەرهەمەکەی، دەکەین.

کرێکار ناتوانێ شتێك بێ **سروشت**، بێ **جیهانی هەستپێکراوی دەرەکی**[5] دروست بکات. ئەوە مادەیەکە کار لەسەر بناغەی دەبێ بە واقعی و شتێکی فیعلی و لە مادەو بەهۆی مادەوەیە شتەکان بەرهەم دێنێ.

سروشت وەك چۆن **ئامێرەکانی ژیان** *Means of life* بۆ کار دەستەبەر دەکات (بە مانای ئەوەی کە کار بێ ئەو شتانەی کە کاریان لەسەر دەکات، ناتوانێ ژیانی هەبێت) بە مانایەکی سنوردارتر **ئامێرەکانی** ژیانیش دەستەبەر دەکات.. واتە ئامێرگەلێك کە بۆ زامنکردنی ژیانی مادی خودی کرێکار، پێویستە.

لێرەوە هەرچی کرێکار لە جیهانی دەرەکی و لە ئەنجامدا سروشتی هەستپێکراو، بەکاری خۆی دەکات بە مولکی خۆی، خۆی بە شێوەیەکی دوچەندان لە ئامێرەکانی ژیان مەحروم دەکات، یەکەم: لەبەر ئەوەی جیهانی هەست پێکراوی دەرەکی چیدی نابێتە شتێکی بەستراو بەکاری ئەوەوە یان بە دەربڕینێکی دی **ئامێری ژیانی** نابێت، دوهەم ئەم جیهانە هەسپێکراوە دەرەکیە چیدی **ئامێری ژیان** بە مانای راستەوخۆ واتە ئامێرێك بۆ زامنکردنی گوزەرانی کرێکاریش نابێ.

کەوابوو لە هەردوو لایەنەوە، کرێکار دەبێتە کۆیلەی شتەکە، سەرەتا لەو رووەوە کە ئوبژێکتی کار وەردەگرێ واتە لەو رووەوە کە کار (و ئیشێك) پەیدا دەکات و دوهەم لەو رووەوە کە ئامێری گوزەرانی ژیانی *Meuns of subsistence* خۆی وەردەگرێ. لێرەوە دەتوانێ کە سەرەتا وەك کرێکار و دوهەم وەك **بونێکی جەستەیی** *Physical subject* بوونی هەبێ. لوتکەی ئەم کۆیلەیەتیە کاتێکە کە تەنها لە پلەی کرێکاردا دەتوانێ **بوونی جەستەیی** بپارێزێ و تەنهاش وەك **بونێکی جەستەیی**، بە **کرێکار** دەژمێرێ. نامۆبونی کرێکار لە بەرهەمەکەی خۆی لە یاساکانی ئابوری سیاسیدا بەم شێوەیە دەردەبڕێ: (هەرچی کرێکار زیاتر بەرهەم بهێنێ، کەمتر مەسرەف دەکات،.. هەرچەند نرخی زیاتر بەرهەم بهێنێ، خۆی بێ بەهاتر و بێ نرختر دەبێ.. هەرچی بەرهەمەکانی زیاتر پوختە کراو بێت، خۆی کوڕتر دەبێ.. هەرچی بەرهەمەکەی شارستانیتر بێت، خۆی دڕندەتر.. هەرچی کار بەهێزتر، خۆ بێ تواناتر.. هەرچی کار هوشیارانەتر، خۆی دەبەنگ ترو زیاتر دەبێتە کۆیلەی سروشت).

ئابوری سیاسی بە لە بەرچاوگرتنی پەیوەندی راستەوخۆی نێوان کرێکار (کار) **و بەرهەمەکانی، نامۆبونی زات لە خەسلەتی کاردا دەشارێتەوە.** راستە کە کار بۆ دەولەمەندان شتگەلێکی سەرسوڕهێنەر بەرهەمدێنێ، بەلام بۆ کرێکار فەقیری و دەستکورتی بەرهەم دێنێ. کار دروستکەری کۆشکەکانە، بەلام بۆ کرێکار کەپرێك دروستدەکات. کار جوانی دروستدەکات بەلام بۆ کرێکار ناشرینی بەرهەم دێنێ. ماشێن لەبری کار (ی دەستی) دادەنێ بەلام بەشێك لە کرێکاران بۆ کاری دڕندانە پالێوە دەنێ و کرێکارانی دیش دەکات بە ماشێنێك. کار بەرهەم هێنی هوشیاریە بەلام بۆ کرێکاران گەمژەیی و بێ هەستی بەرهەم دێنێ.

پەیوەندی راستەوخۆی کار بە بەرهەمەکانیەوە، پەیوەندی کرێکارە بەو بەرهەمانەی خۆی بەرهەمی دێنێ. ئەو پەیوەندیەی کە مولکدار بە بەرهەمەکانی بەرهەم هێنانەوەو خودی بەرهەم هێنانەوە دروستی دەکات، تەنها **دەرئەنجامێکی** ئەم پەیوەندیە سەرەتاییەیەو دەیسەلمێنێ. ئێمە پاشتر ئەم لایەنی دووهەمە تاوتوێ دەکەین.

کاتێك دەپرسین پەیوەندی بنەڕەتی کار چیە، لە راستیدا مەبەستمان پەیوەندی کرێکارە بە بەرهەمهێنانەوە.

تا ئێستا جیابونەوەو نامۆبونی کرێکارمان لەیەك لایەنەوە واتە لە رووی پەیوەندی کرێکار بە بەرهەمهێنانی کارکردنەوە تاوتوێکرد، بەلام نامۆبوون نەك هەر لە دەرئەنجامی بەرهەمهێناندا بەلکو لە خودی ئیشی بەرهەمهێناندا لە چوارچێوەی چالاکی بەرهەمهێنانیشدا رووەدات. ئەگەر کرێکار لە خودی ئیشی بەرهەمهێناندا خۆی لەخۆی نامۆ نەکردبێ، چۆن دەتوانێ سەبارەت بە بەرهەمی چالاکیەکەی نامۆ بێت؟ بەرهەمی بەرهەمهێنان، دەرئەنجام و بەرهەمی چالاکی و بەرهەمهێنانە، کەوابوو گەر کرێکار نامۆ بێت بە بەرهەمی کار، ئەوا دەبێ خودی بەرهەمهێنان نامۆبونێکی چالاك، نامۆییەکی چالاکی و یان بە دەربڕینێکی دی چالاکی نامۆکەر بێت. نامۆبووی بەرهەمی کار لە کار، تەنها لە جیابونەوەو نامۆبوونی خودی چالاکی کاردا کورت ئەبێتەوە.

بەم پێیە چ شتێك دەبێتە هۆی نامۆ بوونی کار؟

یەکەم لەبەر ئەوەی کار سەبارەت بە کرێکار بووە بە رەگەزێکی دەرەکی، واتە نەبەستراوە بە بوونی خودی کرێکارەوە، لە ئەنجامدا لە کاتی کارکردندا نەك هەر خۆی ناسەلمێنێ، بەلکو خۆی نەفی دەکات.. لەبری خۆشنودی، هەست بە رەنج دەکات.. نەك هەر وزەی جەستەی و زیهنی خۆی ئازادانە پەرەپێنادات، بەلکو جەستەی خۆی پەك

دەخات و زیهنی خۆی بەرەو لەناوبردن و دەبات. کەوابوو کرێکار تەنها کاتێك لە دەرەوەی فەزای کارە لەخۆی دەگات و کاتێکیش لە فەزای کاردایە، لە دەرەوەی خۆی دەبێت. کاتێك ئاسایشی هەیە کە کار ناکات و کاتێکش کە کار دەکات، هەست بە ئاسایش ناکات. لە ئەنجامدا کارەکەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە نیە، بەڵکو بەسەریدا سەپێنراوە. ئەم کارە، **کاری ئیجباریە**. لەبەرئەوە **پێداویستیەك** جێبەجێ ناکات، بەڵکو ئامێرێکی رووتە بۆ دەستەبەرکردنی ئارەزووگەلێك کە سەبارەت بەو دەرەکین. خەسڵەتی نامۆبوونی کرێکار بە رووتی لەو راستیەدا دەبینرێ کە هەر ئەوەندە کە ناچاریەکی فیزیایی یان ناچاریەکی دی لە ئارادا نەبێت، لە کارکردن وەك تاعونێك رادەکات. کاری دەرەکی، کارێك کە مرۆڤ تیایدا خۆی نامۆ دەکات، کارێکە کە بەهۆیەوە خۆی قوربانی دەکات و خۆی بەرەو وێرانی دەبات. دواجار خەسڵەتی دەرەکی کار بۆ کرێکار لەو راستیەدا دەردەکەوێت کە ئەم کارە مولکی ئەو نیەو مولکی کەسی دیەو کرێکار نەك مولکی خۆی بەڵکو مولکی کارە. دروست وەك دین کە تیایدا چالاکی خۆ بزوێنەری خەیاڵی مرۆیی واتە چالاکی مێشك و دڵی مرۆڤ، سەربەخۆ لە تاکەکەس کاردەکات واتە وەك چالاکی بونەوەرێکی نامۆ چ خودایی یان شەیتانی، کاری تێدەکات، چالاکی کرێکاریش چالاکیەکی خۆ بزوێنەر نیە و مولکی ئەوی دیە. ئەم چالاکیە ئاشکراکەری لە دەستدانی خودێتی خودە.

کەوابوو مرۆڤ (کرێکار) تەنها لە کارکردنە ئاژەڵیەکانی خۆیدا وەك خواردن و نۆشین و بەرهەمهێنانی رەگەز و یان ئەوپەڕی لە جێگەی نیشتەجێبوون و شێوازی جلوبەرگی خۆیدا، ئازادانە رەفتار دەکات و لە کارکردە مرۆییەکانی خۆیدا، لە ئاژەڵ زیاتر نیە. ئەوەی کە ئاژەڵیە، مرۆیی دەکرێت و ئەوەشی مرۆییە ئاژەڵی دەکرێت.

دیارە خواردنو نۆشین و بەرهەمهێنانی رەگەز و شتی لەم بابەتە، کارکردنی بە راستی مرۆڤانەن، بەڵام کاتێك لە چالاکیە مرۆییەکانی دی دادەبڕێن و دەبن بە ئامانجێکی رووت، ئەوا کارکردنێکی ئاژەڵین.

ئێمە تا ئێستا ئیشی نامۆبوونی چالاکی مرۆڤ واتە کارمان لە دوو رویەوە تاوتوێکرد.

1)پەیوەندی کرێکار بە بەرهەمی کارەوە وەك شتێکی نامۆ کە دەسەڵاتی بەسەر کرێکاردا هەیە. ئەم پەیوەندیە لە هەمانکاتدا پەیوەندی بەجیهانی هەستپێکراوی دەرەوە، واتە بە شتەکانی سروشتیشەوەیە کە لە شێوەی جیهانێکی نامۆدا لە بەرامبەر کرێکاردا، رادەوەستێ.

2)پەیوەندی کار بە کرداری بەرهەمهێنانەوە لە چوارچێوەی پرۆسەی کاردا. ئەم پەیوەندیە، پەیوەندی کرێکارە بە چالاکی خۆیەوە وەك چالاکیەکی نامۆ کە پەیوەست نیە بەوەوە. ئەم چالاکیە، چالاکیەکی سەخت، هێزێکی لاوازکەر، خوڵقاندنێکی نەزۆك کەرە کە وزەی جەستەیی و زیهنی کرێکار، یان لە راستیدا ژیانی تایبەتی کرێکار –ئاخر ژیان جگە لە چالاکی چی دیە؟– دەکات بە چالاکیەکی دژ بە خۆی، سەربەخۆو ناپەیوەست بەوەوە. ئێمە لێرەدا شایەتی **لەخۆ نامۆبوونین** *Self-estangment* کە پێشتر وەك نامۆبوون لە شتەکان بینی بومان.

لایەنێکی سێهەم لە **کاری نامۆبوودا** هەیە کە دەرئەنجامی دولایەنەکەی دیە کە پێشتر تاوتوێمانکرد.

مرۆڤ بونەوەرێکی نەوعیە *Species being* نەك هەر لەبەرئەوەی کە لە تیورەو پراکتیکدا، رەگەزەکان (رەگەزی خۆی و رەگەزەکانی دی) وەك ئۆبژێکتێکی خۆی هەڵدەبژێرێ، بەڵکو –ئەمەش دەربڕینێکی دی هەمان بابەتە– لەگەڵ خۆیدا وەك رەگەزێك کە واقعی و زیندووە، واتە لە پلەی

بونـەوەرێکی گـەردونی و لـێرەوە ئـازاددا، رەفتـار دەکات.

ژیـانی رەگـەزی، چ ژیـانی مرۆیـی و چ ژیـانی ئاژەڵەکان، لە رووی مادیەوە لەو راستیەوە سەرچاوە دەگـرێ کـە مـرۆڤ (وەك ئاژەڵـەکان) لـە لای سروشـتێکی نائورگانیـەوە دەژی و لەبەرئـەوەش کـە مرۆڤ بە بەراورد لەگـەڵ ئاژەڵـەکاندا گـەردونی تـرە، ئەوا سنوری ئـەو سروشـتە نائورگانیکـەی لـە لایـەوە دەژی، گـەردونی تـر دەبێـت. وەك چـۆن گیاکـان، ئاژەڵـەکان، بـەرد، هـەواو روناکی و لـەم بابەتانـە لـە رووی تیوریـەوە هـەندێکیان وەك بابەتـەکانی زانسـتە سروشـتیەکان و هـەندێکیان وەك بابەتـەکانی هونـەر، بەشێك لە هوشیاری مرۆڤ پێك دەهێنـن و سروشـتی مەعنەوی نائۆرگانیو خۆراکی فکری ئەون کە سەرەتا دەبـێ بـۆ هەرسـکردنی ئامـادە بکرێـن، لـە بـواری پراکتیکیشدا بەشێك لە ژیان و چالاکی مرۆڤ دروست دەکـەن. مـرۆڤ لـە روی فیزیاییـەوە لـە تەنیشـت بەرهەمەکانی سروشتەوە دەژی، گەرچی بـە شـێوەی خواردن، گەرما، و مـاڵ و هتـد، دەرکـەون. گـەردونی بوونی مرۆڤ لە پراکتیکدا بـە شـێوەی ئـەو گـەردونی بوونە دەردەکەوێت کە سەرجەم سروشت دەکـات بـە قالبێکی نائورگانی مـرۆڤ، چونکـە سروشـت هـەم *1)* ئامێری راستەوخۆی ژیانێتیو هـەم *2)* مـادەو شـت و ئامێری چـالاکی ژیـانێتی. سروشـت قـالبی نائۆرگـانی مرۆڤەو ئەمەش تا ئەو جێگەیەی کە خودی سروشـتی قـالبی مـرۆڤ نیـە. ئـەوەی کـە دەڵێـین مـرۆڤ لـە تەنیشـت سروشـتەوە دەژی بـە مانـای ئەوەیـە کـە سروشت قالبی ئەوەو ئەگەر دەیەوێت نـەمرێ، دەبـێ بـەردەوام پـەیوەندی پێـوەی هـەبێت. بەسـتنەوەی ژیانی مەعنەوی و مادی مرۆڤ بە سروشتەوە، رێك بە مانای ئەوەیە کە سروشت لەگـەڵ خۆیـدا پـەیوەندی هەیە.. چونکە مرۆڤ خۆی بەشێکە لە سروشت.

کـاری نـامۆ بـوو، بـە نـامۆکردنی مـرۆڤ *1)* لـە سروشـت و *2)* لـە خـودی خـۆی واتـە لـە کارکردنـە عەمـەلی و چالاکیـە زیندوەکـانی، **رەگـەزی مـرۆڤ** لـە مرۆڤ نامۆ دەکات. کاری نامۆ بـوو ژیانی نـەوعی بـە ئامێرێك بەرەو ژیـانی فـەردی دەگۆڕێـت. لـە چرکـەی یەکەمدا ژیانی نەوعی و ژیانی فەردی، نامۆ دەکـات و پاشـان ژیـانی فـەردی لـە شـکڵی موجـەرەدی خۆیـدا دەکات بە ئامانجی ژیانی نـەوعی لـە هـەمان شـێوەی موجەرەدو نامۆدا.

لـە راسـتیدا کـار واتـە چـالاکی زینـدو ژیـانی بەرهەمـهێنان، لـە چرکـەی یەکـەمدا لـە حوکمـی **هۆکـارێکدا** بـۆ تـێرکردنی پێداویسـتیەك واتـە پێداویسـتی مانـەوەی بونـی فیزیـای (مـرۆڤ) دەردەکەوێت. لەگـەڵ ئەمەشدا ژیـانی بەرهەمـهێنان، ژیـانی نەوعیـە. ئـەم ژیانـە، ژیـان دروسـتکەرە. خەسـڵەتی گشـتی رەگـەزەکان، خەسـڵەتی نـەوعی (مرۆڤ) لە سروشتی چالاکی زیندویدا دەردەکەوێت و چالاکی ئازادو هوشیارانە، خەسڵەتی رەگەزی مرۆڤـە. ژیان تەنها وەك ئامێرێك بۆ ژیان دەردەکەوێت.

ئـاژەڵ لەگـەڵ چـالاکی زینـدووی خۆیـدا بـێ هیـچ نێوەندێـك تێکـەڵاو بـوە و خـۆی لـەم چالاکیـە جیاناکاتەوە. ئـەم چالاکیـە بـە چـالاکی زینـدوی ئـەو دەژمـێرێت. بـەڵام مـرۆڤ چـالاکی زینـدوی خـۆی، ملکەچی ئیرادەو هوشـیاری خـۆی دەکـات و خـاوەنی چالاکیـەکی زینـدووی هوشـیارانەیە. ئـەم چالاکیـە زیندوە مەبەست و ئامانجێك نیە کە مرۆڤ راستەوخۆ خۆی لەگـەڵیدا کردبێـت بـە یـەکێك. چـالاکی زینـدوی هوشیارانە، مرۆڤ بێ نیوەندێك لـە چـالاکی زینـدوی ئـاژەڵ جیادەکاتـەوە، هـەر ئەمەیـە کـە مـرۆڤ بونـەوەرێکی نەوعیـە یـان بـە زمـانێکی دی، لەبـەر ئەمەیە کە مرۆڤ بونـەوەرێکی نەوعیـە ، بونـەوەرێکی هوشیارە واتـە ئـەوەی کـە ژیـانی خـۆی بـۆ ئـەو لـە حوکمی ئوبژێکتێکدایە. هەر لەبەر ئەوە، چالاکی ئەو،

چالاکیەکی ئازادە. کاری نامۆ بوو ئەم پەیوەندیە پێچەوانە دەکاتەوە واتە لەبەر ئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی هوشیارە، چالاکی زیندووی خۆی، **بونی زاتی خۆی essenticll** دەگۆڕێت بە ئامێرێکی روت لە خزمەت **بونیدا**.

مرۆڤ بە خولقاندنی **جیهانی شتەکان**[7] لە رێی چالاکی عەمەلی خۆی و لەو **کارەدا** کە لەسەر سروشتی نائۆرگانی دەیکات، خۆی وەك بونەوەرێکی نەوعی هوشیار دەسەلمێنێ واتە وەك بونەوەرێك کە لەگەڵ نەوعی خۆیدا وەك بونێکی زاتیو یانی لەگەڵ خۆیدا وەك بونەوەرێکی نەوعی، روبەڕو دەبێتەوە. بێگومان ئاژەڵەکانیش بەرهەمهێنن. بۆ نمونە هەنگ، سەگی ئاوی و مێروولەکان، هێلانەو ماڵ بۆ خۆیان دروستدەکات، بەڵام ئاژەڵ شتێك بەرهەمدێنێ کە پێویستی خێرای خۆی یان بێچوەکەیەتی. بەرهەمهێنانی ئەوان تاك رەهەندانەیە لە کاتێکدا کە مرۆڤ هەمەلایەنە (و بەربڵاو) بەرهەمدەهێنێ. ئاژەڵەکان لە ژێر ناچاریی راستەوخۆی پێداویستیە هەستیەکانیاندا دەست بە بەرهەمهێنان دەکەن، لە کاتێکدا کە مرۆڤ سەرجەم سروشت بەرهەم دەهێنێتەوە. بەرهەمی ئاژەڵ راستەوخۆ بەستراوە بە بوونی فیزیاییەوە، لە کاتێکدا مرۆڤ ئازادانە روبەڕووی بەرهەمەکەی دەبێتەوە. ئاژەڵ بەرهەمەکەی خۆی بە گونجان لەگەڵ پێوەرەکان و پێداویستیەکانی ئەو رەگەزەی کە سەر بەوە، دروست دەکات. لە کاتێکدا مرۆڤ لە توانایدایە بە گونجان لەگەڵ جۆرەکانی دیدا بەرهەم بهێنێ و دەزانێ چۆن لەهەر جێیەکدا پێوەری گونجاو لەگەڵ شتەکاندا، بەکار بهێنێ. لەم روەوە مرۆڤ شتەکانیش بە پێی یاساکانی جوانیش، دروستدەکات.

لێرەوە مرۆڤ تەنها بەکاری خۆی لەسەر جیهانی بەرجەستەیە کە لە چرکەی یەکەمدا خۆی وەك بونەوەرێکی **نەوعی** دەسەلمێنێ. ئەم بەرهەمهێنانە، ژیانی چالاکی نەوعی ئەوە. لە رێگەو بەهۆی ئەم بەرهەمهێنانەوەیە کە سروشت وەك کار و واقعیەتی ئەو دەردەکەوێت. لێرەوە ئوبژێکتی کار، بە بابەتبوونی ژیانی نەوعی مرۆڤە، چونکە (لەم رێگەیەوە) نەك تەنها لە رووی زیهنیەوە واتە لە هوشیاری خۆیدا، بەڵکو لە واقعیەتیشدا چالاکانە خۆی بەرهەمدەهێنێتەوەو لە جیهانێکدا کە بەرهەمیهێناوە، خۆی ئەندێشە دەکات. بەم پێیە کاری نامۆبوو بە جیاکردنەوەی بەرهەمی بەرهەمهێنانی مرۆڤ لە مرۆڤ، لە راستیدا ژیانی نەوعی و بابەتبوونی واقعی خۆی وەك ئەندامێك لە رەگەز (ی مرۆڤ) جیادەکاتەوەو مەزنی ئەو بەسەر ئاژەڵدا هێندە بەرەو لاوازی دەبات کە (تەنانەت) قالبی نائۆرگانی ئەو واتە سروشتیشی لێدەستێنرێ. هەر بەم شێوەیە کاری نامۆبوو بە دابەزاندنی چالاکی خۆبزوێنەرو ئازادی (مرۆڤ) بۆ ئامێرێك، ژیانی نەوعی مرۆڤ دەکات بە ئامێرێك بۆ ژیانی جەستەیی خۆی. ئەو هوشیاریەی مرۆڤ لە نەوعی خۆی هەیەتی، لەم نامۆبونەدا بە جۆرێك دەگۆڕێت کە ژیانی نەوعی بۆ ئەو تەنها وەك ئامێرێکی لێدێ.

لێرەوە کاری نامۆ بوو:

3)**بوونی نەوعی مرۆڤ**، چ خەسڵەت و چ تایبەتمەندی نەوعی مەعنەوی مرۆڤ، دەگۆڕێت بۆ بونێکی نامۆو ئامێرێك لە خزمەت ژیانی فەردیدا (و بەمشێوەیەش) مرۆڤ لە قالبی خۆی و هەروەها لە سروشتی دەرەکی و زاتی مەعنەوی واتە **بوونی مرۆڤانەی**، نامۆ دەکات.

4)دەرئەنجامی راستەوخۆی ئەم واقعیەتە کە مرۆڤ لە بەرهەمی کاری خۆیو لە چالاکی زیندوانەی خۆیو لە بونی نەوعی خۆی نامۆ دەبێت، **نامۆبوونی مرۆڤە لە مرۆڤ**. کاتێ مرۆڤ روبەڕوی خۆی دەبێتەوە، وەك ئەوەی روبەڕوی مرۆڤەکانی دی

بوبێتەوە، ئەوەی پەیوەندیدارە بە پەیوەندی مرۆڤ بە کارو بەرهەمی کارەکەی و بەرهەمی کاری مرۆڤەکانی دیەوە، بڵاودەبێتەوە.

لە راستیدا ئەو مەسەلەیەی کە خەسڵەتی نەوعی مرۆڤ لێی نامۆ بووە، بەو مانایەی کە مرۆڤەکان لە یەکدی و هەریەکەشیان لە خەسڵەتی مرۆڤ، نامۆ بوون.

نامۆبوونی مرۆڤ و لە راستیدا هەر پەیوەندیەك کە مرۆڤ بەخۆیەوە دەیبەستێت، لە چرکەی یەکەمدا لەو پەیوەندیەدا دەردەکەوێت و دەسەلمێ کە بە مرۆڤەکانی دیەوە، دەیبەستێت.

لێرەوە هەموو کەسێك لە چوارچێوەی پەیوەندی کاری نامۆبوودا ئەوی دی لەسەر بناغەی ئەو پێوەرو پەیوەندیانەی کە تیایدا خۆی وەك کرێکارێك دەرك دەکات، رەچاو دەکات.

ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان لە واقعیەتێکی ئابوری سیاسیەوە واتە لە نامۆبوونی کرێکارو بەرهەمهێنانیەوە، دەستپێکرد (و) ئەم واقعیەتەشمان لەسەر بناغەی چەمکی **کاری نامۆبوو**، رونکردەوە (و) بە شیکردنەوەی ئەم چەمکە، واقعی ئابوریمان تاوتوێکرد.

هەنوکە دەمانەوێت ببینین چۆن چەمکی کاری نامۆ بوو لە ژیانی واقعیدا ئامادەو دەردەکەوێت.

ئەگەر بەرهەمی کار لە من نامۆیە، ئەگەر ئەم بەرهەمە وەك هێزێکی نامۆ لە بەرامبەر منـدا رادەوەستێ، کەوابوو، مولکی چ کەسێکە؟ ئەگەر چالاکی خۆم مولکی من نەبیت، ئەگەر ئەم چالاکیە، چالاکیەکی نامۆو لە روی ناچاریەوە بێت، کەوابوو ئەم چالاکیە مولکی کێیە؟

(مولکی) بونەوەرێکی جیا لەخۆمە.

ئەم بونەوەرە کێیە؟

خواکان؟ ئەڵبەتە لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا، بەرهەمی سەرەکی (وەك بیناکردنی پەرستگاکان و لەم بابەتە لە میسر، هند و مەکسیکدا) لە خزمەتی خواکاندا بوو و بەرهەمیش دەبووە مولکی ئەوان، بەڵام خواکان بۆ خودی خۆیان هەرگیز خاوەنی کار نەبوون. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە **سروشتیش** راستە. شایەتی چ دژایەتیەکین! مرۆڤ هەرچی زیاتر سروشت بەکاری خۆی دەستەمۆ دەکا و موعجیزەکانی پیشەسازی موعجیزەکانی خواکان زیاد لە پێشوو زیادەو ناپێویست، دەبێ زیاتر واز لە لەزەتی بەرهەمهێنان و چێژوەرگرتن لە بەرهەمەکەی بۆ ئەم هێزانە، بهێنێ. ئەو بونەوەرە **نامۆیە** کە کارو بەرهەمی کار مولکی ئەوەو کار لە خزمەتی ئەودایە و قازانجی بەرهەمی کاریش دەچێتە ژێر دەستیەوە، تەنها دەتوانێ خودی مرۆڤ بێت.

ئەگەر بەرهەمی کار مولکی کرێکار نەبێت، ئەگەر ئەم بەرهەمە وەك هێزێکی نامۆ لە بەرامبەریدا سەربڵند دەکاتەوە، تەنها لەو رووەوەیە کە مولکی مرۆڤێکی ترە جگە لە کرێکار. ئەگەر چالاکی کرێکار مایەی ئازارو ئەشکەنجەیەتی، کەوابو دەبێ بۆ ئەوی دی سەرچاوەی لەزەت و خۆشبەختی ژیانی بێت. نە خوداو نە سروشت، بەڵکو تەنها خودی مرۆڤە کە دەتوانێ ئەم هێزە بێگانەیە بێت بەسەر مرۆڤەوە.

دەبێ گریمانەی پێشومان لەیاد بێت کە هێنابومانە ئاراوە: پەیوەندی مرۆڤ بەخۆیەوە تەنها لە رێگەی ئەو پەیوەندیانەوە کە بە کەسانی دیەوە دەیگرێت، بابەتیبوون و فیعلیەت پەیدا دەکات[8]. لێرەوە ئەگەر بەرهەمی کاری مرۆڤ واتە کاری بە بابەتبووی ئەو، وەك شتێکی نامۆ، دوژمن و بەهێزی لێدێت کە سەربەخۆیە لە مرۆڤ، ئەوکات دەلومەرجی ئەو سەبارەت بەو کار بە شێوەیەکە کە وەك ئەوەی کەسێکی دی خاوەنی ئەم کارەیە، کەسێك کە سەبارەت بەو بێگانە، دوژمن، بەهێزو سەربەخۆیە. ئەگەر پەیوەندی ئەو بە چالاکی خۆیەوە وەك چالاکیەکی نائازادنە بێت، ئەوکاتە ئەم پەیوەندیە

چالاکیەکە کە لە خزمەت و لەژێر دەسەڵات، ناچاریو کۆنترۆڵی مرۆڤێکی ترەایە.

هەموو شێوە لە خۆ نامۆبونێکی مرۆڤ، لەخۆی و لە سروشت، لە شێوەی پەیوەندیەکدا دەردەکەوێت کە ئەو لە نێوان خۆی و سروشت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیدا، دەیگرێت. هەر لەبەر ئەمە لەخۆ نامۆبونی دینی بە ناچاری لە پەیوەندی مرۆڤی ئاساییدا بە قەشەوەو لەبەر ئەوەش کە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ جیهانی زیهنیدا هەیە، لە پەیوەندی مرۆڤی ئاسایی بە نێوان کارێکەوە و لەم بابەتە، دەردەکەوێت. لە جیهانی واقعی عەمەلیدا، لە خۆ نامۆبوون تەنها لە رێی پەیوەندی عەمەلی و واقعی بە مرۆڤەکانی دیەوە، دەتوانێ دەربکەوێت. ئەو نێوانکارەی لە رێگەیەوە نامۆبوون سیمای خۆی پیشاندەدات، خۆی هۆکارێکی **عەمەلیە**. لێرەوە مرۆڤ بەهۆی کاری نامۆ بوەوە نەك هەر پەیوەندی خۆی بە شتەکان و ئیشی بەرهەمهێنانەوە لە شکڵی پەیوەندی بە مرۆڤە نامۆکان و روبەڕوی ئەو مرۆڤانەوە، دروست دەکات، بەڵکو پەیوەندیەکیش دروست دەکات کە تیایدا مرۆڤەکانی دی لە بەرامبەر بەرهەمهێنان و بەرهەمی ئەودا، سەربڵند دەکەنەوە.. پەیوەندیەك کە خۆشی تیایدا لە بەرامبەر ئەم مرۆڤانەدا دادەنێ. مرۆڤ وەك چۆن بەرهەمهێنانی خۆی لە شکڵی لە دەستدانی واقعیەت و سزادانی خۆی و بەرهەمەکەشی وەك زیان واتە وەك بەرهەمێك کە موڵکی ئەو نیە، دروست دەکات، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی مرۆڤێك کە بەرهەم ناهێنێت بەسەر بەرهەمهێنان و بەرهەمەکەیدا، دروست دەکات. مرۆڤ وەك چۆن چالاکی خۆی لەخۆی نامۆ دەکات، چالاکیەکەی بە بێگانەیەك دەبەخشێ کە موڵکی ئەو نیە.

تا ئێستا ئەم پەیوەندیەمان تەنها لە روانگەی کرێکارەوە تاوتوێکرد، دواتر ئەم مەسەلەیە لە روانگەی ئەو کەسەوە تاوتوێ دەکەین کە کار ناکات.

کەوابوو کرێکار بەهۆی **کاری نامۆ بوەوە** پەیوەندی کەسێك بەم کارە بەرهەمدێنێ کە سەبارەت بەو بێگانەیە و لە دەرەوەی ئەو راوەستاوە. پەیوەندی کرێکار بە کارەوە، پەیوەندی سەرمایەدار (یان هەر ناوێکی کە بە خاوەن کار دەدرێ) بەو (کارە) دروست دەکات. لێرەوە **موڵکایەتی تایبەتی**، بەرهەم و دەرئەنجامی ناچاری کاری نامۆ بووە و (هەروەها بەرهەم و دەرئەنجامی) پەیوەندی دەرەکی کرێکارە بە سروشت و خۆیەوە.

بەم شێوەیە **موڵکایەتی تایبەت** لەسەر بناغەی شیکردنەوەی چەمکی **کاری نامۆبوو** واتە **مرۆڤی نامۆ بوو**، کاری نامۆ بوو، ژیانی نامۆ بوو و مرۆڤی (لەخۆ) نامۆ، هەڵدەهێنجێنرێ.

راستە کە ئێمە لە جوڵەی **موڵکایەتی تایبەتیەوە** چەمکی **کاری نامۆ بوو** (یان **ژیانی نامۆ بوو**) مان لە ئابوری سیاسیەوە هەڵهێنجا، بەڵام بە شیکردنەوەی ئەم چەمکە روندەبێتەوە کە ئەگەرچی پێدەچێت کە موڵکایەتی تایبەتی بنەماو هۆی کاری نامۆ بوو بێت، بەڵام لە راستیدا دەرئەنجامێتی.. وەك چۆن خواکان لە بنەڕەتدا هۆی پەشێوی زیهنی مرۆڤەکان نین بەڵکو دەرئەنجامی ئەو پەشێویەن. ئەم پەیوەندیە پاشان دولایەنە دەبێت.

تەنها لە لوتکەی کۆتایی پەرەسەندنی موڵکایەتی تایبەتیدایە، نهێنیەکەی واتە ئەوەی لە لایەك بەرهەمی کاری نامۆ بووەو لە لایەکی دی هۆکارێکە کە بەهۆیەوە، کاری خۆی نامۆ دەکات یان بە دەربڕینێك **بە واقعیبوونی ئەم نامۆ بوونە**، ئاشکرا دەبێت.

ئەم تەفسیرە یەکسەر تیشکێکی روناك دەخاتە سەر زوربەی ئەو وتوێژانەی تا ئێستا بێچارەسەر ماونەتەوە.

1)ئابوری سیاسی کار بە تەنها سەرچاوەی واقعی بەرهەمهێنان دەزانێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شتێك بۆ کاری تایبەت ناکات و هەموو شتەکان بە مۆڵکایەتی تایبەتی دەدا. پرۆدۆن بۆ کارو دژی مۆڵکایەتی تایبەتی، هەڵوێستی وەرگرتووە*. بەڵام بینیمان کە ئەم دژایەتیە روکەشە، دژایەتی **کاری نامۆ بووە** لەگەڵ خۆیداو ئابوری سیاسی تەنها یاساکانی کاری نامۆ بووی نوسیوەتەوە.

هەروەها تێگەیشتین کە **کرێ** و **مۆڵکایەتی** تایبەتی یەکسانن چونکە بەرهەم وەك ئوبژێکتی کار (بەشی) خۆی دەدات و لە دەرئەنجامدا کرێ هیچ نیە جگە لە دەرئەنجامی ناچاری نامۆ بوونی کار. دواجار لە کرێی کاردا، کار وەك ئامانجێك بۆ خۆی دەرناکەوێت، بەڵکو لە خزمەتی کرێدایە. پاشتر ئەم خاڵە زیاتر روندەکەینەوەو لێرەدا تەنها هەندێك لە دەرئەنجامەکان دەهێنینەوە[9].

زیادبوونی سەپێنراوی کرێکان (بەدەر لە هەندێك مەسەلەی وەك ئەو راستیەی کە تەنها "لەژێر هەلومەرجی" ناچاریدایە کە کرێی زیاتر کە پێچەوانەی رێسایە، دەدرێت) جگە لە **بەخشینێکی باشتر بە کۆیلەکان** نیەو هەلومەرج و پایەی مرۆیی بۆ کرێکاران یان بۆ کار بەدیاری نامێنێت.

لە راستیدا تەنانەت **یەکسانی کرێکان** کە پرۆدۆن خواستارێتی، تەنها پەیوەندی کرێکاری ئەمرۆیی بەکارەکەیەوە دەگۆڕێت بە پەیوەندی هەموو مرۆڤەکان بەکارەوە. کۆمەڵگا لە حاڵەتێکی وادا وەك سەرمایەدارێکی تەجریدی، دەرك دەکرێت.

کرێ دەرئەنجامی راستەوخۆی کاری نامۆ بووەو کاری نامۆ بوو هۆی سەرەکی مۆڵکایەتی تایبەتیە. کەوتنی یەکێکیان بە ناچار کەوتنی ئەوی دیان بەدوادا دێت.

2)لە پەیوەندی کاری نامۆ بوەوە بە مۆڵکایەتی تایبەتیەوە، وا دەردەکەوێت کە رزگاری کۆمەڵگا لە مۆڵکایەتی تایبەتی و کۆیلەیەتی، **شکڵی سیاسی رزگاری کرێکاران** بەخۆیەوە دەگرێت، نەك بەو مانایەی کە تەنها مەبەست رزگاری کرێکارانە، بەڵکو بەو مانایەی کە رزگاری کرێکاران، رزگاری سەرجەم مرۆڤەکانە، چونکە سەرجەم کۆیلەیەتی مرۆڤ دەرئەنجامی پەیوەندی کرێکارە بە بەرهەمهێنانەوەو هەموو شێوەیەك پەیوەندی کۆیلەیەتیش جگە لە برین و چاککردن و دەرئەنجامی ئەم پەیوەندیە، هیچی دی نیە.

وەك چۆن بە **شیکردنەوە** چەمکی **مۆڵکایەتی تایبەتیمان** لە چەمکی **کاری نامۆ بووەوە** مەڵهێنجا، هەنوکە دەتوانین هەموو **وتەزایەکی** ئابوری سیاسی بە یارمەتی ئەم دو چەمکە رون بکەینەوەو لەمەڕ وتەزایەکدا بۆ نمونە بازرگانی، ململانێ، سەرمایە، پارە،.. ئەم رەگەزە سەرەتاییانە سەرلەنوێ بدۆزینەوە.

بەر لە باسکردنی ئەم خاڵە، هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی دوو مەسەلە چارەسەر بکەین.

1)پێناسی **ماهیەتی مۆڵکایەتی تایبەتی** بە شێوەیەك کە دەرئەنجامی کاری نامۆ بوەو هەروەها پەیوەندی بە **مرۆڤی راستەقینە** و **مۆڵکایەتی کۆمەڵایەتیەوە**.

2)ئێمە **نامۆ بوونی کاری نامۆ بوونیمان** وەك واقعیەتێکی بەڵگەنەویست قبوڵ کردو هەر ئەم واقعیەتە بەڵگەنەویستەشمان شیکردەوە. هەنوکە دەبێ ئەم پرسیارە بهێنینە ئاراوە کە **مرۆڤ چۆن کاری خۆی نامۆ** دەکات؟ ئەم نامۆ بونە چۆن رۆچۆتە ماهیەتی پەرەسەندنی مرۆڤەوە؟ ئێمە بە گۆڕینی شکڵی ئەم پرسیارە کە رەگی مۆڵکایەتی تایبەتی چیە بەم پرسیارە کە **پەیوەندی کاری نامۆ بوو** بە رەوتی پەرەسەندنی مرۆڤەوە چیە، بەشێکی زۆر لە رێگەکەمان بڕیوە. چونکە ئەو کاتەی باسی **مۆڵکایەتی تایبەتی** دەکرێ، روبەڕوی شتێکین کە

سەبارەت بە مرۆڤ دەرەکیە، بەڵام کاتێك باسی کار دەکرێ راستەوخۆ سەروکارمان لەگەڵ مرۆڤدایە. ئەم شێوە تازەیەی هێنانە ئارای مەسەلەکە، رێگەچارەی خۆشی لەگەڵدایە. سەبارەت بە *1)* ماهیەتی مولکایەتی تایبەتی و پەیوەندی بە مولکایەتی راستەقینەی مرۆڤەوە.

کاری نامۆ بوو دابەش دەبێ بۆ دوو رەگەز کە بە شێوەیەکی دوولایەنە یەکدی دەستنیشان دەکەن یان بە دەربڕینێکی دی دەرکەوتی جیاوازیی یەك پەیوەندین. مولکداری وەك **نامۆبوون** و **جیابونەوە** لە (بەرهەم) دەردەکەوێت و **نامۆبونیش** وەك مولکداری؛ **نامۆبوون** پیشەکیەکی واقعیە بۆ قبولکردن لە کۆمەڵگادا.[10]

ئێمە لایەنێك **لە کاری نامۆبوو** واتە پەیوەندی بە **خودی کرێکارەوە** یان بە دەربڕینێکی دی **پەیوەندی بەخۆیەوەمان** شیکردەوەو **پەیوەندیەکانی مولکایەتی جگە لە کرێکار بە کرێکارو کارەوە** وەك دەرئەنجام و بەرهەمی ناچاری ئەو پەیوەندیەمان هەڵهێنجا. **مولکایەتی تایبەتی** وەك دەرکەوتی مادی و کۆکراوەی کاری نامۆ بوو، دوو پەیوەندی دەگرێتەوە: **پەیوەندی کرێکار بەکار و بە بەرهەمی کاری خۆیەوە جگە لە کرێکارو پەیوەندی بە کرێکارو بەرهەمی کارەکەیەوە.**

بینیمان کە لە پەیوەندی بە کرێکارەوە، کە بە کارەکەی **سروشت دەکاتە مولکی خۆی**، ئەم مولك گرتنە لە شێوەی نامۆبوون، چالاکی خۆ بزوێنەری وەك چالاکی بۆ ئەوی دی و مولکی ئەوی دی، هێزی حەیانی ئەو بە شێوەی قوربانیکردنی ژیان؛ بەرهەمهێنانی بەرهەم لە دەستدان و (سپاردنی بە) هێز و **کەسێکی بێگانە**، دەردەکەوێت. هەنوکە دەبێت پەیوەندی ئەم کەسە کە بە کرێکارو **کاری نامۆ بووەوەیە**، بە کرێکار، کارو بەرهەمی کارەوە، تاوتوێ بکەین.

سەرەتا پێویستە بڵێین کە ئەوەی بۆ کرێکار وەك **چالاکی نامۆ** دەردەکەوێت، بۆ جگە لە کرێکار، وەك **هەلومەرجی نامۆبوون** دەردەکەوێت.

دوهەم: دیدی واقعی و کرداری (عملی) کرێکار بۆ بەرهەمهێنان و کار (وەك روانگەیەك) لای، جگە لە کرێکار وەك دیدێکی تیۆری دەردەکەوێت.

سێهەم: جگە لە کرێکار ئەوەی کرێکار دژ بە خۆی ئەنجامیدەدا، بە دژی ئەو ئەنجامیدەدا، بەڵام ئەوەی کە خۆی دژی کرێکار ئەنجامی دەدا، بە دژی خۆی رەوا نازانێت.

ئێستا ئەم سێ پەیوەندیە بە وردی دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

(یەکەم دەستنوس هەر لێرەدا بە ناتەواوی، دەبڕرێت).

یاداشتەکان:

1)کاری نامۆ بوو یان بە زمانی ئەڵمانی Die Entfremdete Arbeit.

2–بەرجەستەبوون یان بە بابەتبوو. یان بە زمانی ئەڵمانی Vergegen stcindlichvng پرۆسەی "سەیروورەی" شتێك.

3)لە دەستدانی واقعیەت یان بە زمانی ئەڵمانی Entwirklichung رەنگە وەرگێڕانی باشتر "نزمبوونەوەی بەما" (deralvation) بێت. ماركس لەسەر شێوازی هیگڵ Verwirklichvng بە مانای بە واقیعبوون وەك دژی Entwriklichvng بە مانای لەدەستدانی واقعیەت، بەکاردەهێنێ. لێرەدا بە واقیعەت بوون بە مانای بەدیهاتن، ئەنجامدان و دروستکردنی شتێکیواقعیە. ماركس دەڵێ کە بەدیهاتنی کار دەگۆڕێ بۆ دژی خۆی.

4)نامۆبوون (لەخۆ نامۆبوون) بە زمانی ئەڵمانی Entausserung.

5)هەستپێکراو بە زمانی ئەڵمانی Sinnlich.

6)بونەوەری نەوعی بە زمانی ئەڵمانی Gattvngswessn زاراوەیەکە کە فویرباخ بەکاری دەهێنێ و مەبەستی رەگەزی مرۆڤە (Guttung) خەسڵەتی نەوعی (وەك بونەوەری نەوعی) Guttungyeesen: خەسڵەتی زاتی مرۆڤ. ئەم پەرەگرافانەی خوارەوە کە لە کتێبی "جەوهەری مەسیحیەت"ی فویرباخەوە وەرگیراوە، رەنگە یارمەتی خوێنەر بدات بۆ تێگەیشتن لە زەمینەی ئایدیۆلۆژی ئەم بەشە لە بیری مارکس و مەروەها ئەوەی کە چۆن مارکس هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی چەمکەکانی فویرباخ، هیگڵ و ئابوریزانانی سیاسی، ناوەڕۆکی تازەیان پێدەبەخشێ.

"جیاوازی چارەنوسسازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکان چیە؟. هوشیاری! بەڵام هوشیاری بە مانای راشکاو. چونکە ناتوانین ئەو هوشیاریەی کە لە ئەنجامی هەستکردن بە خۆی وەك تاکێك دەردەکەوێت، یان لەو جیاکردنەوەدا کە لەسەر بناغەی هەستەکان فۆرمەلە دەبێت، یان لە تێگەیشتن و تەنانەت هەڵسەنگاندنی شتە دەرەکیەکان لەسەر بناغەی ئاماژە هەستپێکراوەکان، دەردەکەوێت، لە ئاژەڵدا لەبەرچاو نەگرین. هوشیاری بە مانای راشکاو کاتێك لە بونەوەرێکدا ئامادەیە کە بۆ ئەو رەگەزو خەسڵەتی زاتی خۆی وەك ئوبژێکتێکی بیرکردنەوە بێت. لە راستیدا ئاژەڵ هوشیارە بە بوونی خۆی وەك تاکێك و بەم شێوەیەش هەستێکی بە بوونی خۆی هەیە وەك ناوەندی گشتی هەستەکان.. بەڵام نەك وەك رەگەزێك.. لە ژیانی عەمەلیدا، ئێمە سەروکارمان لەگەڵ تاکەکاندایە و لەزانستدا لەگەڵ رەگەزەکان.. بەڵام تەنها ئەو بونەوەرەی کە رەگەزو خەسڵەتەکەی ئوبژێکتی بیرکردنەوەیە، دەتوانێ خەسڵەتی زاتی شتەکانی دی یان بونەوەرەکانی دی بکات بە ئوبژێکتی بیرکردنەوە. ئاژەڵ تەنها ژیانێکی سادەی هەیە، مرۆڤ ژیانێکی دولایەنە.. لە ئاژەڵدا ژیانی دەرونی هەمان ژیانی دەرەکیە. بەڵام هەم ژیانی دەرونی هەیەو هەم ژیانی دەرەکی. ژیانی دەرونی مرۆڤ، ژیانێکە کە پەیوەندی بە رەگەزەکەیەوە هەیە واتە بە خەسڵەتی گشتیەوە کەلە خەسڵەتی فەردی جیابۆتەوە.. ئاژەڵ ناتوانێ بێ بوونی تاکێکی تر کە سەبارەت بەو دەرەکیە، کارکردنێکی هەبێت کە پەیوەندی بە رەگەزەکەیەوە هەیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ جیا لە تاکێتیەکی تر، کارکردنەکانی بیرکردنەوەو قسە ئەنجام بدات کە بە راشکاوی دەلالەت لە بوونی ئەم پەیوەندیە بە رەگەزی مرۆڤەوە دەکات.. لە راستیدا مرۆڤ لە هەمان کاتدا هەم "من"ە و هەم "تۆ": ئەو دەتوانێ خۆی لە جێی کەسێکی دی دابنێ و لەبەر ئەمەش ئەوەی بۆ ئەو بە رەگەز، خەسڵەتی زاتی، نەك هەر تاکێتی دەژمێرێت، ئوبژێکتی بیرکردنەوەیە. ئوبژێکتەکە خۆبەخۆو بە زەرورەت بکەرێك پەیوەست بێت پێوەی، شتێك جگە لەم بکەرە نیە واتە سروشتی بابەتی.. "لێرەوە پەیوەندی خۆی بە زەویەوە"، لە هەمان کاتدا پەیوەندی زەوی بە خۆی و بە ماهیەتی خۆیەوە دەبێت، چونکە رادەو توندی روناکیەك کە خۆر وەك ئوبژێکتی زەوی بەدەستی دێنێ، یەکسانە بە ماوەیەك کە ماهیەتی تایبەتی زەوی دەستنیشان دەکات.. لەبەر ئەوە مرۆڤ بە لێکۆڵینەوەی ئوبژێکت، ئاشنایەتی لەگەڵ خۆیدا پەیدا دەکات.. هێزی ئوبژێکت بەسەر ئەودا هەمان هێزی خەسڵەتی خۆیەتی. (جەوهەری مەسیحیەت، وەرگێڕانی لە چاپی دوهەمی بە زمانی ئەڵمانی بە هۆی ماریان ئیڤانوس، لەندەن 1854، لاپەڕە 5-1).

7)زاراوەی Se yehstundich ی مارکس دەکرێ بە "بابەتی" وەربگێڕین بەڵام ئەوەی کە مەبەستە سیفەتێکە کە پەیوەندی بە Gegenstand یە بە مانای "بابەت" هەیە، ئێمە پێمان وایە کە باشترین وشە بۆ yegenstandiche welt جیهانی شتەکان (جیهانی ئوبژێکتەکان)ە.

8)بۆ تێگەیشتن لە مانای wirklich gegenstunlich لای مارکس بگەڕێینەوە بۆ یاداشتی پێشوو. وەك چۆن کە gegenstundlich پەیوەستە بە Gegenstund،

Wirklich پەیوەستە بە wirkeh بـە مانـای کـارکردن. وەرگێڕانی باشتری ئەم رستەیە رەنگە بەم شێوەیە بێت. "پەیوەندی مرۆڤ بە خۆیەوە تەنها بە شێوەی پەیوەندی بە بابەتەکان و کارەوە دەبێت".

9)ئەگەر بە بیرمـان بێتـەوە کـە لـە زاراوە تەکنیکیـەکانی هیگلیدا" وەك یەکی (این همانی) لە بەرامبەر "یەکێتی" دا رادەوەستێ، رەنگـە ئـەم رستە ئـاڵۆزە تـا رادەیـەك روون بێتەوە. پێدەچـێ مەبەستی مـارکس لـەم رستەیە ئـەوە بێت کە یەکێتی دژەکـان لـە نێـوان کرێکـان و موڵکایـەتی تایبەتیدایـە چونکـە کرێکـان دەرئـەنجامی موڵکایـەتی تایبەتین و موڵکایەتی تایبـەتیش دەرئـەنجامی سیستمی کرێ گرتەیە. لەم پرۆسەیەدا کار تەنها دەوری نێوانکارێك دەبینێ. کرێکان و موڵکایەتی جەمسەرگەلێکی واقعین.

10)مـارکس نـامۆبوون بـە die Wuher Eintrgerung ناودەنێ کە ماناکـەی "بەشێکی راستەقینەی کۆمـەڵگای بوون" ە. پێدەچێ مانای ئەم رستەیە لە دەستنوسـەکاندا ئەوەیە کـە لـە خـۆ نـامۆبوون کلیلـی چونـە ژوورەوە بـۆ کۆمەڵگایە.

*ئەم بەشە فەسـڵێکە لـە وتارەکـانی دەسنووسـەکان کـە لەم کتێبەی خوارەوە، وەرگیراوە:

کارل مارکس: دست نوشته‌های اقتصادی و فلسفی 1844.

ت: حسن مرتضوی: تهران: اگاه چاپ اول 1377.

وێستگەکانی سەردەم



- سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستمی کۆمۆنیزم
- شەڕو زیندانی و ئەزموونی نووسین
- دیالۆگێك لەگەڵ ئەناتۆلی ڕیباکۆف دا
- شانۆی ئینتیم
- سێکسوالێتی لەنێوان مەرگ و ژیاندا

ترس و تۆقاندنی ستالینیزم..

سەرچاوەکەی لینینیزمی دایکە

"سەرهەڵدان و روخانی سیستمی کۆمۆنیزم لە روسیا"

■ جۆرج تەرابیشی

● و. لە عەرەبییەوە: بڕوا عەلادین

لەگەڵ داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی 1991دا سیستمی کۆمۆنیزم لە بابەتێکی ئایدیۆلۆژیەوە گۆڕا بۆ بابەتی زانستی مێژوو. قسەیەکی باو هەیە کە دەڵێت: مێژوو رەحم بە کەس ناکات، بەڵام زانستی مێژوویش لەوە دوورترە رەحم بە مێژوو خۆیشی بکات. یەکەم ئارەزووی زانستی مێژوو ئارکیۆلۆژیایە. هەروەها هیچ شتێك نیە ببێتە بەربەست لە بەردەم هەڵکۆڵینەکانیدا -کە چین لە دوای چین بەداوی لێکدانەوەی قوڵتردا دەگەڕێ- تەنانەت گەر حورمەتی مردووانیش بێ، هەروەها سڵ لە هیچ تابۆیەك ناکاتەوە گەر تابۆکە گۆڕهەڵدانەوەی مردووەکانیش بێ. بەر لە روخانی سیستەمی کۆمۆنیزم، زانستی مێژووی سۆڤیەتی تا چەندە پێی بکرایە هەوڵی دەدا حورمەتی گۆڕەکەی (لینین) بپارێزێ.

بەڵام لەگەڵ روخانی سیستمەکەو لە کۆتاییەکانی 1991دا دوا بەربەست روخاو جۆرێك کودەتای کۆپەرنیکی بە ئاراستەی پشکنین و لێکدانەوە رووید. زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی پێشو، ستالینیزم و بێرژنیڤیزمیان بە لادەر لە بنەچە پاك و بێگوناهەکە (لینینیزم) لە قەڵەم دەداو، خرۆشۆڤیزم و گۆرباتشۆڤیزمیان وەکو کۆمەڵێك هەوڵی شکستخواردوو خوێندەوە کە ئامانجیان گەڕانەوە بوو بۆ ئەو بنەچە پاك و بێگوناهە.

تایبەتمەندێتی (مارك فرۆ)یش لە کتێبە تازەکەیدا -کە خۆی یەکێکە لە دیارترین مێژوونوسەکای شۆڕشی 1917 ئەوەیە کە خەریکی ئارکیۆلۆژیایەکی مێژوویە بۆ ئەفسانەی ئەو پاکی و پێگوناهیەی سەرەتا.

ئەو دەڵێت: ئەگەر گوناهبارێك هەبێ تەنها (لینین) خۆیەتی، بەدوایشیا تەواوی ئەو بەلشەفیانەی راستەوخۆ لە دوای لینینەوە لە ریزی پێشەوەدا بوون. ستالینیش جگە لە جێبەجێکەری وەسیەتێك زیاتر نەبوو. راستە لە سایەی ستالیندا

Marc Ferro

Naissance et effondrement du régime communiste en Russie



Unité des soviets
Apparatchiks et bureaucratisation
Caractéristiques du régime soviétique
Effets pervers de l'éducation
Gorbatchev et la « nouvelle pensée »
L'implosion du système

گوناهەکە بوو بە تاوانێکی ترسناك و تۆقێنەر، بەڵام ستالین تۆوێکی ژەهراوی دانسقەو کوڕێکی حەرام نەبوو: ئەو کوڕێکی شەرعی ئەو سیستمە بوو کە بەرهەمی هێنا. راستە لە رەفتارەکانی پاشتریدا وا دەرکەوت کە تەنها مەسخێکەو هیچی تر، بەڵام مەسخبوونی شتێك نەبوو وەریگرتبێت، بەڵکو هەر لە لەدایکبوونیەوە قەدەری بوو. چونکە سیستەمی بەلشەفیزم بەو شێوەیەی خۆی دامەزراندبوو لەوە زیاتری پێنەبوو (تەنها ئەو مەسخانەی بەرهەم هێنا). تا چەند لە وەسفکردنیشدا دڵڕەق بین ئەمە رێگەی ئەوەمان لێناگرێ کە بڵێین میراتە مەسخنامێزەکەی ستالین سەر بەو خاك و خۆڵەیە کە تێیدا رواوە: ئەوەی پێیدەوترا (شۆڕشی بەلشەفیزم). بەڵام (مارك فرۆ) ئەمەی قبوڵ نییە. ئەو دەڵێت بەلشەفیەکان لە 1905 و 1917دا شۆڕشی گەلیان هەڵنەگیرسان، بەڵکو دەستیان بە سەردا گرت. گەر لەبەر دڵڕەقیش نەبوایە دەیگوت: دزییان. ئەم پرۆسەی دزینەش (دزینی شۆڕش) لە هەشت مانگدا تەواو بوو: لە نێوان 27ی فێبریوەری 1917 (یەکەم رۆژی شۆڕشی روسی کە قەیسەری ناچار کرد مل بدات و بکشێتە دواوە)و نێوانی 25 ی ئۆکتۆبەری 1917 (رۆژی دەسەڵاتگرتنە دەستی بەلشەفیەکان). ئاشکرایە کە بەلشەفیەکان، بە شۆڕش نامۆ نەبوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو بە ئاسانی دەسەڵاتگرتنە دەستەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمان لە ناوەوە کۆنترۆڵی شۆڕشیان کرد نەوەکو لە دەرەوە. بەلشەفیەکان ئەو بەشەی شۆڕش بوون کە پاشتر بوو بە گشت. هەر ئەم پرۆسەیەش (پرۆسەی بە گشت بوونی بەش) بوو بە میکرۆبی داخوران و داڕزانی سیستەمی کۆمۆنیزم لە یەکەم رۆژی دامەزراندنیەوە تاوەکو 1991.

ئەو دروشمەی لە شۆڕشی فێبریوەری 1917دا بەرزیان کردەوەو بریتی بوو لە: (هەموو دەسەڵاتەکان بۆ شوراکان). بەڵام لە سەرەتای ئۆکتۆبەری 1917دا دروشمە عەمەلیەکەیان بوو بە: (هەموو دەسەڵاتی ناو شوراکان بۆ بەلشەفیەکان). دەکرێ ئەم گۆڕانە لە دروشمی (بە شوراکردن)ەوە بۆ دروشمی (بە بەلشەفیکردن) بە زمانی ژمارەش بخوێنرێتەوە. لە کۆنگرەی یەکەمی شوراکاندا – شوراکان ئەو فۆرمی رێکخستنە بوون کە شۆڕشی روسی بۆ خۆی دامێنا– کە لە یۆنیۆی 1917دا بەسترا،

بەلشەفیەکان خاوەنی تەنها 13٪ی دەنگەکان بوون. لە کۆنگرەی دووەمیشدا کە لە ئۆکتۆبەری 1917 بەسترا، بوون بە خاوەنی 45٪ی دەنگەکان. لە کۆنگرەی سێهەمیشدا کە ساڵی 1918 بەسترا، ژمارەی بەلشەفیەکان بوو بە (434) نوێنەر لە کۆی (710) نوێنەر، واتە 61٪ی دەنگەکان. سەرەڕای ئەوەی لەو کاتەدا هێشتا شوراکان ملکەچی فرەدەنگی و دیموکراسی بوون، بەڵام ئارەزووی باڵادەستی بەلشەفیەکان ڕێگەی بۆ بەلشەفیەکان خۆشکرد بەسەر لیژنەی جێبەجێ کردنی شوراکاندا زاڵبن، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەیان لە ئەنجومەنە گشتیەکاندا. ئەگەر لە کۆنگرەی یەکەمدا 61٪ی دەنگەکانیان هێنا، ئەوا ژمارەی نوێنەرەکانیان لە لیژنەی جێبەجێکردندا بەرز بۆوە بۆ 83٪. لە 1919دا بەرزبۆوە بۆ 86٪. بەر لەوەی لە سەرەتای 1922دا بۆ دواجار حیزب بە تەنها کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات، ڕێژەی نوێنەرایەتی بەلشەفیەکان لە لیژنەی جێبەجێکردنی شوراکاندا 80٪ کەمتر نەبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە دوا هەڵبژاردنی دیموکراتیانەدا کە ساڵی 1918 ئەنجامدرا ڕێژەی نوێنەرەکانیان لە کۆمەڵەی دامەزراندندا تەنها 25٪ بوو. هاوشانی پرۆسەی بە بەلشەفیکردن لە ناو شوراکان و سەندیکا و سوپادا، لەناو حیزبی بەلشەفی خۆیدا گۆڕانێك بەرەو دیسپۆتیزم ڕوویدا. تاوەکو سەرهەڵدانی شۆڕشی فێبریوەری 1917 حیزب باڵە جیاجیاکانی ناوخۆی دەپاراست. دوو دوا هێڵیش کە لەو قۆناغەدا بەریەك کەوتن، هێڵی (کامینیف) و دژە هێڵی (لینین) بوون. ناکۆکیەکەشیان لەسەر ڕۆڵی حیزب بوو لە شوراکاندا. کامینیف وەك پەرلەمانی دیموکراسی لە شوراکانی دەڕوانی و باوەڕی وابوو کە قبوڵکردنی بنەماکانی گەمەی دیموکراسی ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی بەلشەفیەکان لە حیزبی کەمینەوە ببنە حیزبی زۆرینە. لە بەرامبەریشدا لنینین پێی وابوو حیزب تا چەندە کەمینەش بێت دەبێ ئیرادەی خۆی بەسەر شوراکاندا بسەپێنێ تا بە دەسەڵات دەگات. بەم شێوەیە لینین دەسەڵاتی کۆنفرانسی شوراکان و دەسەڵاتی شوراکانی پترۆگرادی بەزاند کە ترۆتسکی خۆی سەرۆکایەتی دەکرد تاوەکو لە 25ی ئۆکتۆبەردا بەناوی لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕی ئەو شورایەوە بڕیارێك دەربکات دەربارەی دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو خۆی سەرۆکی ئەو لیژنە سەربازییە شۆڕشگێڕانەیە نەبوو، بەناویەوە هەموو ئەو مەراسیمانەی ئیمزا کرد کە دەسەڵاتی بە بەلشەفیەکان بەخشی. سەرۆکی هەڵبژێرراوی ئەو لیژنەیەش کە سۆشیالیستی شۆشگێڕی چەپەو (لازیمیر) بوو تەنها سێبەرێك بوو هیچی تر. لە نێوان 20ی ئۆکتۆبەرو 2ی نۆڤەمبەردا 58 جار ناوی لە بەیانە ڕەسمییەکاندا هاتووە، لە نێوان 2 و 15 ی نۆڤەمبەردا 8 جار ناوی هاتووە، ئیدی لە پاش ئەوەوە تەنیا یەکجار ناوی هاتووە. بەڵام ئەو وێنە فۆتۆگرافیەی لیژنەکە کە بۆ یادگاری گیراوە هەموو ئەندامە مێژووییەکان وەکو ترۆتسکی و سفردلۆف و بودفویسکی تێدایە تەنها لازیمیر نەبێت کەوا دیارە لەگەڵ زۆربەی هاوڕێکانیدا چووبنە زبڵدانی مێژووەوە.

لە راستیدا ئەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە لە 25ی ئۆکتۆبەری 1917دا حیزب سەرۆکایەتی کرد هیچ نەبوو جگە لە ڕەتکردنەوەی شوراکان لە دەسەلات و بەخشینی بە نوێنەرانی گەل کە هەموویان بەلشەفی بوون. یەکەم بڕیارێکیش کە ئەو دەسەڵاتە تازەیە دای، قەدەغەکردنی ئەو ڕۆژنامانە بوو کە دژی دەسەڵاتی شوراکان بوو، هەروەها لابردنی ئەو کۆمەڵەی دامەزراندنەی ڕێژەی بەلشەفیەکان تێیدا چواریەکی بوو، وە دامەزراندنی دەزگایەکی پۆلیسی نهێنی بەناوی (تشیکا)وە دامەزراندنی سفردلوف بە سەرۆکی لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕان و بوونی لینین بە سەرۆکی حکومەت. یەکێك لەو کارە سەرەکیانەی حکومەتی نوێنەرانی گەل پێی هەستا لە ناوبردنی هەموو ئەو شورایانە بوو کە لە ناویاندا بەلشەفیەکان زۆرینە نەبوون، بۆ نمونە شورای لۆغا و پاشتریش شورای کرونشتاد کە زۆر خوێناویانە سەرکوت کرا. لە سەرەتای 1918 یشدا لینین بڕیارێکی ڕەسمی دەرکرد سەبارەت بە دامەزراندنی دادگای تایبەتی بۆ سزادانی (تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری). دەسەڵاتێکی ڕەهاشی بە تشیکا بەخشی بۆ

دەستێوەردان لەم جۆرە مەسەلانە. بەدوای ئەمەشدا کۆمەڵی مەراسیم دەستیان پێکرد بۆ قەدەغەکردنی چالاکی ئەو حیزبە سیاسیانەی دژ بە دەسەڵاتی شوراکان بوون، تەنانەت حیزبی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕە چەپڕەوەکان کە لە راپەڕینی ئۆکتۆبەری *1917*دا هاوکاری بەلشەفیەکان بوون. لە کۆتایی *1918*دا دادگایەکی بەرفراوانیان بۆ ئەندامانی ئەو حیزبە دانا، *30* لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەیان لە سێدارە داو ئەوانی دیکەیان نەفی کرد. لیژنەی مەرکەزی حیزبی بەلشەفییش بڕیاریکی دەرکرد سەبارەت بە دەزگیرکردنی هەموو ئەو مەنشەفیانەی گومان لە لایەنگیریان بۆ شۆڕش دەکرێت، لینینیش خۆی لەکاتی چەسپاندنی سیاسەتێکی ئابووری تازەدا نوسیویەتی و دەڵێت: (جێگەی مەنشەفیەکان و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان نیدی گەر ئەوانەیان بێت کە ئاشکرابوون یا ئەوانەیان کە لە ژێر دەمامکی ناحیزبییەوە خۆیان شاردۆتەوە، زیندانە). پاشتریش بە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیشەوەو دوو هەزار حیزبییان لێگیرا و هەموویان لە سێدارە دران. لە هەمان کاتیشدا حیزبی بەلشەفی پێی لەسەر ئەوە داگرت ببێتە حیزبی سەرکردەی دەوڵەت و کۆمەڵگە. نیدی هەموو دەزگاکانی لە سەروەرییەکانیان دامالێ تەنانەت شوراکانیش، هەروەها جگە لە تەنها دەسەڵاتێك کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزی حیزبە هیچی دیکەی بۆ نەهێشتنەوە. ئەنجامێکی مەترسیداریش لەم پاشکۆیەتییە بۆ دەزگا کۆمەڵایەتییەکان کەوتەوە: وازهێنان لە دابین کردنی هەلومەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رەتکردنەوەی هەر فۆرمێك لە فۆرمەکانی ئەو دەسەڵاتەی (لە ژێرەوە) بە قازانجی ئەو دەسەڵاتە کە لەسەرەوەیە، ئەوەی لەکاتی خۆیدا پێی دەوترا سەنتەریزمی دیموکراسی کە لە پراکتیککردنی عەملیدا سەلما بە *100٪* سەنتەریزمەو لە *1٪* دیموکراسی نییە. یەکێك لە گەورە موفارەقەکانی (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا)ش کە لینین بنەما تیۆری و عەمەلیەکەیی دانا، رەتکردنەوەی رۆڵی سەندیکا کرێکاریەکان و دامالینی چینی کرێکار بوو لەوەی کە بتوانێت خاوەن بڕیاری سیاسی یا ئابووری بێت. وەك لە وتەکەی (زینوفیف) لە خولەکەی ساڵی *1919*شدا هاتووە (مادامەکی سیستەمی تازە تەعبیر لە چینی کرێکار دەکات، دەبێ سەندیکاکان پاشکۆی حکومەت بن). پاشتر تەنانەت مافی مان گرتنیشیان لە کرێکاران سەندەوە: (مادامەکی کۆماری شوراکان دەوڵەتێکی کرێکارییە، نیدی زۆر نالۆجیکییە کرێکاران مان لە دژی خۆیان بگرن). ئا بەو جۆرە حیزبی کۆمۆنیستی بەلشەفی تەنها بەوەوە نەوەستا خۆی لە حیزبێکی یەکگرتوودا دابمەزرینێ، بەڵکو خۆیشی کردە تەنها ئامێری فەرمانڕەوایی کردن. نیدی دەوڵەت و کۆمەڵگەی قوتداو هاوڕێ حیزبیەکانی خۆی لە هەموو دەزگاکانی سەرکردایەتیدا چاند: لە دەزگاکانی بەڕێوەبردن و سوپاکان و سەندیکاکان و دەزگاکانی هاریکاریکردندا ئەمەش لە پرۆسەیەکی راستەقینەی کۆڵۆنی کردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. هەر لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەی بە بەلشەفی کردنەشدا تۆتالیتاریزمی ستالینی توانی گەشە بکات، ئەو کرمە (ستالین) سەر بەو خاك و خۆڵەیە (لینینزم). بە پێچەوانەی ئەو خوێندنەوەیە کە ساڵانێکی درێژ بۆی کرا، ئەو لادان و دابڕان نەبوو لە ئۆتۆکراتیەتی لینینیزم بەڵکو بەردەوامی پێدانی لینینیزم و گەیاندنی بوو بە دوا پلەی.

سەرچاوە:

ژمارە (12574)ی رۆژنامەی الحیاة

شەڕو زیندان و ئەزموونی نووسین

"ئەحمەدۆ کۆرۆمۆ" لە ساحل ئەلعاج و "پۆل ریکۆر" لە فەرەنساو "تیاب" لە ڤیتنام چەند بەشێك لە سەرگورشتەکانیان ئەگێڕنەوە

■ حەسونە ئەلمیسباحی

● و. لە عەرەبییەوە: سامان عەلی

ئەحمەدۆ کۆرۆمۆ ساڵی 1927 لە گوندێکی بچوکی ساحل ئەلعاج لە دایك بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵاندا بوو کاتێك خراوەتە بەر خوێندن لە قوتابخانە فەرەنسیەکەی شاری (بوندیالی).

پاش ئەوەی خوێندنی زانکۆیی لە (باماکۆ) تەواو کرد، بۆ سزادانی لە پای چالاکیە سیاسیەکانی لە دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا، لەنێو ریزەکانی سوپای فەرەنسادا خزمەتی سەربازی کردووە. لە یەکەمین رۆمانیدا کە ناونیشانی (خۆرەکانی سەربەخۆبوونەکان)ی هەڵگرتووەو بەهۆیەوە دان پێدانانێکی جیهانی بەدەست هێنا بۆ توانا هونەریەکانی. تیایدا پرۆتستۆی رژێمە دیکتاتۆریەکانی ئەفریقیاو ئەو زوڵم و ستەمانەیان دەکات کە بەسەر میللەتانیاندا سەپاندووە. سەرجەم ئەو رۆمانانەش کە تا ئێستا نووسیونی و بڵاوی کردونەتەوە، هەمیشە پەیوەست و وابەستەبوون بەو گرفت و کێشەو مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەوە کە کیشوەری ئەفریقیاو میللەتەکانی بە درێژایی پەنجا ساڵ روبەڕوی بونەتەوە.

ئەحمەدۆ کۆرۆمۆ دەڵێ: "بە زەرورەت بوومە نووسەر، چونکە ساڵی 1963 زۆرێك لە رۆشنبیران لە ساحل ئەلعاج بەرەو زیندان پەلکێش کران و، منیش لەنێویاندا بووم. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئازادیان کردم لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم فەرەنسی بوو. لەکاتی دەرچوونم لە زیندان، خۆم بە تەنیاو بێ کار بینیەوە. ئیدی بڕیارم دا بنووسم بۆ داکۆکی کردن لە خۆم و لە هاوڕێیانی زیندانکراوم. بەڵام لەبەر ئەوەی ئاسان نەبوو بتوانم راستەوخۆ سەرزەنشتی حکومەت بکەم، ئیدی هانام بردە بەر خۆ شاردنەوە لە پشت هێماکانەوە، یەکەم رۆمانیشم: "خۆرەکانی سەربەخۆبوونەکان". بەرهەمی ئەم قۆناغەی ژیانی ئەدەبیمە. لەکاتی خۆیدا ئاستەنگێکی زۆرم هاتە رێگا لە بڵاوکردنەوەی رۆمانەکەدا، چونکە بڵاوکەرەوەکان لە فەرەنساو لە ئەفریقیا رەزامەندییان دەرنەبڕی بۆ چاپکردنی، لە ئاست ئەم رەوش و

بارودۆخەدا بڕیاری سەفەرم دا بۆ جەزائیر بەمەبەستی کارکردن، ڕۆژێك یەکێك پێمی ڕاگەیاند کە دانشگای (مۆنتریال)ی کەنەدا دەگەڕێت بە شوێن ڕۆمانی ئەفریقیایی‌دا بە مەبەستی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی، ئیدی دەسبەجێ ڕۆمانەکانم نارد بۆیان. لە پاش چەند مانگێکی کەم ڕۆمانەکە بە چاپ گەیشت و خەڵاتێکم لە کەنەداوە وەرگرت".

کۆرۆمۆ لە درێژەی باسکردنی کاروانی ئەدەبی خۆی‌دا، دەڵێت: "لە پاش یەکەم ڕۆمانم، بۆ ماوەی بیست ساڵ بەڕۆژو بووم، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من نەمتوانی زمانی شیاو بدۆزمەوە بۆ ئەو بابەتانەی سەرقاڵیان کردبووم. تەنیا دوای ئەوەی توانیم زمانی فەرەنسی کە پێی دەنووسم، لە زمانی دایك کە قسانی پێ دەکەم نزیك بکەمەوە، ئینجا توانیم لەو تەڵزگەیە قوتار بم. وەختێ کە منداڵ بووم فێربوونی زمانی فەرەنسی و قسەپێکردنیم بەسەردا سەپێنرا، ئەمەش فەرمانێك بوو درا بەسەر منو کەسانی وەك منداا، بەڵام دواتر زمانی فەرەنسی بوە زمانی ئێمە. زمانی فەرەنسی زمانێکی هەڵکۆڵراوە لەنێو فەزای شارستانیەتی مەسیحی‌دا، هاوکات زمانی کۆمەڵێك ئەقڵی لۆجیکی‌یە.

لەبەرئەوە بەهەرحاڵ ناتوانێ ببێتە ڕەنگدەرەوەی واقیعی ڕاستەقینەی ئەفریقی و لەگەڵیشیدا ناگونجێ. لە جیهانی ئەنگلۆ-ساکسۆنی‌دا مەسەلەکە جیاوازە چونکە ئینگلیزەکان زمانی خۆیان نەسەپاندووە بەسەر ئەو میللەتانەدا کە ژێردەستەیان کردوون، بەڵام لەلای ئێمە فرانکفونیەت ئامرازێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی‌یەو ئەرکە سەرەکیەکەی پارێزگاری کردنە لە خاوێنی زمانی فەرەنسی. کاتێکیش لەسەر ئەم ڕێسایە لامداو بەسەریدا ڕاپەڕیم و کۆمەڵێك واژەو وێنەی نامۆ بەو زمانەم هاوردە نێوی، بەوە تاوانبار کرام کە من لاقەی زمان دەکەم. لە ڕاستیدا من بە ناچاری ئەو کارەم کرد، چونکە ئەوساو ئێستاش ئامانجی من گوزارشت بووە لەواقیعی ئەفریقی. لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم کە لەنێو کۆشکی گەورەی زمانی فەرەنسیدا خانۆچکەی زمانی خۆمم لە یاد چووە".

سەبارەت بە داهاتووی کیشوەری ئەفریقیا. کۆرۆمۆ ئەڵێ: "بە شێوەیەکی گشتی من زۆر ڕەشبینم، بەڵام ئەبێ ئەوە بڵێم کە هەندێ جار خۆشبین دەبم، هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو فەوزاو پەشێویەی لە دوای ماوەی تاریکی کۆیلەیەتی هاتە ئارا. لە پاش کۆلۆنیالیزم و شەڕی ساردیش دەکرێ بگوترێت کە دژوارە خۆمان لە بار گرژیە خێڵەکیەکان بەدوور بگرین. بەڵام ناشکرێت بارودۆخەکە هەر ئەوها بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان شتەکان دەگۆڕێن و ئەفریقیاش لە دیکتاتۆریەتەکان ڕزگاری دەبێ، هەروەك چۆن لە کۆلۆنیالیزم ڕزگاری بوو. لەبەرئەوە من ئەوەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە کە هەمیشە بەرهەڵستکاربم، چونکە بەرهەڵستکارێتی تەنیا ئامرازێکە کە دەرفەتی ژیانمان لە وڵاتێکی ئەفریقیایی‌دا دەداتێ".

"ئاراستەی فەیلەسوفێکی فەرەنسی"

بە بۆنەی دەرچوونی کتێبەکەیەوە "یادەوەری، مێژوو، لەبیرچوونەوە" لە لایەن دەزگای (ئەلسوی) لە پاریس، فەیلەسوفی فەرەنسی "پۆل ریکۆر" لە بارەی ئاراستە فەلسەفیەکەی دوواو وتی: "پێم وانیە فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆم هەبێ و لەهەر کتێبێکی نوێدا کە دەریدەکەم روخسارو تایبەتمەندیەکانی ئاشکرا بکەم. هەر کتێبێك کە دەریدەکەم توخنی مەسەلەیەکی فەلسەفی دیاری کراو دەکەوێت. ئەم مەسەلانەش لە یەکدی جیاوازن. تەنیا بە یاریدەی خوێنەرانم و بەهۆی دەزوویەکی دیاری‌کراوەوە بە یەکتریانەوە گرێ دەدەم. یەکەمین کارم دەربارەی ئیرادە بوو، کە لەژێر کارتێکردنی هۆسرل و مارلۆبۆنتی‌دا نووسرابوو. لەکاتی خۆیدا دەمپرسی: ئیرادەی ئازادانە چی‌یە؟ ئەو ئیرادەیە دەتوانێ چی بکات؟ کردەی نائیرادی چی‌یە؟ سنوری ئیرادی و نائیرادی چی‌یە؟ دوای ئەوە چووم بەلای مەسەلەی خراپە (الشر)دا، ئامانجیشم لەم کارەمدا دۆزینەوەی خراپە بوو لە ڕێگای هێماو ئەفسانەکانەوە، ئەم کارە وەك شۆڕشێکی بچوك وەها بوو لەنێو میتۆدی هۆسرلی‌دا، کە ئەوکاتە من پێوەی وابەستە بووم. لە ڕێگای ئەم کارەمەوە خۆمم لە بەرەنگاری

چەندین تێڕوانین و دیدو بۆچوونی جیاوازدا بینیەوە کە پەیوەندیان هەبوو بە خراپەوە، تێڕوانینی گریکیو چەند تێڕوانینێکی دی کە پەیوەست بوون بە ئینجیل و بە ئاینە دێرینەکانەوە، بە تایبەت ئایینی بابلی. پاش ئەوە بە چاکی فرۆیدم خوێندەوەو رووم کردە گرنگیدان بە سایکۆلۆجیا. ئەو مەسەلە بنەڕەتیەش کە سەرقاڵی کردبووم سنوری ئاگایی (الوعی) و ناڕاگایی بوو، لەو کتێبە تازەیەشدا کە بەم زوانە دەرچووە گرنگیم داوە بە یادەوەری و پەیوەندی بە مێژوو و بە لەبیر چوونەوەوە".

دەربارەی پەیوەندیشی بە (جاك لاکان)ەوە، ریکۆر ئەڵێ: "پەیوەندیەکی دژوار بوو تەنانەت تا ئێستاش دەپرسم ئەوە چی بوو کە لە نێوان من و لاکاندا روویدا، گەمەی پشیلەو مشك هەبوو، ئەو پشیلەکە بوو. لە (بۆنفال) ئاشنایەتیمان پەیدا کرد لەلای زانای دەروونناسی گەورە (هنری ئای)، لەو شوێنە باسێکم دەربارەی فرۆید پێشکەش کرد. لاکانیش گوێی راگرتبوو بۆ باسەکە. پاش ئەوە لەگەڵم هات بۆ پاریس. هەوڵیدا چەواشەم بکات و پێشنیاری کرد ئامادەی لێکچەرە بەناوبانگەکانی ببم. ئیدی منیش وامکرد، بەڵام دانی پێدا دەنێم کە هیچ شتێکی ئەوتۆ زۆر لەوە تێنەگەیشتم کە دەیووت. هاوکات بەردەوام بووم لە دانانی کتێبەکەمدا کە ساڵی 1965 لە ژێر ناونیشانی (دەربارەی شرۆڤە)دا دەرچوو. هەر دەسبەجێ لاکان لە توڕەییدا تەقیو تاوانباری کردم بە تاڵانکردن و دزینی بیروڕاکانی ئەو!"

پۆل ریکۆر رۆژی 27ی فێبرایەر (شوبات)ی ساڵی 1913 لە دایك بووە، واتە پێش ساڵێك لە هەڵگیرسانی یەکەمین شەڕی جیهان، ناوبراو سەر بە بنەماڵەیەکی پرۆتستانتیەو لە کاتێکی زووەوە دایکی و پاشان باوکی لە دەستداوە کە لە شەڕی (مارن) ساڵی 1915 کوژراوە. هەر لە منالیەوە خولیای خوێندنەوە بووە، زوربەی کاتەکانیشی لەنێو کتێبدا دەبردە سەر. لە ساڵانی سەرەتای لاوێتیدا بە شێوەیەکی بەردەوام ئامادەی (ئەڵقەکانی هەینی) دەبوو کە فەیلەسوفی مەسیحی بونگەرا گابرێل مارسیل بەڕێوەی دەبرد، هەر لەو ئەڵقانەشەوە فێری چۆنێتی گوێگرتن بوو لە کەسانی دی و چۆن چۆنیش لە بیروڕایەکانیدا سەربەخۆ دەبێ. ساڵی 1933 زانکۆی (سۆربۆن) بەشی فەلسەفە تەواو دەکات و دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی لە گۆڤاری (فیکر)دا، کە یەکێك بووە لە گەورەترین و بەناوبانگترین گۆڤارە فیکریەکانی ئەو کاتە.

ساڵی 1939 پەیوەندی دەکات بە بەرەکانی شەڕەوەو لە هەفتەکانی سەرەتای دووەمین شەڕی جیهانیدا لە لایەن ئەڵمانەکانەوە بە دیلی دەگیرێ. لە سەربازگەکانی دەست بەسەریدا ریکۆر بە دیداری کۆمەڵێك لە رۆشنبیران شاد دەبێت و بەشداری چەندین کۆڕی گەرمی گفتوگۆ دەبێت، دەربارەی فەلسەفەو فەیلەسوفانی لە نموونەی (کارل یاسبرس) و (هۆسرل). لە پاش ئازاد کردنی دەکرێتە مامۆستای فەلسەفەو، لە هەمان کاتیشدا سەرقاڵ دەبێ بە دانانی یەکەم کتێبی دەربارەی ئیراده.

دوای دووەمین شەڕی جیهان سەردەمی بونگەرایی (الوجودیة) دێتە پێش و لەگەڵ خۆیشیدا سیمبول و ناودارانی گەورەی دەهێنێت لە نموونەی (جان پۆل سارتەر) و (کارل یاسبرس) و (کێرکجارد) و (ئەلبێر کامۆ). لەم ماوەیەشدا ریکۆر دەکرێتە مامۆستای فەلسەفە لە ستراسبۆرگو، دەستدەکاتە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی لە گۆڤاری (بەرەبەیانی کۆمەڵایەتی)دا. لەکاتی شەڕی ساردیشدا رووەکاتە داکۆکی کردن لە رێگای سێیەم، ئەو رێگایەی کە ئەوروپا بە دوور بگرێت لە ململانێی توندی نێوان جوتە زلهێزی ئەو رۆژگارە، واتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت.

"نووسەرێك لە ڤێتنامەوە"

نجیوان هوای تیاب لە (هانۆی) دەژیاو چێشتخانەیەکی بچوکی بەڕێوە دەبرد. کاتێك هەستی کرد کە دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیستی وڵات بەچاوی گومان و ناڕەزامەندیەوە تەماشای ئەو چیرۆك و رۆمانانە دەکەن کە ئەو کات دەینووسین، دەسبەجێ بڕیاری دا لە وڵات هەڵبێو دوور بکەوێتەوە، چونکە مانەوەی چیدی ناگەیەنێت جگە لە زیندانی

کردن و راوەدوونانی رۆژانە نەبێت. بەم جۆرە هاتە پاریس. ناوبراو لە بارەی بارودۆخی میللەتەکەی لە سایەی سیستمی کۆمۆنیستیدا ئەڵێ: "پێش سیاسەتی نوێکردنەوە کە پارتی کۆمۆنیستی ڤێتنام لە ساڵی 1987دا گرتیە بەر، ڤێتنامیەکان وەکو ئاژەڵی بەند کراو لە گەوڕدا دەژیان کە چاوەڕوانی خاوەنەکەیان بوون خۆراکیان بداتێ. دوای ئەوە بە جۆرێك لە ئازادیەوە دەیانتوانی خۆراکیان لە دەوری گەوڕەکەدا دەستبکەوێت".

ئاشکرایە ئەو سیاسەتەی کە پارتی کۆمۆنیستی ڤێتنام پێش ساڵی 1987 گرتبویە بەر ئێجگار زیانی گەیاند بە وڵات لە رووی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریەوە. پاش ئەوە لە ترسی رووداوی تەقینەوەیەکی میللی گەورە، پارتی کۆمۆنیست بڕیاری دا سیاسەتێکی هاوشێوەی سیاسەتی نوێکردنەوە بگرێتە بەر، بەڵام لە راستیدا بە گوێرەی وتەی (تیاب) ئەو سیاسەتە چیدی زیاتر نەبوو جگە لە: "سیاسەتێکی بێ یاساو نامرۆڤانە"، هەروەها ئەڵێ: "سیاسەتی نوێکردنەوە وەکو والاکردنی دەروازەی گەوڕەکە وەها بوو، کە دەسبەجێ ئاژەڵە بەندکراوەکان بە پرتاو دەرپەڕین و یەکتریان پێشێل ئەکرد، هەریەکێکیان دەخوازێ خۆراك بخوات و هەناسە هەڵمژێ و گوێ نادات بەوی دی".

نجیوان هوای تیاب ساڵی 1950 لە دایك بووە. ئێستا بە یەکێك لە گرنگترین نووسەرانی نوێی ڤێتنام دادەنرێت. لە ماوەی گەشت و سەفەرە جۆراوجۆرەکانیدا بە وڵاتەکەیدا لە ماوەی ساڵانی هەشتاکاندا، بڕیاری دا ئەو شتانە بنووسێ کە بینینی و هەستی پێیان کردو بە توندی هەست و هۆشی هەژاند. لەو وەختەدا پۆشکین و گۆگۆل و مۆباسانی خوێندبۆوە. هەنوکە ئەڵێ خاوەن شێوازی تایبەت بە خۆیەو، بەهۆیەوە ئەو کورتە چیرۆکانە دەنووسێ کە ڤێتنامیەکانی دوورە وڵات و دابەشبوانیان بەسەر جیهاندا بەوپەڕی چێژو تامەزرۆییەوە دەیخوێننەوە و پێشوازی لێ دەکەن.

ڤێتنام کە ناوبراو باسی دەکات وڵاتێکی برسیەو ئیرادەو ئازادیشی زەوت کراوە. رۆمانی (ژەنەراڵێکی خانەنشینکراو) دادەنرێت بە گرنگترین کاری ئەم نووسەرە. تیایدا چیرۆکی ژەنەراڵێك دەگێڕێتەوە کە شەڕی لە دژی سوپای ئەمریکا کردووە، بەڵام لە تەمەنی پەککەوتەیدا خۆی بە تەنیاو لە بیرکراو دەبینێتەوە. هاوسەرەکەیشی دووچاری شێت بوون دەبێت و هاوسەری کڕەکەیشی کە کاری پەرستیاری دەکات، خەریکی هاوردنی منداڵی لەباربراوی ئەو ژنانەیە کە مەبەستی لە باربردنیان کردنیانە بە خۆراکی بەرازان و سەگانی پاس بۆ قەڵەو کردنیان.

لە یەکێك لە چیرۆکەکانی ئەم چەند بڕگەیەمان هەڵبژاردووە: "چەند جۆرێك لە ئەدەب هەیە، هێژا بینەشی ئەمەی وت: ئەوەی کە یارمەتی ئەدات بۆ دەستکەوتنی نانو ئەوەی کە مرۆڤ هانئەدات کە باشتر بێت و ئەوەی کە وەکو پەناگایەك وەهایەو دەرفەتی هەڵهاتن لە ژیان و لە کردار ئەدات بە خاوەنەکەی، تەنانەت ئەوەش هەیە کە دەشێ ببێتە مایەی پەشێوی نانەوە. هێژا جیا هاواری کرد، پێم وابێ تێگەیشتم. من قەسابم و واتای پرسیارەکەش چاك دەزانم"

سەرچاوە:

رۆژنامەی الشرق الاوسط

ژمارە 8044

2000/12/6

چەوساندنەوەی ستالینیزم و ڕۆمانی (کوڕانی شەقامی ئەربات)

دیالۆگ لەگەڵ (ئەناتۆلی ریباکۆف)

• وەرگێڕانی: بڕوا

نوسەری سۆڤیەتی (ئەناتۆلی ریباکۆف) یەکێکە لەو نوسەرانەی تازە کەشف دەکرێ و دەخوێنرێتەوە. ڕۆمانەکەشی (کوڕانی شەقامی ئەربات) کە زیاد لە سی ساڵ قەدەغە کرابوو بە شێوەیەکی هێندە چاوەڕوان نەکراو ناوبانگی پەیدا کرد کە زیاد لە 30 ملیۆن ژمارەی لێ چاپکراو بۆ زۆرینەی زمانە جیهانییەکان وەرگێڕدرا. ریباکۆف لە ڕۆمانەکەیدا وێنەی ژیانی نەوەیەکی تەواوی لاوانی کۆمەڵگەی سۆڤییەتیمان دەداتێ کە قەدەغە بووە بە دەنگی بەرز بیروڕاکانی خۆیان دەربڕن و تەنها بە چرپە یەکتریان دواندووە. ئەم نوسەرە توانیویەتی بە جەسارەت و هێزو توانا ئەدەبییە تایبەتییەکەی خۆیەوە و بێ هیچ جۆرە موجامەلەیەك تیشك بخاتە سەر قۆناغی چەوساندنەوەی ستالینیزم. ئەم دیالۆگەش (ئانا بۆغاج) پەیامنێری گۆڤاری (یونست)ی لاوانی سۆڤییەتی لەگەڵیدا سازی کردووە:

ئانا بۆغاج: خۆش دەبێت گەر باسی سەرەتاکانت بۆ خوێنەرانمان بکەیت. کەی توانای نوسینت لە خۆتدا کەشف کرد؟

ریباکۆف: من زۆر تامەزۆری ئەدەب بووم، ئێمە خۆمان نەوەیەك بووین کتێب پەروەردەی کردین نەك تەلەفزیۆن یان ئامرازەکانی دیکەی رابواردن. من کە گەیشتمە تەمەنی 17 ساڵی هەموو ئەدەبی کلاسیکی خۆمانم خوێندبۆوە. بەڵام شەرمم دەکرد لە تەنیشت پۆشکین و تۆلستۆییەوە بنوسم، ئەمانە کۆمەڵێ ناوی کلاسیکی ناو ئەدەبی ئێمەن. چونکە هێندەش بلیمەت و دانا بوون، پیاو دەترسا دەست بکات بە نوسین. هاوڕێکانم و ئەوانەی لێمەوە نزیکبوون هەندێ هەوڵی نوسینیان هەبوو، بەڵام من هەر گومانم هەبوو. پاش جەنگ و گەڕانەوەم لە سوپا دایکم دەفتەرێکی دابوومێ منیش چەند بیروڕایەکی خۆم تیا نووسیبوو، دوای ئەوەی بە وردی لێیان رامام بینیم دەتوانم بنوسم.

ئانا بۆغاج: زۆر کەس دەڵێن رۆمانەکەت (کوڕانی شەقامی ئەربات) بیبلۆگرافیای ژیانی تایبەتی خۆتە. ئایا ژیانی پاڵەوانەکەت (ساشا بانکراتۆف) لە ژیان و ئەزموونی خۆت دەچێت لە گەنجێتیدا؟

ریباکۆف: تا رادەیەك. منیش وەکو ساشا قوتابی بووم لە پەیمانگەی ئەندازیاریی هێڵی ئاسنین، تەمەنیشم 22 ساڵ بوو کە نەفی کرام بۆ سیبریا. پاش مەنفاکەش لە زۆر ناوچەی یەکێتی سۆڤییەتیش شۆفێر و میکانیکی و ئەندازیار بووم، هەر لە سەرەتای رۆژانی جەنگی جیهانی دووەمیشەوە نێررام بۆ بەرەی جەنگ. لە هەموو ئەم شتانەدا ژیانی خۆم لە ژیانی پاڵەوانی رۆمانەکانم (ساشا بانکراتۆف) دەچێت.

ئانا بۆغاج: ئەمە مانای وایە ژیانت هێندە لەبار نەبووە تاوەکو یارمەتیدەرت بێت بۆ ئەوەی ببیت بە نوسەر؟

ریباکۆف: بەڵێ، دەتوانیت ئەوە لە رۆمانەکەدا ببینیت و تێبینی بکەیت. من کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان لە شەقامی ئەربات کە هەموو منداڵیی خۆمم لێبەسەر بردبوو، کەسی نزیکی خۆم نەبینی. زۆربەیان لە جەنگەکەدا و ئەوانی دیکەش بەر لە جەنگ مردبوون. ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو یادگارییەکانی منداڵیی تێدا زیندوو کردمەوە. ئیدی بەخۆمم وت: هەوڵبدە بنوسیت. تەمەنم 35 ساڵ بوو یا دەبوایە بنوسم یا تا هەمیشە نەنوسم. یەکسەر چووم بۆ یەکێك لە گونده نزیکەکانی و تیایدا نیشتەجێ بووم و بە خۆمم وت: تا نەنوسم ئەم گونده بەجێ ناهێڵم. هەرواش بوو، یەکەم بەرهەمی خۆم چیرۆکی (چەقۆ)م نوسی.

ئانا بۆغاج: تۆ چیرۆکی (چەقۆت) وەك هونەری ریسکی منداڵان نوسی، بەڵام لە لایەن گەورەکانیشەوە خوێنرایەوە. لەوانەیە نهێنی ئەمە لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەدا بێت. چۆن توانیتان لە یەکەم کاری ئەدەبیتاندا ئەمە بەدی بهێنن؟

ریباکۆف: نوسەر دوو رەگەزی لە بەردەمدایە بۆ کارکردن ئەوانیش: یادەوەری و خەیاڵن. یادەوەری رەگەزە خۆشەکانی ژیان هەڵدەبژێرێ بۆ کارکردن، بەڵام خەیاڵ توانای نوسەرە بەسەر دانانی راستیەکاندا بە شێوەیەك کە وەکو بارودۆخە راستەقینەکەی خۆی نییە لە ژیاندا، بەڵکو دانانیەتی بە شێوەیەك کە لەگەڵ مەرج و داخوازییە هونەری و ئیستاتیکییەکانی کاری هونەریدا دەگونجێت. میحوەری سەرەکی چیرۆکی (چەقۆ) بە پاڵپشتی یادگارییەکانی خۆم نوسراوە و بونیات نراوە. رۆژێك لە رۆژان یەکێك لە پیاوانی دەریاوانی کە ناوی (کریلۆف) بوو -خۆشم لە چیرۆکەکەدا ناوم ناوە (بۆلیف چەقۆ)- چەقۆیەکی بە دیاری دامێ. بۆ بیشارمەوە؟ میحوەری چیرۆکەکەم لەسەر بنەمای ئەو چەقۆیە بونیات ناوە. ساڵی 1947یش کە لە نوسینی ئەو چیرۆکە بوومەوە، لەو گۆشەگیریە و تەنهاییەم هاتمە دەرێ.

ئانا بۆغاج: لەو ساڵانەدا - واتە چلەکان- کە تۆ ئەو چیرۆکە (چەقۆ)ت بڵاوکردەوە نەوەیەك لە نوسەران خەریکی نوسین بوون سەبارەت بە شەڕەکانی پێشوو. بەڵام تۆ لە یەکەم کاری ئەدەبیتدا بەر لە جەنگی بیستەکانی سەدەو یەکەم قۆناغی پەرەسەندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی لەسەر بابەتی منداڵییت نوسی. ئەمە سەرەڕای ئەوە تۆ لە یەکەم رۆژەوە تاوەکو سەرکەوتن لە جەنگدا بەشدار بوویت، ئایا ئارەزووی پیاچوونەوە بە

ئەزموونی خۆت لە جەنگ و نوسین لە بارەیەوە ناکەیت؟

ریباکۆف: ئەوەیەك نوسەری جەنگمان هەیە، ئەم ئەوەیە ئەو لاوانەن کە لە تەمەنی *18* بۆ *19* ساڵی رووبیان کردۆتە بەرەکانی جەنگ کە گەورەترین بومەلەرزەی ژیانیان بوو، هەر بۆیە لە بارەی ئەزموونی جەنگەوە نوسییان. ئەوان نەیانتوانی لە بابەتی جەنگ رزگار بن، یا زۆر بە قورسی رزگاریان بوو (بە هۆی خۆ سەرقاڵکردن بە بابەتی دیکەوە). بەڵام ئەوانەی لەو بابەتە رزگار نەبوون تا ئەمڕۆش هەروەکو نووسەری جەنگ ماونەتەوە. بەلای خۆشمەوە جەنگ یەکەم رووداوی دراماتیکی نەبوو لە ژیانمدا. من بەر لە جەنگ ئەزموونی مەنفای سیبریا و کۆمەڵێ رووداوی تراژیدی دیکەم هەبوو. بۆیە کە دەستم کرد بە نوسین گەڕامەوە بۆ یادەوەری خۆمو باشترین شتی ناوی: منالیم. منالیم باشترین ماوەی ژیانم بوو کە لە مۆسکۆ بە ئازادی دەژیام. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەم کە زۆر لە نوسەران بە بابەتی منالیی دەستیان پێکردووە (تۆلستۆی، مەکسیم گۆرکی، ئەلکسی تۆلستۆی). هەمیشە نوسەران لە ماوەی جیاواز جیاوازدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەم بابەتە.

ئانا بۆغاج: کەی بۆ یەکەم جار رۆمانەکەتان (کوڕانی شەقامی ئەربات) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران؟

ریباکۆف: یەکەم جار ساڵی *1966* لە گۆڤاری (نۆڤی میر) کە گۆڤارێکی ئەدەبی مانگانە بوو بەشی یەکەمی بڵاوکرایەوە، بەڵام پاش ئەوە قەدەغە کراو دوا بەدوای ئەوە رۆمانەکانی دیکەشم (رۆمانی لمە قورسەکە بۆنمونە) قەدەغە کران سەرەڕای قەدەغەکردن بەشی دووەمی رۆمانی (کوڕانی شەقامی ئەربات)یشم نوسی، بەردەوام بووم تاوەکو بەشی سێهەمیشم تەواو کرد، ئەمە سەرەڕای نائومێدیم لە گەیشتنی بە خوێنەران.

ئانا بۆغاج: سەرەڕای ئەو قەدەغەکردنەی رووبەڕووی بوونەوە چی پاڵی پێوەنان بەردەوام بن لە نوسین، چونکە ئەمڕۆ تەنانەت نوسەرە گەنجەکانیش کە تازە دەستیان کردووە بە نوسین داوای گرەنتی بڵاوکردنەوە دەکەن، واتە پرسیار لە خانەی بڵاوکردنەوە یا گۆڤارەکان دەکەن چ مادەیەك بڵاو دەکەنەوە، یاخود ئەو مادانە بڵاودەکەنەوە کە ئەمان بۆیان دەنێرن.

ریباکۆف: ئەگەر هەموو ئامانجی مرۆڤ لە نوسینەکانی بڵاوکردنەوە بێت، ئەوا هەرگیز نابێتە نووسەر. من کە چیرۆکی (چەقۆ)م نوسی نەمدەزانی بڵاو دەبێتەوە یان نا، لەگەڵ هیچ دەزگایەکی بڵاوکردنەوە رێك نەکەوتبووم و پێشەکیشم وەرنەگرتبوو من هەستم دەکرد پێویستە ئەو چیرۆکە بنووسم. ئەگەر ئەو چیرۆکەش بڵاونەکرابایەوە، چیرۆکێکی دیکەم دەنوسی. هەمان شت لەگەڵ رۆمانی (کوڕانی شەقامی ئەربات)یشدا. بەشی یەکەمی رۆمانەکە بڵاونەکرایەوە چونکە تا رادەیەك باسی ستالینم کردبوو. بەڵام بەردەوام بووم تاوەکو لە بەشی دووەمی رۆمانەکەدا زیاتر باسی ستالین بکەم. لە بەشی سێهەمیشدا بە شێوەیەك باسی ستالینم کرد کە پێشتر کەس باسی نەکردبوو.

ئانا بۆغاج: هیچ نامەیەکتان لە خوێنەرە لاوەکانەوە پێگەیشتووە پێچەوانەی بۆچوونی خۆتان سەبارەت بە رۆمانەکە؟

ریباکۆف: بڕێکی زۆر نامەی، هاوڵاتیانی سۆڤییەتم بەدەست گەیشتووە، ئەمە جگە لە نامەی هەڕەشەلێکردن و پەیماندان بە کوشتنم لە لایەن هەواداره‌کانی ستالینەوە. بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوانی نەبووم نامەی ئەو خوێنەرە گەنجانە بوو کە تەمەنیان لە نێوان *17* بۆ *32* ساڵیدا بوو، وە لە وێڵگەکانی واقیعدا بە دوای راستیدا دەگەڕان. گەنج هەمیشە جەزی بە تەعبیری زاتی خۆیەتی و لە *16* ساڵیەوە بەدوای بەقیەدا دەگەڕێن. ئایبەتمەندێتی گەنجان لە چالاکی و هۆشیاری سیاسیاندایە. بەڵام ئەمڕۆ زۆر بە داخەوە زۆربەی گەنجەکانمان تەنها مۆدێلی جلوبەرگو قژبڕین لە خۆرئاوا وەردەگرن. سەرەڕای ئەم ئاراستەیەش لەناو گەنجاندا بە خوێندنەوەی نامەکانیان هەستم بە بوونی ئارەزوویەکی گەورە بۆ زانین و ئاگاداری لە سیاسەت کرد.

سەرچاوە: گۆڤاری (الطلیعة الادبیة)، ژمارە (5، 6)، ئەدەب، (130– 132)

شانۆی ئینتیم

لە حەوتەم فیستیڤاڵی ستریندباریدا لە ستۆکهۆڵم

● دانا رەووف

ئەمساڵ شانۆی (ئینتیم) بووە ناوەندێکی گرنگی چالاکیەکانی حەوتەم فیستیڤاڵی نووسەری گەورەی سویدی ئاگۆست ستریندباری. فیستیڤاڵەکە لە 7 بۆ 15ی مانگی ئۆکتۆبەری خایاندو تێکڕا چالاکیەکانی فیستیڤاڵەکە لەسەر شانۆی ئینتیم پێشکەشکران.

شانۆی (ئینتیم)یش یەکێکە لە شانۆ دێرینەکانی سویدو ستریندباری خۆی لە ساڵی 1907دا لە ستۆکهۆڵم دایمەزراندووە.

چالاکیەکانی فیستیڤاڵەکەی ئەمساڵ چەندین سیمینار، خوێندنەوەی شیعرو بەرهەمەکانی ستریندباری، کۆنسارت و ئاهەنگی گۆرانی، پێشاندانی فیلم و شانۆنامەکانی ستریندباری لەخۆگرت.

گرنگترین سیمینارەکان: بێنگت لاگەرکڤیست سەبارەت ستریندباری وێنەکێش دەدوێت، ئینگمار باریمان و سۆناتای تارمایی لەلایەن پرۆفیسۆر ئێگیل تۆرنگڤیست، ریژیسۆر و ئەکتەری ناسراو کێڤی هێلم دەربارەی مامەڵەی خۆی لەتەك ستریندباریدا دەدوێت، پانێلێکی گفتوگۆ لەلایەن کۆمەڵێ پسپۆڕو رەخنەگرانی سینەماو شانۆوە سەبارەت بە ئینگمار باریمان- ستریندباری، ستریندباری و فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریش نیچە- خوێندنەوەی گوڵبژێرێك لە نامە بڵاونەکراوەکانی نێوان ئەو دوو بلیمەتە گەورەیە، هونەرمەندی سینۆگراف سێورێن بریونێس ووتوێژێکی فەلسەفی سەبارەت بەو ووتەیەی ستریندباری کە دەڵێت:



"دەکرێت دیمەنێك لە تاریکدا پێشکەش بکرێت و چێژیشی لێوەربگیرێت، تەنها گەر باش ڕوونبێندرێتەوە". پێشکەش کردو دواجاریش سیمنارێك سەبارەت بە شانۆی ئینتیم لە دوێنێ ئەمڕۆدا.

چالاکیە شانۆییەکانی فیستیڤاڵی ئەم ساڵ زۆر دیاریکراو بوون و

گرنگترینیـان شـانۆنامەی (بـاوك و پاریـا) لـە ریـژی (دەرهێنـان) هونەرمەند تۆشـتن ڤلینـك، خـاتوو ژۆلیـا وەك سـەمایەکی ڤلامینکـۆ، پرۆسەی زەماوەندو نمایشێکی سەما ئامێز.

وەك لەوەوبەر ئاماژەم بۆ کـرد شـانۆی ئینتیـم بووبـووە نـاوەندو چەقی چالاکیـەکانی فیسـتیڤاڵەکە. لەبەر گرنگـی ئـەو شـانۆیە هـەوڵ ئەدەم لێرەدا بـە کورتـی تیشـکی سەرنج بخەمە سەر مێژوو، چۆنیـەتی سەرهەڵدان و رەوتی شانۆی (ئینتیم) لە ستۆکهۆڵم بدوێم.

شانۆی ئینتیم

ئاگۆست ڤاڵك ***August Falch*** یەکێك بووە لە ریژیسۆرە گەنجەکانی سەردەمی ستریندباری. ئـەم گەنجـە لە خێزانێکی هونەرپەروەرو شانۆییدا گـەورە بـووە. بـاوکی لـە شـانۆی پادشایەتی کـاریکردووە. ڤـاڵك لـە ساڵی ***1901***دا لە یەکێك لە دیـارترین قوتابخانـە شـانۆییەکانی ئەوکاتـەی سـتۆکهۆڵمدا بـەناوی (شـانۆیەکی نوێ)ەوە خوێندوویـەتی. دواجار لـە شانۆی سـوێدی لـە هێلسینڤۆشـی پایتەختی وڵاتی فینلاند بۆ کـارکردن دەگیرسـێتەوە. ئـەم گەنجـە زۆر هەڵپەی کارکردنی داوەو بەچاوێکی پـڕ لـە رێـزو خۆشەویستیشـەوە مامەڵـەی لەتـەك پیەسـەکانی ستریندباری کردووە. یەکەم پرۆژەی سەرکەوتوی ڤاڵك شانۆیی (خـاتوو ژۆلیا) دەبێت. سـەرەتا لـە روانگـەی گەشتێکی هونەرییەوە لـە زۆربـەی شارەکانی سوید شانۆنامەی خـاتو ژۆلیا نمایش دەکات. دواجار گەشتی ئـەو سـەرکەوتنە هونەریـە لـە ***13***ی مانگی دێسـێمبەری سـاڵی ***1906***دا و لـە (شـانۆی گـەل) لـە سـتۆکهۆڵم کۆتایی دێت. ئەم سەرکەوتنەی ڤاڵك و شانۆیی خـاتو ژۆلیـا، سـەرلەنوێ بیرۆکـەی دامـەزراندنی شـانۆیەکی تایبـەت لـەلای سـتریندباری دەوروژێنێت[1]. ستریندباری بـۆ ئـەو مەبەسـتە (ئاگۆسـت ڤـاڵك) وەك ریژیسۆرێکی گەنج بە بەڕێوەبـەرێکی شیاوی ئەو پرۆژەیە دەبینێت.

ئاگۆسـت ڤـاڵك و هـاوڕێ ئەکتـەرەکانی زۆر بـە پەرۆشـەوە بەپیر بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆکەی ستریندباریەوە دەچن. ستریندباری پیەسە شانۆ نوێیەکانی خۆی کـە بـە تایبـەتی بـۆ ئـەو شـانۆ نوێیـە دەنووسێت ناو دەنێت (گەمەی ژوور) ***Kammarspel***.

پـایزی سـاڵی ***1907*** شـانۆ ژوورەکـەی ستریندباری و ڤـاڵك لـە شـەقامی (نـۆرە بانتۆرییـەت) لـە ستۆکهۆڵم بـە شانۆیی (سەقاقوش) دەکرێتەوە. بـەهاو گرنگی مێژوویی ئـەم شانۆیە لەوەدایە سـتریندباری کۆمـەڵێك پیەسـی گرنـگ بـەناوی (گەمەی ژوور)ەوە راستەوخۆ بۆ ئەم شانۆیە دەنووسێت. ئەم پیەسـانەش لە نێوان مانگی یەك تا مانگی شـەش ساڵی ***1907***دا نووسیونی بریتین لـە: (زریـان، زەوی سـوتاو، تارمـایی سۆناتاو سەقاقوش). بـەڵام پێنجـەم شانۆیی گەمـەی ژوور (دەسکێشـی رەش)ە، ستریندباری ئەم پیەسەیان لە کۆتایی سـاڵی ***1908*** و سـەرەتای سـاڵی ***1909***دا دەنووسـێت. ستریندباری ئەم پیەسانە لە شێوازی کۆمـەڵێ جوڵـەی مۆسـیقیدا دەنووسێت. هەر پیەسەی جوڵەیەکی مۆسـیقیەو پێکـەوە پارچـە مۆسـیقایەکی پێنـج بەشـی پێـك دەهێنن.

هـەروەها ئامانجی دامـەزراندنی ئـەم شانۆ تایبەتـەی سـتریندباری، جگە لـە پیەسـەکانی (گەمـەی ژوور) نەمایشکردنی ئـەو پیەسانەی تـری ستریندباری بوون کە تـا ئەوکاتـە لـە سوید پێشکەش نـەکرابوون. دواجار ئەو شانۆیە لە ستۆکهۆڵم نـاودەنرێت بـە شـانۆی (ئینتیـم) ***Intima Teatern***. وشـەکەش زۆر نـامۆ نـەبووە بـەنێوەندی رۆشـنبیری و هونـەری ئەوکاتـەی سـتۆکهۆڵم. بـۆ یەکـەمجار لـە سـاڵی ***1895***داو لـە گۆڤـاری (وشـەو وێنـە)دا بابـەتێکی ئامـادەکراو بـەناوی (شـانۆی ئینتیـم)ەوە کـە لـە گۆڤـارێکی ئەڵمانیەوە وەرگیراوە سەبارەت بـەو شـێوازە نوێیـەی شـانۆ، بڵاوکراوەتەوە.

زاراوەی (ئینتیـم)یـش مانـای هـاودەم و نزیـك دەگەیـەنێت. لـەو رووەوەی شانۆکە، یان شـانۆیەکی بچوکـی ژوور ئاسـایەو ژمـارەی کورسـیەکانی دیـاریکراوە. شـانۆی ئینتیـم لـە سـتۆکهۆڵم لـەکاتی کردنـەوەیدا تەنـها ***161*** کورسـی دانیشتنی لـە خۆگرتـووە. تەختـەی شانۆکەش شەش مەتر درێـژ و چـوار مەتر قوڵ بووە. ئەمەش پێویستی بە بـارودۆخێکی جیـاواز و خولقـاندنی فۆرمێکـی تـازە بـووە بـۆ نووسـینی شانۆنامەکان و پێشکەش کردنیان.

دامـــەزراندنی شـــانۆیەکی لـــەو چەشنەش بەرجەستەکردنێکی خەون و بۆچوونـە دێرینـەکانی ستریندباری بـووە بـۆ خولقـاندنی شـانۆیەکی راستەقینە. ستریندباری لە پێشەکیە گرنگەکەی خـاتو ژۆلیـادا دەڵێـت: (سـەرەتاو کۆتـایی تەختەیـەکی بچوکی شانۆیی و هۆڵێکـی نزیـك و پچکۆلە پێویستە).

ستریندباری خۆی لـە یـەکێك لە نامەکانیدا بەم شێوەیە سەبارەت بـە شانۆی ئینتیم دەدوێت: "گەر ئێستە لە من بپرسن شانۆیەکی ئینتیـم چی دەوێت، مەبەست لە بیرۆکەی گەمەی ژوور چیـە، دەتـوانم بـەم شـێوەیە وەڵام بدەمـەوە: لـە دراماکـەدا ئێمـە هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارە پـڕ مانـاو بـەهێزەکانی دەدەیـن، بـەڵام بـە شێوەیەکی سنوردار و دیاریکراو. لـە چارەســـەرکردنەکاندا هـــەوڵی وەلاوەنـــانی هـــەموو جـــۆرە زەخرەفـــەکاری، کاریگـــەری چاوەڕوانکراو، چەپڵـە ڕێـزان، ڕۆڵـی بریقەدارو سـەرەکی دەدەیـن. نـابێت هیـچ جـۆرە فۆرمێکـی دیـاریکراو نووسەر ببەسـتێتەوە، لەبـەر ئـەوەی هۆکارەکـە خـۆی مـەرج بـۆ فـۆرم دادەنێت. بە مانایەکی تر سەربەستی لـە چارەسـەرکرندا، تەنـها پابـەندی یەکـەی پـرۆژەو شـێوازو هێڵـــە هەستیەکە دەبن"[2].

شـــانۆیی (ســـەقاقوش) کـــە شـــانۆکەی پێدەکرێتـــەوە، وەك زۆربـــەی شـــانۆییەکانی تـــری ستریندباری کە لـە شانۆی (ئینتیـم) نەمایش دەکرێـت، وەك دیاردەیـەکی نوێ بۆ ئەوکاتـەی شانۆی سوێدی، بـەر شـاڵاوێکی توئـــدی ڕەخنـــەی ڕۆژنامـــەنووس و ڕەخنـــەگرە شـانۆییەکان دەکـــەوێت. ئەمـــەش حاڵـــەتێکی چـــاوەڕوانکراوە بـــۆ کەسێکی وەك ستریندباری کـە بـە ماوەیەکی درێژ پێـش سـەردەمەکەی خـۆی کـــەوتبوو. ئـــەو شـــاڵاوە ڕەخنەییانەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئـەو شـانۆییانە جـەماوەرێکی زۆری لێکۆنەبێتەوەو دوای چەند هەفتەیەك نەمایشەکە ڕابگیرێت.

هۆکاری ئەمـەش بەشـێوەیەکی سـەرەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی زۆربەی ئەکتەرەکانی ئەو شانۆ نوێیە ئەکتەری لاو و تازە پێگەیشتوو بوون و توانـای هونـەرییان لـە ئاسـتێکی بـەرزدا نـەبووە. ئەمـە جگـە لـەوەی (ئاگۆست ڤـاڵك)یـش ئـەو ڕیژیسـۆرە بلیمەتە نەبووە بتوانێت نەمایشەکان بگەیەنێتە ئاستێکی هونـەری بـەرز و نهێنی پیەسەکان بدۆزێتەوە.

ستریندباری ناچار دەبێـت خـۆی یارمـەتی و هاریکـاری ئەکتـەرەکانی بکـات. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش خـۆی کاری ڕیـژی هـەندێ لـە نەمایشـەکان دەکـات و چـەندین وتـاری گرنگیـش

سەبارەت بە هونەری نواندن و ریژی دەنووسێت. ئەو وتارانەی لە ڕێگای (نامەی کراوە)وە ئاراستەی شانۆی ئینتیم و ئەندامەکانی کردووە[3].

ئێستە ئەو نامانە لەگەڵ هەزارەها نامەی تری ستریندباری دادەنرێت بە کلتورێکی گرنگی ئەدەبی هاوچەرخی سوێدی و لە چەندەها بەرگداو بۆ چەندین جار چاپ و بڵاو کراونەتەوە[4].

(شانۆی ئینتیم) تەنها چوار ساڵ بەردەوام دەبێت و بەهۆی بارێکی زۆر گرانی دارایی‌یەوە ناچار دەبێت لە ساڵی 1910دا دابخرێت[5].

شانۆی ئینتیم لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا توانیویەتی بیست و چوار شانۆیی جۆراوجۆری ستریندباری پێشکەش بکات. هەروەها تێکڕا 1025 جار ئەو نەمایشانە پێشکەشکراون.

ئاگۆست ڤاڵك لە ساڵی 1935دا کۆی ئەو ئەزموونە گرنگەی ڕەوتی شانۆی سوێدی لە کتێبێکدا بەناوی (پێنج ساڵ لەگەڵ ستریندباریدا) بڵاودەکاتەوە، کتێبەکە باس لە ئەزموونی خۆی (ئاگۆست ڤاڵك) لەگەڵ ستریندباری و شانۆی ئینتیمدا دەکات.

هەروەها ئەو کتێبە ڕێپورتوار و پرۆگرامی شانۆییە نەمایشکراوەکانی ئەو چەند ساڵەی شانۆی ئینتیم و گەشتە هونەرییەکانیان بۆ دەرەوەی ستۆکهۆڵم لەخۆ دەگرێت. لەبەرئەوە ئەو کتێبە دادەنرێت بە دیکۆمێنتێکی گرنگ و پڕ بایەخ بۆ لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینی ئەو شانۆ گرنگە، وەك قۆناغێکی لەبەرچاوی ڕەوتی شانۆی سوێدی. نەك هەر شانۆی سوێدی بەڵکو ئەو شانۆیە بەهایەکی گرنگی مێژوویشی لە ڕەوتی شانۆی جیهانیدا هەیە[6].

شانۆی ئینتیم کۆمەڵێ تەکنیك، هزرو دیدی نوێی پێشکەش کردووە، زۆر نامۆ بووە بەوکاتەی شانۆی سوێدی. ستریندباری و ڤاڵك بەوپەڕی پەرۆش و وریاییەوە چاودێری گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی شانۆی ئەورووپیان کردووەو هوشیار بوون بەرانبەر بە تەوژم و ڕێبازە شانۆییە هاوچەرخەکان. ئاگۆست ڤاڵك لە کتێبەکەیدا کە لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە دەڵێت: (گەر ئێمە خاوەنی ئیمکانیاتێکی زیاتر بووینایە، بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم هەموو ئەو بیرو دیدانەی ستریندباری هەیبوو، کە زۆربەی شەوان بەوپەڕی هێمنیەوە گفتوگۆمان لەسەر دەکرد و لەسەر ڕووپەل ئامادەمان دەکرد، دەبووە شۆڕشێك لە بواری شانۆدا. چونکە خەونەکانی شانۆی ئینتیم زۆر گەورە بوون). پیەسەکانی (گەمەی ژوور) کاریگەرییەکی لەبەرچاویان بەسەر شانۆی هاوچەرخی جیهانیەوە هەیە. ئەو کاریگەریە بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا، بە ڕوونی لەلای (بێکیت و یۆنسکۆ) دەبینرێت.

پەراوێزەکان:

1- دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی خەونێکی دێرینی ستریندباری بووە. بۆ هێنانەدی ئەو خەونەش چەندین تەقەلای داوە. پایزی ساڵی 1876 بۆ یەکەمجار لە یەکێك لە نامەکانیدا بۆ (سیری ڤۆن ئێسن)ی یەکەم خێزانی باس لە گرنگی شانۆیەکی تایبەتی بە خودی خۆی دەکات. هاوینی ساڵی 1880 ستریندباری خەونی بەوەوە دیوە شانۆی Ladugardsland بەکرێ بگرێت بۆ دامەزراندنی بیرۆکەی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی. ساڵی 1881 بۆ هێنانەدی ئەو خەونە هەوڵی داوە Hjalmar Hirsch مانبدات کە وەك ئەکتەر و ڕێژیسۆر هاریکاری بکات. پایزی ساڵی 1887 زۆر بە پەرۆشەوە ویستوویەتی شانۆیەکی (گەرۆك) لەگەڵ ئاگۆست لیندباری August Lindberg دابمەزرێنێت. لیندباری ئەکتەرێکی ناسراوی ئەوکاتەی شانۆی سوێدی بووە. مەبەستی ستریندباری لە دامەزراندنی ئەو شانۆ گەرۆکە ئەوە بووە بە نەمایشی شانۆیی گەشتی هونەری بکەن بە شارەکانی سوێدیدا. لەو ڕووەوە ستریندباری لە یەکێك لە نامەکانیدا کە بۆ ئاگۆست لیندباری 1846–1916 نوسیوە دەڵێت: "سەرلەنوێ بوونیادنانەوەی، یان گۆڕانکاری لە شانۆدا خەون و مەبەستی من نیە، لەبەر ئەوەی ئەوە کارێکی گران و نەکراوە. مەبەست تەنها تەقەلایەکە بۆ نوێکردنەوە". ئەم تەقەلایەی ستریندباری لەو ڕۆژگارەدا تەنها لە بواری پێشنیارەکەدا دەمێنێتەوەو سەرناگرێت. بەڵام ستریندباری کۆڵ نادات.

پـایزی سـالی 1888 لـه سـتۆکهۆڵم وبیسـتویەتی شـتیوە (شـانۆیەکی سەریەسـت)ی بچـوك دابمـەزرێنێت. پێشنیاری ستریندباری بۆ ئـەو شـانۆ (سەریەست)ە بچوکـە ئـەوە بـووە کـە تەنها مەشت ئەکتەر لە هۆڵێکی بچوکی چوار سەد کورسیدا لەخۆ بگرێت.

لە سالی 1888دا، دوای ئەوەی هیچ کام لە تەقەلاکانی بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی لە سوێد سەرناگرێت، لە شۆپنهامنی پایتەختی دانمارك لەگـەڵ (سـیری ڤـۆن ئێسـن) شـانۆیەکی ئەزموونگـەری ئەسـکەندەناڤی دامەزراندوە. لـە سـەرەتادا مەبەسـتی ئـەوە بـووە کۆمـەڵێ شـانۆیی لـە شۆپنهامن پێشکەش بکات. دواجار ئـەو نەمایشـانە لـە روانگـەی گەشـتی هونەرییـەوە لـە هـەموو وڵاتـانی ئەسـکندەناڤی پێشـکەش بکرێتـەوە. بەڵام ئەو تەقەلا ئەزمونگەریەش تەمەنی درێژ نابێت و تەنها دوای سێ نەمایش لە شـۆپنهامن و یـەکێکیش لـە شـاری (مالمیۆی) سوێد دادەخرێت.

وەرزی شـانۆیی سـالانی 1891–1892 پلانـی دامـەزراندنی شـانۆیەکی–ستریندباری لـە ناوچـەی یوشـهۆڵم Djursholm دەدرێت. ئـەو تەقەلایەش وەك خـەون و پرۆژەیـەکی کـاتی دەمێنێتەوە.

هاوینی سالی 1893 ستریندباری روو لـە ئەڵمانیا دەکات. لـە ئـەڵمانیا لەگـەڵ (ئادۆڵف پـاوڵ) دەیانـەوێ شـانۆیەکی–ستریندباری لە بەرلین دابمـەزرێنن. ئـەو پرۆژەیـە دەبێتـە خـەونێکی گرنـگ و بەرین. ستریندباری دەیەوێت (فریـدە ئول)ی دووەم خێزانی هاریکاری بکات تا شانۆیەکی لەو چەشنە لە (لـەندەن)یش دابمەزرێنێ.

سـتریندباری دوای گەڕانـەوەی بـۆ ستۆکهۆڵم دەیەوێت لـە سـالی 1902دا شـانۆیەکە لەگـەڵ ئێمیـل هێلبـاری دابمەزرێنێت.

لـە مـانگی سێپتێمبەری سـالی 1905دا سـەرلەنوێ سـتریندباری خـەون بـە شانۆیەکی بچوکی گەڕۆکەوە دەبینێت. شانۆیەکی بچوك کە تەنها سێ ئەندامی هەبێت. ژنـە بچوکەکەشـی (هاریـەت بوسـێ) ببێتـە ئەسـتێرەو ئەکتـەری یەکەمی ئەو شانۆ گەڕۆکە. بەڵام دوای ئەوەی لە پایزی سالی 1906دا ئاگۆست ڤـاڵك دەبینـێ، خـەونی دامـەزراندنی شـانۆیەکی تایبـەت بـەخۆی زیـاتر فۆرمێکی ئاشکرا لەخۆدەگرێت. بەمەش شانۆی (ئینتیم) لەدایك دەبێت.

2–مەروەها ستریندباری لـە نامەیـەکی تریدا بۆ ئادۆڵف پـاول لـە 6ی مـانگی یەکی سالی 1907دا سەبارەت بە شانۆو گەمەی ژوور دەڵێت: (بابەتێکی بچوك، گشـتگرو قـوڵ و چارەسـەرکراو، کەسایەتی و ئەکتـەری کـەم، دیدێکـی گـەورەو فـراوان، فەنتازیایـەکی سەریەست، بەڵام زۆر بە وردی دارێژراو، پڕ لە ئەزموون، ساکار، بەڵام زۆر ساکار نا؛ دوور لە هەموو جۆرە ماشینە کۆن و گەورەکان، هیچ یاسایەکی دارێـژراوی پێنج پەردەیی، رۆڵی بچوك و لاوەکـی و شـەوکاری درێـژ لـەخۆ نـەگرێت".

ستریندباری لـە گەڵ نامـەی تایبـەتی و بابەتی تری تیئۆریدا دیدو بۆچوونەکانی خـۆی سـەبارەت بـە چـەمکی (گەمـەی ژوور) نووسیووە.

3–ستریندباری کۆمەڵێ دیدو سەرنجی تیئـۆری گرنگـی سـەبارەت بەمونـەری نواندن نووسیوە. لـە روانگەیـەکی زۆر تایبەتمـەندەوە وەك (نووسـەرێکی شانۆیی) بە سەلیقەو دامێنـەر، مونـەری نواندن و ئەکتـەریی راڤـەکردووە، بـۆ نموونـە مونـەری نوانـدن مونـەرێکی سەریەخۆ نیەو پاشکۆیەکی راستەوخۆی نووسەرە. ئەمە جگـە لـەوەی (ئەکتـەر) لـەلای ئـەم نووسـەرە بلیمەتـە، وەك پیشـەو مونەرمـەندێکی دامێنـەری سەریەخۆ ئاماژەی بۆ ناکرێت. دەکرێت لە بوارێکی تری سەریەخۆدا بگەڕێنـەوە سـەر مەسـەلەی تیئـۆری نوانـدن و مونەری شانۆ لەلای ستریندباری.

4–سالی 1999 و بـەهۆی تێپـەڕبوونی 150 سـاڵ بەسـەر لـەدایك بوونـی ستریندباریدا، مەلبۆاردەیەك لە نامەکانی سەرلەنوێ لـە دوو بەرگی جیاوازو لـە روانگەی دوو دەزگای گرنگی چاپەمـەنی جیاوازەوە بڵاوکراوەتەوە.

مەروەها لە نێوان سالانی 1907–1910 کە ستریندباری شانۆ تایبەتەکەی خـۆی (شانۆی ئینتیم)ی لەگەڵ ئاگۆست ڤـاڵك دەبرد بەڕێوە، پێنـج بابـەتی گرنگـی بڵاوکردۆتەوە، لەوانـە: کۆکـراوەی دیدو بۆچوونـی رێژیسـۆرێك بـۆ ئـەندامانی شـانۆی ئینتیـم 1908، هـاملێت،

بیرەوەرییەك بۆ 26ی نۆڤەمبەری 1908، سیزەر، دراما مێژوویییەکانی شەکسپیر، هەندێ تێبینی و هەڵوێستە سەبارەت بە رەخنەو هونەری نواندن، پاشکۆیەك سەبارەت بە قەیرانی شانۆ- و هەرای شانۆ 1908. هەروەها خوێندنەوەیەکی ماکبث، ئۆتێللۆ، ڕۆمیۆو یولی، زریان، شالیر، هینریکی هەشتەم، خەونی نیوە شەوێکی هاوینی شەکسپیر 1909، بێگومان نامە کراوەکانیشی بۆ شانۆی ئینتیم 1909. کۆتایی ساڵی 1999 ئەم بابەتانە کۆکراونەتەوەو سەرلەنەوێ لە بەرگێکی قەشەنگی زنجیرەی چاپە نەتەوەییە کۆکراوەکانی ستریندباری ژمارە (64) لە ژێر ناوی (شانۆو شانۆی ئینتیم)دا بڵاوکراونەتەوە. ئەو ناونیشانەش پێشنیارێکی کۆنی ستریندباری خۆی بووە بۆ ئەو بابەتە کۆکراوانە.

لەم بەرگەدا ستریندباری جگە لە دیدو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە هونەری نواندن، چالاکیەکانی شانۆی ئینتیم هەڵدەسەنگێنێ، لە نزیکەوە شەکسپیر دەخوێنێتەوەو ئاوڕێکی بابەتیانەش لە پیەسەکانی رابردووی خۆی دەداتەوە. ئەمە جگە لەوەی لەم بەرگەدا کۆمەڵێك بابەتی تری ستریندباری کە بەتایبەتی بۆ ئەندامان و ئەکتەرەکانی شانۆی ئینتیم و (ئاگۆست ڤاك)ی نووسیووە بڵاودەکرێتەوە. کتێبی (شانۆو شانۆی ئینتیم) بنەمایەکی گرنگی لێکۆڵینەوەو خستنەڕووی مێژووی ئەو شانۆیە.

5- ستریندباری لە یەکێك لە مانیفێستەکانیدا بەم شێوەیە ئاماژەی بە باری نالەباری دارایی شانۆی ئینتیم دەکات: دارایی شانۆی ئینتیم ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵدێر دەچێت. بەڵام بە پێچەوانەوە بەهای بیر، ئێستاتیکاو هونەری لەبەرز بوونەوەدایە. بینەران داوای هەموو نەمایشێك کاتێکی باشیان بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن سەبارەت بەوەی دیویانەو گوێیان لێ بووە.

6- شانۆی ئینتیم گرنگیەکی مێژوویی و هونەری لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپیدا هەیە. جێگای خۆیەتی لە بوارێکی تردا، بەتایبەتی بگەڕێمەوە سەری و لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لەسەر بنووسم.

سەرچاوەکان:

1-Strindberg, August. Kammarspel, Strindbergs samlade Verk, texten redigerad och kommenterad av Gunnar ollen, 1991.

2-Strindberg, August. Teater och intima teatern, Strindbergs samlade verk , nr 64, texten redigerad och Kommenterad av Per Stam, 1999.

3-Strindberg, August, Forord och memorandum, Teater 1, Polemik, Teorier, Manifest, En antologi av Ingvar Holm, 1970.

4-Festivalen Strindberg I Stockholm, 2000 پرۆگرامی فیستیڤاڵەکە

سێکسوالیتی لە نێوان مەرگ و ژیاندا

● ئامادەکردنی: مژدە محەمەد

ناوی کتێب/ سیکسوالیتی
ناوی نووسەر: جۆزیف برستۆ
چاپی یەکەم/ 1997
قەوارە/ 248

ئەوەی لە دوا دەیەکانی سەدەی رابردوو کلتوری خۆرئاوا بەخۆیەوە بینی لە هیچ دەیەیەکی تری ئەو سەدەیەدا ئەو گۆڕانە کتوپڕیانەی بەخۆیەوە نەبینی، لە چوونە ناو فەزایەك کە رەفتاری ئیرۆتیکی، ناسنامە، شێوازەکانی جیاواز کردن، دەوری سەرەکی خۆیان پیشان دا لەو کاتەی سێکسواله شەفەوییەکان بۆ شەرعی کردنی مافی بەهاوولاتی بوونی خۆیان تێدەکۆشان؛ ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ دروست کردنی ئەو چوارچێوەی کە چۆن بزوتنەوە نوێیەکان تێدەکۆشن بۆ بردنی ئەو کاتیگۆریە ترادیسۆنانەی کە لە تەفسیرکردنی ئیرۆتیسزم دا بەکاردەهێنرێن.

ئەو بزوتنەوە کۆنکریتیانەی دەیانەوێت جیاوازی سیکسی بسەلمێنن بە هەردوو بارەکەدا (خراپ، باش) کاریگەریەکی زۆری دەبێت بۆ فەزای ژیانی کلتوری، رەنگە بە دیوێك لە دیوەکان ئەمە ببەسترێتەوە بە پۆست مۆدێرنەوە، بێگومان رۆحی پۆست مۆدێرن توانای پێناسەیەکی تایبەتی خۆی بدات بە تیۆری هۆمۆسێکسوالی ، چەمکی لادان، ئابوری لیبیدنال، سیکسوالی.. هتد.

گفتوگۆکردن لەسەر بەها ئینسانیەکان لە سەردەمی پۆست مۆدێرنەدا نادڵنیاییەکی سەیری دروست کرد، جێفری وێك ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوە پۆست مۆدێرنەیە، هەردوو چالاکی هۆمۆ سێکسوالی و تیۆری سێکسوالی بە هێڵێکی نادیار بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی چەمکی جیاوازی و ئازادی تاکەکان دواتر ئەم جیاوازییە هەموو ئاستەکانی گرتەوە، هەر ئەوەش بوو بوە هۆی ئەوەی جیاوازی ئیرۆتیکی ببێتە دیاردەیەك، دیاردەکەش تەنیا لە شێوەو فۆرمێکدا دەرنەکەوت بەڵکو زۆر فۆرمی جیاوازی سێکسوالی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە هەریەکە لەو فۆرمانە ئیش لەسەر تۆخ کردنەوەی سنورەکانی خۆیان دەکەن و داوای بە هاوڵاتی بوونی خۆیان دەکەن، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە ئەورووپاو ئەمریکا بڵاوە، سێکسوالیتی خۆی کە وەکو چەمکێك دەردەکەوێت



کاتێك پێشگری *trans, bi, hetero, homo*،.. هتد وەردەگرت دەبێت بە خودی کەسەکان خۆیان ئەوانیش وەك هەر گروپێکی ئیتنینی هەوڵی جددی خۆیان ئەدەن بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان ئەمانیش وەك چەندین گروپی ئیتنی جیاواز دەردەکەون و کلتوری تایبەتی خۆشیان هەیە، شێوەی ژیان و رەوتی ژیانی تایبەتی خۆیان هەیە کە جیاواز دەردەکەون لە چاو کەسانی دی، واتە ئەوان خۆیان نەك هەر بەرگری لە مافێکی تایبەتی خۆیان دەکەن کە پەیوەندە بە سێکسەوە بەڵکو ئەوان بەرگری لە شێوەی ژیان و گوزەرانی خۆیان دەکەن، کە جیا لەوانی دی دەژین، سەرتاپا کاراکتەرێکی جیاواز دەردەکەون، ئەوان بە تەنیا حەزێکی سێکسی تایبەتیان نیە، بەڵکو حەزێکی بە جیا ژیانیشیان هەیە کە ئەوان ئیتر تێکەڵاوی کەسانی دی نابن، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو پرسیارەی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا دەکرێت (سێکسوالیتی چییە؟) پرسیارێکی سادەیە، وەڵامدانەوەشی سەخت و ئاڵۆزە. هەر وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە دابنرێت دواتر پێویستی بە روونکردنەوەو لەسەر وەستان هەیە ئەمەش پەیوەندە بەوەوە کە ئەم پرسیارە وەڵامێکی ئامادەکراو و پێناسەیەکی دیاری کراوی نیە.

سێکسوالیتی بەرلەوەی بەدەستهێنانی ناسنامەی دیاری کراوی خۆیان بکەنە خواستێك، هاوکات دەگەڕێن بەدوای چێژێکی سێکسیشدا، بەڵام ئەوان لەوە بێ ئاگان کە ئەوان لە سەفەرێکی بەردەوامن لە نێوان مەرگ و ژیاندا، چێژی سێکسی وا ناکات تەنیا عاشقەکان بمرێنێ لەو شوێنەی کە تێیدا دەژین، بەڵکو ئەوان مەرگێکی حەقیقی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن کە زۆر نزیکترە لەو چێژەی کە پێیان دەبەخشرێ. بە واتایەکی دی ئەوان ئەزمونی مەرگێکی بچوك دەکەن کە ئاڵوگۆڕێکی دژواری هەیە؛ باوەڕهێنان بە سێکسی مەرگ هێنەر بوو بە بەرهەمێکی کلتوری سەدەی رابردوو کە رەخنەگرەکان قسەیان لەسەر ئەوە کردووە بەر لەوەی سێکسی مەرگ هێنەر بگاتە رەگەزی (مێ)، زووتر بە رەگەزی (نێر) دەگات و دواتر دەیکوژێت، بوونی نێر بە قوربانی چێژێکی مەرگاوی کە سێکسوالیتی پیادەی دەکات، نووسەری ئەم کتێبە هۆی سەرەکی بەشێك لەم هاوکێشانە دەبەستێتەوە بەو نمایشە پۆرنۆگرافیانەوە کە سەرتاپای دونیای گرتۆتەوەو بازاڕێکی گەورەش لە ئابوری لیبیدنائی دروست کردووە.

ئەو ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو نمایشانە هاندەرێکی باشن بۆ بڵاوبوونەوەی رەمزی مەرگ بۆ سێکس کە زیاتر لە توندوتیژییە سێکسیەکاندا دەردەکەوێت.

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam

Foreign culture magazine

No. 14 APR. 2001 VOL. 3

Concessionaire:
Sherko Bekas

Editor-in – chief :
Raoof Begard

Editing Director :
Azad Berzinji

Editorial Staff :
Rebeen Hardi
Shwan Ahmed
SHAHO SA'EED

Art production work :
Kadir Meerkhan

Sardam Printing & Publishing House